

# مظفر نامه

## السلطان مظفر الدين كوكبورو

## امير اربل




عبدالقادر احمد طليمات

ئامادەکردن و وەرگێڕان

خەسرەو پیربالّ القصاب


بسم الله الرحمن الرحيم





وینەکانی بەرگ:
تابلۆیەکی هونەرمەند کوردی دانیشـتووی ئەڵمانیا -یاسین حەسەن- ٣٢-٥٠ سم، ئیمزا و مۆری سوڵتان موزەفەرەدینە.
وە لە بەرگی دوواوە :تابلۆیەکی کۆنی سوڵتانە لەگەڵ ئاڵای ایمارەتی اربل و دراوی سەردەمی زێڕنی سەڵتەنەتی اربل.
ئاڵای ئیمارەتی سوڵتان موزەفەر رەنگێکی شین لەناوەڕاستیدا وێنەی بازێکی گەورە و شیرێکی لەسەرە.
درهەمـی ئیمارەتی اربل کە تێیـدا هاتووە: درهم ملک المؤمن ملـک الامراء مظفرالدیـن کوکبورو و رووەکـەی تری وێنەی سوارێکە لەسەر پشتی شێرێک.

السلطان مظفرالدين كوكبورو- امير اربل

دراسة تاريخية- سياسية حول المسيرة شخصية تاريخية

# مظفرنامه

## سوڵتان موزەفەرەددین گۆگبورو

## امیر اربل

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسی

لە سەر ژیان و حوکمی سوڵتان موزەفەرەدین زەینەدین عەلی کوچوک


دانانی

عەبدولقادر ئەحمەد توڵەیمات

ئامادەکردن و وەرگێڕان

خەسرەو پیربال القصاب

سەرچاوەی کتێب:
مظفرالدین کوکبوری- امیر اربل
الدکتور عبدالقادر احمد طلیمات
جمهوریة مصر العربیة — القاهرة
وزاره الثقافة و الارشاد القومی
المؤسسة المصریة العامة
للتألیف و الترجمة و الطباعة و النشر
القاهرة — ١٩٦٣، مطبعة مصر
سلسله اعلام العرب -٣٢


| | | |
|---|---|---|
| **ناوی کتێب** | : | مظفرنامە - موزەفەرەددین گۆگبۆرۆ امیر اربل |
| **نووسەر** | : | د.عەبدولقادر ئەحمەد تولەیمات |
| **ئامادەکردن و وەرگێڕان و ڕێکخستنی** | : | خەسرەو پیربالْ القصاب |
| **نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ** | : | شاخەوان جەعفەر خۆشناو |
| **نۆرەی چاپ** | : | یەکەم ٢٠١٩ |
| **تیراژ** | : | ١٠٠٠ |
| **چاپخانە** | : | چاپخانەی تاران |

**انتشارات و حفظ اثار السلطان مظفرالدین گوگبورو**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٩٣٨)ی سالْی (٢٠١٨)ی پێ دراوە.

ژمارەی سپاردنی کتێبی نێودەوڵەتی:
ISBN:978-952-94-1436-9



# السلطان مظفر الدین کوکبورو

## امیر اربل



(منشور أربل) الذي أصدره صلاح الدين يوسف بشأن مصير إدارة إربيل أثر وفاة زين الدين يوسف نيالعكين سنة ٥٨٦هـ/١١٩٠م.

"لاشك أن احاطة العلم بإنتقال زين الدين (يوسف) إلى جوار الله تعالى ومقر رحمته مجاهداً في سبيله ، شاكراً لنعمته، وهو من السعداء الذين انزل الله فيهم ، ومِنْ يخرج منْ بيته مُهاجراً إلى الله ورسوله ثم يُدركُه الموتُ فقد وقع أجره على الله) [١]. فما اوجع القلوب بمصابه وما أنكى في النفوس أفول شبابه، ولقد كانت الهمة متوفرة على تربيته وإعلاء درجته، لكن الله إستأثر به قبل ظهور حسن الأثار في إيثاره، وبلى بدره التم بسراره في ضمير البلى من أسراره، وهذه أربل أنعام البيت الأتابكي على البيت الزيني[٢]. منذ سبعين عاماً[٣]. لم يحلوا لعقد انعامهم بها نظاماً، ولم يزيدوا أحكامه إلا إحكاما وإبراما، وما رأى أن يخرج هذا الموضع منهم، وأن يصدق به عنهم ، والأمير الأجل مظفر الدين كبير البيت وحاميه، والمقدم في الولاية، بمقتضى وصاية ابيه، وقد أنهض ليسد مسد أخيه[٤].

◄ فەرمان و دەستووری سەڵاحەدین ئەیوبی لە مەڕ دەست بەکاربوونی سوڵتان موزەفەر لە قەڵای هەولێر

## (بەیاننامەی هەولێر)

**سەلاحەددینی ئەییوبی، پاش مردنی ـ زین الدین یوسف ینالتگین لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)دا، دەربارەی چارەنووسی ئیدارەی هەولێر بڵاوی کردەوە**

بێگومان دەزانن (زین الدین یوسف)ی ماندووی ڕێگای غەزاو، سوپاسگوزاری نیعمەتی خودا، کۆچی دوایی کرد و، بەر ڕەحمەتی خوا کەوت. ئەو کەسێکە لەو بەختیارانەی حوکمی ئەم ئایەتە، دەیانگرێتەوە: (ومن یخرج من بیتە مهاجرا الی اللە ورسولە، ثم یدرکە الموت، فقد وقع اجرە علی اللە)[1]. واتا: (کەسێ ماڵی خۆی جێبهێڵێ و، ڕوو لە ڕێگای خواو پێغەمبەر بکات و، بمرێت، ئەوە، ئەجری دەکەوێتە سەر خودا). ئای، چەند دڵتەزێنە ئەو لێقەومانە و، وای لە سۆی ماڵاوایی ئەو جوانەمەرگە! ئەو بەهیممەتی خۆی پێگەیشت و پلەی بەرزی وەرگرت، بەڵام بەر لەوەی جێبەنجەی چاکەی دەرکەوێ و مانگی چواردەشەوە ئاواتەکانی دەروونی ڕۆشن بکاتەوە، خوا بردییەوە بۆ بارەگای خۆی. ئەم هەولێرەش حەفتا ساڵە[2] خەڵاتی بنەماڵەی ئەتابەگەکانە و، بۆ (زین الدین)[3] ماوەتەوە. لە شەرت و سیستەمی ئەم نیعمەتە لایان نەداوە و، حوکمەکانیان قایمتر و پتەوتر کردووە. ئەم جێگەیەش کە بۆیان هێشتووەتەوە، نەیهێشتووە بە فیڕۆ بچێت. میری گەورەش موزەففەرەددین گۆکبوری گەورەی بنەماڵەکەیە و، لە هەموویان لەبەرترە. لەسەر وەسیەتی باوکیشی بە سەرداری هەولێر دامانناو، کە براکەشی بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنمایی بکات و[1] لە جیاتی ئەویش حوکم بگرێتە دەست.

**ئەمانە، نامەگەلێکن (الملك الناصر ـ سەلاحەددینی ئەییوبی ناردوونی بۆ موزەففەرەددین گۆکبۆریی سەرداری هەولێر و، داوای دەکات بگاتە لای و بۆ کوشتاری خاچدروشمان ئامادە بێت. نامەکان (عماد الدین الکاتب الاصفهانی) دایڕشتوون، کە نووسەری تایبەتی خودی سەلاحەددینی ئەییوبی بووە:**





# مـــن ســـلطان مظـفر
# اربيلـــين ســلطـانيم
# اللهــين قــولــويــوم
# ميللتمين خزمتكارييم

عز لمولانا السلطان ابا سعيد مظفرالدين التركماني / الملك العادل و المعظم /النزيه و الرحيم/ العالم/ المجاهد/ المرابط/ المؤيد/ المظفر/ المنصور/ بدر الدين والدنيا/ سيد الملوك والسلاطين/ محي العدل في العالمين/ سلطان الإسلام والمسلمين/ منصف المظلومين من الظالمين/ ناصر الحق بالبراهين/ قاتل الكفرة والمشركين/باني الدور للايتام و الفقراء و عامر المساجد و بيوت الله / قاهر الخوارج والمتمردين/ حامي ثغور بلاد المسلمين/ معين الغزاة والمجاهدين/ أبو اليتامى والمساكين، فخر العباد/ ماحي البغي والعناد/ فلك المعالي/ صاحب الدولة/ ناصر الملة/ جلال الأمة// بهلوان الحروب الصليبية /ملك العطوف و الرحمةو أبو الفضائل/ الملك الموئمن ,الملك الامراء/السلطان مظفرالدين زين الدين علي كوجوك الكوكبورو

پێشکەشە..

بــە ســوڵتان موزەفەرەدیــن گۆگبــۆرو میــری قــەڵای اربــل و دەشــتی شــارەزوور..
رابیعــە خانــی ئەیوبــی کــە وەکــو موزەفــەر عاشــقی قــەڵای هەولێــر بــووە
ئەی موزەفەری دڵبڵند و جۆمەردی قەڵا
ئەم کتێبە مێژووی خۆتە
دەزانم کە تۆ شایانی کتێبی لەوە گەورەتری.
بەڵام بمبوورە، من تەنها ئەوەندەم پێکرا...

سوڵتانی گەورە و موعەزەم، ئەوەلین سوڵتانی هەولێر
ئەو پیاوە گەورەیەی کە مێژووی خیانەتی لێکردووە
بۆ ئەوەی ناو و مێژووی ڕەش نەبێتەوەو ون نەبێت
ئەم کتێبە، گەڕانێکە،
بەدوای بۆن و ئاسەوار و زاکیرەی پیاوێکی میهرەبانی لەخواترس و پیاوی دەوڵەت
پێشکەشــە بــە – خالــص و بەرنەقــش– کــە دوو وەزیــرو راوێــژکاری ســوڵتان موزەفــەر بوونــە. ســەرای قەڵایــان جێنەهێشــتووە تاکــو دوایــن دڵۆپــەی خوێنــان

پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی
وەکوو سوڵتان موزەفەر عاشقی قەڵای هەولێرن...
ئــەم کتێبــە پێشەکەشــە بــە ڕوح و یــادی بــەرزی ســوڵتان موزەفــەری گۆگبــورو ئــەو ســەرکردە نــاودارەی کەنــاو

و مێــژووی تێکەڵـــی نـــاو و مێـــژووی شـــاری هەولێـــر و کوردســـتان بـــووە.
لـــەو هەڵوێســت و پـــڕۆژە بچووکـــە ی ئێمـــەدا، ناتوانییـــن دەربـــارەی ئـــەو کەڵـــە پیـــاوە هەمـــوو شـــتێک بنووســین بـــە هیـــوای ئـــەوەی نووســـەر و مێژوونووســـانی کوردســـتان و هەولێـر بتوانـن لێکۆڵینـەی زیاتـری لەسـەر ئەنجـام بـدەن.

نووسینێکی سەردیواری قەڵای هەولێر
من، سوڵتان موزەفەر
اولین سوڵتانی هەولێرم
ناوی من و ئێوە
لەمەوپاش سیبەرێکە
لەدەرەوەی کات و زەمەن
هەمیشە لەگەڵتاندا دەمێنمەوە
کـە مـردم، هیـچ شـتێک و موڵکێکـم نیـە دووایـی خـۆم بـۆ هەولێریـەکان جـێ بهێڵـم
تەنها ناوم نەبێت.
ئەگەر ویستتان بمبینن،
ئەگەر ویستتان بۆنم کەن
وەرنە سەرقەڵا و لە دەرگای گەورە، دەرگای قەڵاوە
وەرن بۆنی دیواری قەڵا بکەن و سەیری سەر ڕێگاکەتان بکەن
مــن هەمــوو ڕۆژێــک لـــەو ڕێگایـــەوە، لـــە قـــەڵا دەهاتمـــە خـــوارەوە، خەڵکـــم دەبینـــی
هەمـوو ڕۆژێـک، سـەردانی نەخـۆش و هەتیـوو پەککەوتـە و غەریبانـم دەکـرد

له دەرگای قەڵاوە دەهاتمە خوار
بۆنــی قەیســی و برنجــی کــوردی و بەهاراتــی، تێکەڵــی
صــەدای مەولودنامــە و اللــە اکبــر دەبــوون
ئەگەر ویستتان من بناسن و من ببینن
وەرنــە قــەڵا و لــە گەڕەکــی ســەرای، لێــرە لەســەر ئــەو
بەدەنــەوە ســەیری خۆرئاوابوونــی ڕۆژ بکــەن
من دەبینن
بۆنم دەکەن
من سوڵتان موزەفەرەدین زەینە الدین عەلی کوچک
اولین سوڵتانی اربل
بۆ هەمیشە لەگەڵتانم
ئەگەر ویستتان بۆنم بکەن
وەرنە مزگەوتی -الموزەفەریەو
لە نزیک منارەی چۆڵی دەمبیننەوە
من چل ساڵ هەموو ئێوارەیەک
لە حەوشی مزگەوت، لەگەڵ ئەهلی خوداو
تەقواو موریدانم
لە خزمەت هەولێر و هەولێریەکان بووم.

ووس بن و قسە مەکەن !
هەولێر چیە بێ سوڵتان موزەفەر
-ڕەشادە افندی- لەوەڵامی یەکێکدا کە شکی لە ئاسەواری
سوڵتان کردوە لە هەولێر

کاتێک سوڵتان موزەفەر لە شام دەبێت، هەمیشە بەدرێژایی تەمەنی، چاو و دڵی لە هەولێر و قەڵاکەی بووە، بە یەکێکی ووتووە:
ئەگەر اربل و قەڵاکەی بۆ من بێت، ماڵ و بۆنی باوباپیرانم هەولێر
هەرچیەکم هەبێت و بۆم بێت لەماڵ و موڵکی دنیا دەیکەم بە سێ بەشەوە
بەشێکیان هەولێری پێ ئاوەدان دەکەمەوە
بەشێکیان دەدەمە فەقیر و هەژاران
بەشێکی تریش هەمیشە دەیکەمە خێر و خێراتی بەردەوام.
ڕۆژێکیان رابیعە خاتوونی ئەیوبی خێزانی زۆر لە سوڵتان موزەفەر تووڕە دەبێت و گلەیی ئەوەی لێدەکات، کە تەمەنت گەورەبووە، لەشت لاواز و پێستە ت تەنک بێ مقاوەمەت بووە، پێ دەڵێت: موزەفەر، دەبێت جل و بەرگی ئاوریشم و ناسک لەبەر کەیت و ئەو جلانەت زۆر دڕن و ڕەقن !
سوڵتان موزەفەر وەڵامی دەداتەوە، دەڵێ: من جل و بەرگی گران بەها لەبەر ناکەم، من کراسی پێنج دیناری چۆن لەبەر کەم، ئەو پێنج دینارە دەیدەمە هەژاران و خێری پێدەکەم و فەقیرێک پێ تێر دەکەم.

## پێشەکی

مێـژوو بابەتێـک نییــە هەمــوو کــەس بتوانــێ خــۆی لێبــدات، ئــەم بابەتــە پێویســتی بــە زانیارییەکــی ورد و یەکلاکــەرەوە هەیــە ســەبارەت بــە هــەر بابەتێـک کــە مێژوونــووس بیــەوێ لەســەری بنووســێ.

مێـژووی هەولێریـش، بێجگـە لەچەند هەولێـک لێکۆڵینەوەیەکی زانســتی ئەوتــۆی بــۆ کاری واپێویســتی بــە ئەکادیمیایــەک هەیـە، یـان کۆمەڵـە نووسـەر و مێژوونوسێکی بەتوانـا کە وەک یـەک تیـم ئـەم ئەرکـە بخەنـە سەرشـانیان، لـە راستیدا، ئەمـە ئەرکــی تاکــە کەسـێک نییــە، چونکــە هەرچەنــد هــەوڵ بــدرێ بـێ شک لەکەمو کوڕی بێبـەش نابـێ، بـەڵام لەبـەر نەبوونـی ئــەو دەســتەجەمعییە، هــەر هەولێکــی تــاک لایەنــی پێویســتە دەستخۆشـی لـێ بکـرێ .

بۆیـە کاتێـک بـرای بەڕێـزم کاک خسرۆ پیربـاڵ تەکلیفی لێکردم پێشــەکییەک بــۆ وەرگێــڕدراوی کتێبــی (الســلطان مظفرالدیــن کوکبـورو- امیـر اربـل) بنووسـم، کەیفـم هـات، ئەویـش لەبـەر دوو هــۆ، یەکەمیــان وەرگێــڕ بــراو دوســتێکی زۆر ئازیزمــە و دووەمیـش دەمزانـی ماوەیەکـی زۆرە شـەیدای مێـژووی هەولێـرە و هەمیشـە لەگەڕاندایـە بـۆ ئـەوەی زانیارییەکـی نـوێ دەربارەی هەولێـر دەسـت بکـەوێ.

بێجگـە لـە وەرگێڕانـی کتێبەکـە بۆ کـوردی، کاک خسرو بەخۆی بابەتێکـی لەسـەر سـوڵتان موزەفەرەددیـن نووسـیوە، ئەویـش بــە پشــت بەســتن بەچەنــد بیــرەوەری و زانیــاری وهەنــدێ ســەرچاوەی مێژوویــی.

**نووسـەری کتێبەکـە عەرەبییەکـە( عبدالقـادر احمـد تولەیمـات) ە کـە نووســەرێکی میسـرییە و کتێبەکــەش لــە چوارچێـوەی زنجیـرەی( اعــلام الـعـرب) بڵاوکراوەتــەوە .**

**نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ:**

**(ئایـا سـوڵتان موزەفەرەددیـن لــە گۆشـت و خوێنـی عەرەبانـە تـا بـە عەرەبی دابنێیـن؟ یـان لـە گۆشت و خوێنـی تورکمانانە؟) وا دیـارە بـۆ دیاریکردنـی بنەچــەی سـوڵتان موزەفەرەددیـن، ئـەو نووسـەرە پەنـای بردۆتـە بـەر ڕای پێغەمبـەر(د) کـە گوایـە گووتوویەتـی :(ئــەی خەڵکینــە، خودامــان یەکــە، ئاینمــان یەکـە، باوکمـان یەکـە، ئـەوەی بـە کردەوەکانـی پێـش بکـەوێ ئـەوا بنەچـە کـەی دوای ناخـا، ئەوەیـش بـە کـردەوە دوا بکـەوێ ئـەوا بنەچەکـەی پێشی ناخـا، هـەر کەسێک کـە هاتـە نـاو ئـەو ئاییـنـەوە ئـەوە عەرەبـە، ،...!!**

**کەواتـە نووسـەری کتێبەکـە( عبدالقـادر احمـد تولەیمـات) بەپێـی ئـەم لێدوانـەی پێغەمبـەر، سـوڵتان موزەفەرەددیـن بـە عـەرەب دادەنێ،کــە ئەمــەش پێچەوانــەی قورئانــە، چوونکــە خــوای گـەورە لــە قورئانـی پیـرۆزدا دەفەرمـوێ:**

((يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ إِنَّـا خَلَقْنَاكُـم مِّـن ذَكَـرٍ وَأُنثَـىٰ وَجَعَلْنَاكُـمْ شُـعُوبًا وَقَبَائِـلَ لِتَعَارَفُـوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُـمْ عِنـدَ اللَّهِ أَتْقَاكُـمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيـمٌ خَبِيـرٌ))

**ئیتـر نازانـم نووسـەر ئـەو قسـەیەی پێغەمبـەری لـە کـوێ هێنـاوە ؟**

**نووسـەر ئـەوەش دەڵـێ:( عـەرەب هـەر ئـەوە نییـە کـە بەتەنیـا لـە بنەچـەی عارەبـان بـێ، بەڵکـو ئەوانـەش بە عـەرەب دادەنێت کـە هاتوونەتـە نـاو ئیسـلام کـە ئایینێکـی عەرەبییـە ) ...!!!**

نووسەر بەوەنـدەش ناوەستێ، بەڵکـو هـەر کەسێک کـە بـۆ ئاراستنی ئـەو ئایینـە و لەسـەر خاکـی ئیسلام کاریـان کردبـێ بـە عـەرەب دایاندەنـێ، کە ئەمەش ئـەو پەڕی نەتەوەپەرستییە.
بــە قســەی نووســەر ســوڵتان موزەفەرەددیــن هەمــوو ئــەو پاشـخانەی هەبووە،بـە بیـرو بـاوەڕەوە موسڵمان بـووە، بـە موسڵمانی لـە دایکبـووە و بـە مووسڵمانیش مـردووە، زمانـی عەرەبـی کردۆتــە زمانــی قســەکردنی خــۆی و بەشــداربووە لــە بەرگریکــردن لــە ئایینــی ئیسـلام و سـەروەریی ئیسـلام و خاکـی موسـڵمانان، ئەویـش بەبەشـداربوونی لــە شــەڕی خاچپەرسـتاندا.
پرسیار ئەوەیـە : ئایـا هـەر کەسێک بـە موسڵمانی لـە دایـک بـێ، دەبـێ عـەرەب بـێ ؟ ئایـا هـەر کەسێک بەرگـری لـە ئاینـی ئیسلامی کردبـێ دەبـێ عـەرەب بـێ؟
بەڕلسـتی ئەمـە بۆچوونێکـی هەرزەکارانەیـە و لــە کەسـێک ناوەشـێتەوە کـە خاوەنـی دەیـان کتێبـی مێژوویـی بـێ ...!!!
قـەت لـە ژیانمـدا نەمبیسـتووە سـوڵتان موزەفەرەددیـن زمانـی عەرەبـی کردبێتـە زمانـی قسـەکردنی خـۆی. ئەگـەر وا بوایـە خـۆ ئیسـتا تـەواوی خەڵکـی هەولێـر بـە عەرەبـی قسـەیان دەکـرد و خۆیـان بـە عـەرەب دادەنـا .
بـۆ بەرپەرچدانــەوەی ئــەم قســەیەی نووســەر ( عبدالقــادر توڵەیمــات) -ســوڵتان موزەفەرەددیــن زاوای ســەلاحەددینی ئەیوبـی، فەرمانەکانـی لـە چوارچێـوەی فەرمانـەڕەوایـی خوێـدا بــە زمانــی تورکمانــی بڵاوکردۆتــەوە، نــەک تورکــی، کــە جیاوازییەکـی زۆر لــە بەینیانـدا هەیـە، وەک ئــەو فەرمانــەی

كـه لـه سـاڵی ١١٨٧ زایینیـدا بـڵاوی کردۆتـەوە سـەبارەت بـە پێکـەوە ژیانـی موسڵمان و مەسیحی کـە بـرای بەڕێـزم دکتـۆر فەرهـاد پیریـاڵ بـڵاوی کردبـۆوە.

بەهـەر حـاڵ سـوڵتان موزەفەرەددیـن هـەر چییەک بێ، تورکمان یـان کـورد، هیـچ لەمەسـەلەکە ناگـۆڕێ، گرینـگ ئەوەیـە فەرمانڕەوایەکـی میرنشـینی هەولێـر بـووە و هەمـوو خەڵکـی هەولێـر شـانازی بـە مێـژووە پڕشکۆیەکەی دەکـەن بـە کـورد و تورکمـان و گشـت پێکهاتەکانـی دیکـە و مێژووەکەشـی بەشـێکە لـە مێـژووی کوردسـتان .

هـەر بۆ زانیـاری بەشـێک لـە خۆشـناوان دەڵێن، ئێمـە لەنەوەی سـوڵتان موزەفەرەددینیـن، کاتـێ لێیـان دەپرسی چۆن ؟ دەڵێـن ئێمـە بـە گوورگـە شـینی ناسـراوین، و نازنـاوی سـوڵتانیش ( گۆگبـۆروو) بـووە، واتـە گورگـە شـین .

دەستخۆشـی لـە بـرای بەڕێـزم کاک خسـرۆ پیربـاڵ دەکـەم کـە ئەرکـی وەرگێڕانـی ئـەو کتێبـەی خسـتە سەرشـانی و ئـەو شایەدییەشـی بۆ دەدەم کـە بـە ئەمانـەت کتێبەکـەی وەرگێڕاوە و هـەر بـە خۆیشـی دەڵـێ: (( بەنـدە بەرپـرس نیم لە هیچ نووسین و بۆچـوون و وشـەیەکی ئـەم کتێبـە، بەڵکو نووسـەرەکەی)) کـە ئەمـەش ئاماژەیەکـی باشـە.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن ..

**فەیسەڵ دەباغ**

**هەولێر لە ٧-٢-٢٠١٩**

**١٨جمادی دووەم ١٤٤٠ هیجری**

## مێژووی سەڵتەنەتی ئەربل و سوڵتانی گەورەی هەولێریەکان
## سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرو – میری ئەربل
## چیرۆکی مێژووی سوڵتانێکی گۆڕغەریب و فەرامۆشکراو

سوڵتان موزەفەرەدین زەینە الدین علی کچک
لێکۆڵینەوەیەکـــی مێژوویـــی- سیاســـی یـــە لەســـەر رۆڵ و پێگـــەی ئیمارەتـــی اربـــل لـــە مێـــژوودا.
(١١٥٤–١٢٣٣)

**خەسرەو پیربالْ القصاب**

**Muzzafarnama**
**Erbilin Sultani**
**Sultan Muzzafferedin Gogboru**

نووســـین و لێکۆڵینـــەوەی مێژوویـــی تەنهـــا ئەرکـــی مێژوونوســـان نیـــە، مەرجیـــش نییـــە ئەوانـــەی لەســـەر مێـــژو و کەســـایەتی و ڕووداوەکان دەنووســـن، دەبێـــت مێژوونـــووس بـــن. بـــەڵام لـــە ئەنجامـــی بەدواداچـــوون و هەســـتکردن بـــە بەرپرســـیاریەتی ئەخلاقـــی و مێژوویـــی نووســـەر لـــە غیابـــی کاری هاوبـــەش و نووســـینی مێـــژووی شـــاری پـــڕ شـــکۆمەندی هەولێـــر، ناچاربـــووم بێمـــە کایـــەوە و ئەرکـــی نووســـین و وەرگێـــڕان و ئامادەکردنـــی ئـــەو کتێبـــە بـــدەم لەســـەر ســـوڵتانی گەورەمـــان ســـوڵتان موزەفەرەدیـــن گۆگبـــۆرو.

دەبێـــت ئـــەو ڕاســـتیە بدرکێنـــم، کـــە بـــۆ مـــن، حیکایەتـــی ســـوڵتان موزەفـــەر، چەنـــد یادگارییەکـــی سـادەبووە، کـــە لـــە

ناوشـاری هەولێـر، مەزارگەیـەک و قەبرێـک و شـەقامێک و منارەیەکـم بینـی بـوو بەنـاوی سـوڵتان موزەفـەر گۆگبـۆرو!
لەبیرمـە لەگـەڵ دایکـم دەچووینـە سـەر قەبـری سـوڵتان و پاشـنیوەڕۆیان هاوینـە دوورو درێـژەکان لـە بەرامبـەر ئـەو زاتـە گەورەیـەدا بـە سـەر دەبـرد، دایکـم جووزووعەمەیەکـی دەدایـە دەسـتم و پێـی دەوتـم ئـەو ئایەتانـە بخۆینـە دوعایـە بـۆ سـوڵتانی گەورەمـان بخوێنـە، منیـش بەبـێ ئـەوەی بزانـم سـوڵتان کێیـەو مەسـەلە چییـە خەریکـی خوێندنـەوەی ئایاتـە قوورئانیـەکان بـووم، نەمدەزانـی ئـەو کاتـە کـە پـاش چـڵ سـاڵ دیسـانەوە دێمـەوە سـەر هەمـان قەبـر و سـەردانی ئـەو پیـاوە گەورەیـە دەکـەم کتێبێکـی لەسـەر ئامـادە دەکـەم.
بۆ مـن، حیکایەتـی سـوڵتان موزەفـەر، حیکایەتـی خەونێـک بـوو کـە لـە مەولوودەکانـی نێـو مزگـەوت و دیوەخانەکانـدا، خەونێکـی سـوڵتان موزەفـەر، بینینـی پێغەمبـەری گەورەمـان، لـە خەونێکـی دژواردا، چیرۆکـی گوازسـتنەوە و دزینـی مـەزار و تووربـەی پێغەمبـەری گـەورە لـە لایـان دووکـەس لـە مەددینـەدا، لەبیرمـە لـە مزگەوتـی قەڵاتـدا، لەگـەڵ پیربـاڵ قصابـی باوکـم، گوێـم لـەو چیرۆکـە بـوو، ئەمشـەو بـۆ یەکەمیـن بـار بـوو، گوێبیسـتی نـاوی سـوڵتانێک بێـت بـە نـاوی سـوڵتان موزەفەرەدینـی گۆگبـۆروو، سـوڵتانی اربـل.
لێـرەدا، پرسـیاری ئـەوە دێتـە پێشـەوە، کـێ مێـژوو دەنووسـێتەوە؟ چـۆن مێـژوو دەنووسـرێ بەتایبەتـی دەبـارەی شـاری هەولێـر و کەسـایەتیە مێژووییەکانـی. دیـارە چەنـد

هەولێکی ناکامڵ و نیوەچڵ دراوە دەربارەی شاری هەولێر و نووسینەوەی مێژوو و ڕوداوەکان و کەسایەتییەکان، بەڵام بە بۆچوونی من تاوەکوو ئێستا، هیچ کام لە و نووسین و کتێبانە، مێژووی حەقیقەتی کەسایەتی و ڕووداوەکان و ڕۆڵ و کاریگەری مێژوویی تەواوی شایستە بەو شارە مووقەدەسە نەدراوە.

جگە لەچەند هەوڵێک و کتێبێک، کە لە چوارچێوەی تەدووینکردن و نووسینەوەی هەندێک زانیاری، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی شایستە نەکراوە، کە بەقەدەر باڵای بەرزی قەڵاتەکەمان و مێژووی دێرینی هەولێر و کەسایەتیەکاندا بێت، بە تایبەتی لە سەر کەسایەتی مەلیک و سوڵتان و ڕۆڵی خانەقاو مەدرەسە کۆنەکان و قەڵای هەولێر.

دەبێت ئێمە خۆمان، نووسەر و مێژوونووس و لێکۆڵەرەوە کوردەکانی هەولێر، مێژووی خۆمان بنووسینەوە، دەبێت خۆمان وەکو تیمێکی شارەزا لەبوواری سیاسەت و مێژوو و ئەنترۆپۆلیژی- سیاسی- مێژوویی، کار بکەین و مێژووی خۆمان و هەولێر بنووسینەوە.

حیکایەتی نووسینەوە و کارکردن لەسەر کتێب و مێژووی سوڵتان موزەفەرەدین، ئەو کاتە لام درووست بوو، کە بە ڕێکەوت، لە هەولێر، چاوم بە کتێبێکی کۆن کەوت کە لە لەلایەن کاک کاوە فارس قەڵاتی لە دیوەخانەی صنعانی احمد اغای قصاب بوو، زستانی ساڵی

٢٠١٨ بـوو، ئـەو كتێبـەم نەبینیبـوو پێشـتر، لـە لەلایـان نووسـەرێکی میسـری نووسـراوە، بەنـاوی دکتـور عەبدولقـادر ئەحمـەد تولّەیمـات، لـە جمهـوری میسـری عەرەبـی لـە قاهیـرە !! لـە چوارچێـوەی پڕۆژەیەکـی نەتەوەیـی عەرەبیـدا، سلسـلە اعـلام العـرب، کـە لـە سـاڵی ١٩٦٣ نووسـراوە و چاپکـراوە، بەناونیشـانی سـوڵتان موزەفەرەدیـن کوکبـری – امیـر اربـل.

هـەر هەمـان هەفتـە دەسـتم کـرد بـە خوێندنـەوەی کتێبەکـەی عبدالقـادر تولّەیمـات، کـە بە زمانێکی زۆر ئاسـان نووسـراوە، پێـم وابێـت ئـەو کتیبـە باشـترین و جوانتریـن کتێبـە لەسـەر سـوڵتان موزەفەرەدیـن نووسـراوە، هـەر هەمـان مـاوە بیرۆکـەی وەرگێـڕان و لێکۆڵینـەوەی زیاتـر دا لەسـەر ڕۆڵ و مێـژووی سـەڵتەنەتی گۆگبـۆرو.

ئـەم زنجیـرە کتێبـە لەلایـەن وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و ئیرشـادی قەومـی عەرەبـی جمهوریەتـی میسـری عەرەبیـەوە بڵاوبۆتـەوە، لـە سـاڵەکانی شەسـتەکان، بەشـێک بـووە لـە بڵاوکـراوەی جیاجیـا کـە ژمـارەی کتێبـەکان گەیشـتۆتە ١١٠ کتێـب، نووسـەرانی میسـری لەسـەر ئـەو کەسـایەتیانەیان نووسـیوە کـە بـە بەرهـەم و ڕۆڵیـان و کەسـایەتیەکانیان، کاریگەریـان هەبـووە لەسـەر مێـژوو و ئاراسـتەی بیرکردنـەوە و ڕۆشـنبیری میسـریەکان، یـان ئـەو کەسـایەتیانە سوودیان بـۆ درووسـتکردنی ئاسـتی ڕۆشـنفیکرانیان هەبـووە لەبـواری سیاسـەت و پزیشـکی و مێژوویـی و فیکـری و زمانەوانـی و

بـواری جیاجیـای دیکـەدا لــە میسـر و جیهانــی عەرەبیـدا.

زۆرم پــێ ســەیر بــوو، لـــە دوورەوە نووســەرێکی نەتەوەپەرستی عەرەبـی، کتێبێـک لەسـەر سـوڵتانی ئەربیـل بنووســێت، ئێمــەش ئــاگاداری نەبیـــن، ئــە گــەر ئەمــە کەمتەرخەمـی و خەمساری و ساردوسڕی نووسـەران و ئێمـەی هەولێــری نەبێــت، دەبێــت چــی بێــت ؟؟

بـــەڵام دەبێــت ئامـــاژە بـــە شـــتێک بکـــەم، لـــە هەندێــک سـەرچاوەی ئەکادیمـی کوردسـتان و شـاری هەولێـر، ئامـاژە بـــەو کتێبـــە کـــراوەو زانیاریـــان لێوەرگرتـــووە، هەروەهـــا دەبێـــت بزانییـــن، کـــە باشـــترین ســـەرچاوەی زانیـــاری و نووسـین لەسـەر سـوڵتانی گەورەمـان سـوڵتان موزەفەرەدیـن لەلایـان پڕۆفیسـۆر دکتـور موحسـین حەمـرەوە نووسـراوە، وە لـــە چەندیـــن نامـــەو کتێـــب و لێکۆڵینـــەوەی گـــەورەدا، لەسـەر مێـژو و کەسـایەتی سـوڵتانی نووسـیوە، بەتایبەتـی لـــە کتێبێکـــی خـــۆی بەناونیشـــانی: ئەربیـــل، لەســـەردەمی ئەتابەگییاندا(اربیـل فـي العهـد الاتابكيـيـه) کـە لـە سـاڵی ١٩٧٦ لـــە بەغـــداد چاپکـــراوە، پاشـــانیش لەکوردســـتان چاپکراوەتـــەوە، هەروەهـــا وەرگێردراوەتـــە ســـەر زمانـــی کـوردی، ئـەم سـەرچاوەیە دەوڵەمەندتریـن کتێبـە لەسـەر مێـژووی هەولێـر، خۆشـبەختانە، بەدرێژایـی ئـەو ماوەیـەی مـن کارم لەسـەر نووسـین وەرگێڕانـی ئـەم کتێبەمـان کـرد، جەنابـی دکتـۆر موحسـین موحەممـەد حوسـێن بەقـاڵ، کـە ناسراوە بـە دکتـۆر موحسین حەمڕە، کەسایەتییەکی شـاری

هەولێرە، چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی گرینگی نووسیوە لەسەر هەولێر و قەڵا و مێژووی شاری هەولێر، هاوکاری زۆری کردووم و ئۆفیسی خۆی لە ئەکادیمی کوردستان و کتێبخانەی خۆی بۆ کردبوومەوە، زۆر یارمەتی داوم بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی هەندێک بابەتی مێژوویی ئامادەکردنی ئەم کتێبەم.

بە پێویستم زانی ئەم مێژووە دەوڵەمەندەی شاری هەولێر و پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئامادەبکەم و ئەوەی لەسەر ئەو کەسایەتییە گەورەیە نووسراوەو وتراوە، ئامادەکراوە، چاپکراوە، هەوڵبدەم کۆیان بکەمەوە و لە دووتوێی کتێبێکی شایستەدا چاپی بکەم.

جگە لەمەش، لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەمدا، گەیشتمە باوەڕێک، کە نووسین و پڕوسەی تەدووین و مێژوونووسینەوە، بەتایبەت نووسین لەسەر مێژووی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو، بریتییە لە نووسینی مێژووی مەملەکەتی هەولێر و هەولێرییەکان، لەبەرئەوە، پێموابێت، نەدەبوو من بە تەنیا، لە ماڵەکەم، دابنیشم و بەبێ بەشداری کەسایەتی و مێژوونووسان و نووسەرانی دیکەی هەولێر، خەریکی ئەم کتێبەم بم، لەبەر ئەوە پێم باشتربوو، بیرۆکەی ئامادەکردنی ئەم کتێبەم لەلایان چەند کەسایەتی و شارەزا و نووسەر و سیاسی و خەڵکانی ناسراوی شاری هەولێر باس بکەم و بەکاری هاوبەش ئەم پڕۆژەیەم ئامادە بکەم.

دیاره پاش گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا، خۆشبەختانە، چاوم بەچەند کتێبێکی مێژوویی کەوت کە لەلایەن دکتور موحسین حەمرە، نووسەر و گەورە مێژوونووسی کوردستان و هەولێر نووسرابوو، بەتایبەتی کتێبی: هەولێر لەسەردەمی ئاتابەگییاندا، کە دەتوانم بلێم باشترین سەرچاوەی زانیاریەکانە لەسەر ڕۆل ومێژووی هەولێر و سولتان موزەفەر نووسراوە.

جگە لەوەش لە چەند کتێبێکدا، هەندێک زانیاری کەم لەسەر ئەو سەردەم و کەسایەتیە نووسراوە، لە هەندێک ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێت، نووسین و زانیاری بڵاوکراونەتەوە لەسەر مێژووی سولتان موزەفەر و یادی لەدایکبوونی موحەممەد پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایک بوونی موحەممەد پێغەمبەر (د.خ) لەشاری هەولێر، پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبە و بینینی هەندێک بەڵگەنامەی مێژووی لەسەر ئەو کەسایەتیە گەورەیەدا، بۆم دەرکەوت کە ئێمە بەرامبەر کەسایەتییەکی زۆر گەورە و کاریگەر و زوڵملێکراوداین، بۆم دەرکەوت، کە ئێمە زوڵمێکی زۆر گەورەمان لە مێژووی هەولێر و سولتان موزەفەر کردووە، ئێمە هەر لە سەر ئەو سەرکردە گەورەیە هیچمان نەنووسیوەو نەزانییوە.

ئەم کتێبەو ئەو حیکایەتە، چیرۆکی عەشقی قەڵای هەولێرە، مێژووی سولتان موزەفەر و هەموو ئەو وەزیرو ڕاوێژکارانەی سولتانی هەولێر و ئەو ئەفسەر و

پێشمەرگە و چەکدارانەی ئەو کاتەدا کە بەرگریان لە هەولێر کردووە، تاوەکوو دوایین نەفەس و دوایین دڵۆپە خوێنیان، بڕیاری شەڕو دیفاعکردنیان داوە، بۆ نموونە، مێژوو باس لە دوو کەس دەکات، لە لێکۆڵنەوەیەکی دکتۆر محسن حەمڕە، نووسەر و مێژوووناسی گەورەی شاری هەولێر، کە هاوکات ئەندامە لە ئەکادیمیای کوردستان، لە کتێبی (چەند توێژینەوەیەک لە مێژووی کورددا)، تەدووینکراوە کە پاش ئەوەی سوڵتان موزەفەر لە ١٨ مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٦٣٠ه)حوزەیرانی ١٢٣٣ زاینی، کۆچی دوایی دەکات، دوو لە وەزیرو ڕاوێژکارانی سوڵتان موزەفەر، کە ناویان (خالص و بەرنەقش)، بەگوێرەی گێڕانەوە و حیکایەتەکان، ئەو دوو کەسە، دوو سەرکردەی نزیکی سوڵتان بوونەو کاری سەربازی هەواڵگیری مەملەکەتی هەولێریان کردووە، پاش ئەوەی سوڵتان دەمرێت و بارودۆخەکە تێکدەچێت، مەترسی لەسەر مەملەکەت زیاد دەبێت، بڕیاری تاوەکو دوایین چرکەو دڵۆپە خوێنیان بەرگریان لە قەڵا و مەملەکەتی هەولێر کردووە.

سوڵتان مووزەفەر گۆگبۆرو، وەکوو ئێمەی هەولێری و کورد، عاشقی هەولێرو قەڵای هەولێر بووە، من لەزۆر شوێندا شاهێدی ئەوەم کە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، خۆی وەکو هەولێرییەک ناساندووەو خۆی بە هەولێری دەزانێت، کەس وەکو جەنابی سەرۆک

بارزانی عاشقی هەولێرو قەڵای هەولێر نیە، ئێ سوڵتان مووزەفەریش وەکو ئێمە یەکێک بووە لەو عاشقانەی کە دڵ و هەست و نەستی لە دەرگای ئەو قەڵایە دێرینەی هەولێر گەشەو نمای کردووەو بۆ ماوەی چل و پێنج ساڵ سوڵتانی ئەربیل بووەو سەرۆک بووە.

پاشان، دیارە ئەمڕۆکە هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستانە، لە ڕووی ئاوەدانی و پێشکەوتنە جۆربەجۆرەکانەوە، هیچ کاتێک و هیچ زەمانێک، هەولێر وەکو مەڵبەندێکی شارستانی، لە زەمانی سوڵتان موزەفەرەوە تاوەکو ئێستا، پێشکەوتنی ئاوای بەخۆیەوە نەبینیوە، لەبەر ئەوە، دەبێت ئێمە خاڵێکی بەیەکتربەستانەوە لەنێوان ئەم دوو سەردەمە زێڕینەوە دروستبکەین.

سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی کە سەرکردەیەکی گەورەی کورد و ئیسلامی بووە، بەشداربووە لە بەهێزکردن و دروستکردنی بنەما و خەسڵەتەکانی دەوڵەتداری سوڵتان موزەفەرەدین، لە چەند کتێبێکی نوێی دکتۆر موحسین حەمەڕە، بەتایبەتی لە کتێبی: قلائد الجمان – مصدرا للدراسه جوانب من تاريخ اربيل و الكورد –کە لە ساڵی ٢٠١٢ ئەکادیمیای کوردی بڵاوکراوەتەوە، زۆر بە وردی باس لە بنەماکانی دەوڵەتداری سەڵتەنەت و ئیمارەتی ئەربیل دەکات، باس لە ئەرک و ڕۆڵی وەزیرەکانی ئەو زەمانە دەکات.

سـولْتانی ئەربیـل – سـەرۆکێکی ئـازاو دلێـر بـووە لــە شـەڕەکان، پیاوێکـی چاونەتـرس و خـاوەن کاریزمـا بـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا، زور لەخـودا ترسـاوەو پیاوێکـی سـەخی و دڵ میهرەبـان و خێرەومەنـد بـووە بـە واتـای وشـە مـرۆڤ بـووە، هیـچ زوڵـم و سـتەمێکی نەبـووە حوکمێکـی ڕەشـید و عادیـل و پاکـی هەبـووە، هەمـوو سـەرچاوە مێژوویـەکان بـاس لــە جوامێـری و پاکـی و نەزاهەتـی ئـەو سـەرۆکە دەکـەن.

لـە هەولێر بووە، سـەرای سـەڵتەنەتی لەنـاو قـەڵا بـووە، خانـووی خـۆی و خێزانەکـەی لــە خـوارەوەی قـەڵا بـووە، لـەو ناوچەیـەی خـوارەوەی قـەڵا، کـە ئـەوکات پێیـان وتـوە (الربـض– کـە دەکاتـە لای باشـووری قـەڵا و ئەمڕۆکـە، لــە هەولێـر بەنـاوی گەڕەکـی عارەبـان ناسـراوە، پشـت مـەزار و مەرقـەدی سـولْتان موزەفـەر لـە بەرامبـەر پارێـزگای هەولێـر.

سـولْتان موزەفـەر، پێـش ئـەوەی بێتـە هەولێـر و حوکمـی سـەڵتەنەت بـکات، هەولێـر کـە ئـەوکات نـاوی (اربـل) بـووە، شـارێکی کـپ و خامـۆش و بێدەنـگ بـووە، بـە هاتنـی سـولْتان موزەفـەر پێشـنیارکردنی ئاهەنـگ گێـڕان و یاددکردنــەوەی لــە دایکبوونــی پێغەمبــەری ئیســلام، باروودۆخـی ئـەو شـارە و ناوچەکـە، بـە تایبەتـی شـاری هەولێـر، گۆڕانـکاری زۆر گـەورەی بەسـەردا هاتـووە، بۆتـە نێوەندێکـی فیکری–ڕۆشـنبیری– فیقهـی– عیلمـی ئیسـلامی گـەورە.

سولْتان موزەفەر، یەکەمین مزگەوت و قوتابخانەو نێوەندی ئیرشادی ئیسلامی دروستکردوە لە قەڵای هەولێر، بەناوی -مزگەوتی قەڵا- هەروەها (المدرس الموزەفەرییە) و مزگەوت و منارەی موزەفەرییەی دروست کردووە، کە بریتی بووە لە مزگەوتێک و قوتابخانەیەک، قوتابیان و پیاوانی ئاینی وانەیان تێدا خوێندووە ئەو مزگەوتە لەلایان مێژوونووسەکانەوە بە المسجد الاکبر -مسجد العتیق- ناسراوە واتە مزگەوتی کۆن - ماڵی کۆن-، دووەمین مزگەوتە پاش مزگەوتی قەڵا.

لە ساڵی ٦١٥ هیجری دەکاتە ١٢٠٠ی میلادی سولْتان موزەفەر بەشدار دەبێت لە ناشتنی ساحبی تەکیەی قادری لە هەولێر کە ناوی شێخ ئەبو محەمەد عەبدولەتیف بەکری بووە، لە قەبرستانی گەورە (مقبرة الکبری) لە باشووری قەڵای هەولێر. لە زەمانی ئەتابەگیەکان ئەم قەبرستانە ناوی (المقبرة الصوفیة) بووە و لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەی سەلماندووە کە باوکی زین الدین علی کوچوک هەر لەم قەبرستانە نێژراوە.

سوڵتان موزەفەر، دیوەخانێک و سەرا و شوێنێکی گەورەی هەبووە لە قەڵا و لە گەڕەکی سەرای- ناوی ئەو گەڕەکە لەو کاتەوە هاتووە، زاناو و نووسەرانی گەورەی ناوچەکەی لە هەولێر و لە سەڵتەنەت نزیککردۆتەوە، پشتگیریانی کردووە بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی ئاین و فەرهەنگ و مێژوو و ژیانی سیاسی- فەرهەنگی- ئاینی هەولێر و قەڵا بکەن.

سولّتان مزەفەر لە گەڕەكی سەرای -دیوانی سەرۆكایەتی سەڵتەنەتی هەبووە، هەموو رۆژێك لەگەڵ وەزیر و راوێژكارەكانی لە ناوە ئەو دیوەخانەوە دەوامی كردووە.

هەر لەو كاتەوە، شاری اربل- فەرهەنگی پێكەوە ژیانی خەڵك بووە، ئاینی جیا، زمان و مێژووی جیا، میللەتانی جیا پێكەوە لە كەشوهەوایكی خۆش كۆكردۆتەوە وە لەو كاتەدا یەزیدی و یەهوودی و مەسیحیەكان پێكەوە لە هەولێر ژیاوون بە بێ هیچ گیروگرفتێك.

چەندین خان و شوێنی حەوانەوەو كاروانسەرای دروست كردوە بۆ غەریبان و مێوانان و خەڵكی شوێنەكانی دیكەی جیهان.

سولّتان موزەفەر، خاوەن كەسایەتییەكی زۆر بەهێز و كاریگەر بووە، سیاسیەكی گەورە بووە، بەڵام لەهەمان كاتدا زۆر عادل و و میهرەبان بووە.

سولّتان موزەفەر، لە نزیكەوە، لەگەڵ خەڵك ژیاوە، سەردانی بازاڕ و قەیسەری كردووە، لەخۆشی و ناخۆشیەكانی میللەت، بەشداری كردووە، لەكاتی مردنی یەكێك، پیاوێك، ژنێك، خۆی لە نزیكەوە بەشداری كردووەو لە گەڵ مردوەكە چۆتە سەرقەبران، قەبرستانێك هەبووە لەناو قەلا كە بۆ ماوەیەك پاش مردنی سولّتان موزەفەر لەو قەبرستانە دەینێژن، دوو قەبرستانیش لە خوارەوەی قەلا.

سولّتان موزەفەر لە خانەوادەیەكی ئازا و دلێر و

جۆمەرد و بە ئەخلاق بووە، بەدرێژایی تەمەنی خۆی لە شام و لە هەولێر، تێکەڵی نەبووە لەگەڵ خراپەکاری و زیادەڕەووی و خۆ دەرخستن و غرووری سوڵتانەکان، لەماڵیدا هیچ کاتێک خزمەتکار و کەنیزە نەبووە، پیاوێکی ئیماندار و پاک بووە. خاوەنی کارەکتەرێکی کەسایەتیەکی بە ئەخلاق و ئیماندار و بەتەقوا بووە.

زۆر بە سادەیی ژیاوە و مردووە، خۆی نزیک میللەت و فەقیر و لێقەوماوان بینیووە، خەریکی پارە و پوول و زێڕ و خشڵ نەبووە، هەمیشە سفرەی کراوە و دایم بووە، نانەدەر و خێرکەر بووە، هیچ کاتێک بەتەنیا نانی نەخواردووە هەمیشە بەدوای کەسێک گەڕاوە پێکەوە نان بخۆن.

بەهیچ شێوەیەک دەستی نەبردووە بۆ -بیت المال- پارەی دەوڵەتی نەخواردووە، هەموو ئەو چالاکیانەی خۆی بە پارەی خۆی کردووە. هەمیشە پارەی خۆی خواردووە.

ئەو مێژوونووس و نووسەر و کەسایەتیانە ڕۆڵیان هەبووە لە بووژانەوەو پێشکەوتنی شارستانیەتی مەملەکەت و ڕاوێژکاری سوڵتان بوونە، هەندێکیان بەسەفەر هاتوونەتە هەولێر و لە نزیکەوە، سوڵتانی هەولێر ومەملەکەتەکەیان بینیوە.

سوڵتان موزەفەر ڕاوێژکاری وەزیری زاناو و عاقڵ و پاکی هەبووە، وەکو خۆی بە پاکی و شەریفی حوکمیان

کـردووە، بـۆ هـەر مەسـەلەیەک و گیروگرفتێکـی میللـەت، گوێـی لـە ڕاوێـژکاران گرتـووە.

سـالآنی حوکمـی سـولْتان موزەفـەر، کـە ئـەوکات بـە ئەلملـک ئەلموعـەزەم، ناوزەنـد کرابـوو، هەولێـری گواسـتبۆوە بارودۆخێکـی زۆر پێشـکەوت و چاخێکـی زێڕینـی هەولێـر بـووە، لـە بـواری ئاوەدانکردنـەوەو مزگـەوت و یادکردنـەوەو پێشـکەوتنی بـازاڕو دروسـتکردنی قەیسـەری بـازاڕی داخـراوی شـار کـە تاوەکـو ئێسـتاکەش مـاوە.

پـاش ئـەوەی ئـەو کتێبـەم خوێنـدەوە، پـاش بیسـتنی مێـژووی ئـەو کەسـایەتیە گەورەیـە، بیرۆکـەی ئەوەشـم لا دروسـت بـوو، کـە دەبوایـە ڕۆمانووسـەکانمان لـە کوردسـتان، هاوشێوەی نووسـەرە ئەڕوپایـی و جیهانیـەکان، ڕۆمانـی مێژوویـی لەسـەر کەسـایەتی سولْتان موزەفەرەدیـن بنووسـن، هاوشێوەی (گابریل گارسیا مارکیز)، کە ڕۆمانـی مێـژووی لەسـەر سـەرکردەو کەسـایەتیە مێژووییەکانـی وڵاتـی خۆیـان نووسـیوە.

دیـارە مخابـن، ئێمـە لـەو بـوارەش هـەر کۆڵەوارییـن، جگـە لـەوەی ئێمـە مێـژووی خۆمـان نەنووسـیوەتەوە، لـە میانـی گـەڕان بـەدوای سـەرچاوە مێژوویەکانـدا، بـۆم دەرکەوتـووە، کـە هەوڵـی جیـددی دراوە کـە مێـژووی هەندێـک شـوێن و کەسـایەتی سـولْتان موزەفەرەدیـن بشـێوێنن، تاوەکـو گەیشـتۆتە ئـەوەی کـە گومانیـان خسـتۆتە سـەر ڕوڵ و مـەزار و قەبـرو شوێنەواری ئـەو پیـاوە مەزنـەی مەملەکـە تـی خۆمـان.

پـــاش وەرگێڕانـــی کتێبەکـــەی دکتـــۆر عەبدولقـــادر ئەحمـــەد تولّەیمـــات، خوێندنـــەوەو گـــەڕان بـــەدوای ســـەرچاوەکانی دیکـــەی زانیـــاری وکتێبـــە مێژوویيەکانـــی تـــر لەســـەر مێـــژووی ســـەڵتەنەتی پڕشـــکۆ و دەســـەڵات و کەســـایەتی پڕکاریزمـــا و سیاســـی گـــەورەی ســـوڵتان موزەفەرەدیـــن گۆگبـــۆرو، بـــۆم دەرکـــەوت، کـــە مێـــژوو و توێـــژی ڕۆشـــنبیران و نووســـەرانی هەولێـــر و هەولێرییـــەکان، کەمتەرخـــەم بوونـــە لـــە نووســـین لێکۆڵینـــەوە لەســـەر ئـــەو پیـــاوە گەورەیـــە، کـــە ڕۆڵێکـــی گـــەورەی هەبـــووە لـــە ئاوەدانکردنـــەوەو نووســـین و فەرهەنـــگ و بونیـــادی شـــاری هەولێـــر.

پێـــم وابێـــت، کەمتەرخەمیـــش لـــە نێوەنـــدە ئەکادیمـــی و زانکۆکانیـــش هـــەن، کـــە پەردەیـــان لەســـەر حوکمـــی ســـوڵتانێک هەڵنەداوەتـــەوە کـــە مـــاوەی نیـــو ســـەدە لـــە قـــەڵای هەولێر،حوکمـــی پایتەختـــی کوردســـتانی کـــردووە. هەروەهـــا زەینەدیـــن علـــی کوچکـــی باوکـــی پێیشـــتریش حاکـــم و ئەمیـــری هەولێـــر بوونـــە.

## مێژووی ناوی شاری هەولێر

(ئەوربیلــم – ئەربیلم–اربایلــو – ئەربائیلــو– ئەربیــلا– ئەربل–ئەروبـل– هوربیـل– هەولێـر)

نــاوی ئێســتای شــار، هەولێــر کــە پایتەختــی هەرێمــی کوردســتانی عێراقــە، پــاش شــۆرش و ســەرهەڵدانی میللەتــی مەزڵــوم و ژێردەســتی حکومەتــی عیــراق، ســەرکردایەتی سیاســی کوردســتان و میللــەت و هەمــوو هێــزە سیاســیەکان ســەرۆکایەتی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتانیان درووســت کــرد لــە ساڵی ١٩٩١.

تاوەکـو نووسـینی ئـەم کتێبـە مێژوویەمـان، کـوردەکان، لــە کوردســتانی عیــراق، هەشــت کابینــەی وەزاری حکومەتــی کوردســتانیان درووست کــردوە.

پاشــان پــاش ئــازادی عێــراق لــە حوکمــی دیکتاتۆریــەت لــە ســاڵی ٢٠٠٣، ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان، لــە هەڵبژاردنێکــی گشــتی سەرتاســەریدا دروســت بــوو، میللەتــی کوردســتان، دەنگیــان دا، ســەرۆک مسـعود مـەلا مسـتەفای بارزانــی، وەکــو ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان هەڵبژێــردرا.

حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان گرینگیەکــی زۆریــان بــە بوژانــەوە و پێشــکەوتنی شــاری هەولێــردا، لــە هەمــوو رووبەکــەوە، هەولێــر گەشەســەندنێکی باشــی بەخــۆ بینیــوە.

مێـژووی ناولێنانـی شـار، لەچەنـد دەستنووسـێکی کۆنـدا هاتــووە، لــە تۆمــاری مەلیکەکانــی ســولالەی ئــوور– ئــەور– کــە ٢١١٢– ٢٠٠٤ ســاڵ پێــش میــلاد، نــاوی شــار هاتــووە

(ئەوربیلـــم)، پاشـــان (ئەربیلـــم) کـــە کەوتۆتـــە ســـنووری ئیمپراتۆڕیەتـــی ســـولالەی ئـــەور.

پاشـــان دەقـــە ئاشـــووریەکان بـــاس لـــە (ئەربـــا- ئەیلـــو) واتـــە شـــاری (چـــوار خواوەنـــد)- ئەربـــا ئیلـــۆ- لـــەلای ســـۆمەریەکانیش و ئاشـــوریەکان بـــەکار هاتـــووە، لـــەو شـــارەدا، چـــوار خواوەنـــد هەبوونـــە.

پـاش ئەوانیـش لـە هەندێـک دەقـی فارسـیدا هاتـووە، کـە بـە خەتـی مسـماری نووسـراون، (ئەربیـرا) کـە حیمایەتـی شـەڕی ئەسـکەندەری گـەورە کـراوە لـە دەستبەسـەرداگرتن و داگیرکردنـی عێـراق لـە سـاڵی ٣٣١ پێـش میـلاد، نـاوی هەولێـر (ئەربیـلا- ئەربـلا) هاتـووە

لـــە زەمانـــی مـــاوەی ئیســـلامیدا، (العهـــد الاســـلامی) نـــاوی هەولێـــر (ئەربـــل) بـــووە، لەبـــەر ئەوەشـــە کـــە لـــە لێکۆڵینەوەکەمانـــدا، ئێمـــە تەدوینمـــان کـــردووە ئەربـــل.

لـــە ســـەردەمی دەســـەڵاتی کوردیـــدا، نـــاوی هەولێـــر- ە و پایتەختـــی هەرێمـــی کوردســـتانە.

ئەم ناوە بەم شێوەیەش دارِژاوە:

(ئەوربیلـــم- ئەربیلـــم- ئەربـــا ئەیلـــو- ئەربائیلـــو- ئەربیلا-ئەربل-ئەروبل-هوربیـــل- هەولێـــر).

لـــە ســـەرەتای دروســـتبونی شارســـتانی و شـــاردا، بـــەم شـــێوەیە نـــاوی قـــەڵاو شـــاری هەولێـــر گەشـــەی کـــردوە.

ســـوڵتان موزەفـــەر گۆگبـــۆرو، ســـەرکردیەک و ســـوڵتانێکی میللەتـــی هەولێـــر بـــووە، لـــە شـــەڕو جەنکـــی لـــە دژی خاچپەرســـتاندا، لەژێـــر ئـــاڵای سوپای سوڵتان سلاحەددین

ئەیوبییــدا نازنــاوی (گوورگــی شــین)ی پێبەخشــراوە، سـەڵتەنەت و سـوڵتان موزەفـەر تورکمـان بوونـە، ئـەوکات شــاری هەولێـر کـە بریتــی بــووە لــە قــەڵا و بازاڕێکــی بچـووک بـە زمانـی کـوردی و تورکمانـی، قسـەیان کـردووەو یەکەمیـن مەولودنامـە، بـە زمانــی تورکمانــی نووسـراوە، خەڵکـی بـە هـەردوو زمـان، هەروەکـو ئێسـتا، مامەڵەیـان کـــردووەو بەهەمـــان شـــێوەش، زمانـــی ســـەڵتەنەتی و ئیـدارەی سـوڵتان موزەفـەر گۆگبـۆرو، بـە زمانـی کـوردی و تورکمانــی و عەرەبــی بــووە، لەبــەر ئــەوەی ئــەو کات، هەسـتی ئاینـی بەهێزتـر بـووە لـە هـەر ئینتیمایەکـی تـر، بــەڵام هەســت و نەســتی ســوڵتان هەولێــری و تورکمانــی بــووە، بــێ شــک، ســوڵتان موزەفەرەدیــن ســەرکردەکی تورکمانــی بــووە.

دەبێــت هەقیقەتێکــی مێژوویــی تریــش بووترێــت، کــە بــە نەزانــی و بەهەڵــە نووســین و بــەلارێ بردنــی ڕێچکــە مێژوویەکانــدا، لــەزۆر لــە نووســین و بڵاوکراوەکانــدا هاتـووە، لـەوەش زیاتـر وەکـو خـوو نەڕیتێکـی بـاو لەنـاو کۆمەڵــگای کوردیــدا، قســەیەک نووســراوە کــە گوایــە، مێــژوو و بــوون و دەســەڵات و پێگــە و نــاوی ســوڵتان موزەفەرەدیـن و یـان بوونـی میللەتـی تورکمـان پەیوەسـت و گرێـدراوی تـورک و سـوڵتانە عوسـمانییەکانە!؟ ئـەوەش بەڕاسـتی پێچەوانـەی مێـژوو ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکەمانـە:

تورکمانەکانــی کوردســتان هیــچ پەیوەندیەکیــان بــە ســەڵتانەکانی عوســمانی و تورکیــاوە نیــە، تورکمــان

لـــە كوردســـتان، وەكـــو میللەتێـــك و فەرهەنگێـــك، پێـــش دروســـتبوونی ســـەڵتەنەتی عوســـمانیان بوونیـــان هەبـــووە، لەگـــەڵ میللەتـــی كـــورد ژیـــاون.

چەنـد سـەرچاوەیەک و نەخشـەی ئـەو زەمانـی حوكمـی سـوڵتان موزەفەریـان بڵاوكردۆتـەوە، كەنـاو و سـنووری كوردسـتانی تێـدا هەبـووە.

مێـژووی سـەڵتەنەتی عوسـمانیەكان لـە سـاڵی ١٢٩٩ دەسـتی پێكـردوە، بـەڵام سـەڵتەنەتی ئەربـل لەسـاڵی ١١٦٤ میلادیـەوە هەبـووە لەسـەر دەسـتی موجاهەدیـن قایمـاز پاشـان سـوڵتان موزەفەرەدیـن حوكمـی كـردوە لـە سـاڵی ١١٩٠ میـلادی، لـە هەولێـر سـەڵتەنەتی هەولێرییـەكان وجـودی هەبـووە، واتـە ١٣٥ سـاڵ پێـش دروسـتبوونی سـەڵتەنەتی عوسـمانیەكان، لـە قـەڵای هەولێـر سوڵتانێكی هەولێـری توركمـان حوكمـی كـردووە ئـەوەش گەورەتریـن بەڵگەنامەیـە كـە، سـەڵتەنەتی ئەربـل هیـچ پەیوەندییەكـی مێژوویـی سیاسـی بـە سـوڵتانە عوسـمانییەكان نەبـووە.

هەروەكـوو لـە پاشـكۆی ئـەم كتێبـەش هاتـووە و ئێمـە نیگارێكـی كـۆن و نامەیەكـی سـوڵتان صـلاح الدیـن ئەیوبیمـان لـە موزەخانەیەكـی فەڕەنسـی دەسـتكەوتووە، ئـەو هەقیقەتـە دەسـەلمێنن، كـە شارسـتانی و سـیمای دەوڵەتـداری لـە هەولێـر هەبـووە، پێـش درووسـتبوونی سـەڵتەنەتی عوسـمانیەكان.

سـەرچاوە مێژووییـەكان و هەندێـك كەسـایەتی كۆنـی هەولێـر و مێژوونووسـەكان ئامـاژە بـەوە دەكـەن، ئەزمونـی

دەسەڵات و حوكمی سوڵتانەكان لە كوردستان و لە قەڵای هەولێر گواستراوەتەوە توركیاو دەگێڕنەوە كە هەولێرییەكی توركمان بەشدار بووە لە سەرەتاكانی دروستبوونی دەسەڵاتی عوسمانییەكان.

سوڵتان موزەفەرەددین، لە ساڵی ١١٥٤ میلادی، لە موسڵ لە دایكبووە، لە ساڵی ١٢٣٣ میلادی لە ئەربل مردووە، بە درێژایی ٤٥ ساڵ حوكمی هەولێری كردووەو عاشقی هەولێر و قەڵای هەولێر و هەولێرییەكان بووە، پاش مردنی یەكەمین جار لە قەڵای هەولێر نێژراوە، پاشان تەرمەكەی گواستراوەتەوە مەزاری خۆی لە خوارەوە، ئەو شوێنەی كە تاوەكو ئیستاكە خەڵكی هەولێر سەردانی دەكەن و ڕێزی لێدەگرن، ئەو قەبرەی ئیستاكە لە لای باڵەخانەی پارێزگای هەولێرە، لە شەقامی سوڵتان موزەفەرو قەبرو مەزارگەی خۆیەتی هیچ شكێك هەڵناگرێت، بە گوێرەی لێكۆڵینەوەمان، پاش ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام دێتە خەونی سوڵتان، سوڵتان موزەفەر خۆشەویستی سەد بەرابەر.دەبێت و وەسیەت دەكات، پاش مردنی، تەرمی ببردرێتە نزیك پێغەمبەر (ص)، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو كاتەی وەفات دەكات، ڕەمەزانێكی زۆر گەرم دەبێت، لە خوارووی عێراق و جەزیرەی عەرەبی، شەڕ و فیتنەو ئاژاوەیەكی گەورە هەبووە، پاش هەوڵدانیان و سەفەركردن، تەرمەكەیان هێناوەتەوە هەولێر، سوڵتان موزەفەر تەرم و قەبری لە هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستانە.

حوكمی سەڵتەنەتی ئەربل، حوكمێكی عادل و میهرەبان بووە، ئەوكات، نەخشەی كوردستان هەبووە، میللەتی كورد تێكەڵی میللەتانی تر بوونە، لە هەولێر، هەموو جۆرە ئاین و فەرهەنگ بوونیان هەبووە.بۆنموونە (یەزیدی و یەهودی و مەسیحیەكان) پێكەوە ژیاون.

سەردەمی سوڵتان موزەفەر یەكەمین سەردەمی زێڕینی هەولێر بووە لە رووی عیلم و فیكرو ئاوەدانی.

## لە دایک بوونی سوڵتان موزەفەرەدین زەینەدین عەلی کوچوک

سوڵتان موزەفەر لە ساڵی ٥٤٩ کۆچی (١١٥٤ زاینی) لە قەڵای موسڵ لە ناوچەیەکی نزیک لە رووباری دیجلە لە قەسرێکی شاهانەی ئەو زەمانە لە دایک بووە، خانەوادەی سوڵتان موزەفەر لە سەرایەک کە ناوی (ئاق سەرای) بووە واتە کۆشکی سپی باوکی وەزیر بووە لای خاوەنی موسڵ (صاحب موصل). ئاق سەرای لە سەردەمی ئەتابگیەکان دروستکراوە و ماڵی سوڵتان و ئەمیرەکان بووە پێیان وتووە دار المملكة و دار الحكم.

پاشان باوکی ئیمارەتی موسڵ جێ دەهێڵێ و دێتە هەولێر، دوایی ئەمیر بەدرەدین لؤلؤ ئەم خانووە داگیر دەکات و دووبارە نۆژەن دەکاتەوە لەو شوێنە حوکمی ئیمارەتی خۆی دەکات تاوەکو هێرشی مەغۆلەکان بەسەر موسڵ دەست پێ دەکا، ئەم سەرایە و سەرجەم خانوەکانی (دار الحكم) و سەرای ئیمارەتی موسڵ تێکدەشکێنێ و ئاگر لەم خانووە بەردەدات دیواری خانوەکە رەش دەبێت و پاشان ناوی دەبێتە قەرە سەرای واتە کۆشکی ڕەش.

## کار و بەرنامە خێرخوازیەکان و دەوڵەتداری سەردەمی سوڵتان موزەفەر گۆگبۆرو

سەڵتەنەتی ئەربل، هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەم پڕۆژە گەورانە:

١- دروستکردنی قوتابخانەیەکی گەورە بەناوی – مدرسە الموزەفەریە- (مدرسة دار الحدیس) لە تەنیشت منارەی موزەفەریە، مزگەوتێکی گەورە، کە تێیدا خویندنی ئاین و مەولود و فیقهی ئیسلامی پەخشکردوەو پێشتریش مەدرەسەیەکی کۆنتر بەناوی المدرسة المجاهیدیة – و العقیلیة- لە حوکمی پێش سوڵتان موزەفەر هەبووە لە زەمانی ئەمیر موجاهیدالدین قایماز درووستکراوە،

لە ساڵی ٦٣٢ هیجری، لە سەفەرێکی سوڵتان موزەفەر بۆلای خەلیفەی عەباسی المستنصر باللە لە بەغدا و پاش ئەوەی وەکوو مەلیکێک ڕێزی لێگیراوە و پێشوازی لێکراوە، خەلیفە شیرێکی زۆر جوانی بە دیاری داوەتە سوڵتانی اربل- پاشان سوڵتان دەگەڕێتەوە هەولێر، لە ڕێگادا بە گووندی داقووق-دا تێدەپەڕێت، چاوی بە منارەی طاووق منارەسی – کە لە ساڵی ١٠٥٥ زاینی لەلایەن سەلجوقیەکانەوە دروست کراوە، بەرزایەکەی ٣٠مترە، کە منارەکە دەبینێت و زۆری پێ جوان دەبێت، دێتە خوارەوە و لەگەڵ خەڵک و کەسانی داقووق گفتووگۆ دەکات و سەرسام دەبێت بە جوانی ئەو منارەیە .

بیرۆکەی هەمان منارەی لە هەولێر لای درووست دەبێت،

فەرمـان و داوادەکات کـە هەمـان وەسـتا کـە نـاوی _– محمـد – بـووە و کرێـکارەکان بێنـە هەولێـر و منارەیـەک درووسـت بکـەن، دیـارە( وەسـتا موحەمـەد)، خـۆی نەهاتـووە، بـەڵام شـاگردێکی خـۆی دەنێرێـت کـە نـاوی( مسـعود مـراد) بـووە کـە تاوەکـوو ئێسـتاکە نـاوی ئـەو وەسـتایە لەسـەر دیـوار و دەرگای ڕۆژئـاوای منـارەی الموزەفەرییـە مـاوە .

مسـعود مـراد، بەشـێوەیەکی زۆر جـوان منارەکـە درووسـت دەکات، کـە بریتـی بـووە لـە ٤٠ مەتـر بەرزایـی، بـەڵام لەوکاتـەوە ٣ مەتـری ڕووخـاوە، لـە بەشـی خـوارەوەی منارەکـە نزیـک زەوی، شوشـەی ڕەنـگ شـینی بەکارهێنـاوە، وەکوو پەنجـەرە، کـە تاوەکوو ئێسـتاکە ئـەو شووشـە شینانە مـاون، ئـەو بەشـەی سـەرەوەی منارەکـە ڕووخـاوە بەهـۆی هەورەتریشـقە و کاریگـەری کەشـوهەوا لـە شـاری هەولێـر. هـەر لـە و کاتـەی کـە منارەکـە درووسـتکراوە، هینـدە جـوان بـووە، سـوڵتان موزەفـەر، مەکتەبێکـی گـەورە و مەزگەوتێکـی لەپاڵـدا درووسـتکردوە، نـاوی لێنـاوە ( مسـجد و المدرسـة الموزەفەرییـە)، تەنهـا منـارە نەبـووە، وە بەهەڵـە پاشـان ناویـان بـردووە بـە منـارەی چۆلـی– ئـەو مزگەوتـە هێنـدە نـاودار بووە لـە هەولێر، پـاش مزگەوتـی قـەڵا درووسـتکراوە، نـاوی – المسـجد العتیـق– المسـجد الاکبـر– بـووە، وە هـەر لـەو کاتـەوەش نوێـژی جومعـە و جەژنەکانـی تێـدا کـراووە .
ئـەو مزگەوتـە نزیکـی ماڵـی سـوڵتان موزەفـەر بـووە، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو جومعەیـەک نوێـژی تێداکـردووە، وە ڕۆژانـی تریـش لـە مزگەوتـی قـەڵا نوێـژی کـردووە.

منــارەی الموزەفەرییــە- لــە بــوواری نەخشەســازی و هونەرییــەوە، بــە یەکێــک لــە نایابتریــن و سەرســامترین نەخشەسازی و تەلارسازی مێژووی کۆن و نوێ دەناسرێت.

دیــارە هــەر لــە ســاڵانی سیەکانەوە، لــە هەولێــر کاتێــک مودیریەتــی شــارەوانی و شوێنەوارناســی لیــوای هەولێــر، ناونووســی ئــەو شــوێنەوارەیان کــردووە، بــێ گەڕانــەوە بــۆ ئــەو مێــژووە دەوڵەمەنــدەی مدرســە و المســجد الموزەفەرییــە – کــە دەبووایــە نــاوی ( المســجد والمدرســە سوڵتان موزەفەرەدیـن گۆگبـۆرو) بایـە، بـەڵام لـەو کاتـەدا، بەڕێوەبەرایەتـی شوێنەواری هەولێـر بـەم شێوەیە ناونـووس و تەدووینــی مێــژووی ئــەو شــوێنە گەورەیــان کــردووە :

**منــارەی مزەفەرییــە- منــارەی چۆلــی لــە ســاڵی – ٥٨٦- ٦٣٠ ئەتابەگیــەکان درووســتیان کــردووە،**
**ژمارەی تۆمار: ١٤٦٥ لە ١٧-١٠-١٩٣٥**

لە هەقیقەتدا، ئەو شوێنە مەکتەبێک و شوێنێکی زۆر گەورە و گرینگ بووە، لە سەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین، وە لە کتێبە مێژوویەکانی ابن خلکان و ابن المستوفی ناوی بە المسجد العتیق- المسجد الاکبر هاتووە . لەو شوێنەدا یەکەمیین وانەکانی فیقە و عیلم و مەعریفەتی اسلامی پەخشکراوون .

دەبوایەئەومزگەوتوقوتابخانەیەدووبارەدرووستکرابانەوە، ڕوح و وجود و گرینگی جارانی ئەو مەکتەبەی سەردەمی زێڕینی سوڵتان موزەفەر دووبارە گەڕابایەوە .

سولْتان موزەفەر هەمووو رۆژانی هەینی نوێژی جەماعەتی لە مزگەوتی (المسجد المظفرية) دەكرد، كە نزيكی ماڵەكەی بوو. لەگەڕەكی الربظ لە خوار قەلاٌت، كە ئێستا ناوی گەڕەكی عەرەبانە لە هەولێر و نزيكی مزگەوتی المظفرية، رۆژانی تر لەگەڵ وەزيرو راوێژكارەكانی خۆی لە مزگەوتی قەلاٌت نوێژيان كردووە. المسجد القلعة يەكەمين مزگەوت بوو لە مێژووی شاری هەولێر، الجامع المظفرية دووەمين مزگەوت بووە كە پێيان وتووە الجامع الاكبر والمسجد العتيق.

لە مزگەوتی الجامع العتيق (المظفرية) خوێندن و فيقهی ئيسلامی و مەزهەبی شافيعی و حەنبەلی خوێندراوە بەبێ هيچ گيروگرفتێك. لە كاتێكدا سولْتان موزەفەر خۆی موسلْمانێكی حەنەفی بووە، ئەمەش خەسلْەتێكی بلْندی ئاشتی خوازانەو پێشكەوتوو شارستانيەتی ئەم كەلْە پياوە نيشان دەدات.

٢- مزگەوت و مەردەسەيەكی تايبەت لە گەڕەكی سەرای- لای شوێنی خۆی دروست كردووە بۆ خوێندن و شوێنی گفتوگۆی فيكری- ئيسلامی ڕاوێژكاران و مونەوەرەكانی نزيكی خۆی.

٣- كردنەوەو دروستكردنی قوتابخانەی قەلاٌت- بۆ وانە وتنەوەی ئاينی و فيكری و مێژوويی.

٤- سولْتان موزەفەر سێ بنكەی گرينگی خزمەتگوزاری كومەلاٌيەتی دروستكردووە بۆ (بێوەژنان و بێكەسەكان- مندالْە بێ دايك و باوكەكان- بۆ ئەو مندالْە فڕێدراوانەی شار).

٥- دروستكردنی بیمارستانێكی باش بۆ عیلاجكردنی نەخۆشیەكانی ئەو سەردەمە وە شوێنێكی تایبەت بۆ كوێر و نابینایان، خوودی خوی سولّتان سەرپرشتیاری پێویستیەكانیانی كردووە، سولّتان خۆی چاودێری دەكردو یارمەتی شارەزاو تەبیبانی داوە.

٦- دروستكردنی خانەقایەكی گەورە لە خوارەوەی قەلا، كە بریتی بووە لە مزگەوتێكی گەورە، شوێنێك بۆ لێقەوماوان و بێ كەسوكار و غەریبانی شارو كوێر و پەككەوتە و فەقیران، سێ ژەم خواردنی پێداون و هەر سالێك دووجار جلوبەرگیانی پێداون و هەموو ڕۆژێكیش سولّتان موزەفەر، خۆی سەردانی خانەقای كردووە، ئاگاداری كاروبارەكانیان بووە.

دیارە لێرەدا خەسلەتی دەولەتداری و سیستەمی سۆسیال بە ئاشكرا هەست پێدەكرێت، ئەو سیستەمەی ئێستاكە لە ئەوڕوپا كاری لەسەر دەكرێت، لە كوردستان و لە سەردەمی سولّتان موزەفەردەین بوونی هەبووە.

٧- دروستكردنی كاروان سەرا مێوانخانەیەك بۆ حەسانەوەی ئەو خەلك و مێوانانەی كە لە شەوان لە هەولێر دەمانەوە، ئەو خەلكانەی كە بۆ زیارەت و سەردانی شار هاتوونەتە هەولێر.

٨- گرینگترین پێشنیار و كاری گەورەی سولّتان موزەفەر، پێشنیار و پڕۆژەی یادكردنەوە یادی لەدایكبوونی پێغەمبەری ئیسلام بووە، كە پاشان موسلّمانی جیهان، هەموویان نوێنەری خۆیان دەناردە قەلای هەولێر بزانن

ئـــەو یادکردنەوەیـــە چۆنـــەو ئەربـــل چـــۆن یـــادی مەولـــودی پێغەمبـــەر دەکاتـــەوەو دەبێتـــە نەریتێـــک بـــۆ هەمـــوو جیهانـــی ئیســـلامی.

٩- لەدەرەنجامـــی لێکۆڵینەوەکەمـــان، هەروەکـــوو لـــە ئەلبومـــی وێنەکانیـــش بڵاوکراونەتـــەوە

ســـوڵتان موزەفەرەدیـــن گۆگبـــۆرو، پـــاش ئـــەوەی چەندیـــن جـــار خـــۆی و خێزانەکـــەی چۆتـــە زیارەتـــی حـــەج لـــە مەکـــە، گرفتـــی ئاوخواردنـــەوە و شـــوێنێک بـــۆ خوێندنـــی قورئـــان و مزگەوتێـــک لای ســـوڵتان موزەفـــەر گەلاڵـــە ی کـــردووە، ئـــەوە بـــووە هەروەکـــوو دکتـــۆر ناصـــر الحارســـی باســـی کـــردووە، کـــە نووســـەرێکی ســـعودی یـــە:

لـــە ســـاڵی ٦٠٥ هیجـــری، لـــە ســـەر چیـــای عەرەفـــات لـــە مەککـــە، قوتابخانەیـــەک و مزگەوتێـــک و عەمبارگـــەی گـــەورە درووســـتکراوە بـــۆ گەیاندنـــی ئـــاوی خواردنـــەوە بـــۆ موســـافیران و حەجکەرانـــی ماڵـــی خودا.ئـــەو شـــوێنەوارە تاوەکـــوو ئێســـتاکەش مـــاوە لـــە مەککـــە- لـــە دەرگای بـــازان لـــە عەرەبســـتانی ســـعودی.

یەکێـــک لـــەو کار و گۆڕانکاریـــە گەورانـــەی کـــە لەســـەردەمی زێڕینـــی حوکمـــی ئیمارەتـــی اربـــل و ســـوڵتان موزەفـــەر ئەنجامـــدراوە، هینانـــی مۆســـیقا و گرووپـــی هونەرمەنـــدان و وگۆرانیبـــووە بـــۆ دەشـــتی هەولێـــر و شـــارەزوور .

موزەفەرەدیـــن زیـــن الدیـــن علـــی کچـــک، کاتێـــک لـــە شـــام دەبێت،ســـاڵی ١١٨٧ میـــلادی، ئەوکاتـــە زینالدیـــن یوســـف، بـــرای خـــاوەن ومیـــری هەولێـــر دەبێـــت، بەیەکێـــک لـــە کەســـە

نزیکەکانی خۆی دەڵێت: ئەگەر حوکمی هەولێر، مەملەکەتی باب و باپیرانم بەنسیب بێت، هەموو ماڵ و موڵک و ئەوەی هەمە و دەیکەمە سێ بەش: بەشێکیان قەڵای هەولێری پێ ئاوەدان دەکەم، بەشێکی دەدەمە فەقیر و موحتاجان، بەشی سێهەمیش دەکەمە خێر و خێراتی دایم و لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە کاری خێر و خیراتی پێدەکەم .

پاش مردنی براکەی (زین الدین یوسف)، لە ساڵی ۱۱۹۰ میلادی، سوڵتان موزەفەر فوورسەتێکی زێڕینی بۆ هەڵدەکەوێت و دەبێتە جێگرەوەی خانەوادەکە ی دەبێتە سوڵتانی قەڵای هەولێر .

سوڵتان موزەفەر دووبرای تریشی هەبووە :

موزەفەرەدین گۆگبۆرو – زەینەدین یوسف( ینالتگین) – ئاق بۆرو.

ئاق بۆروی برای بە گەنجی وەفاتی کردووە، تەنها ینالتەگین کە میری اربل بووە، تاوەکوو پاش وەفاتکردنی، سوڵتان موزەفەرەدین لە حارانەوە دێتە هەولێر و دەبێتە سوڵتانی قەڵای هەولێر و دەشتی شارەزوور .

دیارە هەروەکوو سوڵتان موزەفەر بەڵێنی دابوو کاتێک دەسەڵات بگرێتە دەست لە قەڵای هەولێر و باسی کردبووە، ئاوای کرد، بەرنامەکانی بەو شێوەیە بەڕێوەچوون، کە پێشتر بەڵێنی بە خودا و خەڵکی دابوو، سوڵتان موزەفەرەدین، سروشت و بارودۆخ و هەموو شتێکی کۆموڵگای قەڵای هەولێری گۆڕی..

## سوڵتان موزەفەر یەکەمین کەسە کە مۆسیقاو گۆرانی ئایینی و دەروێشانەو ئاهەنگی هێناوەتە قەڵای هەولێر

هەر لەیەکەمین ساڵی دەستبەکاربوونی وەکوو صاحبی اربل- لە کتێبە مێژوویەکانی ئەو زەمانە – بە میری ولاتانیان ووتووە – صاحب- سوڵتانی اربل، پێشنیار و بەرنامەی یادکردنەوەی مەولودی پێغەمبەری ئیسلامی کردووە، وە بەگوێرەی لێکۆڵینەوە مێژوویەکان، ئەوکاتە، گۆرانی و مۆسیقا نەبووە لەو ناوچەیە، هەتا ئەو ئاستەی کە بەشەرم و عەیبەوە باسی موسیقا و گۆرانی کراوە، بەڵام سوڵتان موزەفەر، گۆرانی و مۆسیقای هێناوەتە، هەولێر و ئەو ناوچەیە، لە بۆنەی یادکردنەوەی –مەولودنامە–ی پێغەمبەر، چەندین گۆرانیبێژ و هونەرمەند لە نوسەیبین و سەمەرقەند و شام هاتوونەتە هەولێر، بۆ بەشداریکردن لەو بۆنەیە کە ماوەی سێ مانگی درێژەپێداوە و برە پارەی سێ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە .

سوڵتان موزەفەرەدین گۆکبۆرو، یەکەمین کەسە، مۆسیقا و گۆرانی هیناوەتە قەڵای هەولێر و دەشتی شارەزوور .

هەروەها کار و پرۆژەو خێر و خێراتیەکانی، بریتی بووە لە دروستکردنی مزگەوت لە هەر شوێنێکی جیهان، ئەگەر پێویستیان پێ هەبێت و بتوانێت، کاری بۆ بکات، لە زۆر،ولاتان مزگەوتی درووستکردوە، بۆ نموونە لە شام مزگەوتی الحنابل- وە لە میسر و موسڵ بەناوی الموزەفەرییە- وە بە هاوکاری راستەوخۆی سوڵتان

و سەرپەرشـتیکردنی کەسـانی شـارەزا، درێـژە بـەو کارە خێرخوازیانـەی داوە .

بـۆ درووسـتکردنی مزگەوتـی الحنابلـە- الموزەفـەری- سـوڵتان موزەفەرەدیـن ٣ هـەزار دینـاری ئەتابەگـی ناردۆتـە شـام، بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و درووسـتکردنی ئـەو مزگەوتـە، پاشـان هـەزار دینـاری تـری ناردووە بـۆ ڕاکێشـانی ئـاو لـە گوونـدی- البـرزە.

کاتێـک موزەفەرەددیـن گۆگبـۆرو، دەبێتـە میـر و حاکمـی هەمـوو ناوچەکانـی ( حران-اورفـە- موزەر-سـمیتان) لـە سـاڵی ٥٨١ - ٥٨٦ هیجـری.

لـە شـاری حـران- کـە ئیسـتا نزیـک شـاری ( شـانللی ئوورفەیـە ) امیـر موزەفەرەدیـن علـی کوچـک لـە سـەرایەکی گـەورەدا کـە نـاوی ( حـران ئاتـەش قەلعەسـی) - حـران ئەتـەش قەلعـە ی درووسـتکردووە، هەروەهـا لـە و شـارە منارەیەکـی درووسـتکردوە بـەڵام جیـاواز لـە وەی لـە هەولێـر درووسـتکراوە .

لـە٢٣ ی سیپتەمبەر ٢٠١٧، بـە گوێـرەی ڕۆژنامـەی الزمـان- ڕاپۆرتێکـی بڵاوکردۆتـەوە لـە سـەر کاری شوێنەوارناسـانی تورکیـا لە شـاری حران و ئورفەی تورکیـا، هەواڵی دۆزینەوەی حەمامێـک بلأودەکاتـەوە لـە ژێـر زەمینـی ئـەو سـەرایەدا کـە سـوڵتان موزەفـەر تێیـدا ژیـاوە لـە حـران- سـەرای حـران اتـش قەلعەسـی-، چەنـد ژوورێـک و حەمامێکـی گەورەیـان دۆزیتـەوە، مەزەنـدە دەکرێـت، کـە سـوڵتانی موزەفەرەددیـن بـەکاری هێنـاوە، ئەوکاتـەی لـەو سـەرایەدا ژیـاوە.

لێکۆڵـەرەوە و پسـپۆڕانی تورکیـا زانیاریـان بڵاوکردۆتـەوە، کـە گوایـە، کـە ئـەو حەمامـە شـوێنی نورەدیـن الزنگـی و سوڵتان صلاحەدینـە !!! بـەڵام لـە هەقیقەتـدا، ئـەو سـەرایە، لــە حــران- اتــش قلعــە بــووە، ســەرا و حەمامــی ســوڵتان مزەفەرەدیـن علــی کوچـک بــووە، میــری حــاران و اورفــە و مـوزە و سـمیتان .

سوڵتان موزەفـەر، چەندیـن جـار سـەفەری حەجـی کـردووە، دیـارە لـەو سـەفەرەیدا، هەسـتی کـردووە، کـە گرفتـی نەبوونی ئــاوی خواردنــەوە هەبــووە لــە حیجــاز و لەســەر چیــای عەرەفـات- لەبـەر ئـەوە، لە سـاڵی ٦٠٥ هیجری، هەڵسـاوە بە ئەنجامدانـی پڕۆژەیەکـی گـەورەو ڕاکێشـانی ئـاوی خواردنـەوە بـۆ سـەر چیـای عەرەفـات( لـەو بەڵگەنامانـەی بەردەسـتمان، دەبینیـن کـە ئامـاژە بـە نـاوی سوڵتانی اربـل- صاحـب اربـل کـردوو، کـە لـە سـعودیاوە بـە دەسـتمان کەوتـووە )
هەروەهـا دکتـۆر ناصـر الحارسـی کـە نووسـەرێکی سـعودی یـە، بـاس لـە ئەنجامدانـی ئـەو پـڕۆژە گەورەیـە دەکات، کـە سـوڵتانی اربـل، پـارە و کەسـایەتی پسـپۆڕی لـە هەولێـرەوە بـۆ نـاردوون :
لـە سـەر چیـای عەرەفـات لـە مەککـە، قوتابخانـە و مزگەوت و عەمبارگــەی گــەورە درووســتکردووە، بــۆ گەیاندنــی ئــاوی خواردنـەوە بـۆ موسـافیران و حەجکەرانـی ماڵـی خـودا
لــە عەرەبســتانی سـعودی، تاوەکـوو ئیمڕۆکـە پـلاک و تابلـۆی ئـەو پڕۆژەیـە هـەر مـاوە لەسـەر چیـای عەرەفـات.
ئـەو پڕۆژەیـە شـانازیەکی گـەورەی تـری ئیمارەتـی اربـل و

هەولێریەکانــە، کــە ڕۆژێــک لــە ڕۆژان، ســوڵتانێکی هێنــدە گــەورە و دڵبڵنــد و میهرەبــان و ئــازا و خێرەومەندیــان هەبووە، کــە هیــچ ســنوورێکی نەبــووە بــۆ پــڕۆژە و کارە مرۆییەکانــی ســوڵتان موزەفەرەدیــن.

لێکۆڵینــەوەکان زۆر کەمــن لەســەر کەســایەتی و کار و ووردەکاریەکانــی ئــەو پیــاوە گەورەیــە .ئەگــەر خودا فوورســەت بــدات و بتوانــم، تاوەکــوو پێــم دەکرێــت، لێکۆڵینــەوە لەســەر ئیمارەتــی اربــل و کەســایەتی ئــەو ســوڵتانە مەزنــە درێــژە پێبــدەم .

دەمەوێــت شــتێکی زۆر تایبەتــی خۆشــم وەکــوو نووســەرێک بدرکێنم، من ســاڵانێکی دەنووســم و خەریکــی کاری فەرهەنگیم، هەمیشــە، لەســەر هــەر مەســەلەیەک و کەســایەتیەک و بابەتێــک، کــە گرینــگ بووبێــت بــۆ میللەت و کێشــەی نەتەوەیی و خەڵــک، هاتوومەتــە کایــەوە و لێکۆڵینــەوە و بۆچوونــم هەبــووە، بەشــداربوومە، لــە درووســتکردنی فــەزای عمومــی و بەوتــار و هەڵوەســتە ئــەوەی درووســت بــووە بەیانــم کــردوە.

بــەڵام کاتێــک لەســەر کەســایەتی موزەفەرەدیــن علــی کچــک دەنووســم، هەســت بــە ناڕەحەتیەکــی گــەورە دەکــەم، ئــەو پیــاوە هێنــدە پــاک و خیرەومەنــد و دڵبڵنــد و ئــازا و حەکیــم بــووە، بــەڵام مێــژوو بەهیــچ شــێوەیەک باســی نەکــردووە، گۆڕغەریــب ماوەتــەوە و نــەوەی نوێ هەرنەیناسیووە . کاتێک لەســەر ژیــان و کەســایەتی و ســاڵانی حوکمــی ئیمارەتەکــەی و شــێوازی ســەرۆکایەتی ســوڵتان دەنووســم، بەرامبەر شێوازێکی ســۆفیگەرانە و دەروێشــەکان خــۆم دەبینمــەوە .

سولَتان موزەفەر، کەسێکی زۆر سادە و خاکی بووە، لەگەڵ ئەوەش سوارێکی ئازا و باش بووە، بەڵام هەرگیز بە سواری ئەسپ لەقەڵاوە نەهاتووتە خوار، دوور بووە لە هەموو نمایش و خۆدەرخستنی شاهانە و جلوبەرگی زۆر سادە و ساکاری پۆشیوە، هەموو ڕۆژێک هاتووتە خوارەوە و سەردانی خەڵک و فەقیرانی شار و پەککەوتەکانی کردوە .

بۆ یەکەمین جارە، کاتێک لەسەر کەسایەتیەک دەنووسم، شەرم دامدەگرێت، هەست دەکەم کە دەربارەی کەسێکی پاک و غەدرلێکراو و جۆمەرد و میهرەبان دەنووسم.

مێژووی قەڵا و سولَتانی گەورەی اربل- شانازییەکی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان و میللەت و فەرهەنگی مەملەکەتی ئێمە، دەبێت نەوەکان، ناو و کار و مێژووی سولَتان موزەفەر هەرگیز لە یاد نەکەن .

١٠- لە شام و میسر و موسڵ و حەلەب، شوێنەوار و مزگەوتی درووستکردووە، هەموویان بە ناوی (مزگەوتی الموزەفەرییە) خوێندنی قورئان و پەخشکردنی دینی اسلامی و یاد و زیکری خودای تێداکراوە.- پاش مردنی سولَتان موزەفەر – خودی ڕابیعە خاتوون سەرپەرشتیاری کار و خێرات و مزگەوتەکانی کردووە- هەمیشە هاوکاریانی کردوە.

دیارە مزگەوتی قەڵا لەلایەن سرفتکین ابن عبداللە دروستکراوە، هەروەها سولَتان موزەفەر خانەقایەک و مزگەوتێک لە دیمەشق دروست دەکات بەناوی (المسجد الممظفرية). هەروەها لە موسڵ مزگەوتێک بەناوی (دار

الحديث) دروست دەكات (مسجد الحنابل) لە دیمشق لە ساڵی ٥٩٩ كۆچی.

١١- سوڵتان موزەفەر هەمیشە، پارە و سامانی تەرخانكردبوو، بۆ ئازادكردنی موسڵمانانی دیل لە ئەوڕوپا و فەڕەنگستان، هەمیشە پارە ناردووە، دیلە -موسڵمانەكانی ئازاد كردووە. هەمیشە پوڵی ناردووە و ئامادە بووە هەر دیلێكی شەڕی موسڵمانان و مەسیحیەكان - بكرێتەوە و ئازادیان بكات. جگە لەمانەش سروشت و سیمای حوكمی سەڵتەنەتی موزەفەرەدین گۆگبۆرو هەموو خەسڵەتەكانی دەوڵەتداری هەبووە، دراوی تایبەت هەبووە، درهەم و دیناری هەبووە، كە ئێستاكە لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر پارێزراوەو هەروەها ئاڵای تایبەتی هەبووە. سەڵتەنەتی هەولێر بریتی بووە لە ئاڵایەكی ڕەنگ شین وە لە ناوەڕاستیدا وێنە و نەخشی بازێك هەبووە، لە هەموو شوێن و نێوەند و دەزگاكاندا وجودیان هەبووە لەو زەمانەدا.لەسەر دراوی ئەوكات كە درهەم بووە، هاتووە:

درهم الملك المؤمن- ملك الامراء- سوڵتان مزەفەرەدین گوگبۆرو

وە لە سەر ڕووەكەی تری ئەو درهەمە، وێنەی سوڵتان موزەفەرە لەسەر پشتی شێرێكدا

لە دەرەنجامی ئەو لێكۆڵینەوەیەداو بە گوێرەی ئەو زانیاری و كارانەی سوڵتان موزەفەردا، بۆمان دەردەكەوێت، لە سیما و خەسڵەتی دەسەڵاتی سوڵتان موزەفەرەدین، كە حاكمێكی میهرەبان و لەخواترس و بەڕەحم بووە، خێرو

خێراتــی هەبــووە، دەرگای ســەڵتەنەتی بــەڕووی فەرهەنــگ و میللەتانــی دیکــەدا کردۆتــەوە، ئەوکاتــە هەولێــر ، هەروەکــو ئێســتاکە، شــوێنێک بــووە بــۆ غەریبــان، بــۆ فەرهەنــگ و نەتــەوە و ئاینزاکانــی تر.یەکێــک لــە پڕۆژە و کارە گرینگەکانی ســەڵتەنەتی موزەفەرەدیــن گۆگبــۆرو، یادکردنــەوەی لــە دایکبوونــی پێغەمبــەری ئیســلامەو خۆشەویســتی پێغەمبــەر لــە دڵ و دەروونــی ســوڵتان پــەرە دەســێنێت تاوەکــو شــەوێک خەونێکــی زۆر خــراپ دەبینێــت.

ســوڵتان موزەفەرەدیــن، خاوەنــی ســمبوڵی دەوڵــەت و دەوڵەتــداری بــووە، ســوڵتان موزەفــەر ســەرکردەو و ســوڵتانێکی ئــازاد و ســەربەخۆ بــووە ژێردەســت و ژێــر فەرمانــی هیــچ کەســێک نەبــووە، بەهیــچ شــێوەیەک لەژێــر ئەمــر و دەســتووری هیــچ دەوڵەتێــک نەبــووە، لەگــەڵ ئــەوەش لەســەردەمی ئــەو، ســەردەمی مەمالیکــەکان و میــرەکان بــووە.

ئــەو کات، لەهەمــوو ئــەو ســەڵتەنەت و دەوڵەتــە اسلامیانەی جیهــان، هــەر یەکێــک خەسڵــە ت سیما و ســەمبۆ ڵی دەوڵەتیــان هەبــووە، لــە قــەڵای هەولێریــش بەهەمان شــێوە:

جگــە لــە ئــاڵا و درهــەم و دینــار، دەفتــەر و دیوانــی ســوڵتان موزەفــەر لــە دیوانــی ســەرای قــەڵای اربــل- هەمیشــە وەکــوو دەوڵەتێــک کاری ڕۆژانەیــان کــردووە، لــە مزگەوتەکانــی قــەڵا و خــوارەوەی قــەڵا، لــە خووتبەکانــدا، نــاو و حەمــدی خــودا و حەمدی ســوڵتان موزەفــەر کــراوە – ناوهێنانــی لەلایــان پیــاوی ئاینیــەوە هەبــووە .

ســوڵتان مزەفــەرەر خــۆی بــە بەشــێک لــە دەســەڵات و حوکمی

ئەیوبیەکان زانییووە، لەژێر ئالأی صلاح الدین ئەیووبیی بووە.سیمای دەوڵەتداری و هەیبەتی دەوڵەت هەبووە، پاشایەکی عادیل و بە عیزەت و اخلاق بووە و سیمای پیاوەتی و شەرەفمەندایەتی هەولێر بووە.

لە زەمانی سوڵتان تەعەدا و کوشتنی خەڵک و ناعەدالەتی نەبووە، سوڵتان موزەفەر نەیهێشتووە کەس تەعەدای لێبکرێت.

سوڵتان موزەفەر کەسێکی زۆر سادەو ساکار بووە دوور بووە لە هەموو خۆنمایشکردن و غرور و خۆدەرخستن، لەگەڵ ئەوەش خۆی لە خێزانێکی گەورە و هەمیشە مەلیک بوونە، بەلأم زۆر سادە ژیاوە، جل و بەرگی سادە بووە، بەلأم کاتێک لەسەر قەلأ هاتووەتە خوار، هەمیشە بەبێ هەسپ و بەپێ رۆیشتووە.

سەرچاوەکان باس دەکەن، لە مزگەوتی ئەلموزەفەریە پاش نیوەڕۆیان تاوەکو ئێوارە، لەسەر زەوی مزگەوت دانیشتووە، لەگەڵ مەلا و زانایان لەسەر حەسیرو زەوی نووستووە.

سوڵتان موزەفەر و رابیعە خانی خێزانی خاوەن کەسایەتیەکی سادەو خاکی و میهرەبان بووینە.

## شێواز و خەصڵەتەکانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام لە لای هەولێر و سوڵتان موزەفەر

دیـــارە یەکێـــک لـــە کار و خێـــر و خیراتـــی ســـوڵتان موزەفەرەدیـــن، یادکردنـــەوەی پڕشـــکۆی مەولـــوودی پێغەمبــەر بــووە، وە تاوەکــوو ئێســتاش خــۆش بەختانــە، ئــەو گڕوتیــن و بەشــدارییە خۆرســکانە هــەر بەردەوامــە، وە لـــە ژێـــر ئـــالای شـــەکاوەی کوردســـتان و لـــە ســـەر قـــەڵای هەولێـــر، هەمیشـــە ئـــەو یـــادە بـــەرز ڕادەگیرێـــت. ســوڵتان موزەفــەر، بــۆ مــاوەی ســێ مانــگ، بــەردەوام ئــەو ئاهەنــگ و درووســـتکردنی خـــواردن و شـــیرناتی و خیـــرو خێراتــەی هەبــووە، لــە پــووڵ و امکانیاتــی خــۆی ئاهەنگــی یادکردنەوەکـــەی کـــردووە.

ســـەرچاوە مێژوویـــەکان بـــاس لـــە کووشـــتنەوەی: ٥٠٠٠ هــەزار حەیوانــی گــەورە و ١٠ هــەزار مریشــک و صــەد هــەزار جــەڕەی روون و ٣٠ هــەزار سـنی پاقــڵاوە و بــە هــەزار کیلــۆ قەیمــاغ، هەمــوو ســاڵێک وە بــۆ مــاوەی ســێ مانــگ ئــەو ئاهەنگـــە بـــەردەوام بـــووە. هەمـــوو ســـاڵێک ٣٠٠ هـــەزار دینـــاری تەرخـــان کـــردووە بـــۆ ئـــەو بۆنـــە گەورەیـــە.

ســوڵتان هەمــوو ڕۆژێــک پــاش نوێــژی عەســر، لــە قــەڵا دێتــە خــوار و ســەردانی ئــەو خەڵکــە دەکات، کــە لــە پێــش مزگەوتــی خانەقــای خــووار قــەڵا، خڕ بوونەتــەوە و خەریکــی زیکـــر و تەقـــوا و دوعـــان و شـــیرناتی دەبەخشـــریتەوە.بۆ ئـــەم بۆنەیـــەش، لەهەرچـــوار لای دونیـــا، مێـــوان و دۆســـت

و مێژوونووس و گەڕیدە و صۆفی هاتوونەتە هەولێر، لە نزیکەوە ویستوویانە مەولودنامە ببیستن و قەلا و سوڵتانی هەولێر ببینن.

هەموو ئەو مێوان و خەڵکەش بۆ مانەوەیان، شوێنیان بۆ دابینکراوە، وە بە ئەمر و فەرمانی سوڵتانیش، پارەی هاتووچوونیشیان وەرگرتووە.بەمەش یەکەمین وڵات و سەرۆک لە جیهانی ئیسلام قەلاتی اربل و سوڵتان موزەفەر بۆ یەکەمین جار بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان کردۆتەوە ئەمەش شانازیەکی گەورەیە بۆ میللەتی هەولێر و قەلا سەرەبەرزەکەی.

## چیرۆکی خەونە مەزنەکەی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو

سولتان موزەفەرەدین گۆگبورو، سێ شەو بە بەردەوام، کە نووستووە، پێغەمبەری ئیسلام دێتە خەونی، هاواری بۆ دەهێنێت، پێی دەڵێ هەڵسەو وەرە نەجاتم بدە، وا دوو فەرەنگی کافر بەتەمان قەبرەکەم و لاشەکەم بدزن و بمبەنە وڵاتی خۆیان، سولتان موزەفەر لە کۆشکی خۆی لە سەرای قەڵای هەولێر لە خەو ڕادەپەڕێت و خەونەکەی بۆ ڕابیعە خاتوون و وەزیرەکەی دەگێڕێتەوە، دوای ماوەیەکی کورت بڕیاری سەفەری مەدینەو قەبری پێغەمبەر دەدات.

ئەم خەونەو ئەم چیرۆکە، لەیەکەمین مەولودنامەی پێغەمبەری ئیسلامدا کە بە ئەمری سولتان موزەفەردا ئامادەکراوەو بەزمانی تورکمانی نووسراوەو بڵاوکراوەتەوەو بۆ یەکەمیین جار لە مزگەوتی قەڵات لە ساڵی ٥٨٦ ە / ١١٩٠ میلادی، لەلایان ئیمامی مزگەوتی قەڵات خوێندراوەتەوە، دەقی ئەم چیرۆکە لە کتێبی مەولودنامەی تورکمانی بڵاوکراوەتەوەو هەموو جیهانی ئیسلامی بڵاویان کردۆتەوە.

تاوەکو ئەمڕۆکە، مەولودنامەی تورکمانی لە کوردستان و بەتایبەتی لە شارەکانی هەولێر و کەرکووک و تەلەعەفەر و دوز، لە مزگەوتەکان و لە بۆنەکان و لە ماڵان دەخوێندرێتەوە.

ئەو دەقەی خوارەوەش، دەقی وەرگێڕدراوی

مەولوونامــەی پێغەمبــەرە بــە زمانـــی کـــوردی، لەلایـــان ماموّســتا قـــازی ڕەشـــادە ئەفنـــدی کاری وەرگێـــڕان و نووسـینی ئـەو خەونـە مەزنـە دەگێڕێتـەوە کـە کاتـی خـۆی ســـوڵتان موزەفـــەر بینیویەتـــی.

لەو زەمـانی هیچ وا ئاخر زەمـــــان
ڕوو لە دین کەن حازران ئەهلی ئیمان
فرسەتە تۆبـەی بکەن بە گیان و دڵ
توندە ڕشتەی دینتان مەیکەن بەشل
پشتی یەکتر بەرمەدەن گەر مووئمنن
وەک بـرا بن چونکە هـەروا شـیرنن
کافـر و زندیق و دهری دین بەتـاڵ
با بتـان بینن بسوتێن وەک زوخـال
تەرکی ڕوکنی دین مەکەن صوم و صلات
هەم حەج و کلمەی شهادات هەم زکات
یەک بەسەد ئەجری هەیە هەر ئیشی باش
بانــەچێ وقتت بە بێ هودە و بــەلاش
خێری مــەولود کردنیش زۆر گــەورەیە
چونــکە ئەو بۆ ڕۆژی دینت مایەیە
هەرکەس بێ خزمەتی مەولود بـکا
وەختی مەرگی بێ شکە ئیمان دەبـا
لە وەختی خۆی دەڵێن سلطان مظفر
ئەمیــری شــاری هەولێر بو مـوقر
شریعەت بۆ هەموو ئەحکامی عادل

له بۆ مـدح ثنا بۆ زاتی قابــل
له مەولود كه دەيكرد صرفی ماڵی
له كن ماڵــی نەبوو فكر و خـەياڵی
هەموو ساڵێ به دائم يازده مانگان
گەلێ ئەشيای دەنارد بێتن لە شاران
له گــاو كاوڕ و گامــێش و تەيـران
له بۆ مەولود دەكوژراوە چەند هەزاران
به ئەمری وی به خاتـر يـان بـه پـــارا
دوو سـەد عالـم دەهــاتن لای بـخارا
مقام بێژ و مجود هەم كتێب خــوێن
دەهاتن دادەنيشتن چين له دوو چين
له شــار و دێ گەلێ دەروێش و فـەقير
دەهاتن سەر ضيافت گەنج و هەم پير
پريــای پــێ دەكرد ئەنــواعی لالــه
له بۆ شيطان نەبو لەو جی مجاله
له قلعه و ماڵ و تەكيه و خوار قەلاتی
شەوێ نوستن نــەبوو تــا رۆژهەڵاتی
هەرا و كەيف بوو ڕۆژی مــەولود
دەيانگۆ كۆرەبی شيطانی مطرد
مزفەر نوستبو پێشی بــەيانــی
گەيشته خزمەتی گەورەی جيهانی
سراحەت پێی دەگۆ ئەی نوری چاوم
ئەگەر گير بی نەيەی بۆ لام نەماوم
وەره زوبه لەبۆ شاری مەدينه

خلاسم كه له دەست ئەم دو لعینه
سفاتی ئەم دو شخسی پیسی مردار
بەژن کورتن ضعیفن عینی سەگسار
فرەنگن بۆ ڕدێنن سووره ڕوویان
ئەگەر دقەت بکەی زەردیشه مویان
له حجرەی مسجدن جێیان مەتینه
خەریکن ئیش دەکەن لەم ژێر زەمینه
تەمایان وایه لەم قەبرەم دەرێنن
له ناو قەومی فەڕەنگی بمسوتێنن
له دەهشەت ڕاپەری نەیما قەراری
ندای کرد بۆ وەزیری ئیش و کاری
بەیانی خەونی خۆی کرد لای وەزیری
وەزیـر عاقل بوو رێیـــدا بۆ مســـیری
ئەوێدەم رێکی خست چەندین هەزار بار
لەگەڵ زێڕو درەم ڕوی کرده ئەم شار
وسـولی بو لەو بۆ شـــاری مدینه
له حەژمەت هەردوو چاوی پڕ لەخینه
دەبــا بێتن عمومی ئەهلی شـــاری
خەڵاتیان کەم وەکو هەوری باری
ئەوی هات دقەتی لێ کرد به قەستی
له زێڕی پێی دەبەخشی پڕ به دەستی
نەبوو حاسل مرازی بەم عطایه
دەبا بێتن ئەوی لەم شاره مایه
دەیانگۆ غەیری دوو کەس کەس نەمایه

قبول ناكەن عطا پێيان خەتايە
دەبێ بێن خۆش و ناخۆش ئەو دوو زاتە
هەتا بەش وەرگرن زوو لەم خەڵاتە
كە هاتن ئەو دوو چاو شينی فرەنگی
وەكو خەو بوو لە لای ئەوساف و ڕەنگی
ئەوانی دی دڵی گەش بو ئەوێ دەم
نەما حزن و كدر لاچو هەموو غەم
سوئالی كرد لەوان جێتان لە كێيە
لە شاری دادەنيشتن يان لە دێيە
دەيانگۆ ئەهلی شارين عارەبيشين
بە دائم ئيشمانە خزمەتی دين
لە منداڵی بە ئيشی چاكە فێرين
لە حوجرەی ساكنين زۆر ئەهلی خێرين
لە بۆ حوجرەی لەگەڵ وان چوو بە توندی
بە ژوور كەوت چاوی كەوتە تەختە بەندی
كە تەختە داری لابرد ژێر زەمين بوو
وەكو پێبلقە بۆ خوار چين بە چين بوو
لە حوجرەی هاتە دەر پاشای هەولێر
يەقەی هەردوو لەعينی گرت وەكو شێر
بەرامبەر روضە رايخستن بە مەترەق
بڵێن ڕاستی نەخۆ دەوكەم بەدو شەق
دەيانگۆ كافرين ئەهلی فرەنگين
فداييتە گەلێ نێزيكی مەرگين
خەريك بووين گەر بسوڕابا لە بۆمان

رسول الله ی ببەین بۆ لای خۆمان
لەوێندەر بیسوتێنین کەس نەزانی
هەتا کافر بە قوەت بێ ئیمانی
بەسراعەت دەست و پێی هەردوکی بەستا
لە بۆ ئیعدامی وان عالەم دەوەستا
لەپێش چاوی ئەهالی و جملە میللەت
سەری هەردوکی پەلدا شا بەحدت
لە چار ئەطرافی روحهی فخری عالەم
بە ئەمری رێکخرا سدێکی محکم
بە قوولی بیست گەز و پانی دوازدە
بە ئاسن دارژا بوو عەینی جادە
بە فضلی حرمتی ئەو مانگی مەولود
خەنی بوو شا گەیشتە جملە مقسود
هەر کەسێ دەیوێ ببینێ رێی نەجات، لێ بدا بۆ ڕوحی پێغەمبەر سەلاوات
((الله صل علی سیدنا وسلم)) محمد و علی اله وصحبه

دیارە پاش ئاشکرابوونی پلانەکە بۆ دزینی تەرم و مەزارگەی پێغەمبەری ئیسلام بۆ فەڕەنگستان، سوڵتان موزەفەر هەردوو تاوانبارەکە دەکوژێت، پاشان سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە سوڵتان موزەفەر گۆگبۆرو، هەڵدەستێت بە درووستکردنی پشتێنێکی ئاسنیین بۆ قەبری پێغەمبەر (ص)، لە چوارچێوەی قەبرەکە بە قوڵی ٣ متر هەڵدەکۆڵێت و بە ئاسن پڕیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت لە

ژێرەوە دەستاکری قەبرەکە بکات.بەم شێوەیە مەزارگەی پیغەمبەر زۆر بە باشی پارێزگاری لێوەکراوە.
بە ئەمری سوڵتان موزەفەر پشدێنێکی بەهێز دروستکراوە بە قووڵی بیست گەزو پانی دوازدە گەز بۆ پارێزگاری قەبری پێغەمبەر.

# کرۆلۆنۆلوژی سوڵتان موزەفەرددین گۆگبۆرو
# سوڵتان و میری ئەربل

- *(٥٤٩-٦٣٠هیجری)/ (١١٥٤-١٢٣٣ میلادی)*

ناو و نازناوی: ئەبو سەعید موزەفەرەدین گۆگبۆرو کوڕی زەینەدین ئەبوالحەسەن عەلی کوچک کوڕی بکتکین ئبن موحەممەد تورکمانی.

نازناوەکانی: گۆگبۆرو (گوورگی شین) – مەلیکی گەورە – سوڵتان- میر-مەلیکی میرەکان- ملک الامراء – الملک العادل- شێری ئازا – میری میران.

دەربارەی حیکایەتی لە دایکبوونی سوڵتان موزەفەرەدیین، لە سەرچاوەیەکی زۆر کۆنیش هاتووە (جامع الحنابلە- الموزەفەری- بصالحیە جبل قاسیون) کە کتێبێکی دکتور محمد موتیع الحافیزە- دەستنووسێکی کۆن بووە بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ لە بەیرووت چاپکراوە، باس لە لە دایکبوونی موزەفەرەدین زەینەدین دەکات لە قەڵای هەولێر . بەڵام جەنابی موحسین حەمرا –ی مێژوونووسی ناودار ئەو سەرچاوەیە بە درووست نازانێت .

دیارە هەر لەو سەردەمەوە ناوی مظفر یان مظفرالدین بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئیمارەتی اربل و کوردستان بڵاوبۆتەوە.

- ***ساڵی ٥٤٩ هـ/١١٥٤ میلادی***

موزەفەرەدین زەینەدین عەلی کچوک، کوڕی میرێکی گەورەی قەڵای هەولێربووە، ئەو کات باوکی لە موسڵ بووە، لە قەڵای موسڵ لە دایکبووە. باوکی وەزیر بووە، لای صاحب موصل. براکانی (ئەق بۆر و زین الدین یوسف ینال تکین). ئەبو سەعید موزەفەردین ئەلتورکمانی لە کۆشکی سپی -ئەق سەرای- کە پاشان ناوی بۆتە قەرە سەرای لە دایک بووە لە قەڵای موسڵ.

لە قەڵای موسڵ لە لە دایک بووە، ئەو کاتە میر موجاهەددین قایماز میری ئەربل بووە لە جیاتی زەینەدین عەلی کچکی باوکی.

- ***٥٦٣هـ/١١٦٨ میلادی***

پاش مردنی زەینەدین عەلی کچکی باوکی یەکەمین جار سوڵتان موزەفەرەدین، حوکمی میرنیشی ئەربلی وەرگرتووە، ئەوکاتە تەمەنی تەنها ١٤ ساڵ بووە.

- ***ساڵی ٥٦٦ هـ /١١٧٠ میلادی***

لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەی گەورە لە نیوان سوڵتان موزەفەر و موجاهیدین قایماز، هەولێری جێهێشتوەو چۆتە موسڵ، ئەوکاتە ئەتابەگیەکان حوکمی موسڵیان کردووە میر سەیفەدین غازی ئبن مودود لە حارانەوە لە شام هاتبووە موسڵ لە

ساڵی ١١٨٠ میلادی. ئەم رووداوە لای سوڵتان موزەفەر زۆر ناخۆش و کاریگەر بووە. کاتێک سەڵاحەدین شاری حاران داگیر دەکات سوڵتان موزەفەر دەبێتە حاکم و سەرداری شاری حاران، بەهەمان شێوە ئەو سەردەمەی سوڵتان موزەفەر لە حاران سەردەمی زێڕین و درەوشاوەی حاران دەبێت. شار ئاوەدان دەبێتەوە و لە هەموو بوارێکەوە پێش دەکەوێت. هەر وەکو شاری هەولێر، منارەیەکی گەورەی تێدا دروست دەکات، کە تاوەکو ئێستا ئاسەواری ماوە و ئەو سەرایەی تێدا ژیاوە بۆتە شوێنێکی شوێنەواری ناسراو لە تورکیا.

- ***ساڵی ٥٧٨ هـ / ١١٨٢ میلادی***

چۆتە نێو سوپاکەی مەلیک سلاحەدین ئەیوبی وەکو سەرکردەیەکی ئازاو دلێرو بە موخڵیسی جەنگاوە، لەلای سلاحدینەوە زۆر ڕێزی لێگیراوەو شاری رەحای هێناوەتە ژێر دەسەڵاتی ئەیوبیەکانەوە.

- ***٥٨٠ هـ /١١٨٤ میلادی***

بۆ یەکەمین جار سەرکردایەتی سوپایەک دەکات لە نێو سوپای سلاحەدین ئەیوبی لە شەڕی خاچپەرستان هێرشی شاری نابلوس دەکات، هەروەها بەشداری دەکات لە شەڕی سەفووریە دژی مەسیحیەکان، لەم شەڕانەدا ناوبانگێکی زۆر پەیدا دەکات.

- **٥٨١هـ / ١١٨٦ ميلادى**

**لەگەڵ سوپای ئەیوبی بەشداری دەكات لە پەلاماردان و چواردەورەگرتنی شاری موسڵ بەمەش شارو ناوچەكانی موسڵ دەكەونە ژێر دەسەڵاتی ئەتابەگییەكانی موسڵ و دەوڵەتی سلاحەدینی ئەیوبی.**

- **٥٨٤ هـ/١١٨٨ ميلادى**

**بەشدارییەكی گەورە دەكات لە سەركردایەتی سوپای ئەیوبی لە شەڕی حەتین- ئەو شەڕە گەورەیەی كە خاچپەرستان تێیدا شكستیان هێناو سوپای ئیسلامی تێیدا سەركەوتن.**

**هەروەها هەمان ساڵ، بەشداری كردووە لە شەڕی ئەلبورج- لە شاری ئەنتروسوس لە كەناری شاری دیمەشق لە شام.**

- **٥٨٥هـ/١١٨٩ ميلادى**

**بەشداری شەڕێكی زۆر گەورەو گرینگ دەكات لە عەكاو تێیدا سوپا سەردەكەوێت**

- **٥٨٥هـ/١١٨٧-١١٨٩ ميلادى**

**ئەوماوەیە درێژەی كە سوڵتان موزەفەرەدین لەژێر ئەمرو فەرمانی سوڵتان سلاحەدینی ئەیوبی بووە، وەكو سەربازێك و سەركردەیەكی ئازاو و موخلیسی**

سەلاحەدین بووەو ڕێز و مەقامێکی تایبەتی هەبووە لای سەلاحەدین و زۆر هەڵوێست و ئازایەتی و مەردایەتی لێبینووە، وەکو وەفایەک و خۆشەویستیەک، ڕابیعە خاتوونی خوشکی خۆی داوەتە سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو ئیعلانی هاوسەرگیریان کردووە لە ساڵی ٥٨١ه/ ١١٨٦ میلادی.

دیارە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە وە دەکەن، پاشان، سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی، پاش ئەوەی نورەدین زەنگی دەمرێت، سەلاحەدین، عسمەت خانی بێوەژنی نورەدین دەخوازێت لە ساڵی ١١٧٦ میلادی.

پاشان کە بۆ جاری دووەم پاش ئەوەی لە تەمەنی لاویدا، سوڵتان موزەفەر لە ئەربل دێتە دەرەوە، ئەمجارە لەگەڵ خێزانەکەی ڕابیعە خاتوون دێنەوە هەولێر، بەگوێرەی بەڵگەنامە مێژووییەکان کە هەردووکیان عاشقی هەولێر بوونە، ئەمجارە پێکەوە دێن و لە قەڵای هەولێر لە گەڕەکی سەرای- لە دیوەخانی سوڵتان موزەفەر دەژین و حوکمی هەولێر دەکات لە ساڵی ٥٨٦ه/١١٩٠ میلادی.

زانیاری زۆر کەمە لەسەر کەسایەتی رابیعە خاتوون، پێشتر مێردی کردووە بەڵام مردووەو هیچ منداڵیان نەبووە لە مێردی یەکەمی، ساڵانێکی درێژ لەگەڵ سوڵتان موزەفەرەدین دەژی و زۆر یەکتریان خۆش ویستووە، هەردووکیان لە قەڵای هەولێر ژیاون و خاوەنی کەسایەتییەکی سادەو خۆشەویست و نزیک

خەڵـک و میللـەت بوونـه، کاتێـک بڕیـاری هاتنیـان دەدەن بۆ هەولێـر، رابیعـه خاتـوون زۆری پێخـۆش بـووە، چونکـه دەزانێـت ئەربـل، شـوێنی لەدایکبـوون و مەملەکەتـی بـاب و باپیرانیەتـی، تاوەکـو مردنیـان لـه هەولێـر دەمێننـەوە.
سـوڵتان موزەفـەر پیاوێکـی داوێـن پـاک و ئیمانـدار بـووە، لەخواترسـاوە، هیـچ کەنیـزە و ژنـی تـری نەبـووە تاوەکـوو رابیعـه خاتـوون دەبێتـه خێزانـی، زۆریشـی خـۆش ویستووە، وە وەکوو کەسێکی نزیـک و ڕاوێژکارێـک هەمیشـه گوێـی لێگرتـووە، وە رابیعـه خاتـوون ئـاگاداری هەمـوو ووردەکاریەکانـی دەوڵـەت و خێـر و خێراتـی سـوڵتان بـووە.

● ٥٨٦هـ/١١٩٠ میلادی

دەبێتـه سـوڵتانی مەملەکەتـی ئەربـل، پـاش مردنـی زەینەددیـن یوسـف، لەبـەر ئـەوەی کەسـی تـر شایسـتەو سـیفەتی شـەڕعی و خێزانـی نەبـووە جگـه لـه سـوڵتان موزەفـەر، و پـاش مردنـی بـاوک و براکـەی، فوڕسـەتێکی زێڕینـی دەبێـت بگەڕێتـەوە هەولێـر، ئیعلانـی سـەڵتەنەتی خـۆی بـکات و سـوڵتان سـلاحەدین ئەیوبـی زۆر پشـتگیری کـردووە، هـاوکاری سـوڵتان موزەفـەری کـردووە بـۆ دامەزراندنـی سەڵتەنتی و سیاسـی و عەسکەری و ئابووری.
ئەمـەش سـیماو خەسـڵەتێکی ئاشـکرابووەو کتێـب و نووسین و بەڵگەنامـەکان ئەمـە دەردەخـەن، چونکـه پێشـتر بـاوک و بـرای سـوڵتان موزەفەرەدیـن حوکمـی ئەربلیـان کـردووە، بـەڵام کاتێـک سـوڵتان موزەفەرەدیـن گۆگبـۆرو

دێـــت، ســـەردەمێکی زێڕیـــن و درەوشـــاوە لـــە هەولێـــر دەســـتپێدەکات، پێشـــتر گەڕیـــدەکات کاتێـــک دەتوینـــی وەزع و باروودۆخـــی هەولێـــر و قەڵایـــان کـــردووە، باســـی شـــارێکی خامـــۆش و بێدەنـــگ و ســـەدا و دواکەوتـــو کـــراوە، بـــەڵام پـــاش ئیعلانـــی حوکمـــی ســـەڵتەنەتی ســـوڵتان موزەفـــەر کـــراوە، بەتایبەتـــی پێشـــنیارە گـــەورە مێژووییەکـــەی دەربـــارەی یادکردنـــەوەی لەدایکبوونـــی پێغەمبـــەری ئیســـلامی کـــردووە، زۆربـــەی میللەتـــان و خەڵـــک و نووســـەران و مێژوونووســـان و بازرگانـــان و موســـافیرەکانی جیهانـــی هاتوونەتـــە هەولێـــر بـــۆ ئـــەوەی لـــە نزیکـــەوە هەولێـــر و قـــەڵاو ســـوڵتانە مەزنەکـــەی ببینـــن. لـــە مانگـــی ذو الحجـــة ٥٨٦ کۆچـــی دێتـــە هەولێـــر پێشـــوازیەکی گـــەورەی شـــاهانەی بـــۆ دەکرێـــت.

- ***٥٨٧ هـ / ١١٩١ میلادی***

پـــاش ئـــەوەی ســـەڵتەنەت و حوکمـــی خـــۆی جێگیـــر دەکات لـــە هەولێـــر، ســـوپا و هێـــزی ســـەربازی ئامـــادە دەکات، بـــە پشـــتیوانی ســـوپای ســـلاحەدین، بـــۆ داکۆکیکـــردن و بەرگریکـــردن لـــە هەولێـــرو ناوچەکـــە، دژی هـــەر هێـــرش و دەســـتدرێژی میـــر عزەدیـــن حەســـەن کـــوڕی یەعقـــووب مقنجـــاق کـــە دەیویســـت بـــە هـــاوکاری و هەماهەنگـــی لەگـــەڵ خەلیفـــەی عەباســـیەکان ناســـورەدین، بـــۆ گەڕاندنـــەوەی ناوچەکانـــی کـــە لەژێـــر ئـــاڵای ســـەڵتەنەتی موزەفەرەدیـــن بـــوون، ئـــەو ناوچانـــە بریتـــی بـــوون لـــە شـــاری کەرکووکـــی ئێســـتاو شـــارەزوور کـــە پێشـــتر نـــاوی کەرکـــووک ئەلکرخینـــی بـــوو.

- **٥٨٩ ە -٦١٥ هـ / ١١٩٣-١٢١٨ *میلادی***

ئـەو سـالآنە بـوو كـە سـوڵتان سـلاحەدینی ئەیوبـی، بـە هەمـوو شـێوەیەک، پشـتیوانی بەهێـزی، مـاددی – سـەربازی– سیاسـی – فەرهەنگـی – هەواڵگـری سـەڵتەنەت و سـوڵتان موزەفـەری كـردووەو پەیوەندیەكانـی نێـوان ئیمارەتـی ئەربـل و سـوڵتان موزەفـەر لەگـەڵ دەوڵەتـی ئەیوبیـەكان زۆر بـاش دەبێت، هـەردوو لا زۆر هـاوكاری و هەماهەنگیـان دەبێـت، دیـارە، سـلاحەدینی ئەیوبـی، كـە سـەركردەیەكی كـوردە، لای هەولێـر و كوردسـتان گرینـگ بـووە، شـوێنی لەدایكبوونـی خـۆی بـووە، پاشـانیش، ڕابیعــە خاتــوون خوشـكێكی زۆر ئازیــزی ســلاحەدین بـووەو سوڵتان موزەفـەری زۆر خـۆش ویسـتووە، هەمـوو ئەمانـە، هـۆكار بوونـە، سلاحەدین گرینگـی بـە ئیمارەتـی ئەربـل داوەو چاودێـری كـردووون.

- **٥٨٩-٦٣٠ هـ / ١١٩٣-١٢٣٣ *میلادی***

گیروگرفــت و ئاڵۆزیەكانــی نێــوان ئیمارەتــی ئەربــل و موسـڵ دروسـت دەبـن و مـاوە مـاوە شـەڕ و ناخۆشـی ڕوودەدەن هەرگیـز سـوڵتان موزەفـەر هێـرش بـەر نەبـووە، هەمیشــە لــە دیفاعكـردن بــووە، پێوابــووە كـە نابێـت موسـڵمان موسـلمان بكووژێـت و تەعادایـان لێبـكات. هەمیشــە لــە بەرگریكـردن بـووە.

• ٥٨٩-٦٠٦هـ/ ١١٩٣-١٢٠٩ میلادی

لــه ماوەیــەدا، چەندیــن جــار ئەربــل و ئیمــارەت و ناوچەکانــی هەولێــر دەکەونــە ژێــر فشــار و هێرشــەکانی عیزەدیــن مســعود خاوەنــی ئیمارەتــی موســڵ، بــە هەنجەتــی ئــەوەی شــاری هەولێــر لــە ســنووری دەوڵەتــی ئەتابەگیەکاندابــووەو پــاش مردنــی ســەرکردەی گــەورەی کــورد و ئیســلام وســلاحەدینی ئەیوبــی.

• ٦٠٦-٦٠٧ هـ/١٢٠٩-١٢١٠ میلادی

پاش مردنی ئابەگیەکان موسل، میر نورەدین ئەسلان بیری کردەوەو بڕیاری تێکەڵبوون و خزمایەتیکردنی دا بەمەبەستی ئاشتبوونەوە لەگەڵ سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو، بڕیاریدا دوو کچەکەی سوڵتان موزەفەر بۆ کوڕەکانی خۆی بخوازێت، دیارە سوڵتان موزەفەر دوو کچی دەبێت، هەردوو کوڕەکانی نورەدین ئەسلان ئەلملک ئەلقاهر عزەدین مەسعود و عیمادەدین زنگی، بەمەش بۆ ماوەیەکی کورت، ئاشتی دروست دەبێت و ئاژاوەکان کەمتر دەبێتەوە.

هەندێک سەرچاوە باس لە بوونی منداڵێک دەکەن، لە گەڵ رابیعە خاتوون، ناوی سعید بووە، لەبەر ئەوەش بووە بە ابو سعید ناونراووە، بەڵام زۆر نەژیاوە و مردووە، دوو کچی دەبێت، صاحیبە- و عاصیە و هەردووکیان پاش مردنی باوکیان لەگەڵ رابیعە خاتوون دەچنەوە ماڵی ئەیوبیەکان لە دیمەشق، پاشان ڕابیعە خاتوون ناوی یەکێک لە کچەکانی لە قوتابخانەیەکی دیمەشق دەنێت. بەناوی مدرسة الصاحیبة.

• ٦١٥-٦٣٠هـ/١٢١٨-١٢٣٣ میلادی

پەیوەندیەکانی نێوان موسڵ و ئەربیل تێکدەچێتەوە، هێرشی سەربازی دەکرێتەوە سەر هەولێر، پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایان ئەتابەگی موسل، بەدرەدین لولو، پاش ئەوەی نەخشەیەکی مەترسیدار دادەنێت و بەهاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئیمارەتی موسل و سوپای مەغۆلیەکان، هێرش دەکەنە سەر هەولێر و هەوڵی داگیرکردن و ڕوخاندنی دەدەن لە ساڵی ٦٠٦هـ/١٢٥٨.

• ٦١٠-٦١٢هـ/١٢١٣-١٢١٥ میلادی

دەسەڵاتی ئیمارەتی ئەربل و سوڵتان موزەفەرەدین نزیکدەبێتەوە لە خەلافەتی عەباسیەکان لە بەغدا، پاش نزیکبوونەوەی مەترسیەکان لەسەر هەولێر، سوپای سوڵتانی ئەربل بەشداردەبێت، لە دامرکاندنەوە و نەهێشتی ئاژاوەکان و سەرهەڵدانەکانی ناوچەی هەمەدان-ئازەربیجان-ئەسفەهان.

دیارە ئەوەش لە چوارچێوە تێڕوانیینە سیاسیەکانی سوڵتان موزەفەر بووە، لە کاتی مەترسی لەسەر ئیمارەتەکەی لە هەولێر، هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی داوە لەگەڵ عەباسیەکان، ئەوکات حوکمی بەغدایان کردووەو هەموو ئەو چالاکیی و پەیوەندیانە لە بەرژەوەندیەکانی میللەتی و ئیمارەتی ئەربیل بووە.

• ٦١٨هـ-١٢٢١ میلادی

لەو ماوەیەدا، مەترسی هێرشی مەغۆلەکان دەستیپێکردووەو بەتەمای هێرشکردنە سەر خەلافەتی عەباسیەکان بوونە

هەروەهـا پلانيـان بـۆ داگيركردنـى هەولێـر دانـاوە.

هەر ئەو ماوەيەش، سوپاى سوڵتان موزەفەر بەشداربووە لــەو شــەڕ و داكۆكيردنانــەى دژى ســوپاو جموجۆڵانــەى مەغۆلــەكان و شــەڕى كـردووە.

پـاش نەمانـى سـلاحەدين ئەيوبـى، سـوڵتان مزەفـەر هەست بـە تەنيـاى كـردووە، لەبـەر ئـەوەش بـووە بيـرى لـە هاوپەيمانيـەك كردۆتـەوە لەگـەڵ خەلافەتـى عەباسـيەكان.

• ٦٢٦هـ/١٢٢٩ ميلادى

سـوڵتان موزەفــەر گۆگبــۆرو، بڕيــارى هاوكاريكــردن و بەشــداريكردن لــە شــەڕ دەدات لەگــەڵ ســوپاى خەلافەتــى عەباسـيدا بـۆ داكۆكيكـردن لــە هــەر هێرشـێكى سـوڵتان ئەلخوارزمــى – جلالــەديــن منكبرتــى.

• ٦٢٧هـ/١٢٢٩ ميلادى

ســوپاى ســوڵتان موزەفــەر ڕوبــەڕووى هێرشــێكى قەبيلەيەكــى توركمانــى دەبێتــەوە، قەبيلــەى قوشــيالووى توركمـان دەيانەوێت چەنـد ناوچەيەكـى هەولێـر داگيربكـەن. ســوڵتان بــەم هێرشــە زۆر دڵتەنــگ دەبێــت و شــەڕێكى گــەورە دروســت دەبێــت.

• ٦٢٨هـ-١٢٣٠ ميلادى

سـوپاى مەغۆلـەكان هێـرش دەكەنـە سـەر شـارى هەولێـر و ئــەو ناوچەيــەى خــوارەوەى قــەڵا كــە ئەوكاتــى نــاوى

- ئەلربــز- دەروازەیەکــی خــوارووە، ســوڵتان موزەفــەر بانگهێشــتی ســوپاو خەلیفــەی عەباســیەکان دەکات و لــو پلانەیــان ئــاگادار دەکاتــەوە، خەلیفــەی بەغــدا ســوپا دەنێرێت بۆ هەولێر و هـاوکاری و پارێزگاری لـە هەولێر و ســولتان موزەفــەر دەکات.

بــۆ مێــژوو دەبێــت ئــەوە ئاشــکرابکرێت، لــە هەندێـک لــەو ســەرچاوانە، هەندێــک لێکۆڵینــەوەو کتێــب بــاس لــە تەســلیمکردنی قــەلای هەولێــر و لکاندنــی ئەربــل بــە خەلافەتــی عەباســی دەکــەن، تۆمەتــی تەســلیمبوون و خیانەتیــان خســتۆتە ســەر ســوڵتان موزەفەرەدیــن گۆگبــۆرو، بەڕاســتی دوورە لــە ڕاســتی.

هەندێـک مێژوونووسـی نـەزان و قیـن لـە دڵ و ئەوانـەی چاویــان بــە مێــژووی شــکۆداری هەولێــر و ســوڵتان نەهاتـووە، تۆمەتـی تەسلیمکردنی هەولێر بـە بەبەغدایـان خســتۆتە ئۆباڵــی ســوڵتان موزەفــەر.

ســوڵتان موزەفــەر، کەڵــە پیاوێکــی سیاســی ئەربــل بــووە، بەرژەوەنــدی میللەتــی هەولێــر و ســەڵتەنە ت ئیمارەتــی ئەربیلــی خســتۆتە بەرچاوانیــەوە، پــاش لاوازبوونــی سیاســی لــە دەرەنجامــی نەمانــی ســوڵتان سـلاحەدین ئەیوبـی و لەبـەر ئـەوەی جگـە لـە دەسـتەی ڕاوێژکارانــی، کــوڕی نەبــووە لــەو ناوچەیــەدا جگــە لــە خەلافەتــی عەباســییەکان هیــچ لایانەکــی تــر نەبــووە، جوگرافیــای کوردســتان و هەولێــر و بەغــدا نزیکبــووە، جگـە لـە عەباسـیەکان کـەس نەبـووە پشـتگیری و داکۆکـی

ئیمـــارەت و ســـەڵتەنەتی ئەربیل بـــکات، لەبـــەر ئـــەوە، ســـوڵتان سیاســـەتی کـــردووە، پەیوەنـــدی بـــە خیلافەتـــی عەباسی کـردووە، ماوەیەکـی درێـژ خەلافەتـی عەباسـیەکان هەولێریـــان پاراســـتووە.

ســوڵتان موزەفــەر سیاســی و کەڵــە ســەرکردەیەکی گــەورە و وڵات پارێـز و پـاک بـووە، هەرگیـز سڵی لـە داکۆکیگـردن و پارێـــزگاری قـــەڵاو میللەتـــی نەکردۆتـــەوە. مەســـیرە و ناوێکــی پاکــی هەبــووە.

- **٦٢٨هـ/١٢٣٠ میلادی**

**سەفەری سوڵتان مزەفەرەدین بۆ بەغداد**

ئــەو مێــژووەو ئــەو ڕۆژە بــۆ ســوڵتانی مەزنــی ئەربــل، ڕۆژێکــی تایبــەت دەبێــت، نووســین و کتێبــە مێژوویــەکان ئــەوە دەردەخــەن، پــاش ئــەوەی مەترسـیەکان لــە ســەر ئەمنیـــەت و داهاتـــووی ســـوڵتان موزەفـــەر وئیمـــارەت و میللەتــی هەولێــر زیــاد دەبــن، پلانــی ناحــەزان و ســوپای مەغۆلـــەکان گەورەتـــر دەبـــن، ســـوڵتان دەچێتـــە بەغـــداو خەلیفــەی عەباســیەکان دەبینێــت و لـــەو دیـــدارەدا، زۆر بـــەوردی بـــاس لـــە داهاتـــووی خـــۆی و ســـەڵەتەنەتەکەی دەکات، ئـــەوەش دەزانێـــت کـــە تەمەنـــی گـــەورە بـــووەو بێهێــزی پێوەدیــار دەبێــت و هیــچ کــوڕی نیــە پــاش خــۆی کــە ســەرکردایەتی و ســەڵتەنەتی هەولێــری تەسلیم بـکات، لەبــەر ئــەو هــۆکارە گرینگانــەی ئــەو ســەردەمە، بیرۆکــەو پــڕۆژەی لکاندنـــی ســـەڵتەنەت و ئیمارەتـــی ئەربـــل بـــە

خەلافەتــی عەباســیەکان مەتــڕەح دەکات.

بـە ئاشکرا داوا لەخەلیفـەی عەباسیەکان دەکات کـە پـاش مردنــی خــۆی، ئییمارەتــی ئەربیــل تێکــەڵ بــە دەســەڵات و سنووری خەلافەتــی عەباسـیەکان بێـت.

لـــە ســـەردەمی خـــۆی، خەلیفـــە ( منصـــور المســـتنصر باللــه) کـە نـاوی تـەوای، ابـو جعفـر المنصـور ابـن محمـد زاهیـــر( ١١٩٢-١٢٤٣) میـــلادی حوکمـــی بەغـــدای کـــردووە خەلیفــەی عەباسـییەکان بــووە، پەیوەندیەکانــی زۆر بــاش بــووە لــە گــەڵ ســولتان موزەفەرەددیــن، هەردوکیان، دایکـی هەردوکیـــان بـــە ڕەگـــەز تـــوورک بوونـــە.

خەلیفـــەی عەباســـیەکان زۆر هـــاوکاری و پشـــتگیری ئیمارەتـــی اربلـــی کـــردووە .

- ***٦٣٠ھ/ ١٢٣٣ میلادی***

مردنــی ســەردار و ســولتانی ئەربـل ئاوابوونــی خــۆری قــەڵای هەولێــر

لــەم ســاڵەدا، لـــە مانگــی ڕەمــەزان، لـــە وەرزێکــی زۆر گەرمـدا، لـە ڕۆژی ١٨ی ڕەمـەزان و ڕۆژی چوارشـەممە بووە، لـــە ماڵەکـــەی خـــۆی لـــە خـــوارەوەی قـــەڵای هەولێـــر،- ئیسـتاکە گەرەکـی عارەبانـی پێدەلێـن- تاوەکـوو ئێسـتاش دەرگا و دیـواری ماڵــی سـولتان موزەفـەر مـاووە - سـەیری وێنـــەکان بکـــە- وە پێشـــتر ئـــەو خانـــووە ماڵـــی (میـــر شـــهابەدین قرتـــای ئبـــن عەبدوڵـــلا) بـــووە لـــەو ماڵـــەدا، ســولتان و گــەورەی ئەربیـل کۆچــی دوای دەکات، پاشــان


تەرمەکـــەی دەبەنـــەوە گۆڕســـتانی نـــاو قـــەڵای هەولێـــر، لـــەوێ بـــە ئەمانـــەت و بـــۆ ماوەیـــەک دەنێژرێـــت.

لێکۆڵینەوەکەمـــان پشـــتی بەســـتووە بـــە چەندیـــن سـەرچاوەی مێژوویـی و گفتوگـۆ لەگـەڵ کەسـایەتی سـۆفی و کۆنـــی قـــەڵای هەولێـــر، هەمـــوو دەرەنجامـــەکان ئـــەوە دەسـلمێنن کـە سـولْتان موزەفـەر ڕۆژی چوارشـەممە ١٨ی مانگـی ڕەمـەزان کۆچـی دوایـی کـردووە، میللەتـی هەولێـر لـــە (٥١)ەمیـــن ڕۆژی مردنـــی یـــادی ئـــەو کەڵەپیاوەیـــان کردۆتـــەوە و ئـــەو کات چلـــەی مـــردووە نەبـــووە، بەڵکـو (٥١)ەمیـن هەبـووە (ئەلیبیـر)، وە لەبـەر ئەوەشـە تاوەکـو ئەمـــڕۆ هەولێرییـــەکان ڕۆژی چوارشـــەممان دێنـــە ســـەر قەبـــری ســـوڵتان موزەفـــەر و دوعـــاو زکـــرو موناجاتـــی خۆیـــان لـــە ڕێـــی ئـــەو زاتـــە گـــەورەوە دەگەیەننـــە خـــوا.

نەریتـی (٥١)ەمیـن ڕۆژی مـردوان تاوەکـو سـاڵانی حەفتـا هەبـووە لـە هەولێـر. کـە تورکمانـەکان پێـی دەڵێـن ئەلـی بیـر.

سـوڵتان موزەفـەر وەسـیەتی کردبـوو کـە پـاش مردنـی، تەرمـی ببنـە مەککـەو لـە شـوێنێک لەسـەر چیـای عەرەفـە بنێژرێـت، دیـارە هـەوڵ دراوە وەسـیەتەکەی جـێ بـە جـێ بکرێـت، تەرمەکـەی لەکاتـی حـەج کردنـدا لـە قەبرەکـەی قـەڵا دەردەهێنـن و دەکەونـە ڕێگا، بـەڵام لەبـەر ئـەو گەرمایـەو ئـەو شـەڕو فیتنـە گەورەیـەی لـە باشـووری عێـراق و لـە جەزیـرەی عەرەبیـدا بوونـی هەبـووە، تەرمـی سـوڵتان مزەفەریـان دووبـارە هێناوەتـەوە کوردسـتان و لـە هەولێـر نێـژراوە.

د. موحسین حەمرا بۆمان دەگەڕێتەوە کە حاجی تەقیەدین ئەلفاسی کە کەسایەتیەکی مەغریبیە خەڵکی شاری (فاس)ە، لە زەمانی سوڵتان موزەفەر سەفەری حەجی کردووە، لە کتێبێکی خۆی باسی کردووە، کە بەچاوی خۆی قەبرێکی هەڵکێنراوی بینیوە کە کارمەندانی ئەو زەمانی چیای عەرەفات و مودیریەتی کاروبای حەج بۆ ناشتنی سوڵتان موزەفەری صاحب اربل ئامادەکرابوو، وەکو رێزلێنانێک و جێبەجێکردنی وەسیەتی سوڵتان موزەفەر گۆگبۆرو. بەڵام بەداخەوە وەسیەتەکەی جێبەجێ نەکرا لەبەر هۆکاری مێژوویی تایبەتی ئەو سەردەمە.



دينك اتابكلكنه تعيين اولنمشيدى . زين الدينك اوغلى
مظفرالدينك زمانـــده اربلك مدبر امورى اولوب،
اجراى عدل وداد، وشهر مذكورده برمدرسه ايله
بر خانقـاه بناء، و بونلره بر چـوق وقفلر تخصيص
ايتمشيدى . بعده موصله انتقال ايله اتابك سيف الدين
طرفندن موصل قلعه‌سنك اداره‌سنه مأمور اولوب،
اوراده دخى اجراى حقانيتله بر بيوك مدرسه، ايتامه
مخصوص برمكتب، دجله اوزرنده برايكنجى كوپرى
وسائر بويله خيراته موفق اولمش؛ و ٥٩٥ تاريخنده
وفات ايتمشدر .

## رابیعە خاتون مەلیک نە جمەدین ئەیوب شادی ئەیوبی (١١٦٤-١٢٤٤) میلادی

### خێزانی سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرو – میری اربل ئەو ئافرەتە مەزنەی کە مێژوو فەرامۆشی کردووە

مێژوو هەندێک جار خیانەت لە هەندێک مرۆڤی گەورە کردووە، هەندێک جار بە ویست و پلانی خەڵکێک، هەندێک جاریش، لەبەر بارودۆخ ودابوونەڕیت و فەرهەنگی کۆمەڵگاکان. ئێمە لە کوردستان وە بە تایبەتی لە مێژووی دەوڵەمەندی قەڵا و شاری هەولێر، دەتوانم بڵێم جگە لە چەند کتێبێک و هەوڵێکی لاواز، هیچ کارێکی گەورەی هەمەلایانە لەسەر مێژووی دێرین و شارستانیەتی قەڵا ی هەولێر نەکراوە.پاش نووسینی ئەو کتێبەم، لەسەر خەصڵە ت و کەسایەتی حوکمی سوڵتان موزەفەرەدین زین الدین کچک عەلی،ناسراو بە ابو سعید و سوڵتان موزەفەری گۆگبۆروکە ماوەی ٤٤ ساڵ لە قەڵای هەولێر، حوکمێکی عادیلی کردوە وە مەلیکێکی خێرخواز و میهرەبان بووە.لە سەروبەندی ئامادەکردنی ئەو کتێبەم، کە تایبەتە لەسەر ژیان و کارو ئەو خزمەتەگەورانەی سوڵتان موزەفەرەدین بە میللەتی هەولێر و مرۆڤایەتی کردویەتی وە بەتایبەتی

لــە بــواری نووســینی مێــژوو ی اســلامی و بڵاوکردنــەوەی ئایــن و ڕۆشــنفیکری اســلامی دا.لــەو کاتــەدا، نــاوی رابیعــە خاتوونــم بینــی، کــە دەکاتــە خێزانــی ســوڵتان موزەفــەر، ڕێــک ئــەو قســەیە م هاتــە یــاد، کــە دەلێــن لــە پشــت ســەرکەوتنی هــەر پیاوێکــی گــەورە، ئافرەتێکــی گــەورە هەیە.ڕابیعــە خاتــون کچــی شــاە نەجمەدیــن ایــوب الشــادی، خوشــکی بچوکــی ســوڵتان صــلاح الدینــی ئەیوبییــە، لــە ســاڵی ٥٦٠ هیجــری/ ١١٦٤ میــلادی لــە دایکبــووە، لــە دیمەشــق، هەروەهــا خوشــکی زومــوردە خــان بــووە ناســراو بــووە بــە (ســت الشــام) خانمــی شــام. لــە ســاڵی ٥٨١ هیجــری، ســوڵتان صــلاح الدینــی ئەیوبــی، ڕابیعەخــان بــە مێــرد دەدات، دەیداتــە میــری گــەورەی ئــەو زەمانــە، میــر ســعدالدین مســعود کــوڕی موعیــن الدینــی ئەنــەر، یەکێــک بــووە لــە کەســایەتیە گەورەکانــی ئــەوکات. بــۆ ماوەیەکــی زۆر کــوورت، پــاش ئــەوەی میــر ســعدالدین مســعود دەمرێــت، ســوڵتان صــلاح الدیــن ئەیوبیــی، ئاشــنایەتی بەهێــزی دەبێــت لــە گــەڵ ســوڵتان مزەفەرەدیــن گۆگبــۆرو، وە یەکێــک دەبێــت لــە جەنــگاوەر و ســەرکردە ئازاکانــی ســوپای صــلاح الدیــن. لەبــەر نزیکــی و خۆشەویســتی صــلاح الدیــن بــۆ ســوڵتانی ئەربــل، رابیعــە خاتونــی پێــدەدات و دەبێتــە خێزانــی ســوڵتان موزەفــەر.

لــە ســاڵی ٥٨٥ هیجــری / ١١٨٩ رابیعــە خاتــون و ســوڵتان موزەفــەر گۆگبــۆرو پێکــەوە دەبــن و پەیوەندیەکــی زۆر بــاش

و ژیانێکــی خێزانــی خۆشـیان بــووه، هەمــوو ســەرچاوە مێژوویــەکان بــاس لــە وە دەکــەن، کــە رابیعــە خاتــون ی خێزانــی ســولّتان موزەفــەر زۆر کەیفخــۆش بــووه بــە ئاشـنایەتی و زەواجـی و سـەفەری بـۆ هەولێـر و ژیانـی لـە قـەلاّی هەولێر.لـە سـالّی ٥٨٦/١١٩٠ میـلادی، پـاش ئـەوەی میـر زەینەدالدیـن یوسـفی کوچـک عەلـی بـرای سـولّتان موزەفــەر کۆچــی دوایــی، لــە ئەربــل، هەردووکیــان، سولّتان موزەفـەر و رابیعـە خاتـون، هاتوونەتـە کوردسـتان و لــە قــەلاّی ئەربـل ژیاون.رابیعـە خاتـون، کەسـایەتیەکی کۆمەلاّیەتــی و ڕوحســوک و ســەخی و دلّبلّنــد بــووه، خێروخێراتــی هەبووه،ڕێــک وەکــوو سـیفات و کەسـایەتی سـولّتان موزەفـەر بـووه، کتێبـە مێژوویـەکان، زۆر بـە کـە م باسـیان لـەو ڕوبـەرە کـردووه، هێنـدە باسـیان لـە کار و خێـرو و چالاکیەکانـی ڕەبیعـە خاتـون نەکـردووه. بەتایبەتـی ئــەو ســالاّنەی لەتــەک ســولّتان موزەفەرەدیــن ژیــاوه لــە قـەلاّی هەولێر.لەگـەلّ سـولّتان موزەفەرەدیـن یەکتریـان زۆر خۆشوویســتوه، دیــارە رابیعــە خاتــون لــە دیمەشــق لــە دایکبـووه، بـەلاّم لەبـەر مێـژووی ئەیوبیەکانـی، زۆر هەولێـر و کوردســتانی خۆشوویســتوه، دوو کــچ و کوڕێکیــان بــووه (صاحیبــە- عاصیــە- ســعید)، لەبــەر ئەوەشــە ســولّتان موزەفــەر بــە (ابــو ســعید) ناســراو بوو،سـە عیـد منداڵــی یەکەمــی بــووه، بــەلاّم بەداخــەوه نەژیــاوه و زوو مــردووه، بـەلاّم دوو کچەکـەی مـاون و بـە مێردیـان داون لـە هەولێـر.

سالآنێک پاشان، ناوی الصاحبە- لە قوتابخانەیەک دەنێت، پاش مردنی سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبورو. لە دەرەنجامی لێکۆڵنەوەکەمان لە سەر ژیانی سوڵتان موزەفەرەدین، کە ڕێگام کەوتە سەر شوێنەواری رابیعە خاتوون، ژنی سوڵتان موزەفەر. دیارە لە تەک سوڵتان موزەفەرەدین، رابیعە خاتون، رۆڵ و کاری ڕاستەوخۆی لە خێر و خیرات و چالاکیی مرۆیی و هاوکاری فەقیران و لێقەوماوان و نەخۆش و پەککەوتان هەبووە.پاش ئەوەی سوڵتان موزەفەرەدین کۆچی دوایی دەکات لە ساڵی ٦٣٠ هیجری/١٢٣٣ میلادی لە خانووەکەی خۆی لە خوارەوەی قەلآی هەولێر، لە ناوچەی کە ئەکات پیان ووتوە – الربز) کە ئیستاکە کەوتۆتە گەرەکی عارەبان، لە خوارەوەی قەلآ. سوڵتانە رابیعە خاتوون، چاوی بەرایی نادات چیتر لە هەولێر بمێنێتەوە، دەگەرێتەوە، ماڵی باوکی لە دیمەشق (دار العقیقی) ماڵی باوکی رابیعە خاتون. دیارە صلاح الدین ئەیوبیی خوشکێکی تریشی هەبووە، ئەویش زۆر ناسراو بووە لە دیمەشق، ناوی زومرودە خان بووە، کە لە سوریا و لە ئەدەبیات و مێژووی دیمەشق بە –ست الشام– ناسراوە، واتە خانمی شام. ئەویش وەکوو رابیعە خاتون کەسایەتیەکی کۆمەلآیەتی و خیرخوازی و فەرهەنگی دیاری هەبووە، هاوکاری فەقیر و هەژاران و مندالآنی کردووە.لە دیمەشق، رابیعە

خاتوون، بەشداری کردوە لە کاری خێرخوازی و فیرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی، سەرپەرشتی مزگەوتی–الموزەفەریە– ی کردووە .

کاتی خۆی سوڵتان موزەفەرەدین ی هاوسەری سێ هەزار دیناری ناردبوو بۆ دروستکردنی لە دیمەشق وە وەکوو هاوشێوەکەی لە هەولێر، بەناوی جامع الحنابلە– مسجد الموزەفەردنی لە دیمەشق وە وەکوو هاوشێوەکەی لە هەولێر، بەناوی جامع الحنابلە– مسجد الموزەفەڕی لە گەڕەکی صالحیە ی سەرووی چیای قاسیون لە دیمەشق درووستکردبوو.

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، وەکوو هاوشێوەی قەڵای هەولێر، هەموو ساڵێک، رابیعە خاتوون، وەکوو سوڵتان موزەفەر یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامی کردۆتەوە، بە هەمان سەلیقە و شیوازی یادکردنەوە لە کوردستان.

رابیعە خاتون لە نزیکەوە، لەگەڵ خەڵکانی تری ئەوکات لە دیمەشق بەشداری کردووە لە ژیانی فیکری و فەرهەنگی و خیرخوازی و ئاینی دیمەشق، سەفەری حەجی کردووە، پاشان کە هاتۆتەوە دیمەشق، بە پارە و ئیمکانیاتی خۆی بڕیاری داوە، کە قوتابخانەیەکی گەورە و شایستە درووست بکات، بە ناوی کچە گەورەکەی خۆی.لە ٦٢٨ هیجری، لە دیمەشق لەسەر چیای –القاسیون– لە گەڕەکی الصالحیە – ئیستاکە لە

دیمەشق پێ دەڵێن -الركن الدين- نزيك حي الاكراد. قوتابخانەیەکی گەورەی بەناوی مدرسە الصاحیبە- دروستکردووە، کە ئەوکات بە شێوازێکی زۆر جوان و تەلارسازی اسلامی ناوادار دروستکراوە، شێوازی میعماری ئەیوبیەکانی تێدا بەرجەستە دەکرێت، رابیعە خاتون، خۆیشی سەرپرشتیاری کردووە تاوەکوو مردنی. لەسەر دەرگای ئەم قوتابخانەیە نووسراوە (مدرسة الصاحيبة- انشاها رابيعە خاتون اخت السلطان صلاح الدين الايوبي). لەو قوتابخانەیە وانەی ئیسلامی و فیقهی اسلامی و مێژوو و قورئان خوێندراوە، چەندین مامۆستای ئاینی گەورەی تێدابووە. قوتابخانەی الصاحیبە- تاوەکوو ئیستاش، زانست و وانەی تێدا دەوترێتەوە وە بریتی یە لە یەکێک لە سیماکانی شارستانی دیمەشق، قوتابی تێدا دەخوێنن.

ئین خەلەکان، لە کتابەکەی خۆیدا، باسی لە مردنی رابیعە خاتوون کردووە، دیارە هە تاوەکوو دەمرێت هەر لەمالی باوکی ماوەتەوە لە دیمەشق، پاش ئەوەی تەمەنی دەگاتە هەشتا ساڵ، لە ساڵی ٦٤٣ هیجری کە دەکاتە ١٢٤٤ میلادی، رابیعە خاتونی خوشکی صلاح الدین ئەیوبیی خێزانی سوڵتانی گەورەی ئەربل کۆچی دوایی دەکات، دیارە قوتابخانەی الصاحیبە- هێندە خۆشەویست و گرینگ بووە لای، وەسیەتی کردووە هەر لەو قوتابخانەیە بنێژرێت. لە سەر دیواری ئەو

ژوورەی کە مرقەدی رابیعە خاتونی تێدایە، لە سەر بەرد نووسراوە (لا الە الا اللە) وەکوو نیشانەیەک بۆ مەرقەدی ئەو کەڵە ژنە مەزنە. بەڵام دوواتر ژوورەکە کراوەتە ژوورێکی سادەی خوێندنی قوتابخانە. رابیعە خاتوون لە یەکێک لەو ژوورانەی ناو قوتابخانەکە نێژراوە، تا ماوەیەکی زۆر، تەرمە کە بەتەنیا بووە، وە بەشی سەرەوەی تەرمەکە لای قیبلە بووە، وە بەتەنیا لە ژورێکی قوتابخانەکە بووە، بەڵام بەداخەوە، ئیستاکە ئیدارەی ئەو قوتابخانەیە لە دیمەشق، منداڵ و قوتابیانی بردۆتە لای مەزارگەی سوڵتانە رابیعە خاتوون !!

ئەوەی بەرامبەر ئەو ژنە مەزنە دەکرێت بێحوورمەتیی مردووانە، تاوەکوو هەندێک لە ڕۆژنامەکانی سوریا و دیمەشق بە نووسین و وێنە، باسیان لەو بێحورمەتیە کردووە لەگەڵ قەبری رابیعە خاتوون، وێنە یەکیان بڵاوکردۆتەوە کە چۆن یەکێک سەرپۆش وسندوقی سەر تەرم و قەبری رابیعە خاتوون هەڵدەدەنەوە، منداڵ و قوتابیان لە نزیکی مەزارگەی رابیعە خاتوون وانە دەخوێنن.لێرەدا، پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئەگەر بتوانیین، تەرمی ڕابیعە خاتوون، ژنی سوڵتانی گەورەی هەولێر، لە دیمەشقەوە بگوازینەوە تەک قەبر و مەزارگەی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو لە پایتەختی هەرێمی کوردستان.سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو،

هەمـان شـێوەی هەولێـر، مزگەوتـی الموزەفەرییـەی لـە دیمـەش درووسـتکردوە، وە رابیعـە خاتـون پـاش گەڕانـەوەی بـۆ دیمەشـق هـاوکاری و سەرپەرشـتیاری مزگەوتەکـەی کردووە.مێـژوو و وردەکاریەکانـی مـاوەی سـەڵتەنەتی موزەفەرەدینـی گۆگبـۆرو، هیشـتاکە پێویسـتی بـە نووسـین و لێکۆڵینـە وە و ئاشکراکردنی زیاتـر و وورتـرە، هیـوادارم نووسـەر و مێژوونوسـانی هەولێـر، لـە چوارچێـوەی کاری ئەکادیمـی و مێـژووی جیـدی کاری زیاتـری لەسـەر بکرێـت. هەولێـر و قـەڵا دێرینەکـەی، هەمیشـە بێشـکە و سـەرچاوەی شارسـتانیەت و پێشـکەوتن و ئاوەدانـی بـووە، دەبێـت خزمەتـی زیاتـری پێشـکەش بکرێـت.

## هەقیقەتی مەرزار و قەبری سوڵتان موزەفەر گۆگبۆرو

زۆر کتێب و نووسین و حیکایەتی جۆربەجۆر هەیە لەسەر قەبرو مەرقەدی سوڵتان موزەفەر، بەڵام هەموویان درۆ و درووستکراون، هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن ئەو قەبرەی شەقامی سوڵتان موزەفەر لە هەولێر، قەبری زینەدین عەلی کوچک)-ە کە باوکی سوڵتانە، هەندێکی دیکەش هەر بە مەبەستی خراپ و سڵکردنەوە باس لەوە دەکەن کە ئەو قەبرە قەبری زینەدین یوسف نیالتگین-ە، بەڵام هیچ لەو حیکایەتانە ڕاست نین.

قەبری باوکی سوڵتان موزەفەر لە هەولێرە، لە هەولێر مردووەو لە قەبرستانی ناو قەڵای هەولێرە، قەبری زەینەدین یوسف – لە شاری ناسریەیە لە فەلەستین.

ئەو ساڵ و ئەو وەرزە هێندە گەرمبووە، بوونی فیتنەو شەڕ و ئاژاوە، ڕێگربوونە لە جێبەجێکردنی وەسیەتی سوڵتان موزەفەر، تەرمەکە گەڕاوەتەوە هەولێر، ئەو قەبرەی کە لە شەقامی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو لە هەولێر بەرامبەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، مەزار و قەبرو مەنزڵگەی سوڵتان و سەرداری هەولێرە.

دوای مردنی سوڵتان موزەفەر، چراو ڕووناکی لە قەڵای هەولێر خامۆش دەبێتەوە، ئاسمانی قەڵا ماتەمینی دەبێت، هەولێر کەسایەتیە کی زۆر گەورەو کاریگەر لەدەست دەدات.

سولْتان و سەردار و خاوەنی ئەربل، سولْتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو، پیاوێکی پاک و لە خواترس و خاوەنی ئەخلاق و ڕەوشت بەرز بووە، نوێژکەرو ڕۆژو گر و ئەهلی تەقواو زیکر بووە، دڵ و دەروون پاک بووە، لایانگیری ئیماندارو ئەهلی سونەت و جەماعەتی ئیسلام بووە، زۆر کەیفی بە زانایان و نووسەر و منەورەکانی ئەو سەردەمە هاتووە، ڕێزی لە زانا و دانا و عیلم گرتووە، لەو زەمانەدا چەندین نووسەر و مێژوونووس و کەسایەتی ناودار لەلای کارمەندو وەزیر بوونە، بۆ نموونە ئیبن مستەوفی – ئیبن خەلەکان، دەسەلات و کاریان بەدەست بووە، سولْتان موزەفەر گوێی لەڕاوێژکارانی گرتووەو پرسی پێکردوون.

سولْتان موزەفەر زۆر هاوکاری نووسەر و مێژوونووسانی ئەوکاتی داوە، زۆر حەزی بە خوێندنەوەو گوێگرتن لە شیعر و کتێبە مێژووییەکان کردووە، هەروەها لەو زەمانەدا لە هەولێر زانستی شەرع و فیقهی ئیسلامی زۆر پێشکەوتوو بووە.

سەڵتەنەتی موزەفەر و سەرای سولْتان، یارمەتی نووسەر و مێژوونوسان و مونەوەر و پیاوانی فیکر و ئاینی داوە، پشتگیریانی لێکردوەو داڵدەی داون، ئەو کاتە قەڵای هەولێر، بۆتە مەرکەزێکی فیکری– ئاینی گەورە لە ناوچەکە.

**بۆ نموونە:**

- ئبــن زەهیــر ئەربیلی-زایــن ئبــن ســەنجەر- حاجیــری ئەربیلی-ئبــن یونـــس ئەربیلی-عەلـــی بـــن عیســا ئبـــن فخــر ئەربیلــی- ئبـن سـلاح شـەهرەزوری- ئەبـو ئەلهیجـا ئەلسمین ئەلئەمیـر حسـامەدین - ئەلحسـن ئبـن موحـەممـەد ئبـــن ئەحمـــەد نجـــاد ئەربیلـــی- عیســا ئبـــن ســەنجەر ئەربیلــی- ابــن المســتوفی - ابــن خلــکان-

ســولّتان موزەفەرەدیــن گۆگبــۆرو، گەورەتریــن ســەرکردە و ســولّتانی ئــەو ناوچەیــە بــووە، کارو پــڕۆژە و خیراتــی ســەڵنەتەتی حکومــی نەوەکــو تەنهــا بــۆ هەولێــر و قــەڵا بــووە، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی خەلافەتــی عەباسـیدا، ڕۆڵ و شــوێنی خــۆی هەبــووە، زۆر هــاوکاری بڵاوکردنـــەوەی دینــی ئیســلام و مەولودنامــەی پێغەمبــەر و یارمەتیدانــی لێقەومــاوان کــردووە، هـــاوکاری بـــەرەو پێشـــەوەچوونی مەعریفەتــی میللەتانــی ناوچەکــە کــردووە، هاوکاریــەی سـەدەقەکان سـولّتانی ئەربیـل گەیشـتۆتە حیجـاز و شـام، لــە زۆر شـوێنی دیکـەی جیهانــی ئیسـلامی نــاوو ناوبانگــی ســولّتانی هەولێریــان بیســتووە.

ئبـن مسـتەوفی کـە وەزیرێـک و ڕاوێژکارێکـی گـەورە بـووە لــە دیوانــی ســولّتان موزەفەرەدیــن ماڵیشــی لەنــاو قــەڵای هەولێـر بـووە، لــە دەرەنجامــی چیرۆکێکــی و ڕووداوێکـدا، پــاش ئــەوەی پیاوێــک ویســتویەتی بیکوژێــت و زامــاری دەکات، ئبــن مســتەوفی هــاواری ســولّتان موزەفــەر دەکات، چەنــد بەیتێکــی شــیعر دەنووسێت:

**سوڵتانی گەورەم**
**ئەی ئەو شایەی کە لە بکوژی ببڕی تۆ**
**مەریخ تا ئێستا سەری سوڕماوە**
**ئایاتی بەخششت ئەوەندە پتەو و نازڵ بووە**
**هیچ ناسیخ و مەنسووخی تێدا نەماوە**
**دادم بپرسە، دەردێ کە دووچاری بووم**
**ئەوەندە چەپەڵ مەگەر مێوو بیگێڕێتەوە**
**شوێنێکە من تێیدا لە دایکبووم**
**بەڵگەم برینی بەستراوم و جەستەی چەورمە وەکو ساوا**
**هاوارە سوڵتانم هاوارە...**

**ابن المستوفی، وەزیر و نووسەر و مێژوونوسی سوڵتان موزەفەر بووە، لەهەمانکاتتدا، لە دیوانی سەڵتەنەتی اربل- خەریکی نووسین و یاداشتکردنی هەموو ئەو زانیاری و ناوی ئەو کەسایەتیانەی نووسیووە کە هاتوونەتە هەولێر و کوردستان. وە ابن المستوفی لە کتێبەکەیدا کە ناوی ( تاریخ اربل) هاتووە ئەوە بەم شێوەیە هاتووە، چوونکە زیاتر یاداشتکردنی زانیاری ئەو کاتەیە، لەو زەمانەدا یاداشتی سیاسی بووە، وە لەبەر ئەوەی سەڵتەنەتی اربل- سیمای فەرهەنگی ئەو زەمانەی زیاتر بووە، بۆیە زیاتر ابن المستوفی گرینگی بە شاعیران و نووسەران و زانایانی ئاینی داوە.**

**تاریخ اربل- زیاتر یاداشتی سیاسی سوڵتان موزەفەر بووە کە لەلایان ابن المستوفی نووسراوە.**

## سیماکانی دەوڵەتداری سەڵتەنەتی ئەربل

سـوڵتان موزەفــەر، ســەرکردەیەکی بەهێــزی ســوپای سـلاحەدینی ئەیوبـی بـووە، لەبـەر ئـەوەی سـلاحەدین نـاوی لــە موزەفەرەدییــن ناوبــوو – ئەلملــک ئەلموعــەزەم- کاتێـک دەینێرێتـە هەولێـر و حوکـم دەکات، ئـەو سـەردەمە ئەیوبیـەکان هاوشـێوەی ئەورپا، ناو و نازناوی گەورەیان لەسـەرکردەکانی خۆیـان دەنـا، سـوڵتان موزەفـەر شـەڕکەرێک و سـەرکردەیەکی بەهێـز بـوو لـە جەنـگ و لەحوکمـدا، هەرگیـز لەهیـچ شـەڕێکدا نەیدۆڕانــدووە، لـــە شـــەڕی گـــەورەی حـــە تینــدا، ســوڵتان موزەفـەر بەشـێوەیەکی بەرچـاو تێڕامانـی سـلاحەدین ئەیوبـی بـۆ خـۆی ڕاکێشـاو ئەیوبیـی زۆر پـێ دڵخـۆش بـوو، لـە یەکێـک لەسـەرکردە نزیکەکانـی سـلاحەدین بـوو.

بێجگـە لـە پـارە و پـول و ئـاڵای سـەڵتەنەتی هەولێـر، لـە هەمـوو خوتبەکانــی مزگــەوت نــاوی ســوڵتان موزەفەریــان هێنـاوە، لـە نامەکانـی ئـەو زەمانـەدا، ئـادگاری سـەڵتەنەتی وهەیبەتــی هەبــووە لــە هەولێــر و ناوچەکــەدا.

مەلیـک و کەسـایەتی جیهانـی اسـلامی سـەردانی هەولێریـان کـردووە – لـە یاداشـتە سیاسیـەکەی ابـن المسـتوفی- هاتـووە.

سـیماو کەسـایەتی سـوڵتان موزەفــەر، بریتــی بــووە لــە ئازایەتــی و هەماهەنگـی و هــاوکاری مەزڵومــان و ســەرکەوتن بەســەر زاڵمــان و خێــرو خێــرات و عــەدل و ئیحســان و سـەخاوەتێکی ڕادەبـەدەر، هەروەکو مێژوونـووس ئیـبن خەلەکان لــە کنێبەکــەی ئــەودا تەدوینــی کــردووەو خــۆی لــە دیوانــی

سـوڵتان مەزەفەرەديـن بـووەو كاری سياسـی و فەرهەنگـی كـردووە. ئيـن ئەلمسـتوفی ياداشـتی سياسـی ئيمارەتـی اربـل و سوڵتان موزەفـەری نووسيوەتەوە، ئـەو كتابـەی كـە بەنـاوی:

«تاريخ اربل- نباهة البلد الخامل بما ورده من الاماثل»

واتـە : ميـژووی اربـل- هوشـياری و شـارەزايی وڵاتـی بـاغ و گوڵوگوڵـزاران لـە لايـان ئـەو كەسـايەتی و شـەخصياتانەی هاتوونەتـە شـاری اربـل.

ئـەو كتێبـە بريتـی بـووە لـە نووسينەوەی مێژووی پڕ شـانازی شـاری هەولێـر، بـە بۆچوونـی ئێمـە، ئـەو كتێبـە ياداشـتی- سياسـی- فەرهەنگی-كۆمەڵايەتـی سـوڵتان موزەفەرەديـن و ئيمارەتـی اربـل-ە.

ئـەو زەمانـە سـەركردەكان پـارەو يارمەتيـان، تەنيـا دەدا شـاعيرو هونەرمەنـدەكان، كـە شـيعريان بـە باڵای سـەركردەكان دەوت و بـەڵام سـوڵتان موزەفەرەديـن، يارمەتـی و سـەخەواتی بـۆ گشـت چيـن و تويـژ و هاوڵاتيـان مەملەكـەت بـووە، فەقيـر و ڕۆشـنفيكران و زانايانـی خۆشويسـتووە، ڕۆژانە نـان و خواردنی داوەتـە خەڵكـی فەقيـر و لێقەوماوانـی شـار و وتويەتـی كـە ئـەو كارانـە واجبـی خۆيەتـی، هەمـووی بەپـارەو پولـی سـوڵتان بـووە، دەسـتكاری پـارەی دەوڵـەتـی نەكـردووە، نەخۆشـخانەو شـوێنی پەككەوتوانـی دروسـتكردوەو هەمـوو پێويسـتی بـۆ دابينكـردوون و خۆشـی بـەدرەوام زيارەتـی ئـەو شـوێنانەی كـرددوە.

سـنووری سـەخاوەتی سـوڵتان موزەفـەر هەولێريشـی تێپەڕانـدووە، پـارەو پولـی ناردۆتـە وڵاتانـی ئەوڕوپـا، هەرچی

زیندانــی و دەستبەســەر و عەبــدی مەملەکەتــی موســڵمانان هەیــە، ئــازادی هەندێکیانــی کڕیتــەوە، کاروان ســەرای گــەورەی دروستکردووە، بـۆ ئـەو کەس و میوانانەی یـان ئەو قافیلـەنانەی هاتوونەتــە هەولێـر، بـۆ ماوەی سێ ڕۆژ توانیوتیـان بمێننەوەو ئیسـراحەت بکـەن و نانیـان دراوەتــێ.

دوو قوتابخانــەی سۆفی دروسـتکردووە، تێیـدا زانـاو مـەلای زۆر بەتوانــا وانــەی دینییــان وتووتــەوە، ئــەو کات هەولێــر، بنکەیەکـی بەهێـز و درەوشـاوە بـووە لـە پەخشـی فیقهـو زانسـت و قورئــان و مەولودنامــەی پێغەمبــەر ودینــی ئیسـلام، سـوڵتان وخۆشـی، کەسـایەتیەکی سۆفی بووەو زۆر ڕێزی لە دەروێشـان و سۆفیگەراو و ئەهلـی تەقـواو و ئیمانـداران گرتـووە.

سـوڵتان موزەفـەر ماڵێکـی هەبـووە لـە خـوارەوەی قـەڵا، بەڵام دیوانێکــی گــەورەو ســەرای ســەڵتەنەتی لەنــاو قــەڵای هەولێــر بــووە، هەمــوو ڕۆژێــک لەگــەڵ وەزیــرو ڕاوێــژکارو مــەلاو مێژوونووسـانی مەملەکـەت دانیشـتوون و ئیـدارەی گیروگرفـت و بارودۆخــی میللەتیــان کــردووە.

ســوڵتان موزەفەرەدیــن گۆگبــۆرو، کەســایەتییەکی سیاســی و موفەکیــر و پیــاوی دەوڵــەت بــووە، هــەر لــە ســەرەتاکانی حوکمــی خــۆی، دیــارە پشـتگیریەکی تــەواوی هەمــە لایانــەی ســوڵتان ســلاحەدین ئەیوبــی هەبــووە، هــاوکاری سیاســی- ئابــووری – ئیــداری – ســەربازی – هەواڵگیــری وەرگرتــووە لــە ســلاحەدین و دەوڵەتــی ئەیوبیــەکان.

ســوڵتان موزەفــەر، وەزیــری لێهاتــوو و بەتوانــای هەبــووە، یەکەمییــن بنەماکانــی دەوڵەتــی دانــاوە لــە قــەڵای هەولێــر، زۆر

گرینگـی بـە بوارەکانـی ئیـداری و مالـی و دادپـەروەری داوە، لـەو زەمانـەدا دەزگاو وەزیفـەو پلـەی وەزیفـی - دەوڵەتـی دروسـتکردووە، بـۆ نموونـە:

میـر- وەزیـر- حیجابە-کاتـب عەریزە-نووسـەری نامـە فەرمییـەکان- سەرپەرشـتکار- ئیدارەکار-خەزینـە- بەیـت ئەلمـال-دادگا- دیـوان- ئسـتیفا- سـەرۆک دیـوان

لەسـەردەمی سـوڵتان موزەفـەر کۆمەڵـگای ئیسـلامی بـووە، بـۆ یەکەمیـن جـار لـە قـەڵای هەولێـر کۆمەڵـگای مەدەنـی موئەسەسـات دروست بـووە، دامـو دەزگای دەوڵـەت هەبـووە بـۆ نموونـە:

١- دیوانـی موڵکانـە (دیـوان الخـراج) ٢- دیوانـی پۆسـتە (دیـوان البریـد) ٣- دیوانـی سکاڵا (المظالـم) ٤- دیـوان نامـە (نامـە فەرمیەکانـی سوڵتان) ٥-دیوانـی خەرجیـەکان (النفقـات) ٦-دیوانـی مـۆر (الخاتـم) ٧- دیوانـی نەخشـاندن ٨-دیوانـی سـەدەقات ٩-دیوانـی قەیـران.

بەمـەش بۆمـان دەردەکەوێـت کـە سـوڵتان موزەفـەر پیـاوی دەوڵـەت و دامـودەزگا بـووە.

هەروەهـا دەزگای هەواڵگـری بەهێـزی هەبـووەو ڕێکخسـتنی عەسـکەری و زیندانـی هەبـووە.

لەگەڕەکـی سـەرای قـەڵای هەولێـر، بەندیخانەیـەک هەبـووە هەروەکـو (ابـن المسـتوفی) باسـی دەکات نـاوی بەندیخانـەی -حەلەبـی- بـووە. لەژێـر زەمیـن و مەغـارە بـووە.

ئـەو بەندیخانەیـە یەکەمیـن بەندیخانـە بـووە لەهەولێـر. پاشـان بەندیخانـەی هاودیـان دروسـت کـراوە.

لەسەردەمی سوڵتان موزەفەریش وەکوو هەر ئیمارەتێک و سەڵتەنەتێکی تر، دادگا و زیندان هەبووە، لە قەڵای هەولێر، شوێنی تایبەت هەبووە، بۆ لێپیچینەوە و تەحقیقات، وە زیندانیانیان ئەو کات، برتۆتە قەڵای هافتیان- کە ئێستاکە پێی دەڵێن هەودیان، تاوەکوو ئێستاکەش شوێنەواری ئەو قەڵایە ماوە لە کوردستان.

سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو، دوو ڕاوێژکار و وەزیری بەتوانا و ئازای هەبووە، ناویان (موخلێص و بەرنەقش بووە) پێدەچێت، یەکێکیان موسڵمان بێت و ئەوی تریش مەسیحی، هەردووکیان، بەڵێنیان دابوو، داکۆکی لە قەڵا و سوڵتان بکەن تاوەکوو ئاخیرین دڵۆپە خوێنیان.

لە ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوەمان، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە ئەزموونی حکومڕانی سەڵتەنەتی سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرو، پێش سەڵتەنەتی عوسمانیەکان بوونی هەبووە، ئەزموونێکی دەوڵەمەند بووە.

شارستانیەتی قەڵای هەولێر، وەکوو تیشکی خۆر هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە.

کەسایەتی سوڵتان موزەفەر و ئەزموونی حوکمڕانیەکەی شایستەی نووسین و ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوەن، بەڵام ئێمە داوای لێبووردن لە سوڵتان موزەفەر دەکەین کە هەر هێندەمان پێکراوە..

هیوادارم نووسەر و مێژوونوسانی تر بێن و کاری ئێمە تەواو بکەن.

## سوپاسنامە

کاتێـک بیرۆکـەی نووسـین و ئامادەکردنـی ئـەم کتێبـەم لا دروسـت بـوو، لەبـەر گرینگـی ئـەو بابەتـەو قەناعەتێکـی تـەواوم لەسـەر کەسـایەتییەکی خـاوەن کاریزمـای گـەورە دەنووسـم، نووسـین و لێکۆڵینـەوە لەسـەر سـوڵتانی گەورەمـان، سـوڵتان موزەفـەر، میـری ئەربـل، نووسـین و گـەڕان بـوو لەسـەر مێـژووی مەملەکەتـی ئەربـل، مێـژووی دەوڵەمەنـدو پـڕ شـانازی شـاری هەولێـر، کۆنتریـن شـاری مرۆڤایەتـی، لەبـەر ئـەوە، پێـم وابـوو دەبێـت لیژنەیـەک لەچەنـد کەسـانیک وەکـو شـارەزاو خـاوەن بەرهـەم و ئەهلـی فیکـر و هەولێریەکانیـش لـە گەڵمدابن و سوودم لەو نووسـین و کتێـب و زانیـاری وەرگرتـووە، لەبـەر ئـەوە بەپێویسـتی دەزانـم سوپاسـێکی گەرمیـان بکـەم و ئەوانیـش، شـانازی نووسـین و بەشـداریکردنیان هەیـە لـەو کتێبـەدا.

سـەنعان ئەحمـەد ئاغـای قەسـاب کـە مـاڵ و کتێبخانەکـەی والا کردبـوو، زۆر زانیـاری گرینگـی بـۆم تەدوویـن کـرد. هەروەهـا سوپاسـی گەرمـی بەڕێـز مـازن بیـلال عەزیز قەسـاب دەکـەم بـۆ هـاوکاری و پشـتگیری.

دکتـور موحسـین حەمـڕە، گـەورە مێژوونـووس و مامۆسـتای زانکـۆو ئەنـدام لـە ئەکادیمیـای کوردسـتان کـە هەمـوو نووسـین و بڵاوکـراوە کتێبەکانـی خـۆی پێـدام و وەکـو سـەرچاوەیەکی گرینگـی ئـەم کتێبەمـە، دکتۆر موحسـین زۆرتریـن نوسـین و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر سـوڵتان موزەفـەر و مێـژووی هەولێـر نووسـیوە، بـەڵام ئێمـە لەگـەڵ سـەرجەم

تێڕوانیــن و دەرەنجامەکانــی ئــەو نیــن، ئێمــە پشــتمان بــە سەرچاوەی دیکـەو مێـژووی گێڕانەوەی کەسـایەتیە گەورەکان و شـارەزاکانی هەولێـر بەسـتووە، دیـارە بەشـێکی گـەورەی مێـژووی هەولێـر، مێژوویەکـی شـەفەهی بـووە.

دکتــۆر ئومێــد ئەحمــەد جوزلــی، پســپۆڕ و شــارەزا لــە مێـژوو، کـە لــە نووسـینی کرۆنۆلوژیــای سـوڵتان ئەرکـی نووسینی بینیـوە مەمنونیمـە، هەروەهـا بەدرێژایی نووسینی کتێبەکـەم لەگەڵمـدا بـووە.

دکتـۆر اومیـد الجوزلـی الاربیلـی کتێبێکـی لەسـەر مێـژووی هەولێـر نووسـیوە، بەناونیشـانی ( تاریـخ الـترک و الترکمان فـی اربـل) کـە لەلایـان دەزگای التفسیر بڵاوکراوەتـەوە.

مامۆسـتا عەبدولهـادی سـولیمان قەسـاب، زۆر نووسـین و زانیـاری و وێنـەی نایابـی بڵاوکردۆتــەوە.

بەڕێــز عوســمان ڕەشــاد ئەفنــدی موفتــی، بــە نووســین و ســەرچاوە زۆر هــاوکاری کــردووم

سوپاسـی گەرمـی مامۆسـتاو پارێـزەر یونـس حـەداد دەکـەم، کـە دوو مەولودنامـەی زۆر جوانــی خسـتە بـەر دەسـتم، کـە کۆنتریـین مەولودنامـەی تورکمانییـن.

زۆر سوپاسی گەرمی برای بەڕێزم کاک ضیاء، عوزێری دەکەم لە دەزگا و ئاژانسی هەواڵی تورکمانی و ڕۆژنامەی تەبا-ی شاری هەولێر بۆ هەموو ئەو هاوکارییانەی بەڕێزیان

مامۆستا مەلا شێرزاد موحەممەد -ئیمام و خەتیب و نووسەری دیاری تورکمانی شاری هەولێر، چەندین کتێب و نووسینی مێژووی کۆنی لەسەر شار و قەڵای هەولێر نووسیوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووسن نازم ئەلسایغ

بەڕێز کاک زیاد حەیدەر، برادەرێکی منداڵیمە، نیگارکێش و ئەندازیار، ئەرکی نووسینی ناونیشانی کتێبەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆیی و وێنەیەکی شایستەی پێشکەشکردم.

کاک کاوە فارس قەڵاتی، زۆر هاوکاری کردووم و چەندین بەڵگەنامەو کتێبی خستە بەردەستم.

کاک سالار ئەربیلی، کەسایەتی سیاسی تورکمانی و نووسەر و ڕۆشنبیرێکی هەولێرە

کەسایەتی خۆشەویستی شاری هەولێر، ئەعزەم عەبدولکەریم ئەفندی

سوپاسی و دەستخۆشی لە کاک بورهان یاراڵی شاعیر و رۆشنبیری تورکمان دەکەم، کە زۆر هاوکاری کردووم هەروەها کاک دلاوەر بازرگان، کە ئارشیفێکی زۆر گەورەی خستە بەردەستم لە وێنەی کۆن و نوێ ی هەولێر.

کاک سلاح نورەدین ئەلبیاتلی ئەربیلی ناسراو بە سلاح نورەددین گاگۆ – سلاح نورەدین ئەلبیاتی. تاوەکوو تەواوکردنی ئەو کتێبەم پێکەوە گفتووگۆمان کردووە لەسەر ووردەکاریە مێژووییەکان.

سوپاسی کاک حیسام حەسرەت-ی شاعیری تورکمانی هەولیری دەکەم کە شیعرەکانی رەشادە افندی، تایبەتە بۆ کتێبە کردۆتە تورکمانی، ئەو هۆنراوەیەی کە چیرۆکی خەونەکەی سوڵتان موزەفەر دەگێڕێتەوە. لە کتێبی مەولودنامەی کوردی یەوە وەرگیراوە.

برای بەڕێزم مامۆستا مەلا فوئاد نادر موحەممەد بەننا

- ئەربیللـــی، کەســایەتی ئاینـــی شــاری هەولێــر، وەکــو ســەرچاوەیەکی مێژوویــی و ئاینــی ســوودم لێوەرگرتــووە.

سوپاسی هونەرمەندی کورد کاک یاسین حەسـەن دەکەم لە وڵاتـی ئەڵمانیـا، کـە وێنەیەکـی تایبەتی سـوڵتان موزەفەرمی بۆ کێشـا و لـەو کتێبەمدا بـەکارم هێنـاوە، یاسین حەسـەن کـە بەئەسڵ کەرکوکیـە لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا دەژی و سـاڵانێک لــە هەولێـر ژیـاوە. تابلـۆی وێنــەی سـوڵتان موزەفـەر کـە لەسـەر بەرگـی کتێبەکەمـان دایـە بەدیـاری بـۆ کێشـاوە، ئـەو وێنـەی پێوانـەی ٣٢–٥٠ سم لای نووسـەر پارێـزراوە.

لـە کۆتاییـدا دەبێـت سوپاسـی گەرمی نووسـەر و ڕۆشـنبیری شـاری هەولێـر بکـەم، مامۆسـتا جەمـال گردەسـۆری کـە زۆر مانـدوو بـوو بـە پێداچوونـەوە و هەڵەچنینـی ئـەو کتێبـەم دونیایـەک سوپاسـی دەکـەم.

هەروەهـا سوپاســی گــەرم و قەدرزانــی کاک شــاخەوان جەعفــەر خۆشــناو لــە چاپخانــەی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، کــە هــاوکاری کــردم بــۆ دیزایــن و ڕێکخســتنی بــەرگ و ناوەڕۆکــی ئــەو کتێبــەم.

سوپاســی گەرمــی بێپایانــی بــرای خۆشەویســتم کاک فەیسـەڵ نورەدیـن سـەعاتچی ئەلدەبـاغ دەکـەم کـە مامۆسـتا و نووسـەرو تێکۆشـەرێکی شـاری هەولێـرە، ئەرکـی پێشـەکی نووسـینی خسـتە ئەسـتۆخۆی کـە بـە حەقیقـەت جێـگای فەخــرو شــانازیمە.

# سوڵتان موزەفەرەدین زین الدین علی کوچک – زەمەنی موراجەعات و گەڕان بەدوای هەقیقەتی کەڵە پیاوێکی دەوڵەت (١١٥٤-١٢٣٣) میلادی

لـــه دەرەنجامـــی لێکۆڵینـــەوە مێژووییەکەمـــان ئـــەم زانیاریـه نوێیانـه دەربـارەی ژیـان لـه دایک بـوون و مـردن و کارەخێرخوازیـــەکان و کەســـایەتی ســـوڵتان موزەفـــەر ئاشـکرا دەکەیـــن:

ســـوڵتان موزەفەرەددیـــن زیـــن الدیـــن عەلـــی کچـــوک ( ١١٥٤– ١٢٣٣)، میـری قـەڵای هەولێـر، بـۆ مـاوەی ٤٥ سـاڵ ئیـدارە و سـەرۆکایەتی ئیمارەتێکـی کـردووە، وە حوکمێکـی عـادل و ڕەشـید و پـاک و زێڕێنـی بەخشـیوەتە مێـژووی پـڕ شـانازی قـەڵاو شـاری هەولێـر .

پـاش ٨٦٦ سـاڵ بەسـەر تێپەڕبوونـی لەدایکبـوون و حوکمـی ســـوڵتان موزەفەرەددینـــی گۆگبـــۆرو، هەندێـــک زانیـــاری نـوێ و بەڵگەنامـەی جیاجیامـان دۆزیتـەوە لەسـەر شـوێنی لەدایکبـوون و ژیـان و مـاڵ و مـردن و مەزارگـەی سـوڵتان مزەفەرەدیـــن و هەروەهـــا، لـــه چوارچێـــوەی ئـــەو کار و پـــڕۆژە خێرخوازییـــە گەورانـــەی ســـوڵتان موەفەرەددیـــن، بەڵگەنامەیەکـی مێـژووی گەورەمـان لەبـەر دەسـتە لەسـەر پـــڕۆژەی ڕاکێشـــانی ئـــاوی خواردنـــەوە و دروووســـتکردنی عەمبارێکـــی گـــەورەی ئـــاو لـــه عەرەبســـتانی ســـعودی و لەســـەر چیـــای عەرەفـــات .

لــه دايكبوونــى ســولْتان موزەفەرەددیــن زیــن الدیــن علــى كوچــوک :

عــز لمولانــا الســلطان ابــا ســعيد مظفرالديــن التركمانــي / الملــک العــادل و المعظــم /النزيــه و الرحيــم/ العالــم/ المجاهــد/ المرابــط/ المؤيــد/ المظفــر/ المنصــور/ بــدر الديــن والدنيــا/ ســيد الملــوک والســلاطين/ محــي العــدل فــي العالميــن/ ســلطان الإســلام والمســلمين/ منصــف المظلوميــن مــن الظالميــن/ ناصــر الحــق بالبراهيــن/ قاتــل الكفــرة والمشــركين/باني الــدور لللايتــام و الفقــراء و عامــر المســاجد و بيــوت اللــه / قاهــر الخــوارج والمتمرديــن/ حامــي ثغــور بــلاد المسـلمين/ معيــن الغــزاة والمجاهديــن/ أبــو اليتامــى والمســاكين، فخــر العبــاد/ ماحــي البغــي والعنــاد/ فلــک المعالــي/ صاحــب الدولــة/ ناصــر الملــة/ جــلال الأمــة// بهلــوان الحــروب الصليبيــة /ملــک العطــوف و الرحمـــةو أبـــو الفضائـــل/ الملـــک الموئمـــن ,الملـــک الامراء/الســلطان مظفرالديــن زيــن الديــن علــي كوجــوک الكوكبــورو

**لەدايكبوونى ئيمارەتێک:**

سـولْتان موزەفەرەددیـن گۆگبـۆرو، لـە سـاڵی ١١٥٤ میلادی، لــە قــەڵای موســڵ، لــە ســەرايەكی گــەورەدا بەنــاوی ئــاق– ســەرای( كــە دوواتــر نــاوی بۆتــە – قــەرە ســەرای ) لەدايــک دەبێـت، ئــاق ســەرای، پێیــان ووتــوە ( دار الحكــم– دار يــان قصــر – الدولــە) بريتــی بــووە لــە گەڕەكێكــی دروورودرێــژ،

کـە چەنـد خانـووی گـەورە گـەورەی تێـدا بـووە، هەمـوو سـوڵتان و میرەکانـی تێـدا ژیـاوە .

سـوڵتان موزەفەرەددیـن، هەمـوو سـاڵانی منداڵـی خـۆی لــە موسـڵ، لــەو خانــووەدا بەسـەر بـردووە . پاشـان پـاش ئـەوەی خانـەوادەی لـە موسـڵەوە هاتۆتـە قـەڵای اربـل– امیـر بەدرەدیـن لؤلـؤ، سـوڵتانی و خاوەنـی موسـڵ– صاحـب موصـل– هاتووتـە نـاو ئـەو خانـووی ماڵباتـی سـوڵتان موزەفەرەددیـن و بـە شـێوەیەکی زۆر شایسـتە و پڕشـکۆ ئـاق– سـەرای نۆژەنکردۆتـەوە، وە حوکمـی خـۆی تێـدا کـردووە و لەوێـوە سـەرۆکایەتی موسـڵی کـردووە

پـاش ئـەوەی گیروگرفتـەکان پـەرە دەسـتێنن و دووژمنانـی امارەتـی بەدرەددیـن لؤلـؤ و مەغۆلەکانـی هێـرش دەکەنـە سـەر موسـڵ و ئـاق– سـەرای دەسـوتێنن و وێرانـی دەکـەن.

ئاگـر لـەو قەسـرە بەردەبێـت و ئاگـر هەمـوو سـەراکە ڕەش دەکات، لـەو کاتـەوە نـاوی بۆتـە، قـەرە– سـەرای.

ئیسـتاکە لـە موسـڵ لـە لیـواری ڕوبـاری دیجلـە – کـە ئـەو کات، ئـەو ئـاوە و ڕووبـارە نزیکـی ئـاق– سـەرای نەبـوو، لایەکـی ئـەو سـەرایەی کـە سـوڵتان موزەفەرەددیـن تێیـدا لـە دایکبـوو، شـوێنەوارەکەی مـاوە و بەڕاسـتی، بەداخـەوە، مەترسـی ڕووخـان و تێکچوونـی لەسـەرە .

# ئاوابوونی خۆری ایمارەتی اربل ومردنی سوڵتان مزەفەرەددینی گۆگبۆرۆ:

سوڵتان موزەفەرەددین گۆگبۆرو لە ئاق- سەرای (قەرە سەرای لە دایکبووە) .لە قەلاّی موسڵ وە لە ساڵی ١٢٣٣ میلادی، لە هەولێر کۆچی دووایی کردووە، لەو ناوچەیەی کە ئەو کات، پییان ووتوە( الربض)، کە ئیمرۆکە دەکەوێتە،هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە گەڕەکی عارەبان، دە خولەک دوورە لە جامع الموزەفەرییە- کە ئەو کات پییان ووتووە ( الجامع الاکبر – المسجد العتیق – ئەو مزگەوتەی کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەمان وە پشت بەستن بە نووسینەکانی دکتۆر موحسین حەمڕا، ئەندامی ئەکادیمیای کوردستان، کاتی خۆی سوڵتان موزەفەرەدین نوێژی جەمعەی لەو مزگەوتەی نزیک ماڵەکەی خۆی کردووە، وە لە رۆژانی تریش لە مزگەوتی قەلاّ بووە .

ئەو مزگەوتەی سەرقەلاّ هەموو ڕۆژێک نوێژی لێکراوە، بەلاّم مەسجدی( جامع) الموزەفەرییە- تەنها ڕۆژی جەمعە و بۆنە و جەژنەکان نوێژیان لێ کراوە .

سوڵتان موزەفەرەددین، لە ساڵی ١٢٣٣ میلادی لە ئەربل مردووە، بە درێژایی ٤٥ ساڵ حوکمی هەولێری کردووە وە پاش مردنی یەکەمین جار لە قەلاّی هەولێر نێژراوە، پاشان تەرمەکەی گواستراوەتەوە مەزاری خۆی لە خوارەوە، ئەو شوێنەی کە تاوەکو ئیستاکە خەڵکی

هەولێر سەردانی دەکەن و ڕێزی لێدەگرن، ئەو قەبرەی ئیستاکە لە لای باڵەخانەی پارێزگای هەولێرە، لە شەقامی سوڵتان موزەفەرو قەبرو مەزارگەی خۆیەتی هیچ شکێک هەڵناگرێت، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەمان، پاش ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام دێتە خەونی سوڵتان، سوڵتان موزەفەر خۆشەویستی سەد بەرابەر.دەبێت و وەسیەت دەکات، پاش مردنی، تەرمی ببردرێتە نزیک پێغەمبەر (ص)، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو کاتەی وەفات دەکات، ڕەمەزانێکی زۆر گەرم دەبێت، لە خوارووی عێراق و جەزیرەی عەرەبی، شەڕ و فیتنەو ئاژاوەیەکی گەورە هەبووە، پاش هەوڵدانیان و سەفەرکردن، تەرمەکەیان هێناوەتەوە هەولێر، سوڵتان موزەفەر تەرم و قەبری لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە .

هەروەها هەموو سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەش دەکەن کە باوکیشی هەر لە هەولێر مردووە وە لە قەبرستانی ناو قەڵا نێژراوە، وە ئەو مەزارگەی ناوەڕاستی پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە شەقامی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو، قەبر و مەزارگەی خوودی سوڵتان موزەفەرەددینە .

دیارە هەروەکوو باسی کردبووە، ئاوای کرد، بەرنامەکانی بەو شێوەیە بەڕێوەچوون، کە پێشتر بەڵێنی بە خودا و خەڵکی دابوو، سوڵتان موزەفەرەدین، سروشت و بارودۆخ و هەموو شتێکی کۆمەڵگای هەولێری گۆڕی..

سـولّتان ئەلموعـەززەم و عادیـل، ابـا سـعید موزەفەددینـی الترکمانـی، یەکەمیین کـەس بـوو پێشـنیاری یادکردنـەوەی سـاڵیادی لەدایکبوونـی پێغەمبـەری ئیسـلام-ی کردۆتـەوە.

هەروەهـا یەکەمیین کـەس بـوو مۆسـیقای هێناوەتـە قـەڵای هەولێـر و دەشـتی شـارەزوور .

لـە مێـژووی ئیسـلامدا، ئـەم ڕووداوە، ئاهەنـگ و بەرنامەیەکی ئێجگار گەورە و پڕ واتـا بـووە، وە لەگـەڵ ئـەوەش، سـولّتان موزەفـەرەددن، مۆسـیقا و گۆرانـی سۆفیگەرانە و دەروێشـانی لەهـەر چـوارلای جیهانـەوە بـۆ قـەڵای اربـل- ڕاکێشـاوە .

یەکێک لـەو کار و گۆڕانکاریـە گەورانـەی کـە لەسـەردەمی زێڕینـی حوکمـی ئیمارەتـی اربـل و سـولّتان موزەفـەر ئەنجامـدراوە، هینانـی مۆسـیقا و گرووپـی هونەرمەنـدان و وگۆرانیبـووە بـۆ دەشـتی هەولێـر و شـارەزوور .

لـەو سـەردەمەدا، بەشـێوەیەکی گشـتی مۆسـیقا حـەرام و قەدەغەکرابـوو، یانیـش لەهەندێـک ناوچـەدا هـەر بوونـی نەبـووە .بـەڵام لـە قـەڵای هەولێـر، بەبۆنـەی یادکردنـەوەی لەدایکبوونـی پێغەمبـەر، بـۆ مـاوەی ٣ مانـگ لـە هەولێـر و مزگەوتەکانیـدا، بـە گۆرانـی و مۆسـیقا و بەیـت و بالـوور و شـیعر و پیاهەڵووتـن و شیعر خوێندنـەوە، هەمـوو میللەتـی هەولێر و شـارەزوور ئاهەنگیـان گێـڕاوە .

**یەکەمیین مەولودنامەی- تورکمانی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە:**

دوابەدوای سازدانی ئەو ئاهەنگە گەورانە و بڵاوبوونەوەی قورئان و پێشکەوتنی نووسن و ئەدەبیات و غەزەلیاتی سۆفیگەرانەو مەدح و سەنا ی شەخصی پێغەمبەری ئیسلام، پێویستی بوونی کتێب و تەدووینکردنی ئەو شیعر و گۆرانیانە خۆی مەترەح کردووە .

بە فەرمانی سوڵتان موزەفەرەدین یەکەمیین مەولودنامەی تورکمانی نووسراوە و پەخشکراوە و ئاسەواری ئەو مەولوودنامە لە هەموو وڵاتان و فەرهەنگی وڵاتانی دەوروبەرمان دەبینرێت .

لەو سەردەمەدا، لەگەڵ سازدانی یادکردنەوەی مەولوودی پێغەمبەر، سوڵتانی اربل- فەرمانی بە نووسەران و شاعیرانی سەرای خۆی داوە، کە لە گەڵ پیاوانی ئاینی و مەلاکانی ئەو سەردەمە، کە زۆریش بوونە لە قەڵای اربل- لە سەرای سەڵتەنەتی اربل کاریان کردووە، بە هاوکاری و فەرمان و دەستووری سوڵتانی عادیل و موعەزەم سوڵتان موزەفەرەددینی تورکمانی، یەکەمیین مەولودنامە نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە .

تاوەکوو ئیمڕۆکە، لە شارە گەورەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە هەولێر و کەرکووک و تەلەعفەر و دوزخورماتو ئەو مەولودنامەیە لە مزگەوتەکاندا دەخوێندرێتەوە .

هەر لەیەکەمین ساڵی دەستبەکاربوونی وەکوو صاحبی اربل– لە کتێبە مێژوویەکانی ئەو زەمانە – بە میری وڵاتانیان ووتووە – صاحب– سوڵتانی اربل، پێشنیار و بەرنامەی یادکردنەوەی مەولودی پێغەمبەری ئیسلامی کردووە، وە بەگوێرەی لێکۆڵینەوە مێژوویەکان، ئەوکاتە، گۆرانی و مۆسیقا نەبووە لەو ناوچەیە، هەتا ئەو ئاستەی کە بەشەرم و عەیبەوە باسی موسیقا و گۆرانی کراوە، بەڵام سوڵتان موزەفەر، گۆرانی و مۆسیقای هێناوەتە، هەولێر و ئەو ناوچەیە، لە بۆنەی یادکردنەوەی –مەولودنامە–ی پێغەمبەر، چەندین گۆرانیبێژ و هونەرمەند لە نوسەیبین و سەمەرقەند و شام هاتوونەتە هەولێر، بۆ بەشداریکردن لەو بۆنەیە کە ماوەی سێ مانگی درێژەپێداوە و بڕە پارەی سێ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە .

موزەفەرەدین زین الدین علی کچک، کاتێک لە شام دەبێت،ساڵی ١١٨٧ میلادی، ئەوکاتە زینالدین یوسف، برای خاوەن ومیری هەولێر دەبێت، بەیەکێک لە کەسە نزیکەکانی خۆی دەڵێت:

ئەگەر حوکمی هەولێر، مەملەکەتی باب و باپیرانم بەنسیب بێت، هەموو ماڵ و موڵک و ئەوەی هەمە و دەیکەمە سێ بەش : بەشێکیان هەولێری پێ ئاوەدان دەکەم، بەشێکی دەدەمە فەقیر و موحتاجان، بەشی سێهەمیش دەکەمە خێر و خێراتی بەردەوام و لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە کاری خێر و خیراتی پێدەکەم .

پـاش مردنـی براکەی، لـە سـاڵی ١١٩٠ میـلادی، سـوڵتان موزەفـەر فوورسـەتێکی زێڕینـی بـو هەڵدەکەوێـت و دەبێتـە جێگـرەوەی خانەوادەکـە ی دەبێتـە سـوڵتانی قـەڵای هەولێـر و دەشـتی شـارەزوور، ڕێـک وەکـوو وەعـدی بـە خـۆی دابـوو ئـاوای کـردووە .

هەروەهـا کار و پـڕۆژەو خێـر و خێراتیەکانـی، بریتـی بـووە لـە دروسـتکردنی مزگـەوت لـە هـەر شـوێنێکی جیهـان، ئەگـەر پێویسـتیان پـێ هەبێـت و بتوانێـت، کاری بـۆ بـکات، لـە زۆر،وڵاتـان مزگەوتـی دروسـتکردوە، بـۆ نموونـە لـە شـام مزگەوتـی الحنابـل- وە لـە میسر و موسڵ بەنـاوی الموزەفەرییـە- وە بـە هـاوکاری راسـتەوخۆی سـوڵتان و سەرپرشـتیکردنی کەسـانی شـارەزا، درێـژە بـەو کارە خێرخوازیانـەی داوە .

سـوڵتان موزەفەرەددیـن، تەنهـا مزگـەوت و قوتابخانـەی دروسـتنەکردووە، بەڵکـوو پـڕۆژەی زۆر گرینگـی ئەنجامـداوە .بـۆ نموونـە :

پـڕۆژەی ڕاشاکێشـانی ئـاوی خواردنـەوە و بـۆ سـەر چیـای عەرەفـات و دروسـتکردنی ڕێـگا و عەمبـاری ئـاوی خواردنـەوە بـۆ حاجیانـی ماڵـی خـودا .

سـوڵتان موزەفـەر، چەندیـن جـار سـەفەری حەجـی کـردووە، دیـارە لـەو سـەفەرەیدا، هەسـتی کـردووە، کـە گرفتـی نەبوونـی ئـاوی خواردنـەوە هەبـووە لـە حیجـاز و لەسـەر چیـای عەرەفـات- لەبـەر ئـەوە، لـە سـاڵی ٦٠٥ هیجـری، هەڵسـاوە بـە ئەنجامدانـی پڕۆژەیەکـی گـەورەو

ڕاکێشـانی ئـاوی خواردنـەوە بـۆ سـەر چیـای عەرەفـات( لـەو بەڵگەنامانـەی بەردەسـتمان، دەبینیـن کـە ئامـاژە بـە نـاوی سـوڵتانی اربـل- صاحـب اربـل کـردوو، کـە لـە سـعودیاوە بـە دەسـتمان کەوتـووە )، سـەرچاوەکانمان سـەرجەمیان لـە عەرەبسـتانی سعوودیەوەن، بـۆ نموونـە، نووسـراوێک و نەقشـێکی سـەربەردە، لـە شـاری مەککـە - لـە لای دەرگای بـازان-ە نزیـک مزگەوتـی مەککـە، کـە لەلایـان دکتـۆر ناصـر الحارسـی کـە شـارەزایەکی بـواری مەڵبەنـدە ئایینیەکانـی سـعودیایە وە نووسـەرێکی سـعودی یـە، بـاس لـە ئەنجامدانـی ئـەو پـڕۆژە گەورەیـە دەکات، کـە سـوڵتانی اربـل، تێچـوو و پـوڵ وشـارەزایان و کەسـایەتی پسـپۆڕی لـە هەولێـرەوە بـۆ نـاردوون .

ئـەو نەقشـە ئامـاژە بـە پـڕۆژەی درووسـتکردنی قوتابخانەیەکیـش دەکات بەناوی(مدرسـە موزەفەرەددیـن صاحـب- اربـل).

لـە سـەر چیـای عەرەفـات لـە مەککـە، قوتابخانـە و مزگـەوت و عەمبارگـەی گـەورە درووسـتکردووە، بـۆ گەیاندنـی ئـاوی خواردنـەوە بـۆ موسـافیران و حەجکەرانـی ماڵـی خـودا

لـە عەرەبسـتانی سـعودی، تاوەکـوو ئیمڕۆکـە پـلاک و تابلـۆی ئـەو پڕۆژەیـە هـەر مـاوە لەسـەر چیـای عەرەفـات.

ئـەو پڕۆژەیـە شـانازیەکی گـەورەی تـری ئیمارەتـی اربـل و هەولێریەکانـە، کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان، سـوڵتانێکی هێنـدە گـەورە و دڵبڵنـد و میهرەبـان و ئـازا و خێرەومەندیـان

هەبـووە، کـە هیـچ سـنووریکی نەبـووە بـۆ پـڕۆژە و کارە مرۆییەکانـی سـوڵتان موزەفەرەدیـن.

لێکۆڵینــەوەکان زۆر کەمــن لەســەر کەسـایەتی و کار و ووردەکاریەکانــی ئــەو پیــاوە گەورەیــە .ئەگــەر خــودا فوورســەت بــدات و بتوانــم، تاوەکــوو پێــم دەکرێــت، لێکۆڵینــەوە لەســەر ئیمارەتــی اربــل و کەسـایەتی ئــەو ســولْتانە مەزنــە درێــژە پێبــدەم .

سـوڵتان موزەفـەر، کەسـێکی زۆر سـادە و خاکـی بـووە، لەگــەڵ ئــەوەش ســوارێکی ئــازا و بــاش بــووە، بــەڵام هەرگیــز بــە ســواری ئەســپ لەقــەڵاوە نەهاتووتــە خــوار، دوور بـووە لـە هەمـوو نمایـش و خۆدەرخسـتنی شـاهانە و جلوبەرگـی زۆر سـادە و سـاکاری پۆشـیوە، هەمـوو ڕۆژێـک هاتووتــە خــوارەوە و ســەردانی خەڵــک و فەقیرانــی شــار و پەككەوتەکانــی کــردوە .

سـەردەمی سـەرۆکایەتی و حوکمی سـوڵتان موزەفەرەددین، سـەردەمێکی زێڕیـن بـووە، لـە بـواری ئیـدارەی دەوڵـەت و درووســتکردنی مووئەسەســات و بیناســازی و هەروەهــاش شۆرشـێکی فەرهەنگیـش بـووە، بـۆ بـەرەو پێشـەوەبردنی ژیانــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئاینــی کۆمەڵــگا و مەملەکەتــی هەولێــر و دەشــتی شــارەزوور.

ســوڵتان موزەفەرەددیــن زیــن الدیــن علــی کوچــوک، ســوارێک و ســەرکردەیەکی ئــازا و قارەمــان بــووە لــە گۆڕەپانــی جەنــگ، بــەڵام کــە هاتووتــە قــەڵای هەولێــر و بۆتــە ســوڵتانی مەملەکــەت، بــە درێــژای ئــەو ٤٥ ســاڵە

حوكمـــی كـــردووه، سیاســـیەک و پیاوێكـــی دەوڵەتـــی ســـەركەوتووش بـــووە .

میـژووی سـوڵتانی گـەورەی اربـل- شـانازییەكی گەورەیـە بـۆ گەلـی كوردسـتان و میللـەت و فەرهەنگـی مەملەكەتـی ئێمـــە، دەبێـــت نـــەوەكان، وە هەمـــوو داموودەزگاكانـــی حكومەتـــی هەرێمـــی كوردســـتان و خوێندنەوەیـــان بـــۆ ســـەردەمی ئیمارەتـــی اربـــل- هەبێـــت و لێكۆڵینـــەوەی لەســـەر بكرێت،چوونكـــە ســـەردەم و ئـــەو ئەزموونـــەی حوكمـــی ســـوڵتان موزەفەرەددیـــن ئەزموونێكـــی سیاســـی و كۆمەڵایەتـــی و فەرهەنگـــی زۆر ســـەركەوتوو و دەوڵەمەنـــد بـــووە .

# تێبینیەکی پێویست بۆ مێژوو

بـە درێژایـی نووسـینی ئـەم کتێبـەم، ئـەم بەڕێزانـەی نـاوم هێنـاون، بەشـداربوونەو لـە گفتوگـۆو ئاڵوگـۆڕی مێـژووەکان و لێکدانـەوان بووینـەو وەکـو تیمێـک کارم کـردووە بـۆ ئامادەکردنـی ئـەم کتێبـە مێژوویـە لەسـەر مێـژووی پـڕ شـکۆی سـوڵتانی گـەورەی قـەڵای هەولێـر.

لـەو ماوەیـەدا، لەکاتـی نووسـین و لێکۆڵینـەوەو بەدواگـەڕان و تەدووینکردنـی مێـژووی سـوڵتان موزەفەرەدینـدا، پێویسـتیەکی مێـژووی خـۆی مەتـڕەح کـرد کـە هەولێـر و مێـژووی هەولێـر و قـەڵای شـکۆمەندی هەروەهـا بەپێویسـتیش دەزانییـن، بـۆ ئـەوەی پارێـزگاری لـەو پەیوەندییـە مێژووییـەی لەنێـوان میللەتانـی ناوچەکەمـان بەتایبەتـی پەیوەنـدی نێـوان میللەتـی کـوردو تورکمـان گەشـە بـکات و باشـترو پتەوتربێـت دەبێـت کـورد و تورکمـان پێکـەوە:

مێـژووی خۆیـان و شـارەکەیان بنووسـنەوە، لـە کوردسـتان، لـە چوارچێـوەی کار و بەرنامەکانـی ئاکادیمیـای کوردسـتاندا، بەشـی لێکۆڵینـەوەی تورکمانـی هەبێـت، خۆشـبەختانە وەکـو بەڕێـز مێژوونـووس دکتـۆر موحسـین حەمـڕە، باسـی دەکات هـەر لەسـاڵی ٢٠٠٧ پـرۆژەی یاسـای کـۆڕی زمانـی تورکمانـی عیراقـی کـە کارێکـی هاوبەشـی پەرلەمـان و ئاکادیمیـای کـوردی بـووە

و ئیمـزای هـەر یەکـە لـە بەڕێـزان وداد خورشـید ئەرسـەلان و د. عەبدولەتیــف عومــران بەنــدەر ئۆغڵــۆ و ئەســعەد شــاکر اربیــل و ســوهام ئەنــوەر وەلــی ئــەم پرۆژەیــە دراوەتــە بەڕێــز نێچیرڤــان بارزانــی ســەرۆکی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، بڕیــاری دروســتکردنی، ئاکادیمیــاو دیراســاتی تورکمانــی دەرکــردووە، بــەلام لەبــەر سســتی نێوەنـدە سیاسـی و ئەکادیمیەکانـی تورکمانـی ئـەو بڕیـارە جــێ بەجــێ نەکــراوە، کــەس کاری لەســەر نەکــردووە، ئۆباڵــی ئــەو سســتتیەش دەگەڕێتــەوە بــۆ خــودی لایانــە تورکومانیەکانــی هەرێمــی کوردســتان.

جگــە لــە کردنــەوەی ئاکادیمیــاو دیراســاتی تورکمانــی، مێــژووی دەوڵەمەنــدی قــەڵا و شــاری هەولێــرو فەرهەنگــی دەوڵەتــداری ســوڵتان موزەفەرەدەیــن پێویســت دەکات، دەزگایەکــی فەرهەنگــی مێــژووی دابمەزرێــت لــە هەولێــر بەناونیشــانی : ئینتشــارات و حیفـزی ئاسـەواری سـوڵتان مزەفەرەدینــی گۆگبــۆرو، هەروەهــا قوتابخانــەی فیقهــی موزەفەرییــە- دروســتبکرێتەوە، لــەلای منــارەی چۆلــی- منــارە موزەفەرییــە- هەروەکــو پێشــتر ئــەو شــوێنە ببێتــە ســەرچاوەیەکی پەخشــی ئاینــی و لێبووردەیــی و لەســەر بنەمــا مرۆڤایەتیەکانــی ســوڵتان موزەفــەر کار بکــەن.

لــە کۆتاییــدا، دەبێــت بوەترێــت، فەرهەنــگ و ژیــان و حکومڕانــی ســوڵتان موزەفەرەدیــن گۆگبــۆرو، فەرهەنگــی پێکەوەژیانــی هەمــوو میللەتــان و زمــان ئایینەکانــی

کوردستان و هەولێرە، ئەو دڵبڵندیی و سەخاوەتەی سوڵتان موزەفەر هەیبوو کاتی خۆی و لە حکومڕانی هەولێر ڕەنگی دابۆوە، هەر هەمان خەسڵەتی ئێستای خەڵکی هەولێرە.

سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو، سەرکردەیەکی و پاڵەوانێکی نەبەز و سیاسیەکی گەورەی تورکمانیی بووە، چەندە تورکمان بووە، هێندەش کورد بووە، ڕەزامەندی خوداو میللەتی پێش هەموو شتێکی دیکە بووە..

ئەو کەڵە پیاوە، شایستەی زۆر لەوە گەورەترو زیاترە لە سەری بنووسرێت، بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەمان پێکرا، هیوادارم، نووسەرو لێکۆڵەرەوەکانی تر کتێب و زانیاری و سەرچاوەی تر بدۆزنەو و کاری لەسەر بکەن.

قەڵای هەولێر، زەمانێک، پێش زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان، سوڵتانێک و پیاوێکی گەورەو مەلیکیکی موعەزەمی هەبووە، دەبێت نەوەی داتوومان، فەخر و شانازی پێبکەن، ناو و پایە و ئازایەتی و مەردایەتی و خانەدانی و خواترسی و میهرەبانی سوڵتان مەزەفەرەدینی گۆگبۆرو لەبیر نەکەن.

لای ئێمە، سوڵتان موزەفەر، شایانی نووسین و زانیاری و لێکۆڵینەوەی زیاتر بووە، کەسایەتی و ڕۆڵ و مێژووو شانازی قەڵای هەولێر و کوردستان، پێویستی بەوەبوو، زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو زاتە گەورەیە بکرێ.

بێگوومــان هــەر كتێبێــك بــەدەر نییــە لــە كەمووكــوڕی نووســین و دارشــتن و تەدووینكردنــی مێــژوو، بــەڵام هیــوادارم پــاش ئێمــە، هەولێریەكــی تــر بێــت، كاری ئێمــە تــەواو بكات و ئــەوكات، ئەگــەر بەنــدە لــە ژیانیــش نەمابــم ئــەوە لــە نــاو قەبریــش زۆر كەیفخــۆش و دڵنیــا و كامــەران دەبــم . چوونكــە بــە هەقیقــەت، ســوڵتان موزەفەرەددیــن شــایانی ماندیبــوون و لێكۆڵینــەوەی ئیجــگاری زۆری تــرە.

نــاو و یــاد و گەورەیــی و كاریگــەری ســوڵتانی گــەورەی هەولێــر لەیــاد بمێنێــت...

والله من وراء القصد..

العبد الفقير الى رحمة الله تعالى
**خەسرەو پیربالٚ القصاب**
**زستانی ٢٠١٩-٠١-٠٩**
**٣ جمادي الاول ١٤٤٠**
**هەولێر- كوردستان**
**Pirbal@hotmail.com**
**Tel: 07504461416**

# اربل سولتانن حیکایه سی
# (سولتان مظفرالدین کوکبورو)ین پیغەمبەر (ص)
# دوشته گوردوغو حکایەسی

حیسام حەسرەت

بـو دیزەلـر بونـو انلاتییـور کـی، واقتییـلا پیغەمبـەر (ص) أربیـل سـولتانی اولان سـولتان (مظفرالدین)یـن رۆیاسـینا گیـرەرەک مبـارک جسـدینی المـاق نییەتیلـه مەزارینـی قازمایـا اوغراشـان ایکـی فیرەنـک لعینیـن ئەلینـدەن قورتولماسـینی ایسـتەمیش و اونلاریـن اوصافلارینـی اونـا بیلدیرمیـش. سـولتان مظفـر ده أربیلـدەن یوکـو التـون و درهـم اولان بیـر کەروانـلا گیـدەرەک مدینـه شـهرینه وارمیـش و او ایکـی لعینـی بولمـاق اوزەره شـهرده اولان بوتـون انسـانلارا باغیـش داغیتمـاق ایچیـن هەپسـینی چاغیرمیـش و هەپسـینه باغیـش داغیتمیـش و گەلەنلـر اراسـیندا اونـلاری بولامامیـش، باشـقا کیمسـەلرین قالدیغینـی صورونجـا ایکـی ژات قالمیـش اونـلار باغیـش المـازلار و اونـلار سـورەکلی پیغەمبەریـن قبرینـه خژمـت ئەتمەکتەدیرلـەر دەمیشـلەر. اصـرارلا اونـلاری دا چاغیریـن دەمیـش، گەلدیکلـری زمـان گوزلـری مـاوی اولان او ایکـی فیرەنگـی رۆیاسـیندا انلاتیـلان وصفـلاردان تانیمیـش.

**نــەرەدە اوتوردوقلارینـــی صورونجــا روچهیــە یاقیــن بیــر حجــرەدە اوتوردوقلارینـــی سویلەمیشــلەر. ســولتان حجرەلرینـە گیتمیـش و حجرەنیـن هـەر یانینـی اراشـتیرمیش صونــدا یــەردە بولونــان حصیریــن التینـدا بیــر بوشـلوق گورمــوش و اورادان پیغەمبەریــن مەزارینــا دوغــرو یولــون قازیلدیغینـی گورونجـە ئوفكەلەنـەرەک دیشـاری چیقمیـش و اهالینیـن ئونونـدە ایكیسـینی دوڤمەیـە باشـلامیش و اونـلار دا ایکــی کافــر اولدوقلارینـــی اعتــراف ئەدیــپ مقصــدلاری مــەزاردان جســدی چیقارمـــاق ایمیـــش. ســولتان هەمـــەن ایكیسـینین باشـینی وورمـوش و بــو ایـش تكرارلانماسـین دییــە مەزاریــن أگرافینــدا بیــر سـد قازدیرمیــش و ایچینــی ئەریتیلــەن دەمیرلــە دولدورمــوش، بویلەجــە پیغەمبەریــن مبــارک جســدینی لعینلریــن ئەلینــدەن قورتـارمیــش.**

**بــو حكایــە (رشــاد مفتی)نیــن (مولــودی كــوردی) كوردچــە مولــود ادلــی كتابینــدا گەچمەكتەدیــر، بــەن تصرفــلا بــو حكایەیی توركمنجەیە چەویردیم.**

بوردا حاضر اولانلار بو زمان اخر زمان
حق دینە اوز چەویرین سیزلر کی أهلی ایمان

فرصتتی جان گیولدەن توبەلرە اچیلین
دینە صیخی باغلانین گولگەسیندە صاچیلین

ئەگەر مؤمین ایسەویز دائم بەل بەلە وەرین
قارداش کیمین دە اولون بونون معناسی دەرین

کافر، زندیق، دینسیزلر بەلە گورسونلەر سیزی
گورونجە دە یانسینلار چەکسینلەر هەر تور صیزی

ناماز اوروج حاج زکات بیر دە شهادت سوزو
هەپ بونلارا صاریلین بونلار اچارلار گوزو

هەر ایی بیر ایشین دە قارشیلیغی بیرە یوز
واخیت گەچمەسین بوشا باها اولماسین اوجوز

مولود اوخوتمانین دا خیری چوخ چوخ بویوکتو
چونکو او دین گونونده خیر دولو بیر یوکتو

مولود مراسیمینده هەر کیم خژمت ئەدەرسە
شبهەسیز ایمان ایلە گیدەر ئەن صون گیدەرسە

واختییلا دییەللەر کی شانلی سولتان مظفر
یوجە أربیل أمیری او ایگید قاهرامان ئەر

شریعتتەن چابالار بوتون احکامی عادل
ئوڤگو قبیلیننەن دە او هەر بیر مدحە قابل

مولود ايچين خارجاردى چوخ مال ايله چوخ پارا
مالى دا پارانى دا دوشەنمەزدى بير ارا
هەر ايل دائم اون بير اى بويونجا چوخ بير يەردەن
أشيالار گەتيريردى ياخون اوزاغ شهردەن

چاليشتيريردى مولود ايچين يوزلرجه انسان
كەستيريردى بينلرجه قوچ دانا كيمين حيوان

كيمى أمردەن گەلير كيمى پارا اليردى
بوخارادان ايكى يوز عالم بورا گەليردى

ماقامچى و مجود هەم دە كتاب اوخويان
الاهيلردەن ئوگجه چوخ اوخوردولار قران

شهر و كويدەن گەلەن كوچوك بويوك هەر فقير
چيافت صوفراسيندا يەمەغ يەرديلەر بير بير

لاله كيمين پريا جامعلردە چوخ ايدى
مولود اوخونان يەردە شيطانا يەر يوخ ايدى

هەر جامع هەر تكيەدە روح گەليردى سوزلره
صباحا قادار يوخو هيچ گيرمەزدى گوزلره

مولود گونو هەركەسی شاد ئەدینجە يارادان
دییەللەردی كور اولسون شیطان چیخسین ارادان

صباح ئونجەسی سولتان مظفر ياتمیش ايدی
پیغەمبەر رۆياسينا گەلدی و اونا دەدی

دوغروسو بو دییرەم يانیما گەلمەسەو سەن
ئەگەر گەجیكیرسەو دە قالمارام بیتەرەم مەن

دورما هەمەن يولا دوش ئەركەن مدینەيە گەل
مەنی قورتار بو ايكی لعینین ئەلیننەن ال

ايكیسینین صفاتی چيركين موردار چەهرەلی
ضعیف بويلاری قیصا عینی كوپوک مپالی

فیرەنكتیلر صاقالسیز قیرمیزیدی رەنكلری
ئەگەر دقت ئەتسەوز صاپ صاريدی توكلری

جامع حجرەسیندەلر يەرلری دە چوخ متین
گیزلیجە چالیشیرلار قازارلار يەرين دیبین

مقصدلاری وار مەنی بو قبردەن السینلار
فیرەنكلرين ايچیندە میتیمە اود صالسینلار

دهشتيننه‌ن اوياندی باختی دوروم اغيردی
هه‌مه‌ن ايشلره باخان وزيرينی چاغيردی

گوردوغو رۆياسينی وزيرينه انلاتتی
عاقل وه‌زيرسه يولا چيخماغی ئوگه اتتی

او دەمده سفر ايچين حاچرليغا أمر ئه‌تتی
التون يوكلو كه‌روانلا او شهره دوغرو گيتتی

حرصيننان ئه‌ن ته‌ز واخت مدينه‌يه اولاشتی
گوزلری قاننان دولو هه‌ر بير يانی دولاشتی

أمر ئه‌تتی بوتون شهر أهلی بورايا گه‌لسين
داغيتيلان باغيشتان هه‌ركس پايينی السين

بو ايشته دقتينی اولوپ بيته‌نه سه‌ردی
هه‌ر گه‌له‌نه بير باختی بير اووچ التون وه‌ردی

بو باغيشتان بير تورلو ميراز حاصل اولمادی
داها كيم قاليش ده‌دی كيم الماغا گه‌لمه‌دی

ده‌ديله‌ر ايكی ژات وار كی باغيشا گه‌لمه‌زلر
بونو يانليش بيليرله‌ر اونلار باغيش المازلار

اولور اولماز ايكى ذات گەلمەلەرى گەرەكتى
باغيشتان پايلارينى المالارى گەرەكتى

او ايكى گوزو ماوى فيرەنك گەلديغلرى ان
دوشته انلاتيلديغى كيميندى او ايكى جان

اونلارى گورونجه ده گيولى خوش اولدو بيردەن
غملرى گيدينجه ده قورتولدو هەپ كدردەن

يەر يوردووز هاردادى بونو قافايا قوردو
شهردە اوتوروسوز يوخسا دا كويدە صوردو

دەديلەر شهرلييغ هەم عرپلردەنيغ بيز
دينه خژمت ئەتمەغتى سورەكلى هەر ايشيميز

اوشاغليغتان هەر ايى ايشه ئوگرەنەن قولوغ
حجرەدە اوتوروروغ خير أهلينه اوقولوغ

حجرەلرينه دوغرو گيتتى ايچەرى گيردى
تاختانى گورونجه ده هەمەن تاختانى قيردى

تاختانين التى چيقور توپراغين ديبى ايدى
هەم ده پايا پايالى مەرديوان گيبى ايدى

حجرەدەن چیختی أمیر اصلان کیمین قاپیشتی
هەر ایکی لعینین ده یاخاسینا یاپیشتی

اونلاری صوپا ایله روچه ئوگونده ییختی
دوغرو دییەنه قادار بوغازلارینی صیختی

دەدیلەر کافیریغ بیز أهلیمیز ایسه فیرەنک
فدائییغ ئولومه یاخون بیزدەکی اورەک

اوغراشیردیغ بیزلرچین باشا گیتسەیدی بو ایش
رسولو یانیمیزا الیپ الیردیغ باخشیش

هیچ بیر کیمسه بیلمەدەن اونو اوردا یاندیراغ
ایمانی گوچلو اولسون تا کافری قاندیراغ

خیزلا هەر ایکیسینین ئەل ایاغین باغلادی
اعداملاری ایچین ده بیر ده اورتام صاغلادی

توپلانان اهالینین گوزو ئوگونده دوردو
قیلینجینی چەکەرەک ایکسینین بوینون ووردو

تکرار اولماسین دییه بو قناعته یەتتی
روضەنین أطرافینا سد یاپماغا أمر ئەتتی

دەرينليغ ييرمی ارشين اون ايكی ايسه ئەنی
دەميردەن دوشەنينجه محكم اولدو هەر يانی

حق حبيبی صلاتتان هەر دەم الينجا ديله
جمله مقصودە واردی مولود حرمتی ايله

ايستەرسەو اخرتته قاووشاسان صفايا
گونده يوز بير صلات وەر محمد مصطفايا
(اللهم صل علی سيدنا محمد و علی اله و صحبه و سلم)

أربيل شهری سولتان اوغلوو مظفر
بەللی اولدو ئەليندە هەر دەم ظفر
مدينەيه ئەيلەدی صون بير سفر
كوتولردەن پيغەمبەری قورتاردی
دونەنلره دوغرو يولو گوستەردی

**أربيل شهرينده يايغين بير روايت واردير كی، پيغەمبەر ئەفەنديميز (ص) سولتان مظفرالدين گوكبورونون رۆياسينا گيرميش و اوندان مەزارينا كوتولوك**

**ئەدەنلــردەن اونــون مبــارک جســدینی قورتارماســینی بویورمـوش. سـولتان مظفرالدیـن ده أربیلـدەن اوردوسـویلا مدینەیــە گیــدەرەک بــو کوتــو ایشــە قالقــان کیمســەلری یاقالایــاراق جزالاندیرمیشــتیر.**

* حکایەتــی خەونــی پێغەمبــەری ئیســلام لەلایــەن ســوڵتان مظفرالدیـن گۆگبـۆرو، کـە لەلایـەن مامۆسـتا رەشـاد موفتیـەوە وەکـو شـیعر داڕێـژراوە، لـە کتێبـی مەولـود نامـەی کوردیـەوە، وە لەلایــەن حیســام حەســرەت، شــاعیری تورکمانــی شــاری هەولێـر وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی تورکمانـی.

# سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوە

١- هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگییەکاندا، دکتۆر موحسین موحەممەد حوسێن، بڵاوکراوەکانی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٠ ژمارە ٧٥

٢- هەولێرم وا بیستووە وا سەرچاوەی گرتووە، سەید مەولود بێخاڵی، بەرگی چوارەم هەولێر ٢٠١٠

٣- مەولودنامەی کوردی، ڕەشاد ئەفندی چاپی هەشتەم، ٢٠٠٦ هەولێر

٤- چەند توێژینەوەیەک لە مێژووی کورددا، دکتۆر موحسین موحەممەد حوسێن، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٩٩، هەولێر ٢٠١٣

٥- دوو دانە لە مەولودنامە بە زمانی تورکمانی کە مێژوویە کەیان دەگەڕێتەوە، ساڵانی ١٩٣٠ لە کەرکووک چاپکراون، لەلایان مامۆستا و پارێزەر یونس عەبدوڵڵا حەداد- پارێزرابوون .

٦- المدارس العلمية و دورها فی الاعداد العلماء و الدعاة في اربيل، بلال ملو برخال البرادوستی، ٢٠١٨

٧- مجاهدالدين قايماز نائب اربد و الموصل، الدكتور صادق احمد داود جودة دار عمار، الاردن، مؤسسة الرسالة ١٩٨٥

٨- اربيل، دراسة تاريخية، مجموعة مؤئرخيين باشراف الدكتور محسن محمد حسين، دەزگای ئاراس ٢٠١٢

٩- بحوت في التاريخ الكردي، دراسة حول اربيل .. صلاح الدين يوسف، ابن اتير و غيرها، للكاتب دكتور محسن محمد حسين، انتشارات اكاديمیای كوردی ٢٠١٢ .

١٠- اربيل –هەولێر بين الماضی و الحاضر – مديرية دار الكتب للطباعة و النشر جامعة الموصل-١٩٨٦

١١- ابن اسير – الكامل فی التاريخ

١٢- ابن خلكان- وفيات الاعيان وانباء ابنا الزمن

١٣- ابن العماد الحنبلي – شدرات الذهب فی اخبار من الذهب

١٤- ابن واصل- مفرج الكروب فی اخبار بنی ايوب

١٥- سبت ابن الجوزی- مراە الزمان فی تاريخ الاعيان
١٦- دكتور اميد ابراهيم جوزەلی – تاريخ الترک و التركمان فی اربل- مكتبە التفسير- ٢٠١٩
١٧- الدكتور رامز عزيز – سرد التاريخ اربيل - (زانياری لە ڕێگای كاک عوسمان موفتيەوە) .
١٨- صنعان احمد اغا، اصالە التركمان، اربيل، ٢٠١٧
١٩- اربيل المدنية السلجوقية بلغة التركية (للكاتب محرم گەرميانی) انقرە ٢٠١٤
Erbil selcuki medanetti muharram garmyanli ankara 2014
٢٠- تاريخ الموصل، سليمان الصائغ ١٩٢٦، جزء الاول و الثاني
٢١- مێژووی موسيقای كوردی- دكتور محمد حەمە باقی – ئاكاديميای كوردستان
٢٢- ارشيف الدكتور ناصر الحارسی- السعوديە- جامعە الملک عبدالعزيز
٢٣- چەند توێژينەوەيەک لە مێژووی كورددا، دكتۆر موحسين موحەممەد حوسێن، بڵاوكراوەكانی ئەكاديميای كوردی، ژمارە ١٩٩، هەولێر ٢٠١٣
٢٤-تاريخ الموصل –كوركيس عواد – بغداد چاپخانەی النهزە -١٩٣٤
٢٥- جامع الحنابلة- الموزةفةری- بصالحية جبل قاسيون , الدكتور محمد موتيع الحافيز- بيروت ٢٠٠٢

بێجگە لەو سەرچاوەو كتێبانە، سوودم لەچەندیین ماڵپەڕی ئەلكترۆنی و فەيسبووكی چەند كەسايەتيەكی هەولێر وەرگرتووەو هەروەها وێنە و بەڵگەنامەكانيانم بەكارهێناوە .



Sultan Muzaffereddin Gökbörü
Selçuklu Komutan ve Erbil Atabey Sultanı
1144-1232



السلطان مظفرالدين كوكبورو– امير اربل
دراسه تاريخية– سياسية
وزارة الثقافة و الارشاد القومي– المؤسسة المصرية العامة
للتاليف و الترجمة و الطباعة و النشر – القاهرة – سنة ١٩٦٣

زنجيرەی «اعلام العرب»
٣٢

# موزەفەرەددين گۆگبۆرۆ
# میری ئەربڵ

لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی
لە سەر ژیان و حوکمی سوڵتان موزەفەرەدین زەینەدین عەلی کوچوک

نووسینی
عەبدولقادر ئەحمەد توڵەیمات

وەرگێران و ئامادەکردنی
خەسرەو پیربالْ القصاب

کوردستان – هەولێر ٢٠١٩

## چەند تێبینیەکی پێویست دەربارەی کتێبی السلطان مظفرالدين كوكبورو- امير اربل - دكتۆر عبدالقادر احمد تولەیمات

نووسەر و مێژوونووسی میسڕی، عبدالقادر احمد تولەیمات، لە سالانی شەست، هەستاوە وە لە چوارچێوەی زنجیرە کتێبێکدا، لەلایەن دەزگای اعلام العرب بلاوبۆتەوە کە کۆی بلاوکراوەکانیان دەگاتە ١١٠ کتێب، لەسەر کەسایەتی و ناونیشانی گرینگی جیهانی اسلامی و فیکر و فیقهی اسلامی، چەند نووسەرێکی تریش دەربارەی هەمان بووار، کتێبیان نووسیوە.هەر کەسایەتیەک، خزمەتی فیکر و تێڕوانین و مێژووی اسلامی هەبووبێت، ئەوە کتێبیان لەسەر نووسیوە.

ئەوەی پەیوەست بێت بە دەقی بلاوکراوەی ئەم کتێبەی مێژوونووس عبدالقادر تولەیمات، من هەولی تەواوم داوە، کە بە ئەمانە ت و وەکوو خۆی بیکەمە کوردی، وە بەندە بەرپرس نیم لە هیچ نووسین و بۆچوون و وشەیەکی ئەم کتێبە، نووسەری کتێبە کە بەرپرسە لەو نووسین و لێکۆلینەوە یە، پاشان وەکوو خۆی کراوەتە کوردی.

ئەم کتێبە هیچ وێنەیەک و نەخشە و زانیاریەکی تێدانەبوو، تەنها لە دوو توێی کتێبێکدا، نووسەر لێکۆلینەوەیەکی کردبوو لە سەر ژیان و کەسایەتی و بارودۆخی ئەوکاتی ئیمارەتی اربیل و حوکمی سولتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرو.

بە کوورتیەکە ی کتێبەکەی عبدالقادر احمد تولەیمات،

شایستەی گەورەیی و گرینگی ئەو کەسایەتیە و مێژووی دێرین و پڕ شکۆی هەولێر و هەولێریەکان نەبوو، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی، جگە لە نووسینی کتێبێک و لێکۆڵینەوەیەکی تر لەسەر سوڵتان موزەفەرەدین، چەند بەڵگەنامە و وێنە و زانیاری تری گرینگیش بڵاوبکەمەوە.

**خوێنەری بەڕێز،**

تکایە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە رەچاوی ئەو وردەکاری و ئەو خاڵانە بکە:

١- لەوەرگێڕانی کتێبەکەدا هەوڵمداوە شێوازی نووسینی مێژوونوس و نووسەرە عارەبەکەی، بەپێی گونجان، بپارێزم.

٢- وشەکانی (جیهاد)، (ئیمارەت)، (وەصی)م، نەگۆڕیون بۆ ئەوەی ماناکانیان نەگۆڕێ. ناوی (فقها)م کردووە بەئاییناس و (موحەدسین) فەرموودەناس. وشەی دابڕێنراوم لەجێی (ئیقتاع) داناوەو لەشوێنی گونجاویش وشەی (دەرەبەگ).

٣- بۆ ناوی (غیلمان) هەندێکجار مێرمنداڵ و هەندێکجاری دی وەکو خۆیم نووسیوەتەوە.

٤- وشەی (مملوک) و (موالی)م کردووە بە(بەندە) نازانم تا چەند یەکدەگرنەوە.

٥- شیعرەکانم وەکو خۆی نووسیوەتەوەو تەنیا بەکورتی ماناکەم لێکداوەتەوە.

٦- نووسینە کۆنەکانی وەکو نامەکانی سەلاحەددین کە بەشێوازی (سەجەع)ی عارەبی کۆن نووسراون، تەنیا

ماناکەیم کردووە بەکوردی و بەکورتی، چونکە ئەو شێوازە نووسینە لەکوردیدا نیە.

٧- ناوی شوێنەکانم وەکو خۆی نووسیوەتەوە، ئەگەر کوردیەکەیم دەستکەوتبێ لەتەنیشتیەوە دامناوە، بۆ نموونە: (شممالک)، (شەمامک). ناوی (ئەربل)م وەکو هی نووسەر داناوەو نەمگۆڕیوە.

٨- ناووناوبانگە عارەبیەکانم بەرێنووسی کوردی نووسیوەتەوە، بۆ نموونە: موزەفەرەددین...

٩- پەراوێزەکان ئەوەی کرابێ وەرمگێڕاون و هەندێکیانم وەکو خۆی نووسیوەتەوە.

١٠- ناوە کۆنە تورکمانیەکانم، گەڕاندۆتەوە سەر بنەڕەتەکەی خۆی، وە هەوڵمداوە بە زمانێکی ئاسان کتێبەکە ئامادە بکەم.

ئەم کتێبەی عبدالقادر احمد تولەیمات، تاقە کتێبێکە کە لەلایان زنجیرە کتێبەکانی- اعلام العرب- بڵاوکراوەتەوە، بە ئەمانەتەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، ئێمە بەربەرس نیین، لە سەر هیچ تێڕوانیین و بۆچوون و هەڵوێستی نووسەر، دیارە ئەم کتێبە لە ساڵانی شەست نووسراوە، وە بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاوکراوەتەوە .

العبد الفقير الى رحمة الله تعالى

خەسرەو پیربالٚ القصاب

هەولێر ٢٠١٩ /٣/١٠

## پێشەکی

ئایـا موزەفەرەددیـن گۆگبـوروو لەگۆشـت و خوێنـی عەرەبانـە هەتـا بەعەرەبـی دانێیـن و سـەربردەی ژیانـی لەزنجیـرەی ناودارانـی عەرەبـدا بڵاوبکەینـەوە؟ یـان لەگۆشـت و خوێنـی تورکمانانـە، هـەروەک بەشـێک لەناوەکـەی نیشـانی دەدا. بۆیـە دەبـێ لەنـاو کۆمەڵـی عارەبانـدا دەربهێنـرێ و سـەربردەی ژیانـی لەزنجیـرەی ناودارانـی عەرەبـدا بڵاونەکەینـەوە..؟
پێـش وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە، دەپرسـین: ئایـا مەرجـە لـەو پیـاوەدا کـە لەگۆشـت و خوێنـی عـەرەب بـێ هەتـا بەعـەرەب دابنـرێ؟ یـان ئـەوە مـەرج نیـە، چونکـە ئـەو بنەمایانـەی کـە لەگـەڵ عارەبانـدا هاوتـای دەکـەن و شـان بەشـانی ئـەوان لـەزۆر لەوانـەی عـەرەب هەیانـە رادەوەسـتێ.؟
پێـش وەڵامدانـەوەی ئـەم دوو پرسـیارە، دەمـەوێ هـۆکاری ورووژاندنـی پرسـیاری بەعـەرەب بوونـی موزەفەرەددیـن روون بکەمـەوە چونکـە هـی وامـان هەیـە رای لەبڵاوکردنەوەی سـەربردەی ژیانـی (ئەلزاهیـر پیپـرەس) نەبـووە لەنـاو زنجیـرەی ناودارانـی عەرەبـدا لەبـەر ئـەوەی «ئەلزاهیـر پیپـرەس» –لەدیـدی راڵێنەبووانـدا– بەبنەچـە چەرکەسـی بـووەو عـەرەب نەبـووە. لێـرەدا مـن ویسـتوومە دیـاری بکـەم کـە کـێ عەرەبـە، نـەک بـەڕای خـۆم، بەڵکـو بـەڕای

پێغەمبــەری عارەبــی موحەمــەدی کــوڕی عەبــدوڵا (د) کــە لەوتارێکــی گشــتگیردا بــۆ موســوڵمانان دیــاری کــردووە کــە کــێ عەرەبــە و دەڵــێ:
«ئــەی خەڵکینــە، خودامــان یەکــە، ئایینمــان یەکــە، باوکمــان یەکــە، ئــەوەی بەکردەوەکانــی پێــش بکــەوێ ئــەوا بنەچەکــەی دوای ناخــا، ئەوەیــش یەکــردەوە دوا بکــەوێ ئــەوا بنەچەکــەی پێشــی ناخــا. هەرکەســێکی کــە هاتــە نــاو ئــەو ئایینــەوە ئــەوە عەرەبــە» [1]
وە لەبــەر ئــەوەی پێناســەکەی پێغەمبــەری عارەبیمــان (د) بــۆ بەعەرەببــوون هێنایــەوە، بەپێویســتی دەزانیــن کــە ئــەو بۆنەیــەش وەبیربێنینــەوە کــە ئــەو پێناســەیەی تێــدا کــراوەو هۆکارەکــەی چیبــووە، بــۆ ئــەوەی بیروڕایەکــە بەهێزتــر و لەنــاو مێشــکدا چەســپتر بــێ.
دەگێڕنــەوە کاتێــک کــە هاوەڵــی پایەبــەرزی پێغەمبــەر (د) «ســەعد کــوڕی ئەبــی وەقــاس» لەســەردەمی پێغەمبــەردا (د) دەچێتــە نــاو مزگــەوت بــۆ نوێژکــردن، دەبینــێ «ســەلمانی فارســی و ســوهەیبی ڕۆمــی و بیلالــی حەبەشــی و ســالمی فارســیی بندەســتی ئەبــو حوزەیفــە» هەموویــان پێکــەوە لەبازنەیەکــدا دانیشــتوون و قســان دەکــەن. ســەعد دەســت بەنوێژەکــەی دەکا و لەکاتــی نوێــژدا گوێــی لەعارەبێــک

---

١- القرب فی محبه العرب، ل ٢٧.

(ئەعرابیـەک) دەبـێ بەگاڵتەپێکردنـەوە پێیـان دەڵـێ: هـا. کۆمەڵـی بێگانـان[1] دیسـان بازنەتـان بەسـتووە، هـەر دەڵێـی ئـەوس و خەزرەجـن..؟ [2]

سـەعد کـە ئـەو قسـەیەی گـوێ لێدەبـێ لـەلای قـوڕس دەبـێ و نوێژەکـەی خێـرا دەکا و کـە لێدەبێتـەوە دەچێتـە لای عارەبەکـە و یەخـەی دەگـرێ و بەتونـدی خـۆی لـێ تـووڕە دەکا و پێـی دەڵـێ: هـەی دوژمنـی خـۆت، کـوو ئـەو قسانە بەهاوەڵانـی پێغەمبـەر (د) دەڵێـی؟! ئەوجـا پەلکێشـی دەکاتـە لای پێغەمبـەر (د) و ئەمـەی بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە بـەو هاوەڵانـەی گوتـووە. ئـەوە لـەلای پێغەمبەریـش (د) زۆر گـران دەبـێ، بۆیـە موسـڵمانان کۆدەکاتـەوەو ئـەو وتارەیـان بـۆ دەدا کـە باسـمان کـرد. [1]

کەوابـێ عـەرەب هـەر ئـەوە نیـە کـە بەتەنیـا لەبنەچـەی عارەبـان بـێ بەڵکـو ئەوانـەش بەعـەرەب دادەنرێـن کـە هاتوونەتـە نـاو ئیسـلام کـە ئایینێکـی عارەبیـە. ئەوانـەش کـە زمانـی عەرەبیـان کردۆتـە زمانـی خۆیـان کـە زمانـی عارەبانـە. وە هـەر کەسـێکیش کـە بـۆ پاراسـتنی ئیسـلام و لەسـەر خاکـی ئیسـلام کاری کـردووە بەعـەرەب دەژمێـردرێ. ئەوەتـە «ئەلزاهیـر پیپـرەس» هەمـوو ئـەو پاشـخانانەی هەبـووە، کەوابـێ بەعـەرەب دادەنـرێ.

١- وشە عەرەبیەکەی (العلجە)یە کە بەمانای گاور یان رۆمی دێ.
٢- لێرەدا دەیـەوێ بـەوە شـەرمەزاریان بـکا کـە ئـەوان عـارەب نیـن هەتـا وەکـو عەرەبـن دابنیشـن. ئـەوس و خەزرەجیش دوو هـۆزی عەرەبـن.
١- القرب فی محبە العرب ل ٢٧.

بەبیروبـــاوەڕ موســـڵمان بـــووە، زمانەکـــەی عەرەبـــی بـــووە، باشـــترین خەباتـــی (جیهـــادی) لەپێنـــاو ئیســـلام و ســـەروەریەکانی ئیســـلام و خاکـــی موســـڵماناندا کـــردووە. مێـــژووە پڕســـەروەریەکەی گەواهـــی ئـــەوەی بـــۆ دەدا.

وە «موزەفەرەددیـــن گۆگبـــورووو»ش کـــە خاوەنـــی ئـــەو سـەربردەیەیە، ئەویـش هەمـوو ئـەو پاشـخانانەی هەبـووە، وەکـو لەگێڕانـەوەی سـەربردەی ژیانیـدا دەیبینیـن. ئەویـش بەبیروبـــاوەڕ موســـڵمان بـــووە، بەموســـڵمانی لەدایـــک بـــووەو بەموســـڵمانی مـــردووە. زمانـــی عارەبیـــی کردۆتـــە زمانـــی قســـەکردنی خـــۆی و زۆر بەباشـــیش خوێندنـــەوەو نووســـین و گوفتـــاری بـــەو زمانـــە کـــردووە. بەشـــداربووە لەبەرگریکـردن لەئایینـی ئیسـلام و سـەروەریی ئیسـلام و خاکـی موسـڵمانان، ئەویـش بەبەشـداربوونی لەشـەڕەکانی دژی خاچپەرســـتەکان.

ســـەرباری ئەوانـــە، فەرمانڕەوایەتیەکـــی موســـڵمانانەی وڵاتەکـــەی کـــردووە. هەمیشـــە لایەنـــی خودایـــی گرتـــووە لەگـــەڵ بندەســـتەکانی و باشـــترین سیاســـەتی لەگەڵـــدا پەیـــڕەو کـــردوون. لەفەرمانڕەوایەتیەکەیـــدا دادپـــەروەر بـووە، بایەخـی بەبەرژەوەندیـی خەڵـک داوەو کەمتەرخەمیـی نەکـــردووەو دەســـتی ســـتەملێکراوانی گرتـــووەو لەدەســـتی ســـتەمکارانی داوە. هـــەر ئەوەشـــە ئـــەو فەرمانڕەوایەتیـــەی کـــە ئیســـلام باگەشـــەی بـــۆ دەکا و پێغەمبـــەری موســـڵمانان (د) داوای دەکا.

پاشــان، بۆچــی موزەفەرەددیــن گۆگبــورووم بــۆ بابەتــی ئــەو کتێبــە هەڵبــژاردووە؟

وەڵامــم بــۆ ئەمــەش ئەوەیــە: موزەفەرەددیــن گۆگبــوروو بەچەنــد هۆیــەک منــی بــۆ ئــەو کارە راکێشــاوە:

وەکو دەسـەڵاتدار، بینیوومـە کـە دەسـەڵاتدارێکی رووناکبیـر بـووەو شـەڕ و پشـێویە باوەکانـی سـەردەمەکەی رێیـان لێـی نەگرتــووە کــە گرنگیــی بەبەرژەوەندیەکانــی ئیمارەتەکــەی «ئەربــل» بــدا، ئــەو شــارە نەناســراوەی – پێــش ئــەوەی ببێتــە فەرمانــڕەوای- گۆڕیــوە بــۆ یەکەیەکــی سیاســی کــە جێــی پەنجــەی لەڕووداوەکانــی ســەردەمدا دیاربــێ و قەوارەیەکــی سیاســیی ســەربەخۆی بــۆ دامەزرانــدووە.

هەروەهـا بینیـم کـە ئـەو شـارە پشـتگوێخراوەی بەدرێژایـی مێـژووی ئیسـلام و کەمێکیـش پێـش ئـەوە، کـردە شـارێکی پڕئاوەدانــی و بیناســازی و کشــتوکاڵ و بازرگانــی تــا وایلێهــات ســەرنجی هەمــوو ئەوانــەی رادەکێشــا کــە لەســەردەمی ئــەودا دەیانبینــی یــان بــۆ ماوەیەکــی درێــژ تێیــدا دەمانــەوە.

هەروەهــا لێمبینــی کــە بایەخێکــی ئەوەنــدە زۆری بەدانیشـتووانەکەی داوە کـە جێـی تێڕامانـە. تێبینیـی ئـەوەی کردبـوو کـە چەنـد نەخۆشـیەکی تەندروسـتی و کۆمەڵایەتیـی تێدابـووە، وەکـو پیاوێکـی بیرکـراوە دەسـتی بەچارەکردنیـان کـردووە. نەخۆشـخانەی بـۆ نەخۆشـان کردۆتـەوە، پەناگـەی بـۆ نابینـا و بێـوەژن و هەتیوانـی تەمـەن گچکـە و منداڵـی

هەڵگیراوە (بیژی، زۆڵ) دانـاوەو پارەیەکی زۆریشی بۆ ئـەو دامـەزراوە مرۆڤایەتیانـە تەرخـان کـردووە. هەروەهـا بایەخیشی بەخوێنـدن داوەو قوتابخانـەی دروسـتکردووەو مامۆسـتا و زانایانـی لەخـۆی نزیـک کردۆتـەوەو ڕێـزی گرتـوون و چاکـەی لەگەڵـدا کـردوون، بۆیـە ئەوانیـش هەمیشـە لەگەڵـی بـوون و ڕەنگێکـی جوانیـان لەڕۆشـنبیریی ئاییـنی و ئەدەبـی بەکۆمەڵەکـەی بەخشـیووە.

وەکـو مرۆڤیـش ئـەوەی کـە منـی پـێ سەرسـام بـووە ئـەو هەسـتە ناسـک و نەسـتە دڵفراوانـە و مرۆڤایەتیـە بـەرزەی بـووە. هەمیشـە چاودێریـی کەسـانی نـاو پەناگاکانـی کـردووەو بەخـۆی سـەری لێـداون و پرسـیاری کەموکورتیەکانـی کـردووەو بۆیانـی تەواوکـردوون و ئەوەشـی کـە بێـزاری کـردوون لایبـردووە. هـەر ئـەو هەستە مرۆڤانـە دڵفراوانەیـەی بـووە کـە منـی هەژانـدووەو جێـی سەرسـامیم بـووە، وەکـو چـۆن دەبێتـە جێـی سەرسـامی و بەرزنرخاندنـی لەلایـەن خوێنـەری سەربردەکەشـیەوە.

سـەرباری ئـەو هەمـوو جـۆرە چاکانـەی کـە بەسـەر هـەژار و دەسـتکورتان لەبۆنـە ئایینیەکانـدا دەیباراند بـێ ئـەوەی داوای لێبکـەن، چاکەکانـی بەدرێژایـی سـاڵانی ژیانـی وەکـو فەرمانـڕەوا بەسـەر گەلەکـەی بـەردەوام بـووە. ئەوجـا مرۆڤدۆسـتیەکەی لـەوەش دوورتـر ڕۆییـە و لـە «ئەربـل» دیوەخانەیەکـی دامەزرانـدووە کـە تێیـدا میواندارییـی هـەر کەسـێکی دەکـرد کـە بـەو شـارەدا تێپەڕیبـا و لـەوێ

خـۆی و وڵاخەكـەی دەحەسـانەوەو پاشـان بەسوپاسـەوە لەگەشتەكەیدا بـەردەوام دەبوو دوای ئـەوەی پێویستیەكانی رێـگای -بەبـێ بەرامبـەر- بـۆ دابیـن دەكـرا كـە بەشـی ئـەوەی بكا تـا دەگاتـە ئـەو شـوێنەی كـە مەبەستی بـووە. سـەرباری ئـەوە، ژیانـە تایبـەت و گشـتیەكەی، لەهەردووكیانـدا ژیانێكـی سادە ژیـاوە، بەڵكـو ژیانێـك كـە زۆر لەسۆفیەتی نزیـك بـووە نـەك لەشێوازێكی دیكـە. هیـچ بایەخـی بەرووكەشیەكانی مـاڵ و ئیمـارەت نـەداوەو لەكۆشكی جـوان یـان مـاڵ و خانـووی بـاش نەژیـاوە، بەڵكو دانیشتنی لەقەڵاتـی شارەكە یـان لـەیەكێـك لەخانووەكانـی سـۆفیەتیدا بـووە. هـەر رۆشـنبیریە ئاینیەكەیشـی ئـەو جـۆرە ژیانـەی لـەلا خۆشەویسـت كـردووەو خۆشـترین و بەتامتریـن كاتەكانـی ئەوانـە بـووە كـە لەگـەڵ زانـا و فەقـێ و فەرموودەنـاس و سـۆفیەكاندا بەسـەری بـردووە. یـان ئـەو كاتانـەی كـە لەسـەر پشتی ئەسپەكەی لەشـەڕی دژ بەخاچپەرستەكان لەشـامێ بـووە.

دوای هەمـوو ئەوانـە، ئـەوەی كـە لەموزەفەرەددیـن پێـی سەرسـامم ئـەو رۆڵـە گەورەیەیەتـی كـە لەگـەڵ سـەلاحەدین لەبزووتنـەوەی خەباتـی بێپسـانەوە دژی خاچپەرسـتەكان گێڕاویەتـی -ئەوكاتـەی كـە خاچپەرسـتەكان كێشـەی ساتەوەخت بـوون بـۆ جیهانـی ئیسـلامی بەگشـتی- لـەوەدا بەشـداریی سـەركەوتنە گەورەكانـی سـەلاحەدینی كـردووە بەسـەر خاچپەرسـتەكاندا.

ئەگەرچی ئەو كتێبە بۆ قسەكردن لەسەر موزەفەرەددین تەرخان كراوە، بەڵام باسی خانەوادەكەشی دەكا: باوكی و براكەی، چونكە بەبێ ناساندنی خانەوادەكەی قسەكردن لەسەر موزەفەرەددین تامی نابێ، بەتایبەتیش كە باوكی یەكەم كەس بووە كە فەرمانڕەوایەتی «ئەربل»ی كردووە، پاشان براكەی «زەینەددین یوسف» ئەوجا دوای ئەو خۆی فەرمانڕەوایەتی كردووە. سەرباری ئەوەی باوكی و براكەی بەشداریی رووداوەكانی سەردەمەكەیان كردووە، باوكی رۆڵێكی گەورەشی گێڕاوە لەسەرهەڵدانی دەوڵەتێكی گەورە كە دەوڵەتی كوڕانی زەنگی «بنی زنكی» بووە لە موسڵ و شام و میسردا. كەوابێ زۆر پێویستە بەشێكی تایبەتی بۆ باوكی موزەفەرەددین و براكەی و ئەو خزمەتانەی كە لەسەردەمەكەدا پێشكەشیان كردووە تەرخان بكەین.

لەدوای ئەوە هیوادارم كە سەركەوتووبووبم لەپێشكەشكردنی شتێكی بەسوود.

**هەر خوداش لەپشت مەبەستەكەمانەوەیە.**

**والله من وراء القصد...**

عەبدولقادر ئەحمەد توڵەیمات

میسری جەدیدە لە مانگی رەجەبی ١٣٨٣ بەرامبەر بەمانگی نۆڤامبەری ١٩٦٣.

# بەشی یەکەم

# لەدایکبوونی ئیمارەتێک

قـەوارەی سیاسـیی جیهانـی ئیسـلامی لەسـەتەی شەشـەمی کۆچـــی (دوازدەیەمـــی زایینـــی) بریتـــی بـــوو لەیەکـــەی گـــەورەی هەرێمایەتـــی و یەکـــەی گچکـــەی شـــار. دیارتریـــن ئـــەوەی لـــەو یەکـــە هەرێمـــی و شـــاریانەی کـــە دەیبینیـــن ئەوەبـوو کـە لـەڕۆژاوای بەغـدای ناوەنـدی خەلافـەت بـوو: لەعێـراق، جەزیـرە، شـام.[1] ئەوانـەش کـە لەڕۆژهەڵاتـی بەغـدا بـوون: لەفـارس و خوراسـان و هیدیکـە: چونکـە بـەزۆری یەکـەکان هەبـوون. هـەر ئەوەبـوو رووی ئاشکرای لەتوپەتبوونـی دەوڵەتـی گـەورەی ئیسـلامی بـۆ دەوڵـەت و فـرە دەوڵەتۆکـە.

لەتوپەتبوونـــی یەکگرتوویـــی جیهانـــی ئیســـلامی هـــەر لەســـەردەمی دووەمـــی عەباســـیەکانەوە دەســـتی پێکـــرد، کاتێـــک کـــە والیـــی دەستڕۆیشـــتوو بەهـــۆی لاوازیـــی خەلیفەکانـەوە پەیدابـوون. ئەوانـە دەوڵەتـی هەرێمایەتیـی گەورەیـــان دامەزرانـــد، یـــان ئـــەوەی کـــە ئـــەورۆ پێـــی دەڵێیـــن فەرمانڕەوایـــی بنەماڵـــە. ئیـــدی هـــەر هەرێمێـــک بنەماڵەیەکـــی دەستڕۆیشـــتوو فەرمانڕەواییـــی دەکـــرد کـــە بێجگـــە لەئایینەکـــە هیـــچ شـــتێکی دیکـــە بەخەلافەتـــی نەدەبەسـتایەوە. هەرچـی پەیوەندیـی نێـوان بنەماڵەکانیـش بـوو ئـەوا پەیوەندیـی رکابەرایەتـی و یەکتـر کوشـتن بـوو لەپێنـــاو دەســـتکەوت و فراوانخـــوازی.

١- لێرەدا مەبەست لەشام سوریا و لوبنان و فەڵەستینە.

مێژوونووسی ئەو سەردەم «ئیبن مەسکەوەیهی» ساڵی ٣٢٤ بەو ساڵە دادەنێ کە لەتوپەتبوون گەیشتە ترۆپکی. ئەوکات بەسڕا لەدەست «ئیبن رائیق» و خوزستان لەدەست «ئەلبریدی» و فارس لەدەستی «عیمادەددین بن بوەیە» و کرمان لەدەست «ئەبی عەلی محەمەد بن ئەلیاس» و رەی و ئەسفەهان و جەبەل لەنێوان هەر یەک لە «روکن ئەلدەولە بن بوەیە» و «وەشمگیر» کێشەی لەسەر بوو و خوراسان و ئەودیو زێ (ما ورا النهر) لەدەست «نەسر بن ئەحمەدی سامانی» و تەبەرستان و گورگان لەدەستی «دەیلەم» و موسڵ و دیاربەکر و موزەڕ و رابیعە لەدەست «بەنی حەمدان» و میسر و شام لەدەست «محەمەد بن تەغەجی ئەخشیدی» و بەحرین و یەمامە لەدەست «ئەبی تاهیر ئەلقەڕمەتی» و مەغریب و ئافریقیا لەدەست خەلیفەی فاتمیەکان «ئەلقائیم بیئەمریلـلا» و ئەندەلوس لەدەستی «عەبدولڕەحمان بن محەمەدی ناسراو بە ئەلناسڕ ئەلئەمەوی» بوو. [1]

بارودۆخەکە ئەوها مایەوە هەتا بنەماڵەی سەلجووقیەکان لەساڵی ٤٣٢ی کۆچی (١٠٤٠ ز.) پەیدا بوو. ئەوان فەرمانڕەواییی رۆژهەڵاتی ئیسلامیان لەجیاتی خەلیفەکانی عەباسیان گرتە ئەستۆ. توانیان زۆربەی هەرێمەکانی رۆژهەڵات[2] بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بەوەش ئەو

١- تجارب الامم، بەرگی ٥/ ل ٣٥٣.
٢- مەبەست لەڕۆژهەڵات ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دەریای ناوین.

بەشەی جیهانی ئیسلامی گەڕایەوە سەر ئەو یەکگرتووییەی کە پێشتر لەسەری بوو، بەتایبەتیش لەسەردەمی سوڵتان «مەلەکشا» گەورەی سوڵتانەکانی نەوەی سەلجووق (٤٦٥ – ٤٨٥ك = ١٠٤٢ – ١٠٩٢ز.)، بەڵام هەرکە مەلەکشا مرد جارێکی دیکە لەتوپەتبوونی یەکگرتووییەکە سەری هەڵدایەوەو ئەوجارە بەشێوەیەکی فراوانتر، چونکە سەرباری جارێکی دیکە گەڕانەوەی دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان –یان دەوڵەتی بنەماڵە– لەتەک ئەوانەدا شارە دەوڵەتیش لەناو دەوڵەتە هەرێمیەکاندا پەیدابوو. واتە زۆر لەو هەرێمانە بۆ یەکەی سیاسیی گچکە کەرتبوون کە هەریەکە میرێک بەشێوەیەکی سەربەخۆ فەرمانڕەوایی دەکردن.

ئەو سیستەمی دەربەگایەتیە سەربازیەی کە سەلجووقیەکان لەسەردەمی حوکمڕانیی خۆیاندا بڵاویان کردەوە بووە هۆکاری پەیدابوونی شارەدەوڵەت. سەلجووقیەکان سیستەمی دەرەبەگایەتیان بۆ ئەوە پەیڕەوکرد هەتا دەرەبەگایەتی (ئەو ناوچەیەی کە پێی دەدرا) جێی ئەو بەخشین و مووچەیە بگرێتەوە کە دەدرایە والیی هەرێمەکان و سەرکردە سەربازیەکانی.

ئەو سیستەمەدا جیاکاریی گەورەی تێدابوو بۆ دەرەبەگ، گرنگترینیان ئەو مافە بوو کە دەیتوانی فەرمانڕەوایی ویلایەتەکە یان هەرێمەکەی لەناوەوە وەکو سەربەخۆ بکا، لەگەڵ ئەوەش بۆی هەبوو شارەکانی ویلایەتەکە بەسەر سەرکردە سەربازی و فەرمانبەرە گەورەکانیدا لەجیاتی مووچە دابەش بکا. کە سوڵتان مەلەکشا مرد،

لەسەر هەرێمەکان والیی دەرەبەگ هەبوون. زۆربەی ئەو والیانە کێشە بنەماڵەییەکانی نێوان جێگرەوەکانی مەلەکشا لەسەر دەسەڵات و مولکایەتیان بەهەل زانی و هەریەکە سەربەخۆیی ویلایەتەکەی بۆخۆی ڕاگەیاندو پەیوەندیەکانی بەدەسەڵاتی ناوەندی بەرزەوە پچڕاند و بێجگە لە خەلیفە ملکەچی کەسێکی دیکە نەدەبوو. ئەویش هەر ملکەچیی ئایینی بوو لەبەر پێگەی ئایینیی خەلیفە هەتا گەیشتە نیوەی سەتەی شەشەم جیهانی ئیسلامی بەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە بریتی بوو لە ویلایەتە هەرێمی و شاریەکان.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە پەیدابوونی شاری «ئەربل»ی لەبیرکراوبوو وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ لەکۆتاییەکانی سەتەی شەشەمی کۆچیدا.دەرکەوتنەکەشی لەڕێگەی دەرەبەگایەتیەکی هەرێمی بوو کە هەرێمی موسڵ بوو، چونکە پێش ئەوەی وەکو یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دەرکەوێ تەنیا شارێکی نادیاربوو لەناو هەرێمی موسڵدا. میری هەرێمەکە «عیمادەددین زەنگی» دایبڕی بۆ سەرکردە «زەینەددین عەلی بن باکتەکین» لەساڵی ٥٢٦ ک (١١٣١ز). ئەوجا شارەکە بەوە گۆڕا بۆ ئیمارەتێکی گچکەی خاوەن ئۆتۆنۆمی تەنیا لەناوەخۆ کە میرەکەی سەر بە میری موسڵ دەبێ بەڵام شارەکە بووە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی جیاواز لەقەوارەکەی پێشووی، ئیدی دەستیکردە بەشداربوون لەڕووداوەکانی

رۆژ. دوای مردنـــی «زەینەددیـــن عەلـــی»و جێگرتنـــەوەی لەلایـــەن کوڕەکـــەی «زەینەددیـــن یوسـف» لەســـەردەمی ئـــەودا شـــەڕی رکابـــەری لەنێـــوان ســـەلاحەددینی ئەیوبـــی و کوڕانـــی زەنگـــی دوای مردنـــی «نورەددیـــن مەحمـــوود بـــن عیمادەددیـــن زەنگـــی» ســـاڵی ٥٦٩ ک (١١٧٣ز) بەرپـــا بـــوو. «زەینەددیـــن یوسـف» وای بەبەرژەوەنـــدی خـــۆی و ئیمارەتەکـــەی زانـــی کـــە پاشـــکۆیەتیی خـــۆی لەموسـڵەوە بـــۆ ســـەلاحەددین بگوازێتـــەوە هەرچەنـــدە ئـــەو گۆڕانـــە هیچـــی لەبارودۆخەکـــەی ئـــەوی نەگـــۆڕی چونکـــە هـــەر لـــەو ناوەنـــدەی ســـەر بـــە ســـەلاحەددین مایـــەوە و دەستبەســـتراو بەسیاســـەتەکانی ئـــەو بـــوو و نەیدەتوانـــی لێـــی لادا بـــەڵام ئـــەوە کاری لەهاوســـەنگیی هێـــزی نێـــوان دوو دوژمنـــە رکابـــەرە کـــرد. پاشـــان کـــە «زەینەددیـــن یوسـف» مـــرد و «موزەفەرەددیـــن»ی بـــرای جێـــی گرتـــەوە -کردنـــی بەمیـــر لەرێـــی ســـەلاحەددینەوە بـــوو بـــەوەی کـــە گـــەورەی یەکەمـــی شـــارەکەیە- موزەفەرەددیـــن بـــەردەوام بـــوو لەژێرفەرمانیـــی ســـەلاحەددین بـــەڵام رۆڵـــی شـــارەکە لەســـەردەمی مزەفەرەددین بەتـــرس و گرنگتـــر بـــوو ئەویـــش بەهـــۆی بەشـــداریکردنی گـــەورەی موزەفەرەددیـــن لەشـــەڕەکانی دژ بەخاچپەرســـتەکان لەگـــەڵ ســـەلاحەددین.

پاشـــان دۆخـــی شـــارەکە دوای مردنـــی ســـەلاحەددین لەســـاڵی ٥٨٩ک (١١٩٣ز) بەتـــەواوی گـــۆڕا، بەجۆرێـــک لەیەکەیەکـــی سیاســـیی پاشـــکۆوە بـــووە یەکەیەکـــی سیاســـیی بەتـــەواوی

سـەربەخۆ لەسیاسـەتەکانی ناوخـۆو دەرەوەدا و موزەفەرەددینـی خاوەنـی بەپێـی بەرژەوەندیەکانـی خـۆی و شارەکە رەفتـاری دەکرد. ئـەوەی کە لـەو گۆڕانـەدا یارمەتیی دەدا لەتوپەتبوونـی دەوڵەتـە یەکگرتووەکـەی سـەلاحەددین بـوو دوای مردنـی بەهـۆی ئەوانـەی کـە لەنێـوان کوڕانـی بنەماڵـەی ئەیووبیـی جێگـرەوەی سـەلاحەددین روویـان دا، هـەر لـە رکابـەری و شـەڕ لەسـەر دەسـەڵات و مولـک – وەکـو چـۆن لەنێـوان کوڕانـی بنەماڵـەی سـەلجووق دوای مردنـی سـوڵتان مەلەکشـا و لەنێـوان بنەماڵـەی کوڕانـی زەنگـی دوای مردنـی نورەددیـن مەحمـوود روویانـدا–. هـەر یەکێـک لەئەیووبیـەکان ئـەو شـارەی بۆخـۆی دابـڕی کـە لەسـەردەمی سـەلاحەددیندا فەرمانڕەواییـی دەکـرد، بەمـەش دەوڵەتـی ئەیووبـی کەرتوپارچـە بـوو و بـووە شـارە دەوڵەتۆکـە، هەرێمـی شـام –بـۆ نموونـە– پـاش ئـەوەی کـە بەشـەکانی و بەڕێوەبردنەکـەی لەسـەردەمی سـەلاحەددین یەکگرتـوو بـوو، دوای مردنـی بـۆ شـارە دەوڵەتـۆکان کـەرت بـوو. لەدیمەشـق فەرمانڕەوایـەک، لەحەلـەب یەکێکـی دیکـە، لـە حیمـس فەرمانـڕەوای سـێیەم و لەجەزیـرە فەرمانـڕەوای چـوارەم.. بەوشـێوەیە هەرێمەکـە بەیەکپارچەیـی نەمایـەوە. ئەگـەر زانیمـان کـە میسـر فەرمانڕەوایەکـی ئەیووبیـی تایبـەت بەخـۆی هەبـوو، ئـەوا دەبینیـن کەرتوپارچەبوونـی دەوڵەتـی ئەیووبیـی یەکگرتـوو، سـەرباری ئـەو ئەنجامانـەی کـە

لـەو كەرتوپاچەبوونـەوە پەیدابـوون، هـەر فەرمانڕەوایـەک کاری تەنیـا بـەوە دەکـرد کـە بەرژەوەندیـی تایبەتیـی خـۆی و شـارەکەی هەبـێ بەبـێ ئـەوەی ڕەچـاوی بەرژەوەندیـی گشـتیی هەرێمەکـە بـکا، لەگـەڵ ئـەو شـەڕە رکابەریانـەی کـە لەنێوانیانـدا بەرپـا دەبـوو.

موزەفەرەددیـن کێشـەکانی بنەماڵـەی ئەیووبیانـی بەهـەل زانـی و شـارەکەی سـەربەخۆکرد و کردیـە ئیمارەتێـک. ئەوجـا نازنـاوی پاشـای مەزنـی بـۆ خـۆی هەڵبـژارد. بۆیـە ئیمارەتـی «ئەربـل» لەسـەردەمێک لەدایکبـوو کـە باشـترین وەسـف بـۆی ئەوەیـە کـە «سـەردەمی باڵادەسـتی»یە. خاوەنـی هـەر یەکەیەکـی سیاسـی ئـەوکات، گەورەبـا یـان گچکـە، بیزانیبایـە توانـای شـەڕ و فـراوان بوونـی لەسـەر حیسـابی دراوسـێکانی هەیـە، ئـەوا هیـچ سڵـی لەهێرشکردنە سـەر لاوازەکان نەدەکـردەوە. موزەفەرەددینیـش هەوڵـی دا لەسـەر ئـەو ڕێبـازەی فراوانخوازیـەی سـەردەمەکەی بـڕوا و دووجـاران باڵادەسـتیی خـۆی نوانـد بـەڵام لەهـەردوو جارانـدا سـەرنەکەوت. جـاری یەکـەم کاتێـک کـە میـری حـەڕڕان بـوو (وەکـو لەبەشـی سـێیەمدا دێینەسـەری) ویسـتی لەسـاڵی ٥٧٨ک (١١٨٢ز) شـاری حەلـەب داگیـر بـکا بـەڵام لەبـەر لاوازیـی هێزەکـەی لەوکاتیـدا و نەگونجانـی دۆخەکـە بـۆی سـەرنەکەوت. لەجـاری دووەمیشـدا پـاش ئـەوەی کـە بـووە میـری «ئەربـل» و لەویـش سـەرنەکەوت. بـەڵام سـەرنەکەوتنەکەی ئەوجـارەی –وەکـو دەردەکـەوێ–

لەبەر لاوازی نەبووە بەڵکو لەبەر هۆکارێکی رەوشتیی بووە.
هەروەها موزەفەرەددین تووشی چاوچنۆکیی بێگانە بۆ ئیمارەتەکەی بووە. ئەوەتا «بەدرەددین لوئلوئ» خاوەنی موسڵ چاوی تێبڕیوەو «ئەلئەشرەف موسا»ش خاوەنی دیمەشق چاوی تێبڕیوە هەروەها «جەلالەددین خوارزم شا» و لەکۆتاییش «تەتار»ەکان چاویان تێبڕیبوو بەڵام ئەو توانی ئیمارەتەکەی لەدەست و چەپۆکی هەموو ئەوانە رزگار بکا، هەندێکجار بەشەڕ و جاری واش بووە بەپەیمانبەستنی دۆستایەتی. ئەوانە بەدرێژیی لەو کتێبەدا دوایی روون دەکەینەوە.

# بەشی دووەم

# بنەماڵەی موزەفەرەددین گۆگبوروو

موزەفەرەددین لەناو خانەوادەیەکی بەرەگەز تورکمانی گەورە بووە کە لەباوکی «زەینەددین عەلی بن باکتەکین بن موحەمەد» و برایەکی گچکەی «زەینەددین یوسف» پێک دێ. موزەفەرەددین ئەو سەروەریانەی باوکی خۆی بینیبوو کە کاریان لەژیانە گشتی و تایبەتەکی کردبوو، چونکە باوکی لەسەروەری و گەورەییەکەی گەیشتبووە پایەیەکی بەرز، بەجۆرێک ببووە جێی تێڕامانی خەڵکی سەردەمەکەی خۆی لەسنووری ئەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژیا کە موسڵ و جەزیرەو ئەربل بوو.

مێژوونووسان بۆمان دەگێڕنەوە کە «زەینەددین عەلی» لەسەرەتای ژیانیدا بەندەیەک (مملوک) بووە لەبەندەکانی «قەسیمودەولە ئاقسەنقەر»ی دەستەڕاستی میری حەلەب. دوایی کاتێکی وای بۆ هەڵکەوت ئەو بەندەیە بووە گەورەیەکی ترسناک لەگەورەکانی شاری موسڵ کە وایلێهاتبوو پاشاکانی بۆ لای خۆیانیان رادەکێشا و لەبەڕێوەبردنی وڵات و سەرکردایەتیکردنی سوپاکانیاندا پشتیان پێ دەبەستا.

«قەسیمودەولە ئاقسەنقەر»، ئەوەی کە زەینەددین یەکێک بوو لەبەندەکانی، خۆی یەکێک بوو لەگەورە سەرکردەکانی سوڵتان «مەلەکشای سەلجووقی» و دڵسۆزترین هاوڕێی. لەساڵی ٤٧٩ک (١٠٨٦ز) سوڵتان مەلەکشا شاری حەلەب داگیر دەکا کە سەر بەخەلافەتی فاتیمیەکان بوو لەمیسر، لەوەدا قەسیمودەولە لەچوونە

حەلەبدا لەگەڵ سوڵتان دەبێ، بۆیە مەلەکشا شارەکە و کارەکانی دەداتێ بۆ ئەوەی حوکمڕانیی بکا. بەم جۆرە قەسیمودەولە لەسەرکردەیەکی سەربازیەوە دەگۆڕێ بۆ فەرمانڕەوای شارێکی مەزنی وەکو شاری حەلەب و ئەو شارۆچکە و گوندانەش کە سەر بەو شارەن. قەسیمودەولە بەخۆی و خێزانەکەیەوە لەگەڵ سەرباز و بەندەکانیەوە (غلمان) -لەوانەش زەینەددین عەلی- دەگوازنەوە بۆ ئەوێ و تێیدا جێگیر دەبن[1].

بەدیاریکراویش نازانین چۆن و کەینێ «عەلی بن بەکتەکین» دەبێتە هی قەسیمودەولە. بۆیە پێمان وایە -سەبارەت بەچۆنیەتی بوونی بەبەندەی- کە یان لەڕێگەی بەدیلگرتنیەوە بووە لەیەکێک لەشەڕەکان یان لەڕێگەی کڕینیەوە. هەرچی کاتی بوونی بەبەندەی قەسیمودەولەشە، ئەوا زۆر زەحمەتە ساڵەکە دیاری بکرێ بەڵکو پێمان وایە کە تەمەنی «زەینەددین» لەساڵی ٤٧٩دا نزیکەی شازدە ساڵ بووە، ئەوەش بەپشتبەستن بەوەی کە مێژوونووسان دەڵێن لەساڵی ٥٦٣دا و لەتەمەنی نزیکەی سەتساڵیدا مردووە[2]. کەوابێ دەبێ لەساڵی ٤٦٣ لەدایک بووبێ. ئەگەر بزانین

١- التاريخ الباهر ل/٤/٦.
٢- وفيات الاعيان ب/٣/ل/٢٧٠.

کــه قەســیمودەوله بەخاوخێــزان و بەندەکانیــەوە لەســاڵی ٤٧٩دا گواســتوویەتیەوە بــۆ حەلــەب، ئــەوا بەکردارێکــی ســادەی ژمــاردن لەنێــوان هــەردوو ســاڵی لەدایکبوونــی عەلــی و گواستنەوەی قەسیمودەوله بـۆ حەلـەب، دەبینیـن کــه تەمەنــی نزیکــەی شــازدە ســاڵان بــووە.

وادەردەکــەوێ کــه عەلــی ئــەو جیاکاریانــەی هەبــووە کــه لــەلای ئاغاکــەی خۆشەویستی بـکا، بۆیـه لەخـۆی نزیـک کردۆتــەوەو زۆر ئــاگای لێــی بــووەو چاودێریــی کــردووە، ئــەوەش وای لەزەینەددیــن کــردووە ئــەو چاکەیــەی لەبیــر نــەکا و لــه عیمادەددینــی زەنگیــی کــوڕی تۆڵــەی بــۆ کردۆتــەوە، چونکـه عەلــی لەگــەڵ عیمادەددیی کـوڕی هــەر مایــەوەو لــەدوای کوژرانــی باوکــی و تــا مردنــی بەجێــی نەهێشــت. مەبەســت مردنــی عیمادەددینــه.

عەلـــی -کـــه دوایـــی نازنـــاوی زەینەددینـــی بۆخـــۆی هەڵگــرت- لەخزمەتــی قەســیمودەوله مایــەوە تــا کوژرانــی لەســاڵ ٤٨٧ک (١٠٩٤ز) لەشــەڕی رکابەریــی نێــوان خــۆی و «تاجولدەولــه تەتــەش» خاوەنــی دیمەشــق[١].

ئەوجـا عیمادەددیـن -کـه تەمەنـی ئـەوکات نزیکـەی بیست ســاڵ بــووە- بەتەنیــا دەمێنێتــەوەو کەســی لەئەندامانــی خانەوادەکــەی نامێنــێ دەســتی بگــرێ و کاروبارەکانــی بــۆ

١- التاريخ الباهر ل/١٥.

بەڕێوە ببا، بەڵام باوکی هەندێک هاوڕێی دڵسۆزی دەبن، یەک لەدوای یەک لەخۆی دەگرن، خۆی و بەندەکانی باوکیشی و لەوانەش زەینەددین، تا گەورە دەبێ، ئەوجا جەنگاوەریی دەکاتە پیشەی خۆی و پەیوەندی بەسوپاکانی میرەکانی موسڵەوە دەکا. لەوەشدا عەلیی هاوەڵ و هاوڕێی -کە ئەویش جەنگاوەریی دەکاتە پیشەی- لەگەڵی دەبێ و هەر پێکەوە دەبن و لێک دانابڕێن و تا بەناو تەمەنیشدا دەچن هاوڕێیەتیەکەیان هەر توندتر دەبێ.

هەر یەکە لەعیمادەددین و زەینەددین لەخزمەت میرەکانی موسڵدا لەدەیان شەڕ دەجەنگن، چ ئەوانەی کە شەڕی رکابەریی لەنێوان میرەکانی موسڵ و میرە موسڵمانە دراوسێیەکان روویان دەدا یان لەوانەی کە لەنێوان ئەوانە و خاچپەرستەکاندا هەڵدەگیرسا. هەردووکیان شارەزایی لەشەڕدا پەیدا دەکەن و دەبنە پیاوی جەنگاوەری بەناوبانگی سەردەمەکەی خۆیان. بەڵام کاتێک کە عیمادەددین دەگاتە تەمەنی چل ساڵی، لەساڵی ٥١٧ک (١١٢٣ز) زۆر لەو کارە جەنگاوەریەی خۆی بێزار دەبێ کە ئەو میرەی موسڵ کە لەخزمەتیدایە بەکەیفی خۆی دەیرەتێنێ و هیچ ئازادیەکی نابێ لەرەفتار و کارکردنیدا، بەڵکو تەنیا لەگۆڕەپانی شەڕێکەوە دەیگوازنەوە بۆ گۆڕەپانێکی دیکە بەپێی بەرژەوەندیەکانی خاوەنی موسڵ و رووداوەکان.

جارێک لەجەزیرە دەچێتە شەڕ و جارێکی دیکە لەشام و لەعێراق. عیمادەددینی خاوەن ئاوات و ئارەزوو رەتی دەکاتەوە ملکەچی میرێک بێ کە کۆنترۆڵی جولانەوەکانی بکا. ئەو دەیەوێ لەهەموو ئەوانە دەرباز بێ، بەڵام چ رێگایەک هەیە بۆ ئەو دەربازبوونەی؟ لەساتەوەختێکی دڵتەنگیدا لەگەڵ هەندێک لەدڵسۆزەکانی لەناو سوپا دادەنیشێ، لەوانەش زەینەددین عەلی. عیمادەددین لەوێ بەڕاشکاوانە ئەوەی لەدڵی دایە دەری دەبڕێ و دەڵێ: بەڕاستی بێزار بووین لەوەی تێیداین، هەر رۆژەو میرێک خاوەنداریێتی وڵات (مەبەستی موسڵە) دەکا و بەپێی هەڵبژاردنی خۆی فەرمانمان پێدەکا. ئەوجا جارێک لەعێراق و جارێک لەموسڵ و ماوەیەک لەوڵاتی جەزیرەو جارێکی دیکە لەشام دەبین. باشە چیتان پێ باشە من بیکەم؟

هاوڕێکانی هەموو بێدەنگ دەبن و هیچ وەڵامێکی نادەنەوە تەنیا زەینەددین وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: ئەی خاوەن شکۆمان، تورکمانەکان لەپەندەکانیاندا دەڵێن: ئەگەر مرۆڤ ویستی بەردێک لەسەر سەری خۆی هەڵگرێ، با ئەو بەردە لەچیایەکی گەورەوە بێ، ئێمەش کە هەر دەبێ لەخزمەتی خەڵکدا بین، با لەخزمەتی سوڵتاندا بین باشترە.

ئەو ئامۆژگاریەی زەینەددین عەلی بەئاشکرا بەڵگەی ئەوەیە کە ئەویش وەکو عیمادەددینی هاوڕێی خاوەن

دەروونێكـی پڕئـارەزوو بـووەو ئەویـش هـۆكاری بێزاریـی لەدەروونیـدا دەكـولا وەكـو چـۆن لای هاوڕێیەكـەی دەكـولا و ئەویـش ئیشـی كەمـی پـێ ناخـۆش بـووەو لەوانەیـە پێكەوەبوونـی ئـەو دوو پیـاوە هـۆی ئـەو لێكتێگەیشـتنەیان بـووە، چونكـە هەریەكـەو دەروونێكـی گـەورەو هیوایەكـی فراوانـی هەبـووە، بۆیـە دەبینیـن عیمادەددیـن بەدڵخۆشـیەوە پێشـنیازەكەی هاوڕێیەكـەی وەردەگـرێ و پاشـان ئـەو پێشـنیازە جێبەجێـش دەكا. واز لەخزمەتكردنـی قەسـیمودەولە ئـاق سـەنقەری بورسـقیی میـری موسـڵێ دێنـێ و لـەگـەڵ هاوڕێیەكـەی دەچنـە لای سـوڵتان مەحمـوودی كـوڕی مەلەكشـای سـەلجووقی سـوڵتانی عێـراق -كـە لەهەمـەدان دەبـێ- و داوای لێـدەكا بچێتـە خزمەتـی. سـوڵتان مەحموودیـش لەبـەر ئـەوەی پێشـتر باوكـی دەناسـێ كـە خزمەتـی بنەماڵـەی سـەلجووقیانی لەسـەردەمی مەلەكشـای باوكـی كـردووە، پێشـوازی لێـدەكا. سـەرباری ئـەوەش لەبـارەی ئازایەتیـی عیمادەددینـی بیسـتووەو بەپاڵەوانەتیەكانـی لەشـەڕەكانی دژی خاچپەرسـتەكان لەشـام زانیـوە، بۆیـە دەیخاتـە سـوپاكەیەوەو بێوەژنـی یەكێـك لەسەركردەكانیشـی لـێ مـارە دەكا، پاشـان هـەردوو شـاری بەسـڕاو واسـیتی دەداتـێ. ئەویـش بەهاوڕێیەتـی زەینەددیـن عەلـی بـەرەو واسـیت دەڕوا. پـاش ئـەوەی سـوڵتان ئازایەتیـی عیمادەددیـن و شـارەزایەتیەكەی لەجەنـگان دەبینـێ، لـەو

**شەڕانەی کە لەگەڵیدا دژی خەلیفەی عەباسی بەرپایان دەکا، (شەحەنکیە)ی بەغدای پێ دەسپێرێ[1]. لەساڵی ٥٢١ک (١١٢٧ز) عیمادەددین لەمیرێکی گچکەی سەر دوو ویلایەتی بچووکەوە دەبێتە میرێکی گەورە لەسەر ئیمارەتێک لەئیمارەتە گەورەکانی ئیسلام، ئەویش ئیمارەتی موسڵە.**

**موسڵ تا ساڵی ٥٢٠ک هەر لەژێر فەرمانڕەوایی قەسیمودەولە ئاقسەنقەری بورسیقی بوو، لەوکات موسڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی دەکرد لەدژی هێرشی خاچپەرستەکان لەشام. وارێکەوت بورسیقی لەو ساڵەدا بەنامەردی کوژرا[2]، بۆیە عیزەددین مەسعوودی کوڕی جێی گرتەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی مەسعوود ئەرکەکانی شەڕکردنی دژی خاچپەرستەکان ئاڕاستە بکا وەکو کە باوکی دەیکرد، ئەو دژی شاری دیمەشقی ئیسلامی ئاڕاستەی کرد، چونکە چاوی لەداگیرکردنی بوو[3]. ئەوجا بەسوپای موسڵ بۆی دەرچوو و لەڕێی خۆی بۆ دیمەشق بەشاری ئەلڕەحبەدا تێپەڕی و گەمارۆی دا و دەستی بەسەردا گرت، پاشان خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی**

---

١- شەحنە: وشەیەکی فارسیە. ماناکەی پارێزگاری شارە. یان جێگری پاشا یان سەرۆکی پۆلیس. لێرەدا مەبەست مانای یەکەمە.

٢- الكامل. ب/٨ / ل/٣٢٠.

٣- چاوچنۆکیی مەسعوود بۆ دیمەشق یەکێکە لەنموونەکانی (سەردەمی باڵادەستی) کە لەبەشی پێشتر ناومان هێنا.

بەرەو دیمەشق بڕوا بەڵام بەتوندی نەخۆش دەکەوێ و بەو نەخۆشیەوە دەمرێ. جێگری مەسعوود لەموسڵ کوڕێکی ناکامی مەسعوود دەکاتە میری (موسڵ) [1].

لەبەر ئەوەی موسڵ لەژێر فەرمانڕەوایی سوڵتان مەحموودی سەلجووقی بوو، بۆیە دەبوا جێگری موسڵ ڕەزامەندیی سوڵتان وەربگرێ بۆ جێگرتنەوەی منداڵێک لەشوێنی باوکی لەسەر ئیمارەتەکە. بۆیە دوو نێردراوی بۆ سوڵتان نارد بۆ ئەوەی ئەو ڕەزامەندیەی لێ وەرگرێ. کە عیمادەددین بەوەی زانی و خۆشی لەبەغدا بوو، لەڕێگەی هەندێک لەبرادەرەکانی پەیوەندیی بەدوو نێردراوەکە کرد و پێی نیشاندان کە ئەو دەیەوێ ببێتە میری موسڵ و لەبەرامبەر ئەوەشدا لەموسڵ بەشیان دەدا ئەگەر خۆی بووە میری شارەکە. هەردوو نێردراوەکە بەدەنگیەوە هاتن. ئەوەی کە وای لەو نێردراوانە کرد بەقسەی بکەن ئەوەبوو کە رقیان لەجێگرەکەی موسڵ دەبۆوەو لێی دەترسان. کاتێک کە لەگەڵ سوڵتان کۆدەبنەوە قایلی دەکەن کە عیمادەددین لەجیاتی کوڕە ناکامەکەی مەسعوود ببێتە میر، بیانووشیان بۆ ئەوە ناسکیی هەڵوێستی موسڵ بوو بەرامبەر مەترسیەکانی خاچپەرستەکان و سەرکردایەتیکردنی موسڵ بۆ بزووتنەوەی خەباتی (جیهادی) ئیسلامی

١- الكامل ب/٨ / ل/٣٢٤.

دژی خاچپەرستەکان وا دەخوازی پیاوێک ببێتە میری کە شارەزایی و توانایەکی جەنگانی زۆر باشی هەبێ و عیمادەددینیش باشترین کەسە کە بکرێتە میری موسڵ. سوڵتان بڕوا بەبیانووەکانیان دێنێ و عیمادەددین دەکاتە میر. ئەوجا عیمادەددین بەهاوڕێیەتیی زەینەددین عەلی بەرەو ئەوێ دەڕوا[1].

هەرکە عیمادەددین لەموسڵ جێگیر دەبێ، پاداشتێکی باشی زەینەددینی هاوڕێی دەکا و دەیکاتە گەورە سەرکردەی سوپاکەی. ئەوەندەش لەخۆی نزیک دەکاتەوە تا دەبێتە نزیکترین کەسی، چونکە بەڕاوێژکردنە پیرۆزەکانی ئەوەوە بۆ چوونە ژێرباڵی سوڵتان مەحموود گەیشتە ئەو پلە بەرزەی کە پێی گەیشت پاش ئەوەی کە تەنیا سەرکردەیەکی کرێگرتە بوو لەبندەستی میرەکانی موسڵ.

هەر لەو رۆژەوەی کە زەینەددین بەسەرکردەیەکی گەورەی سوپای عیمادەددین دانرا، ژیانی هەمووی بووە شەڕ و خەباتکردن لەمەیدانەکانی جەنگدا، وەکو ژیانی عیمادەددینی هاوڕێی.

عیمادەددین خاوەنی دەروونێکی پڕئارەزوو و ئاواتێکی فراوان بوو، ئارەزووەکانی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورە هەڵدەکشا کە ناوی خۆی و منداڵەکانی لەدوای

---

١- الكامل ب/٨ ل/٣٢٤.

خۆیدا هەڵبگرێ، وەکو ئەو بنەماڵە زۆرە فەرمانڕەوایە ئیسلامیانەی دیکەی ناو دەوڵەتی خەلافەت، لەوانە بنەماڵەی کوڕانی «تاغدەکین» کە بنکەیان لەدیمەشق بوو. «تاغدەکین»یش وەکو ئەو سەرکردەیەکی سوپای خاوەنی دیمەشق تاجولدەولە تەتەشی سەلجووقی بوو. پاشان بەبەهرەکانی توانی دەرکەوێ و پێگەیەکی زۆرباش بۆخۆی لەدیمەشق دابنێ. کە تاجولدەولەش مرد کوڕەکەی «دەقاق» لەپاش ئەو خۆی کردە فەرمانڕەوای شارەکە و ئەو شارۆچکانەی سەربەوێن و ڕەزامەندیی هەریەکە لەخەلیفە و سوڵتان بۆ ئەوە وەرگرت. پاشان فەرمانڕەواییەکەی لەدوای خۆی بۆ منداڵەکانی هێشتەوە. کەوابێ بۆچی عیمادەددینیش وەکو تاغدەکین دەوڵەتێک دانەمەزرێنێ کە ناوی خۆی و منداڵەکانی هەڵگرێ؟ ئەوانەشی بێتەسەر کە مەترسیی خاچپەرستەکانە کە لەسەر دڵی جیهانی ئیسلامی، مەبەستم شامە، بوونەتە قوڕسایی و عیمادەددین – وەکو موسڵمانێک– خۆی ئامادە دەکا بۆ بەرپرسیارێتیی لابردنی ئەو مەترسیە. دوایی بڕیاری دا کە ژیانی خۆی تەرخان بکا بۆ خەبات دژی خاچپەرستەکان تا ئەوکاتەی خاکی موسڵمانانیان لێ پاک دەکاتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەزانێ کە ئەوە تەنیا بەهەبوونی هێزێکی گەورەی یەکگرتوو دەبێ کە پێیەوە بتوانێ ڕووبەڕووی خاچپەرستەکان بێتەوە. هێزی موسڵیش بەتەنیا بۆ

بەجێگەیاندنــی ئــەو ئەرکــە بــەش نــاکا. هاوپەیمانیشــی لەگــەڵ هێــزە ئیســلامیە دراوســێکانی لەناوچــەی جەزیــرەو شــام ســوودی نابــێ چونکــە پێشــتر هەوڵــی ئــەو جــۆرە هاوپەیمانێتــە دراوە و هەمــووی شکســتی هێنــاوە، هــۆکاری ئــەوەش ئــەو دۆخــە تووانــەوەو کەرتوپارچــە بوونــە بــوون کــە تووشــی جەزیــرەو شــام هاتبــوون ســەرباری ئــەو گیانــە رکابەریــە دیــارەی کــە لەنــاو میرکانــی ناوچەکــە بــاو بــوو. هــەر میرێــک چــاوی لــەوە بــوو کــە دراوســێکەی هەیبــوو و هەوڵــی دەدا دەســت بەســەر وڵاتەکەیــدا بگــرێ. ئێرەیــی لەناویانــدا پــەرەی ســەندبوو و نەیدەهێشــت پەیمانێکــی مکــووم کــە لەســەر بناغــەی باوەڕبەیەکبــوون دامەزرابــێ لەناویانــدا ببەســترێ. عیمادەددیــن ئــەوەی بــاش دەزانــی کاتێک کــە لەنــاو سوپای موسڵدا کاری دەکرد و لەوکاتــەی کــە لەنــاو ریزەکانــی سوپای هاوپەیمانێتیەکانــدا دەجەنگا. ئــەو شــارەزای ئــەوە بــوو، بۆیــە بینــی باشــترین رێگــە بــۆ دروســتکردنی هێزێکــی گــەورەی یەکگرتــوو بــۆ شــەڕکردن لەگــەڵ خاچپەرســتەکان ئەوەیــە کــە ئیمارەتــە زۆر و پەرتوبڵاوەکانــی ناوچــەی جەزیــرە لەژێــر فەرمانڕەوایەتیــی خۆیــدا کۆبکاتــەوە و هێزەکانیــان لەژێر ســەرکردایەتیی خۆی دابنــێ و لەهەمــان کاتیشــدا ســەرچاوەیەکی جێگیــر دابیــن بــکا بــۆ زۆرکردنــی ژمــارەی ســوپایەکەی بــەوەی کوڕانــی ئیمارەتــەکان بــکا ســەرباز و ســەرچاوەیەکی جێگیــری ئازووقــەش بــۆ ســوپاکانی لەکشــتوکاڵ چاندنەکانیــان

دەستەبەر بکا. بەم جۆرە بارودۆخی خاچپەرستەکان ڕێی بۆ ئەو هەلە خۆشکرد کە پڕۆژەکەی بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی کە ناوی هەڵبگرێ تێدا بەجێ بگەیەنێ.

لەبەر ئەوە دەبوو عیمادەددین لەدوو بەرەدا بجەنگێ، بەرەی ئیسلامیەکان لەجەزیرەو شام بۆ دروستکردنی دەوڵەتەکەی و بەرەی خاچپەرستەکان ئەویش هەر لەجەزیرەو شام بۆ پاککردنەوەی وڵاتەکەی لێیان.

عیمادەددین ئەرکی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەی لەبەشی جەزیرەدا خستە ئەستۆی زەینەددین چونکە زەینەددین سەرکردەی ئەو سوپایانە بوو کە پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئیمارەتەکانی جەزیرەی ئەنجامدا، هەر بەخۆی و بەبەشداریی عیمادەددین زۆربەی بەشەکانی ئەو وڵاتەی رزگارکرد، لەوانە وڵاتی هەکاریی کوردەکان و قەڵاتەکانی و وڵاتی کوردە حەمیدیەکان و قەڵاتەکانیان[1].

هەروەها زەینەددین بەشداری شەڕەکانی عیمادەددینی کرد لەدژی خەلیفەکانی عەباسی و دژی سوڵتانەکانی سەلجووقی. پەیوەندیی عیمادەددین بەوانەوە هەموویان لەسنووری بەرژەوەندیە تایبەتی و گشتیەکاندا بوو. هەندێک جار ملکەچی خەلیفەکان دەبوو و لەدژی سەلجووقیەکان بۆیان دەجەنگا و هەندێک جاری

---

١- التاريخ الباهر ل/١٣٥.

دیکـەش لەڕوویـان دەوەسـتایەوەو سـوڵتانەکانی لەدژیـان سەردەخسـت. یـان هەلـی ڕوودانـی کێشـەیەکی نێـوان خەلیفـە و سـوڵتانی دەقۆزتـەوەو تایبـەت بۆخـۆی کاری دەکـرد، لەوانـە هەڵوێسـتەکەی بەرامبـەر شـا مەسـعوودی سـەلجووقی کـە هەلـی دروسـتبوونی کێشـەی نێـوان شـا و خەلیفـەی موستەڕشـید بیلـلای لەسـەر دەسـەڵات لەسـاڵی ٥٢٦ک قۆزتـەوەو بـەرەو شـاری ئەربـل خشـی -کـە موڵکـی شـا مەسـعوود بـوو- و گەمـارۆی دا بـۆ داگیرکردنـی. شـا مەسـعوود نەیتوانـی بەرگریـی لێبـکا بۆیـە کەوتـە دانوسـان لەسـەری لەگـەڵ عیمادەددیـن و لەگەڵـی ڕێککـەوت کـە ڕادەسـتی بـکا لەبەرامبـەر ئـەوەی لـەڕووی سـەربازیەوە هاوکاریـی بـکا دژی خەلیفـە بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی عێـراق وەربگـرێ. عیمادەددیـن بـەوە قایـل بـوو و لەشـەڕی دژی خەلیفـە بەشـداریی کـرد و شـاری ئەربلـی وەرگـرت و کردیـە موڵکـی خـۆی، پاشـان دایـە زەینەددیـن عەلـی[1]. زەینەددینیـش دایـە دەسـتی جێگرێکـی خـۆی بـۆ ئـەوەی فەرمانڕەواییـی بـکا و کاروبارەکانـی بەڕێـوە ببـا. وە لەسـاڵی ٥٤٩دا ڕادەسـتی بەندەیەکـی خـۆی کـرد بەنـاوی موجاهیدەددیـن قایمـاز بـۆ ئـەوەی لەجیاتـی ئـەو فەرمانڕەواییـی بـکا.

١- مفرج الكروب، ب/١ ل/٩٧.

زەینەددیــن لەپاککردنــەوەی هەرێمــی جەزیــرەش لەخاچپەرســتەکان بەشــداریی عمادەددینــی کــرد، چونکــە ئــەو هێرشــکارانە لــەو هەرێمــەدا شــاری رەهایــان هەبــوو کــە ئــەوە یەکەمیــن شــاری موســڵمانان بــوو کــە خاچپەرســتەکان کردبوویانــە ئیمارەتێکــی خاچپەرســتان و لەیەکــەم هێرشــیاندا لەســاڵی ٤٩١ک (١٠٩٧ز)دا لەنــاو خاکــی موســڵمانان‌دا دایانمەزراندبــوو لەگــەڵ ئــەو ناوچانــەی دەوروپشتیشــی کــە دەســتیان بەســەردا گرتبــوو. عیمادەددیــن ئارامــی گرتبــوو لێیــان هەتــا هێزەکــەی تــەواو کــرد و بــڕوای بەخــۆی هێنابــوو کــە ئەوەنــدە هێــز و توانایــەی هەیــە کــە بتوانــێ لەدەســتیانی دەربێنــێ. هــەر لــەو ســاڵەدا بڕیــاری وەرگرتنــەوەی دا و ســوپاکانی بــۆ ئامادەکــرد و هــەر بەخۆشــی شــەڕەکەی بەڕێــوە دەبــرد و گــەورە سەرکردەکانیشــی هاوکاریــان دەکــرد، لەوانــە زەینەددیــن عەلــی. پێــم باشــە کــە ئــەو وەســفەی شــەڕەکە بەپێنووســی مێژوونووســی ئــەو ســەردەم بێنمــەوە کــە «ئیبــن قەلانســی»ە، بــۆ ئــەوەی خوێنــەر ئــەو ئەرکــە زەبەلاحانــە بناســێ کــە موســڵمانەکان ئەنجامیــان دەدا بــۆ وەرگرتنــەوەی خاکەکەیــان لەخاچپەرســتەکان و ئــەو ململانێیــە تونــدەی کــە لەنێــوان دوو تیپەکــەدا بەڕێــوە دەچــوو کــە کاریگەریەکــی کارای هەبــووە. ئیبــن قەلانســی لەهەواڵەکانــی ســاڵی ٥٣٩ک دا دەڵــێ عیمادەددیــن «بەشمشــێر شــاری رەهــای گرتــەوە، لەگــەڵ ئــەو هێــزەو

**تۆکمەییی و بەرگریەی کە بەرامبەر هێرشبەران هەیبوو، عیمادەددین هەموو تورکمانەکانی جەزیرەی بانگ کرد، تا خەڵکێکی زۆر و کۆمەڵە حەشاماتێکی گەیشتێ کە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆیان دا (شاری رەها) و نەیانهێشت ئازووقە و هێزی دیکەی بگاتێ، بەشێوەیەک کە باڵندەش نەیدەتوانی لێی نزیک بێتەوە لەترسی تیری شەڕکەرەکان و چاوکراوەیی گەمارۆدارانی و ئاگرهاوێژیان (مەنجەنیق)[1] لەسەر دیوارەکانی دامەزراند کە بەردەوام تێیان دەگرتن. ئەوجا خوراسانی و حەلەبی و ئەوانەی شارەزای شوێنی ناسک بوون دەستیان کردە گەڕان بەدوای ئەو شوێنانە و پێیان زانی و کە لەسوود و زیانەکانیان دڵنیابوون، زەویان هەلکۆڵی تا گەیشتنە ژێر بناغەی گوڵتەی (برج) دیوارەکە و پڕیان کردن لەداری تۆکمە و ئامێری دیاریکراو تا لەوە بوونەوەو تەنیا مابوو ئاگری تێبەردەن، بۆ ئەوە مۆڵەتیان لەعیمادەددین ئەتابەگ داواکرد، ئەویش دوای ئەوەی چووە ناو کونەکانەوەو بەچاوی خۆی بینینی چەندە گەورەن، ئەوجا ڕێگەی دان. کە ئاگر لەکونەکان**

١- (مجانیق) کۆی (مەنجەنیق)ە کە ئامێرێکی شەڕەبۆ تێکدانی دیواری شارە گەمارۆدراوەکان بەکاردێ. قەلقەشەندی لەکتێبەکەیدا (صبح الاعشی ب/٢ ل١٤٤) دا دەڵێ: «ئامێرێکی دارەدوولای هەی و لەنێوانیاندا تیرێک هەیە کە سەرەکەی قورسە و کلکەکەی سووکە وادەکا لایەکی کە بەردی تێدەکرێ رابکێشرێ تا خوارەوەی بەرز دەبێتەوە ئەوجا کلکەکەی بەرز دەکرێتەوە و ئەو بەردانەی کە تێیکراون لێیەوە دەردەپەڕن و بەهەر شتێک بکەون کاولی دەکەن».

بەردراو دارەکانی سووتاند و لەناوی بردن و دەمودەست دیوارەکە رووخا. دوای ئەوەی زۆرکەس لەهەردوولا لەسەر دیوارە دارماوەکە کوژران، موسڵمانان هێرشیان کرد سەر شارەکە»[1].

بەو شێوەیە ئیمارەتی رەها کەوت کە یەکەم قەڵاتی تۆکمە بوو خاچپەرستەکان لەسەر خاکی موسڵمانان دایانمەزراندبوو. پێشبینیەکەی عمادەددین بەکەوتنی ئەو شارە هاتەجێ چونکە ئەوەندەی نەبرد کە شارە داگیرکراوەکانی دیکەی هەرێمی جەزیرە، یەک لەدوای یەک کەوتن، هەتا وای لێهات تاکە یەک خاچپەرست لەسەر خاکی جەزیرە نەما.

ئەوجا زەینەددین لەگۆڕەپانی شەڕەوە -بۆ ماوەیەکی کاتی- گواستیەوە بۆ گۆڕەپانی کاری کارگێڕی. زۆربەی دانیشتووانی شاری ئەلبیرە -کە لە وڵاتی جەزیرەیە- ئەرمەن بوون. ئەرمەنەکانیش لەدژی موسڵمانان لەگەڵ خاچپەرستەکان دەستیان تێکەڵکردبوو. کە عیمادەددین لە رەها و ئەوانی دیکە بۆوە، رووی لەشاری ئەلبیرە کرد بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر رێکێفی خۆی. لەوکاتەی کە بەسوپاکەی گەمارۆی دابوو، هەواڵی کوژرانی نەسیرەددین جەقەری جێگری لەموسڵ پێگەیشت. لەسەرەتادا عیمادەددین خەمی خوارد کە پیاوێک

١- ذيل تاريخ دمشق، ل٢٧٩.

لەپیاوە دیارەکانی لەدەستدا کە پشتی پێ دەبەستا و موسڵی بەئەمانەت بۆ بەجێ دەهێشت کاتێک کە بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ لێی دوور دەکەوتەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە هێمن بۆوە کاتێک بەبیری هاتەوە کە پیاوێکی لەگەڵە لەتوانا و شارەزاییدا هیچی لەنەسیرەددین کەمتر نیە، ئەویش زەینەددین عەلیی هاورێیەتی. زەینەددین ئەوکات لەگەڵ عیمادەددین لەئابلووقەی سەر ئەلبیرە بوون. عیمادەددین دەستی پێ لەشەڕکردن هەڵگرت و بەپەلە ناردیەوە بۆ ئەوەی جێی نەسیرەددین بگرێتەوە لەموسڵ و کاروبارەکانی رێک بخاتەوە. زەینەددین بۆ ئەوێ رۆیشت و پۆستی نەسیرەددینی پڕکردەوە. خەڵک دەستیان کردە پرسیار لەسەر سیاسەتی زەینەددین کە چۆن دەبێ: ئایا سیاسەتێکی توندی وەکو هی نەسیرەددین پەیڕەو دەکا یان لەبەر ئەوەی پیشەکەی شەڕوکوشتار بووە لەو رەق و توندتر دەبێ. بەڵام زەینەددین گومانی رەشبینەکانی رەواندەوەو بەجۆرێک سیاسەتی لەگەڵ خەڵکەکە کرد کە هەموو لێی رازی بوون. سیاسەتی دادپەروەری و نەرمیی پەیڕەو کرد و خەڵکەکەش سوپاس و شتایشیان کرد بۆ ئەو مامەڵەیەی لەگەڵیان[1].

---

١- التاريخ الباهر، ل/٧٢.

لەسـاڵی ٥٤١ك (١١٤٦ز)دا لەکاتـی گەمارۆدانـی قەڵاتـی جوعبـور عیمادەددیـن زەنگـی دەکـوژرێ، زەینەددینیـش لەموسـڵ جێگـری بـوو، ئەوەنـدەی نەمابـوو کارەسـاتێک رووبـدا کـە بەهۆیـەوە کوڕانـی عیمادەددیـن دەوڵەتەکـەی باوکیـان لەدەسـت بـدەن ئەگـەر گـەورە پیاوانـی دەوڵـەت دەسـتێوەردانیان نەکردبایـە: لەوانـە زەینەددیـن عەلـی، جەمالەددیـن محەمـەد، سـەلاحەددینی یاغیسـانی، ئەوانـە لەپاراستنی دەوڵەتەکە بۆ کوڕەکانی عیمادەددیـن کاریـان کـرد.

پێـش ئـەوەی باسـی رۆڵـی زەینەددیـن عەلـی بکەیـن لەدەوڵەتـە نوێیەکـەی زەنگیـدا، دەمانـەوێ بڵێیـن بەشـی زەینەددیـن لەپاداشـتی عمادەددیـن چـی بـوو بەرامبـەر بـەو ئەرکـە گەورەیـەی کـە لەپێناویـدا بەجێـی گەیانـد؟ وەڵامیـش بـۆ ئـەوە ئەوەیـە کـە عیمادەددیـن پاداشـتێکی باشـی هـاوڕێ و هاوەڵەکـەی کـرد بـەوەی کـە زۆر لەشـار و قەڵاتـی وەکـو شـارەکانی کوردانـی هـەکاری و حەمیدیـە و قەڵاتەکانیانـی بـۆ بڕیـەوە. هەروەهـا شـاری «ئەربل»یشـی دایـێ، بەمـەش زەینەددیـن بـووە یەکێـک لەمیـرە گـەورەکان و تۆکمەیـی پایەکـەی کاریگەریەکـی گـەورەی هەبـوو لەزۆربوونـی دەسـەڵاتەکەی لەموسـڵ پـاش عیمادەددیـن.

دەگەڕێینـەوە سـەر زەینەددیـن پـاش کوژرانـی عیمادەددیـن. گوتمـان عیمادەددیـن لەکاتـی گەمـارۆی سـەر قەڵاتـی جوعبـور کـوژرا و ئەوەنـدەی نەمابـوو بـەو کوشـتنەی

دەوڵەتەکـەی لەدەسـت کوڕەکـەی دەربچـێ، چونکـە لەگـەڵ عیمادەددیـن عەلـی لەگەمـارۆی سـەر جوعبـور شـا ئەلـب ئەرسـەلان کـوڕی سـوڵتان مەحمـوودی سـەلجووقی بـوو. دەیویسـت جێێـی عیمادەددیـن بگرێتـەوە لەدەوڵەتەکـەی، بۆیـە هەندێـک لەسـەرکردەکانی عیمادەددینـی لەخـۆی کۆکـردەوەو پـاداش و سـامانی نیشـان دەدان کـە لـەدژی بوەسـتن، بـەڵام جەمالەددیـن محەمـەدی وەزیـری عیمادەددیـن و سـەلاحەددین ئەلیاغیسـانی کـە یەکێـک بـوو لەسـەرکردەکانی – لەگەمارۆیەکـەدا لەگـەڵ عیمادەددیـن بـوون– توانیـان فێڵێـک لەپاشـا بکـەن، خۆیـان وا نیشـانی دا کـە گوێڕایەڵـی ئـەون و قایلیـان کـرد کـە لەگەڵیـان بچـێ بـۆ موسـڵ و ببێتـە پاشـای. ئەویـش لەگەڵیـان رۆیشـت تـا ئەنجامەکـەی لەناوچـوون بـوو بەبـێ ئـەوەی کـەس پێـی بزانـێ.

زەینەددیـن هەرکـە هەواڵـی کوژرانـی عیمادەددینـی بیسـت، خێـرا یەکێکـی نـاردە لای سـەیفەددین غـازی کـوڕی عمادەددیـن –کـە لەشـارەزوور بـوو– بـۆ ئـەوەی هەواڵـی کوژرانـی باوکـی پێڕابگەیەنـێ و بەزووتریـن کات بگەڕێتـەوە بۆ موسڵ بـۆ ئـەوەی لەجێی باوکـی دانیشـێ. سـەیفەددین لەشـارەزوورەوە گەڕایـەوە موسـڵ و تێیـدا جێگیـر بـوو[1]. بـەم شـێوەیە زەینەددیـن بەردەوامیـی ئـەو دەوڵەتـەی

١- التاريخ الباهر، ل٨٢.

پاراست کەهەر خۆی هۆکاری پەیدابوونی بوو.

بەکوژرانی عیمادەددین دەوڵەتەکەی بووە دوو بەش: بەشی رۆژاوا کە موسڵ و جەزیرەی لەخۆ دەگرت و تایبەت بوو بەسەیفەددین غازی. بەشی رۆژهەڵات کە حەلەب و ئەو شارانەی دەگرتەوە کە سەر بەویێبوون لەشام و تایبەتبوون بەنورەددین مەحموود – برای سەیفەددین.

سەیفەددین غازی چاکەی زەینەددینی لەبەرچاو بوو لەپاراستنی موسڵی ماڵی زەنگی، بۆیە شاری شارەزووری لەگەڵ ئەوەی لەو وڵاتە لەبندەستی بوو بۆی دابڕی. بەمەش بەشی زەینەددین زۆر بوو و هێزی گەورەتر بوو. هەروەها سەیفەددین هەموو کارەکاری وڵاتی دایە دەست بەهاوکاری لەگەڵ وەزیرەکەی جەمالەددین محەمەد کوڕی عەلی ئەسفەهانی.

سەیفەددین بەهەرە سەربازیەکانی زەینەددینی بەرز دەنرخاند و زۆری لەئازایەتی و پاڵەوانیەتی و بەجەرگیەکانی لەشەڕدا بیستبوو لەو کاتانەی کە لەتەک باوکیدا شەڕی دەکرد بۆیە سەرکردایەتیی سوپای موسڵی دایە دەست. واتە کردیە فەرماندەی گشتی[1]. بەوە سەیفەددین دڵنیابوو کە فەرماندەیی داوەتە پیاوێکی بەتوانا کە دڵسۆزی و توانای جەنگی لەخۆی کۆدەکاتەوە.

---

١- الكامل، ب/٩ ل٢٤.

زەینەددیــن لەگــەڵ ســەیفەددین بەشــداریی شــەڕەکانی دەکــرد. عمادەددیــن دەســتی بەســەر هەندێــک لەوڵاتــی کوڕانــی ئەرتەقــی میرانــی دیاربەکــر داگرتبــوو، وەکــو: دارا و نوســەیبین و هیدیکــە. کــە عیمادەددیــن کــوژرا کوڕانــی ئەرتــەق هەندێــک لــەو وڵاتانەیــان وەرگرتــەوە. کــە ســەیفەددین لەموســڵ جێگیــر بــوو بەســوپاکەیەوە بەفەرماندەیــی زەینەددیــن بۆیــان دەرچــوو و کەوتــە شــەڕی ئەرتەقیــەکان و ئــەو وڵاتانــەی لــێ وەرگرتنــەوە کــە ئــەوان گرتبوویانــەوە[1].

ســەیفەددین غــازی زۆر نەمایــەوەو هــەر دوای ســێ ســاڵان لەبوونــی بەپاشــا، لەســاڵی ٥٤٤ک (١١٤٩) مــرد[2]. کــە ســەیفەددین غــازی مــرد کەســی لەمنداڵــی خــۆی نەبــوو جێــی بگرێتــەوەو پێــش مردنــی وەســیەتی کردبــوو وڵاتەکــەی بدرێتــە براکــەی قوتبەددیــن مــەودوود. هەروەهــا وەســیەتی کردبــوو کــە زەینەددیــن بکرێتــە راوێــژکاری تایبەتیــی، چونکــە شــارەزایی و ئەزموونێکــی درێــژی هەیــە ســەرباری ئــەوەی دڵســۆزی بنەماڵــەی زەنگیــە و بەوەفایــە بۆیــان. وەســیەتی ئەوەشــی کردبــوو کــە جەمالەددینیــش بەوەزیــری بمێنێتــەوە. ئەوجــا زەینەددیــن و جەمالەددیــن -دوای مردنــی ســەیفەددین- میــر و گــەورەو فەرماندەکانــی

١- التاريخ الباهر، ل/٩٠.
٢- التاريخ الباهر، ل/٩٢.

سوپای کۆکردەوەو سوێندی دان کە لەفەرمانی قوتبەددین دەرنەچن و ملکەچی بن. کە ئەوانە هەمووی تەواو بوو، قوتبەددین زەینەددینی کردە جێگری خۆی لەهەموو وڵاتدا و جەمالەددینیشی کردە وەزیری[1].

زەینەددین وەکو میرێک لەسەر سوپای موسڵ مایەوە لەپاڵ جێبەجێکردنی کاروباری وڵات، بۆیە گەورەترین پیاو بوو لەناو وڵاتدا دوای قوتبەددین. «زەینەددین کارێکی مەزنی لەناو دەوڵەتەکەی قوتبەددین بەجێگەیاند»[2]و «هەر بەخۆی فەرمانڕەوای دەوڵەت بوو»[3]و هیچ کارێک بەبێ ڕەزامەندیی ئەو نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا قوتبەددین لەهێزی زەینەددین نەدەترسا چونکە باوەڕی پێدەکرد کە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆی و بەرژەوەندیی وڵاتەکەی کار دەکا بۆیە هەر جارەک پێویستی کردبا پاداشتی بەوە دەدایێ کە بەشێکی زۆرتری بۆ دادەبڕی.

قوتبەددین هەمان سیاسەتی عمادەددینی باوکی لەگەڵ خەلیفەی عەباسی و سوڵتانەکانی سەلجووقی پەیڕەو کرد لەکاتی پەیدابوونی کێشە لەنێوانیاندا. ئەو سیاسەتەی کە بەرژەوەندیی وڵات و ئەو سوودەی کە بەهۆیەوە بۆی دەگەڕایەوە هەڵیدەسووڕاند.

١- التاريخ الباهر، ل١١٣. ژيل تاريخ دمشق، ل/٣٠٧.
٢- التاريخ الباهر، ل٨٢.
٣- الكامل، ب٩ /ل٩٧.

هەر لەساڵی ٥٥١ك (١١٥٦ز) پەیوەندیی نێوان «خەلیفە لیئەمریلـلا» و پاشا «محەمەد کوڕی سوڵتانی سەلجووقی» بەهۆی دەسەڵاتەوە تێکچوو و بووە هۆی شەڕ. شا محەمەد رووی لە قوتبەددین مەودوود کرد کە یارمەتیی سەربازیی بۆ بنێرێ، ئەویش سوپایەکی بەفەرماندەیی زەینەددین بۆ نارد.

شای سەلجووقیەکان، محەمەد کوڕی سوڵتان مەحموود خاوەنی هەرێمی جەبەل: رەی و هەمەدان و هیدیکە، داوای لە خەلیفە کرد کە وتاری سەڵتەنەت لەبەغدا بەناوی ئەو بدا. خەلیفە ئەو داوایەی رەتکردەوەو وتاری بەناوی مامی –مامی شا محەمەد– سولەیمان شا دا. خەلیفە لەگەڵ سولەیمان شا رێککەوت کە شەڕ لەگەڵ شا محەمەد بکا و پارەو پیاوی بۆنارد. سولەیمان شا بەسوپایەکەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ برازاکەی کەوتە رێ و نامەی بۆ مەلەکشا –برای شا محەمەد– نارد کە لەگەڵی بێ ئەویش وایکرد. کە شا محەمەد بەوەی زانی، بەدوای قوتبەددین مەودوودی والی زەینەددین عەلیدا نارد و داوای یارمەتیی لێکرد و لەبەرامبەر ئەوەدا پاداشتی چاکی بۆ دانان، ئەوانیش بەدەم داواکەیەوە چوون و زەینەددین بەسوپای موسڵەوە بەرەو هەمەدان کەوتە رێ بۆ ئەوەی لەگەڵ شا محەمەد یەک بگرن، پاشان لەشاری شارەزوور دابەزی بۆ ئەوەی سوپاکەی پشوویێک بدا. لەوکاتەی لەوێ بوو، هەواڵی

بۆ هات کە شەڕ لەنێوان شا محەمەد و سولەیمان شادا هەڵگیرساوەو سولەیمان شا دۆڕاندوویەتی و وا لەڕێگەدایە بۆ بەغدا لەڕێی شارەزوورەوە. زەینەددین لەڕێگا خۆی بۆ دانووساند و گرتی و بە دەستبەسەریەوە گەڕاندیەوە بۆ موسڵ و مزگێنیی گرتنی سولەیمان شای بۆ شا محەمەد نارد و پەیمانی دایێ «پشتی بگرێ لەهەر یارمەتیەکی کە داوای لێبکا»[1].

بەو شێوەیە دەبینین کە قوتبەددین و زەینەددین پێکەوە لەتەک شا محەمەدی سەلجووقی لەدژی خەلیفە راوەستان. ئەگەر بەڕووکەش هەواڵەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە کوشتارەکە لەنێوان دوو پاشای سەلجووقی بووە، بەڵام لەڕاستیدا کوشتارەکە لەنێوان خەلیفە و شا محەمەدی سەلجووقی بوو، چونکە خەلیفە پشتی شا سولەیمانی دەگرت و پارەو پیاوی بۆ دەنارد. بگرە هەواڵێک هەیە دەڵێ خەلیفە بەخۆی هەتا شاری حەلوان رۆیشتووە بۆ هاندانی سولەیمان شا[2].

ئەو رەفتارەی خەلیفە، شا محەمەدی تووڕەکرد بەوەی کە رەتیکردەوە وتار لەبەغدا بەناوی ئەوبدرێ و سولەیمان شای مامی هەڵبژارد لەجیاتی، پاشان سولەیمان شای هاندا شەڕوکوشتاری لەگەڵدا بکا،

---

١- الكامل، ب/٩ ل/٤٨.

٢-حەلوان: شارێکە لەکۆتایی سنووری عێراق پاش چیاکانی بەغدا (معجم البلدان، ب٣ ل٣٢٢).

بۆیـە بەسـوپایەکەوە بـەرەو بەغـدا ڕۆیـی بـۆ گەمارۆدانـی و شــەڕکردن لـەگــەڵ خەلیفــە و جارێکــی دیکــەش بــەدوای قوتبەددیــن و زەینەددینــی دا نــارد بــۆ ئــەوەی ســەربازی بـۆ بنێـرن. زەینەددیـن کـە سـەرکردایەتی سـوپای موسـڵی دەکـرد بـەرەو بەغـدا ڕۆیـی و گەیشـتە شـامحەمەد. لـەوێ لەنێـوان دوو سـوپا هاوپەیمانەکـە و سـوپای خەلیفـە شـەڕ هەڵگیرسـا. بەشـی کوشـتار لـەلای زەینەددیـن گـەورە بـوو. لەوکاتــەی کــە شــەڕ گــەرم ببــوو لەپڕێکــەوە زەینەددیــن لەکوشــتار خاوبــۆوەو پشــتی لــە شــامحەمەد کــرد. ئــەوە بـووە هـۆی لاوازبوونـی و سـەرکەوتنەکەی بەسـەر خەلیفـەدا دواخسـت بۆیـە دوژمنەکانـی چاویـان تێبـڕی و دەسـتیان بەســەر هەمەدانــدا گــرت. کــە شــا محەمــەد بــەوەی زانــی گەڕایــەوە بـۆ گرتنــەوەی، بەمــەش هێرشــەکەی بـۆ ســەر بەغــدا شکســتی هێنــا. هەرچــی هــۆکاری خاوبوونــەوەی زەینەددیـن بـوو لەکوشـتار، خەلیفـە بەبـەردەوام و بەنهێنـی نامـەی بـۆ دەنـارد و بۆخـۆی رایدەکێشـا و زەینەددینیـش وەڵامــی دایــەوە[1].

مێژوونووســەکان ئــەو نرخەیــان بــاس نەکــردووە کــە زەینەددیــن لەخەلیفــەی وەرگرتــووە لەبەرامبــەر سەرخســتنی شــا محەمــەد هەرچەنــدە بەدڵنیاییــەوە بەبــێ بەرامبــەر پشــتی تێنەکــردووە ئەوجــا پێشــەکی وەریگرتــووە یــان گفتــی پێــدراوە.

١- الكامل، ب/٩ ل/٥١، التاريخ الباهر، ل١١٤.

ئەوەنـدەی نەمابـوو زەینەددیـن ببێتـە فەرماندەی سوپای سـوڵتانی سـەلجووقی، کـە هـەر ئـەو سـولـەیمان شـایە بـوو کـە بەدەسـتی خـۆی زەینەددینـی گـرت. چونکـە شـا محەمـەد –بـرازای سولـەیمان شـا– کـە لەسـاڵی ٥٥٤ مـرد، بەرپرسـانی حکوومەتـی شـامحەمەد لەهەمـەدان ناردیانـە دوای قوتبەددیـن مـەودوود و داوایـان لێکـرد کـە سولـەیمان شـایان بـۆ بنێـرێ بـۆ ئـەوەی بیکەنـە سـوڵتان لەجێـی شـامحەمەد. قوتبەددیـن لەگـەڵ سـولـەیمان شـا ڕێککـەوت کـە سـولـەیمان شـا ببێتـە سـوڵتان و قوتبەددینیـش ببێتـە «ئەتابـەگ»ی، واتـە بەڕێوەبـەری کاروبـاری سـەڵتەنەتەکەی و جەمالەددینیـش –وەزیـری قوتبەددیـن– ببێتـە وەزیـری سـولـەیمان شـا. هەرچـی زەینەددینیشـە بکرێتـە فەرماندەی گشـتیی سـوپای سـەڵتەنەت.

دوای ئـەوەی قوتبەددیـن و سـولـەیمان شـا لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن، قوتبەددیـن سـوپایەکی سـازدا بەفەرماندەیـی زەینەددیـن بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ سـولـەیمان شـا بچێتـە هەمـەدان، ناوەنـدی سـەڵتەنەتەکەی. هەرکـە لەوڵاتـی جەبـەل نزیـک بوونـەوە، سـەربازەکانی بەپیریـەوە هاتـن بـۆ پێشـوازیی سـولـەیمان شـا تـا سـوپایەکی زۆر گـەورە لێـی کۆبـووەوە. زەینەددیـن لێیـان ترسـا چونکـە بینـی چ دەسـەڵاتێکیان بەسـەر سـولـەیمان شـادا هەیـە «شـێوازی ڕەوشـتیان لەگەڵـدا نەهێشـتبۆوو بۆیـە لێیـان ترسـا»، سـولـەیمان شـا لەبـەر ئـەوە بەجێـی هێشـتن و بەخـۆی

و سوپاكەیەوە گەڕایەوە بۆ موسڵ، بەو هۆیەوە پرۆژەكە شكستی هێنا[1].

وەک چۆن زەینەددین جێی متمانەی پاشایەكانی موسڵ بوو، ئەوانەی كاری بۆ دەكردن، ئەوهاش جێی متمانەی نورەددین مەحموودی خاوەنی شامیش بوو، بەجۆرێک نورەددین شاری حەڕانی بۆ دابڕی -كە لەموڵكەكانی خۆی بوو- بۆ ئەوەی، باوەڕیشی پێبوو، كە دەیپارێزێ.

نورەددین لەساڵی ٥٥٤ لەحەلەب تووشی نەخۆشیەكی توند دێ و بەهۆیەوە نزیكەمردن دەبێ. لەوكاتەدا نەسرەددینی میری میرانی برای لەشاری حەڕان دەبێ كە نورەددین بۆی دابڕیبوو. كە نەسرەددین بەنەخۆشیەكەی برای زانی و پێشبینیی مردنی كرد، چاوی بڕیە ئەوەی لەفەرمانڕەواییدا جێی بگرێتەوە، بۆیە لەحەررانەوە بەرەو حەلەب رۆیی بۆ دەست بەسەراگرتنی. كە چووە ناو شارەكەوە هەندێک لەفەرماندەكانی سوپای برایەكەی و گەورە پیاوانی دەوڵەتی راكێشا، بۆ ئەوەی لەگەڵی بن، بەڵام كە نورەددین بەرەو چاكبوونەوە دەچێ، نەسرەددین لەوەی كردی پەشیمان دەبێتەوەو لەو هەڵەیەی واگا دێتەوە كە بەرامبەر براكەی كردی، لەحەلەبەوە دەچێتە حەرران. ئەوەی كە براكەی

---

١- التاريخ الباهر، ل ١١٤

کردبـــووی بەنورەددیـــن دەگاتـــەوەو لێـــی تـــوورە دەبـــێ و بڕیــار دەدا بەلێســەندنەوەی حــەرران چاوشـکێنی بـکا. کـە بەتـــەواوی چـــاک دەبێتـــەوە، بەســـوپایەک لەحەلەبـــەوە بـــەرەو حـــەرران دەڕواو گەمـــارۆی دەدا. کـــە گەمارۆیەکـــە لەســـەر نەســـرەددین تونـــد دەبـــێ و دەزانـــی ناتوانـــێ بەرگـری بـکا، لەشـار هەڵـدێ. نورەددینیـش داگیـری دەکا. دیــارە نورەددیــن پشــتی بەســوپای موســڵ و فەرماندەکــەی زەینەددیــن عەلــی بەســتووە، چونکــە نورەددیــن شــارەکە رادەســـتی زەینەددیـــن دەکا بـــۆ ئـــەوەی فەرمانڕەواییـــی بـکا[1]. بەوجـۆرە دابڕرێنراوەکانـی زەینەددیـن زۆرتـر دەبـن و هێزەکەشـی گەورەتـر دەبـێ.

کاتێـک کـە نورەددیـن بەتەنیـا فەرمانڕەوایـی ئـەو وڵاتـە دەکا کـە هـی باوکـی بـوو لەشـام، بەتەنیـا قورسـایی کوشـتاری خاچپەرسـتەکان و بەردەوامبـوون لەپرۆسـەی گەڕاندنـەوەی وڵات لەدەسـتیانەوەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ کـە عیمادەددینـی باوکـی دەسـتی پێکردبـوو. عمادەددیـن توانیبـووی بەشـێکی زۆری وڵاتیـان لـێ وەرگرێتـەوە. نورەددیـن لەلایـەک دەبـوو لەسـەر پرۆسـەی گەڕاندنـەوەی ئەوانـە بـەردەوام بـێ و لەلایەکـی دیکەشـەوە کار لەسـەر پاراسـتنی ئـەو بەشـەی وڵاتیـش بـکا کـە لەژێـر دەسـتیەتی لەمەترسـیی ئەوانـە.

---

١- ذيل تاريخ دمشق، ل ٣٥٨. الكامل، ب٩/ ل ٦٧.

هاوکاریـەک لەنێـوان هـەردوو نورەددیـن و قوتبەددینـی بـرای یەکتـری هەبـوو. قوتبەددیـن بەخـۆی و سـوپاکەیەوە بەشـداریی براکـەی کردبـوو لەهەندێـک شـەڕی گرنـگ لـەدژی خاچپەرسـتەکان. ئـەوەی لەسـاڵی ٥٥٩ک (١١٦٣ز) دا روویـدا کاتێـک کـە نورەددیـن بڕیـاری دا شـاری حاریـم بگرێ[1]کـە لەدەسـتی خاچپەرسـتەکاندا بـوو. هـۆکاری ئـەوەش ئەوەبـوو کـە لـەو سـاڵەدا پشـێویەک «فتنـە» لەمیسـر لەنێـوان شـاوری وەزیـر و رکابەرەکـەی کـە نـاوی زڕغـام بـوو لەسـەر پۆسـتی وەزارەت روویـدا. زڕغـام توانـی شـاور لەپۆسـتەکەی لابـداو شـاور بـۆ شـام هـەڵات و پەنـای بـۆ نورەددیـن مەحمـوود بـردو داوای لێکـرد یارمەتیـی بـدا بـۆ وەرگرتنـەوەی پۆسـتەکەی. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەسـتکراوەییەکی زۆری نیشـاندا، لەوانـەش گفتـی پێـدا کـە سـێیەکی داهاتـی میسـری بداتـێ و بـۆ سەربازەکانیشـی دووسـێیەکەی دیکـە، سـەرباری ئـەوەی کـە لێیـان خـەرج دەکا لـەو ماوەیـەی مانەوەیـان لەمیسـر و سوێندیشـی لەسـەر ئـەوە خـوارد. نورەددیـن وای بەبـاش زانـی کـە ئـەوەی بـۆ بـکا، بۆیـە سـوپایەکی بەفەرماندەیـی ئەسـەدەددین شـێرکۆ بـۆ ئامادەکـرد کـە توانـی بەسـەر زڕغامـدا سـەرکەوێ و شـاور بگێڕێتـەوە سـەر پۆسـتەکەی، بـەڵام هەرکـە شـاور لەسـەر

١- حارم، شارێکە دەکەوێتە رۆژاوای حەلەب نزیک ئەنتاکیە و یەکێکە لەتوندترین قەڵاکان و پارێزراوترینیان (التاريخ الباهر، ل ١٠٩).

وەزارەتەکـە جیگێـر بـوو و بەمردنـی زڕغامیـش لەژیانـی دڵنیـا بـوو، بۆیـە لەسـوێندەکەی پەشـیمان بـۆوەو ئـەو گفتـەی بەنورەددینـی دابـوو بەجێـی نەگەیانـد. بگـرە لـەوەش پتـری کـرد. فەرمانـی بـە ئەسـەدەددین کـرد کـە دەسـتبەجێ میسـر بەجـێ بێلـێ و بەسـەربازەکانیەوە بگەڕێتـەوە شـام. ئەسـەدەددین لەشـاور تـوورە دەبـێ و بڕیـار دەدا بەهێـز وای لێبـکا گفتەکانـی جێبەجـێ بـکا. شـاوریش کـە بینـی ئەسـەدەددین مکـوڕەو ناشـتوانێ بەرگـەی بگـرێ، پەنـا دەباتـە بـەر خاچپەرسـتەکان و نامەیـان بـۆ دەنێـرێ و داوایـان لێـدەکا بێنـە شـام بـۆ ئـەوەی لەدەرکردنـی ئەسـەدەددین لەمیسـر یارمەتیـی بـدەن. ئـەو داواکردنـە هەلێـک بـوو بـۆ خاچپەرسـتەکان، چونکـە زۆر بەهیـوای ئەوەبـوون میسـر داگیـر بکـەن و زۆرجاریـش هەوڵـی ئەوەیـان دابـوو، بـەڵام لەهەمـوو هەوڵەکانیـان شکسـتیان هێنابـوو. کاتێـک کـە شـاور داوای کـرد هاوکاریـی بکـەن، چاویـان لەوەبـوو پێگەیـەک بـۆ خۆیـان لـەوێ پەیـدا بکـەن بەهەنجەتـی پاراسـتنی شـاور. بەسـوپایەکی گـەورەوە چـوون و لەگـەڵ ئەسـەدەددین – بەیارمەتـی شـاور و سـوپاکەی– لـەزۆر شـەڕدا بەیەکیـان دادا. کۆتاییەکـەی نیمچـە شکسـتێک بـوو بـۆ ئەسـەدەددین، هەرچەنـدە ئاواتـی خاچپەرسـتەکانیش لەمانەوەیـان لەمیسـردا تێکشـکا. شـەڕەکە بەرێککەوتنـی نێـوان ئەسـەدەددین و خاچپەرسـتەکان کۆتایـی هـات بـەوەی کـە

هەموویـان میسـر چـۆڵ بکـەن و هەریەکـە بگەڕێتـەوە بـۆ وڵاتـی خـۆی[1].

نورەددیـن -هێشـتا ئەسـەدەددین هـەر لەمیسـر بـوو- کـە زانـی شـاور سـتەمی کـردووەو خاچپەرسـتەکانی لەشـامەوە هێنـاوە بـۆ شـەڕی ئەسـەدەددین: بڕیاریـدا ئـەو هەڵمەتـەی خاچپەرسـتەکان بـۆ سـەر میسـر هەراسـان بـکا بـەوەی هێـرش بکاتـە سـەر ئـەو وڵاتانـەی کـە لەژێـر دەسـتیانە لەشـام، بەمـە هێرشـبەرەکان -یـان بەشـێکی- ناچـار دەبـن بگەڕێنـەوە بـۆ شـام بـۆ بەرگـری لێکردنـی، بـەوەش فشـارەکەیان بـۆ سـەر ئەسـەدەددین سـوکتر دەبـێ.

نورەددیـن گۆڕەپانەکـەی شـەڕی زۆر بەباشـی هەڵبـژارد. شـاری حاریمـی دیاریکـرد بـۆ ئـەوەی لەوێـوە دەسـتیان لـێ بوەشـێنێ چونکـە پێگەیەکـی ئایینیـی پیـرۆزی هەبـوو لـەلای خاچپەرسـتەکان. نورەددیـن دەیزانـی کـە دەسـتی داوەتـە کارێکـی ترسـناک و بەتەنیـا ناتوانـێ بەجێـی بگەیەنـێ، چونکـە دەزانـێ خاچپەرسـتەکان بەهەموویـان لێناگەڕێـن حاریـم بگـرێ، بەڵکـو شـەڕو کوشـتارێکی زۆری لەگـەڵ دەکـەن. بۆیـە پەنـای بـۆ قوتبەددیـن مـەودوودی بـرای کـە خاوەنـی موسـڵ بـوو و میرەکانـی موسـڵمانان لەجەزیـرە بـرد و داوای لێکـردن بەشـداریی بکـەن لـەو

١- التاريخ الباهر، ل١١٩.

شەڕەدا. برایەکەی وەڵامی داوایەکەی دایەوەو بەسوپای موسڵەوە بەفەرماندەیی زەینەددین عەلی بەرەو ئەوێ رۆیشت. هەروەها میرەکانی موسڵمانانیش بەسوپاکانیانەوە چوون و لەلای نورەددین سوپایەک لەو هێزانە کۆبووەوە کە ئیبن ئەسیری مێژوونووس لەبەر گەورەیەکەی وا وەسفی دەکا «سوپای تاوسەکان بوو، هەریەکەو بەشمشێری ئاسنین و رەنگی جوانەوە خۆیان دەخەملّی و دەنواند»[1]. نورەددین بەو سوپای تاوسانە بەرەو حاریم رۆیی و لەوێ مایەوەو گەمارۆی دا.

هەرچی خاچپەرستەکانیش بوو، ئەوە تێیاندا هاتەجێ کە نورەددین پێشبینیی دەکرد. ئەوانە هەرچی هەبوو لەجەنگاوەر و ئەوەی جەنگاوەریش نەبوو کۆیان کردەوە، تەنانەت پیاوانی ئایینیشیان بەشداری پێکرد لەشەڕەکان کە گەورە فەرماندەو میرەکانیان سەرکردایەتیان دەکرد. ئیبن ئەسیر ئامادەکاریی و کۆبوونەوەی خاچپەرستەکانی بۆ بەرگریکردن لەحاریم بەو شێوەیە وەسف دەکا: «لەهەموو قوژبنێکەوە هاتن، بەژمارەی زۆر و بەگەورەو بچووک و میر و سوارچاکەکانیان و رەبەن و قەشەکانیانەوە. تەنانەت خاوەن کارەکانیش. نەیاندەزانی کە دەبنە خۆراکی

---

١- التاريخ الباهر، ل ١٢٣.

گورگ و توورگ (الخوامع)[1]. پیاوەکانیان لەهەموو ڕێگەیەکەوەو بەهەموو پاڵەوانەکانیانەوە کە شارەزای شەڕ بوون و ڕاوی پاڵەوانانەیان دەکرد. لەبەر ئەوەی لەهەموو جۆرێکیان تێدابوو و زۆربوون، بۆیە موسوڵمانەکان لێیان ترسان. لەپێشەوەیان میری فەرەنگان خاوەنی ئەنتاکیە و میری (قمص)ی[2] خاوەنی تەڕابڵس و دەوروبەری و کوڕی جۆسلین -کە لەناودارانی فەڕەنگ و پاڵەوانەکانی بوو- لەگەڵ دۆک- کە سەرۆکی ڕۆم و پێشەنگیان بوو- ئەوەندە پیادەیان کۆکردەوە کە لەژماردن نەدەهات و زەویان داگرتبوو و ئاسمانیان بەتەپوتۆزیان تاریک کردبوو».

ئەوجا دوو تیپەکەی موسڵمان و خاچپەرستەکان کەوتنە بەرامبەر یەک، ڕووبەڕوو، شەڕێک لەنێوانیاندا بەرپا بوو کە ترسناکترین شەڕ بوو. ڕکابەرەکان بەشێوەیەکی سەیر ئارامیان لەیەکتری گرت و پاڵەوانێتیەکیان نیشان دا کە جێی سەرسوڕمان بوو. ڕۆڵی زەینەددین تێیدا زۆر ترسناک و کاریگەر بوو.

---

١- الخوامع، جمع خامع واتە تورگ.
٢- القمص: بەعەرەبکراوەی وشەی لاتینی comes واتە میر. مانای بنچینەییەکەی لەلاتینی (هاوڕێ)یە چونکە هاوڕێیەتی پاشا دەکا لەشەڕەکان. هەر ئەو وشەیەشە کە لەفەڕەنسی بووە بە comte و فەرهەنگە عەرەبیەکان کردوویانەتە: کد، کند و قند (التاريخ الباهر ل ٤١/ پەڕاوێزی ٤).

ئیبـن ئەسـیر ئـەو شـەڕە نەمـرەی لەمێـژووی شـەڕی خاچپەرسـتەکان وا وەسـفکردووە «کـە لێـک نزیـک بوونـەوەو کەوتنـە بەرامبـەری یەکتـری و بـۆ شـەڕ ئامادەبـوون و هەنـگاوەکان هاتنەپێشـەوەو پـەردە نەمـا، فەڕەنگـە (خاچپەرستەکان) لـەلای راسـتەی موسڵمانەکانەوە دەسـتیان پێکـرد کـە سوپای حەلـەب و فەخرەددینـی لێبـوو. تێکوپێکیـان دان و پێیەکانیـان خسـتە لەرزیـن. ئەوانیـش پشـتیان تێکـردن و رایـان کـرد. فەڕەنگـەکان کەوتنـە دوایـان. ئـەو هەڵاتنـەی لای راسـتە بەرێککەوتـن و تێرادیتـی بـوو کـە خۆیـان دروسـتیان کردبـوو بـۆ هەڵخەڵەتاندنـی دوژمـن بـۆ ئـەوەی لەپیادەکانیـان دووریانخەنـەوە ئەوجـا ئـەو موسڵمانانەی کـە دەمێننـەوە روویـان تێدەکـەن و دەیانخەنـە بـەر شێمشـێر و لووتیـان دەبـڕن. ئەگـەر سـوارچاکەکانیان لـەو راوەدوونانـە گەڕانـەوە، هیـچ پیادەیەکیـان نامێنـێ پەنـای بـۆ ببـەن یـان پەناگەیـەک (وزر)[1] خۆیانـی تێـدا بپارێـزن، ئەوجـا راکـردووەکان بەدوایانـدا دێنـەوەو لەپشـتڕا لەناویـان دەبـەن و بەشمشـێری خـودا لەپێـش و دواوە دەیانبڕنـەوەو لـەوێ لەناویـان دەبـەن». فێڵەکـە بەسـەر خاچپەرسـتەکاندا تێپـەڕی و هەرکـە بینیـان لای راسـتی موسڵمانەکان گۆڕەپانەکـە چـۆڵ دەکـەن، بەدوایـان کەوتـن بـۆ ئـەوەی لەناویـان ببـەن. گۆڕەپانەکەیـان

١- الوزر: واته پەناگە، لەبنەڕەتدا شاخه (موختار الصحاح).

چۆڵکـرد و پیادەکانیـان بەتەنیـا لەگۆڕەپانەکـە مانـەوە، ئەوجـا نـۆرەی زەینەددیـن هـات بـۆ ئـەوەی شـەڕەکە یـەکلا بکاتـەوەو پیـادەی خاچپەرسـتەکان بەیەکجـاری بنبـڕ بـکا. هەرکـە زەینەددیـن بینـی سـوارچاکەکانی خاچپەرسـتەکان راوەدووی موسـڵمانە هەڵاتـووەکان دەنێـن، بەسوپای موسـڵ بایدایـەوە سـەر پیاوەکانیـان و بەچەکـەوە کەوتـە پەڕاندنـی ملیـان و ئـەوەش کـە نەیتوانـی رابـکا بەدیـل گرتـی. بـەو شـێوەیە مەترسـیەکەیان لەسـەر موسـڵمانان لاچـوو.

پاشـان سـواریەکانی خاچپەرسـتەکان هۆشـیاربوونەوە کـە پیادەکانیـان بەبـێ پاراسـتن بەجـێ هێشـتووەو ترسـان لەنـاو بچـن. نەیاندەزانـی چیـان بەسـەرهاتووە، بۆیـە گەڕانـەوە سـەریان بـۆ ئـەوەی لەدەسـتی موسـڵمانان بیانپارێـزن، بـەڵام بینیـان کارلـەکار تـرازاوەو هەموویـان کـوژراو و برینـدارن یـان بەدیـل گیـراون. زۆر تووشـی سەرسـوڕمان بـوون کـە ئەوەیـان لـێ قەومـا، پاشـان تووشـی سەرسـامیەکی دیکـەش هاتـن ئـەو کاتـەی کـە موسـڵمانە هەڵاتـووەکان بینیـان سـواریە خاچپەرسـتەکان بەدوایانـەوە نەمـاون و گەڕاونەتـەوە گۆڕەپانـی شـەڕ بـۆ لای پیادەکانیـان، لـەدواوە کەوتنـە دوایـان، بـەو جـۆرە خاچپەرسـتەکان لـەو ناوەنـدە کەوتنـە نێـوان دوو بەرداشـەوە. کوشـتار لەپـاش و پێشـیانەوە بـوو. موسڵمانەکان هەمـوو رێگەیەکـی دەربازبوونیـان لـێ گرتـن. ئیـدی لەژێـر چەکـی موسـڵمانەکان بەکـوژراوی و برینـداری

بەردەبوونـــەوە. ئیبـــن ئەســـیر وەســـفی ئـــەو قۆناغـــەی کۆتـایـی شـەڕەکە دەکا و دەڵـێ: «کارەکـە چـۆن دانرابـوو وا رۆیـی، دۆخەکـەش هـەروا گـۆڕا، کـە فەڕەنگـەکان بـەدوای هەڵاتووەکانـــدا رۆیشـــتن، زەینەددیـــن بەســـوپای موســـڵ گەڕایـەوە سـەر پیادەکانیـان و بەکوشـتن و گرتـن لەنـاوی بـــردن. سوارەکانیشـــیان لەترســـی شکســـتی پیادەکانیـــان گەڕانـــەوەو بینیـــان کـــە پیادەکانیـــان لەنـــاو خوێنـــی خۆیانـدا دەگـەوزن و ونبـوون و ملیـان پەڕێنـراوەو زەلیـل بـوون، دەسـتیان لـێ شووشـتن. هەڵاتـووەکان بەدوایـان کەوتـــن و راوەدوویـــان نـــان تـــا دوژمـــن لـــەو ناوەنـــدە مایـــەوەو موســـڵمانان لەهەمـــوو لایەکـــەوە دەورەیـــان دان و شـــەڕ گـــەرم بـــوو و ســـەرۆک و ســـەرباز کەوتنـــە شـــەڕ و فەڕەنگـــەکان شـــەڕی خۆدەربازکردنیـــان کـــرد، شـــەڕێک کــە تەنیــا ئــەوەی لەژیــان بێئومێــد بووبــێ دەیــکا. تێــک قژقــژان و تیــر کاری لەشمشــێر نەدەکــرد. ســەربازەکانی موسـڵمانان وەکـو داڵ کەوتنـە سـەر باڵنـدە کەوتـووەکان و کەرتوپارچەیـان کـردن و فەڕەنگـەکان نەیانتوانـی رابکـەن، بۆیــە خۆیــان بەدەســتەوە دا. زۆریــان کــوژران و ژمــارەی کـوژراوان لەدەهـەزار تێپـەڕی. هەرچـی دیلەکانیـش بـوو ئـــەوا لەژمـــاردن نەدەهاتـــن»[1]

١- التاريخ الباهر، ل ١٢٥.

ئـــەو کەوتنەیـــان خراپتریـــن کەوتنـــی خاچپەرســـتەکان بـوو. سـەرباری کـوژران و برینداربـوون و بەدیـل گرتنیـان، موســڵمانەکان هەمـــوو فەرمانـــدەو میرەکانیشـــیان بەدیـــل گـرت، ئەوجـا نورەددیـن پـاش ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـەی بـەرەو شـارەکە رۆیـی و لـە ٢١ی مانگـی رەمەزانـدا گرتـی. بەمـەش شـارەکە گەڕایـەوە بۆ خاوەنـە موسڵمانەکانی. دەڵێن هـۆکاری قایلبوونـی ئـەو خاچپەرستانەی کـە لەمیسر بـوون بەرێککەوتـن لەگـەڵ ئەسـەدەددین و گەڕانەوەیـان بـۆ وڵاتانـی خۆیـــان، پێزانینیـــان بـــوو بەگەمارۆدانـــی حاریـــم لەلایـــەن نورەددینـەوەو ویسـتیان بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەوەی شـارەکەیان لەکەوتنەدەســـتی رزگار بکـــەن. بـــەڵام کـــە گەیشـــتنە شـــام بینیـــان شـــارەکەیان بـــۆ هەتـــا هەتایـــێ لەدەســـت چـــووە. کــە کێشــەی حاریــم تــەواو بــوو، قوتبەددیــن و ســوپاکەی بەهەڵکردنـــی ئـــاڵای ســـەرکەوتنەوە گەڕانـــەوە موســـڵ، دوای ئـــەوەی ئەرکەکـــەی خۆیـــان بەچاکـــی بەجـــێ گەیانـــد.

زەینەددیـــن عەلـــی هەمـــوو ژیانـــی خـــۆی لەخزمەتـــی بنەماڵـــەی زەنگـــی بردەســـەر، هـــەر لـــەو رۆژەوەی کـــە چـــووە لای قەســـیمودەولەی باوکـــی عیمادەددیـــن تـــا ســـاڵی ٥٦٣ک (١١٦٧ز). بارودۆخەکـــەی لەبەندیەکـــەوە گـــۆڕا تـــا گەیشـــتە گـــەورەی یەکـــەم لـــەو وڵاتـــەی کـــە بـــووە هـــی خـــۆی، بگـــرە لـــەڕووی هێـــزەوە گەیشـــتە ئاســـتی پاشـــایەکانی. ئەوەنـــدە شـــاری گـــەورەی رووبـــەر فـــراوان و ســـامانداری بەســـەردا دابڕابـــوو وەکـــو: ئەربـــل، شـــارەزوور، تکریـــت، شـــنگال،

حــــەرران. هەروەهـــا ئەوەنـــدە قەڵاتـــی تۆکمـــەی هەبـــوو وەکـو: قەڵاتـی کوردانـی هــەکاری و حەمیدیـە لەدیاربەکـر و هیدیکــەش[1]. لەهــەر شــار و قەڵایەکـدا جێگرێکـی هەبـوو لەجێـی ئـەو فەرمانڕەوایـی دەکـرد و جێگرەکانـی ملکەچـی فەرمانەکانـی بـوون و لەقسـەی دەرنەدەچـوون. هەروەهـا لەهـەر شـار و قەڵایەکیـش سوپای تایبـەت بەخـۆی و دیـوان و فەرمانبـەری خـۆی و سـەرچاوەی دارایـی خـۆی هەبـوو. لەڕاسـتیدا زەینەددیـن پاشـایەکی تـاج لەسـەرنەنراو بـوو. ئەگـەر زەینەددیـن ئـارەزووی جیابوونـەوەی لەموسـڵ و دامەزراندنـی دەوڵەتێکی هەبوایـە کـە نـاوی خـۆی هەڵگـرێ، ئـەوا زۆر بەئاسـانی دەیتوانـی بەجێـی بگەیەنـێ، چونکـە بایـی ئەوەنـدە توانـای دارایـی و سـوپای لەبندەسـت بـوو. بـەڵام وەفـای بـۆ بنەماڵـەی زەنگـی کـە خـۆی تێیـدا گـەورە ببـوو نەیهێشـت ئـەو ڕەفتـارە ترسـناکە بنوێنـێ و زیانیـان پـێ بگەیەنـێ.

سـاڵی ٥٦٣ کۆتایـی ژیانـی زەینەددیـن بـوو لەسـەر زەوی، چونکـە تووشـی نابینایـی و کەڕبـوون ببـوو دوای ئـەوەی، بەپێـی هەمـوو مێژوونووسـەکان، تەمەنـی گەیشـتبووە نزیکـەی سـەت سـاڵ. ئیـدی نەیتوانـی لەکارەکانـی بـەردەوام بـێ و بڕیـاری دا لەماڵـەوە بمێنێتـەوە، بـەڵام نـەک لەموسڵ بەڵکو لەئەربـل کـە خانـەوادەو منـداڵ و سـامانەکەی لێبـوو. ئـەو ڕۆژەی ئـەو بڕیـارەی دا دەستی لەهەمـوو دابڕێنراوەکانـی

١- التاريخ الباهر، ل ١٣٥.

خـۆی هەڵگـرت بـۆ قوتبەددیـن مـەودوودی خاوەنـی موسـڵ و تەنیـا شـاری ئەربلـی هێشـتەوەو کردیـە شـوێنی دانیشـتنی خـۆی[1].

بۆیـە دەسـتی لەدابڕێنراوەکانـی خـۆی هەڵگـرت چونکـە کوڕێکـی نەبـوو بـۆ فەرمانڕەوایـی ئـەو دابڕاوانـە بشـێ. تەنیـا دوو کـوڕی هەبـوو، گەورەکەیـان موزەفەرەددیـن گۆگبـورو بـوو کـە تەمەنـی هێشـتا چـواردە سـاڵان بـوو. ئـەو تەمەنـەش بـۆ خاوەنەکـەی گچکەیـە بـۆ فەرمانڕەواییکردنـی ئـەو هەمـوو دابڕێنراوانـە. زەینەددیـن وای لێکدەدایـەوە کـە ئەگـەر بـۆ کوڕەکانـی بەجێیـان بێڵـێ، ئـەوا جێگرەکانـی هەلـی مردنـی دەقۆزنـەوەو هەریەکـە ئـەوەی لەبندەسـتی دایـە دەیکاتـە هـی خۆی و لەموسڵی دادەبڕێ. پێشـتر گوتمان ئەو سـەردەم و پێش ئـەو و پـاش ئەویـش، دروشـمی «دەسـەڵات بۆ باڵادەسـتەکانە» باوبـوو، بۆچوونەکەشـی بەرامبەر جێگرەکانی لەژیانیدا راسـت دەرچووبـوون. کاتێـک کـە بڕیـاری دا دەسـت لەدابڕێنراوەکانـی بـۆ خاوەنـی موسـڵ هەڵگـرێ، بـەدوای دوو جێگـری لەتکریـت و شـارەزوور نـارد کـە ئـەو دووشـارە رادەسـت بکـەن بـەڵام رەتیـان کردبـۆوەو جێگرەکـەی لەتکریـت گوتبـووی: گەورەمـان ئەتابـەگ (واتـە خاوەنـی موسـڵ) خـۆی لەموسـڵ دانانیشـێ بۆیـە هـەر دەبـێ جێگرێکـی تێـدا هەبـێ و منیـش خـۆم دەبمـەوە ئـەو جێگـرە چونکـە لەمـن باشـتری نیـە. نەشـتوانرا بەهێـز

---

١- التاريخ الباهر، ل ١٣٥.

ناچار بكرێن بۆ رادەستكردنەوەیان لەترسی ئەوەی بیدەنە دەست خەلیفە. جێگرەكەی شارەزووریش هەر وەكو ئەوی كرد و وەكو جێگر تێیدا مایەوە[١].

زەینەددین لەموسڵەوە گواستیەوە بۆ ئەربل بۆ ئەوەی ئەو تەمەنەی كە ماویە بەهێمنی و ئارامی بەسەری ببا، بەڵام رۆژگار ماوەی نەداو لەمانگی زیلحیججەی هەمان ساڵ، ساڵی ٥٦٣ كۆچی دوایی كرد[٢].

پێش ئەوەی واز لەزەینەددین عەلی بێنین و قسە لەسەر زەینەددین یوسفی كوڕی بكەین، هەندێك لەو جیاكاریانەی ئەو پیاوە بەبیر دێنینەوە، هەر لەرەوشتی باش و ئاكاری جوان. رەوشت و ئاكارەكانی لەموزەفەرەددینی كوڕی رەنگیان دایەوە. موزەفەرەددین وێنەیەكی دەقاودەقی باوكی بوو لەئاكارەكانی.

زەینەددین پیاوی شەڕو كوشتار بوو. ئازایەك كە نە لەشەڕ دەترسا و نە لەجەنگ دەسلەمیەوەو مێژووی شەڕەكانی گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن. ئەوەندە نوقمی ناو ژیانی سەربازی ببوو كە ئامادە بوو لەهەر كوێیەك بۆ جەنگ بانگی بكەن بچێ، بۆیە زۆربەی ژیانی بەجلكی دڕی (زبری) جەنگەوە بردەسەرو ئەوانەی لەناوقەدی وەكو پشتێن دەبەستا كە سەربازانی گۆڕەپانی شەڕ پێویستیان پێی دەبێ، وەكو: درێشە، چەكوچ، دەرزی،

١- التاريخ الباهر، ل ١٣٥.
٢- التاريخ الباهر، ل ١٣٥.

داو، مشـار. پیاوێکـی «خێرکـەر، دادپـەروەر، رابـردوو پـاک، دەسـتودڵ جـوان، پەیمانـی نەدەشـکاند و جێـی متمانـە بـوو، سـتەمی کـەم بـوو یـان هـەر نەیدەکـرد، ئەگـەر گفتـی بەشـتێک بدابایـە دەبـوو هـەر جێبەجێـی بـکا هەرچەنـدە بەترسـیش بووایـە»[1].

چاکەکـەر و بەخشـەر بـوو، دەسـتی هەژارانـی دەگـرت و زۆری پـێ دەبەخشـین. ئەوەنـدە سـەدەقەی دەکـرد کـە لەنـاو گەنجینەکەیـدا پـارە نەدەمـا، هەرچەنـدە داهاتەکانـی لەدابڕێنراوەکانـی زۆریـش بـوو».

ئوسـامەی کـوڕی مونقیـز هەواڵێـک لەبـارەی مرۆڤبوونـی زەینەددیـن دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ: «فەرمانـدە حاجـی ئەبـو عەلـی لەحەسـەن کێـف لەمانگـی رەمەزانـی سـاڵی پێنجسـەت و شێستوهەشـتدا بـۆی گێڕامـەوەو گوتـی: لەموسـڵ لەدوکانـی محەمـەد کـوڕی عەلـی کـوڕی محەمـەد کـوڕی مامـە دانیشـتبووم، پیاوێکـی مەیفرۆشـی (الفقاعـی)[1] قەبـەی قـاچ ئەسـتوور بەلامانـدا تێپـەڕی و موحەمـەد بانگـی کـرد و پێـی گـوت: ئـەی بەنـدەی عەلـی، توخـوا قسـەکەت بـۆ ئـەوە (واتـە ئەبـو عەلـی) بگێـڕەوە. گوتـی: مـن پیاوێکـم، وەکـو دەبینـن، مـەی دەفرۆشـم. شـەوی چوارشـەم بەتەندروسـتیەکی باشـەوە خەوتـم، واگا هاتمـەوە بینیـم ناوقـەدم شـلبووەو ناتوانـم بجوولێمـەوە،

---

١- التاريخ الباهر، ل ١٣٥.

٢- الفقاع: خواردنەوەیەکە لەجۆ دەردەهێنرێ.

هەردوو لاقەکانم وشک و باریک ببوونەوە تەنیا هێسک و پێست مابووم. لەبەر ئەوەی پێیەکانم لەدوو نەدەهاتن و بەجارێک لەجوولە وەستابوون، بۆیە بۆ دواوە دەخشیم. چووم لەسەر رێی خوالێخۆشبوو زەینەددین عەلی کوچوک دانیشتم. ئەویش فەرمانیدا هەڵمبگرن بۆ ماڵی خۆی و لەوێ پزیشکی بۆ هێنام و پێی گوتن: دەبێ ئەوەم بۆ چارەسەر بکەن. گوتیان: بەڵێ، ئەگەر خوا حەزبکا چارەی دەکەین. ئەوجا بزمارێکیان دەستدایێ و گەرمیان کرد و بەپێیانمەوە نا هەستم پێی نەکرد. بە زەینەددینیان گوت: ناتوانین ئەوە چارە بکەین و دەرمانی ئەوەمان لانیە. ئەویش دوو دینار و گوێدرێژێکی دامێ. گوێدرێژەکە نزیکەی مانگێک لەلام مایەوە پاشان تۆپی. چوومەوە سەر رێی و دانیشتم. گوێدرێژێکی دیکەی دامێ، ئەویش تۆپی. گوێدرێژی سێیەمیشی دامێ هەر تۆپی. گەڕامەوە لای. ئەوجارە بەیەکێک لەهاوڕێیەکانی گوت: ئەوە ببەنە دەرێ و فڕێی دەنە ناو چاڵێک. منیش پێمگوتن: توخوا لەپاشەڵەوە فڕێمدەن چونکە نایەشێ و هەستی پێناکەم. گوتی: نا بەسەر سەرتەوە فڕێت دەدەم. ئەوجا نێردراوی زەینەددین -خودا لێی خۆشبێ- هات و بردمیەوە لای و دیاربوو فڕێدانەکەمی بەگاڵتە بوو. کە بردمیانەوە بەردەستی چوار دینار و گوێدرێژێکی دیکەی دامێ. ئیتر بەو شێوەیە مامەوە هەتا شەوێک خەونم دیت کە پیاوێک لەسەرم وەستاوەو پێی

گوتم: هەستە سەر پێیان. پێمگوت: تۆ کێی؟ گوتی: من عەلی کوڕی ئەبو تالیبم. ئیدی هەستامەوە سەرپێیان و ژنەکەمم ئاگادارکردەوەو گوتم: کچێ ئەوە چبوو! ئەوەو ئەوەم لەخەودا بینی. گوتی: ئەوەتە نیە هەستاویتەوە؟ لەسەر قاچەکانم رۆیشتم و دەردەکەم نەما، / وەکو دەمبینن. چوومە لای زەینەددینی میر عەلی کوچوک - خوا لێی خۆشبی- خەونەکەم بۆی گێڕایەوە. کە بینیمی نەخۆشیەکەم نەماوە ئەوجارە دە دیناری دامێ»[1].

زەینەددین زۆر زیرەک بوو. هەست و نەستێکی ناسکی هەبوو. ئەوەندە هەستی ناسک بوو خۆی وا نیشان دەدا کە ئاگای لێ نیە بۆ ئەوەی کەس شەرمەزار نەکا. ئیبن ئەسیر لەباسکردنیدا دەڵێ: «زۆر پیاوێکی سەیر بوو، ئەوەندەی کە پێیەوە دیاربوو کە نیشانەی دڵ فراوانی و گوێنەدانە، ئەوەندەش بەڵگەی ئەوە بوو کە زۆر زیرەک و فێڵاویە». ئەوجا ئەو رووداوە دەگێڕێتەوە: یەکێک لەسەربازەکانی دێتە لای کە کلکە ئەسپێکی بەدەستەوەیە و دەڵێ ئەسپەکەی تۆپیوە. زەینەددینیش فەرمان دەدا ئەسپێکی دیکەی بدەنێ. پاشان یەکێکی دیکە دێتە لای و هەمان کلکی بەدەستەوەیە و دەڵێ ئەسپەکەی ئەویش تۆپیوە. فەرمان دەدا ئەسپێکی دیکەی بدەنێ. ئەوجا سێیەم و چوارەم تا دەگاتە دوازدە سەرباز دێنە لای و هەریکە هەمان کلکی

---

١- الاعتبار، ل ١٥٧.

بەدەستەوەیە و دەڵێ ئەسپەکەی تۆپیوە. ئەوجا سەربازێکی دیکە دێ و کلکەکەی بەدەستەوەیە و دەڵێ ئەسپەکەی ئەویش تۆپیوە. لێرەدا ئارامی نامێنێ و بەسەربازەکە دەڵێ: شەرم لەمن ناکەن وەکو کە من شەرمتان لێدەکەم. تا ئێستا دوازدە کەس ئەو کلکەیان هێناوەتە لام و من خۆم لەگێلی داوە بۆ ئەوەی کەستان شەرمەزار نەبن. وا دەزانن من نایناسمەوە؟ بەخوا دەیناسمەوە، بەڵام هەر ویستم بەخشینەکەمتان بگاتێ بێ ئەوەی منەتتان بەسەرەوە بکەم یان شەرمەزارتان بکەم، بەڵام وازتان لێنەهێنام. ئەوجا فەرمانیدا ئەسپێک بدەنە ئەویش [1].

زەینەددین حەزی لەچاکسازی دەکرد هەرچەندە کارە چاکسازیەکانی لەشاری ئەربل و دابڕێنراوەکانی دیکەیدا نەزانراون، بەڵام لەموسڵ لەلایەنی کشتوکاڵیەوە دیارن. رێگا کشتوکاڵیەکان رووبار و جۆگەی ئاو دایدەبڕین، ئەو رێگەکانی بەدروستکردنی پرد بەیەکەوە بەستاوە، بەمەش گواستنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵ ئاسان بوو و کەمتر خەرجیی تێدەچوو. هەروەها ئاوبەندی (قەنتەرە) لەسەر رووبارەکان دروستکرد بۆ گلدانەوەی ئاو لەکاتی نزمبوونەوەی ئاستی ئاو. بەوەش دەتوانرا بەردەوام ئاودان بکرێ [2].

---

١- التاريخ الباهر، ل ١٣٥.
٢- مراة الزمان، ب ٨/ ل ٣٧٣.

زەینەددیـــن بەشـــداریی پاشـــایەکانی موســـڵی کـــرد لەبڵاوکردنـــەوەی زانســـت تێیـــدا. ژمارەیـــەک قوتابخانـــەی دروســـتکرد کـــە ناودارترینیـــان بەنـــاوی خۆیەوەیـــە کـــە قوتابخانـــەی زەینیەیـــە و وەقفێکـــی زۆری بـــۆ ئـــەوەو هیدیکـــە تەرخانکـــرد. هەروەهـــا مزگەفتێکیشـــی لەموســـڵ دروســـتکرد[1].

## زەینەددین یوسف

ئـــەوە برابچووکـــی موزەفەرەددینـــە، مێژوونووســـان و خـــاوەن ســـەربردان مێـــژوو و ســـەربردەی درێـــژی ژیانیـــان پشـــتگوێ خســـتووە. تەنانـــەت مێـــژووی لەدایکبـــوون و گەورەبوونیشـــیان پشـــتگوێ خســـتووە. هەمـــوو ئـــەوەی لێـــی دەزانیـــن ئەوەیـــە کـــە کاتێـــک باوکـــی مـــردووە ئـــەو نـــاکام بـــووە، چونکـــە مێژوونووســـان دەڵێـــن موزەفەرەددینـــی براگـــەورەی چواردەســـاڵان بـــووە کـــە باوکیـــان لەســـاڵی ٥٦٣دا مـــردووە. هەواڵەکانیشـــی لـــەو ئەربلـــەی کـــە خـــۆی دوای مردنـــی باوکـــی بـــۆ مـــاوەی شـــازدە ســـاڵ میـــر و فەرمانـــڕەوای بـــووە پشـــتگوێ خـــراوە. ناشـــزانین هـــۆکاری ئـــەوە چیـــە. یـــان ئەوەتـــا کاریگەریەکـــی ئەوتـــۆی نەبـــووە کـــە شـــایانی تۆمارکـــردن بـــێ یانیـــش ســـەربردەی باوکـــی و موزەفەرەددینـــی بـــرای ســـەربردەی ئەویـــان داپۆشـــیووە.

١- وفيـات الاعيـان، ب ٣/ ل ٢٧٠. مـراة الزمـان، ب٨/ ل٢٧٣. الموصـل فـي عهـد الاتابكـي، ل ١٣٧.

**هەمـوو ئـەوەی کـە لێیـەوە دەڵێـن هەندێـک رەفتـار و ئاکاریەتـی. دەڵێـن: میرێکـی گـەورە بـووە. ئازابـووە. سـەرکردەو لێـزان. دڵفـراوان و بەدەسـتودڵ بـووە[1]. ئـەو رەفتـار و ئاکارانەشـی هەمـان رەفتـار و ئاکارەکانـی باوکیەتـی. هەروەهـا هەمـان ئـەو رەفتـار و ئاکارانەیـە کـە موزەفەرەددینـی بـرای هەیبـووە. ئـەوەش بەڵگـەی توخـم باشـی و رەسـەنیی ئـەو خانەوادەیەیـە.**

**بەپێـی نەریتـی بۆمانـەوە، موزەفەرەددیـن دوای مردنـی باوکـی فەرمانڕەواییـی ئەربلـی بـۆ مایـەوە بـەڵام ئـەوە موزەفەرەددیـن نەبـوو کـە بەخـۆی فەرمانڕەوایـی دەکـرد، بەڵکـو ئـەوەی فەرمانڕەواییەکـەو بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ئیمـارەت و فەرماندەیـی سـوپای بەدەسـتەوە بـوو، وەسـییەکەی (وصـی) موجاهیدەددیـن قایمـازی جێگـر بـوو لەئەربـل لـەو کاتـەوەی کـە لەزەینەددیـن عەلیـی خاوەنەکـەی وەریگرتبـوو، چونکـە موزەفەرەددیـن هێشـتا تەمەنـی گچکـە بـوو. موزەفەرەددیـن چەنـد سـاڵێک وەکـو میـر مایـەوە پاشـان بەهـۆی ناکۆکیەکـی نێوانیانـەوە موجاهیدەددیـن لایبـرد و لەنزیکـەی سـاڵی ٥٦٩ک (١١٧٣ز) زەینەددیـن یوسـفی بـرای لەسـەر دانـا. موزەفەرەددیـن پەنـای بـردە لای سـەیفەددین غـازی (دووەم) کـوڕی قوتبەددیـن مـەودوودی خاوەنـی موسـڵ و سـەیفەددینیش**

١- الروضتيـن، ب٢/ ل١٦٤. مفـرج الكـروب، ب٢/ ل٣٣٩. النجـوم الزاهـرة، ب٦/ ل ١١٢.

شــاری حەررانــی بــۆ دابــڕی و لــەوێ دانیشــت. دوایــی بەدرێــژی لەبەشــی ســێیەمی ئــەو کتێبــەدا دێینــەوە ســەر بابەتــی لادانــی موزەفەرەددیــن.

بەمجــۆرە زەینەددیــن یوســف وەکــو میــری ئەربــل جێگیــر بــوو، بــەڵام تەنیــا بەنــاو ئیمارەتەکــە بەدەســت ئــەوەوە بــوو، چونکــە هەمــوو کارەکان لەدەســت موجاهیدەددیــن بوو. هــەر ئــەو بەڕێــوەی دەبــرد و فەرماندەی سوپا بــوو. یــان بەپێــی گوتــەی مێژوونــووس ئیبــن ئەســیر «ئــەو وڵاتــەی کــە هــی کــوڕی زەینەددیــن بــوو –واتــە یوســفی کــوڕی زەینەددیــن عەلــی– ناوێــک بــوو بەبــێ نــاوەڕۆک. هەمــوو نــاو و ناوەڕۆکەکــەی هــی موجاهیدەددیــن بــوو»[1]. کــە زەینەددیــن یوســف گــەورە بــوو و لەقۆنــاغی بندەســتیی وەســی تێپــەڕی، بــەو دۆخــە قایــل نەبــوو، وابزانــم کێشــەیەکیش کەوتــە نێــوان یوســف و موجاهیدەددیــن، وەکــو ئــەوەی کەوتــە نێــوان موزەفەرەددیــن و موجاهیدەددینیــش، بــەڵام نەیتوانــی لەدەســت موجاهیدەددیــن ئــازاد بــێ و لەبندەســتی بێتــە دەرێ تــا ئەوکاتــەی موجاهیدەددیــن ئەربلــی بەجێهێشــت و لەســاڵی ٥٧١ک (١١٧٥ز) چــووە لای ســەیفەددین غازیــی دووەمــی خاوەنــی موســڵ، پــاش ئــەوەی ســەیفەددین داوای کــرد لەشــەڕی دژی ســەلاحەددینی ئەیووبــی یارمەتیــی بــدا، ئەوکاتــە یوســف نــەک هــەر

١- التاريخ الباهر، ل١٧٧.

دەسـەڵاتی وەرگرتـەوە بەڵکـو پاشـکۆیەتیی بـۆ خاوەنـی موسـڵ نەهێشـت و چـووە لای سـەلاحەددین و ملکەچـی ئەوبـوو.

بـۆ روونکردنـەوەی ئـەوە، سـەلاحەددین جێگـری نورەددیـن مەحمـوودی کـوڕی ئیبـن عمادەددیـن زەنگـی بـوو لەمیسـر. کـە نورەددیـن لەسـاڵی ٥٦٩ک (١١٧٣ز) دا مـرد تەنیـا کوڕێکـی گچکـەی تەمـەن یازدەسـاڵانی لەپـاش بەجـێ مـا، ئەویـش ئەلسـاڵح ئیسـماعیل بـوو. ململانێیـەک لەنێـوان پیـاوە بەرپرسـەکانی حکوومەتـی نوورەددیـن لەهـەر یەکـە لەدیمەشـق و حەلـەب لەسـەر بـوون بەوەسـیی سـەر ئەلسـاڵح ئیسـماعیل بەرپـا بـوو. هەرلایـەو خـۆی بەخـاوەن مافـی وەسـییبوون لەسـەری و لەگێڕانـی کاروبـاری وڵات دەزانـی. سـەیفەددین غازیـش (دووەم) مردنـی نورەددینـی مامـی بەهـەل زانـی بـۆ دەست بەسـەرداگرتنی موسـڵ و هەندێـک لەناوچەکانـی جەزیـرەی سـەر بـەوێ[1]. بەمـە وڵاتەکـە لەناوخـۆوە درزی تێکـەوت.

سـەلاحەددینی ئەیووبـی ئـەوکات لەمیسـر بـوو. ئـەو درزتێکەوتنـەی بەهـەل زانـی و خـۆی خزانـدە نـاو کێشـەکە وەکـو لایەنێـک، بەبیانـووی ئـەوەی بەرپرسـە لەتێکنەچوونی دەوڵەتەکـەی ئەلسـاڵح ئیسـماعیل و پاراسـتنی، وەک جێگرێکـی ئـەو لەسـەر گـەورەو مەزنتریـن هەرێمـی دەوڵەتەکە

---

١- التاريخ الباهر، ل ١٧٥.

کــە هەرێمــی میســرە. بــەو پێیــەی ئــەو خــۆی بەرپرســە لەبەرگریکــردن لەدەوڵەتەکــە و لەپاراســتنی مافەکانــی ئەلســاڵح ئیســماعیلی فەرمانــڕەوای یاســاییی دەوڵــەت.

بارودۆخەکــە یارمەتیــی ســەلاحەددینی دا بــۆ ئــەوەی ببێتــە پیــاوی یەکــەم لەدەوڵەتەکــە و پاشــانیش بــۆی بمێنێتــەوە. ئــەوەش کاتێــک کــە کێشــە کەوتــە نێــوان پیــاوە بەرپرســەکانی هەریــەک لەدیمەشــق و حەلــەب و هاوســەنگیەکە بــەلای پیاوانــی حەلــەب دا شــکایەوە، کاتێــک کــە لەگــەڵ ســەیفەددین غــازی ڕێککەوتــن لــەدژی پیاوانــی دیمەشــق. ئەوانــە ترســان کــە رکابەرەکانیــان لەحەلــەب بەســەریاندا زاڵبــن و لەدیمەشق دەریانپەڕێنــن، بۆیــە نامەیــان نــارد بــۆ ســەلاحەددین و رادەســتکردنی دیمەشــقیان نیشــاندا لەبەرامبــەر ئــەوەی پۆســتی بەرزیــان بداتــێ لــەوێ. ئەوجــا ســەلاحەددین لەمیســر دەرچــوو بــەرەو دیمەشــق و لەکۆتایــی مانگــی رەبیعولئاخــر لەســاڵی ٥٧٠ك چــووە ناویــەوە.

بــەڵام ســەلاحەددین لەڕاستیدا مەبەستی ئــەوە بــووە کــە جێــی نورەددیــن بگرێتــەوە لەوڵاتەکــەی. بۆیــە هێشــتا لەدیمەشــق جێگیــر نەببــوو کــە دەســتی بەســەر وڵاتــی شــامدا گــرت کــە ســەر بەدەوڵەتەکــەی نورەددیــن بــوو، هەندێکــی بەشــەڕ و هەندێکــی دیکەشــی بەڕێککەوتــن لەگــەڵ جێگرەکانیــان، بــەوەی کــە ملکەچــی ئــەو بــن لەفەرمانڕەوایەتیــی ئــەو وڵاتــەی کــە بەنــاوی ئــەوەوە بەدەستیانەوەیە. ئــەوەی کــە زۆر ســەلاحەددین

لەسەری مکورِ بوو دەست بەسەراگرتنی شاری حەلەب – پایتەختی دووەمی شام– بوو، بۆیە لەهەمان ساڵدا – ساڵی ٥٧٠– چوو گەمارۆی داو لەگەڵ سوپاکەی کەوتە کوشتار، بەڵام نەیتوانی بیگرێ، گەڕایەوەو لەبەرنامەی دابوو کاتێک کە بۆی هەڵبکەوێ داگیری بکا.

دەرکەوتنی کتوپڕی سەلاحەددین بەو هێزەوە کاریگەریەکی گەورەی لەلای سەیفەددینی خاوەنی موسڵ هەبوو، بەتایبەتیش کاتێک کە چاوچنۆکیی سەلاحەددین لەحەلەب دەرکەوت و هەوڵی گرتنی دا، بڕیاریدا نەیەڵێ بکەوێتە دەستیەوە چونکە کەوتنەدەستی ئەو دەبووە ترسێکی گەورە لەسەر موسڵ و هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆی. سەرکەوتنی سەلاحەددین لەگرتنی حەلەب هانی دەدا کە چاو ببڕێتە موسڵیش. هەرکە گەیشتە ئەو ئەنجامە بڕیاری دا شەڕ لەدژی سەلاحەددین رابگەیەنێ، بەڵام لەناخی خۆیەوە هەستی بەپەککەوتن دەکرد لەبەرگەگرتنی سەلاحەددین بەتەنیا و بوێریەکەی لەبەرامبەریدا کورت دێنێ و توانای فەرمانڕەوایەتیەکی کارگوزار و ئازیەتیی سەرکردەیەکی شەڕکەری نیە. ئەو پیاوەشی نیە کە ئەو دوو ئاکارەی هەبێ بۆ ئەوەی لەتەکی بوەستێ لەدوژمنکاریەکەی لەگەڵ سەلاحەددین. ئەوەی کە داوای دەکرد لەموجاهیدەددین قایمازی وەسیی سەر ئیمارەتی ئەربل دەست دەکەوت و بەدوایدا نارد و داوای لێکرد بێتە موسڵ بەوەی کە

شـاری ئەربـل لــەڕووی یاسـاییەوە لەنـاو موڵکـی موسـڵە و میـرو فەرمانبەرەکانـی لەڕەدوکەوتووەکانیـن و سـەر بـەو بـوون. موجاهیدەددیـن فەرمانـی سـەیفەددینی بەجێگەیانـد و شــاری هەولێــری بەجێهێشــت و بەمەزەنــدەی خــۆی لەموسـڵەوە بـەردەوام دەبـێ لەحوکمڕانیکردنـی و یوسـف ناتوانـێ دەسـتدرێژی بکاتـە سـەر مافەکانـی وەکـو وەسـیی و لەفەرمانــی دەرچــێ، بــەڵام یوسـف لــەو خەمڵاندنــەی بێهیـوای کـردو هەلـی دوورکەوتنـەوەی لەئەربـل قۆزتـەوەو دەسـتی پـێ لەفەرمانڕەوایەتیەکـە هەڵگـرت و کارەکانـی بەخـۆی بەڕێـوەی دەبـردن.

بـەڵام جیاوازیـەک لەنـاو مێژوونووسـان هەیـە لەسـەر ئـەو سـاڵەی کـە زەینەددیـن تێیـدا لەدەست موجاهیدەددیـن رزگار بـووە. ئــەو جیاوازیــە لــەدوو هەواڵــدا خۆیــان دەنوێنـن. یەکێکیـان دەڵـێ کـە سەلاحەددین بـەرەو حەلـەب رۆیـی -لەجـاری دووەم- سـاڵی ٥٧١ک بـۆ داگیرکردنـی، زەینەددیـن یوسـف بەسـوپای ئەربلـەوە چـووە لای بـۆ هاوکاریکردنـی لــەدژی حەلــەب و موسـڵ. سـەلاحەددین بەخێـری هێنـا و سـەرکردایەتیی لای چەپـەی سـوپاکەی دایـێ. ئەگـەر ئـەو گێڕانەوەیـە راسـت بـێ ئـەوە مانـای وایــە کــە هــەردوو بــرا، زەینەددیــن و موزەفەرەددیــن، شـەڕی یەکتریـان کـردووە، چونکـە کـە سـەیفەددین غـازی بەهاتنـی سـەلاحەددینی زانـی بـۆ حەلــەب، بەسـوپای موسـڵەوەو لەگـەڵ موزەفەرەددیـن و سـەربازانی حـەڕڕان

بـۆی چـوون بـۆ یارمەتیدانـی ئەلسـالّح ئیسـماعیلی کـوڕە مامـی بـۆ بەرگریکـردن لێـی. کـە سـوپاکان بـۆ شـەڕ ریزبـوون، موزەفەرەددیـن لای راسـتی سـوپای سـەیفەدینی لەدەسـت بـوو. ئـەوەش مانـای ئەوەیـە کـە دەبـوو شـەڕی لای چەپـی سـوپای سـەلاحەددین بـکا کـە زەینەددینـی بـرای فەرماندەیـی دەکـرد. کـە سـوپاکان بـۆ کوشـتار دەسـتیان کـردە جوولّـە، لای چەپـی سـوپای سـەلاحەددین لەگـەڵ لای راسـتی سـوپای موسـڵ پێکیـان دادا و کوشـتارێکی تونـد لەنێوانیانـدا روویـدا کـە ئەوەنـدە نەمابـوو لای راسـتی سـوپای موسـڵ «لای چەپـی سـەلاحەددین بهـاڕێ». واتـە موزەفەرەددیـن ئەوەنـدەی نەمابـوو براکـەی خـۆی بکـوژێ، ئەگـەر سـەلاحەددین بەخـۆی نەچووبایـە نـاو شـەڕەکەوە، بـەوەش لای چەپـی سـوپاکەی لـە لەناوچـوون پاراسـت. سـەلاحەددین ئەوجـارەش نەیتوانـی حەلـەب بگـرێ، بۆیـە لەگـەڵ سـەیفەددین و ئەلسـالّح ئیسـماعیل رێککـەوت و شـارەکەی بەجێهێشـت[1].

ئەگـەر هەواڵـی بەشـداربوونی زەینەددیـن یوسـف لـەو جەنگـەدا راسـت بـێ، ئـەوا نـەک هـەر مانـای ئەوەیـە کـە زەینەددیـن لەژێـر کۆنترۆڵـی موجاهیدەددیـن رزگاری بـووە بەڵکـو شـتێکی لـەوە مەترسـیدارترە. مانـای

١- مراة الزمان، ب٨ / ل ٣٣٤. سەربوردەی سەلاحەددینی ئەیووبی ل ٤١.

ئەوەیە کە زەینەددین لەموسڵ جیابوویتەوە، ئەوەش کارێکی زۆر بەترسە بۆی، چونکە هێزی سەلاحەددینی دوژمنە سەرسەختەکەی پتر دەکا.

هەرچی هەواڵەکەی دیکەیە کە ئیبن ئەسیر دەیگێڕێتەوە ئەوەیە کە زەینەددین لەساڵی ٥٧٩ك (١١٨٣ز) لەموسڵ جودابوویتەوە، ئەوەش لەو هەواڵەدا دێ کە پاش دەستگیرکردنی موجاهیدەددین و بەندکردنی لەلایەن عزەددین مەسعوودی خاوەنی موسڵ باسی دەکاو دەڵێ: «لەوکاتەدا ئەربل و کاروبارەکانی لەژێر دەستی موجاهیدەددین بوو و زەینەددین یوسفیشی لەگەڵ بوو (لەهەواڵەکە: زەینەددین عەلیە) کە منداڵێکی گچکە بووە هیچی لەفەرمانڕەوایی نەدەزانی و فەرمانڕەواییکردن و سوپا لەدەست موجاهیدەددین بووە..». کە عزەددین موجاهیدەددینی گرت «خاوەنی ئەربل رەتیکردەوە ملکەچی عزەددین بێ و دەستی بەرنەدا» واتە دەستی لەئەربل هەڵنەگرت، ئەوجا زەینەددین نامەی ملکەچی و چوونە ژێرخزمەتی خۆی بۆ سەلاحەددین هەنارد[1].

ئێمە لەخەمڵاندنی تەمەنی زەینەددین لەگەڵ ئیبن ئەسیر یەکناگرینەوە چونکە زەینەددین لەو ساڵەدا تەمەنی لەبیست ساڵ تێپەڕ ببوو، پاشان کوو منداڵێکی گچکە ئەو توانایەی هەیە دژی یەکێک بوەستێتەوە کە

١- الکامل، ب٩ / ل ١٦٣.

لەخـۆی پلەهەورازتـر و بەهێزتـر بـێ کـە ئەویـش خاوەنـی موسڵە.؟ بـەڵام ئیبـن ئەسـیر هەواڵێکـی دیکـە دێنێتـەوە کـە وای لـێ تێدەگەیـن کـە جیابوونـەوەی زەینەددیـن لەموسـڵ پێـش سـاڵی ٥٧٩ بـووە، ئـەوەش لـەو هەواڵـەی کـە باسـی دانووسـانی ئاشـتی دەکا کـە لـەو سـاڵەدا لەنێـوان سـەلاحەددین و عزەددیـن مەسـعوود بەڕێوەچـوو. پێنـاوی نێوانیشـیان نوێنەرێکـی خەلیفـە بـوو. ئیبـن ئەسـیر دەڵـێ دانووسـانەکە بەهـۆی ئەربـل و جەزیـرە شکسـتی هێنـا، چونکـە خاوەنـی موسـڵ مکوڕبـوو لەسـەر ئـەوەی کـە دەبـێ لەگـەڵ ئـەو بـن و سـەلاحەددینیش لـەلای خۆیـەوە پێداگریـی کـرد کـە دەبـێ خاوەنەکانیـان سەرپشـک بکرێـن لـەوەی کام لا هەڵبژێـرن و بچنـە لای، پاشـان پێیداگرت کـە دەبـێ لەگـەڵ ئـەو بـن[1]. ئـەو هەواڵـە بەڕاشکاوی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکا کـە جیابوونـەوەی زەینەددیـن لەموسـڵ پێـش سـاڵی ٥٧٩ بـووە، بـەڵام بەدیاریکـراوی کـەی بـووە؟ ئـەوە نازانیـن دەستنیشـانی بکەیـن. بـەڵام ئـەوەی کـە جێگیرکـراوە ئەوەیـە کـە زەینەددیـن لەسـاڵی٥٨٠ک (١١٨٤ز) لەموسـڵ جیاببـۆوەو چووبـووە ژێـر رکێفـی سـەلاحەددین و بەفەرمـی لەگـەڵ ئـەو بـووە. ئێمـە ئـەو رەفتـارەی زەینەددیـن بەیەکێـک یـان بەهـەردوو لـەو هۆکارانـە لێکدەدەینـەوە:

---

١- الكامل، ب٩ / ل١٦٤.

هۆكاری یەكەم: لەوانەیە ئەوەبێ كە بینی سەلاحەددین گەیشتۆتە رادەیەكی گەورە لەبەهێزی، لەو ساڵەدا، بەجۆرێك كە دەست دەگرێ بەسەر ئەوانەی هی بنەماڵەی زەنگین لەولاتی شام و لەوانەش حەلەب – كە ساڵی ٥٧٩ دەستی بەسەردا گرت– هەروەها دەستی بەسەر ئەوانەشدا گرت كە لەجەزیرە هەیانبوو. پاشان هێشتا چاوی هەر لەموسڵ بوو، بۆیە زەینەددین وای دانابوو كە ئەگەر سەلاحەددین موسڵ بگرێ، ئەوا چاوچنۆكیەكەی بۆ ئەربلیش دەكشێ و ئەگەر هێرشی كردە سەری، ئەوا ناتوانێ بەرگە بگرێ و بۆ ماوەیەكی درێژ بەرگریی لێبكا. ئەگەر سەلاحەددین بەهێز داگیری كرد، ئەوا لەسەر شارەكەی لادەدا، بەلام ئەگەر چووە ژێر ركێفی و ملكەچی بوو و خۆی بەپاشكۆیەكی ئەو داناو بەناوی ئەوەوە فەرمانڕەوایی ئەربلی كرد، ئەوا مانەوەی شارەكە بەدەستی خۆیەوە مسۆگەر دەكا. لەبەر ئەوە زەینەددین پاراستنی ئاشتیی ولاتەكەی پێ باشتر بوو، بۆیە بۆ سەلاحەددینی رایگەیاند كە لەگەڵ ئەوەو دەبێتە ملكەچی.

هەرچی هۆكارەكەی دیكەیە، ئەوا لەوانەیە هەڕەشەی سەلاحەددین بووبێ بۆ میرە گچكەكان و داوالێكردنیان بۆ ئەوەی ملكەچی بن تا هێزی هەموو موسڵمانان لەدژی دوژمنی خاچپەرست یەك بخا. هەڕەشەی لەوانەش كردبوو كە ئەگەر وا نەكەن هێرشیان دەكاتە

سەر و لەخاكی خۆی دەریان دەكا. ئەوەی كە جەخت لەوە دەكاتەوە ئەوەیە كە ئەلعیمادی ئەسفەهانی دەڵێ: سەلاحەددین «بەناردنی شاند بۆ لای پاشاكانی نووسی كە رێكبكەون. ئەوەی خۆی بەدەستەوە بدا وڵاتەكەی دەپارێزرێ بەمەرجێك ببێتە سەربازی سوڵتان و پاشكۆی لەشەڕكردنی گاورەكان»[1]. جەختیش دەكاتەوە لەوەی كە لەو بڵاوكراوەیەدا هاتبوو كە بەهەموو میرە گچكەكانی راگەیاندبوو، چ ئەوانەی سەربەخۆن یان ئەوانەی دەچنە ناو موسڵ. لەبڵاوكراوەكەدا هاتبوو:

«كاتێك كە خودا لەسەر زەوی توانای پێبەخشین و لەپشتیوانی و نیشاندانی راستیدا سەری خستین بۆ بەجێگەیاندنی ئەرك، وامان پێ باشە كە ئەركی تێكۆشان لەپێناو خوا بخەینە بەردەستتان و رێگاكەی روون بكەینەوەو بەرەو بەرز راگرتنی ئایین و سەرخستنی ئەوانەی پەیڕەوی دەكەن بڕۆین. بۆ ئەوەش داوا لەجێگرەوانی (ئەولیای) خودا لەناو وڵاتانی ئیسلامدا دەكەین كە هێرش بەرنە سەر دوژمنەكانی (خودا) و قسەیان یەك بكەین لەسەر بەرزكردنەوەی ناوی خودا لەسەر زەوی و داوای دابەزاندنی سەركەوتنەكانی لەئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دەكەین. ئەوەی یارمەتیمان بدا

---

١- الروضتين، ب٢ / ل ٣٢..

لەبەجێگەیاندنی ئەو ئەركە و دەستخستنی ئەو گەورییە، ئەوا دەبێتە دۆستی باشی ئێمە، ئەگەر سەركەوتین. ئەوەشی سەرزەویی هەڵبژارد و بەدوای خۆشیەكانی خۆی كەوت و سەرخستنی ئایینەكەی نەكرد بەوەی خۆی بەو جیهانە لەناوچووەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر پەشیمان بۆوە ئەوا وەری دەگرینەوە، ئەگەر هەر مكوڕیش بوو لەسەر ملهوڕیەكانی، دەستی دەبڕین و لایدەدەین[1]. لەمەوە دەبینین كە ترسان لەسەلاحەددین لەوانەیە یەكێك بووبێ لەو هۆكارانەی كە وای لەزەینەددین كردووە ملكەچی بێ.

بەچوونە ژێر ركێفی سەلاحەددینەوە زەینەددین یوسف دۆخەكەی خۆی و ئەربلی لەلایەنی پاشكۆیەتیەوە گۆڕی. ئەربل بووە موڵكی سەلاحەددین نەك موڵكی موسڵ و شارەكەش بووە دابڕێنراوێك كە سەلاحەددین داویەتیە زەینەددین. بەمە زەینەددین بووە پاشكۆی سەلاحەددین كە ناچارە ئەو مەرجانەی پاشكۆبوون جێبەجێ بكا كە بۆ خاوەنی موسڵی جێبەجێ دەكرد. واتە زەینەددین بووە دوژمنی دوژمنەكانی سەلاحەددین، تەنانەت ئەگەر پاشاكانی موسڵیش بن.

عزەددین مەسعوودی خاوەنی موسڵ قایل نەبوو زەینەددین پاشكۆیەتیی خۆی بۆ سەلاحەددینی دوژمنی بگوازێتەوە، لەهەمان كاتیشدا مەسعوود هەستی كرد كە

---

١- مفرج الكروب، ب٢ / ل١٦٣.

مەترسیی سەلاحەددین توندو نزیکتر دەبێتەوە لێی، بۆیە بڕیاری دا بەهەر شێوەیەک بێ ئەربل وەربگرێتەوە. بەو هەڵەیەی گرتنی موجاهەددین و بەندکردنیشی زانی، چونکە دەرکەوت لەوەتی بەندکراوە کاروبارەکانی بەشێوەیەکی گەورە خراپتر دەبن. لەبەر ئەوە لەبەندیی دەرهێنا و بۆ لای «شەمسەددین پاڵەوان»ی خاوەنی هەمەدان و وڵاتی جەبەل و لای براکەی قزڵ ئەرسەلان خاوەنی ئازەربایجانی رەوانکردو داوای یارمەتیی لێیان کرد. موجاهیدەددین یەکەمجار چووە لای قزڵ ئەرسەلان و نامەکەی عزەددین مەسعوودی گەیاندێ. قزڵ وەڵامی دایەوە کە بەسوپاکەی خۆی سەری دەخا و نەیهێشت بچێتە لای براکەی بۆ ئەوەی بەشداریی نەکا لەو دەستکەوتانەی کە لەخاوەنی موسڵەوە دەیدرێتێ لەبەرامبەر یارمەتیدانی. قزڵ ئەرسەلان دەمودەست سوپایەکی ئامادەکردو رەگەڵ موجاهیدەددینی دا بەرەو موسڵ. لەکاتی گەڕانەوەی موجاهیدەددین لەگەڵ سوپایەکە بڕیاری دا دەست بەسەر ئەربلدا بگرێ. کە بەسوپای قزڵەوە لێی نزیک بۆوە سوپاکەی زۆر بەخراپی دێیەکانیان تێکداو کاولیان کرد و هەرچی تێدابوو بردیان و ژنەکانیشیان رفاند. موجاهیدەددین هەوڵی دا نەیەڵێ تێکی بدەن بۆ ئەوەی بەساغی و بێ تێکدان شارەکە بگرێ، بەڵام نەیتوانی کۆنترۆڵیان بکا. کە زەینەددین بەو هێرشە کتوپڕەی سەر وڵاتەکەی زانی، سوپاکەی خۆی کۆکردەوەو بۆیان دەرچوو بۆ پێشگریکردن و دەرکردنی هێرشبەران.

سەربازە هێرشکەرەکان بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ لەناو گوندەکانی ئەربل و دەوروپشتی دابەش ببوون. هەر کۆمەڵێک لێیان خەریکی کاولکردنی گوندێک و ناوچەیەک بوو. زەینەددین هەلی پەرتبوونیانی قۆزتەوەو پیاوەکانی خۆی تێبەردان و ئەوانیش لەهەموو جێگایەک کەوتنە راوکردنیان. بەخۆشی کەوتە گیانی گەورەترین کۆمەڵ و شکستێکی گەورەی پێهێنان و گۆڕەپانیان بەهەڵاتن چۆلکردو ئەو سەربازانەی کە لەکوشتن رزگاربوون چەک و ئازووقە و ماڵ و وڵاخەکانیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت و کەوتنە دوایانەوە. زەینەدین دەستی بەسەردا گرتەوەو موجاهیدەددینیش دوای ئەوەی لەگرتنی شارەکە شکستی هێنا، گەڕایەوە بۆ موسڵ[1]. بەڵام زەینەددین بەو سەرکەوتنەی مەغرور نەبوو بەڵکو ئەو هێرشە واگای هێنایەوە بۆ مەترسیەکی نوێ کە هەڕەشەی لێدەکا. ئەوجارە لەلای رۆژاواوە لەلایەن خاوەنی موسڵ و لەلای رۆژهەڵاتیشەوە لەلایەن قزڵ ئەرسەلانی هاوپەیمانی (خاوەنی موسڵ) هەڕەشەی لێدەکرێ. نامەی بۆ سەلاحەددین نارد بۆ ئاگادارکردنەوەی لەخاوەنی موسڵ و خاوەنی ئازەربایجانی هاوپەیمانی[2].

سەلاحەددینیش ئاساییە کە قایل نابێ خاوەنی موسڵ دەستدرێژی لەیەکێک لەوالیەکانی بکا. سوپای

١- الكامل، ب ٩ / ل ١٦٥.
٢- سيرة صلاح الدين الايوبي، ل٥٤. مفرج الكروب، ب٢ / ل ١٦٤.

سەلاحەددین لەهەنجەتێکیش دەگەڕا بۆ گرتنی موسڵ، بۆیە هەلی دەستدرێژیی مەسعوودی بۆ سەر ئەربل و گلەیی (شکایەتی) زەینەددین لێی بەهەل زانی. بڕیاری دا دەستی بەسەردا بگرێ چونکە دەستدرێژیی کردۆتە سەر یەکێک لەلایەنگرانی، سەرباری ئەوەی کە موزەفەرەددین گۆگبورو هەمیشە هانی دەدا بۆ گرتنی و گفتی پێدابوو کە لەدژی موسڵ لەگەڵی بێ. سەلاحەددین بەسوپایەکی زەبەلاحەوە بۆی چوو و گەمارۆی دا و زەینەددینیش بەسوپای ئەربلەوە چووە هانایەوە. عزەددین مەسعوود و موجاهیدەددین قایماز نەیانتوانی بەرگری لێبکەن و نەیەڵن بکەوێ. مەسعوود ناچاربوو خۆی بەدەستەوە بدا و ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ سەلاحەددین گرێدا. ڕێکەوتنەکە زۆر توند بوو و بەپێی مەرجەکانی ڕێکەوتنەکە مەسعوود دەبووە پاشکۆی سەلاحەددین وەکو زەینەددین یوسف. دەقی ڕێککەوتنەکە دەڵێ: مەسعوود دەبێ لەمزگەوتەکانی وتار بەناوی سەلاحەددین بداو ناوی لەسەر دراوەکان بنووسرێ[1]و دەستبەرداری شارەزوور و کارەکانی و ویلایەتی ئەلقەرابلی و هەموو ئەوەی کە دەکەوێتە ئەودیوی ڕووباری دیجلە لەو وڵاتەی کە سەر بەموسڵە بۆ سەلاحەددین بێ و هەر جارەی داوای یارمەتیی سەربایشی لێبکا دەبێ

١- الكامل، ب ٩ // ل ١٧٠.
٢- واتە پارە.

بـۆی بنێـرێ[2]. کـە سـەلاحەددین ئـەو وڵاتـەی وەرگـرت کـە مەسـعوود دەسـتی لـێ هەڵگـرت بـۆی، سـەلاحەددین دایـە زەینەددیـن، بـەوەش ئیمارەتەکـەی زۆر فراوانتـر بـوو و هاتـە تـەک ئـەو دەوڵەتۆکانـەی کـە خاوەنەکانیـان بەپاشـا ناودەبرێـن، هەرچەنـدە کاری لەناونانـی زەینەددیـن نەکـرد، بەڵکـو موزەفەرەددینـی بـرای ئـەو نازنـاوەی هەڵگـرت و نـاوی لێنـرا پاشـای مـەزن. بەملکەچکردنـی مەسـعوود بـۆ سـەلاحەددین، زەینەددیـن یوسـف لەخـۆی و ئیمارەتەکـەی دڵنیابـوو لـەوەی رۆژێـک لـەڕۆژان مەسعوود بتوانێ هێرشـی بکاتـە سـەر بەبـێ مۆڵەتـی سـەلاحەددین.

زەینەددین بەشی خۆی لەجەنگەکانی دژ بەخاچپەرستەکان کاری کـرد، بـەڵام بەپێی ئـەوەی مێژوونووسـەکان دەیگێڕنەوە رۆڵەکـەی کـورت بـووە. تەنیـا بەشـداریکردنی لەشـەڕی عـەککای سـاڵی ٥٨٦ک (١١٩٠ز) بـاس دەکـەن. لەبـەر ئـەو رۆڵـە کورتـە و پەیوەندیـی لـەو شـەڕەدا بـە موزەفەرەددینـی برایـەوە، قسـەکردن لەسـەری بـۆ بەشـی شەشـەم دوا دەخەین کـە تایبەتـە بەڕۆڵـی موزەفەرەددیـن لـەو شـەڕانەدا.

بـەڵام ئێمـە لێـرەدا ئەوەنـدە دەڵێیـن کـە زەینەددیـن لەسـەربازگەکەی لەعـەککا لەبیستوهەشتی مانگی رەمەزانـی سـاڵی ٥٨٦[1]دا مـردووەو موزەفەرەددینـی بـرای لەئەربـل جێـی گرتۆتـەوە.

---

١- سيرة صلاح الدين الايوبي، ل١٢٩.

# بەشی سێیەم

# گەورەبوونی موزەفەرەددین

## ناو و نازناوی

بەهۆکارێک کە نایزانین بۆچی ئەوانەی بایەخیان بەموزەفەرەددین داوە، لەمێژوونووسان و خاوەن سەربردان، گرنگیان بەناوە عارەبیەکەی نەداوە وەکو هی زەینەددین عەلیی باوکی و زەینەددین یوسفی برای، کە هەریەکەیان ناوێکی عەرەبیی هەڵگرتووە، بەڵکو هەموویان – وەک ئەوەی لەسەر ئەوە رێککەوتبن– تەنیا نازناوە عەرەبیەکەیان ناوهێناوە کە موزەفەرەددینە و ئاکارە ئازایەتیەکەی کە بەزمانی تورکی ناوبانگی پێ دەرکردووە، ئەویش گۆگبوروەو ماناکەی «گورگی شینە»..؟

ناوە تەواوەکەی موزەفەرەددین، کە ئیبن خەلەکانی مێژوونووسی هاوچەرخی خۆی باسی دەکا، ئەوهایە: ئەبو سەعید گۆگبوروی کوڕی ئەبی حەسەن عەلی کوڕی بەکتەکین کوڕی موحەمەد کە بەپاشای مەزن موزەفەرەددین ناوبانگی دەرکردووە[1].

## لەدایکبوونی

موزەفەرەددین لەشەوی بیستوحەفتی مانگی موحەڕڕەمی ساڵی پێنجسەت و چلونۆی کۆچی (١٣ی نیسانی ساڵی ١١٥٤ز) لەقەڵاتی موسڵ لەدایک بووە کە باوکی لەوێ لەخزمەتی پاشایەکانی شارەکە کاری کردووە[2].

١- وفيات الاعيان، ب ٣ /ل ٢٧٠.
٢- وفيات الاعيان، ب ٣ /ل ٢٧٠.

## پێگەیشتن و خوێندنی

موزەفورەددیـن لەباوەشـی باوکـی و لەژێـر چاودێریـی ئـەودا پێگەییـووە. باوکـی بەندەکـەی (مملـوک) خـۆی موجاهیدەددیـن قایمـازی بـۆ هەڵبـژاردووە بـۆ سەرپەرشـتیکردنی لەپـەروەدەو فێرکردنـدا. موجاهیدەددیـن ئەوەنـدە رەوشـتەی تێدابـووە کـە ئەرکـی پەروەردەکـردن و بەخێوکردنـی بگرێتـە ئەسـتۆ، چونکـە بەخۆیشـی بەنـدەی زەینەددیـن عەلـی بـووەو زەینەددیـن فێـری کـردووەو بەباشـترین شـێوە بەخێـوی کـردووەو لەبـەر خوێندنـی دانـاوەو فێـری سـوارچاکی و هونـەری جەنگـی کـردووە، ئەوجـا لەبەندێتـی ئـازادی کـردووە. بەمـە موجاهیدەددیـن پەروەدەیەکی عارەبیی لەڕەوشت و رۆشنبیری و پێگەیینێکی تورکانـەی لەشـەڕ و کوشـتاری لەخـۆدا کۆکردبـۆوە، بۆیەش لەچاندنـی خۆشەویسـتی بـۆ زانسـت لەموزەفەرەددینـدا سـەرکەوتوو بـووە، چونکـە رۆشـنبیریەکەی گەواهـی ئـەوەی بـۆ دەدا کـە رۆشـنبیریەکی عارەبیـی بێگـەرد بـووە وەکـو لەزمانـە عارەبیـە پاراوەکەیـداو لەتێگەیشـتنەکەی لـەوەی کـە بەعارەبـی دەخوێنرێتـەوە دەردەکـەوێ. هەروەهـا خۆشەویسـتیی بـۆ سوارچاکیشـی تێـدا رووانـدووە وەکـو شـەڕەکانی لەگۆڕەپانەکانـی کوشـتاردا گەواهـی مەردایەتـی و پاڵەوانێتیـی بـۆ دەدەن.

موجاهیدەددیـن بـەردەوام بـوو لەسەرپەرشـتیکردنی موزەفەرەددیـن و فێرکردنـی هەتـا سـاڵی ٥٦٣ک. واتـە

هەتـا مردنـی باوكـی كـە ئـەوكات تەمەنـی تەنیـا چـواردە سـاڵان بـووە. هەرچـی دوای ئـەو سـاڵەیە تـا سـاڵی ٥٦٩ نازانیـن تـا چەنـد موجاهیدەددیـن سەرپەرشـتیی كـردووە، چونكـە موزەفەرەددیـن لـەو ماوەیـەدا میـری ئەربـل بـووە، پاشـان كێشـەیەک لەنێـوان ئـەو و موجاهیدەددیـن روودەداو موجاهیدەددیـن كار لەسـەر لادانـی و دەركردنـی لەئەربـل دەكا و موزەفەرەددینیـش بەجێـی دێلـی و دەچێتـە حـەرران و لـەوێ دادەنیشـێ. ئـەوەش وادەگەیەنـێ كـە موزەفەرەددیـن بەخـۆی دەسـت دەكاتـەوە بەپێگەیاندنـی خـۆی لـەڕووی رۆشـنبیری و سـەربازیەوە، چونكـە ئـەوەی لێـی زانـراوە ئەوەیـە كـە دوای گەڕانـەوەی بـۆ ئیمارەتـی ئەربـل، بایەخدانیەتـی بەزانایانـی ئاییـن و فەرموودەزانـەكان و ئامادەبوونـی لەدانیشـتنەكانیانداو ئاگاداربوونـی لەمێـژوو نیشـانی دەدەن كـە لـەدوای لادانـی لەسـەر ئیمارەتەكـەی بـەردەوام بـووە لەخوێنـدن و دەسـكەوتنی زانیـاری و گرنگیـی زۆر بەزانسـتی ئایینـی داوە وەكـو ئاییناسـی (فیقـە) و فەرمـوودە.

رۆشـنبیریە ئایینیەكـەی كاری لەژیانـە تایبەتـی و گشـتیەكەی كردبـوو. ژیانێكـی سـادە دەژیـا كـە هیـچ نیشـانەكانی پاشـایەتیی پێـوە دیارنەبـوو، بگـرە ژیانـی لەسـۆفیەتی نزیكتـر بـووە وەک لەژیانـی میـر و فەرمانڕەوایـان. بـەوە ناوبانگـی لەهەمـوو وڵاتـە دراوسـێكانی بڵاوبـۆوەو بـووە جێـی رێـز و پێزانینـی

دراوسـێکانی. زانایـان دەچوونـە لای و بەخێرهاتنـی هـەر کەسـێکی دەکـرد لەوانـەی دەهاتنـە لای و لـەگەڵـی دەبـوو و بەپـارە پاداشـی دەدایـەوە.

## ژنهێنانی

موزفەرەددیـن ژنـی هێنـاوە بـەڵام نازانیـن ژمـارەی ژنەکانـی چەنـدە. هەروەهـا نازانیـن کـە ئایـا کەنیشـکەو کەنیزەکـی (سراری و جـواری) هەبـووە یـان نـا، چونکـە نەریتـی ئەوکاتـی میـر و دەوڵەمەنـدەکان وابـووە کـە هەریەکـەو پتـر لەژنێـک و کەنیشکە و کەنیزەکـی هەبێ. هەرچـی موزەفەرەددینە بەپێی ئەو سـەرچاوانەی کـە لەژێـر دەستمان دانـە، تەنیا نـاوی یەک ژنی هاتـووە. ئـەو ژنەشـی رابیعەخاتوونـی خوشکی سـەلاحەددینی ئەیووبـی بـووە. مەبەسـتی ئـەو ژنهێنانەشـی بـاس نەکـراوە، تەنیـا ئـەوە هەیـە کـە رەنگـە سـەلاحەددین بەموزەفەرەددیـن و ئازایەتیەکـەی لـەو شـەڕانەی کـە لەگەڵـی بەشـدار بـووە لـەدژی خاچپەرستەکان، سەرسـام بـووە. رابیعەخاتـوون ژنـی سـەعدەددین مەسـعوودی کـوڕی موعینەددیـن ئۆنـەر بـووە. سـەعدەددینیش لەسـاڵی ٥٨١دا مـردووە. دوای مرنـی مێردەکەی، سـەلاحەددین لەموزەفەرەددینـی مارەکـردووە[1].

دیـارە رابیعە خاتـوون موزەفەرەددینی مێردی خۆشویسـتووەو دڵـی لەسـەری بـووە. سیبت ئیبـن ئەلجـۆزی دەگێڕێتـەوە کـە

١- مفرج الكروب، ج٢ /لوحه ٢٨٨ – ب (مخطوط).

موزەفەرەددیـن جلکـی دڕوڕەقـی لەبـەر دەکـرد و جەستەشـی ناسک بـووە -لەوانەیە ئـەوە لەڕۆژانـی کۆتـایـی یـان لەکاتـی نەخۆشکەوتنی بـووە- بۆیـە ژنەکـەی پێـی گوتـووە: ئەگەر لەو جلکانـە نەرمتـر لەبەربکـەی باشـتر نیـە، ئەوەتـە جەسـتەت بەرگـەی دڕوڕەقـان ناگـرێ؟ ئەویـش پێـی دەڵـێ: کامەیـان باشـترو پاداشـی پتـرە، جلکێکـی بایـی دە درهـەم لەبـەر بکـەم یـان جلکێکـی دیکـە بەپێنـج درهـەم و پێنجەکـەی دیکـە بدەمـە هەژارێـک یان دەسـتکورتێک؟ ئـەو هەواڵە ئاماژە بۆ دوو راسـتی دەکا. یەکـەم: دیـارە رابیعـە دەسـتپاک و چاودێـری پاراسـتنی مێردەکـەی بـووەو ئەوەنـدە بـۆی باش بـووە کە لـەدڕی و ڕەقیی جلـک ترسـاوە ئـازاری جەسـتەکەی بـدا. راسـتیی دووەم ئەوەیـە کـە موزەفەرەددیـن و هاوژینەکـەی بەتەواوی لەیەک گەیشـتوون لەژیـان و بیرکردنەوەیانـدا، چونکـە هەواڵـە هاتـووەکان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی رابیعـە نموونـەی ژنی بـاش و لەخواتـرس بووە کـە بەهەمـوو دڵ و دەروونیـەوە روو لەخـودا بـووە. رابیعـە لەگـەڵ مێردەکـەی دەمێنێتـەوە تـا موزەفەرددیـن دەمـرێ. پـاش مردنـی دەچێتـە دیمەشـق و لـەوێ لەمانگـی شـەعبانی سـاڵی ٦٤٣ دەمـرێ، واتـە دوای مردنـی مێردەکـەی بەسـێزدە سـاڵ. تەمەنیشـی لەهەشـتا ساڵان تێپەڕیبـوو کـە نزیکـە لەتەمەنـی مێردەکـەی، کـە ئەویـش لەتەمەنـی هەشـتاویەک سـاڵیدا مـرد. (رابیعـە) لـەو قوتابخانەیـەدا دەنێـژرێ کـە بـۆ زانایانـی ئاییـنیـی حەنبەلیـەکان لەبنـاری چیـای قاسـییوون دروسـتی کردبـوو.

## منداڵەکانی

موزەفەرەددیـن –وەکـو مێژوونووسـەکان نـاوی دێنـن– لەرابیعەخاتوونـی هاوژینـی دوو کچـی هەبـووە[1]و نەیانگوتـووە نێرینـەی هەبووبـێ، بـەڵام ئیبـن خەلـەکان بەباوکـی سـەعید نـاوزەدی دەکا. لێـرەوە پرسـیارێک سـەرهەڵدەدا: ئایـا موزەفەرەددیـن کـوڕی هەبـووە بەنـاوی سـەعید و مـردووە؟ ئـەوە ناکـرێ جەختـی لێبکـرێ، بـەڵام ئـەوەی بەڕاسـت زانـراوە ئەوەیـە کـە کاتێـک مـردووە کـوڕی نەبـووە، چونکـە لەسـاڵەکانی دوایـی ژیانیـدا وەسـیەتی کـردووە کـە دوای مردنـی، ئەربـل بگەڕێنرێتـەوە بـۆ خەلیفـەی عەباسـی. ناکـرێ موزەفەرەددیـن ئـەو جـۆرە رەفتـارە ئەنجـام بـدا تەنیـا مەگـەر لەبـەر ئـەوە بووبـێ کـە کەسـێکی نەبـووە لەئیمارەتەکـەی جێـی بگرێتـەوە.

موزەفەرەددیـن لەسـاڵی ٦٠٦ک. هـەردوو کچەکـەی داوەتـە هـەردوو کوڕەکـەی نورەددیـن ئەرسەلانشـای خاوەنـی موسـڵ کـە هەریەکـە لەعزەددیـن مەسـعوودی جێگـرەوەی باوکـی لەحوکمڕانیـی موسـڵ و نازنـاوی پاشـای پـاک (الملـک الطاهـر) بـووەو عیمادەددینـی زەنگـی بـوون. ئـەو هاوسـەرگیریە بـۆ موزەفەرەددیـن بـووە هـۆی سەرئێشـەیەکی سیاسـیی تیـژ کـە لەدواییـدا لـەو کتێبـە روونـی دەکەینـەوە.

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٧.

**ڕەوشت و ئاکارەکانی**

موزەفەرەددین باشترین ڕەوشت و ئاکاری هەبووە. هەموو مێژوونووس و خاوەن سەربردەکان کۆکن لەسەر پیاهەڵدان و ناوهێنانی. ئیبن خەلەکانی هاوچەرخی دەڵێ: موزەفەرەددین «ڕەوشت بەرز بوو، خۆی بەگەورە نەدەزانی، باوەڕی باش بوو، دەروون چاک و زۆر ڕوو لە ئەهلی سوننە و جەماعەت بوو» [1]

حەزی لەژیانی سادەو خواپەرستی بوو، حەزی لەدەستبلاوی و زێدەخەرجی نەبوو، بەڵکو هەژار و دەستکورتەکانی لەخۆی باشتر دادەنان. خۆشیەکانی ژیانی وەکو خواردن و جلک و خانووی لەخۆ دووردەگرت بۆ ئەوەی بۆ دەستکورتانی گەلەکەی پارە بقاچێنێتەوە (پاشەکەوت بکا) و بەخوایشتی خۆی لێیان خەرج بکا. لە ڕابیعە خاتوونی هاوژینی -خوشکی سەلاحەددینی ئەیووبی- دەگێڕنەوە گوتوویەتی: کراسەکەی بەری بایی پێنج درهەم نەدەبوو بۆیە گلەیی لێدەکا، ئەویش پێی دەڵێ: جلکەکی بایی پێنج درهەم لەبەر بکەم و پارەکەی کە دەمێنێتەوە بکەمە سەدەقە پێم باشترە لەوەی جلکەکی گران لەبەر بکەم و پشت لەهەژار و دەستکورتان بکەم[2]. موزەفەرەددین بەردەوام دەبێ لەو

١- وفيات الاعيان، ب ٣ / ل ٢٧٥.
٢- البدايه والنهايه، ب ١٣ / ل ١٣٧.

جلکە رەق و هەرزانانەی بەری، هەتا بەناوساڵ دەکەوێ و پێستی تەنک دەبێ و هەر ئێسک دەمێنێتەوە، هەر بەجلکی دیکەی نەرموشل نایانگۆڕێتەوە.

موزەفەرەددین زۆر حەزی لەکاری خێر و سەدەقەکردن بەسەر هەژاران بووە. ئیبن خەلەکان دەڵێ: «لەسەربردەکەی، ئەوەندە کاری خێرخوازیی کردووە کە جێی سەرسوڕمان بوو، بەجۆرێک کە نەبیستراوە کەسێک وەکو ئەوی کردبێ. لەدونیادا شتێکی خۆشەویستتری لەکاری سەدەقەکردن لەلانەبووە»[1]. سیبت ئیبن ئەلجۆزی دەڵێ: «زۆری سەدەقە دەکرد و چاکە و گەیاندنی بەلێشاو بوو»[2].

ئەوەندە ژن و پیاوی چاکی خۆشویستووە کە حەزی کردووە لەو خواردنانەی کە خۆی پێی خۆشبووە بەشداریان پێبکا. ئیبن خەلەکان دەڵێ: «خوا لێخۆشبوو کاتێک خواردنێکی خواردباو پێی خۆشبوایە بەتەنیا نەیدەخوارد، بەڵکو هەر پارووێکی خۆشی لێ دەخوارد و دەیگوتە ئەوانەی لەبەردەستین لەسەربازەکان: هەڵیگرن بۆ ئەو پیرە یان ئەو کەسەی کە لەلای ئەو بەپیاوی باش بەناوبانگ بووە. هەروەها لەشیرنەمەنی و میوەو جۆرەکانی دیکەی خواردن و خواردنەوەو

١- وفيات الاعيان، ب ٣ / ل ٢٧٢.
٢- مراه الزمان، ب ٨ / ل ٢٨٥.

جلوبەرگیش».[1] موزەفەرەددین ئازاو بەجەرگ بووە. ئیبن واسڵ لەبارەیەوە دەڵێ: «موزەفەرەددین پاشایەکی پایەبەرزی ئازاو بەجەرگ بوو. ورەیەکی بەرز و مەردایەتیەکی توندی هەبوو»[2]. پێموایە هەر لەبەر ئەو ئازاو بەجەرگیەی بووە کە بەگورگی شین ناوبانگی دەرکردووە. هەروەها شەڕکەرێکی زۆرباش و جەنگاوەرێکی پاڵەوان بووە. ئیبن خەلەکان لەبارەیەوە دەڵێ: «لەهەموو هەڵوێستەکانی -خوا لێی خۆشبێ- لایەنگری رێککەوتن و پەیمانەکانی بووە، هەرچەندە زۆریش بوون و نەزانراوە لەیەکێکیاندا هەرگیز شکاندبێتی»[3].

لەتەک ئازایەتی و چاونەترسیەکەیدا هەستێکی ناسک و نەستێکی بەرزی هەبووە. ئەو هەستە مرۆڤانەیەی لەو چاودێریکردنانەی بۆ بێوەژنان و منداڵانی هەڵگیراوەوە دەردەکەوێ کە بەخۆی لەکاروباریانی دەپێچایەوە»[4].

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٣.
٢- ابن واصل، ج٢ / لوحه ٢٨٩ (محگوگ).
٣- وفيات الاعيان، ب٥ / ل ٢٧٦.
٤- بروانە بەشی حەفتەم.

# بەشی چوارەم

# موزەفەرەددین لەحەڕڕان

لەبەشی دووەمدا، لەقسەکردن لەسەر خانەوادەی موزەفەرەددین، گوتمان موزەفەرەددین یەکسەر دوای مردنی باوکی بووە میری ئیمارەتی ئەربل کە هێشتا ناکام بوو، بۆیە لەژێر دەستی (ویسایەی) موجاهیدەددین قایماز فەرمانڕەوایی دەکرد کە جێگری زەینەددین عەلی کوڕی باکتەکینی باوکی بوو. ئەوەشمان گوت کە موجاهیدەددین، بەهۆی کێشەیەکی نێوانیان، موزەفەرەددینی لەسەر ئیمارەتەکە لاداو زەینەددین یوسفی براگچکەی خۆی لەسەر دانا. لەو بەشەدا بەدرێژی ئەوە روون دەکەینەوە کە لەبەشی رابردوودا کورتەیەکمان باسکرد.

وەکو پێشتر باسمان کرد کە زەینەددین عەلی -باوکی موزەفەرەددین- لەساڵی ٥٦٣ دا مرد، موزەفەرەددین تەمەنی چوارده ساڵ بوو. بەپێی ئەو تەمەنە بەناکام دادەنرێ بۆ حوکمڕانی و بەڕێوەبردن. نەریتیش وابوو لەو بارانەدا کە جێگر ببێتە وەسیی لەسەر فەرمانڕەوا نوێیەکە، پاشان و بەپێی ئەو نەریتە، موجاهیدەددین بووە وەسیی بەسەر موزەفەرەددینەوە. بەپێی ئەو وەسییەیەی خۆی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن و فەرماندەیی سوپای دەکرد، هەرچی موزەفەرەددینیش بوو تەنیا ناوی پاشا و رووکارەکانی هەبوو. موجاهیدەددین بڕوای وابوو کە موزەفەرەددین مافی پەروەردەکردنەکەی ئەو لەبەرچاو دەگرێ -وەکو

ئیبن ئەسیر دەڵێ[1]- و لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەبێ و لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دژایەتیی ناکا، بەڵام ئەو هیوایەی نەهاتەجێ و ئەوەندەی نەبرد کە کێشە کەوتە نێوانیان، بۆیە موجاهیدەددین، بەو هێز و دەسەڵاتەی کە هەیبوو، لەسەر ئیمارەتەکەی لاداو زەینەددین یوسفی برای لەجێ دانا.

کە موجاهیدەددین بڕیاری لەلابردنی موزەفەرەددینی لەسەر موڵکەکەی دا، هێز و توندیی لەگەڵ بەکار نەهێنا بەڵکو بۆ ئەوەی بیانوویێکی یاسایی لەپێش خەلیفەی عەباسی بۆ بدۆزێتەوە بۆ لابردنی، ئەو پیاوانەی کۆکردەوە کە بڕوای پێبوون و فەرمانی پێکردن کە کۆنووسێک بنووسن تێیدا بڵێن موزەفەرەددین بەکەڵکی خاوەنداریێتیی ئیمارەت نایێ. ئەوجا کۆنووسەکەی بەدەستی نێردراوێک نارده دیوانی خەلیفە لەبەغداو پێی راگەیاند کە کۆنووسەکە بەنامەیەکی زارەکیش بەهێزتر بکاو داوا لەبەرپرسان بکا بەلابردنی و دانانی زەینەددین یوسفی برای لەجێگەی. ئەوانیش بەقسەیان کرد. ئەوجا موجاهیدەددین موزەفەرەددینی گرت و براکەی خۆی لەجێ دامەزراند. کە رەوشەکە بۆ خۆی و یوسفی برای جێگیر بوو، موزەفەرەددینی بەرداو لەئەربل دەریکرد. موزەفەرەددین چووە بەغدا و لەلای

---

١- الکامل، ب ٩ / ل ٩٧.

بەرپرسەکان گلەیی دەستدرێژیەکەی موجاهیدەددینی بۆ سەر مافە یاساییەکەی لەلا کردن، بەڵام ئەوان گوێیان لێنەگرت، بۆیە بەرەو موسڵ رۆیی بەو هیوایەی خاوەنەکەی، سەیفەددین غازی (دووەم)، وەڵامێکی بداتەوەو هاوکاریی بکا بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر ئیمارەتەکەی، بەڵام سەیفەددین ئەو ویستەی بۆ بەجێ نەگەیاند بەڵکو لەجیاتی ئەربل لەلای خۆی دایمەزراند و شاری حەڕانی دایێ و موزەفەرەددینیش چووە ئەوێ و لێی دانیشت[1].

مێژوونووسەکان دیاریکردنی ئەو ساڵەیان پشتگوێ خستووە کە تێیدا لادانی موزەفەرەددین لەسەر ئیمارەتەکەی روویداوەو ناوهێنانی هۆکاری کێشەکەشیان پشتگوێ خستووە.

ئێمە هەوڵماندا ئەو ساڵە دیاری بکەین کە موزەفەرەددینی تێدا لادرا، بۆمان دەرکەوت ئەوە لەنێوان مانگی زیلقەعدەدەی ساڵی ٥٦٩ (١١٧٣ز) و مانگی شەوالی ساڵی ٥٧١ (١١٧٥ز)دا بووە، چونکە قوتبەددین مەودوود تا مانگی زیلحیججەی ساڵی ٥٦٥ (١١٦٩ز) میری موسڵ بووە. کە مرد سەیفەددین غازیی (دووەم) کوڕی جێگرتۆتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ نەماوەتەوەو نورەددین مەحموودی مامی لەمانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ٥٦٦دا

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧١.

دەستی بەسەر موسڵدا گرتووەو سەیفەددین بووەتە جێگری مامی لەموسڵ، بەڵام دەسەڵاتەکەی سنووردار بووە، چونکە نورەددین لەوە دەترسا سەیفەددین لەپشتەوە لێی بدا، لەبەر ئەوە لەلایەن خۆیەوە جێگرێکی بۆ قەڵاتی موسڵ دامەزراندبوو کە پێیان دەگوت سەعدەددین کامشتەکین. بڕیاری یەکەم و دوایی لەگێڕانی کاروباری موسڵ لەدەست ئەو سەعدەددینە بووە. نورەددین فەرمانی بەسەیفەددین کردبوو کە «نابێ بەتەنیا و بەبێ خۆی (سەعدەددین) بڕیار بدا کەم بێ یان زۆر»[1]. سەیفەددین وەکو پاشکۆی نورەددینی مامی مایەوە هەتا مردنی نورەددین لەمانگی شەوالی ساڵی ٥٦٩. ئەوجا بەتەنیا و بەتەواوی موسڵ بووە هی ئەو. ئەگەر موزەفەرەددین پێش مانگی شەوالی ساڵی ٥٦٩ بچووبایە لای سەیفەددین، ئەوا سەیفەددین نەیدەتوانی هیچی بۆ بکا چونکە مافی دەستکاریی لەموسڵ بەدەستەوە نەبووە، بەمەش مافی دابڕینی هیچ پارچەیەکی لەموڵکەکەی نەبووە بۆی. هەرچی مانگی شەوالی ساڵی ٥٧١یشە ئەوە ئەو مانگەیە کە موجاهیدەددینی تێدا دەبینین لەشاری موسڵ، چونکە پەیوەندیی بەسەیفەددین غازی (دووەم)ی خاوەنەکەی کردووە بەداواکاریەک لەلای خۆیەوە[2].

١- الکامل، ب٩ /ل ١١٠

٢- الکامل، ب٩ /ل١٣٦.

ئەگەر مێژوونووسەکان هۆکاری ئەو کێشەیەشیان ناو نەهێناوە کە لەنێوان موزەفەرەددین و موجاهیدەددین روویداوە، ئێمە پێمان وایە کێشەکە لەسەر ئەوە بووە کە کێ مافی حوکمڕانیی هەیە و کامیان دەسەڵاتی بەرزترە لەدەستکاریکردنی کاروباری ئیمارەت و بەڕێوەبردنی. بەواتایەکی روونتر موزەفەرەددین ویستوویەتی مافی فەرمانڕەواییکردنی ئیمارەتەکە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە پاش ئەوەی بۆ ئەو کارە پێگەیشتبوو (باڵغبوو). ئەوەش موجاهیدەددین تووڕە دەکاو دەیبزوێنێ، بۆیە بۆ لادانی لەسەر موڵکەکە کاردەکاو یوسفی برابچووکی لەجێی دادەنێ. بۆ ئەوەش بیانوویێک بۆ کۆکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی خۆیدا بدۆزێتەوەو بەکردەوە وەک فەرمانڕەوای ئیمارەتەکە بمێنێتەوە. ئەو دەرەنجامەمان لەژێر رۆشنایی ئەو ناسینەمان بۆ موجاهیدەددین دەستدەکەوێ کاتێک کە ژیانی موزەفەرەددین و خانەوادەکەی و هی ئەوکەسانەشمان خوێندەوە کە پەیوەندیی پێوەکردوون. لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە موجاهیدەددین مکوڕبووە لەسەر بەدەستەوەگرتنی هەموو دەسەڵاتەکان و کەسی دیکە دەست لەبندەستی نەدا، چ لەوکاتەی کە بەناوی زەینەددین عەلیی خاوەنی، حوکمڕانیی ئەربلی دەکرد یان کاتێک کە دوایی چووە ژێر رکێفی پاشاکانی موسڵ.

موجاهیدەددین خۆی بەتەنیا فەرمانڕەوایی ئەربلی دەکرد و هیچ کەسێک لەو فەرمانڕەواییەی بەشداری نەدەکرد، هەر لەو کاتەوە کە زەینەددین عەلی شارەکەی دایێ، بۆ ئەوەی لەجێی ئەو حوکمڕانیی بکا، کاتێک کە بەخۆی لەموسڵ دادەنیشت. موجاهیدەددین لەسەر تاکڕەوی راهاتبوو و پێی خۆش بوو. پاشان حەزی دەسەڵات و گەورەییی تێدا چەکەرەی کرد. کە بینیشی موزەفەرەددین دەیەوێ دەسەڵاتەکانی لێبستێنێ، بێزاربوو و ئەو لەڕووقیتبوونەوەیەی پێ هەرس نەکراو دەستی کردە پیلان گێڕان تا لەسەر ئیمارەتەکەی لادا و یوسفی براگچکەی خۆی لەسەر دانا، بۆ ئەوەی مانەوەی دەسەڵات لەدەستی خۆیدا مسۆگەر بکا و کاریگەریی لەسەر خۆی و ئیمارەتەکەی هەبێ. موجاهیدەددین لەسەر گلدانەوەی یوسف باش سەرکەوت، تا ئەو رادەیەی کە ئیبن ئەسیری مێژوونووس لەسەر پێگەی هەریەکە لە موجاهیدەددین و یوسف لەبۆنەیەکدا دەڵێ: «شارەکەی (ئەربل) کوڕی زەینەددین ناوێکی بێ ناوەڕۆک بوو. بۆ موجاهیدەددین ناو و ناوەڕۆک بوو»[1].

بێجگە لە ئەربل، موجاهیدەددین لەپاشاکانی موسڵیش ستەمی دەکرد، کاتێک کە خستنیە ژێر رکێفی خۆی. موجاهیدەددین بەوە ناوبانگی دەرکردبوو

---

١- التاريخ الباهر، ل ١٧٧.

کــە پیــاوی شــەڕ و کارگێڕیــە و لــەو دوو بــوارەدا پلــەی زۆرباشــەی هەبــوو. ســەیفەددین غازیــی کــوڕی قوتبەددیــن مــەودوودی شــای موســڵ ئــەوەی زۆر بەباشــی لەســەر موجاهیدەددیــن دەزانــی. کاتێــک کــە کێشــەکان لەنێــوان خــۆی و ســەلاحەددین، کــە چــاوی لەوڵاتەکــەی بڕیبــوو، ئاڵــۆز بــوو، بڕیــاری دا بیهێنێتــە ژێــر رکێفــی خــۆی چونکــە دەیزانــی ناتوانــێ بەتەنــێ لــەدژی بوەســتێتەوە، لەســاڵی ٥٧١دا داوای موجاهیدەددینــی کــرد کــە لەئەربــل بــوو، بــۆ ئــەوەی پشــتی پــێ ببەســتێ و لەترســناکترین پۆســتی جەنگیــی دامەزرانــد کــە پۆســتی (پارێــزگاری) قەڵاتــی موســڵە، چونکــە پاراســتنی شــارەکە لەکەوتنــە دەســت دوژمنــی هێرشــکەر پەیوەندیــی بەهێــزی قــەڵات و توانــا جەنگیەکانــی پارێزگارەکەیــەوە هەیــە. هەرکــە موجاهیدەددیــن پۆســتەکەی وەرگــرت، دەســتی کــردە ســەپاندنی کەســایەتیی خــۆی بەســەر سەیفەددینیشــەوە، تــا ئــەو رادەیــەی کــە ناچــاری کــرد جەلالەددینــی کــوڕی عەلیــی وەزیریشــی بگــرێ و بیخاتــە بەندیــەوە لەســەر کێشــەیەکی نێوانیــان[1]. لەوانەیــە هۆکارەکــەش ئەوەبــێ کــە ســەیفەددین کاری بەڕێوەبردنــی دەوڵــەت و گێڕانــی کاروبارەکانــی دابــووە دەســت وەزیرەکــەی و وەزیریــش لەســەیفەددین نزیکتربــوو وەک لەموجاهیدەددیــن. ئــەوەش

---

١- الكامل، ب٩ / ل ١٤٤.

موجاهیدەددین پێی خۆش نەبوو و رقی لەوە دەبۆوە ناوێک لەناوان، کە ناوی ئەو نەبێ، بدرەوشێتەوە، بۆیە کاری لەسەر لابردنی وەزیرەکە لەسەر رێگای خۆی کرد. موجاهیدەددین هێشتا هەر دەستی لەناو کاروباری دەوڵەت وەردەداو خۆی بەسەر خاوەنەکەیدا دەسەپاند تا لەساڵی ٥٧٦ خۆی بووە بەڕێوەبەری تەنیای دەوڵەتەکەی سەیفەددین و فەرمانڕەوا بەسەر هەموو جێگرەکانی لەو وڵاتانەی سەر بەموسڵن[٢].

لەسەردەمی ئەو عزەددین مەسعوودەی کە لەموسڵ جێی سەیفەددینی برای گرتبۆوە، موجاهیدەددین گەیشتە ئاستێک لەهێزو دەسەڵات و کاریگەریی کە لەدەسەڵاتی عزەددینیشی تێپەڕاند. ئیبن ئەسیری مێژوونووس دەڵێ: عیمادەددین زەنگیی خاوەنی شاری شەنگال داوای لەعزەددینی برای کرد شاری حەلەبی بداتێ لەجیاتی دەستهەڵگرتنی لەشاری شەنگال بۆی. عزەددین ئەو داوایەی برایەکەی رەتکردەوە بەڵام موجاهیددەددین، عزەددینی ناچار کرد کە حەلەب رادەستی برای بکا، «عزەددین نەیتوانی بەقسەی نەکا چونکە دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتدا هەبوو و سەربازیشی زۆر بوو». پاشان ئیبن ئەسیر لەهۆکاری ئەو رەفتارەی موجاهیدەددین دا دەڵێ: «ئەوەی وای لەموجاهیدەددین

---

١- الكامل، ب ٩ / ل ١٥٠.

کـرد ئـەوە بـکا ترسـان بـوو لەعزەددیـن چونکـە گـەورە ببـوو و سـەربازی زۆر بـوو». سـەرباری ئـەوە میرەکانـی حەلــەب «ئاوڕیــان لەموجاهیدەددیــن نەدەدایــەوەو هەمــان ئــەو رەوشــتانەیان بەرامبــەری نەدەنوانــد کــە ســەربازانی موسـڵ دەیانکـرد»[1]. لەمـەوە روون دەبێتـەوە کـە موجاهیدەددیـن دەیویسـت خاوەنـی موسـڵ بەبێهێـزی بمێنێتـەوە تـا خـۆی پێـی بوەسـتێ و دەسـەڵاتی بەسـەر وڵاتەکەیـدا بشـکێ. زۆریـش حـەزی لەگەورەیـی و مەزنیـی بــوو بەشــێوەیەک، کاتێــک کــە بینــی فەرماندەکانــی ســوپای حەلــەب ئــەو رێــزەی ناگــرن کــە خــۆی پێــی خۆشــە و وەکــو فەرماندەکانــی ســوپای موسـڵ ناکــەن، رقـی لەحەلـەب هەڵگـرت و خاوەنەکـەی ناچارکـرد دەسـتی لــێ هەڵگــرێ بــۆ براکــەی. ئیبــن ئەسـیر بەراوردێکــی دەســەڵاتی موجاهیدەددیــن و دەســەڵاتی عزەددیــن دەکا و دەڵــێ: «موجاهیدەددیــن لەڕاســتیدا خــۆی پاشــایە و عزەددیــن هــەر نــاوە»[2]. راستیەکەشــی موجاهیدەددیــن گەیشــتبووە هێــزو باڵادەســتیەک لەســەردەمی عزەددیــن تــا رادەیــەک، کاتێــک کــە بڕیــاری دا لێــی قوتاربــێ کــە ئەوپــەڕی بێزاریــی لێـی هەبـوو، نەیتوانـی بیگـرێ، تەنیـا بەداوێـک کـە بـۆی دانایـەوە لەترسـی بەهێزیەکـەی. خـۆی

١- الكامل، ب٩ / ل ١٥٤.
٢- الكامل، ب ٩ / ل ١٦٣.

نەخـۆش خسـت و کـە موجاهیدەددیـن بـۆ دڵدانـەوە هاتـە لای، عزەددیـن گرتـی و خستیە بەنـدی و موڵکەکانـی دەست بەسـەرداگرت[1]. سـەرباری ئەوانـە جێگرەکانـی عزەددیـن لەوڵاتەکـەی، هـەر لەترسـی موجاهیدەددیـن ملکەچـی بـوون نـەک لەترسـی خـۆی. کـە دەستبەسـەری کـرد، جێگرەکانـی لێـی هەڵگەڕانـەوەو هەریەکـە بەویلاتەکـەی خـۆی سـەربەخۆ بـوو. عزەددیـن ناچـار بـوو بـەری بـدا، هەرچەنـدە لـەدوای ئـەوە دەسـەڵاتەکەی سنووردارکرد بـۆ ئـەوەی سـتەمەکانی کەمکاتـەوە[2].

ئـەو هەواڵانـە بەئاشـکرا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە موجاهیدەددیـن حـەزی لەتاکڕۆیـی بـوو لەحوکمڕانیکـردن و گرتنـی بەدەستخۆیەوە. ئـەو دەرەنجامەشـمان دەیسـەلمێنێ کـە موجاهیدەددیـن بۆیـە موزەفەرەددینـی لەئیمارەتەکـەی لابـرد چونکـە موزەفەرەددیـن دەیویسـت ڕێـی لێبگـرێ و دەسـەڵاتی کەمبکاتـەوە. ئەویـش لەسـەر ئـەوە ڕانەهاتبـوو و پێـی قایـل نەدەبـوو.

ئەوجـا دەگەڕێینـەوە بـۆ موزەفەرەددیـن و دەڵێیـن: کـە دابڕێنـراوی لەسـەیفەددین قبـووڵ کـردو لەحـەڕان دانیشـت، بـووە یەکێـک لەپاشـکۆکانی کـە مەرجەکانـی پاشـکۆیەتیی دەرەبەگایەتیـی بەسـەردا دەسـەپێنرێ. لەبـەر ئـەوە هەرکاتـەی سـەیفەددین داوای لێبـکا دەبـێ

١- الكامل، ب٩ / ل ١٦٣.
٢- الكامل، ب٩ / ل١٦٣.

خێرا بگاتە خزمەتی و سەربازی بۆ بنێرێ و لەگەڵی بچێتە شەڕ، هەرکاتەی داوای لێکرد بەشداربێ لەگەڵی لەشەڕەکان، وەکو چۆن لەساڵی ٥٧١ روویدا کاتێک کە سەیفەددین لەشەڕێک لەگەڵ سەلاحەددین دا تێکگیران لەنزیک شاری حەلەب. موزەفەرەددین بەشدرایی تێدا کردو لای راستی سوپای موسڵی گرتەدەست، لەوکاتەی کە زینەددینی برای لای چەپی سوپای سەلاحەددینی لەدەست بوو. ئەو شەڕەی کە لەبەشی دووەم ناومان هێنا.

بەڵام هەرچەندە موزەفەرەددین لەئەربل لەژێر کۆنترۆڵی موجاهیدەددین دەرچوو، ئەوجارە لەساڵی ٥٧١ دیسان کەوتەوە ژێر کۆنترۆڵیەوە، کاتێک کە موجاهیدەددین چووە ژێر رکێفی سەیفەددین غازیی خاوەنی موسڵ لەهەمان ساڵدا. لەگەڵ جیاوازیەکی گەورە لەنێوان پایەی موزەفەرەددین کاتێک کە لەئەربل بوو و ناوەندەکەی لەحەڕان بوو. موزەفەرەددین ئەوکات لەئەربل میر بوو و موجاهیدەددین فەرمانبەرێک بوو لەفەرمانبەرکانی ئیمارەتەکە. کاتێک کە موجاهیدەددین کاروباری ئەربلی بەڕێوە دەبرد، پێگەی خۆی لەلای موزەفەرەددین دەزانی و دانی پێدا دەنا، لەلای خۆی و لەلای خەڵکیش، کە تەنیا کرێکارێکە لەکرێکارەکانی موزەفەرەددین، واتە دانی بەگەورەییی دا دەنا، بەڵام کە موزەفەرەددین بووە پاشکۆی خاوەنی موسڵ و

موجاهیدەددینیش چووە ژێر ڕکێفی خاوەنی موسڵ، موزەفەرەددین کەوتە ژێر دەسەڵاتی موجاهیدەددین، واتە موجاهیدەددین خۆی بووە گەورەی موزەفەرەددین، چونکە خاوەنی موسڵ هەموو کاروباری دەوڵەتەکەی دایە دەست موجاهیدەددین: بەمەش جێگرانی خاوەنی موسڵ و ئەوانەش کە وڵاتیان بەسەردا دابڕابوو، کەوتنە ژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی موجاهیدەددین. ئەوەش موزەفەرەددینی بێزارکرد، بەڵام نەشیتوانی لەبەر بێ دەسەڵاتی و بێتوانایی شتێک بکا.

هەرچۆنێک بێ، بەڕاستی نازانین پەیوەندیی نێوان موزەفەرەددین و موجاهیدەددین چۆن بوو لەو بارودۆخە نوێیەدا، لەنێوان ساڵانی ٥٧١ و ٥٧٧، چونکە موزەفەرەددین لەسەر شانۆی ڕووداوەکان نامێنێ، یان ڕاستتر بڵێین مێژوونووسەکان دەیشارنەوەو هیچی لەسەر نادوێن، تا ساڵی ٥٧٧ دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتن و بەشداربوون لەڕووداوەکان.

ئەوەتە لەساڵی ٥٧٧ک (١١٨١ز) ئەلساڵح ئیسماعیلی کوڕی نورەددین مەحموودی خاوەنی حەلەب نەخۆش دەکەوێ و هەر بەو نەخۆشییەوە لەهەمان ساڵدا دەمرێ، ئەلساڵح ئیسماعیل لەکاتی نەخۆشکەوتنی وەسیەت دەکا کە حەلەب لەدوای مردنی بدرێتە عزەددین مەسعوودی کوڕی مامی خاوەنی موسڵ. کە ئیسماعیل دەمرێ عزەددین خێرا موزەفەرەددین دەنێرێ بۆ حەلەب

لەترسی ئەوەی سەلاحەددین پێش ئەو بیگاتێ و دەستی بەسەردا بگرێ. ئەوکەسەشی لەگەڵ دەنێرێ کە میرەکانی حەلەب و فەرماندەکانی سوپایەکەی سوێند بدا کە ملکەچی بن. موزەفەرەددین لەسێی مانگی شەعبانی ئەوساڵە دەچێتە ناویەوە، ئەوجا مەسعوودو کوڕەکەی بەهاوڕێیەتیی موجاهیدەددین قایماز بەدوایدا دەڕۆن و لەبیستی هەمان مانگدا دەچنە ناویەوە[1].

پاشان مەسعوود، موزەفەرەددین بەوالی لەسەر حەلەب و سەرۆکی دیوانەکەی دادەمەزرێنی[2]. بەڵام عزەددین مەسعوود حەزی لەدانیشتنی حەلەب نەبوو چونکە میرو فەرماندەکانی سوپاکەی زۆریان داواکاری لێی هەبوو بۆ زۆرترکردنی پارەو دابڕێنراوەکانیان و زۆریان ناز لەسەر دەکرد چونکە قایل ببوون شارەکەیان بۆ ئەو بێ. سەرباری ئەوەی کە دووریی لەموسڵ تووشی کەوتنی دەکا بەدەستی ئەو سەلاحەددینەی کە چاوی تێبڕیبوو. لەوانەیە سەلاحەددین هەلی دوورکەوتنەوەی لێی بقۆزێتەوەو خێرا دەستی بەسەردا بگرێ. پاشان بڕیاریدا لەحەلەب دەرچێ بەرەو موسڵ و لەوێ نورەددین مەحموودی کوڕی تێدا هێشتەوە – کە منداڵێکی گچکە بوو و شەهابەددین ئیسحاقی والیی

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٩٧.

٢- زبدة الحلب، ج٢/لوحة ١٩٢ (مخطوط).

قەڵاتــی کــردە چاودێــر بەســەریەوەو وڵات و ســوپای دایــە دەســت موزەفەرەددیــن[1].

ناردنــی موزەفەرەددیــن لەلایــەن عزەددیــن مەســعوود بــۆ پاراســتنی حەلــەب و پاشــان پێدانــی شــار و ســوپاکەی، بەڵگەیــە لەســەر ئــەوەی موزەفەرەددیــن جێگــەی متمانــەی عزەددیــن بــووە، بەجۆرێــک کــە شــارەکەی دایــە دەســت و دڵنیــا بــوو لــەوەی کــە دراوەتــە پیاوێکــی جێــی بــاوەڕ. بــەڵام دوایــی دەبینیــن کــە موزەفەرەددیــن هــەوڵ دەدا دەســت بەســەر حەلەبــدا بگــرێ بــۆ خــۆی. دەبــێ لەبــەر چــی ئــەوەی کردبــێ؟

دوو گێڕانــەوەی جیــاواز هــەن کــە لەودووانــە یــان لەیەکێکیــان دەتوانیــن هــۆکاری هەوڵدانــی موزەفەرەددیــن بــۆ گرتنــی حەلــەب دەربێنیــن: هەرچــی گێڕانــەوەی یەکەمــە -کــە مێژوونووســی ســەردەم ئیبــن ئەســیر دەیڵــێ-، عمادەددیــن زەنگیــی خاوەنــی شــاری شــنگال چــاوی بڕیبــووە حەلــەب و بینــی کــە بــۆ ئــەو لەشــنگال باشــترە، بۆیــە بەعیزەددیــن مەســعوودی بــرای گــوت کــە شــارەکانیان بگۆڕنــەوە. عیمادەددیــن دەســت لەشــنگال بــەردەدا لەبەرامبــەر ئــەوەی عزەددیــن دەســت لەحەلــەب بــەردا بــۆی. عزەددیــن ئــەو داوایــەی بــرای رەتکــردەوە، بــەڵام عمادەددیــن پێداگــری کــرد لەســەر وەرگرتنــی

١- زبدة الحلب، ج٢ / لوحة ٢٠٠ (مخطوط).

حەلـــەب. عزەددیـــن ناچـــار بـــوو لەژێـــر فشـــاری دوو هــۆكار گۆڕینەوەكــە بــكا چونكــە نەیتوانــی هــۆكارەكان دووربخاتـــەوە، كـــە یەكەمیـــان ئـــەوە بـــوو عیمادەددیـــن هەڕەشـــەی لەبراكـــەی كـــرد كـــە دەچێتـــە ژێـــر ركێفـــی ســەلاحەددینی ئەیووبــی و شــاری شــنگالی رادەســت دەكا ئەگــەر حەلەبــی رادەســت نــەكا. دووەمیشــیان ئەوەبــوو كــە موجاهیدەددیــن پشــتی عیمادەددینــی گــرت و لەگــەڵ داواكـەی بــوو، ئەوجــا زۆرییــی لەعیزەددیــن كــرد كــە واز لەحەلــەب بێنــێ بــۆ براكــەی. عیزەددینیــش بەقســەی كــرد چونكــە لەبــەر ئــەو هۆیانــەی پێشــتر باســمان كــرد، لێــی دەترســا. پاشــان رێككەوتــن لەنێــوان هــەردوو بــرا كــرا بــۆ گۆڕینـــەوە[1].

بــەڵام هیدیكــە بێجگــە لەئیبــن ئەســیر وەكــو واســڵ[2] و ئیبــن شــەدداد[3] و ئیبــن ئەبــی تــەی[4] و ئیبــن ئەلعەدیمــی مێژوونووســی حەلــەب دەڵێــن: گۆڕینــەوەی نێــوان دووبراكــە بەبــێ فشــار و بەڕەزامەنــدی بــوو. بگــرە ئیبــن ئەلعەدیــم دەڵــێ ئــەوەی پێشــنیازی گۆڕینەوەكــەی كــرد عیزەددیــن مەســعوود بــوو و دەڵــێ –ئیبــن ئەلعەدیــم– دوای ئــەوەی عیزەددیــن شــاری حەلەبــی بەجێهێشــت چــووە شــاری

---

١- الكامل، ب٩ / ل ١٤٥.
٢- مفرج الكروب، ب٢ / ل ١٠٩.
٣- سيرة صلاح الدين الايوبى، ل ٤٥.
٤- الروضتين، ب٢ / ل ٣٠.

رەققــە و وەرزی بەهــاری تێـدا بەســەر بـرد «نامــەی بــۆ عیمادەددینــی بــرای نــارد بــۆ گۆڕینــەوە بەشــنگال بــۆ ئــەوەی بتوانــێ وڵاتەکــەی بپارێــزێ و لێکیــان گــرێ بـدا. لەوانەشــە پێویســتی بەدانیشــتن بووبــێ لەشــام لەبــەر چاوتێبڕینــی پاشــای ئەلناصــر (ســەلاحەددین) لەحەلــەب و براکەشــی کــردی و گۆڕینەوەکــە ســەری گــرت».[1]

هەرچۆنێــک بــێ و هەرچیــەک بــێ، هــۆکاری پاڵنــەری گۆڕینەوەکــە، دەکــرێ بڵێیــن: ئــەو پاڵنــەرەی کــە موزەفەرەددینــی پاڵنــا بــۆ گرتنــی حەلــەب، ئــەو ترســە بــوو کــە حەلەبــی لەدەســت دەرچــێ کاتێــک کــە بــەو دانووســانانەی زانــی لەنێــوان دوو برایەکــە و بەتەمــان شــارەکە رادەســتی عیمادەددیــن بکــەن. موزەفەرەددیــن وای دانــا کــە ئەگــەر عیمادەددیــن شــارەکە وەرگــرێ، ئــەوا عیمادەددیــن لەســەری لایدەبــا و بــۆ فەرمانڕەواییکردنــی پشــت بەپیاوەکانــی و نزیکەکانــی خــۆی دەبەســتێ، بۆیــە بڕیــاری دا دەســتی بەســەردا بگــرێ پێــش ئــەوەی رێککەوتنەکــەی نێــوان دوو برایەکــە تــەواو بــێ و بیخەنــە ژێــر بــاری (دیفاکتــۆ) بــێ ئــەوەی عزەددیــن مەســعود لەبەرچــاو بگــرن کــە گــەورە دەرەبەگــی بــوو و ملکەچــی خــۆی بــوو.

---

١- زبدة الحلب، ج٢ / لوحة ٢٠٠ (مخطوط).

هەرچی ئیبن ئەبی عەلیە، کە ئەویش مێژوونووسێکی سەردەمەکەیە، دەڵێ: موزەفەرەددین هەوڵی گرتنی حەلەبی دابوو پێش ئەوەی دانووسانەکان پەیدابن، بەڵکو موزەفەرەددین دوای رۆیشتنی عیزەددین مەسعوود ئەوەی کرد. کە عزەددین بەو هەوڵەی موزەفەرەددینی زانی بڕیاری دا شارەکە رادەستی عیمادەددینی برای بکا، چونکە دەیزانی کە ناتوانێ سەرپەرشتیی بکا لەبەر دووریی لەموسڵەوە. دەقی هەواڵەکەی ئەبی تەی: «لەسەرەتای ساڵ (٥٧٨) موزەفەرەددین کوڕی زەینەددین -کە شەحەنکیەی حەلەبی هەبوو- ویستی قەڵاتی حەلەب داگیر بکا بەوەی هێرشی بکاتە سەر، بەڵام نەیتوانی و لێی ئاشکرا بوو. دوای ئەو رووداوە هەردوو برا، عیزەددین و عیمادەددین، لەسەر (رەققە) کۆبوونەوەو هاوپەیمانیان لەسەر یەک رایەخ ئەنجامدا. عیمادەددین ئەوەی لەبندەستی بوو لەشنگال و هیدیکەی دایە عیزەددین و عیزەددینیش حەلەبی دایێ..»[1].

بەپێی گێڕانەوەکەی ئیبن ئەبی تەی بێ، بیرۆکەی گۆڕینەوەکە لەلایەن ئەو دوو برایە بەهۆی هەوڵی موزەفەرەددین بۆ گرتنی حەلەب چەکەرەی کردووە. ئەو دوو برایە پێیان باشتر بووە کە عیمادەددین

---

١- الروضتين، ب٢ / ل ٣٠.

وەری بگـرێ، بـۆ ئـەوەی بـەردەوام لێـی دانیشـێ و بـۆ بنەماڵەکـەی بیپارێـزێ.

کارەکـە هەرچۆنێـک بـێ، ئـەوا موزەفەرەددیـن دەسـتی دایـە گرتنـی قەڵاتـی شـارەکە بـۆ ئـەوەی مانـەوەی شـارەکە لەدەستی خـۆی مسـۆگەر بکا و بتوانـێ بەرگریـی لێبکا، ئەگـەر عیزەددیـن جەنگـی لـەدژ راگەیانـد، چونکـە ئـەوەی قەڵاتەکـەی لەدەسـت بـێ دەتوانـێ کۆنترۆڵـی هەمـوو شـارەکە بـکا، چونکـە لەڕاسـتیدا حەشـارگەیەکی تۆکمـەی شـارەکە بـوو. هەرچـی پێدەشـتەکەی بـوو، ئـەوا لەهـەر کاتێکـدا بـۆ هێرشـکردنە سـەر والا بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا هێرشـبەر ناتوانـێ سـوود لەدەشـتایی وەربگـرێ ئەگـەر قەڵاتـی لەدەسـت نەبـێ و سـەربازگەکەی بـەردەوام دەبـێ لەکوشـتار، بۆیـە موزەفەرەددیـن هەوڵـی دەستبەسـەراگرتنی قەڵاتـی حەلەبـی دا هەرچەنـدە شـارەکەی لەدەسـت بـوو. قەڵاتەکـە دەکەوتـە ناوەنـدی شـار لەسـەر گردێکـی شـێوە خـڕ و کەندێکـی قووڵیشـی لـەدەورە هەڵکەندرابـوو کـە نەدەتوانـرا بەئاسـانی لێـی تێپـەڕی و بپەڕیـەوە. پردێکـی جـوولاوەش قەڵاتەکـەی بـەدەرەوە دەبەسـتایەوە کـە لەکاتـی پێویسـت بـەرز و نـزم دەکرایـەوە. لەنـاو قەڵاتەکـە هێزێکـی چەکـداری وشـت و ئامـادە بـۆ هـەر شـەڕێک تێیـدا جێگیـر کرابـوو. بۆیـە کاتێـک موزەفەرەددیـن بڕیـاری دا قەڵاتەکـە بگـرێ، هەوڵـی نـەدا بەبەکارهێنانـی هێـز بیگـرێ، چونکـە ئـەوە

لەسەرووی توانای ئەوەوە بوو، بۆیە رووی کردە فێڵ و هەلخەڵەتاندن. بڕیاری دا بەچەند سەربازێکی کەم بچێتە سەر قەڵاتەکە بۆ ئەوەی والیی قەڵات گومانی لێنەکا. کە دەچێتە ناوی، والی دەستبەسەر دەکاو دەیگرێ یان دەیکوژێ و سەربازگەکەش دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی و ئەوکاتە قەڵاتەکەی دەکەوێتە دەست، عیزەددین و هیدیکەش دوای ئەوە ناتوانن دەری بکەن. بەمە هەموو وڵاتی بۆ پاک دەبێتەوەو خۆی دەبێتە گەورەو میرکوڕی.

مێژوونووسی حەلەب ئیبن ئەلعەدیم باسی فێڵەکەی موزەفەرەددین دەکا کە بۆ گرتنی قەڵاتەکە بەکاری هێناو دەڵێ: موزەفەرەددین لەگەڵ کۆمەڵێک لەسەربازانی حەلەب رێککەوت بۆ گرتنی قەڵاتەکە. لەژێرەوەی جلکەکانیان زرێیان پۆشی و هەریەکەو شمشێرێکی گرتە دەست و هەموویان بۆی چوون. کە گەیشتنە پردەکە، لەوێ راوەستان و موزەفەرەددین ناردیە لای والیی قەڵات و پێی گوت: من لەئەتابەگ عزەددینەوە نووسراوێکم بۆ هاتووەو فەرمانم پێدەکا کە لەگەڵ کۆمەڵێک بێمە لات. بەلام والی گومان لەموزەفەرەددین دەکا، کە ئەو پیاوانە دەبینێ لەگەڵین و وەڵامی دەداتەوە بەوەی کە تەنیا رێگە بەهاتنە ناو قەڵاتی دەدا ئەگەر بەتەنیا بێ و کەسی لەگەڵ نەبێ. بەوە موزەفەرەددین لەدەستی دەچێ و دەزانێ فێڵەکەی ئاشکرا بووە، بۆیە

ناچێتـە نـاوی و بەپیاوەکانیـەوە دەگەڕێتـەوە ئـەو جێیـەی کـە لێیـەوە هاتبـوون. ئـەوکات والیـی قـەڵات دڵنیـا دەبـێ لەگومانەکـەی و مەبەسـتی موزەفەرەددیـن. بـۆ لای عزەددیـن مەسـعوود دەنێـرێ و ئـەوەی موزەفەرەددینـی پێـی دەڵـێ. کـە موزەفەرەددیـن زانـی عزەددیـن بەکارەکـەی زانیـوە لێـی ترسـا و ناردیـە لای کـە پێـی بڵێـن مەبەسـتی خـراپ نەبـووە لەچوونـە قـەڵات و داوای لێبوردنـی کـرد کـە ئـەو بۆیـە چوویتـە نـاو قـەڵات بـۆ ئـەوەی خـۆی لەئەلئیسماعیلیەکان (ئەلباتنیەشـیان پێدەگوتـرێ) بپارێـزێ کـە هەڕەشـەی کوشتنیان لێکردبوو[1]. عیزەددیـن نەیویست توندیـی لەگەڵ موزەفەرەددیـن بەکاربێنـێ چونکـە ترسـا موزەفەرەددیـن پەنـا بـۆ سـەلاحەددین -دوژمنـی سەرسـەختی عیزەددیـن- ببـا و خـۆی باوێتـە بندەسـتی و ئـەوکات حەلـەب دەبێتـە بەشـێک لەدەوڵەتەکـەی، بەڵکـو خێـرا رێککەوتنێکـی لەگـەڵ عیمادەددینـی بـرای کـردو دەسـتی بـۆ لەشـارەکە بـەردا. عمادەددیـن بـۆ شـارەکە رۆیـی. کـە موزەفەرەددیـن بەهاتنـی زانـی، لەشـارەکە چـووە دەرێ و گەڕایـەوە بـۆ شـارەکەی خـۆی، حـەڕان، پـاش ئـەوەی بەرچیغێکـی لەنێـوان خـۆی و عزەددیـن و موجاهیدەددیـن لەپەیوەنـدی داکوتـا. پـاش ئـەوەی تـۆوی دوژمنکاریـی لەنێـوان خـۆی و ئەودووانـە چانـد، هەسـتی بەلەقبوونـی پێگەکـەی کـرد

١- زبدة الحلب، ج٢ / لوحة ٢٠٠ (مخطوط).

و وای دانــا –لەخەملاندنەکەشــی راســتیکرد– عیزەددیــن و موجاهیدەددیــن لــەو کردەوەیــەی خــۆش نابــن و بــەدوای هەلێکـدا دەگەڕێـن بـۆ تۆڵەسـەندنەوە. بۆیـە خێـرا کەوتـە کارکــردن بــۆ رزگارکردنــی خــۆی. چــارەی نەمــا دەبــێ لەموسڵ جودابێتـەوەو خـۆی لەپەنـا سـەلاحەددین بپارێـزێ – دوژمنـە توندەکـەی موسـڵ– و بچێتـە ژێـر رکێفـی.

ئەگەرچــی موزەفەرەددیــن لەترســی عزەددیــن و موجاهیدەددیــن پەنــای بــردە لای ســەلاحەددین و چــووە ژێــر رکێفــی، ئــەوا هۆیەکــی دیکــەی دیاریــش هەیــە کــە بــەرەو ئــەوەی پاڵنــا، ئەویــش تۆڵەســەندنەوە بــوو لەموجاهیدەددیــن بــەو پێیــەی فەرمانــڕەوای راســتیی موســڵە، چونکــە لەئیمارەتــی ئەربلــی لاداوە. بڕیاریــدا بەپەیوەندیکردنــی بەســەلاحەددینی دوژمنــی موسـڵ تۆڵــەی لێبکاتــەوە، ئــەو ســەلاحەددینەی کــە لەهەمــان کاتــدا دوژمنێکــی کەســیی موجاهیدەددیــن بــوو.

موزەفەرەددیـن هــەر بەتێکەڵبوونــی لەگــەڵ ســەلاحەددین نەوەســتا، بەڵکــو دەســتیکردە هانــدان و پاڵنانــی بــۆ ئــەوەی هێــرش بکاتــە ســەر موســڵ و دەوروپشــتی و دەسـتی بەسـەردا بگـرێ، بەخۆشـی پەیمانـی دەداتـێ کـە سـەری دەخـاو بەشـداری لـەو شـەڕانەی دەکا کـە لـەدژی موسـڵ هەڵیاندەگیرسـێنێ. سـەلاحەددینیش بەقسـەی دەکا. لەسـاڵی ٥٧٨دا کـە سـەلاحەددین گەمـارۆی شـاری بەیرووتـی دابــوو بــۆ ئــەوەی لەدەسـت خاچپەرەسـتەکانی دەربێنــێ،

موزەفەرەددیـن نامـەی بـۆ دەنێـرێ کـە « لەگەڵـی دەبـێ و دەوڵەتەکـەی خۆشـدەوێ و گفتـی سەرخسـتنی دەداتـێ ئەگـەر لەفـورات پەڕیـەوەو وڵاتەکـەی (وڵاتـی بنەماڵـەی زەنگـی لەجەزیـرەو موسـڵ) لەبەرچـاو خۆشـدەکاو هانـی دەدا بیگاتـێ. سـەلاحەددین بەیـرووت بەجـێ دێلـێ و نامەبەرانـی موزەفەرەددینـی بـۆ دەچـن کـە هانـی دەدەن بـێ. ئەوجـا سـەلاحەددین بـۆی دەچـێ»[1].

عیمادەددینـی ئەسـفەهانی بەشـێوازە نووسـینەکەی (سـەجەع) دەقـی هاندانەکـەی موزەفەرەددیـن بـۆ سـەلاحەددین دێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر وڵاتـی عیزەددینـدا بگـرێ، لەوانـەش موسـڵ و دەڵـێ: موزەفەرەدیـن بەسـوڵتانی گـوت، واتـە بەسـەلاحەددین: زۆر ئەڤینـی دیـداری گەرمـی تـۆم لـە (حـەڕان) و بـۆ گەیشـتن بەخزمەتـت لـە(رەی) زۆر تێنـووم. بـۆ تـۆ هـەوڵ دەدەیـن چونکـە بەکەسـانی ئایینـی و دنیایـی سـەربەئێوە ئاوەدانـەو (رەهـا)ش ئەوەنـدە زەحمـەت نیـەو (رەققـە)ش بـەو ناسکیەی مافـی تـۆی تێدایـەو (خابوور)یـش چاوەڕێـی تۆیـەو (دارا)ش ماڵـی خۆتـەو (نوسـێبین) هـەر چارەنووسـی تۆیـە و موڵکـی (موسـڵ) دەتگەیەنێتـە پاشـایەتی، ئـەوە کاتـی خۆگنخانـدن نیـە»[2]. عیمادەددیـن لـەو دەقەیـدا

١- الكامل، ب٩ / ل١٥٦.
٢- الروضتين، ب٢ / ل٣٠.

نـــاوی ولاتـــی زەنگـــی لەجەزیـــرە دێنـــێ کـــە موزەفەرەددیـــن هانـــی ســـەلاحەددین دەدا بیگـــرێ، ئەوانیـــش: حـــەڕڕان، رەهـــا، رەققـــە، خابـــوور، دارا و نوســـێبینە، ســـەرباری موســـڵ. کـــە زۆرلێکردنـــی موزەفەرەددیـــن لەســـەلاحەددین دووبـارە دەبێتـەوەو سـەلاحەددین دڵنیـا دەبـێ لەپشـتیوانیی موەفەرەددیــن بــۆی، بەیــرووت بەجێدێڵــێ و بــۆ جەزیــرە دەچــێ. کــە لەڕووبــاری فــورات دەپەڕێتــەوە موزەفەرەددیــن لەگەڵـی کۆدەبێتـەوەو تێکەڵـی دەبـێ و دەچێتـە ژێـر رکیفـی. بەمـە موزەفەرەددیـن دەگـۆڕێ بـۆ دوژمنێکـی موسـڵ. پاشـان سـەلاحەددین دەسـتدەکا بەگرتنـی شـارەکانی جەزیـرە کـە موڵکـی بنەماڵـەی زەنگـی و هیدیکـەن لەمیرەکانـی جەزیـرە. موزەفەرەددینیـش لەگەڵـی و لەنـاو ریزەکانـی سـوپاکەی دەجەنگـێ. کـە سـەلاحەددین شـاری رەهـا دەگـرێ، لەگـەڵ ئـــەوەی لەبندەســـتیەتی لەشـــاری حـــەڕڕان، دەیانداتـــە موزەفەرەددیـن، بـەوەش دابڕێنراوەکانـی زۆر دەبـن و لەگـەڵ ئـەوەدا پێگەکـەی بەرزتـر دەبـێ. دوای ئـەوەی سـەلاحەددین دەسـت بەسـەر هەریەکـە لـە: رەققـە، خابـوور، نوسـێبین دا دەگـــرێ، راوێـــژ بەهاوڕێیەکانـــی دەکا کـــە لـــەکام ولات لەولاتەکانـــی بنەماڵـــەی زەنگیـــەوە دەســـت پێبـــکا بـــۆ گرتنیـان. ئایـا لەموسـڵەوە یـان شـەنگال یـان جەزیـرەی ئیبــن عومــەر.؟ بیــروڕاکان لــەوەدا جیــاواز دەبــن: بــەڵام موزەفەرەددیـــن، ســـەلاحەددین قایـــل دەکا کـــە پێویســـتە لەموسـڵەوە دەسـت پێبـکاو گرتنەکـەی لـەلا ئاسـان دەکا،

چونکە بەخەملاندنی خۆی هەردوو خاوەنەکەی عیزەددین و موجاهیدەددین قایماز لەباریکی ئەوەندە لاوازدان کە بەرگەی کوشتارەکەی ناگرن و هەردووکیان هەر دوای گەمارۆدانی موسڵ، هەڵدێن یان خۆیان بەدەستەوە دەدەن یان تەنانەت هەرکە دەبیستن سوپا بۆیان دەچێ.

ناسرەددین مەحمموودی کوڕی شێرکۆ –ئامۆزای سەلاحەددین– پشتی رایەکەی موزەفەرەددین دەگرێ چونکە ریککەوتنێکی پێشتر لەنێوان سەلاحەددین و ناسرەددین هەبووە کە ئەگەر سەلاحەددین موسڵی گرت بۆ ناسرەددینی دابڕێ، لەبەرامبەر بڕە پارەیەک کە ساڵانە بیداتێ. کە سەلاحەددین بینی موزەفەرەددین و ناسرەددین زۆر حەز لەگرتنی موسڵ دەکەن. بەهاوڕییەتیی موزەفەرەددین بۆی چوو و گەمارۆی دا بەڵام لەبەر تۆکمەیی و خۆڕاگریی نەیتوانی و گەڕایەوە[1].

لەساڵی ٥٨١دا پەیوەندیی نێوان سەلاحەددین و موزەفەرەددین تێکدەچێ، بەجۆرێک سەلاحەددین دەیگرێ و دەیخاتە بەندیخانەوە، هەرچەندە موزەفەرەددین زۆر بەشەوق بوو بۆ سەرخستنی لەدژی بنەماڵەی جەنگی. لەگەڵ ئەوەشدا سەلاحەددین بۆ چەند مانگێک بەندی کرد چونکە گومانێکی لێ کردبوو، بەڵام موزەفەرەددین

١- الروضتين، ب٢ / ل٣٠.

هەر رقی لەخاوەنی موسڵ و موجاهیدەددین هەڵگرتبوو و دیویست بەکەپوو(لووت)بڕین دەوڵەتی موسڵ نەیەڵێ. لەوکاتەوەی کە سەلاحەددین لەهێرشەکەی بۆ سەر موسڵ لەساڵی ٥٧٨ شکستی هێنا، موزەفەرەددین بەردەوام هانی دەدا بۆ ئەوەی چەندجارێکی دیکەش دەست پێبکاتەوە بۆ گرتنی. لەساڵی ٥٨١دا موزەفەرەددین نامەیەکی بەدەستی نێردراوێک بۆ سەلاحەددین نارد تێیدا هانی دەدا جارێکی دیکە هەوڵ بداتەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی موسڵ. نێردراوەکە نامەی موزەفەرەددین دەگەیەنێتە سەلاحەددین و ئەوەشی داوێتە سەر کە موزەفەرەددین گفت دەداتە سەلاحەددین هەرچیەکی پێویست بێ لەخەرجی و خۆراک بۆ خۆی و سوپاکەی دابینی دەکا هەرکە لەفورات دەپەڕێتەوە، ئامادەشە پەنجا هەزار دیناری بداتێ کە گەیشتە حەڕان. ئەوجا سەلاحەددین بۆ گرتنی موسڵ گڕ دەگرێ، بەتایبەتیش گلەییی زەینەددین یوسفی پێگەیشتبۆوە کە موجاهیدەددین دەستدرێژیی کردۆتە سەر وڵاتەکەی. سوپایەکی ئامادەکردو بەرەو دیمەشق چوون بۆ گرتنی موسڵ و لەگفتەکەی موزەفەرەددینیش دڵنیا بوو. بەڵام کە گەیشتە حەڕان، هیچی لەوانەی موزەفەرەددین لەسەر زاری نێردراوەکەی گفتی پێدابوو نەبینی، بۆیە تووشی گومان بوو لەمەبەستەکەی و وای باوەڕکرد کە بەرەو خاوەنی موسڵ شکاندوویەتیەوەو دەیەوێ

تووشی بکا. دوژمنانی موزەفەرەددین هەلی گومانکردنی سەلاحەددینیان قۆزتەوەو دەستیانکردە تووشکردنی لەلای، هەتا دلّیان لێی پڕکرد. هەمووو ئەوانە و موزەفەرەددین هێشتا هەر سوێند دەخوا کە لەسەر گفتەکەی خۆی ماوەتەوەو لەگەڵ ئەوەو دژی موسڵ و خاوەنەکەیەتی. ئەوەشی کە نێردراوەکەی خستبوویە ملی، ئەوا بەفەرمانی ئەو نەبووەو هیچی لەبارەوە نازانێ، بەلاّم سەلاحەددین بەوە باوەڕی نەکرد و گرتی و خستیە بەندیەوە هەتا راستیی کارەکەی بۆ دەردەکەوێ.

هەندێک لەنزیکەکانی سەلاحەددین گوتیان بیکوژە، بەلاّم ئەو نەیکوشت لەترسی ئەوەی ئەو میرانەی جەزیرەی کە سەربەون لێی هەلّگەڕێنەوە، چونکە بەو خزمەتانە دەزانن کە موزەفەرەددین پێشکەشی سەلاحەددینی کردبوو لەکاتی گرتنی ئەو ولاّتانەی جەزیرەی کە دەستی بەسەردا گرتبوون. سەلاحەددین لەگرتنی موزەفەرەددین درێژەی نەدا، چونکە هەرکە رۆژگار ئاشکرای کرد کە موزەفەرەددین لەلایەنگیریی بۆی راستگۆیە، بەرەلاّی کردو پاداشیشی دایێ و دلّی چاکردەوەو «گەڕاندیەوە بۆ سەر یاساکەی لەرێز و بەخشین»[1].

---

١- الکامل، ب٩ / ل ١٦٧.

سەلاحەددین بەسوپاکەیەوە لەحەڕڕانەوە بەرەو موسڵ ڕۆیی بۆ گەمارۆدانی کە موزەفەرەددین و زەینەددین یوسفی برای لەگەڵ بوو. سەلاحەددین گەمارۆی خستە سەر شارەکەو موزەفەرەددین و براکەی لەسەربازگەکەی لەلای ڕۆژهەڵات لەگەڵ هەندێک لەفەرماندەکانی دیکەی دابەزین، بەڵام سەلاحەددین نەیتوانی شارەکە بگرێ، هەرچەندە کوشتارێکی توند ڕوویدا، بۆیە بڕیاری دا بەجێی بێڵێ، چونکە شتێکی تازە پەیدا بوو کە وایکرد بۆ ماوەیەکی کاتی لێی لادا[1]. ئەویش مردنی شا ئەرمەنی کوڕی سەگمان خاوەنی ویلایەتی (خەڵات) و گەمارۆی سەلاحەددین بوو بۆ سەر موسڵ. خاوەنی خەڵات کەسی لەپاش بەجێ نەما فەرمانڕەواییی ویلایەتەکەی وەربگرێ، بۆیە شەمسەددین موحەمەدی کوڕی یەڵدز خاوەنی وڵاتی هەمەدان چاوی تێبڕی و بڕیاری دا دەستی بەسەردا بگرێ. کە ئەو بڕیارەی شەمسەددین گەیشتە بەرپرسانی خەڵات، ناردیانە لای سەلاحەددین و هاوارییان بۆ بردو رادەستکردنی وڵاتەکەیان نیشاندا. پێیان داگرت کە بەخێرایی و پێش هاتنی شەمسەددین بیانگاتێ. ئەوکاتە سەلاحەددین بڕیاری دا موسڵ بەجێ بێڵێ و بەسوپاکەیەوە بەرەو خەڵات ڕۆیی و موزەفەرەددین و ناسرەددین محەمەدی

١- سيرة صلاح الدين الايوبي، ل ٥٤.

کوڕی شێرکۆی بەسەرکردایەتیکردنی کۆمەڵێک سوپا نارد و فەرمانی پێکردن لەنزیکترین ڕێگاوە بۆی بڕۆن بۆ ئەوەی پێش شەمسەددین بیگەنێ، بەڵام کە لەخەڵات نزیک بوونەوە، بەرپرسەکانی ئەوێ نەیانهێشت سنوورەکەی ببەزێنن و داوایان لێیان کرد لەشوێنێک دابەزن کە پێی دەگوترا (قەڕن). لەوکاتەدا شەمسەددینیش لەشارەکە نزیک بۆوە. کە بینی سوپای سەلاحەددین پێشی کەوتووە، سەربازگەی لەدوور دانا و نزیکی نەبۆوە.

لەڕاستیدا بەرپرسانی خەڵات نامەی بەفرتوفێڵیان بۆ سەلاحەددین نارد بۆ ئەوەی شەمسەددینی کوڕی یەڵدزی پێ بترسێنن و رکابەرێکی بەهێزی بۆ دانێن کە ئەویش سەلاحەددینە، چونکە ئەوان پێشتر دەیانزانی کە ناتوانن لەکوشتار بەرامبەری بوەستن و وڵاتەکەیان بەدڵنیاییەوە دەکەوێتە دەستی، هەرچەندە شەڕیشی لەگەڵ بکەن و بەرگریی لێبکەن. لەبەر ئەوە وایان بینی کە باشترین شتێک لەوبارەدا بیکەن، ئەوەیە کە بەچەند مەرجێک کە مافیان زۆر پێشێل نەکا، لەگەڵی ڕێککەون. ئەوەشیان بۆ ناچێتە سەر تەنیا مەگەر سەلاحەددینی لەپێش دانێن کە رکابەرێکی بەترسە بۆی. پلانەکەیان سەری گرت و شەمسەددین خێرا بەو مەرجانە لەگەڵیان ڕێککەوت کە خۆیان پێی قایل دەبن. ئەوجا ملکەچیی خۆیان دوور لەسەلاحەددین

بـــۆی راگەیانـــد. ســـەلاحەددین ناچـــار بـــوو لەخـــەڵات بگەڕێتـــەوە دوای دانووســـان لەنێـــوان ئـــەو و شەمســـەددین کـــە مێژوونووســـان ناوەڕۆکەکەیـــان بـــاس نەکـــردووە[1].

وادەردەکـــەوێ شکســـتی ســـەلاحەددین لەخـــەڵات بڕیـــاری گرتنـــی موسـڵی لـــەلا بەهێزتـــر کردبـــێ کـــە دەبـــێ بەهـــەر نرخێـــک بـــێ هـــەر بیگـــرێ. ئـــەوەش -لەخـــۆش بەختیـــی- دەردەکـــەوێ کـــە عزەددیـــن مەســـعوود بێئومێـــد دەبـــێ لەپاراســـتنی شـــارەکە کـــە دەبینـــێ ســـەلاحەددین مکـــوڕە لەســـەر گرتنـــی. هەرکـــە بینـــی ســـەلاحەددین بـــۆی گەڕایـــەوە گەمـــارۆی بـــدا، ڕێککەوتنێکـــی ئاشـــتیی لەگـــەڵ بەســـتا کـــە بەپێـــی مەرجەکانـــی دەبێتـــە یەکێـــک لەملکەچەکانـــی[2].

بەمـــەش موســـڵ وەکـــو دەوڵەتێکـــی ســـەربەخۆ بوونـــی خـــۆی لەدەســـتدا. ئـــەوەی کـــە موزەفەرەددیـــن دەروونـــی پـــێ فـــراوان بـــوو و گرژیەکانـــی هێوربـــۆوە، تووڕەییەکانـــی لەموجاهیدەددیـــن قایمـــازی دوژمنـــی دامرکایـــەوە کـــە بەناحەقـــی لەســـەر ئیمارەتەکـــەی لایدابـــوو.

١- الكامل، ب٩ / ل ١٦٧.
٢- الكامل، ب٩ / ل ١٧٠.

# بەشی پێنجەم

# موزەفەرەددین لەئەربل

لەبەشـــی دووەمـــدا لەکاتـــی قســـەکردن لەســـەر زەینەددیـــن یوسـف گوتمـــان لەســـاڵی ٥٨٦ بەنەخۆشـــی، کـــە لەســـەربازگەی ســـەلاحەددین لەعـــەککا بـــوو، مـــرد. مێژوونووســـەکان دەڵێـــن موزەفەرەددینـــی بـــرای لەکاتـــی نەخۆشیەکەی بەردەستیی دەکرد. کە زەینەددیـن دەمرێ، موزەفەرەددیـــن داوا لەســـەلاحەددین دەکا کـــە ئیمارەتـــی ئەربل و ئـەو وڵاتانـەی کە لەبندەستی برای بـوو بیداتـێ، ئەویـش دەسـت لەوڵاتـی جەزیـرەی بندەسـتی هەڵدەگـرێ بـۆی کە لەهەریەکە لـە: حـەڕان، ڕەهـا، سمسیات بـوو و پەنجـا هـەزار دیناریشـی ساڵانە دەداتـێ. سـەلاحەددین وەڵامـی داوایەکـەی دەداتـەوەو بڵاوکراوەیـەک بەپێدانـی ئەربـل و ئـەو وڵاتانـەی پێیـەوە لـکاون بڵاودەکاتـەوەو بەنـاو هەمـوو وڵاتانـی ئیسـلامیدا دەگێـڕێ بـۆ ئـەوەی دراوســـێیەکانی ئەربـــل بزانـــن کـــە موزەفەرەددیـــن یەکێـک لەمیرەکانـــی ئـــەوەو ئەربلیـــش هـــەر بەشـــێکە لەدەوڵەتەکـەی. سـەلاحەددین کۆپیـەک لەبڵاوکراوەکـەی دەنێـرێ بـۆ عزەددیـن مەسـعوودی خاوەنـی موسـڵ بـۆ ئـەوەی هەواڵەکـەی بگەیەنیتـێ. بەدووریـش نازانـرێ کـە عزەددیـن داوای ئەربلـی لەسـەلاحەددین کردبـێ کاتێـک کـە بەمردنـی زەینەددینـی زانیـوە، بـەڵام سـەلاحەددین ئـەو داوایـەی وەڵام نەداوەتـەوە. ئـەوە لەبڵاوکراوەکـەدا هاتـووە: «گومانـی تێدا نیـە کـە بزانـن زەینەددیـن چۆوە لای خـوداو ژێـر دلۆڤانیـی ئـەو کـە لەڕێـی تێکۆشـان

بوو لەپێناوی و سوپاسگوزاریی بۆ نیعمەتەکانی، ئەو یەکێک بوو لەو خۆشبەختانەی کە خودا پێیدابوو، (ئەوەی بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی لەماڵی کۆچ بکا و پاشان بمرێ ئەوا پاداشتەکەی لەسەر خوایە)[1]. چەندە دڵ بەو کارەساتە توندەو دەروون بەنەمانی ئەو گەنجە کزە. پەروەردە و پایەبەرزیی پێوە دیار بوو بەڵام خودای گەورە بۆخۆی بردەوە پێش ئەوەی کاریگەریەکانی دەرکەون و ڕۆشنایییەکەی تاریکی دڕبدا و ئەو لەویژدانەدا نهێنیەکانی شاردراونەتەوە. ئەو ئەربلەی کە بەشێکە لەماڵی ئەتابەگی لەوەتی حەفتا ساڵە لەدەست بنەماڵەی زەینیە، کە ڕێکیان خستووەو فەرمانڕەوایییەکی باشیان کردووە، بۆیە وامان بینی کە لەدەستی ئەوان دەرنەچێ و کەسی دیکە نەیکاتە هی خۆی. میری پایەبەرزیش موزەفەرەددین دەبێتە گەورەو پارێزەری ئەو ماڵە و بەپێی وەسیەتی باوکی ئەو لەپێشترە، بۆیە شوێنی براکەی دەگرێتەوە»[2]. کە بڵاوکراوەکە دەردەچێ موزەفەرەددین دەچێتە ئەربل و لەمانگی زیلحیجەی ساڵی ٥٨٦ دەگاتە ناوی[3].

دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە موزەفەرەددین بەژەهر براکەی لەکاتی نەخۆشیەکەیدا کوشتووەو بەمردنی

١- سورة النساء، آية ٩٩.
٢- الروضتين، ب٢ / ل١٦٤.
٣- مراة الزمان، ب٨ / ل ٤٠٦.

دڵخۆشـيی نيشـان داوە. تاكـە ئـەو كەسـەی كـە ئـەو قسـەيەی گێڕاوەتـەوە سـيبت ئيبـن جۆزيـە كـە لەسـەر مردنـی زەينەددیـن لەسـەربردەی ژيانـی دەڵـێ: «..لـەلای براكـەی بـوو نەخۆشـەوانيی بـۆ دەكـرد. دەگوتـرێ ژەهـری دەرخـوارد داوە بۆيـە مـردووە. ئـەو نيشـانانەش لەموزەفەرەددينـدا دەركەوتـوون چونكـە گوێـی بەمردنەكـەی نـەداوەو خەمـی لـێ نەخـواردووە»[1]. مێژوونووسـی سـەردەم و ئەوكەسـەی كـە پەيوەنديەكـی تونـدی بەموزەفەرەددیـن و براكەيـەوە هەبـووە، عيمـادی ئەسـفەهانی بـووەو ئـەو بێخەميـەی موزەفەرددينـی بـۆ مردنـی بـرای پشـت راسـت كردۆتـەوە، بـەڵام موزەفەرەددينـی تۆمەتبـار نەكـردووە بەكوشـتنی براكـەی بەژەهـر و وەكـو دەنگگـۆش نـاوی ناهێنـێ. ئەگـەر ئـەو رووداوە راسـت بوايـە ئـەوا پشـتگوێی نەدەخسـت. ئەلعيمـاد لەقسـەكردنی لەسـەر مردنـی زەينەددیـن دەڵـێ: «..زوو چووينـە لای موزەفەرەددیـن بـۆ سەرەخۆشـيی براكـەی و وامانزانـی خەمبـارە بۆيـە دڵمـان دەدايـەوە، بـەڵام ئـەو هيـچ ئـاگای لەپرسـە نەبـوو هـەر خەريكـی ئەوانـە بـوو كـە لەپـاش براكـەی بەجێمـا بـوون و لەچادرەكـەی برايـە مردووەكـەی دانيشـتبوو و سەرپەرشـتيی پاراسـتنيی زۆر بەباشـی دەكـرد و كۆمەڵێـك لەميرەكانـی گـرت و خسـتنيە بەنـدەوەو پەلـەی لێكـردن و

١- الروضتين، ب٢ / ل ١٦٤.

پشتگوێی نەخستن، لەوانە سارمەددین کوڕی بەلداجیی میری (قەڵاتی) خەفتیز. هەروەها هی هەر شارێکی کە قەڵاتی هەبوو بۆ ئەوەی دڵنیابێ لەملکەچیی بۆی»[1]. هاوچەرخێکی دیکەی رووداوەکە کە ئیبن ئەسیری جەزریە ئەو تۆمەتەی ناو نەهێناوە. ئەگەر ئێمە بمانەوێ بێلایەن بوەستین لەتۆمەتبارکردنی موزەفەرەددین لەژەهرخواردکردنی براکەی، ئەوا نە رەتی دەکەینەوەو نە پشتگیریشی دەکەین، بەڵکو بەرامبەری بێدەنگ دەوەستین.

ئەگەر بشمانەوێ پشتڕاستی بکەینەوە دەتوانین، چونکە نموونەی ئەو تاوانانە لەناو خانەوادە فەرمانڕەواکاندا دووبارە دەبۆوە. زۆرجار بووە برا برای کوشتووەو باوک کوڕەکەی و کوڕ باوکی لەپێناو موڵک و دەسەڵات کوشتووە.

ئەگەر بمانەوێ ئەو تۆمەتەی رەتکەینەوە ئەوا ئەوەش دەتوانین، بەوەی بەڵگەی وا بێنینەوە کە جێی باوەڕ بێ. یەکەمیشیان: شێوازی ئەو گومانەی کە ئیبن جۆزی لەهەواڵەکەیدا دەستی پێکردووە، ئەویش وتەی (دەڵێن)ە. ئەوەی لەبارەی موزەفەرەددین زانرابوو ئەو ئایینداریەی بوو کە دووری دەخستەوە لەئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانە ناشیرینانە. لەوەشەوە

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢٠.

کــە موزەفەرەددیــن ئەگــەر بیویســتبایە براکــەی خــۆی بکـوژێ، ئـەوا ئـەو کاتـەی کـە لەگـەڵ سـەلاحەددین بـوون لەشــەڕی موسـڵ لەســاڵی ٥٨١دا، ئــەوکات موزەفەرەددیــن دەیتوانــی بەتیرێــک یــان نێزەیــەک لێیــداو بیکــوژێ و کەسیش لەنـاو جەنجاڵیـی شـەڕدا نەیدەدیـت و ئـەو پێنـج ساڵەش چاوەڕێـی نەدەکـرد.

ئێمـە رووەو بەدرۆخسـتنەوەی ئـەو دەنگۆیـە دەچیـن کـە موزەفەرەددیـن تۆمەتبـار دەکاو پشـت بـەوە دەبەسـتێ کـە هــەر خــۆی خزمەتــی کــردووە لەکاتــی نەخۆشــکەوتنیدا. بـــەڕای ئێمـــە بوونـــی موزەفەرەددیـــن لەگـــەڵ براکـــەی مانـای ئەوەنیـە ئـەو کوشـتوویەتی، بەڵکـو وای دادەنێیـن مردنەکـەی لەئەنجامـی نەخۆشـیەکی تونـد بـووە لەشـوێنێک کـە چارەسـەریی باشـی لێنەبـووە کـە گۆڕەپانـی شـەڕە. هەروەهـا بـۆ ئـەوە دەچیـن کـە دەنگۆیەکـە لەدەمـی هەندێـک کـەس بڵاوبۆتـەوە کـە ئێرەییـان بەموزەفەرددیـن بـردووەو دوژمنـی بـوون و ئەوەیـان بەهـەل زانیـووە کـە زانیبوویـان لابردنـــی موزەفەرەددیـــن لەئیمارەتـــی ئەربـــل و دانانـــی براکــەی، کاریگەریــی هەبــووە لەســەر موزەفەرەددیــن و بــووە هــۆی لێکدابڕانــی لەبراکــەی.

بـــۆ ئـــەوەی بەشـــێوەیەکی دروســـت لەهەڵوێســـتی موزەفەرددیـــن و رەفتارەکانـــی بگەیـــن، ئـــەو رەفتارانـــە رەتدەکەینـــەوە بـــۆ ئـــەوەی بتوانیـــن بڕیارێکـــی راســـت لەبەرژەوەنـــدی یـــان لـــەدژی بدەیـــن. رەفتارەکانـــی

موزەفەرەددیــن وەکــو لەهەواڵەکــەی ســیبت ئیبــن جــۆزی و مێژوونووســانی دیکــەوە هاتــووە: گوێنەدانــی بــووە بەمردنــی برایەکــەی و خەریکــی کۆکردنــەوەی ئــەوەی لەســەربازگەکەی بــرای هەبــووە لەشــتەکان و گرتنــی کۆمەڵێــک لەمیرەکانــی براکــەی، لەوانــەش ســاریمەددین کــوڕی بەڵداجیــی میــری قەڵاتــی خەفتیــز.

ئەگــەر بــەدوای حەقــدا بگەڕێیــن، ئــەوا دەبــێ مافــی ئــەو پیــاوە بدەیــن کــە نــاوی چــووە نــاو مێــژووەوە، ئەویــش بــەوەی کــە هــۆکاری ئــەو رەفتارانــە روون بکەینــەوە کــە جێــی سەرســوڕمانن چونکــە مێژوونووســە هاوچەرخــەکان لەتێگەیشــتنی شــێوازە ئاشــکراکەی ســەردەمەکە کورتیــان هێنــاوە. ســەبارەت بەگوێنەدانــی موزەفەرەددیــن بەمردنــی براکــەی، ئێمــە قســەکردن لەســەری بــۆ ئەوکاتــە دوا دەخەیــن تــا دوو رەفتارەکــەی دیکــەی دووەم و ســێیەم روون دەکەینــەوە.

هەرچــی ئــەوەی تایبەتیشــە بەخەریکبوونــی بەکۆکردنەوەی شتەکانی نــاو ســەربازگەکەی براکــەی، ئــەوە دەگەڕێتــەوە بۆ ئــەوەی کــە لــەو جــۆرە بۆنانــەدا روودەدەن –هاوچەرخــەکان ئــەوە دەزانــن– کــە پیاوانــی ســوپا و مێرمنــداڵان هەلــی مردنــی پاشــاکەیان یــان میرەکەیــان یــان فەرماندەکەیــان لەگۆڕەپانــی شــەڕ دەقۆزنــەوەو هەرچیــی گەورەکەیــان هەیبــووە بــە بــەرەڵای دەزانــن بــۆ خۆیــان ببــەن و ببــدزن هەتــا هیچــی لــێ ناهێڵنــەوە. موزەفەرەددیــن ویســتوویەتی

ماڵ و ئازووقەی براکەی رزگار بکا بۆ ئەوەی سوودیان لێ ببینێ لەجیاتی ئەوەی راووڕووتکەران لەسەربازو مێرمندالآن بیخۆن. گومانی تێدا نیە کە لەو رەفتارەیدا هیچ شتێک نیە شەرمەزاری یان نەنگی بێ بۆی.

هەرچی گرتنی گەورە پیاوانی دەوڵەتەکەی برای و جێگرەکانیەتی لەسەر قەڵاتەکان، لەوانەی کە لەگەڵی بوون، ئەوا خۆپارێزیە کە دەبوو موزەفەرەددین هەر بیکا لەترسی ئەوەی یەکێک لەوانە بیەوێ سەربەخۆیی قەڵات و پەناگەکەی رابگەیەنێ. یان لەترسی ئەوەی یەکێک خۆی بداتە پاڵ خاوەنی موسڵ -دوژمنە سەرسەختەکەی-. لەمەو ئەویدیکەشدا لاوازیی بۆ دەمایەوە. دەستبەسەری کردوون بۆ ئەوەی لایەنگیریان مسۆگەر بکا بەسوێندانیان لەسەر ملکەچبوون، بەپێی ئەو نەریتەی لەوکاتدا باوبووە. پاشان، دوای دڵنیابوون لێیان، بەریان دەدا. عیمادی ئەسفەهانیش بەخۆی دەڵێ ئەوەی موزەفەرەددین کردی بەگرتنی ساریمەددین -کە لەوانەیە بەهێزترین پاشکۆکانی یوسفی برای بووبن- و هەریەکەی کە قەڵاتێکی لەدەست بووە «بۆ ئەوەی لەملکەچکردنی دڵنیابێ»، واتە ملکەچیەکەی مسۆگەر بکا.

ئەگەر زانیمان هۆکاری گرنگیدانی موزەفەرەددین بەپاراستنی ئەوەی لەناو سەربازگەکەی برای دا هەبووە لەماڵ و کەرەستەو گرتنی هەندێک لەمیرکانی برای

چـــی بـــووە، ئـــەوا دەزانیـــن بۆچـــی بایەخـــی بەمردنـــی براکـــەی نـــەداوە. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــەو رەفتـــارەی بەگوێنـــەدان دانانـــرێ، بەڵکـو سـەرقاڵبوونە بەبایەخدانـی بەپاراسـتنی مافەکانـی، پێـش ئـەوەی لەدەسـتی بچـن. ئـەوە لەکاتێکـدا رەتـی ناکەینـەوە کـە موزەفەرەددیـن هەمیشـە چـاوی لەئیمارەتەکـەی بـووە کـە بەسـتەم و دوژمنکاریـی موجاهیدەددیـن لەسـەری لادرا. هەمیشـەش لەمێشـکی دەرنەچـووە چونکـە بەدڵسـۆزەکانی دەگـوت ئەگـەر بگەڕێتـەوە ئیمارەتەکـەی، ئـەوا داهاتەکـەی دەکاتـە سێ بـەش. بەشـێکی لەڕێـی چاکـەدا دەبەخشـێ. بەشـێکی بـۆ خەرجیـی تایبـەت و بەشێکیشـی بـۆ پڕچەککـردن بـۆ بەرگریکـردن لەشـارەکە، ئەگـەر یەکێـک هێرشـی کـردە سـەری.

ترسـەکانی موزەفەرەددیـن لەپیلانگێـڕان لەدژیـدا هاتنەجـێ. ئەوەنـدەی نەبـرد کـە هەواڵـی مردنـی براکـەی گەیشـتە ئەربـل، هەندێـک لەدانیشـتووانی ناردیانـە لای موجاهیدەددیـن -کـە لەموسـڵ بـوو- داوایـان لێکـرد شـارەکەی رادەسـت بکـەن، چونکـە خۆشـیان دەویسـت و رابـردووی لەگەڵیـان پـاک بـوو. موجاهیدەددیـن رەتیکـردەوە بـەدوای داواکەیانـدا بچـێ. هەروەهـا عزەددیـن مەسـعوودیش لەسـەر ئـەوە هانـی نـەدا بەهـۆی ئـەو بارودۆخـەی دەورەیانـی دابـوو. هەرچـی مەسـعوودە ئـەوا لەترسـی سـەلاحەددین لەکاروبـاری ئەربـل دوورکەوتبـۆوە،

نەوەكو بەدەستدرێژیکەری سەر ویلایەتێکی ژێردەستی و دەسەلاتی دابنێ. هەرچی موجاهیدەددینیشە ئەوا پێشتر باسمانکرد کە عزەددین مەسعوود موجاهیدەددینی گرت و خستیە بەندیەوەو پاشان لەو بەندیەی بەریداو گەراندیەوە سەر پۆستەکەی، بەلام هەر بەتەنیا ئەو پۆستەی نەدا ئەو و دەستی کراوە نەکرد لەکارکردنی وەکو پێشتر دەیکرد، بەڵکو یەکێکی لەگەڵ دانا کە چاودێریی کار و رەفتارەکانی بکا، بەلام چاودێرەکە ئەوەندە چاودێریکردنەکەی لەسەر توندکردبوو کە بەشداریی دەکرد لەحوکمرانیەکەشی و کارە ئاڵۆزەکانی بۆ دەکردەوە. موجاهیدەددین زۆر لەوە تووڕە دەبوو، بەلام نەشیدەتوانی سنوورێک بۆ چاودێرەکە دانێ لەبەر پێگەکەی لەلای خاوەنی موسڵ، بۆیە کە بۆ ئەربل داوایان لێکرد، رەتیکردەوە. کە هەندێک لەنزیکەکانی هۆکاری ئەوەیان لێدەپرسی، بەگەروویێکی تاڵەوە وەلامی دەدانەوە: ئەوە ناکەم نەوەکو فلانەکەس (واتە چاودێرەکە) فەرمانڕەوایی تێدا بکاو دەستی منی بەسەرەوە نەهێڵێ(۱).

رەتکردنەوەی عزەددین مەسعوود و موجاهیدەددین بۆ داواکەی ئەربل هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە پاشاکانی موسڵ تاڵیی ئەنجامەکەیان چێشت پاش

۱- الكامل، ب۹ / ل ۲۱۰.

ئـەوەی موزەفەرەددیـن تێیـدا جێگیـر بـوو. موزەفەرەددیـن دوژمنێکـی سەرسـەختی موسـڵ بـوو. مێژوونووسـی سـەردەمی ڕووداوەکان ئیبـن ئەسـیر دەڵـێ موزەفەرەددیـن «بـووە پارووێکـی خنکێنـەری گـەرووی بنەماڵـەی ئەتابەکیـان (زەنگیـەکان) کـە نەیاندەتوانـی قووتـی بـدەن»[1]. کێشـەکەش وابـوو وەکـو لەدواییـدا ڕوونـی دەکەینـەوە.

موزەفەرەددیـن عـەککای بەجێهێشـت و بـەرەو ئەربـل ڕۆیـی بـۆ وەرگرتنـەوەی و جێـی پێـی خـۆی تێدا توندکرد و تێیـدا مایـەوە تـا سـەلاحەددین بەدوایـدا نـارد بـۆ ئـەوەی لەشـەڕی خاچپەرسـتەکان لەگەڵـی بـێ. موزەفەرەددیـن لەگەڵـی مایـەوە تـا مردنـی (مردنـی سـەلاحەددین لەساڵی ٥٨٩) پاشـان گەڕایـەوە ئەربـل و تووشـی زۆر ئاریشـان هـات لەگـەڵ پاشـاکانی موسـڵ و هاوپەیمانەکانـی لەئەیووبیەکانـی جێگـرەوەی سـەلاحەددین، چونکـە شـاری ئەربـل لەبنەڕەتـدا سـەر بەموسـڵ بـوو –وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد– لەوکاتـەوەی عیمادەددیـن زەنگـی لەپاشـا مەسـعوود کـوڕی محەمـەدی سـەلجووقیی سـاندبوو. هەرچەنـدە عیمادەددیـن بـۆ زەینەددیـن عەلیـی دابڕیبـوو، بـەڵام ئـەو دابڕینـە مانـای ئـەوە نەبـوو کـە شـارەکە لەموڵکـی ئـەو بچێتـە دەرێ و ئـەوەی بەسـەریدا دابـڕاوە

---

١- الكامل، ب٩ / ل٢٢٨.

ئــازادە لەڕەفتارکــردن و ملکەچیــی بــۆ کێــی بیــەوێ بیــکا یــان بەتــەواوی ســەربەخۆی بــکا، بەڵکــو مانــای ئەوەبــوو کــە شــارەکە هێشــتا لەوڵاتانــی دەوڵەتەکــەی موســڵە و ئــەوەی بــۆی دابــڕاوە لەســەریەتی ببێتــە هــی پاشــایە یــەک لــەدوای یەکەکانــی. ئەگــەر سەربەخۆییشــی ڕاگەیانــد یــان پابەندبوونــی بــۆ یەکێکــی دیکــەی بێجگــە لەپاشــای موســڵ گــۆڕی، ئــەوا بەدەرچــوو لەدەوڵــەت دادەنــرێ و مافــی خــاوەن دەوڵەتیشــە ئەوکاتــە شــەڕی لەگــەڵ بــکا و وڵاتەکــەی لــێ وەرگرێتــەوەو بیداتــە هیدیکــە. موزەفەرددیــن و پێــش ئەویــش زەینەددیــن یوســفی بــرای پابەندبوونــی خۆیــان گۆڕیبــوو بــۆ ســەلاحەددین، بەمــەش بوونــە دەرچــوو لەژێــر ســایەی خاوەنــی موســڵ و کەوابــێ مافــی خــۆی بــوو بیانخاتــەوە ژێــر دەســتی، بــەڵام پاشــاکانی موســڵ نەیانتوانــی نزیکیــان ببنــەوە لەبــەر ســەلاحەددین و لەبــەر ئــەوەش کــە ئــەوان خۆیــان ژێردەســتی ســەلاحەددین بــوون. کــە ســەلاحەددین لەســاڵی ٥٨٩ک (١١٩٣ز) مــرد، هەریەکــە لەخاوەنــی موســڵ و موزەفەرەددیــن ســەربەخۆیی خۆیــان ڕاگەیانــدو هەریەکەیــان ئــازاد بــوو لەدەســتکاریکردنی دەوڵەتەکەیــان، بۆیــە موزەفەرەددیــن لەزۆربوونــی هێــزی خاوەنــی موســڵ ترســا نەوەکــو لەســەر وەرگرتنــەوەی ئەربــل و شــارەزوور کار بــکا کــە ئەوانیــش لەســەر موڵکایەتــی موســڵ بــوون و مەســعوود بــۆ ســەلاحەددین

لەساڵی ٥٨١ بەپێی مەرجەکانی ئەو ڕێکەوتنە ئاشتیەی لەنێوانیاندا گرێدرابوو، دەستی لێ هەڵگرت، پاشان سەلاحەددین بەسەر زەینەددین یوسفیدا دابڕی، بۆیە موزەفەرەددین لەدژی خاوەنەکانی موسڵ راوەستا و بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتیان کاری دەکرد نەوەکو هێزیان زۆربێ و ببنە مەترسی بۆ سەری. یەکەم هەڵوێستی دوژمنکارانەی موزەفەرەددین بەرامبەر پاشاکانی موسڵ لەگەڵ عزەددین مەسعوود بوو، یەکسەر پاش مردنی سەلاحەدین. عزەددین مەسعوود ویستی هەلی مردنی سەلاحەددین بقۆزیتەوەو کار لەسەر وەرگرتنەوەی ئەوانە بکا کە سەلاحەددین لەوڵاتانی جەزیرەی بردبوون. موجاهیدەددین پێی گوت کە بۆ پاشاکانی دەوروپشت بنووسێ –لەوانەش موزەفەرەددین– و بۆ لای خۆیانی رابکێشێ بۆ ئەوەی هێزی پێویستی بۆ بنێرن لەشەڕکردنی لەگەڵ جێگرەوەکانی سەلاحەددین یان بۆ ئەوەی هەر نەبێ بێلایەن راوەستن لەکاتی تێکبەربوونی لەگەڵ ئەیووبیەکان لەکوشتار، پێش دەستپێکردنی کارێکی بەترسی لەوجۆرە. چونکە هەرچەندە سەلاحەددین مرد، بەڵام جێگرەوەکانی هەریەکەیان بەرگری لەوە دەکا کە لەبندەستێتی. دووریش نیە لەدژی پەیمان ببەستن و بەمەش هێزێک گەڵاڵە بێ کە نەتوانێ شەڕی لەگەڵ بکا. کاتێک کە عزەددین مەسعوود بۆ پاشاکانی دەوروپشتی نووسی،

وەڵامەكانیـــان ڕەتكردنـــەوەی داواكـــەی بـــوو، چونكـــە خۆیـــان لێـــی ترســـان ئەگـــەر بگەڕێتـــەوە ســـەر هێـــزی جارانـــی. لەپێشـــەوەی ڕەتكـــەرەوەكان موزەفەرەددیـــن بـــوو چونكـــە ترســـا كـــە بەهێـــز بـــۆوە ئەربـــل و شـــارەزوور و قەڵاتەكانیانـــی لـــێ بســـەنێتەوە. بەمـــە پڕۆژەكـــەی عزەددیـــن مەســـعوود شكســـتی هێنـــا[1]. پاشـــان هەڵوێســـتە دوژمنكاریەكانـــی نێـــوان موزەفەرەددیـــن و موســـڵ زۆرتـــر بـــوو. وامـــان بـــۆ دەردەكـــەوێ كـــە ململانێیـــەك لەنێـــوان موزەفەرەددیـــن و پاشـــاكانی موســـڵ هەبـــووە كـــە ڕووداوەكانـــی پتـــر توندبـــوون لـــەوەی مێژوونووســـی موسڵ و بنەماڵـــەی زەنگـــی نـــاوی هێنـــاوە، چونكـــە واهەســـت دەكەیـــن كـــە هەواڵـەكانـــی لەســـەر ئەربـل و موسڵ لەرزۆكـن و زۆر لەپەســـتنەپاڵیەك و كورتكردنەوەیـــان تێدایـــە، بەجۆرێـــك دەبینیـــن لەماوەیەكـــی درێـــژی نێـــوان ســـاڵی ٥٨٩ (١١٩٣ز) و ســـاڵی ٦٠٠ (١٢٠٣ز)، لـــەو ماوەیـــەدا هیـــچ هەواڵێكـــی لەســـەر موزەفەرەددیـــن و پاشـــاكانی موسڵ نـــاو نەبـــردووە. كـــە ســـاڵی ٦٠٠ دێ موزەفەرەددیـــن جارێكـــی دیكـــەش وەكـــو دوژمنـــی موســـڵ دەردەكەوێتـــەوە.

ئاشـــكراكردنی ئـــەوەش ئەوەیـــە كـــە ئاریشـــە لەنێـــوان كوڕانـــی بنەماڵـــەی زەنگـــی هـــەر بـــەردەوام بـــووە، بەتایبەتـــی لەنێـــوان نورەددیـــن ئەرسەلانشـــای خاوەنـــی موســـڵ و

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٢٦٤.

قوتبەددین محەمەدی مامی خاوەنی شاری شەنگال، بەڵام ئەوانە لەهەمان ساڵ پێکهاتنەوە. ئەو پێکهاتنەوەیەش پاشای ئەلعادلی ئەیووبیی بێزار کرد کە لەو کات فەرمانڕەواییی میسر و دیمەشق و وڵاتانی جەزیرەی دەکرد، چونکە رێککەوتنەکە مانای ئەوەبوو کە هێزێکی گەورەی یەکگرتوو دروست بکا کە بتوانێ هەڕەشە لەو وڵاتانەی بکا کە لەجەزیرەدا هەیەتی. بڕیاری دا ئەو پەیوەندیە بپچڕێنێ و بۆ قوتبەددین محەمەدی نارد بۆ لای خۆی رابکێشێ. قوتبەددین ستەمی لەکوڕەبراکەی کردو بەدەم پاشای عادیلەوە چوو و لەوڵاتەکەی وتاری بەناوی ئەو دا. ئەوە لەلای نورەددین ئەڕسەلانشا گەورە بوو، چونکە رێککەوتنەکەیان هەڕەشەیەکی بەترس بوو بۆی. پاشان بەسوپایەکەوە بەرەو نوسێبین رۆیی – کە هی قوتبەددینی مامی بوو- بۆ ئەوەی بەدەست بەسەراگرتنی تۆڵەی لێبکاتەوە. گەمارۆی دا و بەردەوام بوو لەکوشتاری تا نزیک بوو بیگرێ بەڵام رووداوێک روویدا کە ناچاری کرد گەمارۆیەکە هەڵگرێ و بگەڕێتەوە بۆ موسڵ، چونکە موزەفەرەددین هەلی لەموسڵ نەبوونی نورەددین و خەریکبوونی بەشەڕ لەگەڵ مامی لەنوسێبین قۆزتەوەو بەسوپاکەیەوە لەئەربل دەرچوو و هێرشی کردە سەر شاری نەینەوای سەر بەموسڵ. کاول و تالانی کردو ئازووقەکەی سووتاندو ئەوەندەی نەمابوو هێرشەکەی بگاتە موسڵیش، بەڵام جێگری

نورەددیـن لەسـەر موسـڵ خێـرا بـۆ نورەددینـی نـاردو ئـاگاداری کـردەوە لـەو ترسـە، نورەددینیـش نوسـێبین و شـەڕەکەی بەجێهێشـت و بەپەلـە گـەڕاوە بـۆ موسـڵ لەترسـی ئـەوەی موزەفەرەددیـن دەسـتی بەسـەردا بگـرێ. کـە گـەڕاوە بڕیـاری دابـوو بـەرەو شـاری ئەربـل بخشـێ و تێکـی بـدا، وەکـو تۆڵەیـەک لەموزەفەرەددیـن کـە هێرشـی کردبـووە سـەر دەوروپشـتی موسـڵ، بـەڵام کـە بینـی موزەفەرەددیـن گەڕاوەتـەوە وڵاتەکـەی، کاتێـک کـە زانیبـووی ئـەو لەنوسـێبین هاتۆتـەوە، لەموسـڵ مایـەوەو جووڵـەی نەکـرد[1]. ڕۆڵـی موزەفەرەددیـن لـەو ڕووداوە ئـەوە بـوو کـە ئاسـتەنگی لەپێـش هەوڵەکانـی پاشـای موسـڵ دروسـتکرد کـە دەیویسـت کێشـەکەی نێـوان خـۆی و ڕکابەرەکـەی کۆتایـی پـێ بێنـێ. هەروەهـا نەشیهێشـت پاشـایەتیەکەی موسـڵ فراوانتـر بـێ. هەواڵـی دەسـتدرێژیی موزەفەرەددیـن بـۆ سـەر موسـڵ پـاش دە سـاڵان مایـەی پرسـیارکردنە لەهـۆکاری ونبوونـی هـەواڵ لەسـەر موزەفەرەددیـن و پاشـاکانی موسـڵ لـەو مـاوە درێـژەدا. ئێمـە بـۆ ئـەوە دەچیـن کـە ڕووداو لەنێوانیانـدا ڕوویـداوە کـە ئیبـن ئەسـیر نـاوی نەهێنـاوە. بەڵگـەی ئـەوەش ئـەو هەواڵەیـە کـە ئیبـن ئەسـیر لەسـاڵی ٦٠٠ نـاوی دێنـێ و ئێمـەش پێشـتر باسـمان کـرد. هـۆکاری دووبارەکردنـەوەی

١- الكامل، ب ٩ / ل٣٠١. مراة الزمان، ب ٨ / ل ٥٤٥.

خـودی ئیبـن ئەسـیری مێژوونـووس ئەوەیـە کـە لەلایـەک مێژوونووســی زەنگیــەکان بــووەو لەلایەکــی دیکەشــەوە تاکــە مێژوونــووس بــووە کــە بایەخــی بەنووسـینەوەی هەواڵەکانــی ئــەو ماوەیــە و ڕووداوەکانــی داوە.

دوای ئــەو ڕووداوە بەچەنــد ســاڵ و لەخــودی ســاڵی ٦٠٦ (١٢٠٩ز)دا، ڕووداوەکان موزەفەرەددینیــان ناچارکــرد مەرایــی بــۆ نورەددیــن ئەرسەلانشــای خاوەنــی موســڵ بــکا. بگــرە سەرخستنیشــی لــەدژی پاشــای عادیلــی ئەیووبــی. لەسـاڵی ٦٠٥ ژنخوازیـەک لەنێـوان نورەددیـن و پاشـای عادیـل کـرا و ئەلعادیـل کچەکـەی نورەددینـی بــۆ کوڕەکــەی خواســت و هەندێــک لەمیرەکانــی نورەددیـن پێیـان باشـبوو کـە لەگـەڵ پاشـای ئەلعادیـل لــەدژی قوتبەددیــن محەمــەدی مامــی ڕێکبکــەوێ کــە خاوەنـی شـەنگال بـوو لـەدژی موعیزەددیـن مەحمـوودی کـوڕی سەنگرشـای خاوەنـی جەزیـرەی ئیبـن عومـەر، بــەوەی کــە وڵاتەکانیــان لەنێــوان خۆیانــدا دابــەش بکـەن. نورەددیـن ناردیـە لای پاشـای ئەلعادیـل و ئـەو پێشــنیازەی خســتە بەردەســتی بەمەرجێــک جەزیــرەی ئیبـن عومـەر بـۆ نورەددیـن و وڵاتـی قوتبەددینیـش بـۆ ئەلعادیـل بـێ کـە ناوچەکانـی خابـوور و نوسـێبین و شـەنگالە. پاشـای ئەلعادیـل پێشـوازیی لـەو پێشـنیازە کـردو پێـی خۆشـبوو، چونکـە ئـەو پڕۆژەیـە ڕێ خـۆش دەکا بــۆ دەســت بەســەرداگرتنی خــودی موســڵ کــە

هــەر لەڕۆژانــی یەکەمــی ســەلاحەددینەوە جێــی چــاوی بنەماڵــەی ئەیووبــی بــوو. بەســوپاکەیەوە لەدیمەشــقەوە بــەرەو جەزیــرە رۆیــی بــۆ جێبەجێکردنــی پــڕۆژە پێشــنیازکراوەکە و رووی لەوڵاتەکــەی قوتبەددیــن کــردو یەکەمجــار بەتــەواوی دەســتی بەســەر ناوچــەی خابــووردا گــرت. پاشــان دوای ئــەو شــاری نوســێبینی گــرت، بەمــەش دەســتبەتاڵ مایــەوە بــۆ شــەنگال کــە گرنگتریــن وڵاتــی قوتبەددینــە و چــوو گەمــارۆی بــدا، بــەو هیوایــەی دەســتی بەســەردا بگــرێ، بــەڵام هەرکــە گەمــارۆی دا، شــتی وای بینــی کــە بێهیــوای کــرد. بینــی بەرگریەکــی زۆر بەهێــزی هەیــە و ســوپاکەی مکــوڕە لەســەر کوشــتار و چــۆل نەکردنــی. بــەڵام هێشــتا لەگرتنــی بێئومێــد نەبــوو، بۆیــە بــۆ مــاوەی حەفــت مانــگان لەگەمارۆدانــی بــەردەوام بــوو. ئــەوەش قوتبەددینــی بێــزار و بێهیــوا کــرد لەبەردەوامبــوون لەســەر بەرگریکــردن لەشــارەکەو ترسا سەربازەکانی دوای ئــەو هەمــوو ئەرکــە گەورەیــەی کــە ئەنجامیانــداوە لەبەرگریکــردن لەشــارەکە بێهێزبــن و ئەوکاتــە شــارەکە دەکەوێتــە دەســت پاشــای ئەلعادیــل و هەتــا هەتایــێ لەدەســتی دەردەچــێ. بۆیــە بەبیریداهــات کــە لەگــەڵ ئەلعادیــل پێکبێتــەوەو شــارەکەی رادەســت بــکا لەبەرامبــەر شــارێکی دیکــە کــە لەجیاتــی ئــەو شــارە لێــی وەرگــرێ. بــۆ ئــەوەش راوێــژی بــە ئەحمــەدی کــوڕی یەرەنقەشــی بەندەکــەی خــۆی کــرد. ئــەو

بەندەیــەی ئــازاو بەجــەرگ و چاونەتــرس بــوو و ئــەو بیرۆکەیــەی رەتکــردەوەو ئامۆژگاریــی کــرد کــە خۆڕاگربــێ لەبەرگریکردنــدا، بەڵکــو پاشــای ئەلعادیــل لەگرتنــی بێئومێدبــێ و دوای ئــەو گەمارۆدانــە درێــژە بەجێــی بێڵــێ. قوتبەددیــن وازی لەبیرۆکــەی رادەســتکردنی شــارەکەی بــۆ ئەلعادیــل هێنــا، بــەڵام لەهەمــان کاتیشــدا دەســتی کــردە گــەڕان بــەدوای رێگەیــەک لــەو تەنگانەیــەی دەربێنــێ کــە پاشــای ئەلعادیــل خســتوویەتیە ناویــەوە تــا لەکــن موزەفەرەددیــن گۆگبــورووی خاوەنــی ئەربــل دیتیــەوە.

قوتبەددیــن زانیاریــی لەســەر ئــەو پەیوەندیــە تونــدە هەبــوو کــە لەنێــوان موزەفەرەددیــن و پاشــای ئەلعادیــل هەبــوو. ئــەو پەیوەندیــەی ســەرەتا بەهاوســەرگیریەک بەســترا کاتێــک کــە موزەفەرەددیــن رابیعــە خاتوونــی خوشــکی پاشــای ئالعادیلــی خواســت و پاشــانیش ئــەو خزمەتانــەی کــە موزەفەرەددیــن بــۆی بەجێگەیانــد و سێیەمیش ئــەو دۆســتایەتیەی کــە لەنێوانیانــدا هەبــوو. لەبــەر ئەوانــە هەموویــان، قوتبەددیــن پێیوابــوو کــە پاڕانــەوەی موزەفەرەددیــن لەکــن ئەلعادیــل بەبــێ گومــان وەردەگیــرێ. بەپشتبەســتن بــەو خەمڵاندنــەی قوتبەددیــن، عیمادەددیــن شاهەنشــای کــوڕی بەنامەیەکــەوە نــاردە لای موزەفەرەددیــن و تێیدا داوای لێکــرد ببێتــە پێنــاو لەنێــوان ئــەو و ئەلعادیــل و بــۆی بپاڕێتــەوە کــە شــارەکەی بەجــێ بێڵــێ و بــۆی بهێڵێتــەوە.

موزەفەرەددینیش ئەو تکایەی قوتبەددینی رەتنەکردەوەو بڕیاریدا ناوەندگیریی پێکهێنانەوەی ئەو دوو دوژمنە بکا، بەڵام بۆچی موزەفەرەددین قایل بوو لەو کێشەیەی نێوان قوتبەددین و پاشای عادیل دەستوەربدا؟ ئایا ئەوە لەبەر خۆشویستنی قوتبەددین و پاراستنی بوو؟ یان هۆکارێکی دیکە هەبوو کە وای لەموزەفەرەددین دەکرد دەستی تێوەردا؟ ئێمە بۆ ئەوە دەچین کە هۆکاری ترسان لەپاشای ئەلعادیل بوو، لەوەی کە هێزەکەی لەناوچەی جەزیرەدا زۆرتر بێ، وای لەموزەفەرەددین کرد بچێتە نێوان ئەو دوو دوژمنە و نەیەڵێ پاشای عادیل شەنگال بگرێ. لەوانەیە موزەفەرەددین هەر لەوکاتەوەی کە پاشای عادیل لەگەڵ نورەددین ئەرسەلانشا رێککەوتبوو ترسی لێی هەبووە، چونکە لەو رێککەوتنە بەهێزبوونی نورەددین بووە و ئەو هێزە نوێیەشی هانی دەدا – هێزی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەلعادیل– کە دوژمنکاریی بکا و شاری ئەربلی لەبندەست دەربێنێ، بەپشتبەستن بەیارمەتیی پاشای ئەلعادیل. کەوابێ لەبەرژەوەندیی موزەفەرەددین بوو کە رێککەوتنەکەی نێوان نورەددین و پاشای ئەلعادیل هەڵوەشێنێتەوە. هەروەها لەبەرژەوەندیی بوو کە ئەلعادیل دەست بەسەر شەنگالدا نەگرێ لەترسی ئەوەی دوایی چاوبڕێتە ئەربلیش و کار لەسەر لێسەندنەوەی بکا، هەرچەندە پەیوەندیەکی

باشیش لەنێوانیاندا هەیە، چونکە ئەو دەزانێ کە لە «سەردەمی باڵادەستی» و نەریتی سەردەمەکەیدا دەژی کە هیچ بەهایەک بۆ ئەو پەیوەندیانە دانانێن لەبەرامبەر بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیاندا.

هەرچۆنێک بێ ترسەکە بۆ سەر ئەربل راستیە: ئەوجا لەنورەددینەوە بێ یان لەلایەن پاشای ئەلعادیل، دەبێ یەکێکیان هەر چاوی لێبێ و ئەویدیکە یارمەتیی بدا، بۆیە بەدڵفراوانیەکی زۆرەوە دەستی خستە ناو ئەو کردەیەی پێکهاتنەوەی نێوان قوتبەددین و ئەلعادیل، کاتێک کە قوتبەددین ئەو داوایەی لێکرد.

دەستوەردانی موزەفەرەددین سەنگی مەحەک بوو بۆ تاقیکردنەوەی پاشای ئەلعادیل لەلایەن موزەفەرەددین و بڕی ئەو ڕێزەی کە هەیەتی بۆ پەیوەندیە باشەکانی کە بەیەکیان دەبەستێتەوە. ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەش جەخت لەترسەکانی موزەفەرەددین دەکاتەوە لێی. موزەفەرەددین وەزیرەکەی خۆی بەنامەیەکەوە بۆ پاشای ئەلعادیل نارد کە تێیدا بۆ قوتبەددین دەپاڕێتەوەو داوای لێدەکا گەمارۆیەکەی لەسەر شەنگال هەڵگرێ و بۆ خاوەنەکەی بەجێ بێڵێ. وەڵامی پاشای ئەلعادیلیش رەتکردنەوەیەکی تەواو بوو بۆ ئەو پاڕانەوەیەو لەبەرامبەر وەزیردا گوتبووی پاش ئەوەی لەگەڵ نورەددین ڕێککەوتووە گوێ بەموزەفەرەددین نادا. بەوشێوەیە پاشای ئەلعادیل

پەردەی لەسەر راستیی پێگەی موزەفەرەددین لادا لەلای خۆی. وەکو بۆ موزەفەرەددین دەرکەوت ئەلعادیل سەرباری رێزنەگرتنی ئەو پەیوەندیە خۆشەویستیەی کە لەنێوانیدا هەبوو، زوو بێ یان درەنگ لەچاوبردنە ئەربلیش ناپەنگێتەوە. لەبەر ئەوە موزەفەرەددین پاشای ئەلعادیلی بەدوژمنێک دانا کە دەبێ شەڕی لەگەڵ بکرێ و دەستی کردە ئامادەکردنی سوپاپەکەی بۆ بەهاناوەچوونی شەنگال و بۆ لای قوتبەددینیشی نارد بۆ ورەبەرزکردنەوەی و داوای لێکرد لەبەرگریکردن خۆڕاگربێ و خۆیشی بەسەربازەکانیەوە دەگاتە هاواری.

ئەوەی روویدا کە لەهزری ئەلعادیل و موزەفەرەددیندا نەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە نورەددین ئەرسەلانشا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێککەوتنەی دا کە لەگەڵ پاشای ئەلعادیل بەستبووی. هۆکاری ئەوەش ئەوەبوو کە دوای ئەوەی ئەلعادیل دەستی بەسەر ناوچەی خابوور و نوسێبیندا گرت، نورەددین لەو هەڵەیەی واگاهاتەوە کە لەنەزانی و گەمژەیی روویداوە، ئەوەش بەو رێککەوتنەی کە لەگەڵ ئەلعادیل ملی خستۆتە ناو دەمی شێر و بیری کەوتەوە کە لەوەتی رۆژانی سەلاحەددین، ئەیووبیەکان چاویان لەشاری موسڵەو زۆر حەزدەکەن دەستی بەسەردا بگرن. نورەددین کاتێک لەو ترسەی هۆشیار بۆوە کە بینی پاشای ئەلعادیل گەمارۆی شەنگالی داوە کە تەنیا دوو رۆژ

ڕۆیشتن لەشارەکەی ئەو دوورە. ترس کەوتە دڵیەوە لەلێدانی لەپشتەوەی ئەلعادیل بەوەی کە چاوبڕێتە دەست بەسەرداگرتنی موسڵ، ئەوکاتەی کە لەگرتنی شەنگال سەردەکەوێ، بۆیە نورەددین هیچی لەپێش نەما تەنیا هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئەلعادیل و نەیەڵێ شەنگالی بکەوێتە دەست. دوای ئەوە دەستی کردە ئامادەکردنی سوپایەک بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ فریاکەوتنی شەنگال.

هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئەلعادیل لەلایەن نورەددینەوەو بڕیارەکەی بۆ فریاکەوتنی شەنگال گەیشتەوە موزەفەرەددین و پێی خۆشبوو و لەلای خۆیەوە وەزیرەکەی ناردە لای نورەددین کە پێی بڵێ بڕیاری یارمەتیدانی قوتبەددینی داوە لەڕووی سەربازیەوەو هاوپەیمانیەک دەخاتە بەردەستی لەدژی ئەلعادیل بۆ ئەوەی بەهێز نەیەڵن شەنگال بگرێ و ئەو لەگەڵی ڕێکە لەدژی دوژمنە هاوبەشەکەیان. وەزیر بەشەو گەیشتە نورەددین و نامەکەی دایێ، نورەددینیش بەدڵخۆشیەوە وەری گرت، چونکە هاوکاریی لەدوژمنێکەوە بۆ هاتووە کە هەمان دوژمنی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ پاشای ئەلعادیل. ئەوجا بەوەزیر دەڵێ بەپێشنیازەکەی موزەفەرەددین قایلم و لەپێش وەزیر سوێند دەخوا -بەپێی نەریتی ئەوکات- کە بۆ موزەفەرەددین بەئەمەک بێ. وەزیر دەگەڕێتەوە

لای موزەفەرەددیــن و پێشــوازیکردنەکەی نورەددینــی بــۆ پێشنیازەکەی پێڕادەگەیەنـێ کـە بەسوێندخواردن لەپێشی جەختــی لەقایلبوونەکــەی کــردووە.

ئەوجــا موزەفەرەددیــن ســوپایەک ئامــادە دەکاو ئامرازەکانــی شــەڕی دەداتــێ و کــە لــە بەهێزیەکــەی دڵنیــا دەبــێ، بــەرەو موســڵ دەردەچــێ بــۆ ئــەوەی هاوڕێیەتــی ســوپایەکەی بــکا بــەرەو شــەنگال. هەرکــە نورەددیــن بەدەرچوونــی موزەفەرەددیــن دەزانــێ، خــۆی ئامــادە دەکا بــۆ پێشــوازیکردنی لەســنووری شــارەکەی وەکــو رێــز و گەورەکردنــی پێگەکــەی. کــە موزەفەرەددیــن دەگاتــە ئــەوێ، نورەددیــن پێشــوازیەکی ئاهانــگ ئاســای دەکا و بانگــی دەکاتــە نــاو قەڵاتــی موســڵ و نورەددیــن خۆیشــی لەســەربازگەکەی لــەدەرەوەی قــەڵات دادەنیشــێ بــۆ ئــەوەی بــۆ موزەفەرەددیــن بســەلمێنێ کــە ئەوپــەڕی متمانــەی پێیــە و دڵنیــای بــکا لــەوەی کــە دەیــەوێ ئــەو ئاریشــانەی پێشــتر لەنێوانیانــدا هەبــووە نەمێنــێ و بچنــە نــاو پەیوەندیەکــی نــوێ کــە لەســەر رێککەوتــن و هاوپەیمانــی رابوەســتێ[1].

موزەفەرەددیـن هـەر بەپشـتگرتنی قوتبەددیـن و نورەددیـن دژی پاشــای ئەلعادیــل نەوەســتا بەڵکــو ویســتی پتــر ئەلعادیــل تــوڕە بــکا بــەوەی هاوپەیمانێتیەکــی گــەورە

١- الكامل، ب ٩ / ل٣٠١.

لەدوژمنانی ئەلعادیل و هیدیکە پێک بێنێ. لەگەڵ نورەددین ڕێککەوت کە پاشا ئەلزاهیر غازی کوڕی سەلاحەددینی ئەیووبی خاوەنی حەلەبیشی بێنێتە ناوێ، چونکە ئەوکات دوژمنکاری لەنێوان ئەلزاهیر غازی و ئەلعادیلی مامی زۆر توند بوو. هەروەها کەیخوسرەوی کوڕی قلج ئەرسەلانی سوڵتانی سەلجووقەکانی ڕۆمیش بێنێتە ناوخۆیانەوە لەگەڵ موغیسەددینی توغروڵ شای خاوەنی ئەرزنی ڕۆم. ئەوانە بەدەنگیەوە چوون و ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ هاڕینی دوژمنە هاوبەشەکەیان. هەریەکەو دەستی کردە ئامادەکردنی سوپاکەی بۆ ئەو شەڕە یەکلاکەرەوەیەی نێوانیان لەگەڵ ئەلعادیل.

هاوپەیمانەکان لەناو خۆیاندا ڕێککەوتن یەکەمجار ڕێگەی ئاشتی بگرنەبەر بۆ قایلکردنی ئەلعادیل بۆ پێکهاتن لەگەڵ قوتبەددین و شەنگال بەجێ بێلێ. ئەگەر ئەو پێکهاتنەی کرد ئەوا هەموویان خۆیان لەشەڕ و قوربانیەکانی دەپارێزن و خاوەنی شەنگال و شارەکەش دێلنەوە. بەڵام ئەگەر ڕەتیکردەوە، ئەوا خەلیفەی بۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی فەرمانی دوورکەوتنەوەی لەشەنگال پێبکاو واز لەدوژمنکاریی خاوەنەکەی بێنێ. ئەگەر ناوبژیکردنی خەلیفەشی ڕەتکردەوە، ئەوا پاساویان نامێنێ و ناچاری دەکەن بەهێز شەنگال بەجێ بێلێ. ئەوجا نامە دەستی پێکرد لەنێوان

هاوپەیمانـــان و ئەلعادیـل دەهاتودەچـوو، ئەلعادیلیـش خـۆی لەوەڵامدانــەوە دەگنخانـد و درێـژەی پێـدەدا، بـەو هیوایــەی پێـش کۆتـایـی هاتنــی دانووسـانەکان دەست بەسـەر شـارەکەدا بگـرێ. کـە هاوپەیمانـەکان بینیـان ئەلعادیـل خـۆی دەگنخێنـێ و درێـژەی پێـدەداو بۆیـان دەرکـەوت کـە ئامـادە نیـە شـەنگال بەجێ بێڵـێ، ناردیانـە لای خەلیفـەو گلەیـی دەسـتدرێژیی ئەلعادلیـان بـۆ سـەر قوتبەددیـن پێڕاگەیانـد و داوایـان لێکـرد بـەو رۆچوونـە (نفـوز) رۆحانیـەی دەسـت تێـوەردان بـکا و فەرمـان بەئەلعادیـل بـکا شـەنگال بەجـێ بێڵـێ، خەلیفـەش وەڵامـی ئـەو داوایـەی دانـەوەو دوو نێـردراوی لەگـەورە پیاوانـی خـۆی نـارد کـە هیبەتوڵـڵای کـوڕی موبـارەک کـوڕی ئەلزەحـاک ئەلئیسـتیدار[1]و میـر ئاقبـاش بـوو کـە گـەورە بەنـدە نزیکەکانـی خەلیفـە بـوو.

ئـەو دوو نێـردراوە لەبەغـدادەوە یەکەمجـار چوونـە موسڵ و لەگـەڵ هاوپەیمانـەکان کۆبوونـەوەو هۆکارەکانـی کێشـەکەی نێـوان ئەلعادیـل و قوتبەددینیـان تاوتووکـرد، ئەوجـا چوونـە شـەنگال و لەگـەڵ پاشـای ئەلعادیـل دانیشـتن و فەرمانـی خەلیفەیـان پێڕاگەیانـد کـە دەبـێ لەگـەڵ قوتبەددیـن پێکبـێ و دەسـت بـۆ شـەنگال نەبـا. ئەلعادیـل وەڵامـی دانـەوەو ئامادەیـی خـۆی نیشـان دا بـۆ

---

١- الاسـتدار وشـەیەکی فارسـیە بەمانـای ئـەو کەسـەی کـە دەسـت دەگـرێ بەسـەر موڵکـی سـوڵتان و و میـر و سەرپەرشـتی دەکا.

بەستنی پێکهاتنێک لەگەڵ قوتبەددین و هاوپەیمانەکانی و شەنگال بەجێ بێڵێ، بەڵام مەرجی ئەوەبوو کە ئەو وڵاتانەی کە لەقوتبەددینی سەندووە لەدەستی بمێنێتەوە، کە خابوور و نوسێبینە. کە لەسەر ئەوە پێکهاتن، گرێبەستەکەی نێوان هاوپەیمانان نەماو هەریەکە گەڕایەوە وڵاتی خۆی[1]. بەو شێوەیە موزەفەرەددین هێزە نوێیەکەی شکاند کە ئەوەندەی نەمابوو دەرکەوێ و ببێتە مەترسی لەسەری و نەیهێشت پاشای ئەلعادیل دەست بەسەر شەنگالدا بگرێ. هەروەها ئەو پەتەی هاوپەیمانیەی نێوان پاشای ئەلعادیل و نورەددینی خاوەنی موسڵیشی پچڕاند.

لەڕاستیدا پاشای ئەلعادیل لەبەر نێوەندگیریی خەلیفە نەبوو کە بەپێکهاتن قایل بوو، چونکە خەلیفە ئەو هێزە سەربازیەی نەبوو پاشای ئەلعادیلی پێ ناچار بکا رێز لەنێوەندگیریەکەی بگرێ، بەڵکو ئەلعادیل لەبەر ژمارەیەک هۆکار ناچاربوو پێی قایل بێ، لەوانە: مکوڕی هاوپەیمانان لەسەر هەڵوێستەکەیان بەرامبەری و رێلێگرتنی لەدەست بەسەرداگرتنی شەنگال و لەوانەش – وەکو دەردەکەوێ– هاوپەیمانەکان توانیان ئەسەدەددین شێرکۆ بۆ لای خۆیان راکێشن – ئەسەدەددینیش کوڕەمامی ئەلعادیلە و لەگەمارۆیەکەدا

---

١- الكامل، ب٩ / ل٣٠١.

لەگەڵـــی بـــوو- و ئەلعادیـــل کاری بڕینـــی ئازووقـــەی لەشارەکە پێ سپاردبوو لـەو لایـەی کـە گەمارۆی دابـوو، بـەڵام ئەسـەدەددین چـاوی لەهاتنـی ئازووقـە دەپۆشـی کـە لـەدەرەوە دەچـووە ژووری. بەچـاوی خـۆی دەیبینـی کـە مـەڕ و خـواردن و هیدیکـەی کـە گەمـارۆدراوەکان پێویسـتیان دەبـوو دەچـووە نـاو شـارەکەوەو قەدەغـەی نەدەکـرد. لەوانـەش سـوپای ئەلعادیـل دەسـتیان بەدەربڕینـی بێـزاری کـردو لەبـەر ماندووبوونیـان لەکوشـتار سـارد دەبوونـەوە[1]. ئـەو هۆکارانـە بوونـە هـۆی دڵەڕاوکێـی ئەلعادیـل و بێئومێدیـان کـرد لەگرتنـی شـارەکە. لەبـەر ئەوانـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئەلعادیـل بەکـردەوە دەیویسـت پێکهاتـن ببەسـتێ تەنانـەت پێـش ئـەوەش کـە نـاردراوی خەلیفـە بگاتـە لای، بـەڵام رقـی لـەوە دەبـۆوە کـە دوژمنەکانـی گاڵتـەی پێبکـەن و دەترسـا بێهێزیـی بۆیـان ئاشـکرا بـکا و چاویـان تێـی ببـڕن. کاتێـک کـە نـاردراوان نێوەندگیریـی خەلیفەیـان بـۆ هێنـا، خێـرا پێکهاتنـی گـرێ دا و خـۆی وانیشـاندا کـە ملکەچـی خەلیفەیـە و رێـز لەنێوەندگیریەکـەی دەگـرێ.

لەئەنجامـی ئـەو پەیوەندیـە نوێیـەی نێـوان موزەفەرەددین و نورەددیـن ئەرسەلانشـا، ژنخوازیـەک لەنێـوان ئـەو دوو پیـاوە گرێـدرا. کاتێـک کـە موزەفەرەددیـن و نورەددیـن

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٠٢

پێکەوە لەموسڵ بوون، موزەفەرەددین هەردوو کچەکەی خۆی -لەڕەبیعەخاتوونی هاوژینی کە خوشکی سەلاحەددین و ئەلعادیل بوو- لەهەردوو کوڕەکەی نورەددین مارەکرد کە: عیزەددین مەسعوود بوو کە لەساڵی ٦٠٧ (١٢١٠ز) جێی بابی گرتەوە لەموسڵ و بەپاشای ئەلقاهیر ناوزەدکرا و ئەویدیکەش عیمادەددین زەنگی بوو[١]. ئەو ژنخوازیە موزەفەرەددینی خستە ناو ئاریشەیەک لەگەڵ موسڵ بەشێوەیەکی دیکە دوای مردنی پاشا ئەلقاهیر لەساڵی ٦١٥ (١٢١٨ز). نورەددین ئەرسەلانشا کە لەساڵی ٦٠٧دا مرد، پێش مردنی وەسیەتی کردبوو کە عیزەددین مەسعوودی کوڕی لەدوای خۆی جێی بگرێتەوە، هەرچی کوڕەکەی دیکەی عیمادەددین زەنگیە هەندێک قەڵاتی دایێ، لەوانە هەردوو قەڵاتی ئەلعەقەر و شوش کە دراوسێی موسڵ بوون. هەروەها وەسیەتی کردبوو کە بەدرەددین لوئلوئە -کە لەگەورە بەندەکانی بوو- کاروباری موسڵ بەناوی عیزەددین مەسعوودی کوڕیەوە[٢]بەڕێوە ببا. کە عیزەددین لەموسڵ جێی بابی گرتەوە لەنێوان خۆی و موزەفەرەددیندا هاوپەیمانی و گفتێک بەسترا کە تێیاندا هەر لایەو گفتی دا کە دەستدرێژی نەکاتە سەر

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٠١. مفرج الكروب، ب٢ / ل ١٩٥.
٢- الكامل، ب٩ / ل ٣٠٤.

ئەویدی. وادیارە ئەو هاوپەیمانی و گفتانە بەدرێژی فەرمانڕەواییکردنی عیزەددین مەسعوود کە لەساڵی ٦١٥دا مرد، لەلایەنی هەردوو لاوە ڕێزیان لێگیرا.

بەدرەددین لوئلوئە لەفەرمانڕەوایی موسڵ بەناوی عیزەددین مەسعوودی خاوەنیەوە کە بەپاشای ئەلقاهیر ناوزەدکرا مایەوەو بەدرەددین بەدرێژیی ئەو ماوەیە فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی دەوڵەتەکە بوو کەس دەستی لەبن دەست هەڵنەدەدا، بەڵام کە پاشای ئەلقاهیر مرد، کێشە لەنێوان ئەربل و موسڵ سەری هەڵدا، واتە لەنێوان موزەفەرەددین و بەدرەددین لوئلوئە چونکە پاشای ئەلقاهیر دوو کوڕی گچکەی ناکامی لەدوا بەجێما کە نورەددین ئەرسەلانشا و ئەلناسر مەحموود بوون. عیمادەددین زەنگیش -برای پاشا ئەلقاهیر- بەخۆی دەگوت کە دەبێ ئەو دوای براکەی جێی بگرێتەوە، چونکە گەورەی بنەماڵەی زەنگیە. بەڵام بەدرەددین لوئلوئە ئەو ئومێدەی نەهێشت و نورەددین ئەرسەلانشای لەجێی باوکی دانا لەسەر وڵات و بۆ خەلیفەی عەباسی ئەلناسیر لیدینیڵلای ناردو داوای لێکرد کە ڕەچاوی (تەقلیدو تەشریفی) نورەددین بکا. هەروەها بۆ پاشاو میرەکانی دەوروپشتی دراوسێی موسڵ و هیدیکەشی نووسی لەوانەی کە لەنێوان ئەوان و پاشا ئەلقاهیر هاوپەیمانی و گفت هەیە -لەوانەش موزەفەرەددین- و داوای لێیان کرد بۆ نورەددینی نوێ

بکەنـــەوە بەپێــی ئـــەو رێســـایەی کـــە لەنێـــون ئـــەوان و باوکـــی هەبـــووە. هەروەهـــا فەرماندەکانـــی ســـەربازان و ســـوپا و گـــەورە پیاوانـــی وڵاتـــی ســـوێند دا کـــە ملکەچـــی بـــن[1]. بـــەوەش بەدرەددیـــن دڵنیابـــوو کـــە موڵکەکـــە لـــەرووی کردەییـــەوە هـــی ئـــەوەو لـــەڕووی ناویشـــەوە هـــی نورەددینـــە.

ئەگەرچـــی موزەفەرەددیـــن بـــۆ بەدرەددین سوێندی خواردبوو کـــە رێـــزی هاوپەیمانـــی و گفتـــەکان دەگـــرێ کـــە لەنێـــوان خـــۆی و پاشـــا ئەلقاهیـــر کرابـــوو، بـــەوەی دەســـتدرێژی نەکاتـــە ســـەر موســـڵ و دەوروپشـــتی، بـــەڵام رووداوەکان ســـەلماندیان کـــە ئامـــادە نیـــە رێزیـــان بگـــرێ یـــان بـــارودۆخ ناچـــاری کـــرد کـــە رێزیـــان نەگـــرێ بـــۆ سەرخســـتنی مێـــردی کچەکـــەی، عیمادەددیـــن زەنگی. عیمادەددیـــن وای دەبینـــی کـــە خـــۆی مافـــی پتـــرە، لەوەرگرتنـــی موڵکـــی موســـڵ، لەکـــوڕە برایـــە ناکامەکـــەی، بەپێـــی ئـــەو نەریتـــە بنەماڵەییـــەی کـــە دەڵـــێ بۆمـــاوەی موڵـــک بـــۆ پێگەیشـــتووترین (ئەرشـــەد) کـــوڕی خانەوادەکەیـــە. ئەگـــەر موڵکەکـــەی لەدەســـتدا، لـــەوە کەمتـــر نابـــێ کـــە ببێتـــە وەســـیی لەســـەر کوڕەبراکـــەی. بـــەڵام بەدرەددیـــن پابەنـــدی ئـــەو نەریتـــە بنەماڵەییـــە نەبـــوو بەپشـــت بەســـتن بـــەوەی کـــە ئـــەو نەریتانـــە لەلایـــەن زۆر لەخانەوادەکانـــەوە لەکۆنـــەوە کاری پـــێ نەکـــراوە. موڵکەکـــەی کـــردە هـــی نورەددیـــن ئەرسەلانشـــای کـــوڕی

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢٠.

پاشا ئەلقاهیر و خۆی وەکو وەسیی بەسەر پاشای گچکەدا سەپاند بۆ ئەوەی خۆی بەفەرمانڕەوای کردەیی وڵات بمێنێتەوە. ئەو کارەش عیمادەددینی تووڕەکرد و بڕیاری دا مافی خۆی بەشمشێر وەرگرێتەوە.

عیمادەددین دەستی کردە گێڕانی پیلان لەدژی بەدرەددین. هەلی نەخۆشکەوتنی نورەددینی برازای و دوورکەوتنەوەی لەخەڵک قۆزتەوەو وای بڵاوکردەوە کە نورەددین مردووەو بۆ سەربازگەی قەڵاتی عیمادیەی سەر بەموسڵی نووسی و گوتی: ئەوە کوڕی برایەکەم مرد و بەدرەددین دەیەوێ دەست بەسەر وڵاتدا بگرێ و موڵکی بابوباپیرانم بۆ من ڕەواترە. پارێزەری قەڵاتەکە بۆی نووسی کە با بێ قەڵاتەکە وەربگرێ. عیمادەددین چووە ئەوێ و لە ١٨ی ڕەمەزانی ساڵی ٦١٥ وەریگرت و جێگری موسڵ و ئەوانەی لەگەڵی بوون دەست بەسەرکرد[1].

لەوکاتەوە دوژمنکاری لەنێوان بەدرەددین لەلایەک و عیمادەددین و موزەفەرەددین لەلایەکەی دیکەوە دەستی پێکرد. بەدرەددینیش بەدەست بەستراوەیی بەرامبەر دەست بەسەرداگرتنی قەڵات لەلایەن عیمادەددین نەوەستا، بەڵکو خێرا بەسوپاکەیەوە چوو وەریبگرێتەوەو گەمارۆی دا بەڵام نەیتوانی شەڕ بکا چونکە کات زستان

١- الكامل، ب٩ / ل٣٢٠.

و سـەرمایەکی توند بـوو و بەفـر زەویـی داپۆشـیبوو. سـوپاکەی گەمارۆیـدا تـا وەرزی زسـتان کۆتایـی دێ و بەخـۆی گەڕایـەوە موسڵ. کـە هەواڵـی گەمـارۆی بەدرەددیـن بـۆ سـەر ئـەو قەڵایـەی عیمادەددیینـی مێـردی کچەکـەی تێدایـە گەیشـتە موزەفەرەددیـن، بڕیـاری دا سـەری بخـا و دەسـتی کـردە ئامادەکردنـی سـوپایەکەی بـۆ شـەڕی بەدرەددیـن و لابردنـی گەمـارۆی سـەر قەڵاتەکـە.

هەواڵـی ئامادەبوونـی موزەفەرەددیـن گەیشـتە بەدرەددیـن. بـۆی نووسـی و ئـەو سـوێندەی بەبیـر هێنایـەوە کـە خواردوویـە و ئـەو گفتانـەی کـە دایبـوو. لەوانـەش کـە نابـێ دەسـتدرێژی بکاتـە سـەر هیـچ بەشـێک لەموسـڵ، لەوانـەش قەڵاتەکانـی هـەکاری و زۆزان بەتایبـەت. هـەر کاتێکیـش یەکێـک دەسـتدرێژیی کـردە سـەر، هەرکەسـێک بـێ، ئـەوا بەخـۆی و سـەربازەکانی بەرگـری لێـدەکا و یارمەتیـی نورەددیـن و بەدرەددینیشـی لـەو بەرگریـە داوە. داوای لێـدەکا ئـەو سـوێند و گفتانـە بپارێـزێ. بـەڵام موزەفەرەددیـن گوێـی لـەوە کەڕکـرد و مکـوڕ بـوو لەسـەر سەرخسـتنی عیمادەددیـن، بەدرەددیـن –جارێکـی دیکـە– بـۆی نووسـیەوەو داوای لێکـرد بێلایـەن راوەسـتێ لـەو کێشـەیەی لەگـەڵ عیمادەددیـن. بـەڵام موزەفەرەددیـن ئەوەشـی بـۆ نەکـرد بەڵکـو بەسـوپاکەیەوە لەئەربـل چـووە دەرێ و لەنزیـک قەڵاتەکـە دایکوتـا چونکـە نەیتوانـی بیگاتـێ بەهـۆی گەمـارۆی سـەربازیی بەدرەددیـن لەسـەری. چاوەڕێـی

کرد تا شەڕ لەنێوان خۆی و عیمادەددین هەڵدەگیرسێ، ئەوجا لەدواوە لەپڕ خۆی پێیاندا دەداو دەیانخاتە نێوان دوو بەرداشەوە.

کە چاوەڕوانیی سەربازەکانی بەدرەددین لەکاتی گەمارۆدانی قەڵاتەکە درێژەی کێشا. یەکێک لەفەرماندەکانی سوپا پەلەی کرد لەدەستپێکردنی کوشتار، هەرچەندە لەشەڕی نەدەزانی و شارەزای هونەری کوشتار نەبوو، بەڵام ئازاو بەجەرگ بوو و تازە پەیوەندیی بەسوپای موسڵەوە کردبوو. ویستی کارێکی جەنگیی گەورە ئەنجام بدا کە بەهۆیەوە لەلای بەدرەددین پلەی بەرزبێتەوە. سەربازەکانی ژێر فەرماندەی خۆی برد و لەتاریکیی شەودا بەرەو قەڵاتەکە چووەپێش و شەڕ لەگەڵ سەربازگەکە هەڵگیرسا. کە ئەو سوپایەی مابۆوە بینیان ئەو دەچێتەپێش، ترسان لەوەی خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدان لەناو ببرێن، بۆیە بەدوای کەوتن و بەناڕێکی، لەبەر تەسکیی رێچکەکە بۆ ناو قەڵات، رۆیشتن. کە عیمادەددین پێشەکیی سوپاکەی بینی بەرەو ڕووی دێنەپێش، بەسوپاکەیەوە بۆیان هاتە دەرێ و سەربازەکانی بەناو کۆڵانەکاندا پەرتکرد و لەهەموو کونجێکەوە کەوتنە گیانیان و شکستێکی گەورەیان پێهێنان. لەئەنجامدا هێرشبەرەکان هەڵاتن. ئەوجا سوپاکە هەمووی شکستی هێناو بەرەو دواوە گەڕانەوەو پاشان چوونەوە موسڵ، پێش ئەوەی

موزەفەرەددیــن بێتــە نــاو کوشــتارەکە. بــەوەش قەڵاتەکــە لــەو گەمارۆیــە دەربازبــوو. کــە ســوپای موسـڵ گەڕایــەوە، عیمادەددیــن نامــەی بــۆ قەڵاتەکانــی دیکــەی هــەکاری و زۆزان نــارد -کــە هەمــووی ســەر بەموســڵ بــوون- داوای لێکــردن ملکەچــی بــن، وەڵامیــان دایــەوەو رادەســتیان کــرد، ئەویــش جێگرەکانــی بەدرەددینــی گــرت و جێگــری خــۆی لەجــێ دانــان[1].

کەوتنــی قەڵاتەکانــی ســەر بەموســڵ بەدەســتی عیمادەددیــن، کاریگەریەکــی گــەورەی هەبــوو لــەلای بەدرەددیــن. بەدرەددیــن وای دانــا کــە عیمادەددیــن -بەپشــتیوانی موزەفەرەددیــن- بــووە خــاوەن هێزێــک کــە مەترســیە بــۆ ســەر موسـڵ و ئەوەنــدە نابــا چــاو دەبڕێتــە دەســت بەســەرداگرتنی. لەهەمــان کاتــدا بەدرەددیــن هەســتی بەلاوازیــی دەکــرد لەبەرپەرچدانــەوەی عیمادەددیــن و موزەفەرەددیــن بەتەنیــا، بۆیــە بڕیــاری دا پەنــا بباتــە بــەر پشــتیوانێکی بەهێــز بــۆ ئــەوەی لەدژیــان پشــتی پــێ ببەســتێ. هەرچەنــدە ئــەو پەنابردنــە دەیخســتە شــوێنی پاشــکۆی پاشــکۆیەک، بــەڵام ئــەوەی پــێ باشــتر بــوو لەدەرچوونــی موسـڵ لەدەستی. بەدرەددیـن ئـەو پشـتیوانەی لەپاشــای ئەلئەشــرەف موســای ئەیووبیــدا دیتــەوە کــە بەشـێکی زۆری وڵاتــی جەزیــرەو خەڵاتــی لەدەســت بــوو.

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢٠

ناردیە لای و تێکەڵبوونی خۆی و چوونە ژێر رکێفیی نیشاندا بۆ ئەوەی لەموزەفەرەددین و عیمادەددینی مێردی کچەکەی بیپارێزێ. ئەلئەشرەف بەقایلبوون و دڵخۆشیەوە وەڵامی دایەوە، چونکە چوونە ژێر رکێفیەوە هێزێکە بوو ئەو، لەکاتی پێویستدا پشتی پێ دەبەستێ دوای ئەوەی کاروباری موسڵ جێگیر دەبێ و مەترسیی لێ دوور دەکەوێتەوە. هەروەها لەبەرژەوەندیی پاشای ئەلئەشرەفدا بوو کە هێزێکی تازە لەناوچەی جەزیرەو دەوروپشتیدا دەرنەکەوێ موڵکەکانی بخاتە مەترسیەوە، بۆیە گفتی بەبەدرەددین دا کە یارمەتیی بداو پشتی بگرێ و شەڕی بۆ بکا بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەڵاتانەی لێی سەندراون. هەر لەوکاتەوە موزەفەرەددین پاشای ئەلئەشرەفی بەدوژمنی خۆی دانا، چونکە ئەو بەدرەددینەی سەرخست کە رقی لێیەتی و کۆنترۆڵی هەردوو نەوەکەی، کوڕانی پاشای ئەلقاهیری، کردووە. ئەوجا دەبینین کە موزەفەرەددین دژی ئەلئەشرەف موسا تا سەر دەوەستێ.

بەچوونە لای ئەلئەشرەف موسا لەلایەن بەدرەددینەوە، ئەلئەشرەف ناچار دەبێ بەرگری لەوانە بکا کە سەر بەوین. وادەردەکەوێ کە بەدرەددین پەنای بردبێ بۆ ئەلئەشرەف موسا پێش ئەوەی بچێتە ژێر رکێفی، بۆ ئەوەی ببێتە پێناوێک لەنێوان خۆی و موزەفەرەددیندا بۆ بەستنی پێکهاتنێکی ئاشتی لەنێوانیانداو ئەلئەشرەفیش

لــەوەدا ســەرکەوت. هەرچەنــدە مێژوونووســان ئــەو هەواڵەیــان پشــتگوێ خســتووە، چونکــە ئەلئەشــرەف ناردیــە لای موزەفەرەددیـن -دوای ئـەوەی بەدرەددیـن چـووە ژێـر رکێفـی و ملکەچـی بـوو- گلەیـی لێدەکا لەسەرخستنی عیمادەددیــن و هاندانــی بــۆ دەســتدرێژی کردنــە ســەر موڵکەکانــی لەموســڵ و بەهەرەشــەکردنەوە پێــی دەڵــێ: «ئـەو رێسـایە لەنێوانمانـدا بەئامادەبوونـی نێردراوەکانـت بڕیـاری لەسـەر درابـوو، ئێمـەش پەیوەستی نابیـن تـا مـاف دەگەڕێتــەوە، هــەر دەبــێ ئــەوەی لەوڵاتــی موســڵ بــردراوە بگەڕێتــەوە، بــۆ ئــەوەی لەســەر ئــەو ســوێندە بــەردەوام بیـن کـە لەنێوانمانـدا خـورا[1]. ئەگـەر پابەنـد نەبـووی و رشـت بـووی لەسـەر پشـتگیریکردنی زەنگـی و سەرخسـتنی، ئــەوا مــن بەخــۆم و ســەربازەکانم دێمــە ســەر وڵاتەکــەت و هیدیکــەش و ئەوانــەی کــە بردووتانــە دەیانگەڕێنمــەوەو دەیاندەمــەوە خاوەنەکانیــان. بەرژەوەندیــش ئەوەیــە کــە قایــل بــی و بگەڕێیــەوە بــۆ راســتیەکە بــۆ ئــەوەی کارەکانمــان کۆکردنــەوەی ســەربازبێ و روو لەوڵاتــی میسـر بکەیـن و فەرەنگەکانـی لـێ دەرکەیـن، پێـش ئـەوەی بەهێزبــن و خراپیەکانیــان زۆرتربــێ[2].

١- ئـەو سـەرچاوەیەی هەواڵەکەمـان لـێ گواسـتۆتەوە ناڵـێ کەینـێ ئـەو رێسـایە بڕیـاری لەسـەر دراوەو بێجگـە لـەوەش سـەرچاوەی دیکـە باسـیان نەکـردووە.
٢- الکامل، ب٩ / ل ٣٢١.

پاشا ئەلئەشرەف بڕوای وابوو کە هەڕەشەکانی کاریگەریان لەسەر موزەفەرەددین دەبێ، بەڵام لەڕاستیدا موزەفەرەددین لەو هەڕەشانە نەترساو گوێی لەئامۆژگاریەکان کەڕکردو مکوڕ بوو لەسەر پشتیوانیکردنی عیمادەددین دژی بەدرەددین بۆ لابردنی لەسەر موسڵ، چونکە دەیزانی ئەلئەشرەف ناتوانێ هەڕەشەکەی بەجێ بگەیەنێ لەبەر خەریکبوونی بەخاچپەرستەکانەوەو ترسانی لێیان بۆ سەر وڵاتەکەی. خاچپەرستەکان لەوکاتدا (ساڵی ٦١٥) لەوپەڕی هێزدا بوون و هێرشبردنیان بۆ شام بەردەوام بوو تا گەیشتنە ئەو بەهێزیەی کە بڕیاریاندا میسریش بگرن. بەرەو دومیات رۆیشتن و گرتیشیان. ئەلئەشرەف بەشی زۆری سوپاکەی ناردە لای پاشا ئەلکامیلی برای، خاوەنی موسڵ، بۆ بەهانەوەچوونی سوپای میسر. سەرباری ئەوەش هەر خەریکی چاودێریکردنی خاچپەرستەکان بوو لەشام، چونکە دەترسا لەپڕێکەوە هێرش بکەنە سەر ئەو وڵاتانەی کە بەدەستی موسڵمانەکانەوە بوون. کە پاشا ئەلئەشرەف مکوڕیی موزەفەرەددینی لەسەر هەڵوێستەکەی بینی، دەستی کردە بەدوژمنکردنی میرەکانی دەوروپشت بۆی و بۆ خۆیانی راکێشا. لەوانەی کە پاشا ئەلئەشرەف نامەی بۆ ناردن، ناسرەددین مەحموود ئەلئەرتەقی خاوەنی حەسەن کێف و ئامەد، بەڵام ناسرەددین وەڵامی

نەدایــەوە بەڵکــو پەیوەندیــی بەموزەفەرەددینــەوە کــردو دەسـتی کـردە هێرشـکردنە سـەر هەندێـک لـەو وڵاتانـەی هــی ئەلئەشــرەف بــوون و تاڵانــی کــردن. هەروەهــا ئەلئەرتەقـی خاوەنـی ماردینیـش بـووە لای موزەفەرەددیـن و هەموویــان رێککەوتــن لــەدژی ئەلئەشــرەف. هــۆی بوونــە لای موزەفەرەددینــی ئــەو دوو ئەلئەرتەقیانــە ئــەو دوژمنکاریــە بەرەگورێشــەیەی نێــوان بنەماڵــەی ئەلئەرتەقـی و بنەماڵـەی ئەلئەیووبـی بـوو لەسـەردەمی ســەلاحەددینەوە. ســەلاحەددین دەســتی بەســەر زۆر لەوڵاتەکانیانـدا گرتبـوو و هەندێـک میـری بنەماڵەکـەی ناچـار کردبـوو کـە ملکەچـی بـن. کـە ئەلئەشـرەف بینـی هێـزی موزەەرەددیـن زۆرتـر دەبـێ لەبـەر بەدرەددیـن لێـی ترسـا، بـەڵام نەیتوانـی هیـچ شـتێک بـکا لەبـەر ئـەو بارودۆخــەی دەوروپشــتی، بــەڵام تیپێـک لەسـوپایەکەی بــۆ نــارد کــە لەشــاری نوســێبین دامــەزران لەنزیــک موسـڵ بـۆ ئـەوەی بەدرەددیـن بەکاریـان بێنـێ ئەگـەر مەترسـیەک لەموزەفەرەددینـەوە هـات[1].

عیمادەددیــن زەنگــی هــەر بەهاندانــی جێگرەکانــی بەدرەددیــن بــۆ ســەر قەڵاتــەکان نەوەســتا بــۆ ئــەوەی ملکەچبوونیـان بـۆی لـێ وەرگـرێ و قەڵاتـەکان رادەسـتی ئـەو بکـەن، بگـرە چـاوی برِیـە موسڵیش. هەرکـە سـوپای

١- الکامل، ب٩ / ل ٣٢١.

بەدرەددین لەئامێدیەوە بەدۆڕاوی گەڕایەوە بۆ موسڵ، ئەو خۆی لەلا بەهێز بوو و ئامێدیی بەجێهێشت و بەرەو قەڵاتی ئەلعەقری دراوسێی موسڵ رۆیی -کە هی خۆی بوو- بۆ ئەوەی لەوێوە فەرمانڕەوایی دەوروپشتی موسڵ بکا. موزەفەرەددین ژمارەیەکی گەورە لەسەربازی دایێ و عیمادەددین دەستی کردە هێرشکردنە سەر سنوورەکانی شارەکە بۆ تاقیکردنەوەی هێزەکەی و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ قەڵاتەکە بۆ خۆپاراستن تێیدا. کە بەدرەددین ئەوەی بینی، بەشێک لەسوپاکەی نارد بۆ دوورخستنەوەی عیمادەددین لەسنووری موسڵ. ئەو فەرمانەی کە بەدرەددین بۆ سوپای دەرکردبوو ئەوەبوو کە لەسەر سنوورەکانی بمێننەوە بۆ ئەوەی نەیەڵن عیمادەددین هێرشی لێوە بکا، بەڵام فەرماندەکانی سوپا بڕیاریان دا شەڕی عیمادەددین لەقەڵاتەکەی بکەن بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەبەدرەددین. بەشەو سوپایان بۆ برد و بەیانیی رۆژی دواتر گەیشتنە قەڵات و شەڕێکی توند لەنێوان دوو تیپەکە روویدا. هەردوو تیپەکە ئارامیەکی سەیریان گرت و لەکۆتاییدا سوپای بەدرەددین سەرکەوت و عیمادەددین دۆڕاو قەڵاتی بەجێهێشت و بەسوپاکەوە چووە ئەربل بۆ ئەوەی خۆی لەپەنا باوکی ژنەکەی بپارێزێ. سوپای موسڵ گەڕایەوەو لەسەر سنووری شارەکە دامەزرا. نێردراوانی خەلیفە ئەلناسر لیدینیڵلا و نێردراوانی

پاشا ئەلئەشرەف ئامادەبوون و پێکهاتنەکەیان لەنێوان موزەفەرەددین و عیمادەددین لەلایەک و بەدرەددین لوئلوئیش[1] لەلایەکەی دیکەوە نوێ کردەوە.

هەر لەو ساڵەی (٦١٥) کە پێکهاتنەکەی تێدا کرا، نورەددین ئەرسەلانشای خاوەنی موسڵ مرد. بەدرەددین براکەی خۆی ناسرەددین مەحموودی لەسەر موڵکەکە دانا کە تەمەنی تەنیا سێ ساڵان بوو[2]. بەمردنی نورەددین، حەزی موزەفەرەددین و عیمادەددین بۆ دەست بەسەرداگرتنی موسڵ نوێ بۆوە. ناسرەددین منداڵەو هیچ لەفەرمانڕەوایی موسڵ نازانێ و بەدرەددین دەبێتە هەموو شتێک. هەریەکە لەموزەفەرەددین و عیمادەددین پێکهاتنەکەیان پشتگوێ خست کە لەنێوان ئەوان و بەدرەددین و ئەلئەشرەف موسا کرابوو و دەستیان کردە لابردنی بەدرەددین لەسەر موسڵ. سەربازیان کۆکردەوەو ئامادەبوون بۆ جووڵەکردن. پاشان هەندێک سەربازیان ناردە سەر سنووری موسڵ و هێرشیان کردە سەری و بووە راووڕووت و خراپەکاری.

بەدرەددین سەربازی کەم بوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە پاشا ئەلئەشرەف زۆربەی سوپاکەی بۆ پاشا ئەلکامیلی برای ناردبوو بۆ یارمەتیدانی

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢١.

٢- الكامل، ب٩ / ل ٣٢١.

لــەدژی خاچپەرســتەکان لەدومیــات، وەکــو باســمان کــرد، ئەلئەشرەف زۆربــەی سوپای موسڵی بۆ خۆی داواکرد بۆ پڕکردنــەوەی ئــەو بۆشــاییەی کــە لەپــاش چوونــی سوپاکەی بــۆ دومیــات پەیــدا ببــوو. بەدرەددیــن بــەوە ســەربازی کــەم ببــوو. کــە بەدرەددیــن دەســتدرێژیی موزەفەرەددیــن و عیمادەددینــی بــۆ ســەری و خراپەکاریــی ســەربازەکانی لەموســڵ بینــی، نەشــیدەتوانی بەوەنــدە ســەربازەی هەیەتــی شــارەکەی بپارێــزێ، داوای ســەربازەکانی پاشــا ئەلئەشــرەفی کــرد کــە لەنوســێبین دامەزرابــوون، ئەوانــەش کــە ئەلئەشــرف ناردبوونــی بــۆ ئــەوێ بــۆ ئــەوەی لەژێــر دەســتی بەدرەددیــن بــن هەرکاتێــک پێویســتی پێیــان بــوو. فەرمانــدەی ســەربازەکانی ئەلئەشــرەف نــاوی عزەددیــن ئایبــەگ بــوو. ژمــارەی ئــەو ســەربازانەی لەگەڵــی بــوون کــەم بــوو کــە جێــی ئــەو ســەربازانەی بەدرەددینیــان پــڕ نەدەکــردەوە کــە ناردبوونیــە شــام. ئایبــەگ پەلــەی دەکــرد لەکوشــتار. هەرکــە لەگــەڵ ســەربازەکانی گەیشــتە بەدرەددیــن، بڕیــاری دا لەزێــی دیجلــە یەکســەر بپەڕێتــەوە بــەرەو ئەربــل بــۆ کوشــتاری موزەفەرەددیــن و عیمادەددیــن. بەدرەددیــن نەیهێشــت ئــەوە بــکا –بەدرەددیــن شــارەزاییی زۆرتــری لەئایبــەگ لەهونــەری شــەڕدا و لــەو ناوچەیــەی کــە کوشــتاری تێــدا دەکــەن هەبــوو– و داوای لێکــرد بحەســێتەوەو ســەربازەکانی ســەرەتا پشــووێک بــدەن لــەو ماندووبوونــەی ڕێــگا. ئایبــەگ هەرچەنــد پێــی خــۆش

نەبوو بەڵام بەقسەی کردو سەربازەکانی لەنزیک موسڵ بۆ ماوەی چەند رۆژێک دامەزراند. پاشان زۆریی لەبەدرەددین کرد کەپەلە بکا بەرەو ئەربل. بەدرەددینیش پێی خۆش نەبوو، بەڵام بەقسەی کرد نەوەکو سەربازەکانی تێبینیی ناکۆکیی لەگەڵ ئایبەگ بکەن و ئاریشەیەک لەنێوانیاندا سەرهەڵبدا. هەموویان لەزێی دیجلە پەڕینەوەو لەدووری دوو (فرسەخ) لەموسڵ لەرۆژهەڵاتی زێیەکە دامەزران. کە موزەفەرەددین بەهەواڵی بڕیاری هاتنیانی زانی، بەسەربازەکانیەوە بەخۆی و عیمادەددین بۆیان دەرچوون و لەزێی زاب پەڕینەوەو گەیشتنە بەدرەددین و سوپاکەی پێش ئەوەی لەپڕێکەوە بەدرەددین بیانگاتێ. هەریەکە لەمزەفەرەددین و بەدرەددین دەستیان کردە ئامادەکردنی سوپا و رێزکرتنەوەیان بۆ شەڕ. موزەفەرەددین لەلای چەپی سوپاکەی، عیمادەددین زەنگی داناو لەلای راستیشی یەکێک لەفەرماندەکانی، بەخۆشی سەرکردایەتی ناوەندی (دڵی) سوپاکەی دەکرد. هەرچی بەدرەددینە، عزەددین ئایبەگی لەسەر (جالیشیە)[1] داناو لەلای چەپیشەوە یەکێک لەگەورە فەرماندەکانی. بەڵام بەدرەددین لەکۆنترۆڵکردنی سەربازەکانی پاشا ئەلئەشرەف

١- جالیش وشەیەکی تورکیە بەمانای پێشەنگی سووپا.

لاواز بوو، ئەوەش بووە هۆی دۆڕانی لەشەڕەکەدا. ئایبەگ مکوڕی کرد لەرۆیشتن بۆ سەربازگەی موزەفەرەددین بەشەو، هەرچەندە بەدرەددین هەوڵیدا قایلی بکا بۆ بەیانیەکەی دوای بخا لەبەر ناخۆشیی ڕێگاو مەترسیەکانی، بەڵام ئایبەگ چاوەڕێی نەکردو بەسەربازەکانیەوە کەوتە جووڵە. بەدرەددینیش ناچار بوو لەگەڵی بڕوا. کە شەڕیش هەڵگیرسا، لای راستی سوپای بەدرەددین لای چەپی سوپای موزوفەرەددینی بەزاندو لای راستی سوپای موزەفەرەددینیش لای چەپی سوپای بەدرەددین. کە دوو ناوەندی سوپا گەیشتنە یەک، کە بەدرەددین ناوەندی سوپاکەی بەدەستەوە بوو، موزەفەرەددین بەدرەددینی بەزاند کە نەیتوانی لەبەرامبەر دوژمنەکەی، خۆی راگرێ، بۆیە بۆ موسڵ رایکردو چووە سەر قەلاتەکەی بۆ خۆپاراستن تێیدا، لەکاتێکدا کە موزەفەرەددین بەدوایەوە بوو تا گەیشتە نزیک موسڵ، لەنەینەوا، لەوێ سێ رۆژان مایەوە. کە زانی بەدرەددین سەرلەنوێ سەربازەکانی کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی بەرەولای بپەڕێتەوە، نەینەوای بەجێهێشت و لەزێی زاب پەڕیەوەو لەرۆخەکەی دامەزرا بۆ ئەوەی بزانێ چی روودەدا. بەڵام بەدرەددین لەجیاتی ئەوەی بەسوپاوە بۆی بچێ، چەند نێردراوێکی ناردە لای بۆ ئەوەی پێکبێن، بەمەرجێک هەریەکەو ئەوەی لەبن دەستیەتی بۆخۆی بێ. موزەفەرەددین بەوە قایل بوو و

پەیمــان لەنێوانیانــدا بەســتراو هەریەکــە ســوێندی خــوارد کــە پێیــەوە پابەنــد دەبــێ[1].

بــەڵام پێکهاتنەکــە لەنێــوان موزەفەرەددیــن و بەدرەددیــن درێــژەی نەکێشــاو هــەر زوو پێشــێلکرا. پارێزەرانــی قەڵاتــی گەواشــی -کــە یەکێــک بــووە لەقەڵاتــە هــەرە پارێــزراو و توندەکانــی موســڵ بــوو- کــە بینیــان پارێزەرانــی قەڵاتــی عیمادەددیــن قەڵاتەکــەی رادەســتی عیمادەددیــن دەکا، ئەوانیــش وەکــو ئەویــان کــرد. جێگــری بەدرەددیــن و ئەوانــەش کــە کاریــان تێــدا دەکــرد گرتیــان و بــۆ عیمادەددینیــان نــاردو داوایــان لێکــرد قەڵاتەکــە وەربگــرێ. عیمادەددیــن چــوو لێــی وەرگرتــن. بەدرەددیــن بــۆ لای موزەفەرەددینــی نــاردو نارەزایــی دەربــڕی لــەوەی کــە عیمادەددیــن کــردی و پێکهاتنــەوەو گفتەکانــی وەبیرهێنایــەوە کــە خــۆی پێیانــەوە پابەنــد کردبــوو و هــەر دوێنــێ ســوێندی لەســەر خواردبــوو. داوای لێکــرد قەڵاتــی گەواشــی بگەڕێنێتــەوە، بــەڵام موزەفەرەددیــن ئــەو داوایــەی رەتکــردەوە. ئەوجــا بەدرەددیــن بــۆ پاشــا ئەلئەشــرەفی نــارد -کــە لەحەلــەب بــوو- داوای فریاکەوتنــی لێکــرد. ئەلئەشــرەفیش لەرێــی زێــی فوراتــەوە چــووە لای لەحــەرران، بــەڵام شــتێک روویــدا کــە وای لەئەلئەشــرەف کــرد لەچوونــە موســڵ هێــور بێتــەوە.

---

١- الكامل، ب٩ / ل٣٢٢. ابن العبرى، ل ٤٠٥/٤٠٦.

ئــەوەش کــە موزەفەرەددیــن زانــی بەدرەددیــن هــاواری بـۆ پاشـا ئەلئەشـرف بـردووە، دەسـتی کـردە ئاسـتەنگ نانــەوە بــۆ ئەلئەشـرەف بــۆ ئــەوەی نەیەڵــێ بەهانــای بەدرەددینــەوە بچــێ. نامــەی بــۆ جێگرەکانــی ئەلئەشـرەف نــارد کــە لەگوێڕایەڵیــی دەرچــن. هەروەهــا نامــەی بــۆ پاشــا هاوســێیەکانی پاشــا ئەلئەشــرەف و خــاوەن دەوروپشــتەکان نــارد، لەپاشـا ئەلئەشـرەف دەیترسـاندن بــەوەی کــە ئەگــەر کێشــەکانی لەکـۆڵ بێتــەوە ئــەوا چــاو دەبڕێتــە وڵاتەکانیــان و شــەڕیان لەگــەڵ دەکا. ئەوانــەی وەڵامیــان دایــەوە: عزەددیــن کەیکاوس خاوەنــی وڵاتــی رۆم و خاوەنــی ئامــەدو حەســەن کێــف و ناســرەددین ئەرتەقــی کــوڕی ئێلغازیــی خاوەنــی ماردیــن بــوون. هەموویــان رێککەوتــن کــە کەیــکاوس بکەنــە ســەرۆکی هاوپەیمانیەکــە و بەنــاوی ئــەو لەوڵاتەکانیــان وتاریــان دەدا.

موزەفەرەددیــن هــەر بەورووژاندنــی پاشــاو میــرەکان لــەدژی پاشـا ئەلئەشرەف نەوەسـتا، بەڵکـو کاری لەسـەر راکێشــانی هەندێــک لەفەرماندەکانیشــی کــرد. لەهێنانــی ئەحمــەدی کوڕی عەلیــی مەشـتووب و عیزەددیــن محەمــەدی کــوڕی بــەدر ئەلحەمیــدی و هیدیکــەش بــۆ لای خــۆی ســەرکەوت. ئەوانــە پاشــا ئەلئەشــرەفیان بەجێهێشــت و لەدەنیســەر نزیـک ماردیـن دابەزیـن بـۆ کۆبوونـەوە لەگـەڵ خاوەنـی ئامـەد بـۆ ئـەوەی نەیەڵـن ئەلئەشرەف بـەردەوام بـێ لەچوونـی بـۆ موسـڵ بـۆ هاوکاریـی بەدرەددیـن.

بـەڵام وا ڕێککـەوت ئـەو هاوپەیمانیـە شکسـتی هێنـاو هەریەکـە لەپاشـا ئەلئەشـرەف و بەدرەددیـن لەمەترسـیەکی گـەورە رزگار بـوون، چونکـە کەیکاوسـی خاوەنـی وڵاتـی رۆم بـەرەو ماڵتیـە رۆیـی کـە لەوڵاتەکانـی پاشـا ئەلئەشـرەف بـوو بـۆ دەسـت بەرسـەرداگرتنی و لـەو بـاوەڕە دابـوو کـە ئەلئەشـرەف خێـرا بەفریـای دەکـەوێ، بەمـەش لەفریاکەوتنـی بەدرەددیـن لادەداو هـەل بـۆ موزەفەرەددیـن دەڕەخسـێ بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی موسڵ. بـەڵام پڕۆژەکـە سـەری نەگـرت چونکـە کەیـکاوس نەخۆشـیی سـیلی گرتبـوو و لەکاتـی گەمـارۆی ماڵتیـە نەخۆشـیەکە دەسـتی لێسـەند. بۆیـە ناچـار بـوو گەمارۆیەکـە هەڵگـرێ و بگەڕێتـەوە وڵاتەکـەی خـۆی. دوایـی ئەوەنـدەی نەبـرد کـە مـرد. کەیقوبـادی بـرای جێـی گرتـەوەو ئەویـش سیاسـەتێکی پەیـڕەو کـرد کـە پێچەوانـەی سیاسـەتی براکـەی بـوو. ئـەو وای بینـی کـە بەرژەوەندیـی وادەخـوازێ کـە پەیوەندیـی لەگـەڵ پاشـا ئەلئەشـرەفدا باشـبێ، بۆیـە پێکهاتنێکـی لەگـەڵ بەسـتاو ئـەو پێکهاتنـەش بەگرێبەسـتێکی هاوسـەرگیریی نێوانیـان توندکـرا[1].

ئەوەیـان یەکـەم لاوازی بـوو تووشـی هاوپەیمانیەکـە هـات. پاشـان کـە ئەوانـەی لەهاوپەیمانیەکـەدا مانـەوە

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢٨.

لەدەنیسەر کۆبوونەوە، خاوەنی ئامەد غەدری لەهاوپەیمانەکانی کردو بەگەڵ ئەلئەشرەف کەوت. بەمە هێزی هاوپەیمانان لاواز بوو و دوایی کاتێک کە فەرماندەکانی ئەلئەشرەف، ئەوانەی چووبوونە ناو هاوپەیمانیەکەوە گەڕانەوە لای، هاوپەیمانیەکە هەڵوەشایەوە. بەڵام ئیبن مەشتووب لەسەر گفتی خۆی مایەوەو لەدەنیسەرەوە بەرەو نوسێبین رۆیی بۆ ئەوەی لەوێوە بچێتە ئەربل و بەگەڵ موزەفەرەددین بکەوێ. خاوەنی نوسێبین بەو سەربازانەی هەیبوو بۆی دەرچوو بیگرێ و شەڕ لەنێوانیان هەڵگیرسا و ئیبن مەشتووب دۆڕاو زۆربەی سەربازەکانی لێی جیابوونەوەو بەردەوام بوو لەچوونی بۆ ئەربل. بەڵام کە بەشاری شەنگالدا تێپەڕی، خاوەنەکەی فرووخشای کوڕی عیمادەددینی زەنگی کوڕی مەودوود سەربازی ناردە سەری و شەڕ لەنێوان ئەوان و ئیبن مەشتووبدا هەڵگیرساو شکاندیان و گرتیان و بردیانە شەنگال. فرووخشا لەگەڵ ئەلئەشرەف و بەدرەددین هاوپەیمان بوو. کە ئیبن مەشتووب لەگەڵ فرووخشا کۆبۆوە، ئیبن مەشتووب هانیدا لەهاوپەیمانیی ئەلئەشرەف و بەدرەددین دەربچێ و بەگەڵ موزەفەرەددین بکەوێ، ئەویش بەقسەی کرد. ئیبن مەشتووب هەندێک سەربازی شەڕەخۆری کۆکردەوەو سوپایەکی لێ دروست کردن و دەستی کردە هێرشکردنە سەر ناوچەی ئەلبەقعا کە

سـەر بەموسـڵەو ژمارەیـەک گوندیـان تێـدا تـالاَن کـردو گەڕانــەوە شـەنگال. کـە بەدرەددیـن ئـەو تێکدانـەی ئیبـن مەشـتووب و سـەربازەکانی بینـی، سـەربازی بـۆ ڕەوانـە کـردو کەوتنـە شـەڕ لەگەڵـی تـا شـکاو بـۆ تـەل یەعفـور رایکـرد کـە هـی خاوەنـی شـەنگال بـوو و لـەوێ خـۆی پەنـادا. سـەربازەکانی موسـڵ بـەدوای کەوتـن و لـەوێ گەمارۆیانــدا. پاشــان بەدرەددیــن بەسـوپای موسـڵەوە بـۆی دەرچـوو و کەوتـە کوشـتاری تـا شـکاندی و گرتـی و دەسـتی بەسـەر شـارەکەدا گـرت. پاشـان لەگـەڵ دیلەکـە گەڕایـەوە بـۆ موسـڵ و رادەسـتی پاشـا ئەلئەشـرەفی کـرد. ئەلئەشـرەف لەشـاری حـەرران بەنـدی کـردو هـەر لـەو بەندیـە مایـەوە تـا لەسـاڵی ٦١٩دا مـرد[١].

هەرچـی پاشـا ئەلئەشـرەف بـوو، کـە ناسـرەددین ئەرتەقـی خاوەنـی حەسـەن کێـف و ئامـەد ملکەچـی بـوون و هاوپەیمانیەکـە هەڵوەشـایەوە، بڕیاریـدا بچێتـە سـەردانی خاوەنـی موسـڵ. لەوکاتـەی کـە هـەر لـەڕێ بـوو، دەسـتی بەسـەر شـاری ماردینـدا گـرت و خاوەنەکـەی لەگەڵـی پێکهـات و قایلـی کـرد. ئەوجـا لەماردینـەوە چـووە نوسـێبین رووەو موسـڵ. کـە هێشـتا هـەر لەڕێگـەدا بـوو نامەبەرانـی فرووخشـای خاوەنـی شـەنگالی گەیشـتنێ و پێیـان خۆشـبوو شـەنگالی رادەسـتکەن لەبەرامبـەر

١- الکامل، ب ٩ / ل ٣٢٣.

ئـــەوەی کـــە بـــە شـــاری ڕەققـــە قەرەبوویـــان بکاتـــەوە. چەنـــد هۆکارێـــک پاڵیـــان بەفرووخشـــاوە نابـــوو بـــۆ رادەســـتکردنی شـــەنگال بـــۆ پاشـــا ئەلئەشـــرەف، لەوانـــە: کەوتنـــی تـــەل یەعفـــور بەدەســـتی بەدرەددینـــی هاوپەیمانـــی ئەلئەشرەف و ڕێککەوتنـی پێشـتری لەگـەڵ ئیبـن مەشـتووب دژی ئەلئەشـــرەف، ســـەرباری ئـــەوەی کـــە هەندێـــک لەگەورەپیاوانـــی دەوڵەتەکـــەی بەگەیشـــتنی ئەلئەشـــرەف بـۆ موسـڵ ترسـاندیان و گەیشـتنیان بـەوە لێکدایـەوە کـە ڕێخۆشـکەرە بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی خـودی شـەنگال. فرووخشـاش وای بینـی کـە باشـترین کارێـک کـە بیـکا ئەوەیـە کـە بەبـێ کوشـتار رادەسـتی ئەلئەشـرەفی بـکاو شـاری ڕەققـەی لەجیاتـی لـێ وەرگـرێ. ئـەو نیشـاندانەش پاشـا ئەلئەشـرەف بەباشـترین شـێوە پێشـوازیی لێـدەکا لەبـەر هەڵکەوتـەی شـەنگال و گرنگیەکـەی بـۆ ناوچـەی ئەلجەزیـرە. بۆیـە خێـرا هـەردوو شـارەکەیان لەنێـو خۆیانـدا گۆڕیـەوە[1].

دەسـت بەسـەرداگرتنی شـەنگال لەلایـەن ئەلئەشـرەفەوە موزەفەرەددینـی زۆر بێـزار کـرد چونکـە موزەفەرەددیـن زانـی کـە ناتوانـێ لـەڕووی ئەلئەشـرەف بوەسـتێتەوە لەبـەر ئـەوەی تـازە بـووە گـەورەی ئەلجەزیـرە بەگشـتی، بۆیـە پێـی باشـتربوو پێکهاتنێکـی لەگـەڵ ببەسـتێ بـۆ

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢٤.

خۆپاراستن لەشەڕەکانی. هەرکە ئەلئەشرەف گەیشتە موسڵ -بەدرەددین بەئاهەنگ گێڕانەوە پێشوازیی لێکرد- موزەفەرەددین نامەبەرانی خۆی بۆ نارد بۆ ئەوەی لەگەڵی پێکبێ و ئامادەییشی نیشان دا کە هەموو قەڵاتەکانی کە عیمادەددین داگیری کردبوون بداتەوە بەدرەددین تەنیا قەڵاتی ئامێدی نەبێ کە موزەفەرەددین موکوڕ بوو لەدەستی عیمادەددیندا بمێنێتەوە. موزەفەرەددین بۆ ئەوەی رشتی بکا لەسەر پێکهاتنەکە، بەئەلئەشرەفی گوت: قایلبوون بەو پێکهاتنە لەبەرژەوەندیدایە بۆ ئەوەی کێشە نەمێنێ و خەریکی جیهاد بین لەگەڵ فەرەنگەکان[1].

بەڵام ئەلئشرەف چاوی لەگرتنی خودی ئەربل بوو، بۆیە هەر درێژەی بەدانووسانەکانی ئەو پێکهاتنە دەدا تا دوو مانگی خایاند، ئەوجا راستیی مەبەستەکەی دەرکەوت. لەموسڵەوە بەرەو ئەربل دەرچوو و گەیشتە گوندی ئەلسەلامیەی نزیک رووباری زاب کە موزەفەرەددین لەسەر کەنارەکەی لەلای ئەربلەوە سەربازگەکەی دامەزراندبوو وەک ئەوەی پێشبینیی سەرپرایزەکەی ئەلئەشرەفی کردبێ، بەڵام پەلەی لەکوشتاری نەکرد بەڵکو پێی باشتر بوو لەڕێی ئاشتیەوە مەترسیەکەی دوور بخاتەوە، بۆیە دەستی

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢٤.

کـردەوە بەناردنـی نامەبەرانـی بـۆ قایلکردنـی بەگرێدانـی پێکهاتنێـک. ئەوجـارە ئەلئەشـرەف پێکهاتنەکـەی قبـووڵ کـردو قبووڵکردنەکەشـی لەژێـر دۆخێکـی زەحمـەت بـوو، چونکـە سـوپاکەی لەچاوەڕوانیەکـی درێـژ بێزارببـوون و پاشـان ناسـرەددین ئەرتەقی خاوەنـی ئامـەد -کـە لەگەڵـی بـوو- بەئاشـکرا دەرکـەوت کـە روو لەموزەفەرەددینـە، بۆیـە پاشـا ئەلئەشـرەف لەهەسـتانەوەی سـوپاو لێدانـی ناسـرەددین لەپشـتەوەی ترسـا. لەبـەر ئەوانـە وەڵامـی داواکاریەکانـی موزەفەرەددینی دایـەوەو پێشـنیازەکەی کـە پێشکەشـی کردبـوو بەرادەسـتکردنی قەڵاتـەکان، بێجگـە لەقەڵاتـی ئامێـدی، بـۆ بەدرەددیـن قبـووڵ کـرد. بـەڵام مەرجـی ئەوەبـوو کـە عیمادەددینـی زەنگـی بەبارمتـە لـەلای خـۆی بێڵێتـەوەو دەسـت بەسـەر هـەردوو قەڵاتـی ئەلقەعـەر و شوشیشـدا بگـرێ -کـە هـی عیمادەددیـن بـوون- تـا ئەوکاتـەی قەڵاتـەکان رادەسـتی بەدرەددیـن دەکرێـن. عیمادەددیـن بـەرەولای ئەلئەشرەف رۆیـی و خـۆی لـەلای بەبارمتـە دانـا، ئەوجـا فەرمانـی بـۆ جێگرەکانـی لەنـاو قەڵاتـەکان دەرکـرد کـە بـەوەی کەتێیاندایـە رادەستی جێگرەکانـی پاشـا ئەلئەشـرەفی بکـەن، بـەڵام پارێزەرانـی قەڵاتـەکان رەتیـان کـردەوە فەرمانەکانـی عیمادەددیـن جێبەجـێ بکـەن، قەڵاتـی «جاسـووڕا» نەبـێ کـە بەتەنیـا بەقسـەی کـردو رادەسـتی جێگرەکـەی پاشـا ئەلئەشـرەفی کـرد. ئـەوەش عیمادەددینـی بێـزار کـرد چونکـە دەسـت

بەسەریەکەی درێژەی کێشاو ئەو ماوەیەش کۆتایی هات کە بۆ رادەستکردنی قەڵاتەکان دیاریکرابوو، بۆیە هانای بردە لای شەهابەددین غازی – برای پاشا ئەلئەشرەف– بۆ ئەوەی ببێتە پێناو لەنێوان ئەو و براکەی تا بەریبدا. پاشا ئەلئەشرەف بەقسەی برا پێناوەکەی کردو عیمادەددینی بەرداو جێگرەکانی لەهەردوو قەڵاتی ئەلعەقەر و شووش کشاندەوەو گەڕاندنیەوە بۆی و لەڕادەستکردنی قەڵاتکان بۆ بەدرەددینیش خۆشبوو[1].

لێرەدا دەبێ قسەیەک لەسەر عیمادەددین بگوترێ. لەڕاستیدا عیمادەددین زۆر لەجیاکاریەکانی فەرمانڕەواو شەڕکەری تێدا نەبوو. وەکو دەردەکەوێ، خاووخلیچک بوو، لاواز بوو، لەناو کار و رەفتارەکانیدا گەوزی دەدا، دەیویست موسڵ و پاشکۆکانی بگرێ و موڵکی خانەوادەکەی هەڵگرێتەوە، بەڵام نەخشەیەکی بۆ خۆی دیاری نەکردبوو کە لەسەری بڕوا بۆ بەجێگەیاندنی ئاواتەکانی و خۆشی بۆ شەڕە یەکلاکەرەوەکانی نێوان خۆی و بەدرەددین ئامادە نەکردبوو، بەڵکو لەچەند شەڕەتەقەیەک لەگەڵی تێکهەنگژابوو کە نەیاندەگەیاندە مەبەستەکەی، هەرچەندە موزەفەرەددین لەگەڵی بوو و پشتیشی دەگرت. پێموایە بەو رەفتارە خراپانەی موزەفەرەددینیشی تووش کردبوو چونکە لەوانەیە

---

١– الكامل، ب٩ / ل ٣٢٤.

ئەگــەر ســەركردايەتيى بدابايــە دەســت موزەفەرەددیــن و رشــتبوايە و بەڕاســتى بيويســتبايە بەدرەددیــن لەموســڵ دەربــكا، ئــەوا بەهەردووكيــان لەلادانــى بەدرەددیــن لەموسـڵ سـەردەكەوتن و دەبـووە هـى خۆيـان. هەروەهـا بيركردنــەوەى كارگێڕيــى عيمادەددیــن ســنووردار بــوو، تــا ئــەو رادەيــەى كــە حوكمڕانيــى قەڵاتەكانــى ئەوەنــدە بــاش نەبــوو كــە جێگرەكانــى لێــى رازى بــن و دڵســۆز بــن بــۆى، چونكــە زۆر قرچــۆک بــوو لــەڕووى پــارەو بەخشــين پێيــان، بەپێچەوانــەى بەدرەددیــن كــە چاكــەى لەگـەڵ دەكـرن و ديـارى و بەخشـينى دەدانـێ كاتێـک كـە قەڵاتەكانـى لەدەسـت بـوو، بۆيـە دەبينيـن خەڵكى قەڵاتـى هــەكارى و زۆزان ســەرلەنوێ تامــەزرۆى حوكمڕانيــى بەدرەددیــن بــوون، دەســتيان كــردە نامەنــاردن بــۆى كــە قەڵاتەكانيانــى رادەســت بكــەن، بەدرەددينيــش بۆيــان چــوو و وەرگريگرتــن[1]، بەمــەش لەبندەســتى عيمادەددیــن دەرهاتــن كــە زۆرى بــۆ هەوڵــدان.

هـەر بەهـۆى سياسـەتە چەوتەكـەى عيمادەددیـن بـوو كـە قەڵاتـى شووشيشـى لەدەست چـوو و لەسـاڵى ٦١٩ک (١٣٢٢ز) بــووە هــى بەدرەددیــن، لــەو ســاڵەدابوو كــە عيمادەددیــن چــووە ئازەربايجـان بەسـەردانێک بـۆ لاى ئۆزبەگـى كـوڕى پەهلەوانــى خاوەنــى. ئەويــش ميوانداريــى كــردو هەندێــک

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٢٤.

لەدابڕێنراوەكانی وڵاتەكەی بۆ دابڕی و عیمادەددین بۆ ماوەیەكی درێژ تێیدا ماوەیە و بەدرەددینیش بەرەو قەڵاتەكە رۆیشت و گەمارۆی دا و هەر شەڕی كرد تا كەوتە دەستی[1].

وادەردەكەوێ كە سستیەك كەوتبێتە نێوان موزەفەرەددین و عیمادەددین، بۆیە دەبینین موزەفەرەددین بەرگریی لەموڵكەكانی مێردی كچەكەی نەكرد، بەڵكو لێگەڕا قەڵاتەكە بكەوێتە دەست بەدرەددین.

پێكهاتنەكەی نێوان موزەفەرەددین و پاشا ئەلئەشرەف درێژەی نەكێشا چونكە لەساڵی ٦٢١ك (١٢٢٤ز) بارودۆخەكە بەرامبەر ئەلئەشرەف گۆڕا كاتێك كە كێشە كەوتە نێوان خۆی و هەردوو براكەی شەهابەددین غازی و ئەلموعەزەم عیسای خاوەنی دیمەشق. ئەلئەشرەف شەهابەددینی برای كردبووە جێگرەوەی لەدوای خۆی و هەندێك لەوڵاتی بەسەردا بڕیبوو، وەك: خەڵات و ئەرمینیا و هیدیكە، بەڵام شەهابەددین چاوی لەو وڵاتانە بوو بۆ خۆی بن و سەربەخۆیی بەوانەوە راگەیاندو لەگەڵ پاشای ئەلموعەزەم عیسای خاوەنی دیمەشق لەدژی هەردوو براكەی ئەلئەشرەف رێككەوت. پاشای ئەلمەعەزەم بەپێگەی موزەفەرەددینی خاوەنی ئەربلی دەزانی و دەیزانی ئەگەر لەگەڵیان بێ دەبێتە هێزو پشتیوان بۆیان، بۆیە

1- الكامل، ب٩ / ل٣٤٩.

ئەلناسر داوودی کوڕی بەنامەیەکەوە بۆ نارد کە داوای لێبکا لەگەڵیان بێ لەدژی دوو برایەکەی ئەلئەشرەف. موزەفەرەددینیش وەڵامی دەداتەوە، چونکە لاوازکردنی ئەلئەشرەف بەرژەوەندیی ئەوی تێدایە. کە پاشای ئەلموعەزەم وەڵامی موزەفەرەددینی بینی، بەسوپاکەیەوە بەرەو وڵاتی ئەلئەشرەف رۆیی لەجەزیرە، بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێ، تا گەیشتە «داریا». کە پاشا ئەلئەشرەف بەوەی زانی، پاشا ئەلکاملی برای، خاوەنی میسری نارد داوای فریاکەوتنی لێکرد لەبەرامبەر دوو براکەی و هاوپەیمانەکانیان[1].

هەر سێ برایەکە، پاشا ئەلکامل و پاشای مەزن و پاشا ئەلئەشرەف لەناوخۆیاندا بەردەوام ناکۆک بوون لەسەر دابەشکردنی دەوڵەتەکەی ئەلعادلی باوکیان. میسر هی ئەلکامل و دیمەشق هی ئەلموعەزەم و جەزیرەش هی ئەلئەشرەف بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێکیان بەبەشی خۆی قایل نەبوو. ئەلکامل چاوی لەدیمەشق بوو و دەیویست سەرکردایەتی بەسەر برایەکانیەوە هەبێ و هەر خۆی فەرمانڕەوای هەمووان بێ. ئەلموعەزەمیش چاوی بڕیبووە میسر و دەیویست هەموو سەر بەو بن. ئەلئەشرەفیش چاوی بەو وڵاتەی کە لەبن دەستی بوو تێر نەدەبوو و دەیویست کۆنترۆڵی ئەوانەش بکا کە

1- مفرج الكروب، ج٢ /لوحه ٢٢٤ (مخطوط).

لەبــن دەســتی کوڕەمامەکانیەتــی لەوڵاتــی شــام، وەکــو حەلــەب و حیمــس و حەمــا و هیدیکــە. بــەڵام بــارودۆخ پاشــا ئەلکامـل و ئەلئەشـرەفی ناچـار کـرد بـۆ ڕێککەوتـن لــەدژی موزەفەرەددینــی برایــان لەبــەر بەهێزیەکــەی، هەرچەنــدە ڕێککەوتنەکەیــان بنــی بــۆش بــوو. بۆیــە ئەلکامـل خێـرا فریـای ئەلئەشـرەفی بـرای کـەوت و ناردیـە لای ئەلموعەزەمـی بـرای و فەرمانـی پێکـرد کـە دەسـتدرێژی نەکاتــە ســەر وڵاتــی هــەردوو براکــەی ئەلئەشــرەف و بگەڕێتــەوە بـۆ دیمەشـق. پاشـان گەفـی چوونـە دیمەشـق و دەسـت بەسـەرداگرتنی لێکـرد ئەگـەر ئـەو مکوڕبـێ لەسـەر دەســتدرێژیی بــەردەوام بــۆ ســەر موڵکەکانــی براکــەی. ئەلموعــەزم ترسـا لــەوەی ئەلکامـل هەڕەشـەکەی بەجــێ بگەیەنــێ بۆیــە گەڕایــەوە دیمەشــق[1].

هەرچــی ئەلئەشــرەفیش بــوو ئــەوا بەســوپاکەیەوە بــەرەو خــەڵات ڕۆیــی بــۆ ئــەوەی لەدەســتی شــەهابەددین غازیــی بــرای بســتێنێتەوە. ئەلئەشـرەف بەرگریەکـی زۆری لەوەرگرتنــەوەی نەبینــی چونکــە خەڵکەکــەی لەکوشــتار ســاردبوونەوە لەبــەر ئــەوەی لەغازیــی برایــان خۆشــتر دەویســت. کــە غــازی بینــی زۆر لــەوە لاوازتــرە کــە دوژمنکاریــی براکــەی بــکا لەگەڵــی پێکهــات[2].

---

١- الكامل، ب٩ / ل٣٥٤.
٢- الكامل، ب٩ / ل ٣٥٣.

موزەفەرەددینیش بەسوپاکەیەوە بەرەو موسڵ چوو و گەمارۆی دا پێش ئەوەی رووداوەکانی برا ئەیووبیەکان بگاتە ئەو کۆتاییەی کە باسمان کرد. بەمەزەندەی موزەفەرەددین کە پاشا ئەلئەشرەف بەهەواڵی گەمارۆدانی موسڵ دەزانێ، لەکاتی گەمارۆدانیدا خەڵات بەجێ دێڵێ بۆ ئەوەی فریای بەدرەددین بکەوێ و شەهابەددین غازیی برای بەداواکاریی ئەو دەردەچێ و ئەلئەشرەف دەکەوێتە نێوان براکەی و موزەفەرەددین و دەیشکێنن. ئەوجا پاشا ئەلموعەزەم بەسوپاکەیەوە دەگاتە موسڵ و هەموویان کار بۆ ئەستاندنی دەکەن.

بەڵام خەملاندنەکەی موزەفەرەددین هەر لەدابەزینی لەموسڵەوە دەگۆڕێ. ئەو وای دادەنا کە موسڵ ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگە بگرێ لەبەر برسێتی و کەمی سەرباز تێیدا، بەڵام هەرکە گەیشتە ئەوێ، بینی بەدرەددین بەرگریەکی توندی تێدا دامەزراندووەو سەربازی بەچەک و ئامێری بەرگریی دژە ئامرازەکانی گەمارۆدان سازداوە. موزەفەرەددین دە رۆژی لەسەر مایەوە بێ ئەوەی هیچی لەگەڵدا پێبکرێ. کە ئەوەی پێگەیشتەوە کە ئەلموعەزەم لەچوونی بۆ موسڵ وەستاوە بەهۆی هەڕەشەی ئەلکامیلی برای و ئەلئەشرەفیش شاری خەڵاتی وەرگرتۆتەوەو لەگەڵ غازیی برای رێککەوتووە، ناچاربوو گەمارۆ لەسەر موسڵ هەڵگرێ و بگەڕێتەوە. لەڕووباری زاب پەڕیەوەو لەسەر رۆخی زێیەکە دانیشت

چاوەڕێی ڕووداوەکانی ڕۆژانی داهاتووی دەکرد[1]، بەڵام ئەو شکستە گەورەیە لەتوانای ئەلموعەزەم عیساو موزەفەرەددینی کەم نەکردەوە، بگرە بەردەوام بەدوای هەلێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی پاشا ئەلئەشرەف و پاشا ئەلکامیل تووش بکەن. کاتێک کە جەلالەددین خەوارزمشا (لەدوایی باسی دەکەین) لەسەر شانۆی سیاسی لەنزیک ئەو ناوچەیەی کە باسی دەکەین دەرکەوت، هەلیان بۆ رەخسا. لەهەمان ساڵدا، ٦٢١ک، جەلالەددین گەیشتە ئازەربایجان و دەستی بەسەردا گرت و لەوڵاتی ئەلئەشرەف نزیک بۆوە. پاشا ئەلمەعەزەم نێردراوێکی نارده لای جەلالەددین کە بەستنی هاوپەیمانیەتێکی نێوانیانی پێشکەش بکا دژی هەردوو براکەی ئەلئەشرەف و ئەلکامیل. جەلالەددین وەڵامی دایەوە. پاشان ئەلموعەزم ناردیە لای موزەفەرەددین و بەو هاوپەیمانیەی ناساند کە لەگەڵ جەلالەددینی بەستووە. موزەفەرەددینیش ناردی و ئەویش هاوپەیمانیەکی لەگەڵ بەستا. بەوجۆرە هەرسێ هێزە گەورەکە کۆبوونەوە. ئەگەر کۆبوونەوەکەیان تەواو ببوایە، ئەوا مەترسیەکی زۆر گەورە دەبوو بۆ پاشا ئەلئەشرەف و پاشا ئەلکامل پێکەوە[2]، بەڵام خەریکبوونی جەلالەددین بەشەڕەکانی لەگەڵ ئەوانەی لێی یاخیبوون

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٥٤.

٢- الكامل، ب٩ / ل٣٦٧. مفرج الكروب، ج٢/لوحه ٢٣٩ (مخطوط).

لەجێگرەکانــی ســەر وڵاتەکــەی، ڕێــی لەهاوپەیمانــەکان گـرت دەسـت درێـژی بکەنـە سـەر موڵکەکانـی ئەلئەشـرەف.

دوو سـاڵان تێپـەڕی کـە موزەفەرەددیـن تێیانـدا لەنیمچـە ئاگربەسـتێکدا بـوو لەگـەڵ بەدرەددیـن. کـە سـاڵی ٦٢٣ هـات، بەدرەددیـن مردنـی ناسـرەددین مەحمـوودی ڕاگەیانـد -نـەوەی دووەمـی موزەفەرەددیـن- لەگـەڵ سـەربەخۆیی موسـڵ و دەسـت خسـتنی قایلبوونـی خەلیفـەش بـۆ ئـەوە. ئەوکاتـە موزەفەرەددیـن کەوتـە جووڵـە بـۆ دەست بەسـەرداگرتنی موسڵ، چونکـە دەنگۆیـەک بڵاوبـۆوە گوایـە بەدرەددیـن ناسرەددینی کوشـتووە بـۆ ئـەوەی ڕێـی بـۆ چـۆڵ بـێ، بۆیـە دەسـتی کـردە نوێکردنـەوەی هاوپەیمانیەکـە کـە لەنێـوان خـۆی و جەلالەددیـن و پاشـا ئەلموعـەزەم دا هەبـوو، پاشـان کاری بـۆ بەهێزکردنـی هاوپەیمانیەکـە کـرد بەتێکـەڵ کردنــی خاوەنــی ئامــەدو ناسـرەددین ئەرتەقــی خاوەنــی ماردیــن. هەموویــان ڕێککەوتــن لەسـەر ئــەوەی کـە موزەفەرەددیـن بـەرەو موسـڵ بچـێ و گەمـارۆی بـداو جەلالەددینیـش شـاری خـەڵات -کـە هـی پاشـا ئەلئەشـرەفە- و ئەلموعـەزەم عیسـاش بـەرەو حیمـس و حەمـا، بـۆ ئـەوەی خاوەنـی ئـەو وڵاتانـە خەریـک بکـەن و هیچیـان نەتوانـن فریـای ئەویدیکـە بکـەون. بەدرەددیـن خاوەنـی موسڵ بـوو و ئەلئەشـرەف موسـا خاوەنـی جەزیـرەو خـەڵات. خاوەنـی حیمـس و حەمـاش یەکدەسـت بـوون لەنـاو هاوپەیمانیەکـدا دژی ئەلموعـەزەم عیسـاو موزەفەرەددیـن، بـەڵام شـتێک

روویدا کە گرێی ئەو هاوپەیمانییەی نێوان موزەفەرەددین و جەلالەددین و ئەلموعەزەم عیسای هەڵوەشاندەوە. ئەویش ئەوە بوو کە جێگری جەلالەددین لەسەر «کرمان» لێی راستبۆوە بۆ ئەوەی بەخۆی سەربەخۆبێ بەهەرێمەکە. جەلالەددینیش بۆی چوو بۆ ئەوەی ملکەچی بکاتەوە. بەو چوونەشی هاوپەیمانەکانی لاوازکرد، بەڵام موزەفەرەددین بەسوپاکەیەوە بۆ موسڵ رۆیی و گەمارۆی دا. ئەلموعەزەمیش بەرەو حیمس و حەما دەرچوو و گەمارۆی دان، بەڵام پاشا ئەلئەشرەف دەستەوبەستراو نەوەستا، ئەویش بەسوپاکەیەوە بەرەو موسڵ رۆیی تا فریای بەدرەددین بکەوێ و لەرێی خۆیدا بەماردین تێپەڕی و گەمارۆی داو تێکیدا. ئەوکاتە ئەلموعەزەم ترسا ئەلئەشرەف دەستی بەسەردا بگرێ، بۆیە ناردیە لای و پێشنیازی بۆ کرد کە ماردین بەجێ بێلێ لەبەرامبەردا ئەویش حیمس و حەما بەجێ دێلێ و بۆ موزەفەرەددینیش بنێرێ کە واز لەموسڵ بێنێ. ئەلئەشرەف ئەو پێشنیازەی ئەلموعەزەمی قبووڵ کردو دەستی لەماردین هەڵگرت. ئەلموعەزەمیش حیمس و حەمای بەجێهێشت و موزەفەرەددینیش وازی لەموسڵ هێناو گەڕایەوە بۆ ئەربل، دوای ئەوەی دەوروپشتەکانی موسڵ و ماردینی تێکدا لەئەنجامی ئەو شەڕانەی کە تێیاندا روویاندا[1].

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٦٧.

لەساڵی ٦٢٧ک (١٢٢٠ز) پایەی پاشا ئەلکامیل بەرز بۆوەو هێزەکەی زۆرترو بوێریی توندتر بوو، چونکە بووە خاوەنی میسرو شام پێکەوە. بڕیاری دا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بگرێ، واتە وڵاتانی جەزبرە دەست بەسەردا بگرێ. بەسوپاکەیەوە لەدیمەشق دەرچوو و لەزێی فورات پەڕیەوەو لەرەققە دابەزی، پاشا و میرەکانی ناوچەکە لێی ترسان، بۆیە ناردیانە لای بۆ ئەوەی بۆخۆیانی رابکێشن و بچنە ژێر رکێفی. کە موزەفەرەددین ئەوەی بینی، وای بەبەرژەوەندی زانی کە لەگەڵ پاشا ئەلکامیلدا پەیمانی دۆستایەتی و دراوسێیەتیەکی باش ببەستێ و ناردیە لای. پەیمانەکە لەنێوانیاندا گرێدرا. ئەو پەیمانە کۆتایی ململانێی نێوان موزەفەرەددین و بەدرەددینی خاوەنی موسڵ و نێوانی ئەو و ئەیووبیەکان بوو.

موزەفەرەددین تووشی دوو مەترسیی گەورە هات. ئەوەندەی نەما بوو ئیمارەتەکەی بڕووخێنن، ئەوانیش مەترسیی جەلالەددین خەوارزمشاو مەترسیی تەتەرەکان بوو.

لەساڵی ٦١٥ک (١٢١٨ز) دا تەتەرەکان بەسەرکردایەتیی جەنگیزخان لەوڵاتانی چینی خۆیان دەرچوون بۆ هێرشکردنە سەر جیهانی موسڵمانان. دەوڵەتی خەوارزمیەکان لەوکات خاوەنی دەستوەشاندن بوو لەڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیی سەر تخووبی چین، بەڵام بەزۆر دوژمن گەمارۆ درابوو کە ئەو پاشاو میرە موسڵمانانە بوون کە دەوڵەتەکە

دەستی بەسەر موڵک و ئیمارەتەکانیاندا گرتبوو. کە لەپڕ و بەخێرایی تەتەرەکان بۆی هاتن، ئەو دەوڵەتە کەسی دەست نەکەوت لەدژی هێرش بەرەکان لەگەڵی بوەستێ. هەروەها نەیتوانی رووبەرە فراوانەکەی بەتەنیا بپارێزێ، بۆیە تەتەرەکان هەر هەرێم و شارێکی کەوتە پێشیان رایانماڵی و جەلالەددین خوارەزمشاش لەپێشیانەوە رایکرد تا گەیشتە ئازەربایجان و کردیە بنکەیەک بۆ پێشگرتن لەخشینی تەتەرەکان.

شەڕەکانی جەلالەددین دژی هێرشکەرە تەتەرەکان شل بوو. هەندێک جار سەردەکەوت و زۆرجاریش شکستی دەهێنا. لەساڵی ٦٢٢ک (١٢٢٥ز) جەلالەددین لەناخەوە هەستی بەکەمێک هێز کرد. لەهەمان کاتیشدا تەتەرەکان بۆ ماوەیەک وازیان لێی هێنا. ئەوەی بەهەل زانی و دەستی کردەوە بەپرۆسەکانی جەنگ، بەڵام لەجیاتی ئەوەی رووی لەتەتەرە دوژمنەکانی بکاو ئەوەی لێیان داگیرکردووە لەوڵات و دەوڵەتەکەی بیسەنێتەوە، رووی کردە ئیمارەتە ئیسلامیەکان و هێرشی کردە سەر دقووقا و گرتی. پاشان چووە سەر بەوازیج کە هی خاوەنی موسڵ بوو. موزەفەرەددین ترسی وڵاتەکەی لەدەست جەلالەددین لەلای پەیدا بوو، بۆیە نێردراوانی خۆی ناردو ملکەچیی خۆی نیشان دا. جەلالەددینیش وەڵامی دایەوە. ئەوجا موزەفەرەددین چووە لای و بڕیاری رێککەوتن و لەگەڵبوونی پێدا.

کە پاشا ئەلموعەزەم عیسای خاوەنی دیمەشق بەگەیشتنی جەلالەددینی زانی بۆ بەوازیج، ناردیە لای و هاوپەیمانیەکی دژی هەردوو برایەکەی، پاشا ئەلکامیل و پاشا ئەلئەشرف، لەگەڵ بەستا کە موزەفەرەددینیش تێیدا بەشدار بوو. ئەویش ئەو پەیمانە بوو کە پێشتر قسەمان لەسەری کرد.

بەڵام جەلالەددین لەساڵی ٦٢٨ک (١٢٣٠ز) دیسان بیری لەدەست بەسەرداگرتنی ئەربل کردەوە، بەڵام موزەفەرەددین توانی لەو بڕیارەی ساردی بکاتەوەو پێکهاتنەوەکەی[١] لەگەڵ نوێکردەوەو بەیەکجاری مەترسیی جەلالەددینی لەسەر نەما، چونکە لەسەر کێشەیەک لەساڵی ٦٢٨ یان ٦٢٩دا کوژرا[٢].

## موزەفەرەددین و تەتەرەکان

مەترسیی تەتەرەکان لەسەر ئەربل زۆر لەمەترسیی جەلالەددین و خەوارزمشا توندتر بوو. گوتمان ئەوان بەردەوام دەخشین و هێزەکانی جەلالەددینیان رادەماڵی، تا ساڵی ٦١٧ک (١٢٢٠ز) گەیشتنە مەراغەو گرتیان و بەرەو ئەربل رۆیشتن. موزەفەرەددین بەپەلە داوای بەهاناوەهاتنی لەبەدرەددین لوئلوئی دوژمنی و خاوەنی موسڵ کرد.

١- مراة الزمان، ب٨ / ل ٦٦٩.
٢- مراة الزمان، ب٨ / ل ٦٦٩/٦٧٠.

بەدرەددینیش خۆی نەگنخاندو وەڵامی دایەوەو بەپەلە سەربازی ناردە هانایەوە لەترسی ئەوەی خودی موسڵ بگرن، چونکە هەواڵی خشینی تەتەرەکانی گەیشتبووێ و خەڵکەکەی تووشی شێواویەکی زۆر ببوون. ئیبن ئەسیری مێژوونووسی سەردەمەکە، کە لەوکات لەموسڵ دادەنیشت، دەڵێ: «هەواڵەکە لەموسڵ گەیشتە ئێمەو ئەوەندە ترساین کە هەندێک خەڵک خۆیان بۆهەڵاتن ئامادەکرد لەترسی شمشێر». ئەوجا بەدرەددین بەو سوپایەی مابۆوە چووە سەر ئەو سنوورەی وڵاتەکەی کە ڕێی تێدەچێ تەتەرەکان لێیەوە بێنە ناو وڵات[1].

کە یارمەتیی موسڵ گەیشتە موزەفەرەددین، سوپا هەمووی چووە دەرێ بۆ دەوروپشتی وڵات بۆ پاراستنی و ڕاگرتنی تەتەرەکان لەکاتی خشینیان بەرەو شارەکە. ویلایەتەکەی موزەفەرەددین دەکەوتە ناوچەیەکی شاخاویی ڕێگاوبان پێچاوپێچ کە هەمووی دەربەندی ئەوەندە تەسکبوو کە سوپای گەورە نەیدەتوانی پێیدا تێپەڕێ. تەنیا یەک یەک سوار دەیتوانی پێیدا بڕوا. موزەفەرەددینیش سوپاکەی بەسەر ئەو دەربەندانەدا دابەش کردبوو هەتا کە دوژمن بەرەو شار هات بەسەریان دادەن، بەڵام لەبەر هۆکارێک

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٣٧.

کــە مێژوونووســان روونیــان نەکردۆتــەوە، تەتــەرەکان لەپێشــڕەوی بــەرەو ئەربــل وەســتان.

کــە خەلیفــە ناســر لیدینیڵــڵا لەبەغــدا بەگەیشــتنی تەتەرەکانــی بــۆ مەراغــەی زانــی کــە بڕیاریــان داوە بــەرەو ئەربلــی نزیــک بەغــداش بــڕۆن، وای دانــا کــە تەتــەرەکان ناتوانــن بچنــە نــاو ویلایەتەکــەی لەبــەر خراپیــی ڕێــگاو ڕێبازەکانــی و ئەوکاتــە وایــان بەبیــردا دێ کــە عێــراق بکەنــە مەبەســت و هێــرش بکەنــە ســەر بەغــداد. پاشــان ناردیــە لای بەدرەددیــن لوئلوئــی خاوەنــی موســڵ و موزەفەرەددیــن و فەرمانــی پێکــردن کــە لەگــەڵ ســەربازەکانی لەشــاری دەقووقــا کۆببنــەوە بــۆ ئــەوەی تەتــەرەکان لەبەغــدا دووربخەنــەوە، ئەگــەر بیریــان لەهێرشــکردنە ســەری کــردەوە. هەروەهــا بــۆ لای پاشــا ئەلئەشــرەف موســای ئەیووبــی نــاردو فەرمانــی پێکــرد بەخــۆی و ســەربازەکانی ئامادەبــن بــۆ دوورخســتنەوەی تەتــەرەکان لەبەغــدا. ئەلئەشرەف داوای لێبوردنــی لەخەلیفــە کــرد لەبــەر ئــەوەی زۆربــەی ســوپاکەی ئامــادە دەکــرد بــۆ ئــەوەی بینێرێتــە لای پاشــا ئەلکامیلــی بــرای لەمیســر کــە لــەوێ شــەڕ هەڵگیرســابوو لەنێــوان ئــەو و ئــەو خاچپەرســتانەی کــە دەستیان بەســەر دومیاتــدا گرتبــوو، ئــەو سەربازانەشــی کــە لەلادەمێننــەوە ئــەوا بــۆ پاراســتنی شــام لەخاچپەرستەکانی تێیــدا نیشــتەجێن هەڵگرتــووە یــان دەیاننێــرێ بــۆ براکــەی ئەگــەر کێشــەکە ئاڵۆزتــر بــوو.

بەدرەددینیش بەشێک لەسوپاکەی بۆ موزەفەرەددین ناردو لەدەقووقا دابەزین و چاوەڕێی سەربازانی خلیفە بوون. کە خەلیفە بەگەیشتنی موزەفەرددینی زانی بۆ دەقووقا، گەورەترین میرەکانی خۆی لەعێراق بۆ نارد کە قشتومەر بوو و لەگەڵ میری دیکە بەنزیکەی هەشت سەت سوارەوە وەکو بەشی یەکەم لەسوپایەکی گەورە کە خەلیفە بەتەمابوو کۆی بکاتەوە.

موزەفەرەددین چاوەڕێی گەیشتنی سەربازەکانی دیکەی خەلیفە بوو بۆ ئەوەی دەست بەشەڕی تەتەرەکان بکا، بەڵام خەلیفە تەنیا هەشت سەت سواری بۆ نارد. بینی کە ناتوانێ بەو سوپایە رووبەڕووی تەتەرەکان بێتەوە، چونکە سوپای تەتەرەکان زۆر لەژمارەو چەک لەهی ئەو پتربوون و دەستدرێژی نەکردە سەریان لەترسی ئەوەی دوژمن سەربازەکانی لەناو ببەن. موزەفەرەددین هەواڵەکەی لەگەڵ خەلیفە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: «کە خەلیفە لەبەر تەتەرەکان ئەوانەی نارد، پێمگۆت: دوژمن بەهێزەو منیش ئەو سەربازەم نیە پێیەوە رووبەڕووی ببمەوە. ئەگەر دەهەزار سوارچاکم لەلا کۆبێتەوە، ئەوا ئەوەی لەوڵات بردراوە دەیسێنمەوە. فەرمانی پێکردم بڕۆم و گفتی دامێ بەگەیشتنی سەرباز. کە رۆیشتم، بێجگە لەو ژمارەیەی کە نەدەگەیشتە هەشت سەت خەسێنراو (تەواشی). مامەوەو نەمویست خۆم و موسڵمانان بخەمە مەترسیەوە»[1].

---

١- الكامل، ب٩ / ل٣٣٧.

بەڵام هەرچۆنێک بێ، دەرچوونی موزەفەرەددین بەو سوپا گچکەیەوە بۆ دەقووقا سوودێکی گەورەی هەبوو، چونکە تەتەرەکان کە بەکۆبوونەوەکەی سەربازانی ئیسلامیان زانی لەدقووقا، واتێگەیشتن کە سەربازەکان هێرشیان دەکەنە سەر، بۆیە گەڕانەدواوەو لەدوور دامەزران. کە موزەفەرەددین بینی تەتەرەکان جوولە ناکەن و خەلیفەش ئەوەی پەیمانی دابوو لەسەرباز بۆی بنێرێ، نەینارد، بەسوپاکەیەوە گەڕایەوە ئەربل و سوپای بەدرەددینیش گەڕایەوە بۆ موسڵ[1].

بەڵام تەتەرەکان لەساڵی ٦٢٨ک بایاندایەوە سەر ئەربل. لەمانگی زیلحیجەی هەمان ساڵ تەتەرەکان لەئازەربایجانەوە بەرەو ئەربل خشین و لەڕێی خۆیاندا دەستیان کردە تاڵان و تێکدان و کوشتنی هەرچی تووشی بوون، لەپیاو و ژن و منداڵ، تا ئەو رادەیەی کە هاوچەرخەکان نەیاتوانی بیانژمێرن. ئەوجا گەیشتنە ویلایەتی ئەربل و گوندەکانیان تاڵان کرد و بەهەریەکێکی لەدانیشتووانەکەی وەستان کوشتیان و کارەساتی وایان نایەوە کە سەری منداڵی ساوای سپی دەکرد.

کە موزەفەرەددین بەو هێرشە کتوپڕەی زانی، ناردیە لای بەدرەددین لوئلوئ و هۆشداری دا لەمەترسیەکی راستی ئەوجارەو هانیدا بۆ ناردنی هاوکاریەکی

١- الكامل، ب٩ / ل٣٣٧.

سەربازی پێش ئەوەی تەتەرەکان بچنە ناو ویلایەت و پاشان موسڵیش. بەدرەددین بەپەلە بەشێکی گەورەی لەسوپاکەی نارد. کە سوپاکەی موسڵ گەیشتە موزەفەرەددین، بەوان و سوپاکەی خۆیەوە چووە کوشتاریان، بەڵام کەسیان لەتەتەرەکان نەدۆزیەوە چونکە هەر تالان و بڕۆی خەڵکەکەیان کرد و پاشان گەڕانەوە ئەو جێیەی لێیەوە هاتبوون[1].

ئیبن ئەلفووتی بەتەنیا ئەو هەواڵەی خوارەوە لەساڵی ٦٢٩ک دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەو ساڵەدا هەواڵ گەیشتە بەغدا کە سەربازانی مەغۆلەکان لەوڵاتی ئازەربایجان بڵاوەیان کردووەو گەیشتوونەتە ئەو وڵات و گوندە نزیکانە تا گەیشتوونەتە شارەزوور و خەلیفە موستەنسیر بیللا ترسا هێرش بکەنە سەر بەغدا، بۆیە خۆی ئامادەکرد بۆ بەرگریکردن لێی و بۆ هەموو بەشەکانی وڵات فەرمانی نارد بۆ کۆکردنەوەی سوپا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی سەر بەغدا. پاشان موزەفەرەددین ناردیە لای خەلیفەو داوای هاوکاریی لێکرد کە سەربازی بۆ بنێرێ بۆ رێگرتن لەهاتنی تەتەرەکان. خەلیفە فەرمانی بەهەندێک لەسەربازانی کرد بۆ لای موزەفەرەددین بچن، بەسەرکردایەتیی جەمالەددین قەشتومەری ناسری و میرەکانی شەمسەددین

١- الكامل، ب٩ / ل٣٨٥.

قەیران و عەلائەدین ئیڵدیکەز و بەهائەددین ئەرغەش و فەلەکەددینی سەرۆکی بەیاتی لەگەڵ بوو. هەموویان بەرەو موزەفەرەددین رۆیشتن و لەشوێنێکی نزیک قەڵاتی کەرخیتا بەیەک گەیشتن.

ئەوەندەی نەمابوو کارەساتێک لەنێوان سەربازانی خەلیفەو سەربازانی موزەفەددین رووبدا، چونکە سەربازێک لەسەربازەکانی خەلیفە بووە دەمەقاڵێی لەگەڵ بەیتارێک لەسوپای موزەفەرەددین. هەر لایەو پشتی لایەنی خۆی گرت و بووە شەڕ. موزەفەرەددین بۆ سەربازانی خۆی گەرم داهات و چەکی لەخۆ بەستاو بەسواری هانی سەربازانی خۆی دەدا بۆ کوشتاری سەربازانی خەلیفە. کە رووداوەکە دەگاتەوە قەشتومەر، بەپەلە دەچێتە لای موزەفەرەددین و دڵی چادەکاتەوەو پاشان سەرکۆنەی دەکاو کردەوەکەی پێ ناشیرین دەبێ. موزەفەرەددینیش هێور دەبێتەوەو داوا لەسەربازەکانی دەکا کوشتار راگرن. قەشتومەریش فەرمان دەداتە سەربازەکانی کە چەک دانێن و بەمە کێشەکە دەبڕێتەوە.

ئەوجا فەرماندەکانی سوپای خەلیفەو موزەفەرەددین رێکدەکەون کە بەرەو شارەزوور بڕۆن چونکە پێیان گەیشتەوە کە تەتەرەکان گەیشتوونەتە سامیان -یان سامین- کە گوندێکی هەمەدانەو بەخاسبەگی خاوەنیەوە گەمارۆیان داوە. قەشتومەر پێشەنگی سەربازەکانی بۆ

نــارد، پاشــان ســوپاكە چــووە شــوێنێک پێــی دەگوتــرێ شــوێنی كــوردەكان. هەندێــک لەســەربازانی خەلیفــە ســێ كــەس و ژنێكــی مەغۆلــەكانیــان گــرت و هێنایانــە بــەردەم قەشــتومەر. قەشــتومەر پرســیاری بــاری مەغۆلەكانــی لێكــردن. ئەوانیــش گوتیــان لەمەراغــە بەجێیــان هێشــتوون. قەشــتومەر داوای لێیــان كــرد ببنــە موســڵمان، ئەوانیــش بوونــە موســڵمان و رەگڵ خــۆی خســتن. ئەوجــا ســوپا رۆیــی تــا لەدەربەنــد پەڕیــەوەو ئیڵداكزیــان گەیشــتێ و هەواڵــی دانــێ كــە لەنــەكاو تووشــی یــەزكا (پێشــەنگ) ی مەغۆلــەكان بــوون و كورتەشــەڕێک لەنێوانیانــدا روویــداوەو مەغۆلــەكان لەبــەر زۆری و ناســینی ئــەو خاكــەی لەســەری دەجەنگــن ســەركەوتن و پێشــڕەوی پێشــەنگەكەیان لەگــەڵ كۆمەڵێــک ســەرباز كوشــتووە. ئەوكاتــە ســوپا مكوڕبــوو لەســەر رۆیشــتن تــا گەیشــتە شــارەزوور و لەگوندێــک دابەزیــن پێــی دەڵێــن «موغــان» لــەڕۆژاوای شــارەزوور، بــەڵام نەیانتوانــی لێــی دابــەزن لەبــەر نەبوونــی ئــاوی شــیرین لێــی و ژمارەیەكــی زۆر بــەو هۆیــەوە لــەو گونــدە مــردن.

وادەردەكــەوێ كــە موزەفەرەددیــن بینــی ئــەوەی دەیكــەن لــەو كارە پڕمەترســیە بیهوودەییەكــی تــەواوە، چونكــە ژمارەیــان كەمــەو ئازووقەشــیان كەمــەو دوژمنەكەشــیان لەژمــارەو كەرەســتەدا لەســەرووی ئەوانەوەیــە، بۆیــە بڕیــاری دا بگەڕێتــەوە ئەربــل بــەڵام ئــەو حــەزەی بــۆ

سوپای خەلیفە رانەگەیاند نەوەکو نەیەڵن بگەڕێتەوە، خۆی نەخۆش خست و هیلاکیەکی وای نیشاندا کاتێک کە قەشتومەر هاتە سەری، بڕوای کرد کە بەڕاستی نەخۆشەو بەزەیی پێهاتەوە. بۆ ئەوەش هیچ گومانێک بۆ گەڕانەوەکەی دروست نەکا، داوای لەقەشتومەر کرد کە شەرەفەددین عەلیی کوڕی لەگەڵ بنێرێ بۆ ئەوەی لەئەربل لەگەڵی بێ و ئەگەر مرد وڵات بگرێتە دەست و داوای ئەوەشی لێکرد کە ئەمیر سەعدەددین حەسەنی کوڕی ئەلحاجبی لەگەڵ بنێرێ بۆ ئەوەی بیکاتە والی لەسەر قەڵاتی خەفتیز، قەشتومەر وەڵامی ئەوانەی دایەوەو موزەفەرەددین رووەو شارەکە چوو و قەشتومەریش چووە قەڵاتی کەرخیتا.

کە موزەفەرەددین گەیشتە ئەربل، شەرەفەددین عەلی و سەعدەددین حەسەن چەند رۆژێک لەلای مانەوە. پاشان موزەفەرەددین فەرمانی پێکردن دوای ئەوە ئەربل بەجێ بێلن چونکە تەندروستیی زۆر تەواوەو خۆنەخۆشخستنی فێڵێک بووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. ئەوانیش گەڕانەوە کەرخیتاو بەقەشتومەریان گوت موزەفەرەددین چی پێگوتوون.

قەشتومەریش بینی کە زۆربەی ئەو سەربازانەی لەگەڵی بوون بەجێیان هێشت و بێجگە لەو سەربازانەی کە لەبەغداوە هێنابوونی و هەندێک سەربازی خۆبەخش، کەسی دیکەی لەگەڵ نەماوە. هەروەها بینی کە

مەغۆلــەکان نزیــک بووینــەوە لێــی، بەڕادەیــەک کــە چادرەکانــی دوو میــر لەمیرەکانیــان لــێ دزیــوە، لەگــەڵ ئەوانــەی لەگەڵــی مانــەوە لەفەرماندەکانــی ڕێککــەوت کــە بەشــەو بەبــێ هــەراو دەنگەدەنــگ بکشــێنەوە – نەوەکــو دوژمــن ئــاگای لێیــان بــێ و راویــان بنــێ– بــۆ شــوێنێک کــە پێــی دەڵێــن «شــاری کــورد» کــە تێیــدا بوارەکــە بــۆ شــەڕکردن باشــترە لەبــەر فراوانــی خاکەکــەی. ئەوجــا ســەربازە خۆبەخشــەکانی لێــی جــودا بوونــەوەو هەریەکــە گەڕایــەوە وڵاتــی خــۆی. بــەوەش قەشــتومەر هێزەکــەی گچکــە بــۆوە. ناردیــە بەغــدا بــۆ بەرپرســەکانی روونکاتــەوە کــە ئــەو پێگــە لەرزۆکــەی کــە تێیکەوتــووەو ســەربازەکانی بەجێیــان هێشــتووە. ئەوانیــش ڕێگەیــان دا بەســەربازەکانیەوە بگەڕێتــەوە بــۆ بەغــدا، ئەویــش گەڕایــەوە[1]. تەتەرەکانیــش تــا دوای مردنــی موزەفەرەددیــن هێرشــیان نەکــردە ســەر ئەربــل.

## موزەفەرەددین و هەوڵە فراوانخوازیەکانی

موزەفەرەددیــن وەکــو میرەکانــی ســەردەمی خــۆی، هەوڵیــدا بەختــی خــۆی تاقــی بکاتــەوە لەفراوانخــوازی لەســەر حیســابی دراوســێکانی. پێشــتر ســەردەمی موزەفەرەددینمــان بــەوە ناونــا کــە «ســەردەمی

---

١- الحوادث الجامعة، ل٢٧..

باڵادەستیە» و فەرمانڕەوایی تێیدا بۆ ئەوەیە کە هێزو توانستی پتری لەفەرمانڕەوایانی دیکە هەبێ، بەڵام لەڕاستیدا موزەفەرەددین هەتا بنچەناگەی نقوومی ئەو شەڕانە نەببوو و هەوڵی تاقیکردنەوەی بەختی خۆی لەفراوانخوازی رووبەری ئیمارەتەکەی لەسەر حیسابی هاوسێکانی نەدابوو، تەنیا جارێک نەبێ – بەپێی ئەوەی لەلای مێژوونووسەکان دۆزیمانەوە–. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵەی بەهۆی پاڵنەری خودی خۆیەوە نەبوو، بەڵکو بەکاریگەریی داواکاریەک بووە کە لەدەرەوە بۆی هاتووەو وەڵامی داوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەهەوڵەکەی سەرنەکەوتووە. ئەو هەوڵەش لەساڵی ٦٠٢ک (١٢٠٥ز) بوو.

هەرچی جەنگەکانیەتی دژی موسڵ لەسەردەمی پاشایەکانی، ئەوا مەبەست لێیان پاراستنی ئیمارەتەکەی بووە لەچاوچنۆکیی ئەوانەی چاویان تێبڕیبوو. شەڕەکانی دژی بەدرەددین لوئلوئیشی شەڕی بۆماوە بوون و مەبەست لێیان پاراستنی مافی هەردوو نەوەکەو مێردی کچەکەی عیمادەددین زەنگی بوو لەموسڵ. هەرچی هەوڵە فراوانخوازیەکانی لەساڵی ٦٠٢ک بوو، ئەوا هۆکارەکەی ئەوە بووە کە ئەبوبەکری کوڕی پەهلەوانی خاوەنی ئازەربایجان نموونەی فەرمانڕەوایەکی خراپ بوو. ئەوەندە ئالوودەی خواردنەوە بوو کە نەشەو و نەڕۆژ لێی واگا

نەدەهاتــەوە، وەک ئیبــن ئەســیری مێژوونــووس دەڵــێ، کاروبــاری وڵات و خەڵکەکــەی بەجۆرێــک پشــتگوێ خســتبوو کــە دراوســێکانی چاویــان تێبڕیبــوو. هەریەکــەو دەســتی کــردە دابڕینــی پارچەیــەک تــا ئــەو رادەیــەی ئیتغمەشــی بەندەکــەی -کــە جێگــری بــوو لەهەندێــک لەوڵاتەکــەی- ئــەوەی لەبــن دەســتیدا بــوو بــردی و ســەربەخۆیی راگەیــان و ئــەو هــەر لەســەر خواردنــەوەو رابواردنەکانــی بــەردەوام بــوو.

عەلائەددینــی قەراســینقەری خاوەنــی مەراغــە[1] لەدراوســێیەکانی ئەبــی بەکــری کــوڕی پەهلــەوان و یەکێــک لەچاوتێبڕەکانــی وڵاتەکــەی بــوو. هەلــی پشتگوێخســتنی ئەبــی بەکــری بــۆ کاروبــاری وڵاتەکــەی قۆزتــەوەو دەســتی بەســـەر قەڵاتێــک لەقەڵاتــە قایمەکانیــدا گــرت، پاشــان ئــەو دەســت بەســەرداگرتنە هانــی دا بــۆ ئــەوەی دەســت بەســەر هەمــوو وڵاتەکەیــدا بگــرێ، بــەڵام پێــی وابــوو کــە بەتەنیــا ناتوانــێ ئــەو مەبەســتە بەجــێ بگەیەنــێ، بۆیــە لەیەکێــک دەگــەڕا لــەو جەنگــە هاریکاریــی بــکا. ئــەوەی لەموزەفەرەددینــدا دەســتکەوت و وەڵامــی دایــەوە. ئەگەرچــی ئیبــن ئەســیر - ئــەوەی ئــەو هەواڵــەی لــێ دەگوازینــەوە- نــاوی بەشــەکەی موزەفەرەددینــی لــەو دەســتکەوتە نەهێنــاوە ئەگــەر پڕۆژەکــە ســەری گــرت، ئــەوا دەکــرێ

١- شــارێکە لەهەرێمــی ئازەربایجــان کــە جــوان پــڕ لەبــاخ و دارودرەخــت و کشــتوکاڵە.

بڵێین کە بەشەکەی کەمتر نەبووە لەبەشی عەلائەددین لەوڵاتەکەی ئەبی بەکر.

هەرچۆنێک بێ، موزەفەرەددین لەئەربل بەسوپاکەیەوە دەرچوو بەرەو مەراغەو تێکەڵی عەلائەددینی خاوەنی بوو. پاشان هەردووکیان بەسوپاکانیانەوە بەرەو «تەبرێز» لەوڵاتی ئەبوبەکر دەرچوون بۆ دەست بەسەرداگرتنی. کە ئەبو بەکر بەوەی زانی، زۆر ترسا چونکە نەیدەتوانی شەڕی لەگەڵ بکا. بۆیە ناردیە لای ئەیتغمەشی بەندەکەی و داوای لێکرد یارمەتیی بدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕی هێرشبەرانی سەر شارەکە. بەندەکەی وەڵامی دایەوەو بەسەربازانەوە چووە لای. ئەوجا نامەیەکی بۆ موزەفەرەددین نارد تێیدا گلەیی و گازاندەو هەڕەشەی کردبوو. ئەو نامەیە پێگەی موزەفەرەددینمان بۆ روون دەکاتەوە لەدەرەوەی ئەربل و ئەوەشی کە خەڵک لەسەرسامی و رێز بۆ سەربردە باشەکەی هەیانە. ئایتغمەش لەنامەکەیدا بەموزەفەرەددین دەڵێ» ئێمە لەسەر تۆمان دەبیست کە خەڵکی زانست و خێرخوازت خۆش دەوێ و چاکەیان لەگەڵدا دەکەی. بڕوامان وابوو کە خێرخوازو ئایینداری. بەڵام کە ئێستا بۆمان دەرکەوت پێچەوانەی ئەوەی و دەتەوێ وڵاتانی ئیسلام بگری و موسڵمانان بکوژی و ماڵیان تالان بکەی و کێشە بنێیەوە. ئەگەر وابی ئەوا هۆشت نیە.

دێیە لای ئێمە خۆت خاوەنی گوندێکی و ئێمە هەر دەرگای خوراسانمان هەیە تا دەگاتە خەڵات و ئەربل. وابزانم شکستت بەوە هێنا (واتە ئەبوبەکر)، ئەدی نازانی کە لەو بەندیانەی هەیەتی من یەکێکم لێیان. ئەگەر لەهەر گوندێک بارێک و لەهەر شارێک دە پیاو ببا، ئەوا چەند ئەوەندەی سەربازەکانت کۆدەکاتەوە. بەرژەوەندی ئەوەیە کە بگەڕێیەوە وڵاتەکەت و بۆیەش ئەوەت پێ دەڵێم بۆ ئەوەی بمێنیەوە». لێرەدا تێبینی دەکەین کە ئایتغمەش موزەفەرەددین شەرمەزار دەکا بەوەی کە خۆی کردی لەدەست بەسەرداگرتنی وڵاتی گەورەی خۆی و غەدری لێکرد.

هەرچۆنێک بێ، ئایتغمەش لەدوای نامەکەی بەسوپاکەیەوە بەرەو تەبرێز رۆیی. کە نامەکەی ئایتغمەش گەیشتە موزەفەرەددین و زانی بەرەو تەبرێز رۆیشتووە بۆ فریاکەوتنی، بڕیاری دا رێککەوتنەکەی لەگەڵ عەلائەددین هەڵوەشێنێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ئەربل. هەرچەندە عەلائەددین داوای مانەوەی لێکرد. هەرچەندە ئامادەیی خۆی نیشان دا بەوەی فەرماندەیی هەموو سوپاکەی بداتێ و ببێتە خاوەن فەرمانی کردن و نەکردن تێیدا. دیسان هەرچەندە جەختی کردەوە کە زۆر لەمیرەکانی ئەبوبەکر نامەیان بۆ ناردووەو ئامادەییان نیشان داوە بەسوپاکەیانەوە بچنە لای. لەگەڵ هەموو ئەوانەش، موزەفەرەددین رەتی کردەوە

بەردەوام بێ لەرێككەوتنەكەی لەگەڵ عەلائەددین و پێی باشتر بوو بگەڕێتەوە بۆ ئەربل[1].

ئیبن ئەسیر پێی وایە گەڕانەوەی موزەفەرەددین بۆ ئەربل بەهۆی ترسانی بوو لەئایتغمەش، بەڵام ئێمە پێمان وایە هۆكارێكی دیكە هەبووە كە پاڵی بەموزەفەرەددینەوە ناوە رێككەوتنەكەی لەگەڵ عەلائەددین هەڵوەشێنێتەوە، ئەویش رشتبوونی بووە لەسەر ناوبانگە باشەكەی خۆی كە خەڵك بەبریندارکردنیان دەزانی بۆ ئەو. بۆیە پێی باشتر بوو رێزی خەڵكی بۆ بمێنێتەوە لەوەی وڵاتێكی دەستكەوێ كە رووبەری ئیمارەتەكەی پێ گەورەتر بكا.

جارێكی دیكە موزەفەرەددین بەشداریی رووداوەكانی سەردەمەكەی دەكا، بەڵام بەشداریەكەی ئەوجارەی بۆ خەلیفەو بەداواكاریی ئەو بوو نەك بۆخۆی. ئەوەش لەساڵی ٦١٢ك (١٢١٥ز). لەساڵی ٦٠٨ی كۆچی سەركردەیەك -كە پێیان دەگوت مەنگەلی- لەگەورەكەی خۆی ئایتغمەشی خاوەنی وڵاتی ئەلجەبەل یاخی دەبێ. ئەو ئایتغمەشە بەندەیەكی ئەبوبەكری پەهلەوانی خاوەنی ئازەربایجان بوو وەكو پێشتر باسمان كردو گوتمان دەستی بەسەر ئەو وڵاتانەدا گرت كە وەكو جێگری ئەبوبەكر فەرمانڕەوایی دەكرد، مەنگەلی شەڕی لەگەڵ ئایتغمەش كردو دەستی

---

١- الكامل، ب٩ / ل ٢٨٢.

بەسەر وڵاتەکەیدا گرت و ئایتغمەش هەڵات و پەنای بردە بەر خەلیفە ئەلناسر لدینیللا و داوای سەرخستنی لێکرد. خەلیفەش بەسەربازو چەک و پارە بەفریای کەوت. ئایتغمەش چووە دەرێ بۆ وەرگرتنەوەی وڵاتەکەی، بەڵام بەدیلیی کەوتە دەست هەندێک لەپیاوانی مەنگەلی. مەنگەلی کوشتی و وڵاتی بۆ پاک بۆوە، خەلیفە بۆ مەنگەلیی ناردو گلەیی دەستدرێژیی بۆ سەر ئایتغمەش و کوشتنی و پاکردنەوەی وڵاتی لێکردو فەرمانی پێکرد وڵاتەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە (واتە بۆ خەلیفە). نامە گۆڕینەوە لەنێوان خەلیفەو مەنگەلی تاساڵی ٦١٢ک بەردەوام بوو بێ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک، بێجگە لەمکوڕیی مەنگەلی لەسەر هەڵوێستەکەی و هێشتنەوەی وڵاتەکە بۆ خۆی. ئەوجا خەلیفە بڕیاری دا شەڕی لەگەڵدا بکا و وڵاتەکەی لێ بستێنێتەوە، بەڵام خەلیفە بەتەنیا ناتوانێ پشوو لەسەر ئەو جەنگە بگرێ، بۆیە لەگەڵ ئۆزبەگی کوڕی پەهلەوان خاوەنی ئازەربایجان و جەلالەددینی سەرکردەی تایەفەی ئیسماعیلیە ڕێککەوت بۆ ئەوەی لەگەڵی بن لەشەڕی دژ بەمەنگەلی دا، بەرامبەر بەدابەشکردنی وڵاتەکەی لەنێوان خۆیاندا ئەگەر بەسەریدا سەرکەوتن. کە ڕێککەوتنەکان جێگیر کران خەلیفە دەستی کردە ئامادەکردنی سوپاکەی. پاشان ناردیە لای موزەفەرەددین گۆگبورو و فەرمانی دایێ کە بەسەربازەکانیەوە ئامادە بێ بۆ بەشداربوون لەگەڵیان لەو جەنگەو ببێتە فەرماندەی گشتیی هەموو

هێرشەکە. هەروەها ناردیە لای خاوەنانی موسڵ و جەزیرەو حەلەبیش و فەرمانی پێکردن کە سەرباز بۆ موزەفەرەددین بنێرن. هەموو بەدەم فەرمانەکانی خەلیفەوە هاتن و هەریەکە ئەوەی لەتوانایدا هەبوو لەسەرباز بۆ موزەفەرەددینیان نارد. کە سەربازەکان لەلای کۆبوونەوە، بەو سوپایەوە بەرەو هەمەدان رۆیی کە سوپای خەلیفەو هاوپەیمانەکانی پێش ئەو گەیشتبوون. لەگەڵیان کۆبۆوەو فەرماندەییی هەموو سوپایەکانی وەرگرت. کە مەنگەلی ئەو هێزە زەبەلاحەی بینی بۆ شەڕکردنی کۆبوونەتەوە، نەیوێرا لەڕوویان بوەستێ و فەرمانی بەهێزەکانی دا بەرەو شاخەکان بکشێنەوەو خۆیانی تێدا بشارنەوە. بەخۆشی چووە سەر چیایەکی نزیک شاری «کەرەج». موزەفەرەددین سوپاکەی دابەشکرد بۆ گەمارۆدانی مەنگەلی و سەربازەکانی و بۆ هەر سەرکردەیەکیش ناوچەیەکی تایبەت کردو بەرپرسیاریەتەکەی خستە ملی ئەو. خۆشی تایبەت کرد بەگەمارۆدانی مەنگەلی. گەمارۆدانەکە دە رۆژی خایاندو موزەفەرەددین نەیدەتوانیێ بۆ مەنگەلی سەرکەوێ و بکەوێتە شەڕ لەگەڵی. مەنگەلیش نەیدەوێرا بۆی دابەزێ و بکەوێتە شەڕ لەگەڵی. ئەوە بووە هۆی کەمبوونەوەی کەرەستەو ئازووقە لەلای موزەفەرەددین و سوپاکان دەستیان کردە دەربڕینی بێزاری تا موزەفەرەددین خەریکبوو بڕیاری هەڵگرتنی گەمارۆیەکە بدا. هەمان بارودۆخ لەلای مەنگەلی و هێزەکانی هەبوو.

سـەربازەكانی لەبـەر گەمارۆیەكـە كەوتبوونـە تەنگانـە. لەوكاتـەدا مەنگەلـی ویسـتی بەختـی خـۆی تاقیكاتـەوە بەكەوتنـە شـەڕ لەگـەڵ هەندێـك سـەركردەی موزەفەرەددیـن. بۆیـە بەهەندێـك لەسـوپاكەیەوە لەشـاخ هاتەخـوارێ لـەو لایـەی كـە ئۆزبـەگ گەمـارۆی دابـوو. لەگەڵـی كەوتـە شـەڕ و ئۆزبـەگ بەرگـەی نەگـرت و لەدەسـتی رایكـرد. مەنگەلیـش بـەوە وازی هێنـاو دڵنیابـوو لەهێزەكـەی و لاوازیـی هێـزە گەمارۆدەرەكـەو لەگـەڵ پیاوەكانـی گەڕایـەوە شـوێنی خـۆی لەشـاخەكەو بڕیـاری دا لـەڕۆژی دواتـر شـەڕێكی ئاشـكرا لەگـەڵ ئـەو سـوپایەكە بـكا كـە گەمـارۆی داوە. كـە رۆژی دواتـر داهـات، هەمـوو سـەربازەكان ریزبـوون بـۆ شـەڕ و كوشـتارێك كـرا كـە مەنگەلـی خـۆی نەگـرت و پاشـەوپاش بـەدۆڕاوی گـەڕاوە بـۆ چیایەكـە بـۆ خـۆ تێداپاراسـتن. پاشـان وای بـۆ چـوو كـە ناتوانـێ بـەردەوام بـێ لەشـەڕ و سـەركەوتن بەسـەر دوژمنەكـەی، هەرچەنـدە دۆڕاندنەكـەی ئەوەنـدە گـەورەش نەبـوو، بۆیـە پێـی باشـتربوو بەتاریكـی رابـكا. ئەوجـا سـەربازانی خەلیفـە دەسـتیان بەسـەر وڵاتەكەیـدا گرت و بەسـەر هاوپەیمانانـدا دابـەش كـرا، بەپێـی رێككەوتنەكـە. موزەفەرەددینیـش گەڕایـەوە ئەربـل و نازانیـن بەشـی ئـەو لەودەسـتكەوتە چەنـد بـووە، چونكـە مێژوونووسـەكان باسـیان نەكـردووە[1].

١- الكامل، ب٩ / ل ٣٠٥ – ٣٠٩.

# بەشی شەشەم

# موزەفەرەددین و شەڕەکانی خاچپەرستەکان

مەترسیدارترین رووداو لەسەردەمی موزەفەرەددیندا کە بەگەنجێتی پێشوازیی لێکرد -کە لەهەمان کاتدا هەموو موسڵمانانیشی خەریک کردبوو- شەڕەکانی خاچپەرستەکان بوو، کە لەوڵاتەکانی شام لەنێوان موسڵمانان و خاچپەرستەکاندا بەرپابوو. موزەفەرەددین، هەر لەوکاتەی کە لەحەڕڕان دادەنیشت، دوای دەرکردنی لەئەربل، کە ئەوکات تەمەنی نزیکەی بیستویەک ساڵ دەبوو، زۆر بەباشی تێی گەیشتبوو، بەڵام نەچووبووە ناویەوەو بەشداریی شەڕەکانی نەکردبوو، تەنیا دوای ئەوەی کە تەمەنی بووە نزیکەی سی ساڵ، واتە لەساڵی ٥٨٠ك. چونکە حەڕڕان، وەکو پێشتر باسکرا، سەر بەئیمارەتی موسڵ بوو و میرەکانی موسڵیش لەشەڕی خاچپەرستەکان دوور بوون، هەر لەو کاتەوەی عیمادەددین زەنگی لەساڵی ٥٣٩ك لەجەزیرە دەریکردبوون، دوای ئەوەی دەستی بەسەر شاری رەهاداگرت و ناوەندەکانی خاچپەرستەکانی دەوروپشتی پاک کردبۆوە. کە موزەفەرەددین لەساڵی ٥٦٩ یان ٥٧٠کۆچیەوە تا ساڵی ٥٧٨ لەحەڕڕان دانیشت، میرەکانی موسڵ لەو ماوەیەدا لەلایەکەوە خەریکی کێشە ناوخۆییەکانیان بوون و رەتیان دەکردەوە هاوکاری سەلاحەددین بکەن لەشەڕەکانی دژی خاچپەرستکان، لەلایەکی دیکەشەوە خەریکی ئەو کێشەیە بوون کە لەنێوان خۆیان و ئەودا سەری هەڵدا، بەهۆی رکابەریکردنیان لەسەر وڵاتەکانیان. بەپێی ئەوە ئەو

میرانــەی کــە سەربەوانیشــبوون هەڵوێسـتی دوژمنکارانەیــان بەرامبــەر ئـــەو دەبـــوو. بۆیـــە هاوکاریـــان نەکـــرد لـــەو شـــەڕانەدا، لەوانـــەش ئاســـاییە کـــە موزەفەرەددینیـــش بـــێ، چونکـــە ئەویـــش بـــەڕەوڕەوەی سیاســـەتی ئەوانـــەوە بەســـترابۆوە.

بـەڵام کـە موزەفەرەددیـن لەموسـڵ جودابـۆوەو چـووە ژێـر ركێـف و فەرمانـــی ئـــەوەوە، بـــواری خاچپەرســـتەکانی بـــۆ واڵابـوو و بـووە یەکێـک لەکارکـەرەکان لەگـەڵ سـەلاحەددین لەبـواری جیهـادو رۆڵەکـەی تێیـدا گەورەتـرو بەترسـتربوو لەرۆڵـی باوکـی و برایەکـەی. هـەر لەگـەڵ سـەلاحەددین بـوو لـەو شـەڕانە تـا لەسـاڵی ٥٨٩ک (١١٩٢ز) سـەلاحەددین مـرد. ئەگەرچـی مێژوونووسـەکان بەئاشـکرا ناویـان نەهێنـاوە، تەنیـا لەچەنـد شـەڕێکی گرنـگ نەبـێ، بـەڵام ئێمـە پێمـان وایـەو تـا رادەی دڵنیابوونیـش لـەوەی کـە ئـەو بەکـردەوە لەزۆربـەی ئـەو شـەڕانەدا بەشـداریی کـردووە کـە لەنێـوان سـەلاحەددین و خاچپەرسـتەکاندا روویـان داوە. هـۆی ئـەو دڵنیابوونەشـمان ئەوەیـە کـە مێژوونووسـەکان بـەزۆری کاتێـک کـە دەڵێـن سـەلاحەددین داوای «سـەربازەکانی رۆژهەڵاتـی» دەکـرد هەرکاتێـک بیویسـتبایە شـەڕێکی درێـژ یـان جەنگێکـی گرنـگ هەڵگیرسـێنێ بـۆ ئـەوەی لەگەڵـی بـن لەکوشـتار، مێژوونووسـەکان مەبەسـتیان لەرۆژهـەڵات هەرێمـی موسـڵ و جەزیرەیـە کـە حـەڕان و رەهـای سـەر بەموزەفەرەددینیـان تێدایـە.

یەکەم هەواڵ لەسەر بەشداریکردنی موزەفەرەددین لەشەڕەکانی خاچپەرستان بەشێوەیەکی گشتی و لەگەڵ سەلاحەددین بەشێوەیەکی تایبەتی لەساڵی ٥٨٠ک (١١٨٤ز) یە. هەر لەو ساڵەدا سەلاحەددین بڕیاری دا قەڵاتی کەرەک لەخاچپەرستەکان بستێنێ، چونکە دەکەوتە سەر رێگای دیمەشق – میسر و خاوەنی قەڵاتەکەش «ئەرنات» زۆر جاران پەلاماری ئەو کاروانە بازرگانی و نابازرگانیانەی دەدا کە لەنێوان دوو شارەکەدا تێدەپەڕین و تاڵانی دەکردن. ئەوەش دەبووە هۆی گرتنی رێگای هاوتوچۆی نێوانیان، بۆیە سەلاحەددین بڕیاری دا دەست بەسەر قەڵاتەکەدا بگرێ و رێگاکە لەو مەترسیە پاک بکاتەوە.

سەلاحەددین لەلایەکەوە بەقایمی و بەرگریی قەڵاتەکەی دەزانی و لەلایەکەی دیکەشەوە دەیزانی خاچپەرستەکان چەندە رشتن لەسەر پاراستنی و نەکەوتنی بەدەستی ئەوەوە. بۆیە سەلاحەددین وایدانا کە خاچپەرستەکان بۆ بەرگریکردن لێی کۆدەبنەوە کاتێک کە گەمارۆی دەدا. لەبەر ئەوە دەستی کردە داواکردنی میرەکانی موسڵمانان لەشام و جەزیرە بۆ ئەوەی بەشداربن لەگرتنی. تەنانەت ناردیە میسریش هەندێک سوپای بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لەو گرتنەدا بەشداریی بکەن.

موزەفەرەددین بەسوپاکەیەوە لەگەڵ ئەو میرانەی دیکەی هاتبوون، گەیشتە لای سەلاحەددین. سەلاحەددین

بەو سوپایەوە لەدیمەشق دەرچوو و هەموو سوپاکە لەنزیک قەڵاتەکە کۆبوونەوەو سەلاحەددین گەمارۆی خستەسەر. بۆ سەلاحەددین ئاسان بوو کە گردۆلکەکانی قەڵاتەکە بگریَ، بەڵام قەڵاتەکە بەخۆی ئەوەندە توندبوو کە کەندێک بەقووڵیی نزیکەی شەست باڵ لەنێوان قەڵاتەکەو گردۆلکەکانی هەبوو. سەلاحەددین فەرمانی دایە سەربازەکانی کە بەهەرچی دەستیان دەکەویَ لەخۆڵ و بەردو هیدیکە پڕیبکەنەوە. کە سەربازەکان لەکەندەکە نزیک کەوتنەوە، تیری پارێزەرانی قەڵاتەکە بەسەریاندا باری و بەرد و ئاگرهاوێژیان (مەنجەنیق) تێگرتن. ئەوانیش بۆ خۆڕزگارکردن گەڕانەوە دواوە. سەلاحەددین فەرمانی دا کەپر لەدار و خشت دروستبکریَ بۆ پاراستنی سەربازەکان لەکاتی نزیک بوونەوەیان لەکەندەکە، بەڵام ئەو کەپرانە مەبەستەکەیان نەپێکا، هەرچەندە ئاگرهاوێژەکانی سەلاحەددین بەردەوام دەگیرانە پارێزەرانی قەڵاتەکە.

کە گەمارۆدانەکە بۆ سەر خاچپەرستەکان درێژەی کێشا، ناردیانە لای پاشای بەیتولمەقدەس و میرەکانی خاچپەرستەکان و داوای بەهاناوەچوونیان لێکردن. ئەوانیش خێرا سوارو پیادەیان بۆ ناردن. کە سەلاحەددین بەمەی زانی، قەڵاتەکەی بەجێهێشت بۆ ئەوەی لەڕێگا بگاتە ئەو خاچپەرستە بەهاناهاتووانەوە هەتا شەڕیان لەگەڵ بکاو نەیەڵیَ بگەنە قەڵاتەکەو

ئەوجا پاش شكاندنیان دەگەڕێتەوە. سەلاحەددین زانیبووی کە خاچپەرستە هاتووەکان لەشوێنێک کۆبوونەتەوە کە پێی دەڵێن «ئەلوالە»، ئەویش لەنزیک ئەوانەوە دابەزی، بەڵام نەیتوانی نزیکیان بێتەوە لەبەر خراپیی خاکەکەو پێچاوپێچی و تەسکی ڕێچکەکان. خاچپەرستەکانیش نەیانوێرا لەو نزیک ببنەوەو بکەونە شەڕکردنی. سەلاحەددین چەند ڕۆژێک دانیشت چاوەڕێی ئەوان بوو بۆی دەربچن. کە چاوەڕێکردنەکەی سەلاحەددین درێژەی کێشا، ویستی بەفێڵێک بیانهێنێتە دەرێ، چەند فەرسەخێک کشایەوە بۆ ئەوەی بکەونە دوایەوەو لەسەربازگەکەش کەسانێکی بەجێهێشت کە پێیان بڵێن ئەوان دەرچوون. بەڵام خاچپەرستەکان لەفێڵەکەی سەلاحەددین گەیشتن و ڕەدووی نەکەوتن. تا ئێوارێ لەشوێنی خۆیان مانەوەو چاودێرەکانی سەلاحەددینیان خافڵاندن و بەتاریکیی شەو چوونە ناو قەڵاتەکەوە. کە سەلاحەددین بەوەی زانی، دڵنیا بوو کە ئاستەمە دوای گەیشتنی هاوکاری، بتوانێ دەستی بەسەردا بگرێ، بۆیە گرتنەکەی دواخست بۆ هەلێکی دیکە. ئەوجا بەرەو نابلس ڕۆیی و هێرشی کردە سەری و کاولی کرد. پاشان لەوێوە چووە سباستیە و ئەویشی تێکدا کە هەندێک دیلی موسڵمانانی تێدا بوو بەریدان. پاشان لەوێشەوە چووە جەنین و تاڵانی کردو تێکیشی دا، ئەوجا گەڕایەوە دیمەشق و ڕێگەی

دایـە ئـەو سـوپایانەی بـۆ یارمەتیـی هاتبـوون هەریەکـە بگەڕێتـەوە وڵاتەکـەی خـۆی. موزەفەرەددیـن بەخـۆی و سـەربازەکانیەوە، دوای ئـەوەی ڕۆڵـی خـۆی لـەو شـەڕەدا بەجێگەیانـد، گەڕایـەوە بـۆ حـەڕڕان[1].

پـاش ئـەوە موزەفەرەددیـن لەهـەردوو سـاڵەکانی ٥٨١ و ٥٨٢دا بەکێشـەکانی لەگـەڵ خاوەنـی موسـڵەوە خەریـک بـوو. هەروەهـا خەریکـی دابەشـکردنی وڵاتەکـەی بـوو بەسـەر ئەندامانـی خێزانەکـەی بـۆ ئـەوەی لەجیاتـی ئـەو فەرمانڕەوایـی بکـەن، تـا سـاڵی ٥٨٣ داهـات، سـەلاحەددین بڕیـاری دا خـۆی بـۆ خاچپەرسـتەکان تەرخـان بـکاو بەیتولمەقـدەس و هیدیکەشـیان لـێ بسـتێنێتەوە.

سـەلاحەددین دەیزانـی ئـەوەی بەتەمایـە بیـکا ترسـناکە، چونکـە خاچپەرسـتەکان بەهـەر نرخێکبـێ نایەڵـن دەسـت بەسـەر بەیتولمەقدەسـدا بگـرێ و تـا مـردن بەرگریـی لێدەکـەن و هەمـوو هێزەکانیانـی بـۆ سـازو ئامـادە دەکـەن بـۆ بەرگریکـردن لێـی، بۆیـە میرەکانـی سـەرلەنوێ بەسـوپاکانیانەوە بانگکردنـەوە بـۆ ئـەوەی لـەو پرۆسـەی گرتنـەدا بەشـداریان پێبـکا.

سـەلاحەددین لەکۆتایـی سـاڵ بەسـوپای دیمەشـقەوە دەرچـوو و لەشـوێنێک دابـەزی کـە پێـی دەگوتـرێ «راس ئەلمـا». لـەوێ زۆربـەی سـوپایەکەی لـەلای پاشـا

---

١- الكامل، ب٩ / ل ١٦٥. سيرة صلاح الدين، ل ٤٥٢. مراة الزمان، ب٨ / ل ٣٨٢.

ئەلئەفزەلی کوڕی بەجێهێشت. بەخۆشی جارێکی دیکە بەرەو قەڵاتی کەرەک رۆیی، چونکە پێی گەیشتبووەوە کە خاوەنەکەی «ئەرنات» بڕیاری داوە پەلاماری ئەو کاروانەی حاجیان بدا کە لەدیمەشقەوە دێ و پاش ئەوەی حاجیەکان دەباو تالآنیان دەکا، لەسەر رێی ئەو سەربازانەی میسر رادەوەستێ کە بۆ لای سەلاحەددین دێن و نایەڵێ بیگەنێ. سەلاحەددین رۆیی و لەبەسریی نزیک قەڵاتەکە دابەزی. کە ئەرنات ئەوەی بینی، خۆی لەناو قەڵاتەکە شاردەوەو نەوێرا بێتە دەرەوە. تا کاروانەکە بەساغی تێپەڕی و چووە ناو دیمەشقەوە[1].

کاتێک کە سەلاحەددین لە»بەسری» بوو، سوپاکانی موسڵمانان یەک لەدوای یەک دەگەیشتنە پاشا ئەلئەفزەل لە»راس ئەلما»و موزەفەرەددینیش یەکێک بوو لەوانەی بەدەنگ سەلاحەددینەوە هاتن و بەسوپاکەیەوە لەگەڵ ئەوانەی دیکە گەیشت. پاشا ئەلئەفزەل یەک بەیەک گەیشتنی سوپاکانی بەباوکی رادەگەیاند. سەلاحەددین ناردیە لای و فەرمانی پێکرد سوپایەک لەلای خۆیەوە بۆ شاری عەککا بنێرێ بۆ هێرشکردنە سەری و پشکنینی و تاقیکردنەوەی هێزەکەی، وەکو پێشەکیەک بۆ گرتنی. ئەلئەفزەل

---

١- الكامل، ب٩ / ل١٧٥.

موزەفەرەددینی ناردو دوو فەرماندەی گەورەی رەگەڵدا کە قایمازی نەجمی و دڵدرم ئەلیاقووتیی بوون. بەشەو لەبەر تاریکیدا رۆیشتن و بەیانیەکەی لە»سفووریە» دابەزین -کە سەر بە عەککایە-.

هەرکە ئەو خاچپەرستانەی کە لەعەککا دانیشتبوون بەگەیشتنی موسڵمانەکان بۆ دەوروپشتی شارەکەیان زانی، بۆیان هاتنەدەرێ بۆ ئەوەی بیانگەڕێننەوە. زۆربەیان لەسوارەکانی داویەو ئیستباریە بوون. ئەو داویەو ئیستباریانە لەبەهێزترین شەڕکەرەکانی خاچپەرستەکان و بەپشووترین جەنگاوەرەکانیان بوون. لەگەڵ موزەفەرەددین و سەربازەکانی رووبەڕووی یەکتر بوونەوە. شەڕێک لەنێوان ئەو دوو تیپە هەڵگیرسا کە «سەری رەشی پێ سپی دەبوو» وەکو مێژوونووس ئیبن ئەسیر دەری دەبڕێ، کە هێشتا موسڵمان و خاچپەرستەکان لەشەڕی هاتوڕۆیی و لێدانوکوتاندا بوون، موسڵمانەکان بەسەر دوژمنەکەیاندا سەرکەوتن و تووشی شکستێکی گەورەیان کردن. سەرباری ئەوەی ژمارەیەک لەفەرماندەکانیان خستنە سەر زەوی و لەبن دەستیاندا کوژران. دڵخۆشیی موسڵمانەکان ئەوەندە بەسەرکەوتنەکەیانەوە نەبوو ئەوەندەی بەکوشتنی سەرکردەکانی داویەو ئیستباریەکانەوە بوو، چونکە سوارەکانیان «جەمرەتولفەڕەنگ»بوون کە هەمیشە موسڵمانەکان پێیانەوە ماندوو و بەکێشەبوون.

پاشـــان موزەفەرەددیـــن بەپیاوەکانیـــەوە گەڕایـــەوە بـــۆ ســـەربازگەکەی لـــە»راس ئەلمـــا»و لەگـــەڵ پیاوەکانـــی ئـــاڵای ســـەرکەوتنیان بەرزکـــردەوە[1].

پـاش ئـەوەی کاروانـی حاجیـەکان بەسـاغی گەیشـتنەوە دیمەشـق، سـەلاحەددین گـەڕاوە بـۆ «راس ئەلمـا»و دەسـتی کردە ئامادەسازی بـۆ شـەڕی حوتیین. ئـەو شـەڕە نەمرەی نـاو مێـژوو کـە سـەلاحەددین هەشـتا هـەزار کەسـی بـۆ سـازدابوو لەجەنـگاوەری موسـڵمانان، هـەر لەسـوارچاک و پیـادەو خۆبەخـش. موزەفەرەددینیـش رۆڵـی گرنگـی تێـدا هەبـوو چونکـە سـەلاحەددین فەرماندەیـی سـوپای رۆژهەڵاتـی دابـووە دەسـت. واتـە سـوپاکانی موسـڵ و جەزیـرە.

کـە سـەڵاحەددین لـە خۆباشسـازدانی دڵنیابـوو، فەرمانـی دایـە سـوپاکانی جوولـە بکـەن بـەرەو تەبەریـە. بەکەرەستەو قورسـایی و ئامێرەکانـی گەمـارۆدان بەڕێکەوتـن و لەسـەر رۆخـی گۆمەکـە دابەزیـن و سـەلاحەددین دەسـتی کـردە ئامادەسـازی بـۆ شـەڕەکەی تەبەریـەو گرتـی.

سـەلاحەددین کـە بـەرەو شـاری تەبەریـە پێشـڕەویی دەکـرد، ئامێـرە تێکدەرەکانـی گەمارۆدانـی دایـە پێـش خـۆی و ئامێرەکانـی گەمارۆدانـی بەسـەر دیوارەکانـی شـارەکەدا بڵاوکـردەوەو دەسـتی کـردە کوتانـی دیـوارو پارێزگاکـە

---

١- الكامل، ب ٩ / ل ١٧٥-١٧٦.

پێیانەوە. لەکاتێکدا پشکێنەرەکانی موسڵمانان دەستیان کردە کونکردنی دیوارەکان و تێکیاندا. کە خاچپەرستەکان بینیان خەریکە دەکەونە دەست موسڵمانەکان، لەشارەکە هاتنەدەرێ و لەگەڵ موسڵمانەکان کەوتنە شەڕێکی ئاشکرا. لەشوێنێک کۆبوونەوە کە پێی دەگوترا «لووبیە» و لەوێ موسڵمانەکان سەرچاوەی ئاویان لێ گرتنەوە، بۆیە خاچپەرستەکان تووشی تێنووبوونێکی توند هاتن، چونکە کات هاوینێکی زۆر گەرم بوو. نەیانتوانی بگەنەوە ئاوەکە بۆیە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە ناو شارەکە پاش ئەوەی بێهیوابوون لەدەستکەوتنی ئاو، بەڵام ترسان موسڵمانەکان شوێنەکەیان بگرنەوە بۆیە تا رۆژی دواتر لەشوێنی خۆیان مانەوەو جووڵەیان نەکرد.

لەڕۆژی دواتر سەلاحەددین سوپایەکی سازدابوو بۆ شەڕەکەو فەرمانی بەسوپاکە دا شەڕ بکەن، سەربازەکان بەرەو دوژمن و دوژمنیش بەرەو ئەوان پێشڕەویان کردو رووبەڕوو گەیشتنەیەک و شەڕێکی توند گەڕاو کوشتارێکی زۆر کراو هەردوولا خۆیان راگرت. تیری موسڵمانەکان دەتگوت رەوە کلۆیە بەرەو خاچپەرستەکان دەهاوێژران و بەهۆیانەوە سەتان خاچپەرست دەکوژران.

کۆمەڵێکی گەورەی خاچپەرستەکان هێرشیان کردە سەر ئەو سوپایەی کە تەقیەددین عومەر –برازای سەلاحەددین– سەرکردایەتیی دەکردو هێرشەکە

بەشێوەیەک توندبوو ئەوەندەی نەمابوو خاچپەرستەکان بەسوپاکەیەوە بیهاڕن. لێرەدا موزەفەرەددین دەردەکەوێ بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لەوشەڕەدا بگێڕێ. ئەو ناوچەیەی پشکنی کە تەقیەددین شەڕی لەسەر دەکردو بینی ناوچەکە بەپوشوپەلاش دەورەدراوەو با بەرەو رووی خاچپەرستەکانە و لەڕوویان دەدا. بیرۆکەیەکی جوانی بەبیرداهات، ئەگەر ئاگر لەو پوشوپەلاشانە بەردا، ئەوا بایەکە دووکەڵ و ئاگرو گەرمایی بۆ دەموچاوی خاچپەرستەکان دەباو نایەڵێ لەشەڕدا بجوولێنەوە. بەوەش لەشکستیان دڵنیا دەبێ. بیرۆکەکەی جێبەجێکردو ئاگری لەپوشوپەلاشەکە بەردا لەو کاتەی کە بایەکە بەتەوژم بوو «گەرمایی ئاگرو دووکەڵی بۆ بردن، بەوەش تێنوویێتی و گەرمای رۆژ و گەرمیی ئاگرو دووکەڵیان لێکۆبۆوە لەگەڵ کوشتارێکی خەست». ریزی خاچپەرستەکان تێکچوو و جووڵەیان نەماو شکستیان پێهات. لەئەنجامدا قوممەسی خاوەنی تەبەریە بۆ شاری سوور رایکردو خۆی تێدا شاردەوە.

خاچپەرستەکان کە بینیان خاوەنی تەبەریە هەڵات، ئەوەندەی نەمابوو هەموویان خۆبەدەستەوە بدەن دوای ئەو دۆڕانە ئابڕووبەرە، بەڵام زانیان کە کوشتنیان مسۆگەرە ئەگەر خۆبەدەستەوە بدەن، بۆیە ترس لەکوشتن پاڵی پێوەنان بۆ بەردەوامبوون لەکوشتارو ئازایەتی نواندن تێیدا، «هێرشی وا رێکوپێکیان کرد

ئەوەنـدەی نەمابـوو موسـڵمانەکان -لەگـەڵ زۆرییشـیان- لەشـوێنەکانیان رامالْـن ئەگـەر خـوا نەبووایـە پشـتیوانیان» چونکـە خاچپەرسـتەکان هـەر هێرشـێکیان دەکـرد، کـە دەگەڕانـەوە ژمارەیەکـی زۆریـان لـێ دەکـوژرا، تـا لاوازبـوون و ساردییان کەوتەنـاوێ و دۆڕان و نەمانـی توانـای بەردەوامبـوون لەسـەر شـەڕکردنیان لـێ بەدیارکـەوت، «موسـڵمانەکان وەکـو بازنەیەکـی تـەواو دەورەیـان گرتـن» و بەشمشێر کەوتنـە گیانیـان و بەئاسـانی سـەتان لەسـوارو پیادەکانیـان بەدیـل دەگرتـن و دەسـتیان بەسـەر خاچـی خاچەکانیانـدا گـرت (صلیـب الصلبـوت) -کـە گـەورە خاچیـان بـوو- و لەدەسـتدانی گەورەتریـن کاریگەریـی هەبـوو لەسـەر بێهێزبـوون و ساردبوونەوەی رشـتیەکەیان.

پاشـای بەیتولمەقـدەس توانـی لەنـاو کۆمەڵێکـی زۆری خاچپەرسـتکان بـۆ گـردی حوتتیـن هەڵبـێ و لـەو خاچپەرسـتانەی کـە رزگاریـان ببـوو داوای کـرد چادرەکانیـان لەسـەر گردەکـە هەڵـدەن و خۆیـان بپارێـزن، بـەڵام موسـڵمانەکان بەدوایـان کەوتـن و لەخـوارەوەی گردەکـەوە تیریـان تێدەگرتـن و نەیانهێشـت چادرەکانیـان، بێجگـە لەچـادری پاشـا، هەڵـدەن. موسـڵمانەکان لەسـەر کوشـتاریان بەردەوامبـوون و خاچپەرسـتەکانیش لەگردەکـەوە دەهاتنـە خـوارێ و هێرشـی توندیـان دەکـردە سـەر موسـڵمانەکان، بـەڵام هێرشـەکانیان بێسـوود

بـــوو، چونکـــە کـــە بەســـەتان هێرشـــیان دەکـــردە ســـەر موســـڵمانەکان، بەدەیـــان دەگەڕانـــەوە بـــۆ گردەکـــە. هـــەر بەردەوامبـــوون لەســـەر دووبارەکردنـــەوەی ئـــەو هێرشـــانەیان و هـــەر ژمارەشـــیان کـــەم دەبـــۆوە تـــا دڵنیابـــوون کـــە شکست دەهێنـــن، ئەوجـــا ئـــەوەی توانـــی رایکـــرد، هەتـــا تەنیـــا ئـــەو ســـەتوپەنجا ســـوارە لەگـــەڵ پاشـــاکەیان مایـــەوە کـــە ئازاتریـــن ســـوارچاکەکانیان بـــوون و وایاندەزانـــی کـــە دەتوانـــن بەرگـــەی موســـڵمانەکان و کوشـــتارەکەیان بگـــرن، بـــەڵام تێنوویێتـــی گـــەرووی وشـــککردبوون و نەیـــان دەتوانـــی جووڵەبکـــەن. لەســـواری ئەســـپەکانیان دابەزیـــن و لەســـەر زەوی دانیشـــتن و رادەســـتکردنی خۆیـــان بـــۆ موســـڵمانەکان راگەیانـــد. کـــە موســـڵمانەکانیش ئەوەیـــان بینـــی، روویـــان کـــردە گردەکـــە و کەوتنـــە ســـەر چادرەکـــەی پاشـــاو دەســـتیان بەســـەر خـــۆی و ئـــەو ســـوارانەی لەگەڵیدابـــوون گـــرت و هێنایاننـــە خـــوارێ بـــۆ ســـەربازگەکەیان.

ســـەرکەوتنی موســـڵمانەکان لـــەو شـــەڕەدا ســـەرکەوتنێکی بـــاش و دووچەندانـــە بـــوو، چونکـــە هێزێکـــی گـــەورە لەسوپای دوژمـــن لەناوچـــوو و ئـــەو گەورانـــەی خاچپەرســـتەکان و میرەکانـــی کـــە بەشـــداربوون، بەدیـــل گیـــران کـــە: پاشـــای بەیتومەقـــدەس و ئەلپرێنـــس و ئەڕناتـــی خاوەنـــی موســـڵ و خاوەنـــی جوبەیـــل و ئیبـــن هنفـــری و ســـەرۆکی داویـــەکان بـــوون. کـــوژراو و بەدیلگیرانـــی خاچپەرســـتەکان زۆر بـــوو، «ئـــەوەی کوژراوەکانـــی ببینیایـــە واتێنەدەگەیشـــت

(واتــە موســڵمانەکان) کــە تاکــە یــەک کەسیشــیان بەدیــل گرتبــێ»[1]. هەرچــی ســەرکەوتنەکەی دووەمیشــە ئــەوا ئــەو ســاردی و لاوازیەبــوو کــە لــەدوای شــەڕەکە تووشــی خاچپەرستەکان بوو. سەرکەوتنەکە ڕێگای بۆ موسڵمانەکان کــردەوە بچنــە نــاو وڵاتەکانــی ســەرئاوی خاچپەرستەکان و تەبەریــەو عــەککاو مەجــدەل یابــاو قیســاریەو ئەلناســیرەو حەیفــاو ســەفووریەو ئەلشــەقیف و یافــاو عەســقەلانیان گــرت. واتــە هەمــوو وڵاتــە ســەرئاوەکانی نزیــک و دەورەی بەیتولمەقــەدس –شانشــینە دیارەکــەی خاچپەرســتەکان–. ئەوجــا ســەلاحەددین دەســتەگەورەکەی لەبەیتولمەقــدەس وەشــاندو دەســتی بەســەردا گــرت. ئــەوە ئــەو نســکۆیە گەورەیــە بــوو کــە خاچپەرســتەکان لەشــام و دیانــەکان لەئەوروپــا وەکــو یــەک بــۆی دەناورانــەوە. بۆیــە هێرشــی ســێیەمیان بــۆ ســەر ســەلاحەددین ســازکرد.

دوای ئــەوەی ســەلاحەددین لەعەســقەلان بــۆوە، چــووە بەیتولمەقدەس کە گەورە خاچپەرستەکانی لێبوو، لەوانە: بەتــڕەک و خاوەنــی ڕەملــەو ئــەو سوارانەشــی لێبــوو کــە لەشــەڕی حوتییــن دەربــاز ببــوون. کــە زانیــان ســەلاحەددین بڕیــاری گرتنــی داوە، هەرچیەکــی پێیانکــرا لەئامــرازی شــەڕ ئامادەیــان کــردو ئەوەنــدەی توانیشــیان لەشــەڕکەریان کۆکــردەوە. بەمــە ژمارەیەکــی مــەزن لەخاچپەرســتەکان

١– الکامل، ب٩ / ١٧٨.

لەنـاو بەیتولمەقدەسـدا خڕبوونـەوە بـۆ بەرگریکـردن لێـی، «هەریەکەیـان مردنـی پـێ باشـتربوو لـەوەی موسـڵمانەکان بەیتولمەقـدەس بگـرن و لێیـان بسـتێنن و وای دەبینـی ئـەوەی لەخـۆی و مـاڵ و منداڵـی دەیبەخشـێ بەشـێکە لـەو ئەرکـەی سـەری بـۆ پاراسـتنی»[1]. جەنگاوەرانـی خاچپەرسـتەکان لەسـەر شـوورەی شـارەکە بڵاوبوونـەوەو ئاگرهاوێژیـان دەگرتـە موسـڵمانەکان، بـەڵام ئاگرهاوێـژی موسـڵمانەکان بەهێـزو توندتربـوون، بۆیـە یەکبـەدوو وەڵامیـان دەدانـەوەو کوشـتارەکە «توندتریـن کوشـتار بـوو کـە یەکێـک بینیبـێ. هـەر یەکـە لـەو دوولایەنـە ئـەوەی بەئەرکێکـی ئایینیـی سەرشـانی خـۆی دەزانـی کـە دەبـێ ئەنجامـی بـداو پێویست بەفەرمانـی سـوڵتانی نـاکا، بەڵکـو رێشـیان لێدەگیـرا ئـەوان هـەر دەچـوون و لەکوشـتار دووریـان دەخسـتنەوە ئـەوان خۆیـان دوور نەدەگـرت»[2]. بـەڵام تـای تـەرازووی موسـڵمانەکان پتـر لەسـەربوو، چونکـە ئاگرهاوێژەکانیـان توانیـان جووڵـەی ئاگرهاوێـژی خاچپەرسـتەکان ئیفلیـج بکـەن و وا لەجەنگاوەرانـی سـەر شـوورەکە بکـەن رابکـەن، بگـرە خاچپەرسـتەکان ناچـار بکـەن پێکهاتـن و خۆبەدەسـتەوەدان نیشـان بـدەن. سـەلاحەددین بـەو پێکهاتنەیـان لەگـەڵ قایـل دەبـێ و لەسـەرو ماڵیـان دڵنیایـان دەکاو سەرپشـکیان دەکا لـەوەی بمێننـەوە یـان

---

١- الكامل، ب٩ / ل ١٨٢.
٢- الكامل، ب٩ / ل ١٨٢

بەجێــی بێڵــن. ئــەوەی ویســتی لــەوێ مایــەوەو ئــەوەش حــەزی کــرد بەجێــی هێشــت[1]. پاشــان ئــاڵای موســڵمانان لەســـەر شـــوورەی شـــارەکە بەرزکرایـــەوەو گەڕانـــەوەی شــارەکەیان بــۆ خاوەنــە موســڵمانەکانی راگەیانــد، دوای ئــەوەی بــۆ نزیکــەی ســەتەیەک لەدەســتیان دەرچووبــوو.

دوای ئـەوە سـەلاحەددین دەسـتیکردە پاککردنـەوەی لێـواری شـام لەخاچپەرسـتەکان و موزەفەرەددینیـش لەهەمـوو هێرشـەکاندا هاوڕێیەتی دەکردو لەهەموو شـەڕێکدا بەشداربوو. خاچپەرستەکان بۆ پاراستنی ئـەو وڵاتانەی لەدەسـتیان مابوو پشـتیان بەهەریەکـە لەعـەککاو بەیتولمەقـدەس دەبەسـتا. کـە عــەککاو بەیتولمەقدەسـیش کەوتنــە دەســتی ســەلاحەددین، بـۆی ئاسـان بـوو بەشـی باکووری سـەرئاوەکە پـاک بکاتـەوەو بەسوپاکەیەوە دەڕواو دەمـی جەبلـەی دەوێ و فەرماندەیـی لای چەپـی سـوپاکەی دەداتــە موزەفەرەددیـن.

سـەلاحەددین لەڕێـگادا بـۆ جەبلــە بەشـاری ئەنتەڕتووسـدا تێدەپـەڕێ کـە شـارێکی قایمـەو لەسـەر دەریایـەو دوو تـاوەری مەزنــی هەیــە لــەلای راســت و چەپــی وەکــو دوو قــەڵات کــە دوژمنــی هێرشــبەر رەتدەکاتــەوە. ســەلاحەددین هەریەکــە لــەلای راسـتی سـوپاو لای چەپـی لەسـەر هـەردوو تاوەرەکـە دادەبەزێنــێ. بەخۆشــی بــەو ســوپایەی کــە مــاوە لەپێــش شــارەکە دایدەکوتــێ.

---

١- الكامل، ب٩ / ل١٨٣.

کوشــتار لەنێــوان موســڵمانان و پارێزەرانــی شــارەکە دەسـتی پێکـرد، بـەڵام ئەوەنـدەی نەبـرد کـە موسڵمانەکان بەسـەر پارێزەرەکانـدا سـەرکەوتن و چوونـە سـەر شوورەی شــارەکەو ئاڵاکانیــان لەســەر هەڵکــرد. پارێــزەرەکان بــۆ نــاو دوو تاوەرەکــە هەڵاتــن و رەگــەڵ ئــەو جەنگاوەرانــەی تێیدابــوون هەمــوو پێکــەوە بــۆ بەرگریکــردن خۆیــان تونــد کــرد.

ئەرکی موزەفەرەددیـن بـوو کـە یەکێـک لەتـاوەرەکا بگـرێ، بۆیــە بەردەوامبــوو لەکوشــتاری ئــەو خاچپەرســتانەی کــە تێیــدا بــوون بەبــێ ئــەوەی دەســتیان لــێ بپارێــزێ و بەئامێرەکانــی گەمــارۆدان کەوتــە کوتانیــان تــا بەتــەواوی کاولــی کــرد. هەندێــک لــەو جەنگاوەرانــەی تێیدابــوون خۆیــان رادەســت کــردو هەندێکــی دیکەیــان رایانکــردە نــاو تاوەرەکــەی دیکــە. پارێزەرانــی ئەوەیــان بەهێزتــر بــوو، بــەڵام ئــەوەی کــە فەرمانــدەی راســتەوخۆی کوشــتاربوو توانــی دوای کوشــتارێکی زۆر[1] بچێتــە ناویــەوە. بــەوەش شــارەکە بــۆ موســڵمانەکان پــاک بــۆوەو وەکــو جــاری یەکــەم بۆیــان گەڕایــەوە.

دوای ئــەوەی ئەنتەرتــووس گیــرا، ســەلاحەددین بەســوپاکەیەوە بــۆ جەبلــە رۆیــی و ئەویشــی گــرت و دوایــی لازقیــەو ســەهیۆن و زۆر وڵاتــی دیکــەش،

١- سيرة صلاح الدين، ل ٧٠. النجوم الزاهرة، ب٦ / ل ٣٩.

بــەڵام خاچپەرســـتەکان بەدەستبەســـتراوی نەوەســـتان و لەدەرچوونـــی عـــەککا لەدەســـتیان بێدەنـــگ نەبـــوون، چونکـــە بەلەدەســـتدانی لەبەندەرێکـــی مـــەزن بێبـــەش دەبـــوون کـــە لێیـــەوە هاوکاریەکانیـــان لەجەنـــگاوەرو چـــەک لـــەڕۆژاواوەوە پێیـــان دەگەیشـــت. ســـەرباری ئـــەوەی کـــە بەندەرێکـــی بازرگانیـــی گرنـــگ بـــوو. لەبـــەر ئـــەوە بڕیاریانـــدا شـــارەکە لەســـاڵی ٥٨٥ک (١١٨٩ز) وەرگرتنـــەوە بەهـــەر نرخێـــک لەســـەریان بوەســـتێ و تەنیـــا دوو ســـاڵان لەدەســـتی موســـڵمانەکان مایـــەوە.

خاچپەرســـتەکان دەســـتیانکردە ســـازدانی هێزەکانیـــان و خۆیـــان بـــۆ شـــەڕی وەرگرتنـــەوەی ئامـــادە کـــرد. ئەوجـــا کـــە خۆیـــان ســـازداو ئامادەبوونیـــان تەواوکـــرد، وە لـــەو کاتـــەی کـــە ســـەلاحەددین خەریکـــی گرتنـــی وڵاتەکەیـــان بـــوو لەباکـــووڕ، ســـوپاکەی ئـــەوان لەڕێگادابـــوو بـــۆ وەرگرتنـــەوەی عـــەککا. کـــە گەیشـــتنە ئـــەوێ گەمارۆیانـــدا.

کـــە ســـەلاحەددین بـــەو بڕیـــارەی خاچپەرســـتەکانی زانـــی بـــۆ ســـەندنەوەی عـــەککا، ناردیـــە لای ئـــەو میرانـــەی کـــە لەشـــەڕەکانی پێشـــتردا بەشـــداریان نەکردبـــوو. ئەوانیـــش خێـــرا بـــەدەم داوایەکـــەوە چـــوون، بـــەڵام هەرکـــە گەیشـــتنە ئـــەوێ، بینیـــان خاچپەرســـتەکان گەمـــارۆی شـــارەکەیان داوە پێـــش ئـــەوەی ســـەلاحەددین بتوانـــێ بیگاتـــێ و ڕێیـــان لێبگـــرێ. لەوانـــەی کـــە پێـــش ســـەلاحەددین گەیشـــتبوون، زەینەددیـــن یوســـف –بـــرای موزەفەرەددیـــن– بـــوو کـــە

بەسوپاکەیەوە لەئەربل هاتبوو، هەرچەندە گەیشتنەکەی بۆ ساڵی ٥٨٦ك دواکەوت. ئیبن شەداد – کە لەگەڵ سەلاحەددین بوو- باسی سوپاکەی زەینەددین و پێشوازیی سەلاحەددین بۆ زەینەددین بەم جۆرە دەکا و دەڵێ: «زەینەددین بەسوپایەکی باش و جوانەوە هات و سوڵتان رێزی گرت و بەخێری هێناو لەچادرەکەی خۆی داینـاو میوانداریی کردو فەرمانی دەرکرد کە چادرەکەی لەتەنیشت چادری موزەفەرەددینی برای دامەزرێنن»[1].

گوتمان خاچپەرستەکان پێش سەلاحەددین کەوتن لەدابەزین بۆ عەککاو لەدەورەی شوورەکەیدا ئامێرەکانی کاولکردنیان داکوتا لەئاگرهاوێژ و عەراد[2] و دەبابە[3] و کەباش[4] و گەمارۆیەکی توندیان خستەسەرو بەشێوەیەکی زۆر بێزاریان کردن و دەروازەکانیان لێگرتن و هاتوچوونیان لێ قەدەغەکردن. پارێزەری شارەکە وایلێهات پشت بەتوانا ناوخۆییەکانی ببەستێ بۆ بەرگریکردن لەشارەکەو خودی خۆیان. کە سەلاحەددین بەسوپاکەیەوە گەیشتە عەککا، بینی خاچپەرستەکان گەمارۆیان داوە. ئەویش سەربازگەکەی لەپشت ئەوانەوە دامەزراند. واچاوەڕێ دەکرا کە خاچپەرستەکان زۆر

١- سيرة صلاح الدين، ل ٩٦ – ١٠٦.
٢- وەکو مەنجەنیق وایە کەمێک گچکەترە.
٣- ئامێرێکی گەورەیە جەنگاوەرەکان دەچنە ژێریەوەو زرێپۆش کراوە.
٤- بریتیە لەسەر دەبابە بۆ رووخاندنی شوورە بەکاردێ.

خێراتــر لەچاوترووکانێکــدا لەنــاو ببرێــن، چونکــە خرابوونــە نێــوان پارێزەرانــی شــار لەپێشــەوەو ســوپای سەلاحەددین لـەدواوە، بـەڵام ئـەوەی کـە روویـدا، ئەوەبـوو کـە خاچپەرسـەکان بـۆ مـاوەی دوو سـاڵی ڕەبـەق بەرگـەی کوشـتاریان گـرت و دوایـی کێشـەکە بەشکسـتی موسـڵمانەکان کۆتایـی هـات و پێکهاتنێکیـان لەگـەڵ خاچپەرستەکان گرێدا کــە لەمەرجەکانــی دەســت هەڵگرتنــی ســەلاحەددین بــوو لــەزۆر لــەو وڵاتانــەی کــە لەخاچپەرســتەکانی ســتاندبوو.

لێـرەدا نامانــەوێ شــەڕەکەی عــەککا وەکـو خـۆی بکەینــە مێــژوو، بەڵکــو لەبــەر بەشــداریکردنی موزەفەرەددیــن و زەینەددینــی بــرای لەشــەڕەکانی، بــەڵام ئێمــە دەڵێیــن لەمــاوەی ئــەو دوو ســاڵەدا دەیــان شــەڕ لەنێــوان سـەلاحەددین و خاچپەرسـتەکان روویـداوە کـە لەتونـدی و تێژیـدا جیاوازبـوون. ئێمـە لێـرەدا نـاوی دوو جەنـگ دێنیـن کــە لەهەریــەک لــەو دوو شــەڕە رۆڵــی یەکێــک لــەو دوو برایـە هاتـووە کـە موزەفەرەددیـن و زەینەددینـن. بـۆ ئـەوەی وێنەیەکـی روونــی ئــەو ئەرکانــە نیشــانی خوێنــەر بدەیـن کــە موســڵمانەکان لەململانێیانــدا دژی خاچپەرســتەکان ئەنجامیــان دەدا و بــۆ ئــەوەش وەســفێکی ڕێگاکانــی کوشـتاری نێـوان موسـڵمانان و خاچپەرستەکانیشـی بدەینـێ کــە لەوکاتــدا هەبــووە.

هەرچــی شــەڕی یەکەمــە، ئــەوا یەکســەر دوای دابەزینــی خاچپەرســتەکان بــوو بــۆ ســەر عــەککاو موزەفەرەددیــن

بەشــداریی تێداکــردو پێگەکــەی لەنــاو ســوپادا لای چــەپ بــووه (میســره). ئێمــه ئــەوه بــۆ گەواهیدانــی بینەرێــک بەجــێ دێلیــن کــه بەخــۆی ئامــادەی شــەڕەکه بــووه ئەویــش بەهائەددیــن کــوڕی شــەددادی مێژوونووســی ســەلاحەددینەو بــا خــۆی وەســفی شــەڕەکه بــکا وەکــو خــۆی بینویــەو بەشــێوازی خــۆی و لەژێــر ئــەو ناونیشــانەدا دەڵــێ:

### *ناوهێنانی شەڕە مەزنەکەی عەککا*

«کـه ڕۆژی چوارشـەمی بیسـتویەکی (شـەعبانی سـاڵی ٥٨٥) بـوو سـەربازانی فەڕەنـگ جوولەیەکیـان کـرد کـه جوولـەی وا نەبـووه. سـوارو پیـادەو گـەورەو بچووکیـان دەرچـوون و لــەدەرەوەی چادرەکانیــان بەشــێوەی ناوەنــد (دڵ)و راســتەو چەپــە ریزبــوون. لەناوەنــد پاشــا کــه لەنــاو لەپــی ئینجیلێــک هەبــوو کــه بەجلێکــی ئەتڵەســی داپۆشــرابوو، چوارکــەس بەچواردەســت رایانگرتبــوو و لەپێــش پاشــادا دەڕۆیشــتن. لای راســتیان بەرامبــەر لای چەپــی ســەربازانی ئیســلام بەدرێــژی لەســەرەتاوه بــۆ دوایــی وەســتان بــوون. هەروەهــا لای چەپــی دوژمــن بەرامبــەر لای راســتیان تــا کۆتایــی ســەرەگردەکانیان گرتبــوو و لای راستیشــیان بــۆ لای رووبــارو ســەری لای چەپیــان بــۆ لای دەریــا. هەرچــی ســەربازانی ســەرکەوتووی موســڵمانان بــوو، ئــەوا ســوڵتان (ســەلاحەددین) فەرمانــی بەبانگــدەر (چاڵیــش) دا

کـە بەنـاو خەڵکـدا رادێـرێ: ئـەی موسـڵمان و سـەربازی یەکتاپەرسـتان. خەڵکەکـە (واتـە سـەربازان) سـواربوون و خۆیـان بـۆ بەهەشـت فرۆشـت و لـەلای چادرەکانیـان راوەسـتان. لای راسـتیان گەیشـتە دەریـاو لای چەپیـش گەیشـتە رووبـار. (سـەلاحەددینیش) خـوا لێـی خۆشـبێ، خەڵکەکـەی (واتـە سـەربازەکانی) لەنـاو چـادر کردبـووە راستەو چەپەو ناوەنـدو بـۆ شـەڕ سـازیدابوون بـۆ ئـەوەی کـە هاوارکـرا پێویسـت بەرێزکردنـەوەی نـوێ نەکـەن. بەخـۆی لەناوەندبـوو، لـەلای راسـتەش پاشـا ئەلئەفزەڵـی کوڕی. ئەوجـا سـەربازە موسـڵاویەکان (سـەربازانی موسڵ) دامـەزران و پێشـەنگیان زەهیرەددیـن کـوڕی پەلەنگـەری بـوو. ئەوجـا سـەربازانی دیاربەکـر لەخزمـەت قوتبەددینـی کـوڕی نورەددینـی خاوەنـی قـەڵات (حەسـەن کێـف). پاشـان حوسـامەددینی کـوڕی لاجینـی خاوەنـی نابلـس. دوایـی ئەلتەواشـی قایمـاز ئەلنەجمـی لەگـەڵ کۆمەڵـی زۆر گـەورە بـەلای راسـتەوە بـوون. لایەکیشـی پاشـا ئەلموزەفـەر تەقیەددیـن عومـەر (خاوەنـی حەلـەب) بەسـوپاکەیەوە روو لەدەریابـوو. پێشـەنگی لای چەپیـش، ئـەوەی دوای ناوەنـد دەهـات: سـەیفەددین عەلیـی مەشـتووب و عەلیـی کـوڕی ئەحمـەد کـە لەگـەورە پاشـایانی کـورد بـوو لەپێشـەوەیان بـوو. میـر مجەللـی و کۆمەڵـی ئەلمەهرانیـەو هەکاریـەو موجاهیدەددیـن یەرەنقـەش پێشـەنگی سـەربازانی شـەنگال بـوون. ئەوجـا موزەفەرەددینـی کـوڕی زەینەددیـن

بەسەربازەکانیەوەو دواوەی لای چەپیش گەورە بەندەکانی ئەلئەسەدیە بوون (دەگەڕێنەوە بۆ ئەسەدەددین شیرکۆی مامی سەلاحەددین) وەک سەیفەددین یازگەج و روسلان بەغا. کۆمەڵی ئەلئەسەدیە وەکو نموونە دەهێنرێنەوە. پێشەنگی ناوەند عیسا (هەکاری) و کۆمەڵەکەی بوو.

لەگەڵ پێشڕەویی خەڵکەکە (واتە خاچپەرستەکان)، موسڵمانەکانیش چوونەپێش تا رۆژ دەرکەوت و چوارکاتژمێر تێپەڕی. ئەوکاتە لای چەپی دوژمن بۆ سەر لای راستی موسڵمانەکان جوولەی کرد. پاشا موزەفەر ئەلچالیش بۆیان دەرچوو و لەنێوانیاندا زۆر ئەملاو ئەولا روویاندا. گەلەکۆمەیان بۆ سەر پاشا ئەلموزەفەر برد -کە لەلای راستە لەسەر دەریا بوو- و کەمێک لێیان کشایەوە بۆ ئەوەی لەهاوڕێیەکانیان دووربخاتەوەو تووشیان بکا. کە سوڵتان ئەمەی بینی واتێگەیی لەلاوازیانە بۆیە هاوکاریی (ئەتلاب)[1] لەناوەندەوە بۆ نارد تا لایەکان بەهێزبن. لای چەپی دوژمن کشایەوەو لەسەرگردێک کۆبوونەوە کە دەیڕوانیە سەردەریا. کە (خاچپەرستەکان)ی بەرامبەر ناوەند ئەوەیان بینی ناوەند لاوازەو ئەو هێزانەی لێی دەرچوون، چاویان بڕیی و بەرەو لای راستی ناوەند جوولەیان کردو هێرشێکی یەکدەستیان ئەنجامدا، بەپیادەو سوارەکانیان. بینیم

١- ئەلاب کۆی تەلەبە کە تیپێکە لەسوارەکان ژمارەیان پێنجسەت دەبێ. (مراه الزمان، ب٨ / ل ٦٩٥).

پیـــادەکان (پیـــادەی خاچپەرســـتەکان) وەکـــو ســـوارەکانیان دەرۆیشـــتن و هەندێکجـــار پێشیشـــیان دەکەوتـــن. هێرشـــەکە کرایـــە ســـەر ناوچـــەی بەکریـــەکان -وەکـــو خـــوای گـــەورە ویســـتی لەســـەر بـــوو- کـــە لەشـــەڕدا تازەبـــوون، بۆیـــە لەژێـــر دەســـتی دوژمـــن جوولەیـــان کـــردو بەخراپـــی شـــکان. کارەکـــە بەوشـــێوەیە رۆیـــی تـــا زۆربـــەی لای راســـت شـــکا. دوژمـــن کەوتـــە دوای شـــکاوەکان تـــا «گـــردی ئەلعیازیـــە»، لـــەدەورەی گردەکـــە ســـووڕانەوەو کۆمەڵێـــک لەدوژمـــن چوونـــە ســـەر چـــادری ســـوڵتان و تەســـتداریان[1] کوشـــت کـــە لـــەوێ بـــوو. هـــەر لـــەو رۆژەدا ئیســـماعیل ئەلمەکبـــەس و ئیبـــن رەواجـــە کـــوژران، خـــوا لێیـــان خۆشـــبێ.

بـــەڵام لای چـــەپ خـــۆی راگـــرت چونکـــە هێرشـــەکە بـــۆ ئـــەو نەچـــوو. هەرچـــی ســـوڵتانیش بـــوو ئـــەوا بەســـەر بەشـــەکاندا دەگـــەڕاو هەڵـــی دەســـاندن و گفتـــی جوانـــی دەدانـــێ و هانـــی دەدان بـــۆ جیهـــادو بانگـــی دەکـــرد: ئـــەوە بـــۆ ئیســـلامە. تەنیـــا پێنـــج کەســـی لەگـــەڵ مایـــەوە کاتێـــک کـــە بەســـەر بەشـــەکاندا دەگـــەڕاو دڕی بەڕیـــزەکان دەداو لەژێـــر گردەکـــە دەحەســـایەوە کـــە چادرەکـــەی لێبـــوو. هەرچـــی ســـەربازە بەزیـــوەکان بـــوو، هەڵاتنەکەیـــان گەیشـــتە «فەخوانـــە» - کەرتـــی پـــردی تەبەریـــە- و خەڵکـــی پارێـــزراوی دیمەشـــقیان لـــێ کۆبـــۆوە. ئەوانەشـــی کـــە لەدوایانـــەوە بـــوو (واتـــە

١- واتە ئەوەی بەردەستی دەکا و تەشتی دەستشۆر هەڵدەگرێ.

خاچپەرستەكا) ئـەوا بـۆ ئەلعیازیـە رەدوویـان كەوتـن و كـە بینیـان بەسـەر شـاخەكە سـەركەوتن، گەڕانـەوە دواوە بـەرەولای سـەربازەكانیان، ئەوجـا كۆمەڵـە غیلمـان[1] و خەربەندیـەک [2] و سیاسـیی هەڵاتـوو لەسـەر پشـتی وڵاخـی بارهەڵگـر تووشـیانبوون و كۆمەڵێكیـان لـێ كوشـتن، چونكـە بازاڕیـان گەرمبـوو و چەكیـان هەبـوو. هەرچـی ئەوانـەی كـە بـەرەو چادرەكانـی سـوڵتانی سـەركەوتن، ئـەوا دەسـتیان لەهیـچ شـتێک نـەدا تەنیـا ئەوانەیـان كوشـت كـە ناومـان هێنـان، ئەوانیـش سـێ كـەس بـوون. كـە بینیـان لای چەپـی موسـڵمانان خۆڕاگـرە زانیـان ناتوانـن بیانشكێنن بۆیـە لەگردەكـە شـۆڕبوونەوەو گەڕانـەوە لای سـەربازانی خۆیـان.

هەرچـی سـوڵتانیش بـوو ئـەوا لەژێـر گردەكـە وەسـتابوو و چەنـد كەسـێكی كەمـی لەگـەڵ بـوو و خەڵكـی كۆدەكـردەوە بـۆ ئـەوەی هێـرش بكەنـەوە سـەردوژمن. كـە بینیـان فەڕەنگـەكان لەگردەكـە دێنەخـوارێ، ویسـتیان وەریانبگرنـەوە بـەڵام فەرمانـی پێكـردن كـە تـا پشـتیان تێدەكـەن ئـارام بگـرن. هاواریـان بـۆ هاوڕێكانیـان دەنـارد كـە هـاواری كـردە خەڵكەكـە (واتـە سـەربازەكان) هێرشـیان بـۆ ببـەن و ئەوانیـش چـوون كۆمەڵێكیـان

---

١- بەو مێرمنداڵانە دەگوترا كە خزمەتی ئەسپەكانیان دەكرد.
٢- خەربەندی وشەیەكی فارسیە بەمانای مەكاری دێ.

بەردایــەوەو تەماعیــان لێکــردن و خەڵکێکــی زۆر کەوتنــە دوایــان و وایانزانــی ئــەوەی هێرشــی کرایــە ســەر کــوژراو تەنیــا ئــەو چەنــد کەســەیان رزگاریــان بــووەو شکســت گەڕاوەتــەوە بۆیــان و لای چەپــە بۆیــان کەوتــە جوولــەو پاشــا ئەلموزەفەریــش بەکۆمەڵەکەیــەوە لــەلای راســتەوە هــات و پیــاوان کۆبوونــەوەو تێکچــوو و خەڵکەکــە لەهەمــوو لایەکــەوە کشــانەوە دواوەو خــوا شــەیتانی بــەدرۆ خســتەوەو بــاوەڕی سەرخســت. ئیــدی خەڵکەکــە لەســەر کوشــتارو لێــدان و راونــان بەردەوامبــوو تــا هەڵاتــووە ســاغەکان گەیشــتنەوە ســەربازگەکەیان. لەنــاو چادرەکانیــان هێرشــیان کرایــە ســەرو کۆمەڵێــک ســواریان لــێ دەرکەوتــن کــە بــۆ مەترســیەکی ئەوهــا رایانگرتبــوون و موســڵمانەکانیان گەڕانــدەوە. خەڵکەکــە (واتــە ســەربازەکان) مانــدوو ببــوون و عارەقــەی شــینومۆریان کردبــوو، ئیــدی دوای نوێــژی عەسر خەڵکەکــە بەجێیــان هێشــتن لەنــاو کــوژراو و خوێنــی خۆیانــدا بگــەوزن، ئەوانیــش بــۆ نــاو چادرەکانیان بەخۆشــی و شــادیەوە گەڕانــەوە. ئــەو رۆژە ســوڵتان بەخۆشــی و شــادیەوە گەڕایــەوە نــاو چادرەکــەی و لەبــن رەشــماڵەکەی دانیشــتن ســەرژمێریی کوڕەونبووەکانیــان دەکــرد. ژمــارەی ئــەو ونبــووە نەناســراوانە ســەتوپەنجا کــەس دەبــوو و لەوانــەی کــە ناســراو و شــەهید بــوون: زەهیرەددینــی بــرای ئەلفەقیــە عیســا. خــۆم بینیــم دانیشــتبوو پێدەکەنــی و خەڵکەکــە سەرەخۆشــیان لێــی دەکــردو ئەویــش دەیگــوت:

ئـەورۆ رۆژی خۆشـیە نـەک رۆژی سەرەخۆشـی. بەخۆشـی لەئەسـپەکەی گلابـوو و سـواربۆوەو بینیـم کۆمەڵێـک لەخزمەکانـی خەڵکیـان لەسـەری کوشـت و ئـەورۆژە میـر مجەللیـش کـوژرا. ئەوانـە بـوون کوژراوانـی موسڵمانەکان.

هەرچـی دوژمنـی شـەرمەزاربوو ئـەوا ژمـارەی کوژراوانـی بەحەفـت هـەزار دەخەملێنـراو خـۆم بینیـم بـەرەو لێـواری رووباریـان دەبـردن بـۆ فڕێدانیـان بۆیـە بەحەفـت هـەزار پتـرم دادەنـان....»[1].

ئـەوە گرنگتریـن ئەوەبـوو کـە ئیبـن شـەدداد لەسـەر یەکـەم گـەورە شـەڕەکانی کـە لەنێـوان موسـڵمان و خاچپەرسـتەکان روویـدا نـاوی هێنـاوە کـە موزەفەرەددیـن بەشـی تێـدا هەبـوو.

هەرچـی شـەڕەکانی دیکـەی کـە زەیەددینـی بـرای موزەفەرەددیـن تێیانـدا بەشـداربووە، ئـەوا لەسـاڵی ٥٨٦ و کەمێـک پێـش مردنـی بـووە. لێدەگەڕێیـن مێژوونـوس ئیبـن ئەسـیر بەقەڵـەم و شـێوازی خـۆی باسـیان بـکاو لەژێـر ئـەو ناونیشـانە دەڵـێ:

***باسی سووتاندنی تاوەرەکان و شەڕی کەشتیگەل***

«فەڕەنگـەکان لەمـاوەی مانەوەیـان لەعـەککا، سـێ تـاوەری زۆر بەرزیـان لـەدار دروسـت کردبـوو. بەرزیـی

١- سيرة صلاح الدين، ل ٩٢ و دوایی. مفرج الكروب، ب٢ / ل ٢٩٢ و دوایی.

هــەر تاوەرێــک پێنــج چیــن بــوو. هــەر چینێــک پڕبــوو لەجەنــگاوەر. دارەکانیــان لەجەزائیــرەوە هێنابــوو چونکــە ئــەو جــۆرە تاوەرانــە تەنیــا داری زۆردەگمــەن بۆیــان دەبــێ. بەپێســتەو سرکەو قوڕودەرمانــان (واتــە مــادەی کیمیــاوی) دایانپۆشیبوون بــۆ ئــەوەی ئاگر نەیانسووتێنێ. ڕێگاشیان بــەرەو شــاری عــەککا لەســێ لاوە بــۆ خۆشــکردبوو و لەبیستی ڕەبیعولئەولـدا ڕایانکێشابوو و نزیکی شوورەکە ببــوو. ئەوانــەی لەســەری بــوون شــەڕیان تێداکــردو ئاشــکرابوون و دەســتیانکردە پڕکردنــەوەی کەندەکــەی. ئەوەنــدەی نەمابــوو شــارەکە بــەزۆری بســەندرێ کــە خەڵکەکــەی کەســێکیان بەمەلەوانیــی نــاو دەریــا نــاردە لای ســەلاحەددین و ئــەو تەنگانەیــەی پــێ ڕاگەیانــد کــە تێیکەوتــوون و خەریکــە بیانگــرن و بیانکــوژن. ئەویــش بەخــۆی و ســەربازەکانی ســواربوو و بــەرەو فەڕەنگــەکان هــات و لەهەمــوو لایەکــەوە کەوتــە کوشــتاریان. کوشتارێکی مــەزن و بــەردەوام بــۆ ئــەوەی خەریکیــان بــکاو لەشــاریان دوورخاتــەوە. فەڕەنگــەکان بوونــە دوو تیــپ. تیپێــک شــەڕی لەگــەڵ ســەلاحەددین دەکــردو تیپێکیــش شــەڕی خەڵکــی عــەککا. بــەڵام ئــەوەی ســەر شــارەکە هێوربــۆوەو شــەڕەکە هەشــت ڕۆژی یــەک بــەدوای یەکــی بــەردەوام گــەڕاو دواڕۆژ بیستوهەشــتی مانــگ بــوو کــە هــەردوو تیــپ بێــزار بــوون لەکوشــتار، چونکــە شــەووڕۆژ بەردەوامبــوو و موسڵمانەکان دڵنیابــوون کــە فەڕەنگــەکان شــارەکە دەگــرن،

چونكــه بينيــان ئەوانــەی تێیــدان ناتوانــن تــاوەرەكان دووربخەنــەوەو هەرچــی لەدەستیشــیان هــات كردیــان، بــەڵام سوودی نەبــوو و هیچــی لــێ نەهاتەجــێ و بــەردەوام بــوون لەپڕژاندنــی نەفتــی تێهەڵــدراو بەســەریانداو هیــچ كاری لێنەكــردن، بۆیــە دڵنیابــوون كــە لەناودەچــن بــەڵام خــودا سەرخســتنی خــۆی بــۆ نــاردن و رێــدرا تــاوەرەكان بســووتێنن. هــۆكاری ئــەوە كەســێك بــوو لەدانیشــتووانی دیمەشــق كــە زۆر حــەزی لەكۆكردنــەوەی ئامێــرە نەفتــی و دەســتكەوتنی ئــەو دەرمانانــەی نەفــت بەهێزتــر دەكــەن، دەكرد. ئەوانــەی دەیانناســی و ســەركۆنەیان دەكرد بۆ ئــەو كارەی، پێــی دەگــۆتــن: ئــەوە خــۆم نەمكــردووە بەڵكو حــەزم لێیــە فێــری ببــم. ئەوكاتــە بەهۆیــەك كــە خــودا هــەر خــۆی دەیویســت، لەعــەككا بــوو. كــە بینــی تــاوەرەكان بــۆ ســەر شــاری عــەككا دامــەزراون، دەســتی كــردە كاركــردن لەســەر ئــەو دەرمانانــەی كــە ئاگــر بەهێــز دەكــەن بەجۆرێــك كــە قــوڕ و سركە و شتی لەوجــۆرە رێــی لێناگرن. كــە لێبــۆوە، هاتــە لای میــر قەرەقــوش -كــە خــۆی كاروبــاری عــەككای لەدەســتبوو و فەرمانــڕەوای بــوو- و پێــی گــوت بــەوەی ســەر ئاگرهاوێژەكــە بڵــێ كــە ئــەوەی دەیدەمــێ بیخاتــە نــاو ئــەو ئاگرهاوێــژەی كــە نزیكــە لەیەكێــك لەتــاوەرەكان بــۆ ئــەوەی بیســووتێنێ. قەرەقــوش لەبــەر ئــەو ترســەی لەوڵاتەكــەو ئەوانــەی تێیــدان ئەوەنــدە تووڕەببــوو هەنــدەی نەمابــوو بیكــوژێ و بــەو قســەیەی كابــراش هەنــدەی دیكــە

تووڕەبــوو و گوتــی: وەســتایانی ئــەو کارە گەلێــک ئــەو نەفتەیــان تێگــرت بــەڵام هــەر ســەرنەکەوتن. ئەوانــەی لــەوێ بــوو گوتیــان: لەوانەیــە خــودا ســەرکەوتنی بەدەســتی ئــەو کابرایــە ناردبــێ و هیــچ لەدەســت نادەیــن ئەگــەر بەقســەی بکەیــن. ئەویــش بەقســەی کــردن و فەرمانــی بەئاگرهاوێــژ کــرد وابــکاو چەنــد مەنجەڵــە نەفــت و دەرمانێکــی بــێ ئاگــر هاویشــت. کــە فەڕەنگــەکان دەیانبینــی مەنجەڵــەکان نایانســووتێنێ لەخۆشــیان هاواریــان دەکــردو لەســەر رووی تاوەرەکــە ســەماو یاریــان دەکــرد. کــە زانــی ئــەوەی تێیگرتــوون کاری لەتاوەرەکــە کــردووە، مەنجەڵێکــی پــڕی دیکــەی تێگرتــن و ئاگــری تێبــەردا. تــاوەر ئاگــری گــرت و ئەویــش مەنجەڵــی دووەم و ســێیەمی هاویشــت و ئاگــر لەهەمــوو لایەکــی تاوەرەکــە بەربــوو و ئەوانــەی لەنــاو هــەر پێنــج چینەکەیــدا بــوون نەیانتوانــی رابکــەن و رزگاربــن، بۆیــە بەوانــەوە ســووتاو بڕێکــی زۆر لەئازووقــەو چەکــی تێدابــوو. فەڕەنگــەکان کــە دەیانبینــی مەنجەڵەکانــی ســەرەتا کار ناکــەن دڵنیــا دەبــوون و هەوڵــی خۆقوتارکردنیــان نــەدەدا تــا خــودا ئاگــری لەدنیــا پێــش قیامــەت بــۆ نــاردن.

کــە تــاوەری یەکــەم سووتا چوونــە ســەر دووەم –ئەوانــەی تێیدابــوون لەترســان هەڵاتــن– ئەویــش ســووتاو ســێیەمیش هەرئەوهــا. ڕۆژێکــی ئەوەنــدە دیاربــوو کــە خەڵــک نەیانبینــی بــوو. موسڵمانەکان تەماشایان دەکردو دڵخــۆش دەبــوون و دوای ئــەو خەمۆکیــە روویــان بــەو ســەرکەوتنەو

رزگاربوونی موسڵمانان لەکوشتار گەشایەوە، چونکە کەسێکیان نەبوو لەو شارە خزمێک یان برادەرێکی تێدا نەبێ. ئەو پیاوەیان بردە لای سەلاحەددین و ئەویش زۆری پارەو دابڕێنراوی دایێ، بەڵام ئەو تاکە یەک دانەی وەرنەگرت و گوتی: ئەوەی من کردووە بۆ خودا بوو و پاداشتیشم هەر لەو دەوێ.

نووسراوی مزگێنی بەناو وڵاتدا بڵاوکرایەوەو داوای سەربازانی رۆژهەڵات کراو یەکەم کەسێکی کە هات عیمادەددین مەودوودی کوڕی زەنگی بوو -کە خاوەنی شەنگال و وڵاتی جەزیرە بوو- ئەوجا عەلائەددینی کوڕی عیزەددین مەسعوودی کوڕی مەودوودی کوڕی زەنگی هات کە باوکی، خاوەنی موسڵ، بەپێشەنگی سەربازەکانی ناردبووی. پاشان زەینەددین یوسفی خاوەنی ئەربل گەیشت و هەریەکە کە دەگەیشت بەسوپاکەیەوە بەرەو فەرەنگەکان دەچوو و دەکەوتە شەڕ لەگەڵیان ئەوجا دادەبەزین[1]».

هەرچی شەڕی کەشتیگەلە (ئەلئوستووڵ) ئەوا لێرە ناوی ناهێنین چونکە شەڕێکی دیکەیەو موزەفەرەددین و زەینەددین بەشداریان تێدا نەکردووە.

لەمانگی شەعبان، واتە لەمانگی چوارەمی گەیشتنی زەینەددین یوسف بۆ عەککا، زەینەددین نەخۆش

١- الكامل، ب٩ / ل ٢٠٥.

دەکەوێ و دەمرێ، وەکو پێشتر باسمان کرد. ئەوجا دوای ئەوە ئەربل بەفەرمانی سەلاحەددین بووە هی موزەفەرەددینی برای. بەوەرگرتنی ئەربل، موزەفەرەددین بۆ ماوەیەک لەگۆڕەپانی خاچپەرستەکان چالاکیی نەما، چونکە دوای مردنی زەینەددین، موزەفەرەددین عەککای بەجێهێشت و چوو ئەربل وەربگرێ و چوونەکەی لەمانگی زیلحیججەی ساڵەکە (ساڵی ٥٨٦) بوو. موزەفەرەددین لەئەربل مایەوە بۆ راییکردنی کاروبارەکانی و بڕیاردان لەسەر بەشەکانی و چاودێریی بەرژەوەندیەکانی خەڵک تێیدا تا ئەوەی لەگۆڕەپانی خاچپەرستەکان پەیدا بوو و سەلاحەددین بەسەربازەکانیەوە داوایکردەوە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ لەشەڕی عەککا بەشداربێتەوە، چونکە ئاوروپا بەفەرماندەیی ریچاردی شێردڵی پاشای ئینگلتەرا هێرشی سێیەمی خاچپەرستەکانی نارد بۆ ستاندنەوەی بەیتولمەقدەس کە سەلاحەددین لەساڵ ٥٨٣ک لەخاچپەرستەکانی وەرگرتبۆوە. ریچارد بەو هێرشەو بەو خاچپەرستانەی کە لەشام دادەنیشتن هاتە سەر سەلاحەددین لەکاتێکدا هێشتا شەڕی عەککا کۆتایی نەهاتبوو. سەلاحەددینیش هاواری بۆ ئەو پاشاو میرەموسڵمانانە نارد کە بەشداریی شەڕەکانیانی نەکردبێ و نامەی بۆ دەناردن بەوەی کە هەڵوێستەکەی شلۆقەو خاچپەرستەکان فشاری دەخەنە سەرو هانی دەدان خێرا بیگەنێ بۆ هاوکاریکردنی بۆ دوورخستنەوەی

مەترسیی لەسەر عەککا. لەوانەی سەلاحەددین لەساڵی ٥٨٧ک بۆی نووسین ئەو نووسراوە بوو بۆ موزەفەرەددین کە تێیدا ئەو تەنگانەیەی بۆ روون دەکاتەوە کە تێی کەوتووەو ئەو هێزوتوانایەی کە خاچپەرستەکان هەیانە کە ترسی خستۆتە ناو دڵی زۆر لەجەنگاوەرانی عەککا رایان کردووە. ئەوەش ترسی ئەوانەی لەناو شارەکە مابوونەوە پتر کردبوو، بۆیە پێکهاتنیان نیشانی خاچپەرستەکان دا. خاچپەرستەکان مەرجی زەحمەتیان داناو موسڵمانەکانیش رەتیان کردەوە خۆیان رادەستکەن و بۆ بەرگریکردن و رووبەڕووبوونەوە خۆیان راگرت. سەلاحەددین بۆ موزەفەرەددین دەنووسێ و دەڵێ: «نووسراوەکانی پێشترمان بۆی[1] بۆ روونکردنەوەی ئەو بارودۆخە بوو کە تێیکەوتووین و داوای ئەو سەرکەوتنە دەکەین کە جێی هیوامانەو پاشاکانی فەڕەنگەکان و خەڵکەکەیان گەیشتوون و شەڕی دەمکەکەیان کردووەو داگیریان کردووە. ئێستاش ئاگرهاوێژەکانیان هەڕەشەی لێدەکەن بەلێدانی و لەزۆر شوێن شووراکە شکێنراوەو کارەکە گەورەو شەڕەکەش توندبووە. دوژمن نزیکی شار بووەو بۆی دەخشێ و رێگاکانی بۆ خۆشبووە. ئێمەش سوپامان بۆ سازداوەو هێرشمان کردۆتە سەری بەڵام کەندو شوورەکەی توندەو گەیشتن پێی زەحمەتە. ئەو

---

١- نووسراوەکە بۆ موزەفەرەددینە.

هاوڕێیانەی لەگەڵمان بوون لەو کۆمەڵەی باوەڕیان بەخودا لاوازەو دڵیان پڕە لەخراپەکاری رایانکرد. ئەوەش دوژمنی هاندا. بەڵام هاوڕێیانمان لەپیاوە بەڕێزەکان بڕیاریاندا بەساغی نەمێننەوە هەتا چەندان ئەوەندە لەدوژمن نەکوژن و ئەوپەڕی توانای خۆیان دەخەنە گەڕ چونکە بەفەڕەنگەکانیان گوتبوو بۆ پێکهاتن، بەڵام ئەوان مەرجی قوڕسیان دانا بۆیە پشوویان گرت و هەرجارەی لەلایەکەوە بۆیان دەردەرچوون هەتا خودا ئەو بەڵایەیان لەسەر لادەدا. ئێمەش -هەرچەندە تەنگاوبووین و پەرتوبڵاوکراوین- بەڵام ئەوان لەپشت دیوارەکەوە شەڕمان لەگەڵ دەکەن و دەزانن ئەگەر بێنە دەرەوە لەناودەچن، بۆیە هێرشکردنەسەریان زەحمەتەو سەربازەکانیان کۆکردۆتەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا خودا چی دانابێ هەر ئەوە دەبێ و کەس لەنهێنیی ئەو ناگاو فەرمانی ئەو رەتناکرێتەوە، بۆیە مەبەستمان رێی خوایەو پشت بەخوا دەبەستین و هەر خۆی باشترین پشتوپەنامانە»[1].

دەبوو موزەفەرەددین بەپەلە بگەیشتبایە سەلاحەددین بۆ ئەوەی لەشەڕەکانی عەککا لەگەڵی بوایە، بەڵام -لەبەر هۆیەک- لەئەربل مایەوە. لەوانەشە شتێک ناچاری کردبێ کە لەناو ئیمارەتەکەی بمێنێتەوە. وەک

١- الفتح القسی، ل٢٧٩.

ئـــەوەی خـەریکــی توندکردنــی ســنووری ئیمارەتەکــەی بــێ یــان کێشــەی تــووش بووبــێ. بۆیــە دەبینیــن ســەلاحەددین نووســراوێکی دیکــەی بــۆ ڕەوانــە دەکاو داوای ئامادەبوونــی بەپەلـــەی لێـــدەکا، چونکـــە دوای خەباتێکـــی درێـــژو بەرگریەکـــی خۆکـــوژ دژی هێرشـــە گەورەکانـــی دوژمـــن، عـــەککا دەکەوێتـــە دەســـت دوژمـــن. کەوتنەکەشـــی بەهـــۆی ناپاکیـی هەنـدێ لـەو پشـکێنەرانەی کـە لەگـەڵ پارێزەرانـی شـارەکەبوون. سـەلاحەددین بـۆ موزەفەرەددینـی نووسـیەوە:

«زانیتـــان چ دوژمنێکـــی کافـــر هاتۆتـــە ســـەر موســـڵمانان و ئـــەو ســـتەمکارەی هێـــزی کۆکردۆتـــەوەو لەدەریاشـــەوە بەهەمـــوو ئـــەوەی لەشـــارەکانی کافـــران و جەزیـــرەکان هەیانـــە هاتـــووە. مەبەستیشـــیان ناوەنـــدە ئیســـلامیە پیرۆزەکەیەتـی و خـودا هـەر خـۆی دوژمنـان زەلیـل و ریسـوا دەکا. گومانیـش ناکـەم کـە ئـەوەی بەسـەر عـەککادا هـات زانیوتانـــە دوای ئـــەو دوو ســـاڵەی پارێزگاریمـــان لێکـــردو ئـــەو بێزارکردنانـــەی نیشـــانماندان و کەوتبوونـــە نـــاو دووگەمـــارۆوەو هەرچیەکیـــان بکردبایـــە دەمانگەڕاندنـــەوەو هەرچیەکیـــان دەســـتکەوتبایە لێمـــان دەســـەندنەوەو هـــەر ئاگرهاوێژێکیـــان بناردبایـــە تێکمـــان دەشـــکاندو بچووبانـــە ســـەر هـــەر تاوەرێـــک دەمانســـووتاندو هـــەر بەربەســـتێکیان توندکردبـــا دەمانبـــڕی و هـــەر ئاگرێکـــی شـــەڕیان هەڵگیرســـاندبا خـــودا دەیمرانـــدەوە، تـــا هیـــچ فێڵێکیـــان لەدەســـت نەمـــاو نزیکـــەی پەنجاهەزاریـــان لەســـوارو پیـــادە

لـێ کـوژرا کـه گومانـی تێـدا نیـه دەرسـیان لێوەرگـرت و وامانزانـی لـەناوچـوون کەچـی هـەر زۆر دەبـن. وامانزانـی لەناوچـوون کەچـی هـەر لەسـەر کوشـتار بەردەوامـن و هـەر بەخۆشـیان بوونەتـە سـووتەمەنی ئاگـری ئـەو شـەڕەو مایـەی بریندارب‌وون و بەرکەوتـن. چەنـدان گیانیـان لەدەسـتداوەو چوونـە گۆڕستانەوە لەڕێـی ئـەوەی دەیانـەوێ بەدەسـتی بێنـن، بـەڵام هـەر نەیانتوانیـووە. کـە چووینـە نـاو سـاڵی تـازەوە بەزەییمـان بەوانـە دەهاتـەوە کـە هاوڕێمانـن لەنـاو عـەککادان و گوتمـان ئەوانـە زۆریـان تێکۆشـا لەپێنـاو جیهادکردنـدا بۆیـە ویسـتمان هیدیکـە لەوڵاتەکانـی دی شـوێنیان بگرنـەوە. لەوانـە دەهـەزار پیـاو لەهەمـوو لایـەک کۆکرانـەوە، بـەڵام فەڕەنگـەکان پەلەیـان کـردو بەگردوکـۆوە هاتـن و پەلەیـان لەچوونـە نـاو ئاگـر کـردەوە. پاشـای فەڕەنسـا و ئینگلتـەرا بەڕێککەوتنـەوە هاتـن و هەرچیەکـی لەدەسـتیان هـات لەئاگـرو ئامێـرو چـەک و تفـاق لەگـەڵ خۆیـان هێنـاوەو دەسـتیان کـردووە بەڕووخاندنـی شـوورەی شـار، بـەڵام خـاوەن بـاوەڕەکان خۆڕاگـرن و فریشـتەکانی خـوداش لەپشـتیانەوەن و هەریەکێکیـان دەردەکەوێـت راستەوخۆ دەکەوێتـە بـەر تیـری بـاوەڕداران تـا کار گەیشـتۆتە ئـەوەی شـەڕ لەشـوورەی شـاریش تێپەڕیـوەو گەیشـتۆتە نـاو مـاڵ و سـەر شـەقامەکانەوە. بەمـە ئەگەرچـی شـار لەدەسـتچووە بـەڵام ئایینەکەمـان هـەر مـاوەو ئیسـلام ناکـەوێ و بەپشـتیوانیی

خودا بەتوندترین شێوە رەتیان دەکەینەوەو بۆ دواوە دەکشێنرێنەوە، بەهاوکاری ئەوانەی کە وەڵاممان دەدەنەوە.

جارێکی دیکە موزەفەرەددین لەداوایەکەی سەلاحەددین خۆی دەگنخێنێ، بۆیە نامەی سێیەمیشی بۆ دەنێرێ و داوای بەپەلە ئامادەبوونی لێدەکا، چونکە دوای کەوتنی عەککا بەدەستی خاچپەرستەکان مەترسیەکان زۆرتر دەبن. ئەو کەوتنە وایان لێدەکا رشتترین لەسەر بەدەستهێنانەوەی هەموو ئەو وڵاتانەی کە لێیان سەندراوە، بگرە چاویان لەپتریش بوو، چونکە بڕیاریان دابوو هەموو ئەو وڵاتانەش بگرن کە هی خۆیان نەبوو. سەلاحەددین لەنامەکەی بۆ موزەفەرەددین دەڵێ: «دوای ئەوەی دوژمن لەکارکردن لەسەر عەککا بۆوە، بەرەو حەیفا دەڕواو وادەزانێ عەسقەلانیش دەگرێ، نازانێ بەرەو مەرگی خۆی دەچێ. چوونیان لەسەرەتای مانگی شەعبان بوو کە پاشای ئینگلتەرا سەرکردایەتیانی دەکردو پێشەنگی سوپاکەیانمان لەناو بردووەو زۆر لەپیادەو سوارەکانیان کوژراون و سەریان پەڕێنراوەو لەسەر رووباری حەیفا دابەزیوون. ئێمە چووینە سەر ڕێیان بۆ ئەوەی هەموو تۆڵەی عەککایان لێ بکەینەوە..».

لێرەدا موزەفەرەددین چارەی نامێنێ دەبێ واز لەویلایەتەکەی بێنێ و بەسوپایەکەوە بەرەو سەلاحەددین

دەڕوا، چونکــە هەڵوێســتەکە مەترســیدارەو وڵاتانــی شــام خەریکــە خاچپەرســتەکان ســەرلەنوێ هەڵــی دەلووشــن و ئەوەنــدە رشــت بووینــە هەڕەشــە لەهەمــوو شــام دەکــەن.

کەوابــێ ئــەرک وادەخــوازێ واز لەهەمــوو شــتێک بێنــێ، تەنیــا جیهــاد نەبــێ. ئەوجــا ســوپایەکەی کۆدەکاتــەوەو بــۆ شــەڕ ئامادەیــان دەکاو لەئەربلــەوە بــەرەو لای ســەلاحەددین دەچــێ و لەگەڵــی دەبــێ. لەهەمــوو ئــەو شــەڕانەش بەشــداریی دەکا تــا ئەوکاتــەی ســەلاحەددین لەمانگــی شــەعبانی ســاڵی ٥٨٨ک (١١٩٢ز) لەگــەڵ ریچــاردی پاشــای ئینگلتــەرا رێــک دەکــەوێ.

هەرچەنــدە هەواڵەکانــی شــەڕ بەئاشــکرا نــاوی موزەفەرەددیــن ناهێنــن، بــەڵام دڵنیایــن کــە بەشــداریی کــردووە، بەبەڵگــەی ئــەو گوتەیــەی ئیبــن شــەدداد کــە دوای رێککەوتنەکــە ســەلاحەددین رێگــە بــەو ســوپایانە دەدا کــە بــۆ هاوکاریــی هاتبــوون بگەڕێنــەوە بــۆ وڵاتەکانــی خۆیــان و یەکــەم ســوپاش کــە دەگەڕێتــەوە ســوپایەکەی ئەربــل بــووە کــە لەســەرەتای مانگــی رەمەزانــی هەمــان ســاڵ بــووە. (ســیره صــلاح الدیــن ل٢٣٩).

گەڕانــەوەی موزەفەرەددیــن بــۆ وڵاتەکــەی خــۆی، کۆتــا بەشــداریکردنی بــووە لەشــەڕەکانی دژ بەخاچپەرســتەکان چونکــە ســەلاحەددین لەمانگــی ســەفەری ســاڵی ٥٨٩ک دەمــرێ و کوڕەکانــی و بــراو منداڵانــی خانەوادەکــەی جێــی دەگرنــەوە. ئەوانیــش لەســەلاحەددین کەمتــر

رشـــتبوون لەســـەر خەباتـــی دژی خاچپەرســـتەکان چونکـــە کێشـــە بنەماڵەییەکانیـــان لەســـەر خـــاک و ســـەرکردایەتی رایەماڵیـــن و موزەفەرەددینیـــش هیـــچ بوارێکـــی نەدیتـــەوە بـــۆ جیهـــاد. لەلایەکـــی دیکەشـــەوە موزەفەرەددینیـــش لەگـــەڵ موســـڵ و ئەیووبیـــەکان کەوتـــە کێشـــەوە. ئـــەو کێشـــانەی کـــە بەدرێـــژی لەبەشـــی رابـــردوو ناومـــان هێنـــان.

# بەشی حەفتەم

# کارە دیارەکانی موزەفەرەددین

پێشتر گۆتمان جیهانی ئیسلامی هەر لەسەردەمی دووەمی عەباسیەکانەوە یەکگرتوویی سیاسی و کارگێڕیی خۆی لەدەستدا. واتە لەسەرەتاکانی سەتەی سێیەمەوە کە بووە یەکەی هەرێمیی گەورەو هەر هەرێمێک حکوومەت و سیاسەت و کارگێڕیی خۆی هەبوو. ئەوەشمان گۆت کە ئەو یەکە هەرێمایەتیانەش لەناو خۆیانەوە، لەگەڵ مردنی سوڵتان مەلکشای سەلجووقی، لەکۆتاییەکانی سەتەی پێنجەمەوە، بووە شارەدەوڵەتۆکە. ئەگەر ئەو لێکبوونەوانە شتێک بگەیەنێ ئەوا ئەوە دەگەیەنێ کە تێکچوونێکی سیاسیی گەورە هەبووە. هەر ئەو تێکچوونە سیاسیەشە کە مێژووی عەرەبیمانی پێ جیادەکرێتەوە. هەر ئەوەشە کە بەتەنیا جێی بایەخی ئەوانەبووە کە گرنگی بەلێکۆڵینەوە ئیسلامیە عەرەبیەکان دەدەن و بەشەڕێکی گەورەی دادەنێن کە تووشی جیهانی ئیسلامی بوو تا لەناوی برد. لەکاتێکدا خوێندنەوەی لایەنەکانی دیکەی مێژووەکەمانیان زۆر پشتگوێ خستووە، وەکو لایەنەکانی: کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و ئابووری وەکو ئەوەی بەدرێژایی مێژووەکەمان بەتەنیا لایەنی سیاسی هەبووبێ.

لەگەڵ ئەو دابەشبوونە سیاسی و بێسەروبەریەی ئەو شەڕانەی کە حوکمڕانەکان لەناو خۆیاندا لەپێناو بالادەستبوون و فراوانکردنی رووبەری هەرێمەکانیان لەسەر حیسابی یەکتری هەڵیان دەگیرساند، دەبینین ئەو

حوكمڕانانــە بەخۆیــان گرنگیەکــی زۆریــان، تــا ئەوپــەڕی بــەرزی، بەکۆمەڵگەکانیــان دەداو جوانتریــن خزمەتیــان بەگەلەکانیــان دەکــرد. ئــەو خزمەتانــە لەدروســتکردنی نەخۆشــخانەو پەنــاگا، بڵاوکردنــەوەی زانســت و هاندانــی زانایــان، بایەخــدان بەکشــتوکاڵ و بازرگانــی و پیشەســازی. دەدا. هــەر فەرمانڕەوایــەو بەپێــی تێگەیشــتنەکەی خــۆی بــۆ ئەرکــی حوکمڕانــی خزمەتەکانــی پێشــکەش گەلەکــەی دەکــردو بەپێــی تواناکانــی دەوڵەتۆکەکــەی. ئــەو راســتیە واقیعــی مێژوویــی تۆمــاری دەکا بــەڵام ئــەو راســتیە لەنــاو کتێبــی کۆنینــەکان لەنــاو گەرمــەی رووداوە سیاســی و جەنگیەکانــدا بزربــووە کــە پتــر لەهیدیکــە گرنگیــان بەتۆمارکردنیــان داوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا دەکــرێ بەکەمێــک خۆماندووکــردن، ماددەیەکــی جــوان لەســەر لایەنەکانــی دیکــەی مێژووەکەمــان، لەنــاو ئــەو هەواڵــە سیاســی و جەنگیانــە هەڵێنجیــن...

موزەفەرەددیــن گۆگبــورووش، کــە خاوەنــی ئــەو ســەربردەیەیە، یەکێکــە لــەو حوکمڕانانــەی کــە تــا رادەیەکــی زۆر –وەکــو لەبەشــەکەی پێشــتر بینیمــان– نقوومــی شــەڕو سیاســەت ببــوو. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەو گەلــەی لەبیرنەکردبــوو کــە حوکمــی دەکــردن، بەڵکــو پێویســتیەکانی زانیبــوو و پێشکەشیشــی کردبــوون و پێداویســتیەکانی کۆمەڵگەکــەی پشــتگوێ نەخســتبوو. بایەخــی بەدروســتکردن و ئاوەدانکردنــەوە دابــوو وەکــو

چۆن گرنگیی بەبڵاوكردنەوەی زانست دابوو. هەروەها بایەخی بەلایەنی تەندروستی دابوو و نەخۆشخانەی دامەزراندبوو –یان وەكو ئەوەی لەو سەردەمدا پێی دەگوترا بیمارستان– و كردبوویە خانەو پەناگە بۆ نەخۆشان و هەتیوان و منداڵی هەڵگیراوەو بێوەژنان و پارەیەكی مەزنی بۆ تەرخان كردبوون. دەستی یارمەتیی بۆ هەژارو دەستكورتان درێژ دەكرد. بگرە كارەچاكەكانی گەیشتبووە گشت موسڵمانان. لەئەربل خانەیەكی بۆ میوانداری دروست كردبوو كە دەرگای واڵابوو بۆ هەركەسێكی بهاتبایە شارەكە یان رێی بەوێ كەوتبا. چەندی بویستبایە تێیدا دەمایەوەو خواردن و خواردنەوەی بەخۆڕایی بوو. تا ئەو رادەیەی كە سەردەمەكەی جوانترین سەردەمی شاری ئەربل و گەشاوەترین بوو.

موزەفەرەددین لەناو ئەو حوكمگێڕە گچكانەدا تەنیا نەبوو كە ئەو كارە دیارانەی هەبێ، بەڵكو بێجگە لەو، زۆری دیكە هەبوون كە هەریەكەیان لێی دەوەشێتەوە كتێبێكی بەتەنیا لەو بارەیەوە لەسەر دابنرێ. ئێمە لێرە –هەر بۆ نموونە– هاوشێوەیەكی موزەفەرەددین دێنینەوە كە ئەو خزمەتە كۆمەڵایەتیانەی پێشكەشی گەلەكەی كردووە كە نزیكەی لەوەی موزەفەرەددین پێشكەشی كردوون. ئەویش بەدری كوڕی حەسنەوەی كوردیە كە لەساڵی ٤٠٥ك (١٠١٤ز) مردووە كە

حوکمگێـڕی سـەر هەرێمـی ئەلجەبـەل بـووە. ئـەو پیـاوە پارەیەکـی زەبەلاحـی تەرخـان کردبـوو لەخزمەتـی گـەل و دڵدانـەوەی خـاوەن پێداویسـتیەکانی دانابـوو. لەوانـە هەمـوو حەفتەیـەک بیسـت هـەزار درهەمـی بەسـەر هـەژارو بێوەژنانـدا دابـەش دەکـردو بیسـت هـەزار درهەمیـش هەمـوو مانگێـک بـۆ کفنکردنـی مـردووی هـەژارەکان و سـێ هـەزار دیناریـش سـاڵانە دەیدایـە ئاسـنگەرو پینـەدۆزان بـۆ چاکردنـەوەی پێـڵاوی ئەوانـەی دەهاتنـە وڵاتەکـەی و ناڵکردنـی وڵاخەکانیـان بـێ بەرامبـەر. هەمـوو ساڵێکیش سـەت هـەزار دینـاری بـۆ هەژارانـی هـەردوو شـارە پیرۆزەکـە: مەکـەو مەدینـە دەنـارد. پتـر لەهـەزار مزگەفـت و خانـەی ئاوەدانکـردەوەی دامەزراندبـوو. ئەگـەر لەڕێـی خـۆی لەگەشـتەکانیدا بەشـوێنێکدا تێپەڕیبـا ئـاوی هەبوایـە، گوندێکـی لـێ دادەمەزرانـد. ئـەوە سـەرباری ئـەوەی کـە وەکـو خێـرات و سـەدەقە و چاکـە و پەیوەنـدی بەسـتن خەرجـی دەکـرد بـۆ چیـن و توێـژە جیـاوازەکان.

هـەر لەسـەربردەی ئـەو حوکمڕانانـە، چ خەلیفـە بـن یـان سوڵتان و پاشـا و میـر.. توێـژەر دەتوانـێ مادەیەکـی جوانیـان لەلایەنـە مرۆیـی و ئاوەدانکردنـەوەو زانسـت و لایەنەکانـی دیکـەش دەربێنـێ و نیشـانی بـدا. بەمـە تـا رادەیەکـی زۆر ئـەو تاریکیـە تونـدەی سـەر مێـژووە سیاسـیەکەمان دەڕەوێنێتـەوە.

زۆر هـۆکار یەکیـان گرتـووە لەپێگەیاندنـی موزەفەرەددیـن،

پێگەیاندنێـک وەکـو حوکمڕانێکـی رووناکبیـر کـە پێداویسـتیەکانی وڵات و گەلەکـەی ناسـیوەو جێبەجێـی کـردوون. گرنگتریـن ئـەو هۆکارانـە سـێیانن:

**یەکەم:** رۆشنبیریە ئایینیەکەی.

**دووەم:** سەربردەی باوکی.

**سـێیەم:** ئـەوەی بەچـاوی خـۆی بینیبـووی لەدیـاردە شارسـتانیەکانی موسـڵ و حەلـەب و دیمەشـق.

ئـەوەی کـە تایبەتـە بەهـۆکاری یەکـەم: رۆشـنبیریە ئایینیەکەیەتـی. موزەفەرەددیـن –وەکـو لەپێشـەوە لەکاتـی قسـەکردن لەپێگەیشـتنیدا گوتمـان– بەشـێکی بـاش لەفێربوونـی سـەرەتایی لەژێـر سەرپەرشتی موجاهیدەددیـن قایمـاز بـوو. پـاش ئـەوەش کـە باوکـی مـردو بـووە میـری ئەربـل هـەر لەفێربـوون بـەردەوام بـوو. دوای لادانیشـی لەئیمارەتەکـەی و جێگیربوونـی لەحـەرران هـەر لەدەسـتکەوتنی زانیـاری بـەردەوام بـووە. بەردەوامبوونـی لەدەستخسـتنی زانسـت لـەوەوە دەزانیـن کاتێـک کـە گەڕاوەتـەوە بـۆ ئەربـل بایەخـی بەدانیشـتن لەگـەڵ زانـاو ئاییـناس و فەرموودەناسـان داوە. ئیبـن خەلـەکان لێـی دەگێڕێتـەوە کـە «حـەزی لەزانسـتی مێـژوو بـووەو خۆشـی کەمێکـی لێدەزانـی»[1]. ئـەوەش مانـای ئەوەیـە کـە موزەفەرەددیـن بەشـێوەیەکی گشـتی پەروەردەیەکـی

---

١- البداية والنهاية، ب١١ / ل ٣٥٣.

ئایینــی کــراوە. ئــەو پەروەردەیــەی وای لەموزەفەرەددیــن کــردووە کــە لەراســتیی ئەرکەکــەی وەکــو حوکمڕانێــک بــگا. هەروەهــا زانیبــووی کــە حوکمگێــڕ هــەر تەنیــا پیاوێکــی خۆســەپێن نیــە کــە خەڵــک ملکەچــی حوکمڕانەکــەی بــن و ئەویــش لەپێنــاو بەرژەوەندیــی تایبــەت و ســوودی خــۆی بیانچەوســێنێتەوە، بەڵکــو پێویســتە حوکمگێــڕ وەکــو ئــەوە بــێ کــە خــوداو پێغەمبەرەکــەی فەرمانیــان پێکــردووە: کــە خزمەتکارێکــی دەســتپاک بــێ بــۆ ئەوانــەی حوکمیــان دەکاو چاودێریــی کاروبارەکانیــان بکاو دادپەروەربــێ لەنێوانیانداو ڕێگەکانــی خۆشــگوزەرانی و ژیانێکــی ســەربەرزانەیان بــۆ ئاســان بــکا. موزەفەرەددیــن لــەو تێگەیشــتنەیدا بەئاشــکرا دیــارە کــە کاریگەریــی قورئــان و فەرمــوودە پیرۆزەکانــی لەســەر بــووە کــە هانــی حوکمبەدەســت دەدەن نەرمونیــان بــن لەگــەڵ بندەســتەکانیان و چاودێریــی بەرژەوەندیەکانیــان بــن و دادپەروەربــن لەنێوانیانــدا.

ئــەوەی کــە تایبەتیشــە بەهــۆکاری دووەم، ئــەوە ســەربردەی باوکیەتــی. گومانــی تێــدا نیــە کــە موزەفەرەددیــن کاریگەریــی ئــەو سەربردەباشــەی لەســەر بــووە کــە باوکــی بــۆی بەجێهێشــتووە. لەکاتــی قســەکردنمان لەســەر باوکــی موزەفەرەددیــن زانیمــان کــە ســەرباری ئــەوەی پیــاوی جەنــگ و کوشــتار بــووە، پیــاوی سیاســەت و کارگێڕیــش بــووە. ســەربردەکەی لەنــاو خەڵکدا -بەتایبەتــی لەموسڵ- بــاش و بۆنداربــووە. هەروەهــا ئــەو خزمەتانەمــان

هێنایەوە کە پێشکەشی گەلی موسڵی کردبوو وەکو بایەخدان بەکشتوکاڵ و دانانی پردو قەنتەرە لەسەر رووبارو جۆگەی ئاو و بەشداربوونی لەبڵاوکردنەوەی زانست بەدروستکردنی ژمارەیەک قوتابخانەو مزگەفت و خانەقا[1]. گومانی تێدا نیە کە موزەفەرەددین بەردەوام سەردانی موسڵی کردووە کاتێک کە لەحەرران دادەنیشت و بەچاوی خۆی کارە دیارەکانی باوکی بینیوەو پێیان سەرسام بووە. گومان لەوەشدا نیە کە لەخەڵکی موسڵی بیستبووە چۆن ناوی باوکیان بەباش و پێداهەڵگوتن و سوپاسەوە هێناوە لەبەر سەربردە باشەکەی. گومان لەوەشدا نیە کە لەگەڵ ئەو زاناو ئاییناسانەدا دانیشتووە کە پەیوەندیان بەباوکیەوە هەبووەو لەوانی زانیوە کە چی پێشکەش دەکردن لەرێزو پایەداریی ئەدەبی و ماددی. دەڵێم گومانی تێدا نیە کە سەربردەی باوکی، وەکو موزەفەرەددین زانیویەتی، کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لەئامادەکردنی بۆ حوکمڕانیەکی باش.

هەرچی هۆکاری سێیەمە، ئەو دیاردە شارستانیەتانەن کە لەموسڵ و شام بینیویەنی. ئەوەی کە پشتڕاستکراوەتەوە ئەوەیە کە موزەفەرەددین لەنێوان موسڵ و پایتەختەکانی شام و حەلەب و دیمەشقدا هاتوچووی دەکرد. پێشتر گوتمان موزەفەرەددین کاریگەریی ئەو پاشماوانەی

---

١- خانەقا وشەیەکی فارسیە بەمانی ماڵ. پاشان بووەتە ناوی ئەو شوێنەی سۆفیەکان تێیدا دادەنیشن.

باوكـى لەسـەر بـووەو ئەوەشـى كـە بيسـتويەتى لـەو سەربردەباشەى لەموسڵ. ئەگەر موزەفەرەددين سەربردەو كارەكانى باوكى رەنگيان داوەتەوە لێى، ئەوا ديارده شارستانيە گشتگيرەكانى موسڵيش رەنگدانەوەيان هەبووە لەسەرى، كە لەئەنجامى هاوكاريى پاشاو دەوڵەمەندو گەورە فەرمانبەرەكانى لەو خزمەتانەى كە پێشكەشى شارو خەڵكەكەى كردووە دەردەكەوێ. هەروەها رۆڵى زانستى ناو قوتابخانەو مزگەفتەكانى بينيوە كە مامۆستاو وانەبێژەكان لەئاييناس و فەرموودەناس و زماننناسەكان بەقوتابيەكانيان دەگوتەوە. گومان لەوەشدانيە كە موزەفەرەددين دەچووە دانيشتنە زانستى و ئەدەبيەكانى كە لەكۆشك و خانەكانى رۆشنبيريدا لەلايەن زاناو ئاييناس و فەرموودەناس و ئەديباندا دەبەسترا. ئامادەى دەمەتەقێ و گفتوگۆيەكانيان دەبوو. كەوابێ رێى تێدەچێ ئەگەر بڵێين موزەفەرەددين ئەوەى لەموسڵ بەچاوى خۆى بينيويە كارى تێكردووەو هەر ئەو كاريگەريەش بەرەو ئاراستە باشەكەى بردووە.

ئەو كاريگەريەى كە دەگوترێ موسڵ لەسەر موزەفەرەددينى هەبووە، بۆ كاريگەريى حەلەبو ديمەشقيش راستە، چونكە لەحەلەب و ديمەشق پاشاى ئەلعاديل نورەددين مەحموودى كورِى عيمادەددين زەنگى هەتا ساڵى ٥٦٩ك (١١٧٣ز) حوكمڕانيى دەكردن. نورەددينيش پياوى شەڕو كوشتار بوو و لەهەمان كاتيشدا

حوكمگێڕێكـــی سیاســـیی رووناكبیـــر بـــوو. رۆشـــنبیریەكی ئایینیـی قووڵیشـی هەبـوو. ئەویـش لەگـەڵ زانـاو ئاییـنـاس و فەرمـوودەناســـان دادەنیشـــت و بەشـــێوەیەكی تایبەتـــی بایەخـــی بەفەرمـــوودە دەدا تـــا ئـــەو رادەیـــەی كـــە یەكـــەم خانـــەی بـــۆ فەرمـــوودە لەدیمەشـــق دامەزرانـــدو دەگوتـــرێ ئـــەوە یەكـــەم خانـــەی فەرمـــوودە بـــووە كـــە لەســـەردەمی ئیسـلامدا بنیاتنـراوە. نورەددیـن بایەخـی بەبڵاوكردنـەوەی زانیشـتیش داوە لەنـاو ئەندامانـی گەلەكـەی تـا ئـەوەی گرنگـــی بەمنداڵـــە بێباوكـــەكان داوەو قوتابخانـــەی بـــۆ دروســـتكردوون بـــۆ فێربوونـــی زانســـتە ســـەرتاییەكان. هەروەهـا قوتابخانـەی بـۆ فێرخوازانـی زانسـت لەدیمەشـق و حەلـــەب دروســـتكردووە. هەروەهـــا نورەددیـــن بایەخـــی بەلایەنەكانـی دیكـەش داوە، وەكـو كشـتوكاڵ و بازرگانـی و هیدیكـە. سـەرباری ئـەو چاكانـەی كـە لەگـەڵ هەژارانـی گەلەكەیـدا دەیكـردو لەپارەبەخشـین درێغیـی نەدەكـرد. موزەفەرەددیـن كـە لەنێـوان هـەردوو پایتەختـی حەلـەب و دیمەشـق هاتوچـووی دەكـرد –دوای ئـەوەی چـووە ژێـر خزمەتـی سـەلاحەددین– كارە دامەزراوەكانـی نورەددینـی دەبینـــی و لەخەڵكـــی دەبیســـتەوە كـــە چ ســـەربردەیەك و دادپەروەریەكـی لەحوكمڕانیـدا هەبـووە. ئەوانـە هەمـوو رایاندەچڵەكانـدو سـۆزیان دەبزوانـدو وانـەی بەسـوودیان دەدایـێ بـۆ ئـەو كاتـەی كـە دەگەڕێتـەوە وڵاتەكـەی وەكـو حوكمڕانێـك.

موزەفەرەددین لەگەڵ سەلاحەددین ژیابوو و کاری لەگەڵدا کردبوو و لەنزیکەوە پەیوەندی پێیەوە هەبوو و بەخۆی دادپەروەریەکەی لەحوکمگێڕاندا هەست پێکردبوو لەگەڵ ئەو مامەڵە باشەی لەگەڵ خەڵکداو چاکەکردن و چاودێریکردنی هەژاران و هاندانی زاناو نزیککردنەوەیان لەخۆی.

بەهەموو ئەوانە موزەفەرەددین کار لەهۆش و گیانی کرابوو و ئەو کاریگەریانە حوکمگێڕێکی رووناکبیرو چاکەخوازیان لێ دروستکردبوو کە دوای گەڕانەوەی بۆ سەر ئیمارەتەکەی پێداویستیەکانی گەلەکەی زانیبوون، بۆیە درێغی لێ نەدەکردن. ئەوەتا ئێمە خەریکی روونکردنەوەی کارە دیارەکانی موزەفەرەددینین کە مێژووی کۆمەڵایەتیی عارەبی شاری ئەربل قسەی لەسەر دەکا.

پێش ئەوەی قسە لەو خزمەتانە بکەین کە موزەفەرەددین بۆ شاری ئەربل و دانیشتووانەکەی کردووە لەبنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە، کورتەیەک لەسەر جوگرافیای ئەربل و مێژووە کۆنەکەی دەگێڕینەوە:

شاری ئەربل بەقەد مێژوو کۆنە، ناوە کۆنەکەشی لەناو ئیسکلۆپیدیای بەریتانیایی بە «ئەربلا» هاتووە. ئەو ناوەشی لەو شەڕەوە وەرگرتووە کە لەساڵی ٣٣١ی پێش زایین لەنێوان ئەسکەندەری گەورەو داریۆش و کۆدۆمانۆس روویداوە[1].

1- Encyclopaedia Britanica، vo; 2 p 223.

لەئینسایکلۆپیدیای ئیسلامیدا ناوە کۆنەکەی –وەکو لەو نەخشاندنە بابلیە ئاشووریانەوە هاتووە کە بەپیتی بزماری نووسراون– «ئەربیلۆ»یە. بەڵام ناوەکەی لەنەخشە فارسیە کۆنەکانی کە ئەوانیش بەپیتی بزماری نووسراون «ئەربیرا»یە. ئینساکلۆپیدیایەکە لەگەڵ ئیسایکلۆپیدیای بەریتانیایی یەکدەگرنەوە لەوەی کە ناوەکەی «ئەربلا» بووە لەو رۆژەوەی کە شەڕەکەی ئەسکەندەری گەورە رویداوە[1].

بەڵام لەسەردەمی ئیسلامیدا بەناوی «ئەربل» ناسراوە. لەلای جوگرافیاناس و مێژوونووسە موسڵمانەکانیش هەر بەو ناو و دەربڕینەوە هاتووە. لەفەرهەنگی «معجم البلدان»ی یاقووتدا بەو شێوەیە نووسراوە: «اربل» ئەوجا ناوەکە بەپیت و بزوێنەکان روون دەکاتەوەو دەڵێ: بەژێرە، پاشان وەستان، بێی بەژێرەی بەتەنێ و پیتی لام.

نەریتی مێژوونووس و جوگرافیاناسە موسڵمانەکان رشتبوون بووە لەسەر گەڕاندنەوەی ناوی شوێن و شتەکان بۆ بنەچەو هۆکارەکانیان. بۆیە دەبینین یاقووت رای هەر یەکە لەجوگرافیاناسان: ئەلئەسموعی و ئەلفیرا دێنێتەوە لەسەر هۆی ناونانی ئەو شارە بەو ناوەوە. ئەلئەسموعی دەڵێ: ئەگەر ناوەکە عارەبی

١– دائرة المعارف الاسلامية، ماده: اربل.

بێ، ئەوا لە رەبلەوە هاتووە کە جۆرە درەختێکە کە رۆژ سارد دەبێ و هاوین دەڕوا، گەڵایەکی سەوز بەبێ باران بارین دەردەکا. دەگوترێ زەویەکە تەرەبلی کرد، واتە هێشتا رەبەلی تێدایە. هەر لەسەر ئەوە دەکرێ «ئەربل» لەوەوە وەرگیرابێ. هەرچی ئەلفیرایە دەڵێ: ئەلریبال، رووەکی زۆر درێژو پێچاوپێچە. دەبێ ئەو خاکە لەهەندێک ساڵدا وا رێککەوتبێ کە بەپیت و سەوز بووە کە وای لێکردوون بەو ناوەی ناوبنێن. ئەوجا بەردەوام بووە، وەکو ئەوەی لەناونانی مانگەکان کردوویانە، هەر مانگەو بەو ناوەیان کردووە کە لەگەڵ وەرزەکەدا رێک دەکەوێ لەگەرماو سەرما. ئەوەتا ناوی (جەمادی) لەشەختەو بەستەڵەکی ساردو بەستنی ئاوەوە هاتووە. هەردوو «رەبیع»ەکەش لەڕۆژانی هاوین و (صفر) لەسفربوونی خاک لەخێروبێرەوە هاتووە. ناونانەکان لەماوەی لەیەک دووردا بووەو لەتاکە یەک ساڵدا نەبووە. ئەگەر لەیەک دانە ساڵ بوایە ئەوا ئاستەم بوو کە «جەمادی» بێ کە مەبەستیان بەستنی ئاو و سارمایەکی توندە –دوای بەهار، پاشان کاتەکان گۆڕاون و ئەو ناوانەیان هەر پێوە ماوە[1].

بەڵام مێژوونووسە کۆنەکان، ئەوانیش هەر بەو ناوەی «ئەربل» ناویان هێناوە. ئیبن ئەلئەسیر

---

١- معجم البلدان، مادة: اربل.

لەکتێبەکەی «الکامل فی التاریخ» و ئیبن کەسیر لەکتێبەکەی «البدایه والنهایه فی التاریخ» و ئیبن خەلدوون لەمێژووەکەی و هیدیکەش. خەڵکی ئەوڕۆی عێراقیش بە «ئەربیل» ناوی دێنن.

هەرێمی ئەربل دەکەوێتە سەر بەرزاییەکی پێدەشتی دەستکردی بەپیتی نیمچەتەخت، بەڵام شاری ئەربل بەخۆی دەکەوێتە سەر گردێکی بەرزی فراوانی ناو ئەو بەرزاییە[1]. پێدەشتەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو رووباری زێی گچکەو زێی گەورە، کە دوو رووبارن دەکەونە سەر ئەو رێگەیەی لەموسڵەوە بەرەو بەغداد درێژ دەبێتەوە کە بەیەکگەیشتنی ئەو دوو رێگایەیە کە لەبەرزاییەکانی ئێرانەوە دێن.

ئەربل دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری موسڵ و بەغداد، بەڵام لەموسڵ نزیکترەو دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی و لەنێوان ئەو و موسڵ، بەپێی خەملاندنی کۆنی عارەبان، ماوەی دوو رۆژە رێیە یان دەکاتە ٨٠ کیلۆمەتر بەپێی پێوانەی ئەورۆ و لەنێوان ئەو و بەغدادیش ماوەی حەفت رۆژە رێیە بۆ کاروانەکان.

شاری ئەربل لەباکووڕەوە جەبەل ئەلئەکرادو لەرۆژاوای جەبەل «دەمیرداغ» کە بەرزاییەکەی دەگاتە ١٦٠٠ پێ و لەڕۆژهەڵات و باکووڕی رۆژهەڵاتی «دەردوان

١- دائرة المعارف الاسلامية، مادة اربل.

داغ» و لەباشووریشەوە «زڕجەزوان داغ» و لەباشووری ڕۆژاوای دەشتایی «شەمەملک = شەمامک»ە کە نزماییەکە بەرەو رووباری زێی گەورە درێژ دەبێتەوە.

لەبەر ئەوە هەرێمی ئەربل لەکۆنەوە بریتی بووە لەگۆمێکی بەپیت کە لەو چوارچیایەی دەوروپشتیەوە ئاوی بۆ هاتووەو بەمەش ئاوێکی زۆرو دارو کشتوکاڵی هەبووە. ئەوە قسەکەی ئەلفیرا دەسەلمێنێ: ئەوجا ئەو گۆمە بەو چیایانە دانەخرابوو چونکە لەهەندێک لای نەورابیەو ئەو نەوراییانەش وەکو ڕێچکە بۆ ئەربل بەکارهاتوون. لێرەوە دەبێ شارەکە بەپێی پێگەکەی و بەپیتیەکەی شوێنی یەکگرتنەوەی زۆر ڕێگایان بووبێ و گرنگترینیان ئەو دەشتاییەیە کەوا دەکا پێدارۆیشتن لەنێوانی ئەو و موسڵدا زۆر ئاسان بێ.

لەبەر ئەوە شاری ئەربل شوێنی یەکگرتنەوەی زۆر ڕێگای کاروانان بووە. وێستگەیەکی بازرگانی گرنگ بووە. ڕێگا کۆنەکەی کاروانەکان لەبەغداوە دەستی پێدەکردو بەکەرکووکدا تێدەپەڕی و لە»ئاڵتوون کۆپرو»وەوە بۆ ئەربل و لەوێشەوە بۆ موسڵ دەچوو. ئەوەش کورتترین ڕێگەیە لەنێوان بەغداو موسڵ. پێشتر هەمان ئەو ڕێگایە بابلی بەشاری نەینەوا دەبەستایەوە کە بەئەربلدا دەڕۆیی. لەئەربلەوە دوو ڕێگا جودادەبنەوە کە بەرەو ڕۆژهەڵات و باکووڕ دەڕۆن و ڕێچکەی پێچاوپێچی ناو شاخەکان دەبڕن و

لەئازەربایجـــان کۆتاییـــان دێ. یەکەمیـــان بەڕاوەنـــدووزدا لەباکـــووری ڕۆژهـــەڵات و ئەویدیکـــە بەســـنجاق خـــۆی لەڕۆژهەڵاتـــدا دەڕوا[1].

لـــەو ســـەردەمەی کـــە باســـی لێـــوە دەکەیـــن، واتـــە ســـەردەمی موزەفەرەددیـــن و پێشـــتریش، ئەربـــل لـــەڕووی کشتوکاڵیەوە کەمتر بەپیت بووە لـــەوەی کـۆن و درەختی تێـدا نەمابـوو و باخچـەی نەبـووە، بۆیـە میـوەکان لەوڵاتانـی دراوسـێوە بـۆی دەهـات، بـەڵام خاکەکـەی بـۆ چاندنـی گەنـم باشـەو چاندنـی لۆکـەو رسـتن لـەو شـارە سـەردەکەوێ. جوگرافیاناسـی فارسـی حەمـەدەڵا مسـتەوفی بـەو لۆکەیـەی هەڵگوتـووە کـە لەدانـراوە جوگرافیاییەکـەی «نزهـەت ئەلقلـووب» نـاوی هێنـاوە، کـە –واتـە کتێبەکـە– بەزمانـــی فارســـیە. کشـــتوکاڵی ئاودێـــر پشـــت بەئـــاوی ژێـــر زەوی دەبەســـتێ چونکـــە لەئەربـــل ڕووبارێـــک نیـــە بەدرێژایـی سـاڵ بـڕوا، بەڵکـو ئـاوی تەنیـا لەڕێـی بارانـی زسـتانانەوە بـۆ دێ و لـەو دەشـتەیدا چەنـد ڕووبارێکـی گچکـە جۆگـەکان پـڕ دەکـەن و پاشـان ئـەو ڕووبارۆچکانـە وشـک دەکـەن[2].

* * *

١- دائرة المعارف الاسلامية، مادة اربل.
٢- دائره المعارف الاسلاميه، ماده اربل. معجم البلدان، ماده اربل

گرنگیی ئەربل لەمێژووی کۆنیدا دەگەڕێتەوە –وەکو لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا هاتووە– بۆ ئەو سەردەمەی کە ئەکمینیەکان[1] کردبوویانە بارەگای پەرستگایەکی بەناوبانگ بۆ خواوەندی عەشتەرووت. ئەو پەرستگایە وەکو کەعبەیەکی ئایینی بوو بۆ وڵاتی ئاشووریەکان و وەکو شاری «دلفی» بوو لەلایەن وڵاتی یۆنانی بتپەرست. هەروەها بەوەش ناوبانگی دەرکردبوو کە شوێنی بەیەکگەیشتنەوەی کاروانانە. تەنیا بەهۆی ئەو پێگە زۆرباشەی بووە کە لەناو هەموو شارە بەناوبانگەکانی ئاشووریەکاندا خۆی و ناوی بەدرێژایی سەردەمەکان تا ئەوڕۆکە ماوەتەوە کە وای لێکردبوو ببێتە شوێنی بەیەکگەیشتنەوەی رێگای کاروانچیان.

ئەو شارەی ئەربل کە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێیەکان، هەر لەکۆنەوە گوندێکی ئەو هەرێمە بووە کە لەباکوور و باشوورەوە ئەو دوو زێیە دەبنە سنووری. لەکۆندا هەرێمەکە بەناوی پایتەختەکەی ناودەنرا و پێی دەگوترا «ئەربلیتس»Arbilitis واتە هەرێمی ئەربل. پاشان لەسەردەمی عارەباندا ناوی لێنرا هەرێمی دووزێیەکە (دوو زاب). ئەو ناونانەش لەبنەڕەتدا «ئەدیابین»ە Adiabene (پیتی دالەکە پشتگوێ خراوەو بووەتە زای) کە هەمان ئەو هەرێمەیە کە جوگرافیاناسە عارەبەکان ناویان ناوە خاکی ئەربل.

---

١– فەرمانڕەوایی ئەکمینیەکان لەساڵی ٥٥٣ پێش زایین دەستی پێکردووە.

**لەنیوەی دوایی سەتەی دووەمی پێش زایین، لەوێ شانشینێکی گچکە پەیدابوو توانی بەدرێژایی حوکمگێڕانی ئەشکانیەکان[1] لەبندەستی خۆی بیپارێزێ. هەروەها لەسەردەمی حوکمڕانیی ساسانیەکان[2] حوکمگێڕەکانیان توانیان لەچەند ماوەی جیاوازدا سەربەخۆ حوکمڕانیی بکەن، لەوانە «قرووغ» کە قەڵاتی «مەلقا»ی نزیک ئەربلی کردە بنکەی خۆی کە لەساڵی ٣٥٨دا شەهید بوو لەسەردەمی حوکمڕانیی شاپووری دووەم بەهۆی بوونی بەدیان.**

**ئەربل هەر لەسەردەمی یەکەمی هاتنی ئایینی دیانەکان چووە ناو ئەو ئایینەوە. پاشان بووە بنکەیەک بۆ بزووتنەوەی بەدیانکردنی هەرێمی ئەدیابین و هەرێمەکانی دراوسێی. هەر لەسەردەمێکی کۆندا بنکەیەکی قەشەنشینی (ئەسقفیە) تێدا دامەزرا. ئەو قەشەنشینە لەسەرەتادا تەنیا ئەو هەرێمەی نێوان دوو زێیەکەی گرتبۆوە، پاشان خەڵکی شامێ ناویان لێنا قەشەنشینی «حدیاب» یان قەشەنشینی ئەربل یان «حەززە» (کە گوندێکی نزیکی موسڵە بەوەی کە ئەو دوو شارە بارەگای قەشەنشینەکەن[3].**

١- بە پارسیەکانیش ناسراون کە لەساڵ ٢٤٨ تا ٢١١ زایین.
٢- لەساڵی ٣١٠ زایینی حوکمی فارسیان کرد بۆ ماوەی ٦٩ ساڵ.
٣- دائرة المعارف الاسلامية، مادة اربل.

لەسەرەتای سەتەی پێجەمی زایینی، ئەربل بووە پاتریارکیەک کە هەموو ئاشووری راستەقینە بەتەواوی سەر بەو بوون. قەشەنشینی نەینەوا یان ئاشوور تەنیا لەسەردەمێکی درەنگدا لەو پاتریارکیە جودا بوونەوە بۆ ئەوەی دوایی ببێتە قەشنشینێکی سەربەخۆ[1].

* * *

ئەوجا ئەربل، لەوکاتەی کە موسڵمانەکان عێراق و فارسیان لەشەڕەکانی یەکەمدا گرت، چووە ژێر فەرمانڕەوایی ئیسلام و هەر موسڵمانیی و عەرەبایەتیی مایەوە تا ئەوڕۆکە.

* * *

دانیشتوانی بەرزاییەکانی هەرێمی ئەربل هەموویان کوردن. گوندەکانیان لەسەر رووی بەرزاییەکە بڵاوبوونەتەوەو هەر لەوکاتەوەی چووینە ناو ئایینی ئیسلام و پەیوەندیان بەعارەبانەوە کردووە کراونەتە عارەب. دانیشتووانی خودی ئەربل زۆرینەیان کوردن و لەهەردوو هۆزی هەزبانی و حەکەمیەن. ئەو دوو هۆزە هەر لەسەتەی دەیەمی زایینیەوە[2](سەتەی چوارەمی کۆچی) شەڕیان لەسەر دەسەڵاتی ئەو شارە بووە. بەشێوەیەکی گشتی کوردەکان بەوە ناسراون کە پیاوی

١- دائرة المعاف الاسلاميە، مادة اربل.
٢- دائره المعارف الاسلاميە، ماده اربل.

شەڕ و کوشتارن. لەناویاندا پاڵەوانی ئەوتۆ هەڵکەوتووە کە خزمەتی زۆری ئیسلامی کردووە لەگۆڕەپانەکانی شەڕ و هیدیکەش. تا ئێستاش سەربردەی سەلاحەددینی ئەیووبی، کە بەبنەچە کوردی ڕەسەنەو کراوەتە عارەب، خەڵک تا ئەوڕۆکەش ناوی دێنن. گومانیش لەوەدا نیە کە موزەفەرەددین ئەو سوپایەی کە شەڕی خاچپەرستانی پێکرد لەو کوردانەی دروستکردبوو.

بەڵام کوردەکان بەوە ناسراون کە زۆر کێشە بۆ فەرمانڕەوایەکان دروست دەکەن، یان بۆ سوڵتان، وەکو میسعەری کوڕی مهەلهەلی ئەدیب دەڵێ. یاقووت کە پێناسەی شاری شارەزوور دەکا لێی دەگێڕێتەوە کە خەڵکەکەی «سەرکێشن و تام لەکێشە دەکەن و سەرکێشیان پێ خۆشە». میسعەر لەپێش یاقووت بووە بۆیە یاقووت دەڵێ: «ئەوە قسەی کۆتایی میسعەرە هی ئێستا نیە، بەڵکو ئەوە بۆیە دێنینەوە کە بزانێ بەگۆڕانی کات چ بەسەر خەڵکەکەی و ئەو ڕووداوانەی لەگێڕانەوەو گواستنەوەیدا هاتوون، چونکە ئەو وڵاتە ئەوڕۆ لەژێر ڕکێفی موزەفەرەددین گۆگبووروی کوڕی عەلیی خاوەنی ئەربل لەباشترین گوێڕایەڵی دان»[1].

* * *

١- معجم البلدان، ماده شهرزور.

لەپاشـماوە ئیسـلامیە کۆنەکانـی ئەربـل مزگەفتێکـە پێـی دەگوتـرێ مزگەفتـی ئەلکـەف «ناولـەپ». ئـەو ناوەشـی بۆیـە لێنـراوە چونکـە بەردێـک هەیـە ناولەپـی مرۆڤـی لەسـەرە کـە دەگوتـرێ ئـەوە ناولەپـی خەلیفـەی چـوارەم عەلـی کـوڕی ئەبوتالیبـە، بـەڵام ئـەو لێکدانەوەیـە راسـت نیـە چونکـە زۆر مزگەفتـی دیکـە هەیـە لەعێـراق و فـارس کـە لەسـەر بەردەکانیـان ئـەو جـۆرە ناولەپـە هەیـە[1]. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو مزگفتانـەی کـە بەناولـەپ پیرۆزکـراون هەموویـان هـی شـیعە نیـن چونکـە ئـەو مزگەفتـەی (ئەلکـەف)ی نزیـک بەغـداد مزگەفتێکـی سـوننی بـووەو بـۆ ئـەوە دروسـت کـراوە کـە هاوتـای مزگەفتـی (بوراسـا)ی شـیعان بـێ.

* * *

پاشـان ئەربـل دەچێتـە ژێـر حوکمڕانیـی بنەماڵـەی بەکتەکیـن: زەینەددیـن عەلـی –سـەرۆکی خانـەوادە– و زەینەددیـن یوسـف و موزەفەرەددیـن گۆگبـورو. ئەوجـا چ لەشـارەکە روویـدا کـە چـووە ژێـر دەسـەڵاتیان؟

لەسـەردەمی زەینەددیـن عەلـی، شـتێک نیـە ئامـاژە بـۆ پاشـماوەیەکی بـکا لەبنیاتنـان و ئاوەدانکردنـەوەی شـارەکە. لەوانەیـە دەسـتی چاکسـازیی نەگەیشـتبێ لەبـەر دووری لێـی و بەسـەربردنی هەمـوو ژیانـی لەشـاری موسـڵ

١- دائره المعارف الاسلامیه، ماده اربل.

کــه لەخزمەتــی پاشــایەکانی بــووە، وەکــو باســمان کــرد هــەر بۆیــە چالاکیەکانــی لەچاکســازیدا هــەر لەنــاو شــاری موســڵ بــووە. ئەوەشــمان ئەوکاتــە باســکرد کــە لەبەشــی دووەمــی ئــەو کتێبــەدا ناومــان هێنــا.

هەروەهــا بەڵگەیــەک نیــە زەینەددیــن یوســف کــە دوای باوکــی ئیمارەتەکــەی وەرگــرت کارێکــی دروســتکردن و ئاوەدانکردنــەوەی لــەو شــارە کردبــێ.

هەرچــی موزەفەرەددینــە ئــەوا لــەو بوارەدا زۆر دەســتی درێژ بــووە. مێژوونووســەکان ئــەو ئاوەدانکردنــەوەو بنیاتنانــە زۆرانــەی کــە کردوویەتــی هەموویــان تۆمارکــردووە تــا ئــەو رادەیــەی کــە هاوســەردەم و هیدیکــەش پێــی سەرســام بــوون، بەجۆرێــک کــە دەیانگــۆت ئەربــل لەنزیــک ســاڵی ٦٠٠ کۆچــی (١٢٠٣ز) گەیشــتبووە ئەوپــەڕی مەزنیــی. ئــەو بنیاتنانــەی کــە موزەفەرەددیــن لەســەر ئــەو گــردەی کــە شــارەکەو قەڵاتەکــەی لەســــەرە وای لــــەو گــــردە کردبــــوو لەجوانــــی کــــە جێــــی سەرســامیی بینــەران بــووە. وای لــەو گــردە کردبــوو کە مرۆڤ لەدووریــی چەنــدان کاتژمێــر دەیبنــی. هەرچــی قەڵاتەکەشــە ئــــەوا هیچــــی لەجوانیــــی هــــەردوو قەڵاتــــە بەناوبانگەکــــەی حیمــس و حەلــەب کەمتــر نەبــوو، بگــرە لەگەورەییــدا پێــش ئەوانیــش کەوتبــوو[1].

گوتمــان کــە شــارەکە دەکەوێتــە ســەر گردێکــی بڵنــدو

١- دائرة المعارف الاسلامية، مادة اربل.

فراوانـی نـاو بەرزاییەکـەو حوکمگێڕەکانـی پێشـتری ئەربـل تەنیـا بایەخیـان بەبەشـی سـەرەوەی گردەکـە دەدا کـە قـەڵات و خانـوو و بـازاڕ و مزگەفتـی لێبـوو. واتـە ئـەو بەشـە ئاوەدانـەی هەمـوو گردەکـە، بـەڵام بەشـی خوارێـی کـە قـەدی گردەکەیـە پشـتگوێ خرابـوو و حوکمڕانـەکان بایەخیـان پـێ نـەدەدا. کـە موزەفەرەددیـن هـات گرنگیەکـی زۆری بـەو بەشـەی خـوارەوەی دا و بەجوانـی ئاوەدانـی کـردەوە. لەئەنجامـی ئـەو چاڵاکیـە کۆمەڵایەتیانـەی کـە موزەفەرەددیـن کـردی ژمـارەی دانیشـتووانی زۆرتـر بـوو بـەوەی لەوڵاتانـی دراوسـێیەوە خەڵـک بـۆی هاتـن، پـاش ئـەوەی ژیـان تێیـدا خۆشـبوو و بـەو سیاسـەتە باشـەی موزەفەرەددیـن و دادپەروەریـی لەحوکمڕانیـدا زانراو هاندانی بۆ زانایـان. ئەوەبوو لەقەدپاڵـی گردەکە خانوو دروستکراو بـازاڕ و قەیسـەری بـۆ بـازرگان و لایـدان کرانـەوە. هەتـا ئـەو بەشـەی بووە بنکەیـەک بۆ بزووتنەوەیەکی بازرگانیی گـەورە. پاشـان بزووتنـەوەی بنیاتنـان و ئاوەدانکردنـەوە پەلـی هاویشت و فـراوان بـوو تـا لەشووره کۆنەکـەی شـار بەماوەیەکـی فـراوان لەدرێـژی و پانـی پەڕیـەوە.

شـارەکە بـووە گرنگتریـن شـار لەنـاو هەرێمەکـەدا. ئەوجـا زۆر لەدانیشـتووانی وڵاتـە دراوسـێیەکان هاتنـە نـاوی و تێیـدا نیشـتەجێبوون[1].

١- دائرة المعارف الاسلامية، مادة: اربل.

یاقووتی خاوەنی کتێبی موعجەم ئەلبولدان کە هاوسەردەمی موزەفەرەددینە، سەردانی ئەربل دەکاو باسی قەدپاڵی قەڵاتەکەی دەکا -ئەو بەشەی کە موزەفەرەددین ئاوەدانی کردۆتەوە- و دەڵێ: «لەسەردەمی ئێمەدا لەقەدی ئەو قەڵاتە شارێکی گەورەی پانوبەرین هەیە کە میر موزەفەرەدینی گۆگبورووی کوڕی زەینەددین کوچک عەلی ئاوەدانی کردۆتەوەو شوورەی بۆ دروستکردووەو بازاڕ و قەیسەریی بۆ دامەزراندووە. بەخۆی لێی دانیشتووەو هەر لەخۆی دێ و جێی لێترسانەو بەرەنگاری پاشایان بووەتەوەو بەجوامێری و زۆری ئەزموونی لێیبردوونەتەوە تا ئەو رادەیەی لێی دەپەنگێنەوە. بەوەش تەنیشتەکانی نزم بووینەوەو لایدە روویان تێکردووەو زۆرینەیان تێیدا جێگیر بوون تا بووەتە شارێک لەشاران»[1].

موزەفەرەددین لەئەربل مزگەفتێکی گەورەی دروستکرد کە منارەیەکی جوانی هەیە بەرزیەکەی ٥٠٣ پێ دەبێ. چواردەورەکەشی دەگاتە ٤٨ پێ و لەسەر منارەکەی ناوی موزەفەرەددین نووسراوە.[2]

---

١- معجم البلدان، ماده اربل..
٢- دائره المعارف الاسلاميه، ماده: اربل.

## کۆمەڵگەی موزەفەرەددین

لەوانەی پێشەوە زانیمان کە موزەفەرەددین بەپەروەردەیەکی ئایینی گۆشکرابوو. گوتمان ئەو پەروەردە ئایینیەشی ئامادەی کردبوو لەژیانی گشتیدا ببێتە حوکمڕانێکی باش. هەر ئەو گۆشکردنە ئایینیەی کاری لەژیانی تایبەتیشی کردبوو. لەبەر ئەوە زۆر دووربوو لەڕووکارەکانی ئیمارەت و موڵکداریەوە وەکو لەجلوبەرگی باش و خواردنی بەتام و خانووی بەرز و کەژاوەی خۆدەرکێشان ومەزندا دەردەکەوێ. بگرە ژیانەکەی زۆر لەژیانی سۆفی و زاهیدان دەچوو. خۆشترین کاتی ئەوانە بوو کە لەگەڵ سۆفیەکان لەبازنەی خواپەرستیدا بەسەری دەبرد. زۆرجار لەزیکرەکانیان بەشداریی دەکرد تا ئەوکاتەی گەرم دادەهات و وەکو ئەوانە لەگەڵیان دەهەژاو دەجوولایەوە. زۆر دەنگی سروودخوێندن و نای ژەنین و دەفلێدانی پێ خۆش بوو و زۆرجار جلەکانی خۆی وەکو پاداشت دەدا ئەو کەسەی سروودەکانی بەدەنگێکی خۆش دەگوتەوە. سەرباری ئەوەش گرنگیدانێکی زۆر و پەیوەستبوونێکی گەورەی بەپێغەمبەری خوداوە (د) هەبوو بەجۆرێک کە ئاهەنگی بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی ساز دەکرد، ئاهەنگێک کە لەجوانی و مەزنییدا گەیشتبووە موسڵمانەکانی دراوسێی ئەربل و ئەوانەش کە لێی دووربوون. بەتاک و کۆمەڵ دەهاتنە ئەربل بۆ بینینی ئەو ئاهەنگە مەزنە.

موزەفەرەددیـن ڕێـزی زانـاو ئاییـنـاس و فەردموودەناسـانی دەگـرت و چاکـەی لەگـەڵ دەکـردن و زۆرجـار لەگەڵیـان دادەنیشـت و بەدەسـتکراوەیی پێیانـی دەبەخشـی.

ئاسـایی بـوو کـە موزەفەرەددیـن ئـەو ڕەوشـتە باشـەو رووکارە ویسـتراوەی هەبـێ، چونکـە گومانـی تێدانیـە کـە کاری لەگەلەکەشـی کـردووەو لەسـەر هەمـان ڕێگـەی چاکـەو خواپەرسـتیی ئـەو ڕۆیشـتوون. دەڵێـن: خەڵـک هەمیشـە لەسـەر ئایینـی پاشـاکانیانن. ئەگـەر پاشـا چاکبـێ خەڵکەکەشـی چـاک دەبـێ بەگشـتی و تایبەتیەکانیانـەوە. بـەوەش کۆمەڵـگا هەمـووی چـاک دەبـێ و ئەگـەر خراپیـش بـێ، ئـەوا خەڵکەکەشـی وەکـو ئـەو خـراپ دەبـن و کۆمەڵگـەش بەگشـتی خـراپ دەبـێ. لەبـەر ئـەوە دەتوانیـن بڵێیـن کـە کۆمەڵگـەی موزەفەرەددیـن بەڕێژەیەکـی زۆر کۆمەڵگەیەکـی دووربـووە لەگەندەڵـی و لەسـەر پرەنسـیپی ڕەوشـتی بـاش و ڕەفتـاری جـوان دامەزرابـوو.

ئـەوەی دەخرێتـە سـەر هەمـوو ئەوانەشـەوە ئـەو سیاسـەتە باشـەی موزەفەرەددیـن و دوورکەوتنـەوەی بـووە لەقورسـکردنی بـاری گەلەکـەی، بگـرە ژیانیانـی ئاسـان دەکـرد و چاکـەی لەگـەڵ دەکـردن. بۆیـە گەلەکـەی ژیانێکـی تێـر دەژیـاو هەمـوو کەسـێک دڵنیابـوو لەمـاڵ و خوێـن و شـەرەفی.

موزەفەرەددیـن پـڕ بەپێسـتی وشـەی سۆشیالیسـتی، سۆشیالیسـت بـووە. کۆمەڵگاکـەی لـەو سۆشیالیسـتیەی

سـوودێکی گـەورەی بینیبـوو چونکـە دارایـی دەوڵـەت و هـی تایبەتیـی خـۆی لەخزمەتـی گەلەکـەی دانابـوو و لێـی نەدەگرتـەوە. موزەفەرەددیـن بەهەندێـک لەنزیکەکانـی خـۆی گوتـووە: کـە ئەربلـم وەردەگـرم، بڕیـاری خـۆم داوە کـە داهاتەکـەی بکەمـە سـێ بـەش: بەشـێکی لەڕێـی چاکـە خـەرج بکـەم و بەشـێک بـۆ سـەرباز و ئەوانـەی سـەربەخۆمن و بەشێکیشـی پاشـەکەوت دەکـەم بـۆ ئـەو رۆژەی دوژمنێـک رووم تێـدەکا. بـەوەش دادپـەروەر بـووە لـەو دابەشکردنەی. لەدابەشـکردنی بەشـی یەکەمـدا ئەوپـەڕی دادپـەروەری نوانـدووە چونکـە بەڕاستی لەڕێـی چاکـەدا خەرجـی دەکـرد، وەکـو پـاش کەمێکـی دیکـە دەیبینیـن. لەبەشـی سـێیەمیش دادپەروەربـووە چونکـە لەڕێـی بەرگریکـردن لەوڵاتەکـەی خەرجـی دەکـرد ئەگـەر هێرشـبەرێک لـەدەرگای دابـا. لەلقـی یەکەمـی بەشـی دووەمـدا مووچـەی سـەربازەکانی بەتـەواوی دەدا، بـەڵام لەلقـی دووەمـی بەشـی دووەمـدا دادپـەروەر نەبـووە چونکـە بۆخـۆی دەسـتی قووچانـدووەو ئـەوەی لەخـۆی خـەرج دەکـرد زۆر کـەم بـووە. ئـەوەی کـە زۆری لـێ خـەرج دەکـرد بـۆ چاکـە لەبەشـی یەکەمدا بـوو چونکـە بینیبـووی ئەوبەشـەی کـە تەرخانـی کردبـوو بـۆ چاکـە، بەشـی ئـەوە نـاکا دڵـی گەلەکـەی پـێ خـۆش بـکا. بەڵگـەی ئـەوەش ئەوەیـە کـە لـە رابیعـە خاتوونـی خێزانـی دەگێڕنـەوە گوتوویەتـی: موزەفەرەددیـن جلکێکـی لەبـەر دەکـرد کـە قوماشـەکەی بایـی پێنـج درهـەم بـوو. منیـش

پێمگوت: بۆ لەو قوماشە نەرمتر لەبەر ناكەی، ئاخر جەستەت بەری ئەو درە ناگرێ؟ ئەویش پێی دەڵێ: كامەیان باشترەو خێری پترە، جلكێكی بایی دەدرهەم لەبەر بكەم یان یەكێكی بایی پێنج درهەم و پێنج درهەمەكەی دیكە بدەمە هەژارێك یان دەستكورتێك[1]؟ ئیبن خەلەكانی هاوسەردەمیشی لێی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: «لەكاری خێر شتی ئەوەندە سەیری هەبوو كە نەبیسترابوو كەسێك وەكو ئەوی كردبێ، هیچ شتێكی لەدونیادا لەبەخشینەوە لەلا خۆشەویستتر نەبوو»[2]. هاوسەردەمێكی دیكەی كە سیبتی ئیبن ئەلجۆزیە دەڵێ: «سەدەقەی زۆر بوو، چاكەو گەیاندنی بەلێشاوبوو»[3]. هاوسەردەمی سێیەمی كە یاقووتی حەمەویە دەڵێ: «هەژارانی پێش دەخست و زۆری بەئاواران دەبەخشی»[4].

لەو چاكانەی كە لەگەڵ هەژارو دەستكورتەكانی گەلەكەی دەیكرد، دابەشكردنی نان بوو بەسەریان هەموو رۆژ. ئیبن خەلەكانی هاوچەرخی دەڵێ: «هەموو رۆژێك رێزی گەورە لەنانی دەبەخشیە دەستكورتەكان

١- مراه الزمان، ب٨ / ل ٦٨٢.
٢- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٢.
٣- مراه الزمان، ب٨ / ل ٦٨٠.
٤- معجم البلدان، ماده اربل.

لەزۆر شوێنی وڵاتدا. لەهەر شوێنێک لەوانە خەڵکێکی زۆر کۆدەبوونەوەو سەرلەبەیانی بەسەریاندا دابەشی دەکرد»[1].

هەروەها جلوبەرگیشی دەبەخشیەوە، هەموو ساڵێک دوو دەستە جلکی زستانەو هاوینەی دەدایە هەر هەژارێک. هەلی گەڕانەوەی لەشەڕێک یان گەشتێک یان چوونەڕاوکردنێک دەقۆزتەوە کە هەژارەکان لەدەورەی ماڵەکەی کۆدەبوونەوە بۆ پیرۆزباییکردنی گەڕانەوەی بەسەلامەتی، بۆ هەر یەکێک دەستە جلێک و بڕەپارەیەکی بەپێی باری کەسەکە پێ دەبەخشی[2].

موزەفەرەددین بۆنە ئایینیەکانی دەکردە رێگەیەک بۆ چاکەکردن لەگەڵ گەلەکەی و سووککردنی زەحمەتیەکانی ژیان لەسەر هەژارو دەستکورت و خاوەن پێداویستی. هەروەها وەکو رێگەیەکیش رابواردنی خەڵک. لەوانە ئاهەنگەکانی بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر. ئاهەنگێڕان بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر گرنگترین و خۆشەویسترین بووە لەسەر دڵی. خۆشەویستیی بۆ پێغەمبەر(د) دڵی پڕکردبوو، بۆیە هەموو ساڵێک بەبۆنەی لەدایکبوونی ئاهەنگێکی مەزنی سازدەکرد کە تێیدا پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد کە دەگەیشتە

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٢.
٢- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٢.

دەستی هەمووو کەسێک. ئەو ئاهەنگگێڕانە بەمەزنترین وەرزەکانی شاری ئەربل دادەنرا کە تێیدا گەلەکەی خۆشی خۆی دەردەبڕی بەهەمووو جۆرە رابواردنێکی دونیایی بێ گوناح لەخواردن و خواردنەوەو جلکوبەرگ و دڵیان بەبیستنی موسیقاو گۆرانی و بینینی وێنەی جولاو (سێبەری خەیاڵ) خۆش دەکرد لەپاڵ بیستنی سروودی ئایینی، چونکە بازنە دەبەسترا بۆ گوێگرتن لەسەربردەی پیرۆزی پێغەمبەرو بازنەی خوێندنەوەی قورئان کە تێیدا ئایەتە جوانەکانی بەدەنگ و ئاوازێکی خۆش دەخوێندرانەوە. هەروەها بازنەی ئامۆژگاری. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بازنەی زیکرکردن کە بەشێوازە سۆفیانەکانیان زیکرخوێنەکان زیکریان دەکردو بەرێگەی تایبەتی خۆیان و بەچڕینی سروودو ئاوازی نای و دنگی دەف دەخولانەوە.

هەواڵی گەورەیی ئاهەنگەکەی موزەفەرەددین بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە بەناو وڵاتە دراوسێکانی ئەربلدا بڵاوبۆوە، چ ئەوانەی نزیک بوون یان دوور، موسڵمانان بۆ خۆشی دەربڕین دەهاتنە سەیرانی ئەو ئاهەنگەو لەهەمووو چین و توێژەکانی ئاییناس و فەرموودەناس و ئەدیب و شاعیر و بازرگانان، تەنانەت هەژارەکانیش دەهاتن بۆ ئەوەی لەچاکەکانی موزەفەرەددین بێبەش نەبن. شار پڕ دەبوو لەخەڵک و بەدرێژایی رۆژ لەئاهەنگەکە جێ نەدەما.

ئـەوەی کـە جوانـی ئاهەنگەکـەو خۆشیی گەلەکـەی پتـر دەکـرد ئەوەبـوو کــە موزەفەرەددیــن بەخــۆی بەشــداریی دەکــردن لەهەمــوو دیــاردە دونیایــی و ئایینیەکانــی ئاهەنگەکـە بەشێوەیەکی سادەو وەکو ئـەوەی تاکە کەسێک بێ لــەوان. لەگــەڵ گەلەکـەی لەیـەک شـوێن رادەوەسـتاو تەماشــای یــاری هەمــوو جـۆرە رابواردنەکانــی دەکــردو لەگــەڵ سۆفی و خواپەرسـتەکانیش دەچـووە نــاو بازنــەی زیکرکردنیــان و لەبازنــەی دیکەشــدا گوێــی لەچیــرۆک و ســەربردەو خوێندنــەوەی قورئانــی پیــرۆز دەگــرت.

ئیبــن خەلەکانــی مێژوونــووس وەسـفی ئاهەنگەکانــی لەدایکبوونـی بەکورتـی باسکردووە، بـەڵام لـەو کورتەیـەش دەردەکـەوێ کـە چەنـد جـوان و مـەزن بـووە. ئـەدی ئەگـەر ئیبــن خەلــەکان بەتــەواوی وەســفی کردبــا دەبــوو چــۆن بوایــە؟

ئیبــن خەلــەکان دەڵــێ ئامادەســازی بــۆ ئاهەنگەکــە لەمانگــی محەررەمــی هەمــوو ســاڵێک دەســتی پێدەکــرد کاتێـک کـە موزەفەرەددیـن فەرمانـی دەدا گومبەتـی تایبەتـی خــۆی دامەزرێنــن، پاشــان میــرو پیاوماقــووڵان گومەتــی خۆیــان دادەمەزرانــد. هــەر میــرو پیاوماقووڵێـک گومەتــی خــۆی بەخــۆی و لەســەر خەرجیــی خــۆی دادەمەزرانــد. بــەوە ژمــارەی گومەتــەکان دەگەیشـتە پتـر لەبیسـت گومـەت کــە بەدرێژیــی ئــەو رێگایــەی دەرگای قــەڵات تــا دەرگای خانەقــای تەنیشــت گۆڕەپانەکــە دەبــوو.

گومەتەکان لەتەختەدار دروست دەکران و گەورەو بەرزبوون و هەر گومەتەی چوار بۆ پێنج چین دەبوو. دامەزراندنەکە تا سەرەتای مانگی سەفەر بەردەوام دەبوو. کە لەدانانی دەبوونەوە دەستیان دەکردە رازاندنەوەی بەکوتاڵی باشی رەنگاوڕەنگی جیاوازو زۆر جوان. کە لەوەش دەبوونەوە تیپەکانی رابواردن لەناو گومەتەکان شوێنی خۆیان دەگرت و هەر تیپەو لەیەکێک لەچینەکانی گومەتەکە دادەنیشت. تیپی گۆرانیبێژان – یان دەستەی گۆرانی بێژان وەکو لەو سەردەم پێیان دەگوترا– لەچینێک و چینەکەی دیکە بۆ تیپی هاوڕێیان (سێبەری خەیال) و چینی سێیەم بۆ تیپی مۆسیقا. چینی چوارەمیش بۆ یاریکەران. واتە هەر چینێک لەچینەکانی گومەتەکە تیپێکی تێدا دادەنیشت کە جیاواز بوو لەوەی دیکە. هەتا گومەتەکە هەموو جۆرە رابواردن و یاریەکی تێدا کۆدەکرایەوە. تیپەکان لەناو هەموو گومەتەکان دووبارە دەبوونەوە. بەوەش بوار بۆ خەڵکەکە زۆرتر دەبوو بۆ ئەوەی پتر لەتیپێک لەناو هەر یەک لەو گومەتانە ببینن.

هەرکە تیپەکان جێی خۆیان دەگرت لەناو چینەکانی گومەتەکە، خەڵک دەستیان دەکردە خۆشی وەرگرتن لەئاهەنگەکە. شوێنەکە بەخەڵکی ئەربل و ئەوانەی دیکەی کە لەوڵاتە دراوسێکانەوە هاتووبوون پڕ دەبوو. موزەفەرەددین بەشداریی ئەو خەڵکەی دەکرد

لەئاهەنگەکــەو تێکەڵیــان دەبــوو. هەمــوو ڕۆژێــک دوای نوێــژی عەسر دەهاتــە خــوارێ بــۆ شــوێنێکی ئاهەنگەکــەو بەنـــاو گومەتەکانـــدا دەگـــەڕاو لەکـــن هـــەر گومەتێـــک ڕادەوەســتاو گوێــی لەگۆرانــی و مۆسـیقا دەگـرت. لەگــەڕان بەنــاو گومەتەکانــدا بــەردەوام دەبــوو تــا هەمــووی دەبینــی بــۆ ئــەوەی میــرو پیاوماقووڵانــی خــاوەن گومەتــەکان لێــی ڕازی بــن و ئەوانــەش ڕازیــکا کــە ئاهەنگەکــە دەگێــڕن و گەلەکــە واهەســت بــکا کــە بەشــداریی خۆشــیەکانیان دەکا لــەو بۆنــە پیــرۆزەدا. کــە لەگەڕانــی نــاو گومەتــەکان دەبــۆوە بــەرەو خانەقــا دەچــوو کــە ســۆفیەکانی تێــدا ئامادەدەبـــوون بـــۆ بەســـتنی بازنـــەی زیکرکـــردن کـــە موزەفەرەددیــن زۆر حــەزی لێدەکــرد. بەشــداری ئەوانیشــی دەکـرد لەبازنەکەیانـداو کـە گـەرم دادەهـات لەگـەڵ ئـەوان دەکەوتــە ســەما و بەلاداهاتــن. لەخانەقــا دەمایــەوە تــا نوێــژی بەیانیــی دەکــرد پاشــان دوای نوێــژ دەچــووە ڕاو – کــە وەرزشــەهەڵبژاردەکەی بــوو– و تــا پێــش نیــوەڕۆ ڕاوی دەکــرد ئەوجــا دەگەڕایــەوە بــۆ قــەڵات. هــەر لەســەر ئــەو بەرنامەیــە دەرۆیــی تــا شــەوی لەدایکبــوون دەهــات.

خەڵکەکـــەش لەمانگـــی ســـەفەرەوە لەتەماشـــاکردن و خۆشــی دەربڕیــن بەئاهەنگەکــە بــەردەوام دەبــوون هەتــا پێــش شــەوی لەدایکبــوون بــەدوو ڕۆژ. ئەوجــا حوشــترو چێــڵ و مــەڕ ئامــادە دەکــران بــۆ ســەربڕین و خــواردن دروســتکردن بــۆ خەڵــک بەژمارەیەکــی زۆر گــەورە. پاشــان

لەتەویلەکانیــان دەردەهێنــران بــۆ ئــەوەی لەنیشــاندانێکی گــەورە ســەربڕین و دەف لێــدەدراو موســیقاو گۆرانــی دەگوتــراو ســەربڕەکان بەدەورەیانــەوە دەخولانــەوە تــا دەگەیشــتنە شــوێنی ســەربڕین کــە هەمــوو شــتێک بــۆ ســەربڕین ســازکراوە. کــە دەگەیشــتنە گۆڕەپانەکــە ســەربڕەکان قۆڵیــان لــێ هەڵدەماڵــی و چێشــتلێنەرانیش بەمەنجەڵەکانیانــەوە ئامادەبــوون بــۆ وەرگرتنــی گۆشــتەکە لەگــەڵ زۆر جــۆری دیکــەی خواردەمەنــی و لەگــەڵ ئەوانــەش کــە بــۆ ســوورکردنەوەی گۆشــت و پــەڕەور لــەوێ دەبــوون.

ســەربڕین و چێشــتلێنان بــۆ دوو رۆژ بــەردەوام دەبــوو تــا دەگەیشــتە شــەوی مەولــوود، موزەفەرەددیــن نوێــژی رۆژاوای لەقەڵاتــێ دەکــردو بەکەژاوەیەکــی گــەورەوە بــۆ خانەقــا دەهاتــە خــوارێ کــە کۆمەڵێــک لەهەڵگرانــی مــۆم لەپێــش و پاشــی و راســت و چەپــی دەڕۆیشــن و لەناوەنــدی مــۆم هەڵگــرەکان دوو یــان چــوار ئەســپ کــە لەسەرپشــتی یەکەکیــان مۆمێکــی گــەورە لەمۆمەکانــی کەژاوەکــە بەســترابۆوەو پیاوێکیــش لەپشــتەوە رایدەگــرت، موزەفەرەددیــن لــەو کەژاوەیــەدا دەڕۆیــی تــا دەگەیشــە خانەقــاو لــەوێ دەمایــەوە بــۆ بەشــداریکردنی بازنەکانــی زیکــر، ئەوجــا دەگەڕایــەوە بــۆ قــەڵات.

کــە بەیانــی رۆژی مەولــوود دادەهــات، دیاریەکانــی (لەجلوبــەرگ) کــە موزەفەرەددیــن ئامادەیکردبــوون بــۆ ئــەوەی بیانکاتــە دیاریــی قــەڵات لەســەر دەســتی سۆفیەکان

بـۆ خانەقـا. لەدەسـتی هـەر کەسـێک لەوانـە بوخچەیـەک هەبـووو کـە بەرێزێکـی درێـژ، یـەک لـەدوای یـەک دەڕۆیشـتن تـا دەگەیشـتنە خانەقـا. پاشـان موزەفەرەددیـن لەقەڵاتـەوە دەهاتـە خـوایَ بـۆ خانەقـا کـە گـەورە پیاوانـی وڵات و سـەرۆکەکان کۆدەبوونـەوەو کورسـیی وتـاری تێـدا دادەمـەزرا. بـۆ موزەفەرەددینیـش تاوەرێکـی دار دادەمـەزرا کـە پەنجـەرەی هەبـوو بەسـەر گۆڕپانەکـەی دەڕوانـی و کورسـیەکی بـۆ دادەنـرا بـۆ دانیشـتنی و لەوێـوە خەڵکـی دەبینـی و تەماشـای سـوپای دەکـرد.

گۆڕەپانەکە پارچـە زەویـەک بـوو کـە زۆر فـراوان بـوو بـۆ ئاهەنگگێڕانێکـی سـەربازی ئامادەکرابـوو. سـوپا بەبـووق و دەهـۆڵ کۆدەبـۆوەو لەسـەر ئـاوازی مۆسـیقا بەدرێژایـی ڕۆژ خـۆی نمایـش دەکـرد.

موزەفەرەددیـن لەتاوەرەکـەی خـۆی لـەو پەنجـەرەوە دەچـووە ئەویدیکـەو هەرجـارەی لەلایـەک دادەنیشـت بـۆ ئـەوەی تەماشـای نمایشـەکانی سـوپا بـکاو هەندێـک جاریـش بـۆ ئـەوەی ئـەو خەڵکـە ببینـیَ کـە لەبازنـەی وتاردانـدا کۆبوونەتـەوە.

لەکاتـی نیشـاندانی سـوپا موزەفەرەددیـن دیاریەکانـی بەسـەر ئامادەبـووان لەگەورەپیـاوان و سـەرۆک وڵات و فەرماندەکانـی سـوپادا دابـەش دەکـرد. بەسـەر ئەوانەشـدا کـە میوانـی پایەداربـوون و لەوڵاتانـی دیکـەوە هاتبـوون. هەروەهـا بەسـەر ئایینـاس و فەرموودەنـاس و ئەدیـب و

شاعیر و وتارخوێن و قورئان خوێنانیشدا دەبەخشیەوە.

کە نیشاندانی سوپا کۆتایی دەهات، موزەفەرەددین لەبەخشینی دیاریەکانی لای خۆی دەبۆوە. لەهەمان کاتیشدا دوو سفرەی زۆر گەورە ئامادەدەکران، یەکێکیان بۆ خەڵکی ئاسایی ئەربل و ئەوانەی هاتبوونە ئەوێ و مامناوەندەکان. ئەو سفرەیە لەگۆڕەپانەکەدا دەبوو کە لەخانەقاوە دەستی پێدەکردو لەلای قەڵات کۆتایی دەهات. سفرەکەی دیکەش لەخانەقا بۆ ئەوانەی کە پایەیان لەلای هەیە لەمیوانان و پیاوانی دەوڵەت.

سفرەی گشتی، «ئەوەندەی خواردن و نانی تێدا بووە کە ناگوترێ» وەکو ئیبن خەلەکان دەڵێ. سیبت ئیبن ئەلجۆزی، ناوی هەندێک لەو خواردنانە لەزاری ئەوانەی بینیوویانە دەگێڕێتەوە کە لەسەر سفرەکان هەبوون و دەڵێ: «ئەوانەی چەند ساڵێک لەوێ بوون بۆیان گێڕامەوەو گوتیان: ژمارەی سفرەکان سەت قرش قشلمیش[1] بوون و پێنج هەزار سەرکی سوورکراوەو دەهەزار مریشک و سەت هەزار زبدیە[2] و سی هەزار سینی شیرینی. ئەوجا خەڵکەکە لەسەر سفرەکان کۆدەبوونەوەو چەندیان بویستبایە دەیانخواردو ئەوەش چەندی بویستبایە بۆ خۆی هەڵیدەگرت. سفرەکەی

١- وەکو لەسەرچاوەکە ناوی هاتووە دامانناوە، ڕەنگە ناوی خواردنێک بێ.
٢- دەفرێکە شیرینی تێدا دادەنرێ.

دیکـەش هەمـان خواردنەکانـی سـفرەی یەکەمیـان لەسـەر بـوو و پیاوماقـووڵ و گەورەپیاوانـی دەوڵـەت و میوانـە دیارەکانـی لەسـەر کۆدەبوونـەوەو نانیـان دەخـوارد تـا تەواودەبـوون.

موزەفەرەددیـن -لەنـاو جەرگـەی ئـەو ئاهەنگگێڕانـەدا- ئەوانـەی لەبیرنەدەکرد کە لەبـەر هـەر هۆیـەک نەهاتبوونە ئاهەنـگ و سـەر سـفرە. فەرمانـی دەدا خواردنـی بـۆ ببەنـە ماڵـەوە بـۆ ئـەوەی لـەو پیرۆزییـەی بۆنەکـەی بگاتـێ کـە گەیشـتۆتە هیدیکـەو بـۆ ئـەوەش هەمـوو ئەوانـەی لەوڵاتەکەیـدان بەشـداری ئـەو وەرزی خۆشـیەبن.

ئـەوە تـا دوای نوێـژی عەسـر بـەردەوام دەبـوو، پاشـان موزەفەرەددیـن لەخانەقـا دەمایـەوە کـە بازنـەی زیکرکـردن دەبەسـترا (بەگۆتـەی ئـەو سـەردەم: سـەماعات) تـا بەیانـی. بەهەڵاتنـی رۆژ ئاهەنگـی مەولـوود کۆتایـی پێدەهێنـراو خەڵکـی ئەربـل دەگەڕانـەوە سـەر ژیانـی ئاسـایی خۆیـان و میوانەکانیـش هەریەکـە بـۆ وڵاتەکـەی خـۆی. موزەفەرەددیـن ئـەو میوانانەشـی لەبیـر نەدەکـردو بـۆ هـەر هەژارێـک لـەوان خەرجیـی گەڕانـەوەی بـۆ دابیـن دەکـرد[1].

موزەفەرەددیـن هەسـتی بـەو ماندووبوونـە کردبـوو کـە حاجیەکانـی ئەربـل لەڕێـی چوونـە مەکـەو مەدینـەدا

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٣. مراة الزمان، ب٨ / ل ٦٨٠.

تووشـی دەبـن، بۆیـە هەوڵـی دەدا ڕێگایـان بـۆ ئاسـان بـکا، لەبـەر ئـەوە لەگـەڵ حاجیـەکان ئاوکێشـی دەنـاردو نوێنەرێکـی خـۆی لەگـەڵ دەدان کـە هەمـوو ئـەو پێداویستیانەی هەبـوو کـە حاجیـەکان لەرێگا پێویستیان دەبێ[1].

ئەوانـە هەندێـک لـەو چاکانەبـوون کـە موزەفەرەددیـن پێشکەشـی گەلەکـەی دەکـرد کـە چاکـەی گشـتی بـوون هـەر کەسێک بیویستبایەو حـەزی لێبوایـە وەری دەگـرت، بـەڵام چەنـد توێژێـک هەبـوون کـە موزەفەرەددیـن دەیبینـی پێویستیان بەچاکـەی تایبـەت و چاودێـری تایبـەت هەیـە کـە نەخـۆش و بێـوەژن و هەتیـو و هەڵگیـراوان و نابینایـان بـوون، بۆیـە نەخۆشـخانەو پەناگـەی بـۆ دروسـتکردن و درێغـی نەدەکـرد لەخەرجکـردن بۆیـان و مرۆڤایەتـی و سـۆزی خـۆی بەسـەردا باراندبـوون و هەرگیـز ئـازارو ناخۆشیەکانیانی لەبیرنەدەکرد. ئـەو کردەوانـەی سـەردەمی وەلیـدی کـوڕی عەبدولمەلیکـی خەلیفـەی ئەمەویمـان (٨٦-٩٦ک) بەبیردێنێتـەوە کـە ئەویـش گرنگـی بەوانـە دەدا کـە موزەفەرەددیـن لەسـەتەی حەفتەمـی کۆچـی، واتـە دوای شـەش سـەتە، بایەخـی پێـدەدان.

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٣.

## خانەی نەخۆشانی گولی

موزەفەرەددیــن تووشــبووانی ئــەو نەخۆشــیە پیســەی کۆکــردەوەو خانەیەکــی بــۆ دروســتکردن بــۆ ئــەوەی تێیــدا بژیــن و هەمــوو ئــەو پێداویســتیانەی تێــدا دانابــوو کــە نەخــۆش پێویســتی دەبــێ لەخــواردن و خواردنــەوەو جلــک و دەرمــان. پاشــان بــۆ هــەر نەخۆشــێک بەردەســتێکی تایبەتــی دانابــوو بــۆ چاودێــری و خزمەتکردنــی[1].

## خانەی نابینایان

موزەفەرەددیــن بایەخــی بەنابینایانیــش لەخەڵکــی ئەربــل و هیدیکــەی وڵاتەکــەی دەدا. ئاشــکرایە کــە ئــەو جــۆرە تووشــبووانە دەرگای رۆزیــان لەســەر دادەخــرێ چونکــە ناتوانــن کاربکــەن، بــەڵام موزەفەرەددیــن لێنەگــەڕا لەنــاو ژیانــدا گەوزبــدەن یــان رووی خۆیــان هەڵماڵــن و مرۆڤایەتیــان لەدەســتبدەن بەدەســتپانکردنەوە لەبەرخەڵــک. موزەفەرەددیــن لەوانــە هەمــووی بووریــن و خانەیەکــی بــۆ دروســتکردن کــە تێیــدا دانیشــن و هەمــوو ئــەو پێداویســتیانەی بــۆ دابینکــردن کــە پێویســتیان بــوو لەخــواردن و خواردنــەوەو جلوبــەرگ و بــۆ هــەر یەکێــک بەردەســتێکی تەرخانکــرد کــە کاروبارەکانــی بــۆ بەجــێ بگەیەنــێ و بەردەستیشــی بــکا[2].

١- مراة الزمان، ب٨ / ل ٦٨١.
٢- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٢. مراه الزمان، ب٨ / ل ٦٨٢.

ئەگـــەر موزەفەرەددیـــن وەکـــو فەرمانڕەوایـــەک ئەرکـــی سەرشـــانی خـــۆی برامبـــەر ئـــەو پەككەوتانـــە لەلایەنـــی ماددیـــەوە بەجێگەیانـــد، ئـــەوا هـــەر بەوەنـــدە نەوەســـتا بەڵکـو بەمرۆڤایەتـی و بەزەیـی خـۆی بەسـەری دەکردنـەوە بـۆ ئـەوەی ئازارەکانیـان لەبیربباتـەوەو هـەردوو رۆژانـی دووشـەم و پێنجەشـەم لەهـەر حەفتەیەکدا سـەردانی دەکرن و دەچـووە لای یەکـە یەکەیـان و پرسـیاری ژیانـی لێدەکرد و لەگەلچـی دەدواو قسـەی خۆشـی لەگـەڵ دەکـرد، هەتـا بەسـەر هەمووانـدا دەگـەڕا. دانیشـتووانی ئـەو پەناگایانـە بـەو سـۆزە مرۆیانەیـەی موزەفەرەددیـن کەیفسـاز دەبـوون و دڵیـان دەدرایـەوە.

## خانەی بێ باوکان (هەتیوان)

موزەفەرەددیـــن گرنگیـــی بەهەتیوانیـــش داوە لەکـــوڕان و کچـــان، لەوانـــەی کـــە بـــاوک و دایکیـــان لەدەســـتداوەو کەسـیان نیـە بەخێویـان بـکا. لەمەترسـیی سـەرگەردانبوون و خراپەکاریـی پاراسـتوون و پەناگەیەکـی بـۆ دروسـتکردن و تێیـدا کۆیکردنـەوەو هەمـوو پێداویسـتیەکانی ژیانـی بـۆ دابینکـردن و سەرپەرشـتیاری ژنیشـی بـۆ دامەزرانـدن بـۆ پەروەردەکردنیـــان.

موزەفەرەددیـن هـەر بەکۆکردنـەوەی کوڕوکچـە هەتیـوەکان لەنـــاو چواردیـــواردا نەوەســـتا، بەڵکـــو مرۆڤدۆســـتیەکەی زۆر لـــەوە فراوانتربـــوو. نـــاوە بەخـــۆی ســـەردانی

دەکـردن و سـۆزو باوکایەتیـی خـۆی بەسـەریاندا دەبارانـد بەتایبەتیـش کچـەکان، کاتێـک کـە دەچـووە لایـان لەگەڵیـان دادەنیشـت و یەکێکیانـی لەسەرکۆشـی خـۆی دادەنـا یاریـی لەگـەڵ دەکـردو لێـی دەپرسـی کـە هیـچ داواکاریـەک یـان پێویسـتیەکی هەیـەو پێـی دەگـوت: چیـت حەزلێیـە بیخـۆی؟ چ جلکێکـت دەوێ لەبـەری بکـەی.؟ داواکاریەکانـی بەجێدەگەیانـدو فەرمانـی دەدا هەرچـی داوا دەکا بـۆی جێبەجـێ بکـەن. کـە کچـە هەتیوەکـە دەگەیشـتە تەمەنـی هاوسـەرگیری، هاوژینێکـی وای بـۆ دیـاری دەکـرد کـە لەگەڵـی بگونجـێ و لێـی مـارە دەکردو لەپـارەی خۆشـی خەرجیـی ئاهەنگـی هاوسـەرگیریەکەی بـۆ دەدا[1]. هەرچـی هەتیوەکوڕەکانیشـە، ئـەوا بـەزۆری موزەفەرەددیـن بـۆ ئەوانـەی گـەورە دەبـوون کارێکـی دەدۆزیـەوەو یارمەتیـی دەدا بـۆ پێشـوازیکردنی ژیانـە تازەکـەی.

## خانەی منداڵە هەڵگیراوەکان

لەئەربـل -وەکـو لەهەمـوو وڵاتێکـی جیهانـدا- منداڵـی بیـژی (زۆڵ)، لەئەنجامـی حەزێکـی کاتیـی سەرشـێتانەی نێوان نێرومـێ دا لەدایکدەبـن کـە لەئەنجامـدا فـڕێ دەدرێنـە سـەر رێگـەو شـوێنە کەلاوەبـووەکان و کۆتاییـان بەمـردن دێ. مرۆڤدۆسـتیی موزەفەرەددیـن لـەوە گەورەتربـوو کـە لێبگـەڕێ ئـەو بێگوناحانـەی کـە دایـک و باوکیـان دەستیان

---

١- مراة الزمان، ب٨ / ل ٦٨١. وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٢.

لێبەرداون، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێ.، فڕێ بدرێن و بمرن، بۆیە پەناگەیەکی بۆ دروستکردن و دایەنی بۆ دانان و هەر منداڵێکی لەو جۆرە کە هەڵدەگیرایەوە بۆ ئەو پەناگەیە دەبردراو رادەستی دایەنێک دەکرا بۆ ئەوەی شیر بداتێ و پەروەردەی بکا[1]. بەو کارە مرۆڤدۆستانە بەرزەی، موزەفەرەددین گیانی زۆر کەسی لەچارەنووسی مردن رزگارکرد.

## خانەی بێوەژنان

دەستی موزەفەرەددین گەیشتبووە بێوەژنە هەژارەکانیش، ئەوانەی مێردیان دەمردو کەسی نزیکیان نەبوو بەخێویان بکا، بۆیە خانەیەکی بۆ ئەوانیش دروستکردبوو تێیدا بژین و هەموو پێداویستیەکانیشی لەخواردن و خواردنەوەو جلکوبەرگ بۆ دابینکردبوون و بەخۆی لێی دەپرسینەوەو سەردانی دەکردن و لەپێداویستیەکانیانی دپێچایەوەو فەرمانی دەدا ئەوەی دەیانەوێ بۆیان بکرێ و کەموکورتیەکانیان تەواو بکرێ[2].

1- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٢.
2- وفيات الاعيان، ب٣ / ل٢٧٢.

خەرجیەکانی موزەفەرەددین بۆ ئەو خانانە لەساڵێکدا دووسەت هەزار دینار بووە، وەکو سیبت ئەلجۆزی دەگێڕێتەوە، کە لەسەردەمی موزەفەرەددیندا ژیاوە[1].

* * *

موزەفەرەددین جۆری دیکەشی هەبووە لەچاکەکردن کە بۆ خەڵکی دەرەوەی وڵاتەکەی خەرجی دەکرد. لەوانە دروستکردنی خانەیەکی میوانداری لەئەربل تایبەت بۆ ئەوانەی دەهاتنە ئەربل، چ بۆ بازرگانی یان هەر بەرژەوەندیەکی دیکە یان بۆ ئەو گەشتکارانەی بەئەربلدا تێدەپەڕین بۆ ئەو وڵاتەی کە مەبەستیان بوو. موزەفەرەددین دەیزانی گەشتکار لەڕێگادا تووشی چ ماندووبوون و زەحمەتیەک دێ و هەروەها ئەو بازرگانەش چ بارگرانیەکی دەکەوێتە سەرشان کە بۆ بازرگانی دێتە وڵاتەکەی، بۆیە دڵی بەهەموو ئەوانە دەسووتاو کاری دەکرد بۆ ئاسانکردنی شێوازی مانەوەیان لەوڵاتەکەی و دڵخۆشکردنیان، بۆیە خانەیەکی دروستکردبوو ناوی لێنابوو خانەی میوانداری کە هەموو ئەوانەی تێدابوو میوان لەکاتی مانەوەی پێویستی دەبێ لەخواردن و خواردنەوەو جێی خەوتن. لەتەک خانەکەشەوە چێشتخانەیەکی دروستکردبوو بۆ ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە بۆ میوانەکان و ساڵانە سەت هەزار دیناری

---

١- مراة الزمان، ب٨ / ل ٦٨١.

بـۆ خەرجیەکانـی تەرخـان کردبـوو. هەریەکێکـی بهاتبایـە، چەنـدی بویسـتبایە لـەو خانەیـە بەدڵنیایـی و ئاسایشـی سـەروماڵی دەمایـەوە. موزەفەرەددیـن بەوەنـدەش نەوەسـتا بەڵکو بـۆ هـەر میوانێکـی هـەژار کـە بەتەمـای بەجێهێشـتنی ئەربـل بوایـە، خەرجیـی گەشـتەکەی دەدایـێ، هـەر یەکـەو بەپێـی پێویسـتیی[1].

* * *

هەروەهـا چاکەکانـی گەیشـتبوونە موسـڵمانەکانی هەردوو شـارە پیرۆزەکـەی مەکـەو مەدینـە، چونکـە هەژارەکانـی ئـەو دووشـارە خۆشەویسـتەی موسـڵمانان، هەموویـان پێویسـتیان بەیارمەتیـی موسـڵمانان هەبـوو لەبـەر خراپـی خاکەکەیـان و نەهـات لەوڵاتەکەیانـدا. بۆیـە خـواردن و جلوبەرگیـان لەوڵاتـە جیاوازەکانـی موسـڵمانانەوە بـۆ دەهـات وەکـو خواپەرسـتیەکی موسـڵمانان. موسـڵمانەکان لەهەمـوو پارچـە جیاوازەکانـی جیهانـی ئیسـلامی ڕێـز لەخەڵکـی مەکـە دەگـرن لەبـەر ماڵـە پیرۆزەکـەی خـوداو چاکـەش لەگـەڵ خەڵکـی مەدینـە دەکـەن لەبـەر خۆشەویسـتیان بـۆ پێغەمبـەری خـوا «دروودی خـوای لەسـەربێ».

لەبـەر ئـەوە ئـەو دووشـارە پیـرۆزە جێگـەی چاودێـری و یارمەتیـی موزەفەرەددیـن بـوون و هەمـوو سـاڵێک

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٣. مراه الزمان، ب٨ / ل ٦٨٣.

خــواردن و جلوبەرگــی بەبەهــای ســی هــەزار دینــار بــۆ هەژارەگانــی دەنــاردو بەســەریاندا دابــەش دەكــرا، بێجگــە لەوانــەی كــە دەیبەخشــیە ئەوكەســانەی كــە دوای هەبوونــی و باڵادەســتی، زەمانــە لێیانــی بڕیبــوو. بۆیــە بەنهێنــی چاكــەی لەگــەڵ ئەوانــە دەكــرد تــا شــەرمەزارنەبن و نەفســبەرزیان لەكــەدار نەبــێ[1].

موزەفەرەددیــن كارێكــی دیكــەی دیــاری لەمەكــەو مەدینــەدا هەبــوو. ئــاو لــەو دووشــارە كەمبــوو و لــەوەرزی حەجكردنــدا ئــاو زۆر كــەم دەبــۆوە، چونكــە حاجیــەكان پێویســتیان پێــی دەبــوو. موزەفەرەددیــن بــەو ئازاركێشــانەی خەڵكــی ئــەو دووشــارەی زانیبــوو بــۆ دەســتكەوتنی ئــاو بەهــۆی بەشــداربوونی حاجیــەكان لەگەڵیــان لەوەرزەكانــی حەجكردنــدا، بۆیــە لــەو دووشــارە شــوێنی كۆكردنــەوەی ئــاوی بارانــی دروســتكرد بــۆ ئــەوەی بەدرێژایــی ســاڵ دانیشــتووانەكەی ئاویــان هەبــێ[2]. هەروەهــا دەهــەزار دیناریشــی لــەو ڕێیــەدا خــەرج دەكــردو هــەزار دیناریــش بــۆ هێنانــی ئــاو بــۆ نــاو گۆمەكانــی عەرەفــات.

* * *

ئــەو موســڵمانانەی كــە بەدیلــی لــەلای خاچپەرســتەكان دەگیــران ببــووە هــۆی سەرئێشــە بــۆ موزەفەرەددیــن و

١- مراة الزمان، ب ٨ / ل ٦٨٣.
٢- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٣.

کێشـــەکەیان بێزاریـــان دەکـــرد. موزەفەرەددیـــن –وەکـــو پێشـــتر گوتمـــان– لەســـەردەمی شـــەڕی خاچپەرســـتەکاندا ژیابـوو و لـەزۆر لـەو شـەڕانە بەخـۆی بەشـداریی کردبـوو و بەچـــاوی خـــۆی دەیبینـــی موســـڵمانەکان بەدەیـــان و سـەتان دەکەوتنـە دەسـتی خاچپەرسـتەکان. پێـش ئـەوەی ببێتـە میـری ئەربـل، نەیدەتوانـی یارمەتـی ئـەو دیلانـە بـدا لەبـەر بێدەسـەڵاتی و نەبوونـی داهاتـی دارایـی. بـەڵام کـە ئەربـل بـووە هـی خـۆی، هیـچ درێغیـی نەدەکـرد لەکڕینـــەوەی ژمارەیەکـــی زۆر لەوانـــە و ئازادکردنیـــان هەمـوو سـاڵێک. سـاڵێ دووجـار جێگرەکانـی خـۆی دەنـاردە لای خاچپەرسـتەکان بـۆ کڕینـەوەی ئازادیـی ژمارەیـەک لەموسـڵمانە دیلەکانـی لایـان. ئـەو پارەیـەی کـە سـاڵانە لەکڕینـەوەی ئـازادی بـۆ بـرا ئایینیەکانـی خەرجـی دەکـرد، کـە ژمـاردی ببـووە سـەت هـەزار دینـار. ژمـارەی ئـەو دیلانـەی کـە لەمـاوەی حوکمڕانیـی خۆیـدا لەدیلـی دەری هێنـان گەیشـتە شەسـت هـەزار دیـل بەپیـاو و ژن. ئەگـەر پـارەی لەبـەر ببڕابایـە، ئـەو گەوهەرانـەی کـە لەدیمەشـق هەیبـوو دەیفرۆشـتن و ئازادیـی دیلەکانـی پێدەکڕیـەوە. جێگرەکانـی، دیلەکانیـان دوای بەردانیـان سەرپشـک دەکـرد لـەوەی بگەڕێنـەوە بـۆ وڵاتەکـەو نـاو کەسـوکاری خۆیـان یـان لەگەڵیـان بچنـە ئەربـل و لـەوێ دانیشـن. ئـەوەی حـەزی لێبایـە بگەڕێتـەوە نـاو کەسـوکارو وڵاتـی خـۆی، ئـەوا ئەوەنـدە پارەیـان دەدایـێ کـە پێـی بگاتـەوە شـوێنی

خـۆی. ئەوەشـی کـە حـەزی بکردبایـە لەئەربـل دانیشـێ لەگـەڵ خۆیـان دەبـرد. موزەفەرەددیـن زۆر چاکـەی لەگـەڵ ئـەو دیلانـە دەکـردو هەرچیەکـی پێویسـتیان بوایـە لـە شـوێنی دانیشـتن و خـواردن و جلـک بـۆی دابیـن دەکـردن[1]. بـەو شـێوەیە موسـڵمانەکانی لەپەرتبـوون و بزربـوون دەپاراست، چونکـە لەوانـە هەبـوو کەسـوکاری نەمابـوو، هەشـبوو ماڵـی لەدەسـت دابـوو و هەبـوو خاچپەرسـتەکان وڵاتەکەیـان داگیـر کردبـوو.

### لایەنی رۆشنبیری

لەتـەک ئـەو دوو لایەنـە، لایەنـی دروسـتکردن و ئاوەدانکردنـەوەو لایەنـی کۆمەڵایەتـی و مرۆیـی، کـە دوو لایەنـی زۆر گـەورەن وەکـو بینیمـان، لایەنـی رۆشنبیریشـی هەبـوو. ئاسـان نیـە بزووتنـەوەی رۆشـنبیری لەئەربـل پێـش سـەردەمی موزەفەرەددیـن هەڵسـەنگێنین لەبـەر ئـەوەی پێـش ئـەو سـەردەمە زۆرکـەم لەسـەر ئەربـل نووسـراوە، بـەڵام لەبـەر رۆشـنایی ئـەو سـەرچاوە کەمـەی کـە لەسـەر هەندێـک کەسـایەتی ئەربـل نووسـراون و پێیـدا تێپەڕیـن، کـە جەخـت دەکەنـەوە قوتابخانـە لەئەربـل هەبـووەو ئـەو کەسـایەتیانەش زانسـتە سـەرەتاییەکانیان لەخوێندنگەکانـی ئەربـل وەرگرتـووە، ئەوجـا چوونەتـە پایتەختـە ئیسـلامیەکانی دیکـە بـۆ دەسـتکەوتنی زانسـتی

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٣. مراه الزمان، ب ٨ / ل ٦٨٢.

زۆرتــر. لەوانــە زانایانــی ئایینــی و قــازی و پیاوانــی فەتــواو ئەدیــب و شــاعیران.

موزەفەرەددینیــش لەســەر کارەباشــەکانی ئەوانــەی پێشــخۆی رۆیشــتووەو خوێندنگــەی دامەزرانــدووە. قوتابخانەیەکــی بــۆ خوێندنــی زانســتەکانی ئایینیــی هــەردوو مەزهەبــی شــافعی و حەنەفــی کردەوە کــە تەفســیرو فەرمــوودەو رێزمانیشــی تێــدا دەخوێنــدرا. ناوبانگێکــی دەرکــرد کــە لەســەرەوەی هەمــوو خوێندنگەکانــی دیکــەی ئەربلــەوە بــوو، لەبــەر ئــەوەی موزەفەرەددیــن بەخــۆی گرنگــی پێــدەداو شــێخ و مامۆستاکانیشــی دیــار بــوون. لەوانــەی کــە وانەیــان تێــدا دەگوتــەوە:

محەمــەد بــن ئیبراهیــم بــن ئەبــی بەکــر بــن خەلــەکان بــوو کــە لەســاڵ ٦١٠ك کۆچــی دوایــی کــردو باوکــی قازیــی قازیــان و مێژوونووســی ناســراو ئیبــن خەلەکانــی خاوەنــی کتێبــی «وفیــات الاعیــان» بــوو[١].

هەروەهــا عومــەری کــوڕی ئیبراهیمــی برایشــی وانــەی تێــدا گوتوتــەوە کــە لەســاڵی ٦٠٩ك دا مــردووەو مامــی ئیبــن خەلەکانــی مێژوونــووس بــوو[٢].

دوای مردنــی باوکــی ئیبــن خەلــەکان، ئەبولفــەزڵ ئەحمــەد بــن موســا بــن یونــس بــن مەنعــە وانــەی

١- وفیــات الاعیــان، ب ١ / ل ٩٠. وەرگێڕانــی ئەحمــەد بــن موســا ابــن مەنعــەی ئەربلــی.
٢- طبقات الشافعية، ب ٥ / ل ١٣٠.

تێدا گوتۆتەوە کە لەساڵی ٦٢٢ک دا مردووە. ئیبن خەلەکانی مێژوونووس لەسەردەستی ئەو بن مەنعەیەی خوێندووە. هەر لەگچکەییەوە دەچووە وانەکانی. ئیبن خەلەکان لەبارەی ئەبولفەزڵەوە دەڵێ: «پێشنوێژێکی گەورەو بەڕێز بوو و باڵاو روویێکی جوانی هەبوو». هەروەها «زۆری لەبەر بوو و بابەتی زۆری دەزانی». ئیبن خەلەکان بەوانەوتنەوەکەی سەرسام بوو و دەڵێ: «گوێم لێ نەبووە کەسێک وەکو ئەو وانە بڵێتەوە». ئیبن مەنعە لەقوتابخانەکەی موزەفەرەددین مایەوەو وانەی دەگوتەوە تا ساڵی ٦١٧ک. پاشان دەچێتە حەج و کە دەگەڕێتەوە بۆ موسڵ دەگوازێتەوە[1].

هەروەها ئەبول عەباس ئەلخدر بن نەسر ئەلئەربلی شافیعیش وانەی تێدا گوتۆتەوە کە لەساڵی ٦١٩ک دا مردووە. ئەبولعەباس لەزانستەکاندا هونەرمەندبوو و زۆر دانراوی باشی لەتەفسیرو زانستی ئایینیدا هەیەو خەڵکێکی زۆر سوودیان لەزانستەکەی وەرگرتووە[2].

هەروەها عەبدول لەتیف بن ئەبی ئەلنەجیب ئەلسەهرەوەردی کە لەقوتابیەکانی ئەلحافز محەمەد بن عەبدولغەنی ناسراو بە ئیبن نوقتە[3] و محەمەد بن هیبەتوڵای نەحوی کە لەقوتابیەکانی مەجدەددین

١- وفيات الاعيانن، ب١ / ل ٩٠.
٢- شذرات الذهب. ج ١٤ / ص ١٣٣.
٣- البداية والنهاية، ب١٢ / ل ٢٨٧.

ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی غالبی ئەربیلی نەحویی معەددەلە کە لەساڵی ٦٥٧ک دا مردووە.

لەقوتابخانەکەی موزەفەرەددین ژمارەیەکی زۆر لەکوڕانی ئەربل دەرچوون و زانستە سەرەتاییەکانیان لەوێ فێربوون، پاشان بۆ پایتەختە ئیسلامیە گەورەکان کۆچیان کردووەو لەوێ زانستیان لەسەرچاوەکانیانەوە هەڵێنجاوە تا گەیشتوونەتە گەورەترین پلەی زانستی و ئەدەبی. لەوانە هەر بۆ نموونە ناوی ئەوانە دێنین:

لەئایین ناسەکان: ئەبولقاسم نەسر بن عەقیل بن نەسر ئەلئەربلی کە لەساڵی ٦١٩ک دا مردووە. ئەبولقاسم لەئەربل لەساڵی ٥٣٤ک لەدایک بووەو زانستە ئایینیەکانی لەلای مامی ئەبیلعەباس ئەلخدر وەرگرتووە پاشان لەساڵی ٦٠٠ک چووەتە بەغدادو وادیارە لەوێ پۆستێکی وەرگرتووە کە لەوانەیە پۆستی وانەگوتنەوە بووبێ، بۆیە موزەفەرەددین لێی تووڕەبووە -هۆکارەکەی لەسەرچاوەکان باس نەکراوە[1]- بۆیە دەستی بەسەر موڵک وماڵیدا گرتووە. ئەبولقاسم تا ساڵی ٦٠٦ک لەبەغدا دەمێنێتەوە پاشان دەچێتە موسڵ و تا دەمرێ لەوێ دادەنیشێ.

لەوانەی تەفسیری قورئانیان کردووە: ئەبولعەباس ئەلخدر بن نەسر ئەلئەربلی ئەلشافعی کە لەساڵی

---

١- شذرات الذهب، ج٦ / ص ٨٦.

٦١٩ك دا مـردووه (كەمێـك پێـش ئێسـتا ناومـان هێنـا)[1].

لەوانـەی فەتوايـان دەدا: كەمالەددیـن سـەلار بـن ئەلحەسـەن بـن عومـەر بـن سـەعيد ئەلئەربلـی کـه لەسالّی٦٧٠ك دا مردووەو ئەلعيـاد ئەلحەنبەلـی لەباريـەوە دەڵـێ: «موفتيـی شـام بـووەو بەسـوود بـووە». شـەريف عيزەددينيـش لەبارەيـەوە دەڵـێ: «لەكاتـی ئـەودا فەتـوادان لەشـام لەسـەر ئـەو بـوو، لەوڵاتـی شـامێ كەسـی وەكـو ئـەو نەبـوو»[2].

لەقورئـان خوێنـان: ئەبولحەسـەن عەلـی بن عەبدولعەزيـز ئەلئەربلـی كـه يەكێـك لەقوتابيەكانـی ئەلئيمـام شـوعلە بـن محەمـەدی راڤـەكاری ئەلشـاتبيە كـه لەسـاڵی ٦٥٦ك دا مـردووە.

لەقازيـەكان: ئەحمـەد بـن محەمـەد بـن ئيبراهيـم بـن خەلـەكان كـه لەسـاڵی ٦٨١ك دا مـردووە. لەسـەر دەسـتی باوكـی و لەقوتابخانەكـەی ئەربـل زانسـتی ئايينيـی خوێنـدووەو دوای مردنـی باوكـی چووەتـە موسـڵ و لـەوێ لەوانەكانـی ئەلئيمـام كەمالەددیـن بـن يوسـف ئامادەبـووە، ئەوجـا گواسـتيتيەوە بـۆ حەلـەب و لـەلای شـێخ بەهائەددیـن ئەبيلمەحاسـن يوسـف ئيبـن شـەدداد ماوەتـەوەو لەسەردەسـتی ئـەو زانسـتی ئايينيـی خوێنـدووە. زانسـتی رێزمانيشـی (النحـو) لەسـەر دەسـتی ئەبيلبەقـا

٢- شذرات الذهب، ج ٥ / ص ٨٦.

٣- شذرات الذهب، ج٥ / ص ٣٣١.

یەعیــش بــن عەلـــی ئەلنەحـــوی وەرگرتـــووە، ئەوجـــا هاتۆتـە شـام و کاری لەسـەر ئیبـن سـەڵاح کـردووە. پاشـان چووەتـە قاهیـرەو بووەتـە جێگـر لەفەرمانڕەوایـی و دوایـی کراوەتـە قازیـی ئەلمەحەلـەو قازیـی شـام. لەدانراوەکانـی لەمێـژوودا «وەفیـات ئەلئەعیـان». ئەدیـب و شـاعیریش بـووە[1].

لەزمانناســەکان: ئەبــو عەبــدوڵا ئەلحوســەین بــن ئیبراهیــم ئەلهەزبانـــی ئەلئەربلیـــی ئـــەل لوغـــەوی کـــە لەســـاڵی ٦٥٦کـــدا مـــردووە. زمانەکـــەی دەزانـــی و پێـــی دەخوێنـدەوەو فەرموودەناسیش بـوو. پاشـای مـەزن عیسـا ئەلئەیووبـی خاوەنـــی دیمەشـــق فەرمانـــی بەئەلجەمـــال عەبـدوڵا بـن ئەلحافـز عەبدولغەنـی کردبـوو کـە مەسـنەدی ئیمـام ئەحمـەد بـن حەنبـەل لەسـەر بەشـەکانی فیقـە ڕێـک بخـا، ئەویـش پشـتی بەژمارەیـەک لەفەرموودەناسـەکان بەســتبوو، لەوانــەش ئەلحوســێن بــن ئیبراهیــم[2].

لەڕێزمـــان ناســـەکان (النحويين): شەمســـەددین بـــن ئەلخەبـــاز ئەلنەحـــوی کـــە ئەبوعەبـــدوڵا ئەحمـــەد بـــن ئەلحوســـێن بـــن ئەحمـــەد بـــن مەعالـــی ئەلئەربلیـــەو لەسـاڵی ٦٣٩ک دا مـردووە. لەئەربـل گـەورە بـووەو تێیـدا

١- طبقات الشافعية، ج٥ / ص١٤.
٢- شذرات الذهب، ج٥ / ص ٢٧٤. مراة الزمان، ج٨ / ص٦٤٣.

خوێندوویەتـی پاشـان چووەتـە موسـڵ و لـەوێ دانیشـتیە. دانــراوی لەئەدەبــدا هەیــە[1].

لەئەدیبـان: زانـا مەجدەددیـن ئەبوعەبـدوڵا محەمـەد بـن ئەحمـەد ئیبـن عومـەر ئەلئەربلـی ئەلحەنەفـی ئەلئەدیـب. لەسـاڵی ٦٠٢ک لەئەربـل لەدایکبـووەو گەورەبـووەو وانـە سـەرەتاییەکانی لەسەردەسـتی شـێخەکانی وەرگرتـووە پاشـان وانەکانـی لـەلای زانایانـی بەغـداو دیمەشـق تـەواو کـردووە –پاشـان لەوانەگوتنـەوە لەخوێندنگـەی ئەلقەیاریـە لەدیمەشق کاری کـردووە–و دیوانێکـی شـیعری هەیـەو هۆنراوەکانـی جوانـن لەگـەڵ بـەرزی و ئاییندارییەکـی تـەواو[2].

لەمێژوونووسـەکان: مێژوونووسـی ناسـراو ئیبـن خەلـەکان کـە پێشـتر لەکاتـی قسـەکردن لەسـەر قازیـەکان ناومـان هێنـا.

لەتـەک قوتابخانەکـەی موزەفەرەددیـن، کۆڕوکۆبوونـەوەی ئایینـی و ئەدەبیـش هەبـوون. کـۆڕو کۆبوونـەوە ئایینیـەکان موزەفەرەددیـن گرێـی دەدان، لەبـەر زاڵبوونـی پـەروەردە ئایینیەکـەی بەسـەریدا. ئیبـن خەلـەکان دەڵـێ موزەفەرەددیـن زۆر بـەلای خەڵکـی سـونەت و جەماعەتـی دەشکاندەوەو لەنـاو خـاوەن زانستەکاندا تەنیـا لەفوقەهـاو

---

١- شذرات الذهب، ج٥ / ص٢٠٥.

٢- شذرات الذهب، ج٥ / ص٣٥٩.

فەرموودەناسـەكانی خەرجدەكـرد. بێجگـە لەوانـە ناچـار نەبوايـە لەكەسـی ديكـەی خـەرج نەدەكـرد. هەروەهـا شاعيرەكانيشـی خـەڵات نەدەكـرد تەنيـا ئەگـەر خۆيـان بچووبانـا لای، ئەوكاتـە بەدەسـتی بەتـاڵ نەيدەگێڕانـەوە، هەركەسـێك داوايەكـی لێكردبـا»[1].

خۆشەويسـتترين زانسـتی ئايينـی لای موزەفەرەددیـن «فەرمـوودە» بـووە. خۆشەويسـتيی بـۆ فەرموودەكانـی پێغەمبـەر(د) لەگـەڵ خۆشويسـتنی پێغەمبـەر يەكيـان دەگرتـەوە، بۆيـە زۆر لەكۆڕەكانـی فەرموودەناسـان دادەنيشـت و گوێـی لێدەگرتـن. سـيبت ئيبـن ئەلجـۆزی دەڵـێ، موزەفەرەددیـن گوێـی لەهەمـوو مەسـنەدەكەی ئيمـام ئەحمـەد بـن حەنبـەل لەدەمـی فەرموودەگـۆ حەنبـەل بـن عەبـدوڵا بـن سـعادە ئەلمەكەبـەر گرتبـوو كـە لەسـاڵی ٦٠٤ك دا مـرد[2]. هـەر لەبـەر ئـەو سـۆزەی بـۆ فەرمـوودە لەموسـڵ قوتابخانەيەكـی دروسـتكرد بـۆ خوێندنـی[3]. هەرچەنـدە ناشـزانين بـۆ لـەو شـارەی دروسـتكردو لەئەربلـی دروست نەكـرد. خـوا دەزانـێ، بـەڵام لەوانەيـە لەبـەر ئەوەبـێ كـە پێـی وابـووە سـوودەكەی لەموسـڵ زۆرتـر دەبـێ، چونكـە لەئەربـل گەورەتـرەو موسـڵ فـراوان

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٦.
٢- الموصل في العهد الاتابكي، ل ١٥٤.
٣- وفيات الاعيان، ب ٣ / ل ٢٧٦.

و دانیشـتووانی زۆرتـر و پتـر خەڵـک سـەردانیان دەکـرد.

لەبـەر زۆر خۆشویسـتنی پێغەمبـەر، هەمـوو ساڵێک ئاهەنگـی بـۆ ڕۆژی لەدایکبوونـی دەگێـڕا، وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد. وارێککـەوت کـە ئەلخەتـاب عومـەر بـن ئەلحوسـێن بـن دەحیـە لەسـاڵی ٦٠٤، لەڕێـی خـۆی لەنەیسـاپوورەوە بـۆ خوراسـان، دێتـە نـاو ئەربـل و ئـەو ڕۆژەش ئاهەنگـی لەدایکبوونـی پێغەمبـەر بەگەرمـی بەڕێوەدەچـێ، گەورەیـی ئاهەنگەکـەو جوانیەکـەی سەرسـامی دەکا، بۆیـە چەنـد ڕۆژێـک لەشـارەکە دەمێنێتـەوەو کتێبێـک لەسـەر مەولـوودی پێغەمبـەر دادەنـێ بەنـاوی «ئەلتەنویـر فـی مەولیـد ئەلسـراج ئەلمونیـر» و پێشکەشـی موزەفەرەددینـی دەکاو بەخـۆی بـۆی دەخوێنێتـەوە. موزەفەرەددیـن زۆری پـێ خـۆش دەبـێ و هـەزار دینـاری لەبەرامبـەردا پـێ دەبەخشـێ و دیـاری و خەرجیەکـی زۆری دەداتـێ[1].

ئـەو کتێبـە دەبێتـە کاری موزەفەرەددیـن و زۆرجـار دەیخوێنێتـەوەو بەخـۆی بـۆ هـەر میوانێکـی گـەورەی هاتبایـە لای دەیخوێنـدەوە. ئیبـن خەلـەکان دەڵـێ ئـەو -واتـە ئیبـن خەلـەکان- لەشـەش کۆبوونـەوە لەمانگـی جەمـادی ئاخیـرەی سـاڵی ٦٢٦ک لەموزەفەرەددینـی گـوێ لێبـووە.

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ١٢٢.

ژیانــە تایبەتیەکـەی موزەفەرەددیـن، وەکو پێشـتر باسـمان کـرد، پتـر لەژیانــی سـۆفیەک نزیـک بـوو نــەک ژیانێکـی دیکـە، چونکـە زۆر لەگـەڵ سـۆفیەکان کۆدەبـۆوەو لەبۆنـە بوایـەو بـێ بۆنـەش، لەخانەقا بوایـە یـان لەقوتابخانەکەی کـە دروسـتی کردبـوو و لەکاتـی زیکرەکانیـان ئامـادە دەبـوو و بەشـداریی بازنــە زیکردنەکانیانــی دەکـردو وەکـو ئــەوان سـۆزی دەنوانـدو رشـتدەبوو و لەگەڵیـان هەڵدەچـوو.

هەروەهــا لەگــەڵ زانــاو ئاییــنـاس و هەمــوو ئەوانــەش دادەنیشــت کــە بەزانســتە ئایینیەکانــەوە خەریکبــوون. — لەســـەرەمی ئــەودا— لەئەربــل بژاردەیەکــی بــاش لــەو مەزنانــە هەبــوو، وەکــو: محەمــەد بــن ئیبراهیمــی باوکــی ئیبـن خەلەکانـی مێژوونـووس و عومـەر ئیبراهیمـی بـرای و ئەبیلفـەزڵ ئەحمـەد بـن موسـا بـن مەنعـەو ئەبـی ئەلخێـر بــەدەل ئەلتەبریــزی و ئەلحەســەن ئەلغەنــەوی و ئــەو شـەرەفەددینەی کـە بـە (ئەلحەکەمیـات)ەوە خەریـک بـوو.

ئەگەرچـــی ســیفەتی زاڵــی رۆشــنبیریی موزەفەرەددیــن رۆشـنبیریە ئایینیەکـەی بـوو، بـەڵام حەزیشـی لەزانسـتی مێـژوو هەبـوو و لێـی دەخوێنـدەوەو گوێـی لەوانـە دەگـرت کــە دەیانگێڕایــەوە. ئیبــن خەلــەکان دەڵــێ موزەفەرەددیــن «حـــەزی لەزانســـتی مێـــژوو بـــوو و کەمێکیشـــی لـــێ دەزانـــی»[1].

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٦.

ئـــەوەش مانـــای وایـــە کـــە موزەفەرەددیـــن بەشـــداریی هەندێـــک لـــەو کۆبوونـــەوە ئەدەبیانـــەی کـــردووە کـــە لەخانـــەی ئەدیبـــان و گەورەپیاوانـــی دەوڵـــەت لەلایـــەن ئەوانـــەی حەزیـــان لەئـــەدەب بـــووە دەبەســـترا.

لەتـــەک ئـــەو کۆڕوکۆبوونـــەوە ئاینیانـــەی کـــە موزەفەرەددیـــن لەگـــەڵ ئایینناســـاس و فەرموودەنـــاس و سـۆفیەکان دەیبەســتا، کـۆڕی ئەدەبیـش هەبـوو لەماڵـە دەوڵەمەنـدەکان و پیاوانـی دەوڵـەت، لەوانـەی کـە بڕێـک زانیاریـــی ئەدەبیـــان هەبـــوو، دەبەســـترا، بـــۆ نموونـــە: ئیبـــن ئەلمســـتەوفی، مەجدەددیـــن ئەســـعەد ئەلشـــەیبانی، ئەلحاجریـــی شـــاعیرو هیدیکـــە لەشـــاعیرو ئەدیبـــان.

ئیبـــن ئەلمســـتەوفی کـــە ئەبولبـــەرەکات ئەلموبـــارەک بـــن ئەبـــی ئەلفەتـــح ئەحمـــەدە، دوا وەزیـــری ئەربـــل بـــوو لەســـەردەمی موزەفەرەددیـــن و ئەدیبێکـــی گـــەورە بـــوو، حـــەزی لەئـــەدەب و شـــیعر بـــوو. فەرمـوودەنـــاس و ڕێزماننـــاس و کێشـــەکانی (عـــرووز) شـــیعری دەزانـــی. کـــۆڕی ئەدەبیـــی دەبەســـتاو ئەدیبـــان و شـــاعیران لێـــی کۆدەبوونـــەوە. ئیبـــن ئەلمســـتەوفی لەئەربـــل لەدایـــک بـــووەو هـــەر ئەوێـــش وڵاتەکـەی بـووە. لەناوەڕاسـتی مانگـی شـەوالی ساڵی ٥٦٤ک لەدایکبـووەو لەخانەوادەیەکـی گـەورە بـووە کـە ژمارەیـەک لەســـەرۆک و ئەدیبیـــان لـــێ هەڵکەوتـــووە. باوکـــی و مامـــی ســـەفیەددین ئەبولحەســـەن عەلـــی بـــن ئەلموبـــارەک پۆســـتی «ئیســـتیفا»ئیان لەئەربـل وەرگرتـووە. ئـەو مامـەی هـەردوو

زمانـــی عەرەبـــی و فارســیی دەزانـــی و کتێبـــی «نەســیحەت ئەلملــووک»ی حوجــەت ئەلئیســلام ئەلغەزالیــی کردۆتــە عەرەبـــی. غەزالـــی ئـــەو کتێبـــەی بەفارســـی دانابـــوو. ئیبــن ئەلموســتەوفی پۆســتی ئەلئیســتیفائی لەئەربــل تــا ساڵی ٦٢٨ک لەدەســتبووە پاشــان موزەفەرەددیــن دەیکاتــە وەزیــری خــۆی. ئیبــن خەلــەکان لێــی دەگێڕێتــەوەو دەڵــێ: «ســەرۆکێکی قەدرگــران بــوو، خــاکیــی بــوو، بەخشــندەبوو، هیــچ کەسێک لەپایەبــەرزەکان نەهاتۆتــە ئەربــل ســەردانی نەکردبــێ و ئــەوەی بــۆ نەبردبــێ کــە لێــی دەوەشــێتەوەو خــۆی لــێ نزیــک نەکردبێتــەوە، بەتایبەتیــش ئەدیبــەکان. ئەوانـــە بازاڕیـــان لای ئـــەو گەرمبـــوو. چاکـــەی هەبـــوو و ژمارەیـــەک هونـــەری دەزانـــی، لەوانـــە: فەرمـــوودەو زانســـتەکانی و نـــاوی پیاوەکانـــی و هەمـــوو ئەوانـــەی پەیوەندیـــان پێیـــەوە هەبـــووەو خـــۆی پێشـــەنگ بـــوو تێیـــدا. لەهونـــەرە ئەدەبیەکانـــدا شـــارەزابوو لەلایەنـــی ڕێزمـــان و زمـــان و کێشـــەکانی شـــیعرو ســـەرواو زانســـتی ئەلبەیـــان، شـــیعرەکانی عارەبـــان و هـــەواڵ و ڕۆژ و ڕووداوەکان و هۆکارەکانیـــان. زۆر زانابـــوو لەزانســـتی دیـــوان و ژمێریـــاری و توندگرتنـــی یاســـاکانی لەســـەر ئـــەو بارانـــەی لـــەلای گرنـــگ بـــوون».[1]

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ٢٩٤.

ئیبن ئەلمستەوفی مێژوویێکی لەسەر ئەربل لەچوار بەرگدا کۆکردۆتەوە کە ئیبن خەلەکان لەو هەواڵانەی لەکتێبەکەیدا «وفیات الاعیان» هێناوینەتەوە پشتی پێ بەستوون[1].
کتێبەکەی ئیبن ئەلمستەوفی بەمانا گشتیەکەی مێژوو نیە بەڵکو کتێبی گێڕانەوەیە (تراجم)، لەگەڵ ئەوەشدا بزربووە.

(دیارە هەر چوار بەرگە کەی مێژوو و نووسوینەکانی ابن المستوفی دۆزراونەتەوە وە لە ژێر ناوی تاریخ اربل – چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە، وە لە کوردستانیش دەست دەکەوێت، بۆ ساڵانێکی زۆر وونکرابوو بەڵام خۆشبەختانە ئەو گەنجینە گەورەیە لە ئینگلیستانەوە دۆزرایەوە و لە کوردستانیش بە زمانی عەرەبی چاپکرایەوە – وەرگێڕ).

ئیبن ئەلمستەوفی کۆڕە زانستیەکانی دەبەستاو لەدەورەیدا ئەو شێخانە هەبوون کە دەهاتنە ئەربل و بەخۆی بۆی دەخوێندنەوە. زۆرجار ئیبن خەلەکان لەکۆڕەکانی دانیشتووەو گوێی لێگرتووە کە هێشتا منداڵ بووە.[2]

ئیبن ئەلمستەوفی شاعیریش بووەو دیوانە شیعرێکی باشی هەیە. لەشیعرەکانی ئەو دوو دێڕەی کە تێیاندا سپیی پێ لەئەسمەر باشترە:

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٩٤.
٢- وفيات الاعيان، ب٣ / ل٢٩٤.

لا تخدعنک سمره غراره     ما الحسن الا للبياض وجنسه
فالرمح يقتل بعضه من غيره     والسيف يقتل كله من نفسه(١)

**بەئەسمەران هەلمەخەڵەتێ، ئەگەر جوانیەک هەبێ ئەوا هەر هی سپیە رەگەزانە. ئەوەتا تیر بەهەندێکی دەتکوژێ، بەڵام شیر بەهەمووی دەتکوژێ.**

**جارێک کە ئیبن ئەلمستەوفی بەشەو دەگەڕێتەوە ماڵەکەی، یەکێک دەستدرێژیی دەکاتە سەرو بەچەقۆ دەیەوێ لەسەر دڵی بدا، ئیبن ئەلمستەوفیش قۆڵی دەداتە بەرێ و بریندار دەبێ. سەرتاشێک دێنێ بۆی بدوورێتەوەو مەرهەمی لێدەداو دەیبەستێتەوە بۆی. ئەوجا ئەو شیعرە بۆ موزەفەرەددین دەنووسێ و بۆی دەنێرێ:**

يا ايها الملک سطواته     من فعلها يتعجب المريخ
ايات جودک محكم تنزيلها     لا ناسخ فيها ولا منسوخ
اشكو اليک وما بليت بمثلها     شنعاء ذكر حديثها تاريخ
هی ليلة ولدت فيها وشاهدي     فيما ادعيت القمط والتمريخ(٢)

**واتە: ئەی ئەو پاشایەی کە مەریخ سەری لەکردەوەکانی دەسوڕمێ و چاکەکانی زۆر جوانن، کە کەس ناتوانێ وەکو ئەوان بکا. گلەیی خۆمت بۆ دەنێرم**

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٩٤.
٢- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٩٤

**کـە ڕووداوێکـی ترسـناکە وەکـو شـەوی لەدایکبوونمـە کـە دەبینـی قۆنـداغ کـراوم.**

**کاتێکیـش کـە ئەلشـەرەف عەبدولڕەحمـان بـن ئەبـی ئەلحەسـەن بـن عیسـا ئەلبەوازیجیـی شـاعیر لەسـاڵی ٦٢٨ک دا دێتـە ئەربـل، کـە لـەو کات ئیبـن ئەلمسـتەوفی وەزیـر دەبـێ و بەدەسـتی یەکێـک لەبەردەستەکانی کـە نـاوی ئەلکەمـال بـن ئەلسـەعار ئەلموسـڵی بـووە دینارێکـی بـۆ دەنێـرێ کـە پارچەیەکـی لێکراوەتـەوەو ئەلکەمـال دەچێتـە لای شـاعیرو پێـی دەڵـێ: گـەورەم (واتـە ئیبـن ئەلمستەوفی) سـەلام لێـدەکاو دەڵـێ: ئێسـتا بـا ئەوەنـدە خـەرج بـکا تـا شـتێکی بـۆ ئامـادە دەکـەم کـە بـۆی بـاش بـێ. شـاعیریش وای بۆدەچـێ کـە ئەلکەمـال بەخـۆی پارچەیەکـی لەدینارەکـە کردۆتـەوەو ئیبـن ئەلمسـتەوفی بەسـاغی بـۆی نـاردووەو دەیـەوێ ئـەوە لەئیبـن ئەلمستەوفی خۆیـەوە بزانـێ و بـۆی دەنووسـێ:**

یا ايها الوزير ومن به      في الجود حقا تضرب الامثال
ارسلت بدر التم عند كماله      حسنا فوافى العبد وهو هلال
ما غاله النقصان الا انه      بلغ الكمال، كذلك الاجال

**واتـە: ئـەی وەزیـری پایەبـەرز تـۆ لەدەسـتودڵفراوانی نموونـەت نیـە، بـەڵام مانگـی تابانـی تـەواوت نـاردووەو بەردەسـتەکەت کردوویەتیـە مانگـی سـەرەتا (هیـلال). بۆیـە**

**ئـــەوەی لێکراوەتـــەوەو کەمبۆتـــەوە چونکـــە گەیشـــتۆتە پلـــەی تـــەواوی، وەکـــو چـــۆن مـــەرگ دەگاتـــە ســـەرمان لەگەورەییـــدا.**

**ئیبـن ئەلمسـتەوفی بـەو واتـاو ڕێکخسـتنە سەرسـام دەبـێ بۆیـە خەڵاتـی دەکا[1].**

**ماڵـــی ئیبـــن ئەلمســـتەوفی وەکـــو ســـالۆنە ئەدەبیەکانـــی ئـــەوڕۆی خۆمـــان بـــووە، زانـــاو ئەدیـــب و شـــاعیرانی تێـــدا کۆدەبوونـــەوەو شەڕەشـــیعریان دەکـــرد. وا ڕێکدەکـــەوێ مەجدەددیـــن ئەســـعەد بـــن ئیبراهیمـــی ســـەرۆکی دیوانـــی نامەنووسـینی موزەفەرەددیـن سـەبەتەیەک دەکاتـە دیـاری بـۆ ئیبـن ئەلمسـتەوفی کـە سێوی لاسـوور و سـەفەرجەلی تێدابـووەو بەدەسـتی مێرمنداڵێکـی جوانـی ڕەوانـە دەکا. لـــەو کاتـــەدا کۆمەڵـــە شـــاعیرێک لـــەلای ئیبـــن مســـتەوفی دەبـــن، لەوانـــە: عیســـا بـــن ســـینجەری ئەلحاجـــری و هەریەکـە لەوانـە شـیعرێکی پێـدا هەڵدەڵێـن، ئەلحاجریـش دەڵـــێ:**

| | |
|---|---|
| اهدى لنا المجد تفاحا واحمره | من خد من حمل التفاح مسترق |
| وللسفرجل من اعلاه رائحه | يضوع منها لمهديه ثنى عبق |
| فظلت اعجب من حالين كيف حوى | وصف الغلام ووصف السيد الطبق |

١- وفيات الاعيان، ب ١ / ل ١١٢.

مەجــد ســێوێکی لاســووری کردەدیــاری کــە لەکوڵمــی هەڵگرەکـەی رەنگـی گرتبـوو. سـەفەرجەلیش بۆنەکـەی لـەو کەسـەوە وەرگرتبـوو کـە کردیـە دیـاری. سـەیر لەوەدایـە چـۆن ئـەو سـەبەتە سـیفەتەکانی مێرمنـداڵ و گەورەکـەی لەخـۆ گرتـووە.[1]

هـەر شـاعیرێک ئیبـن مسـتەوفیی بناسیبایە تەنیـا بەشیعر دەیدووانــد، لەوانــە: عەلائەددیــن بــن ســاڵح ئەلئەربلــی حاجبی موزەفەرەددیـن، بـۆ عەلـی بـن عوسمانی سولەیمانی ئەربلیـی شـاعیر دەنووسـێ کـە لەدیمەشـق بـووە بـۆ ئـەوەی ببێتـە سەرپەرشـتیاری بیمارسـتانی ئەربـل. ئەویـش رەتـی دەکاتـەوەو بـۆ ئیبـن مسـتەوفی دەنووسـێ و دەڵـێ:

| | |
|---|---|
| یا ایها المولی الوزیر | ذو الرعایه والعنایة |
| ان العلاء اضلني | بالقول عن گریق الهدایة |
| لالی لمارستانکم | واقوم فیه بالکفایة |
| وانی لمحتاج الیه | متی اجبت الی الولایة |

ئـەی وەزیـری خـاوەن چاودێـری و بایەخـدان. عـەلا لەڕێـی راسـت هەڵیخەڵەتانـدم بـۆ ئـەوەی ببمـە سەرپەرشـتیاری بیمارسـتانەکەتان. بـەڵام مـن کاتێـک پێویسـتم پێـی دەبـێ کـە دێمـە وڵاتـەک[2].

١- ذیل نراة الزمان، ج١ / ص ١١٢.
٢- ذیل مراة الزمان، ج٢ / ص ٤٨١.

مەجدەددیـــن ئەســـعەدبن ئیبراهیـــم بـــن حەســـەن بـــن عەلـــی ئەلشـــەیبانی ئەلنەشـــابی ئەلئەربلـــی لەگـــەورە فەرمانبەرانـــی حکوومەتـــی موزەفەرەددیـــن بـــوو و لەجیاتـــی ئـــەو نامەکانـــی دەنووســـی و مەجدەددیـــن ئەدیـــب و شـــاعیریش بـــوو.

مەجدەددیـــن لەمانگـــی ســـەفەری ســـاڵی ٥٨٢ک لەئەربـــل لەدایکبـــووەو ســـەرەتا لەپیشەســـازیی تیروکـــەوان دروســـتکردن کاری کـــردووە. کـــە گـــەورە بـــووە لەئەربلـــەوە گەشـــتی کـــردووەو لەوڵاتانـــی جەزیـــرەی فـــورات و ئەلشـــامیە گـــەڕاوەو پاشـــان هاتۆتـــەوە ئەربـــل و کاری نووســـینی نامەکانـــی موزەفەرەددینـــی لەنزیـــک ســـاڵ ٦١٥ک گرتۆتـــە ئەســـتۆ. هـــەر لـــەو پۆســـتەی ماوەتـــەوە تـــا مانگـــی رەمەزانـــی ســـاڵی ٦٢٩ک ئەوجـــا موزەفەرەددیـــن دەیگـــرێ و دەیخاتـــە بەندیخانـــەوە.

مەجدەددیـــن هێرشـــی تونـــدی دەکـــردە ســـەر فەرمانبەرەکانـــی حکوومەتـــی موزەفەرەددیـــن و جوێنـــی ناشـــیرین و تونـــدی پێـــدەدان. سەرپەرشـــتیاری دیوانیـــش دیانێـــک دەبـــێ بەنـــاوی یەعقـــووب کـــە موزەفەرەددیـــن بەهـــەر هۆیـــەک بـــێ ئەویـــش دەگـــرێ و دیانێکـــی دیکـــەی لەجـــێ دادەمەزرێنـــێ کـــە نـــاوی ئەلموختـــەس دەبـــێ. ســـەیرە کـــە موزەفەرەددیـــن دیانێـــک لەســـەر دیوانەکـــەی دادەنـــێ، ئـــەوە دەبـــێ هـــەر لەبـــەر لێبووردەیـــی و دووریـــی بووبـــێ لەدەمارگیریـــی ئایینـــی.

**هەرچۆنێک بێ، کە موزەفەرەددین یەعقووبی دیان دەگرێ و ئەلموختەسی لەجێ دادەنێتەوە، مەجدەددین بەو شیعرە هەردوو یەعقووب و ئەلموختەس دەشواتەوەو دەڵێ:**

فرحنا بيعقوب اللعين وحبسه    وقلنا اتانا ما يطيب به القلب
فلما ولى المختص فالشر واحد    اذا ما مضى كلب اتى كلب

**واتە: دڵمان خۆشبوو بەگرتنی یەعقووبی نەفرەتی و گوتمان لەو باشترمان بۆ دێ، بەڵام کە ئەلموختەس جێی گرتەوە، هەمان شەڕ هاتەوە، با هەر سەگێک بڕوا، سەگێکی دیکە جێی بگرێتەوە[1].**

**لەبۆنەی دیکەدا داشۆرینە توندەکانی سەر فەرمانبەرەکان لەشوێنی خۆیاندا باس دەکەین.**

**ئەلیونینی[2]دەڵێ، موزەفەرەددین لەگەشتەکەی بۆ بەغدا لەساڵی ٦٢٩ک[3]دا مەجدەددینی لەگەڵ خۆی بردبوو. کە موزەفەرەددین لەگەڵ مەجدەددین دەچنە لای خەلیفە ئەلموستەنسیر بیللا، مەجد دەچێتە بەردەستی خەلیفەو بەو جۆرە سەلامی لێدەکا:**

١- ذيل مراة الزمان، ج١ / ص ١١٧.
٢- ذيل مراة الزمان، ج١ / ص ١١٧.
٣- ذيل مراة الزمان، ج١ / ص ١١٧.

جلاله هيبه هذا المقام تحير عالم علم الكلام
كان المناجى به قائما يناجى النبى عليه السلام

**لەئاست بەرزی ئەو پایەیە زانایانی گوفتار سەریان سوڕماوە، ئەوەی کە هاواری بۆ دەبا دەڵێی هاوار بۆ پێغەمبەر دەبا دروودی خوای لەسەربێ.**

**ئەوجا بەدارشتنیش دەڵێ: «ئەگەر پەردەکە لادەین دەبینین فریشتەکان لەدەوروپشتتن و جوبرائیل خەریکی خوێندنەوەی سرووشە نێردراوەکەیە بۆ سەر کوڕەمامی پێغەمبەر و دەڵێ ئەوە باشترین و بەرزترین خەلیفەیە و سەڵات و سەلامیش هەر بۆ پایەبەرز و باشترینە».**

ولو جمع الائمه فى مكان وانت به لكنت لهم اماما

**واتە: ئەگەر هەموو ئیمامەکان لەشوێنێک کۆببنەوە تۆ دەبیە ئیمامی هەمووان.**

**«خودای مەزن ئەو دەوڵەتەپیرۆزە سەردەخاو دوژمنەکان دەکشێنێتەوە بۆ کولانەکەی خۆیان». بەڵام ئیبن شاکر ئەلکوتوبی دەڵێ مەجدەددین بەوجۆرە سەلامی لەخەلیفە کردووە کاتێک کە موزەفەرەددین وەکو شاندێک ناردوویەتیە لای، بەڵام ئەلکوتوبی مێژووی ئەو ناردنە و هۆیەکەی باس نەکردووە[1].**

١- فوات الوفيات، ب١ / ل ١٧.

بەگشتی، لەسەردەمی موزەفەرەددیندا بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی ئایینی و ئەدەبی هەبوو. ناتوانین بڵێین بزووتنەوەیەکی فراوان بووە، بەڵام هەرچۆنێک بێ گەیشتبووە گوێی ئەوانەی لەوڵاتانی دراوسێدابوون و خەڵکەکەی پێی سەرسام ببوون. هەروەها سەربردەی موزەفەرەددین خۆی و خۆشەویستیەکەی بۆ زانایان جێی سەرسامیان بووە. پێشتر گوتمان کە موزەفەرەددین لەگەڵ عەلائەددین قەراسەنقەری خاوەنی مەراغە رێککەوت کە دەست بەسەر وڵاتی ئەبی بەکری کوڕی پەهلەواندا بگرن، ئایتغمەشی بەندەی ئەبی بەکر گلەیی لەموزەفەرەددین دەکاو نامەیەکی بۆ دەنێرێ و تێیدا دەڵێ: «ئێمە گوێمان لێدەبوو کە تۆ خەڵکی زاناو خێرکەرت خۆشدەوێن و چاکەیان لەگەڵدا دەکەی، بۆیە چاوەڕێی خێرو ئایینداری بووین لێت..». ئەوەش بەڵگەیە کە موزەفەرەددین ناوبانگێکی باشی هەبووە کە وای لەزۆر کەسان کردووە روو بکەنە ئەربل و لێی دانیشن، چ بەبەردەوامی یان بۆ ماوەیەکی کاتی. لەو زانایانەی کە بۆ ماوەیەکی کاتی لەئەربل دانیشتوون، ئیبن سوڕاقەی ئەلشاتبی[1]. ئیبن سوڕاقە لەشاری شاتیبەی وڵاتە ئەندەلوس لەدایک بووەو لەوێوە چووەتە شاری حەلەب و مەشیەخەی دارولحەدیسی

١- هو ابو بكر محي الدين بن محمد بن ابن االحسين

ئەلبەهائیەی وەرگرتووە. پاشان لەوێش چووەتە میسرو دارولحەدیسی ئەلکاملیەی وەرگرتووە. لەساڵی ٦٣٦ک یان پێشتر چووەتە بەغدا بۆ خوێندنی فەرموودەو لەکاتی گەڕانەوەی لەساڵی ٦٢٦ک دێتە ئەربل و ماوەیەک تێیدا دادەنیشێ. لەو ماوەیەدا لەسەر دەستی فەرموودەناس ئەبی ئەلخێر بەدەل ئەلتەبریزی دەخوێنێ. یونینیی مێژوونووس لێی دەگێڕێتەوەو دەڵێ یەکێک بووە لەئیمامە بەناوبانگەکان بەفرەچاکەو زۆری زانست و پایەبەرزی و بەگزادەیی. رەفتاری باش و خۆبەزلزان نەبووەو نەرمونیان و رووخۆش بووە، سەرباری ئەوەی شاعیریش بوو[1].

لەوانەش کە بەردەوام لەئەربل تا مردن دانیشتوون، ئەبو حەفسی[2] قازیی خەڵات. ئەبو حەفس ئاییناسێکی شافعی و زانایەکی ئوسووڵی و وتارخوێن و شاعیریش بوو. لەوتار و زیکرکردندا قسەی خۆش بووەو دانراوی لەزانستی ئوسوڵ هەیە. یەکێک بووە لەقازیە باش و قسەخۆشەکان. داوێن پاک و ئایین راگر بووە. لەشیعرەکانی:

وقفت وربع العامرية داثر　　ودمعي ووجدى سابق متواتر
وقفت وذكراها تجدد لوعتي　　وابكي كما تبكي الغوادي البواكر

---

١- ذيل مراة الزمان، ج٢ / ص ٣٠٤.
٢- هو اسحاق بن هبة الله بن صديق بن محمود بن صالح.

وەستاوم کە بینیم شوێنەکە داپۆشراوەو نەماوە، بۆیە گریانم دەهات فرمێسکم دەباراند. منیش کە راوەستام بیرمکردو دڵم بۆی لێیدا. وەکو هەوری زوو لەبەرەبەیان بکاتە باران، ئەوها دەگریام و فرمێسکم دەڕشت.

ئەلیونینی زۆر دێڕی لەو چامەیەی هێناوەتەوە[1].

موزەفەرەددین چاکەو کارە خێرخوازیەکانی هەر تەنیا بۆ ئەربل نەبووە بەڵکو گەیشتبووە موسڵ و دیمەشقیش. لەموسڵ پێشتر گوتمان خانەیەکی بۆ وتنەوەی وانەکانی زانستی فەرمووده دروستکردبوو بۆ ئەوەی زۆرترین کەس لەو قوتابی و شێخانەی دەیانەوێ ئەو زانستە بخوێنن سوودی لێ وەرگرن. ئەو خانەیە بەناوی «خانەی موزەفەرەددین بۆ فەرموودە» ناوبانگی دەرکرد کە لەسەر ناوی ئەو موزەفەرەددینەی کە دایمەزراندووە.

لەدیمەشقیش، -لەساڵی ٥٨٩ك- زانیبووی کە پیاوێک هەیە ناوی ئەبوداود مەحاسنەو دەستی کردووە بەدروستکردنی مزگەفتێک لەقەدپاڵی چیای قاسییوون لەسەر خەرجی خۆی، بەڵام کە دیوارەکانی گەیشتوونەتە بەرزیەک بەقەد باڵای مرۆڤێک، پارەی لێبڕاوەو لەدروستکردنی راوەستاوە. کە ئەوە دەگاتەوە موزەفەرەددین، پارە بۆ شێخ ئەبی عومەر شێخی خوێندنگەی ئەلفارسیە - کە خۆی سەرپەرشتی

١- ذيل مراة الزمان، ب٢ / ل ٤٠١.

دروستكردنەكەی دەكرد- دەنێرێ بۆ تەواوكردنی و ئەویش تەواوی دەكا. پاشان موزەفەرەددین دەیەوێ ئاو بۆ مزگەفتەكە لەشوێنێک راكێشێ كە پێی دەگوترێ «بەرزە» بۆ ئەوەی موسڵمانان بەئاسانی دەستنوێژی پێ بشۆن و خۆیان پاككەنەوە، هەزار دینار بۆ ئەبی عومەر بۆ ئەو مەبەستە دەنێرێ، بەڵام پاشای مەزن عیسای ئەیووبی -پاشای دیمەشق- رێ لەپرۆژەكە دەگرێ چونكە جێبەجێكردنی دەبێتە هۆی هەڵدانەوەی گۆڕی موسڵمانان لەبەر ئەوەی ئەو رێیەی كە بۆڕیە ئاوەكانی پێدا دەڕوا هەمووی گۆڕە. پاشای مەزن پێشنیاز دەكا كە شێخ ئەبو عومەر هێسترێک بكڕێ و یەكێكی لەسەر دانێ ئاوی پێ بگوازنەوە بۆ مزگەفتەكە و پاشان بەو پارەیەی دەیدرێتێ شوێنێک بكڕێ بۆ هێستر و كەسەكە بۆ خەرجكردن لێیان، بەوە زیان بەهیچ موسڵمانێک ناگەیەنێ. شێخ بەپێشنیازەكەی پاشای مەزن دەكا. موزەفەرەددین زۆر وەقفی بۆ مزگەفتەكە دانابوو بۆ خەرجكردن لەچاكردنەوەو ئەو مامۆستاو قوتابیانەشی لەوێ دەیانخوێند بۆ پێداویستیەكانی دیكەی خزمەتكردنی مزگەفتەكە(1). مزگەفتەكە ناوی موزەفەرەددینی لێدەنرێ و لەدیمەشق بەناوی «مزگەفتی موزەفەرەددین» دەناسرێ.(2)

* * *

---

١- مراة الزمان، ب٨ / ل ٥١٠.

٢- البداية والنهاية، ب ١٣ / ل ١٣٧.

**بــەڵام هەرچەنـــدە موزەفەرەددیـــن زۆر خزمەتـــی وڵات و خەڵکەکـــەی کـــرد، پیاوخـــراپ هـــەر هەبـــوو کـــە زۆر بەناشـیرینی جوێنـی پێبـدا، ئەویـش یاقـووت ئەلحەمـەوی خاوەنـی کتێبـی (معجـم البلـدان) کـە پێشـتر سەرسـامیی خـۆی نیشـاندابوو بـەو چاکسـازیە گەورانـەی کـە لەئەربـل کردبـــووی[1].**

**لەگـــەڵ ئـــەو سەرسامیەشـــیدا بـــەوە وەســـفی دەکا: «سرووشـتی ئـەو میـرە جیـاواز و دژبەیەکـە، زۆر سـتەم دەکاو تونـدە لەگـەڵ گەلەکـەی، حـەز دەکا پـارە بەناحەقـی وەربگـرێ. لەگـەڵ ئەوەشدا چاکـەی لەسـەر هـەژاران هەیـەو زۆر سـەدەقەی لایـدان (غەریبـان) دەکا، ئـەو پـارە زۆرەی دێتـە دەستی، دیلـە موسڵمانەکانی پـێ رزگار دەکا لەدەست کافـرەکان (خاچپەرسـتەکان). لـەوەدا شـاعیر دەڵـێ:**

کساعية للخير من كسب فرجها لها الويل لا تزني ولا تتصدق

**وەکـــو ئـــەو کەســـەی کـــە ئـــەوەی بەناوگـــەڵ دەســـتی دەکـەوێ دەیکاتـە خێـر. نـە ئـەو ناپاکیـە بکـەو نـە ئـەو سـەدەقەیەش[2]. ئیبـن واصـل لەکتێبـی «مفـرج الکـروب» لەیاقـــووت دەگێڕێتـــەوە کـــە موزەفەرەددیـــن بریـنـــدار**

---

١- انظر ما سبق، ص ٢١٧.

٢- معجم البلدان، مادة اربل.

دەکاو دەڵــێ: «موزەفەرەددیــن پاشــایەکی بــەرزو ئــازاو بوێربـوو. زۆر بەجـەرگ و توندبـوو، بـەڵام ستەمی هەبـوو لەئەسـتاندنی سـامان، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەدەقەو چاکـەی زۆر بـــوون».[1]

زۆر ســـەیرە کـــە یاقـــووت و ئیبـــن واســـڵ بەســـتەم ســـتاندنی ســـامان بەتوندوتیـــژی وەســـف دەکـــەن. ئـــەوە لەبیردەکـــەن کـــە مەبەســـتی موزەفەرەددیـــن و هۆکارەکـــەی چبـــووە، بەتایبەتیـــش کـــە ئـــەوان لەســـەردەمێکدا ژیـــاون کـــە دەســـت بەســـەرداگرتنی حوکمگێـــڕان بەســـەر چینێکـــی تایبەتیـــی خەڵـــک بـــاو بـــووە وەکـــو سزایەکی قانوونـــی بـــۆ ئەوانـــەی مستەحەقی ئـــەو سزایەن. لـــەوەش ســـەیرتر هـــەر بەخۆیـــان تۆمەتەکانیـــان بـــۆ موزەفەرەددیـــن رەتکردۆتـــەوە، هەرچەنـــدە بەســـتەمکارو ســـتاندنی ماڵوســـامان لەخەڵـــک بەهێـــز وەســـفی دەکـــەن، چۆنیەتـــی خەرجکردنیشـــی بـــاس دەکـــەن کـــە لەڕێـــی چاکـــەو خێرەوەیـــە. ئـــەوەش مانـــای وایـــە کـــە موزەفەرەددیـــن بـــۆ خـــۆی دەســـتی بەســـەر سامانی خەڵکدا نەگرتـــووەو لەگەنجینەکانـــی خـــۆی نەیشـــاردۆتەوەو لەرابواردنـــی خـــۆی خەرجـــی نەکـــردووە، بەڵکـــو –وەکـــو خۆیـــان دەڵێـــن– لەڕێـــی خێـــرو چاکـــەدا خەرجـــی دەکـــرد. بـــۆ هـــەژارو دەســـتکورت و کڕینـــەوەی دیلـــە موســـڵمانەکان لەخاچپەرســـتەکانی خـــەرج دەکـــرد.

١- مفرج الكروب، ج٢ / لوحة ٢٨٩ (مخطوط).

ئەگەر بزانین موزەفەرەددین دەستی بەسەر پارەی چ جۆرە کەسێکدا دەگرت، ئەوکاتە دەزانین هۆکاری دەست بەسەرداگرتنەکە چبووە. پارەی ئەو کەسانەی دەست بەسەردا دەگرت کە لەو فەرمانبەرانەبوون کە لەڕێگەی بەرتیل و دزی و دەستدرێژی بۆ سەر بێهێزان خۆیان دەوڵەمەند کردبوو. لەوانەیە پارەی بازرگانە چاوبرسیەکانیشی دەست بەسەردا گرتبێ، ئەوانەی کە پێویستیەکانی گەلەکەیان دەقۆزتەوە لەخواردن و جلوبەرگ و گوزەران و ژیانی خەڵکیان زەحمەتتر دەکرد. موزەفەرەددینماڵوسامانی ئەو جۆرە کەسانەی دەست بەسەردا دەگرت و دەیگەڕاندەوە بۆ گەل. واتە مافە خوراوەکەی گەلی دەگەڕاندەوە.

خودا وای بۆ موزەفەرەددین رەخساند کە کەسێکی هاوسەردەمی خۆی بۆ بنێرێ کە لەحیکمەتی ئەو دەست بەسەرداگرتنەی گەیشتبوو، مەبەستیشم سیبت ئیبن ئەلجۆزی مێژوونووسی هاوسەردەمی موزەفەرەددینە. ئەو مێژوونووسە لەواتای دەست بەسەرداگرتنی ماڵوسامانی هەندێک کەسی لەلایەن موزەفەرەددینەوە گەیشتبوو، بگرە ئەو کەسانەشی دەستنیشان کردووە کە سامانیان دەستی بەسەردا دەگیرا، دوای ئەوەی باسی خەرجیەکانی موزەفەرەددین دەکا وەکو خێروچاکە، دەڵێ: «گوتم: لەگەڵ ئەو هەموو مەولوود خوێندنانەش، لەقسەی خەڵک دەربازی نابێ و دەڵێن: ئەوە دەست

**بەسەر دیوان و نووسینگەکان و نووسەرەکانەوە (واتە فەرمانبەر و کرێکارەکانی) دا دەگرێ و ریشەکێشیان دەکا، لەوانەیە بەو تاوانانەیانی (ناپاکیەکانیانی) زانیبێ، بۆیە وای بینیوە کە ماڵ لێسەندنیان و دابەشکردنی لەڕێی چاکەدا باشترە. شتی دیکەشیان باسکردووە. کێ هەیە لەزمانی خەڵک رزگاری بێ؟ خوایە لێمان خۆشبە»[1].**

**ئەلیونینیی مێژوونووس هەندێک زانیاریمان لەسەر رەفتارە خراپەکانی فەرمانبەران و بەکارهێنانی دەسەڵات لەسەر زمانی مەجدەددین ئەسعەد بن ئیبراهیمی نووسەری دیوانی نووسینی موزەفەرەددینەوە بۆ دەگێڕێتەوەو دەیانژمێرێ:**

| | |
|---|---|
| قد قسمنا الديوان خمسه اقسا | م عليها لكل قول دليل |
| رب حق فلا يطاع ومنسو | ب الى الظلم قوله مقبول |
| پم شخص كانه الحرف فى النح | و فلا فاعل ولا مفعول |
| ومصر على التحيف والظلم | بعيد عن الصواب جهول |
| واخو حاجه يمشى احوا | لا لديه ان جاءه البرطيل |
| اتراهم لم يعلموا ان كلا | منهم عن افعاله مسئول |

١- مراة الزمان، ب٨ / ل ٦٨٣.

**دیوانمـــان کـــرده پێنـــج بـــەش، هـــەر بەشـــەو قســـەی بەبەڵگـەی لەسـەرە. لەوانەیـە ڕێـزی حـەق نەگیـرێ بـەڵام سـتەم قبـووڵ دەکـرێ. کابـرا دانیشـتووە هیـچ نـاکاو مکوڕە لەسـەر سـتەم و دووربـوون لەراسـتی. کـە یەکێکیـش کارێکـی بکەوێتـە لای، داوای بەرتیلـی لێدەکا. دەبـێ ئەوانـە نەزانـن کـە هەرکەسـەو لەکارەکـەی بەرپرسـە[1].**

**وەزیـــری ئەربـــل فەرمانبەرانـــی دیـــوان دەخاتـــە بەندیخانـــەوە چونکـــە دەســـتکاری ژمێریاریـــی دەوڵەتیـــان کردبـوو. مەجدەددینیـش بـەو شـێوەیە قسـەیان پـێ دەڵـێ:**

جماعة الديوان في    ليلة شحط مظلمة
وقد غدت ايدى الوز    ير منهم منتقمة
لا رحم الله الذى    يرحم قوما ظلمة

**واتـە: کۆمەڵـی دیـوان لەشـەوێکی تاریکـدا، دەسـتی تۆڵـەی وەزیریـان گەیشـتێ، خـوا بەزەیـی بەوانـە نەیەتـەوە کـە سـتەم دەکـەن.**

**هەروەها دەڵێ:**

جماعة ديواننا اصبحوا    وهم في العذاب لسوء الحساب
فان يرجو الوزير الثواب    فقتلهم من جزيل الثواب

---

١- ذيل مراة الزمان، ب١ / ل ١١٦.

واتــە: کۆمەڵــەی دیوانەکەمــان کەوتنــە ئەشــکەنجەوە لەبــەر خراپــی ژمێریەکەیــان. ئەگــەر وەزیــر پاداشــتی لەخــوا دەویٚ ئــەوا کوشــتنیان پاداشــتە[1].

ئــەو مەجدەددینــە، هەرچەنــدە خــۆی قســە بەفەرمانبــەرەکان دەڵــیٚ و خراپەکانیــان هەڵدەماڵــیٚ، ئــەو بەخۆشــی ســەربردەکی خراپــی هەبــووەو دیــارە وەکــو فەرمانبەرکانــی دیکــە دەســەڵاتی خــۆی بــەکار دەهێنــاوەو مامەڵــەی لەگــەڵ خەڵــک خــراپ بــووەو ئــەو خەڵکانــەی دەیانناســی زۆر بەتونــدی جوێنیــان پێــدەدا تــا وایــان لەموزەفەرەددیــن کــرد بیگــریٚ و لەقەڵاتێکــدا بەنــدی بــکا. ئەلیونینیــی مێژوونــووس لەســەر مەجدەددیــن دەڵــیٚ: «مەجدەددیــن یەکێــک بــوو لەســەرۆک و پیاوەگــەورە دیــارەکان، بــەڵام مامەڵــەی لەگــەڵ خەڵکــی شــارەکەو ناســیارەکانی خــراپ بــوو. خەڵکــی خۆشنەدەویســت و خــۆی بەگەورەتــر دەزانــی لــەوان، بۆیــە پتــر لەکەســێک قســەی ناشــیرینی وای پێگوتــووە کــە نەمانویســت لێــرەدا نــاوی بێنیــن»[2].

١- ذيل مراة الزمان، ب١ / ل ١١٧.
٢- ذيل مراة الزمان، ب١ / ل ١١٧.

# بەشی هەشتەم

# مردنی سوڵتان موزەفەرەددین گۆگبۆرو

موزەفەرەددین ماوەی نیو سەدە لەسەر فەرمانڕەوایی ئەربل مایەوە تا تەمەنی لەهەشتا ساڵ تێپەڕی، کە تێیدا خزمەتێکی زۆر باشی ئیمارەت و گەلەکەی کرد. لەکاتی فەرمانڕەواییەکەیدا نموونەی فەرمانڕەوای چاکسازو رووناکبیر بوو کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو و ئەرکی دەکێشا بۆ دڵخۆشکردنی ئەو گەلەی کە بەفەرمانڕەوایەتیەکەی قایل ببوو.

کە رۆژی چوارشەمی هەشتی مانگی رەمەزانی ساڵی ٦٣٠ک (١٢٣٢ز) هات، موزەفەرەددین گیانی سپارد[١]، دوای ئەوەی ئیمارەت و گەلەکەی دایە دەستێکی پاک کە دەستی خەلیفە ئەلمەستەنسر بیللای عەباسی بوو. چونکە موزەفەرەددین جێگرەوەیەکی نەبوو بۆ وڵاتەکەی و لەبنەماڵەکەی خۆی کەسێک نەبوو، بێجگە لەعیمادەددین زەنگیی مێردی کچەکەی، کە جێی بگرێتەوە، بەڵام موزەفەرەددین دەیزانی بەکەڵکی فەرمانڕەوایی ئەربل و دەوروپشتەکەی نایێ، بۆیە پێی باشتر بوو بیداتەوە خەلیفە.

وادەردەکەوێ کە وەرگرتنەوەی ئەربل لەدوای خۆی پێش ئەوەی بمرێ بەچەند ساڵێک خەریکی کردبوو، ئەوجا لەساڵی ٦٢٧ک گەیشتە ئەوەی کە بیداتە دەست

---

١- وفيات الاعيان، ب٣ / ل ٢٧٦.

خەلیفــە ئەلموستەنســر و دانووســان لەنێــوان خــۆی و خەلیفـە کرابـوو تـا بـەو ڕێککەوتنـە گەیشتن. لـەم هەواڵەی کـە مێژوونــووس ئیبـن ئەلفووتــی باسـی کـردووە بۆمــان دەردەکــەوێ کــە خەلیفــە لەســاڵی ٦٢٧ک دا دوو نێــردراوی نــاردووە بــۆ لای موزەفەرەددیـن کــە: موحیەددیـن یوسـفی بـن جـۆزی و سـەعدەددین حەسـەنی بـن ئەلحاجـب عەلـی بوونــە. بــێ ئــەوەی ئیبــن ئەلفووتــی هــۆکاری ناردنیــان بڵــێ. ئەوجـا ئیبـن ئەلفووتـی دیسـان دەڵـێ موزەفەرەددیـن لەمانگــی موحەررەمــی ســاڵی ٦٢٨ک لەگەڵیــان دەچێتــە بەغـدا. لێـرەدا ئێمــە بـۆ ئــەوە دەچیــن کــە ئەرکــی ئــەو دوو نێــردراوە بــۆ ئــەوە بووبــێ ڕێســاکانی جێگرتنــەوە لەگــەڵ موزەفەرەددیــن یــەکلا بکەنــەوە. کــە ڕێســاکانیش لەنێوانیانــدا یەکلابوونــەوە، موزەفەرەددیـن بەهاوڕێیەتــی هــەردوو نێردراوەکـە دەچێتـە بەغـدا بـۆ بینینـی خەلیفـەو بەفەرمـی ئــەوەی پــێ ڕادەگەیەنــێ کــە بڕیـاری داوە شـاری ئەربلــی بداتــێ.

ئیبـن ئەلفووتـی وەسفی مەراسیمی پێشـوازیکردنی بەغداد لەموزەفەرەددیـن دەکا و دەڵـێ: موزەفەرەددیـن پێشـوازیەکی فەرمیــی لێکــراو جێگــری وەزارەت فەخرەددیــن ئەحمــەدی کــوڕی موئەیەدەددینــی قومــی و میــرو قــازی و مامۆســتاو خــاوەن پۆسـتە بـاڵاکان هاتنـە دەرێ و هەموویـان لەدووریـی چەنـد فەرسـەخێک لەبەغـداوە پێشـوازیان لێکـرد. ئەوجـا کەژاوەکـە ڕۆیـی تـا گەیشـتە شـوورەی شـارەکە کـە لـەوێ

وەزیـر چـاوەڕێ بـوو بـۆ پێشـوازیکردنی. کـە وەزیـرو موزەفەرەددیـن رووبـەڕووی یەکـدی بـوون، هەریەکـەو لەسـەر ئەسـپەکەی خـۆی دەسـتیان لەملـی یەکتـری کـرد. پـاش گۆڕینـەوەی چاکوچۆنـی، هەریەکـە دابـەزی بـۆ ئـەوەی وەزیـر سـڵاوی خەلیفـە بـۆ موزەفەرەددیـن بخوێنێتـەوە. وەزیـر گوتـی: «کـە گەیشـتنە بـارەگای بـەرزو مـەزن و شـوێنی بەزەیـی و چاکـەو دڵودەسـت باشـی –هێشـتا دەرگا پیـرۆزەکان پەناگـەی رووتێکەرانـەو نەبوونـی گلەییەکانـی هەڵێنجانـە– گەیشـتنی تـۆ ئـەی موزەفەرەددیـن –پەیڕەوێکـە لەپەیـڕەوە هـەرە پیـرۆزو بـەرزەکان و فەرمانەکانـی لەڕۆژهـەڵات و رۆژاوادا دەڕوا – هاتـن و پێکگەیشـتنت و هەوڵدانـت و وەکـو رێزگرتنێکیـش بۆ تـۆ هەرچـی دەیگەیتـێ دەسـتت مـاچ دەکاو داوای خێـرت بـۆ دەکا کـە ئەرکـە لەسـەر خەڵکەکـە و هـەر خـوداش گـەورەی باوەڕدارانـە».

کـە وەزیـر لەگەیاندنـی سڵاوی خەلیفـە بـۆ موزەفەرەددیـن بـۆوە، موزەفەرەددیـن داهاتـەوەو چەندجارێـک خاکەکـەی ماچکـرد (بەپێـی رێورەسـمی ئـەو سـەردەم) وەکـو وەڵامێـک بـۆ سـڵاوەکەی خەلیفـە. ئەوجـا کەژاوەکـە رێکخـراو چـووە نـاو بەغـدادەوە. کـە گەیشـتە «بـاب ئەلنووبـی» موزەفەرەددیـن جارێکـی دیکـە دابـەزی و داهاتـەوەو وەکـو سـڵاو بـۆ خەلیفـە لـەدوورەوە خاکەکـەی ماچکـرد. لێـرەوە وەزیـر موزەفەرەددینـی بەجێهێشـت و چـووە نـاو

وەزارەتــەوە بـۆ ئــەوەی لــەوێ لەپێشـوازیی دابــێ.

موزەفەرەددینیـش، دوای ئـەوەی سـەلامی بـۆ خەلیفە کرد، سـواربۆوەو بەهاوڕێیەتــی ئەبــی ئەلفــەزڵ بــن ئەلناقــد، کـە یەکێـک بـوو لـە حیجابانـی ئەلناتیـق لەدیـوان، چـووە نــاو وەزارەتــەوە. ئیبــن ئەلقومــی پێشـوازیەکی فەرمیــی لێکــردو بــۆ ماوەیــەک لــەوێ مایــەوە، پاشــان بەجێــی هێشــت و لەگــەڵ کوڕەکــەی و هەمــوو بەرپرســانی وڵات و میـرەکان چوونــە دارولخەلافــە بـۆ ئــەوەی لەپێشـوازیی موزەفەرەددینـدا بـن کـە دێتـە لای خەلیفـە. ئیبـن ئەلفووتـی چوونـی گەورەپیاوانـی دەوڵـەت بـۆ نـاو دارولخەلافـە بـەو جـۆرە وەسـف دەکا:»موئەیەدەددیـن و کـوڕی و نزیکەکانـی خـۆی لـەدەرگای ئەلقائیمـی بالمەشرەعە چوونـە ژوورەوە. هەرچـی والـی و میـرەکان بـوو لـەدەرگای علیـان و دەرگای حـەرەم چوونـە ژوورێ. ئەوجـا هەمـوو لەژێـر تـاج لەسـەر لێــواری دیجلــە تەواوبــوون و لەبــن دار ئەلشــاتئیەی پەنجــەرەدار راوەسـتان».

هەرچــی موزەفەرەددیــن بــوو ئــەوا وەزیــر میــر ئەلــب قــەرای ئەلزاهیــر و یەکێــک لەبەردەســتەکانی خەلیفــەی نــاردە دارولــوەزارە بــۆ ئــەوەی لەگەڵــی بێنــەوە بــۆ دارولخەلافــە. موزەفەرەددیــن لەگەڵیــان لەکەژاوەیەکــدا رۆیــی تــا گیشـتە دارولخەلافـە. لــەوێ پیاوانــی دەوڵــەت پێشــوازیان کــرد ئەوجــا هەموویــان چوونــە پەنجــەرەی ناوەڕاست و لەبەرامبـەری راوەسـتان. پـەردە لەپەنجەرەکـە

هەڵدرایەوەو خەلیفە دەرکەوت کە لەدواوە دانیشتبوو. هەموو بۆی چەمانەوەو خاکیان ماچکرد وەکو سەلام لێکردن.

لەبن پەنجەرەی ناوەڕاست کورسیەکی بەپایە دانرابوو بۆ ئەوەی یەکێک بیەوێ خەلیفە لەنزیکەوە ببینێ یان قسەی لەگەڵ بکا بچێتە سەری. کە پەردەکە لادرا، هەریەکە لەموزەفەرەددین و وەزیرو ئیبن ئەلناقدی مامۆستای دار سەرکەوتن. کە موزەفەرەددین خەلیفەی بینی سەلامی لێکرد -بەپێی ڕێوڕەسمی پەیڕەوکراو- بەوەی کە بەدەستی ئاماژەی بۆ پەنجەرەکە کرد، ئەوجا ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە: «الیوم اکملت لکم دینکم واتممت علیکم نعمتی» واتە: (هەر ئەوڕۆ ئایینم بۆ تەواوکردن لەگەڵ نیعمەتەکانم بۆتان). خەلیفەش وەڵامی سەلامەکەی دایەوەو موزەفەرەددین چەندان جار خاکەکەی ماچکردەوە وەکو سەلامکردن. خەلیفەش کۆتایی سەلامەکەی بەسوپاسکردنی موزەفەرەددین هێنا، لەبەر سەردانەکەی. موزەفەرەددین دیسان چەمایەوەو خاکی ماچکردەوە ئەوجا پەردە دادرایەوەو کۆتایی هاتنی چاوپێکەوتنەکە ڕاگەیاندرا. موزەفەرەددینیان بردە ژوورێ و ئەو دیاریانەی خەلیفەیان دایێ کە بۆ ئەو بۆنانە ئامادە دەکران. دیاریەکان بریتیبوون لەدووشیر و ئەسپێک کە زینەکەی زێڕپۆش کرابوو. پاشان موزەفەرەددین بەهەمان کەژاوە

گەڕایەوە بۆ شوێنی میوانداریەکەی کە بۆ مانەوەی ئامادەکرابوو. لەدواوەشی دوو ئاڵای زێڕین هەڵکرابوون و خەڵک لەبەر دەستی دەهاتن و دەچوون تا گەیشتە شوێنی میوانداری. ئەوانەی کە لەگەڵی بوون لەچەند ماڵێک دابەزین و سەربازەکانیشی لەو چادرانە مانەوە کە لەنزیک شار بۆیان هەڵدرابوو.

موزەفەرەددین لەو ماوەی مانەوەیەی لەبەغداد جێی بەخێرهێنانی گەورەپیاوانی دەوڵەت بوو و چەندان داوەتی خواردنیان بۆ سازکرا. موزەفەرەددین هەلی لەبەغدادبوونی قۆستەوەو سەردانی شوێنە ئایینیەکانی کرد، وەکو تەکیەو خانەقاکان و لەگەڵ سۆفی و خەلوەتکێشان کۆبۆوە. کە دەچووە هەر جێیەک لەو جێگایانە بەخێریان دەهێناو داوەتی باشیان دەکرد.

پاشان ناوەڕاستی مانگی موحەڕەم دیاری کرا بۆ سەردانی دووەمی موزەفەرەددین بۆ لای خەلیفە. سەردانەکەی بەهەمان ڕێوڕەسمی سەردانی یەکەم و لەهەمان شوێندا بەڕێوەچوو. کە موزەفەرەددین چووە سەر پلیکانەکان و لەبەرامبەر خەلیفە راوەستا، خەلیفە بەشێوەیەک دواندی کە لەلای خۆشبوو. موزەفەرەددین سەلامی لەخەلیفە کرد بەوەی خاکەکەی ماچکردو ماڵئاوایی لێکرد. ئەوجا ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە: (یالیت قومی یعلمون بما غفر لی ربی وجعلنی من المکرمین). واتە:»خۆزگە نەتەوەکەم

**بەوەی دەزانی کە خودا لێم خۆشبووەو وەکو یەکێکی پایەبەرزی داناوم».**

**بەکۆتاییهاتنی چاوپێکەوتنەکە پەردەکە دادرایەوە. موزەفەرەددین جارێکی دیکە چۆوە ژووری دیاریەکان و (کۆس)[1] و ئالاّی پێشکەش کرا. خەلیفە پەنجاهەزار دیناری بۆ خەرجیی رێگا دایێ بۆ خۆی و ئەوانەی دەوروپشتی و دەهەزار دیناریش بۆ سەربازەکانی. ئەوجا موزەفەرەددین چۆوە دارولوەزارەت و ئەندامانی دەوروپشتی خۆی ئامادەبوون و زۆر دیاری و شتی بەسەردا دابەشکردن.**

**پاش چەند رۆژێک موزەفەرەددین گەڕایەوە ئەربل و سەعدەددین حوسێنی کوڕی ئەلحاجب عەلی و موئەیەدەددین یوسف بن جۆزیی لەگەڵ هاتن بۆ ئەوەی لەکاتی سوێنددانی میرو گەورەکانی ئەربل لەلایەن موزەفەرەددینەوە بۆ ملکەچیکردنی خەلیفە و رادەستکردنی شارەکە دوای مردنی ئامادەبن[2]. ئەوەش مانای وەیە کە پێشتر لەنێوان موزەفەرەددین و خەلیفە رێککەوتن هەبووە لەسەر وەرگرتنی ئەربل.**

١- کۆسا: جۆرە سێڵێکە لە مس دروستکراوەو گچکە و بەئاوازەوە لێکدەدرێن لەنێوان دوو کەسدا.
٢- الحوادث الجامعة، ص ١٩ – ٢٣.

ئەوەشی کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوەیە کە سیبت ئەلجۆزی باسی کردووە کە دەڵێ موزەفەرەددین کە هاتە بەغداد کلیلەکانی ئەربل و قەڵاتەکانی پێبوو بۆ ئەوەی رادەستی خەلیفەیان بکا وەکو راگەیاندنێک لەلای خۆیەوە کە شارو قەڵاتەکانی دوای مردنی بۆ خەلیفە دەبن[1].

بەڵام دوای مردنی موزەفەرەددین قەیرانێک روو دەدا کە ئەنجامەکەی بەزیانێکی زۆر بۆ شارو خەڵکەکەی کۆتایی دێ، ئەویش ئەوەبوو کە لەقەڵاتی ئەربل دوو بەردەستی موزەفەرەددین هەبوون. کە نەخۆشیەکەی موزەفەرەددین توند دەبێ، ئەوانە دەنێرنە لای هەریەکە لەخەلیفە و عیمادەددین زەنگی -مێردی کچەکەی موزەفەرەددین- و پاشا ئەلسالح نەجمەددین ئەیوب و نزیکبوونەوەی مردنی موزەفەرەددینیان پێڕادەگەیەنن و هۆشداری دەدەن کە «کێ زووتر بیانگاتێ هی ئەون»، بەڵام هەردوو بەردەستەکە دڵیان لەگەڵ نەجمەددین ئەیووب دەبێ، بۆیە هانی دەدەن خێرا بێتە ئەربل بۆ وەرگرتنی. بەڵام خەلیفە لەهەردوو نەجمەددین و عیمادەددین خێراتر دەبێ و سوپایەک دەنێرێ بۆ دەست بەسەرداگرتنی.

١- مراة الزمان، ج٨ / ص ٦٨١/٦٨٠.

هـەردوو بەردەسـتەکە رەتـی دەکەنـەوە رادەسـتی بکـەن و دەرگاکانـی قەڵاتەکـە دادەخـەن بـۆ ئـەوەی جێگـری خەلیفـە نەیەتـە ژووریێ. سـوپای خەلیفـەش گەمـارۆی دەداو شـەڕ لەنێـوان سـوپای پاراسـتنی قـەڵات و ئەوانـدا هەڵدەگیرسـێ و پارێزەرانـی قـەڵات دەشـکێن و سـوپا دەسـت بەسـەر شـارەکەدا دەگـرێ و دەبێتـە موڵکـی خەلیفـە[1].

---

١- الحوادث الجامعة، ص ٤٤. مراة الزمان، ج٨ / ص ٦٨٣.

## سەرچاوەكان:

١- ابن الاثير: علي بن ابي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم ابن عبدالواحد الجزري.

١- التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية (بالموصل). (تحقيق: عبدالقادر احمد طليمات. نشر دار الكتب الحديثة بالقاهرة، سنة ١٩٦٣).

٢- الكامل في التاريخ. (مطبعة الاستقامة بالقاهرة).

٢- ابن خلكان: احمد بن محمد بن ابي بكر.

وفيات الاعيان وانباء الزمان. (تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد. نشر مكتبة النهضة المصرية سنة ١٩٤٨).

٣- ابن شاكر الكتبي: محمد بن شاكر بن احمد الكتبي.

فوات الوفيات. (تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد. مطبعة السعادة سنة ١٩٥١).

٤- ابن شداد: يوسف بن رافع بن تميم الاسدي.

سيرة صلاح الدين الايوبي، المسماة، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، (مطبعة الاداب والمؤيد بمصر. سنة ١٣١٧ ه).

٥- ابن العديم: عمر بن احمد بن هبة الله بن جرادة.

زبدة الحلب من تاريخ حلب. (مصور: دار الكتب. ٢١٠٤ تاريخ تيمور).

٦- ابن العماد الحنبلي: ابو الفلاح عبد الحي.

شذرات الذهب في اخبار من ذهب. (نشر: مكتبة القدسي بالقاهرة سنة ١٣٥٠ ه).

٧- ابن الفوطي: كمال الدين ابو الفضل عبدالرزاق البغدادي.

الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابقة. (المكتبة العربية، بغداد).

٨- ابن القلانسي: حمزة بن ابي يعلي الاسدي.

ذيل تاريخ دمشق. (تحقيق: امدروز. بيروت سنة ١٩٠٨).

٩- ابن كثير: ابو الفدا اسماعيل بن عمر بن كثير القرشي.

البداية والنهاية في التاريخ. (مطبعة السعادة ١٣٥١ ه = ١٩٣٢م).

١٠- ابن مسكويه: احمد بن محمد بن يعقوب.
تجارب الامم وتعاقب الهمم (القاهرة: ١٣٣٢ه = ١٩١٥م).
١١- ابن واصل: محمد بن سالم.
مفرج الكروب في اخبار بني ايوب (تحقيق: الدكتور جمال الدين الشيال. سنة ١٩٥٣). ومصور بدار الكتب برقم: ٥٣١٩ تاريخ).
١٢- ابو شامة: عبدالرحمن بن اسماعيل بن ابراهيم المقدسي.
الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية. (مطبعة وادي النيل بمصر – سنة ١٢٨٧ ه).
١٣- ابو المحاسن: يوسف بن تعري بردي الاتابكي.
النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة. (مطبعة دار الكتب سنة ١٩٣٥).
١٤- اسامة بن منقذ:
كتاب الاعتبار. (نشر فيليب حتي. مطبعة جامعة برنستون الولايات المتحدة. سنة ١٩٣٠).
١٥- دائرة المعارف الاسلامية: (الترجمة العربية).
١٦- ولبر: دونالد.
ايران ماضيها وحاضرها. (ترجمة: الدكتور عبدالنعيم حسنين. القاهرة سنة ١٩٥٨).
١٧- الديوةجي: سعيد.
الموصل في العهد الاتابكي. (مطبعة شفيق. بغداد سنة ١٩٥٨).
١٨- السبكي: عبدالوهاب بن تقي الدين.
طبقات الشافعية الكبرى. (المطبعة الحسينية – القاهرة. ١٣٢٤ه).
١٩- العراقي: عبدالرحيم بن الحسين بن عبدالرحمن.
القرب في محبة العرب. (تحقيق: ابراهيم حلمي القادري. الاسكندرية ١٣٨١ه = ١٩٦١م).
٢٠- العماد الاصفهاني: عمادالدين محمد بن محمد بن حامد الكاتب.
١- الفتح القسي في الفتح القدسي. المطبعة الخيرية ١٣٢٢ القاهرة,
٢- خريدة القصر وجريدة العصر. (تحقيق: شكري فيصل. دمشق

سـنة ١٩٥٩).

٢١- القلقشندي: ابو العباس احمد.

صبـح الاعشـى فـي صناعـة الانشـا. )المطبعـة الاميريـة. القاهـرة سـنة ١٩١٣ – ١٩١٥).

٢٢- المقريزي: تقي الدين احمد بن علي.

السلوك لمعرفة دول الملوك. (تحقيق: الدكتور مصطفى زيادة. مطبعة دار الكتب ١٩٣٤).

٢٣- هنداوي: محمد موسى (الدكتور).

المعجم في اللغة الفارسية. (نشر مكتبة مطبعة مصر).

٢٤- ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي.

معجم البلدان. (نشر الخانجب. مطبعة دار السعادة).

٢٥- يوسف بن قزاوغلي التركي، المعروف بسبط ابن الجوزي.

مراة الزمان في تاريخ الاعيان. (طبعى الهند سنة ١٩٥١).

٢٦- اليونيني: قطب الدين موسى بن محمد.

ذيل مراة الزمان. (طبعة الهند سنة ١٣٧٥ه = ١٩٥٥م).

27- Encyclopaedia Britanica vol. 2 (ohio, 1907).

# پێرست

پێشەکی........................................................١٣٣
بەشی یەکەم: لەدایکبوونی ئیمارەتێک......................... ١٤٣
بەشی دووەم: بنەماڵەی موزەفەرەددین گۆگبورۆو.................١٥٣
بەشی سێیەم: گەورەبوونی موزەفەرەددین..........................٢١٥
بەشی چوارەم: موزەفەرەددین لەحەڕڕان............................٢٢٥
بەشی پێنجەم: موزەفەرەددین لەئەربل..............................٢٥٥
بەشی شەشەم: موزەفەرەددین و شەڕەکانی خاچپەرستەکان.......٣٣٧
بەشی حەفتەم: کارە دیارەکانی موزەفەرەددین.........................٣٧٧
بەشی هەشتەم: مردنی سوڵتان موزەفەرەددین گۆگبۆرو............٤٥٣
سەرچاوەکان...................................................٤٦٣
پێرست..........................................................٤٦٦

# بەڵگەنامەکان و ئەلبومی وێنەکان

دیـاره لــه کتێبـی دکتـۆر عبدالقــادر احمـد تولەیمـات، هیــچ کتێیبێکـی تریـش کـه باسـی زەمـان و حیکایەتی سـوڵتان موزەفەر کـراوه، لــه کوردســتان، هیــچ وێنـه یـەک و بەڵگەنامەیــەک نەبــووه، ئێمــه، هەوڵــی جیددیمــان داوه، هەرچییەکمــان بــۆ پەیداکرابێـت لـه نـاوەوه و لـه دەرەوەی کوردسـتان، ئـەو وێنـه و بەڵگەنامانـه و تابلۆیانـه بدۆزینـەوه، کـه ئـادگار و خەسڵەتی حوکمڕانــی سـوڵتان موزەفـەر پێکدەهێنـن.

زۆربــەی ئــەو وێنانــەی دەیبینــن پێویســت بــه نووســین لەســـەریان ناکــەن، خوچیـــان وێنــەکان دەدوێــن.

# بەڵگەنامە

دەربارەی وێنەیەکی کۆن لە مۆزەخانەیەکی فەرەنسا دەربارەی بارودوچخی نەتەوەکان لە کوردستان وە بەتایبەتی لە اربل و دەشتی شارەزوور.

**یەکەمین مۆزەخانەی سەر شەقام**
**بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**
**بەڕێز پارێزگاری هەولێر**

لە پێناو بووژاندنەوەی تیووریزم و هونەر موجەسەمسازی لە هەولێری پایتەختی گەشتوگوزاری، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیە پڕۆژەی دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی سەر شەقام- لە چواڕیانی عەنکاوە، پیشکەشتان دەکەم، کە هیوادارم ڕەزەمەندیتان بۆ جێبەجێکردنی وەرگرم.

ساڵی ١١٨٧، پاش سەرکەوتنی سەلاحەدینی ئەیووبی لە جەنگی خاچپەرستەکان CROISADE دژی فلیپ ئۆگەستی فەڕەنسی و ڕیچارد شێردڵ(قلب الاسد)ی ئینگلیز لە یۆرشەلیم، مەسیحییەکانی کوردستان

زەندەقیــان دەچــێ دەڵێــن: (ئاخــۆ ســەلاعەدینی ئەیووبــی دوای ئــەوەی قودســی گــرت، چــی بەســەر ئێمــە دەهێنــێ!؟) بــە تایبەتــی چونکــە دوای ئــەو ســەرکەوتنە مێژووییــە، میــرە عەرەبەکانــی چوارچێــوەی دەســەڵاتی ســەلاحەدین، بەبــێ ئیــزن وەرگرتــن کەوتبوونــە (ســزادان و ئــازاردان و بــاج وەرگرتــن لــە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاست. سوڵتان موزەفــەر گۆگبەری ١١٩٠– ١٢٣٣ زاوای سەلاحەدین، کــە میــری هەولێــر بــوو بــۆ مــاوەی ٤٣ ســاڵ، خــۆی لــەو جەنگــە لــە نابلــس لەگــەڵ ســەلاحەدین بــوو.. داخوازیــی لــە سەلاحەدینی ئەیووبــی دەکات، فریــای مەسیحییەکانی ژێــر ستەمی میــرە عرەبــەکان بکــەوێ، ئەویــش فەرمانێــک بــڵاو دەکاتــەوە: (هەمــوو مەســیحییەکانی چوارچێــوەی دەســەڵاتی ئەیووبــی، پێویسـتە مافــە دینــی نەتەوەییەکانــی خــۆی پارێــزراو بێــت و ئازادانــە بتوانــن مومارەســەی دیــن و زمــان کولتــووری خۆیــان بکــەن، بەبــێ ئــەوەی هیــچ باجشــیان لــێ وەربگیرێــت!)

بــەم شــێوەیە، ســەلاعەدینی ئەیووبــی و ســوڵتان موزەفــەری هەولێــری، ســزادانی مەســیحییەکانی عەنـکاوە و هاودیــان و هەمــوو ناوچەکانــی دیکــەی کوردســتانیان حــەرام کرد.شــایانی باســە ئــەم فەرمانــە لــە شــێوەی میناتۆرێــک لــە ســاڵی ١١٨٧ بــە زمانــی تورکمانــی نووســراوە.

بۆچی ئەم فەرمانە بە زمانی تورکمانی بووە؟

چونکــە خــودی ســوڵتان موزەفــەر ئــەم فەرمانــەی بــۆ

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بڵاودەکردەوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ، کە تورکمان هەر لەو ساڵەوە ١١٨٧ لە هەولێر بوونە. تورکمان بریتیبوون لە بەشێک لە خەڵکی ڕەسەنی هەولێر، هەبوونی تورکمانەکان لە هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ پێش پەیدابوونی دەسەڵاتی عوسمانییە تورکەکان، واتە: تورکمان خەڵکی ئەسڵی هەولێرن و هیچ پەیوەندییەکیان بە تورک و تورکیاوە نییە.

ئەم ڕاستییە مێژووییە، کە لەم سەروبەندەی ئەم پڕۆژەیەی مندا دەیدرەوشێنمەوە، ئینتیمای تورکمان بۆ هەولێر و کوردستان پتەوتر و ڕەگاژۆ دەکات.

من لە کاتێکدا ئەم میناتۆرە بە زمانی تورکمانی و بە ڕووح و (فەرمان) کوردییەی سەلاحەدینی ئەیووبیم بە یەکەمین میناتۆڕی کوردی لە قەڵەم داوە ١١٨٧، لە هەمان کاتدا ئەم میناتۆڕەم کردە سەرچاوەیەک بۆ دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی سەرشەقام لەسەر ڕێگەی عەنکاوە- هەولێر، بەرامبەر هوتێل LAMASSU، شەقامی سەد مەتری!

من لەم پڕپڕۆژەیەمدا بەهرە و سوودم لە مێژوو وەرگرتووە، وێنە و نیگارەکانی ئەم دیواربەندەی، کە لەسەر دیواری یەکێتیی جووتیارانی کوردستان بە درێژایی شەست مەتر ڕەسمم کردوون. بۆ ماوەی هەشت شەو و هەشت ڕۆژ ( لە زستانی ٢٠١٣) سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ حەکایەتەکانی ئەو جەنگە ناودارەی، کە

بە سەرۆکایەتی عەقڵی کورد سەلاحەدینی ئەیووبی لە پێناو بەرقەراربوونی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کۆتایی پێ هات.

زیندووکردنەوەی ئەم یادگارییەی سەلاحەدین و ئەم هەڵویستە مرۆڤدۆستانەی سوڵتان موزەفەر، کە بووە هۆی بەرقەراربوونی ئاشتی و برایەتیی نێوان دینەکان لە کوردستاندا، هەستێکی مۆدێرن دەبەخشێتە ئەمڕۆی ژیانی سیاسیمان و ڕەونەقێکی هاوچەرخانە دەبەخشێتە ئەو گەڕەکەی، کە ناوی (سەلاحەدین)ە و من دیواربەندە شەست مەترییەکەم لەوێدا درووست کردوە.

جێی باشە، کە بە ڕێزان سەرۆکی یەکێتیی زانایانی موسڵمانی کوردستان و مەتڕانی عەنکاوە و بەڕیوەبەری شارەوانی عەنکاوە و بەڕیوەبەری ئەنستیتووی فەڕەنسی لە هەولێر، پیشوازییەکی گەرمیان لەم پڕۆژەیەم کرد و بە کارێکی هونەریی مێژوویی گرینگتر لکە قەڵەمیان دا. جەنابی پاریزگاری هەولێریش لە هەمان ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەم مۆزەخانەیەی سەر شەقام (زستانی ساڵی ٢٠١٣) لارییان نەبوو کە من بەردەوام بم لە تەواوکردنی.

تێبینی: ئەم پڕۆژە هونەری- مێژوویی- تووریستییەکی گرینگە، لەلایەن یەکێک لە دەزگە ئەهلییەکانی کوردستان بەڵێنی پێ دراوە، کە سەرجەم خەرجییەکانی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بیکەینە مۆزەخانەیەکی سەر شەقام (لە هەولێری پایتەختی گەشتیاریدا.)

**وێنـــەی یەکـــەم: میناتـــۆڕی فەرمانەکـــەی ســـەڵاحەدینی ئەیووبـــی.**

**وێنـــەی دووەم: ئابلۆوقەدرانـــی هەولێـــر لـــە ســـاڵی ١٢٥٨ لەلایـــەن مەنگۆلەکانـــەوە.**

**وێنـــەی سێیەم:لەشـــکری ســـەڵاحەدینی ئەیووبـــی، لـــە ســـەدەی پـــازدەم لەلایـــەن نیگارکێشـــێکی فەرەنســـی کـــراوە.**

**د.فەرهاد پیربالْ –**


**ســـەرچاوەی نامـــە و تابلـــۆی لەشـــکری ســـەلاحەدین ئەیوبـــی.**

**نامەیەکـــە لـــە ئارشـــیفی کاک ضیـــا عوزیریمـــان وەرگرتـــووە لـــە هەولێـــر – رۆژنامـــەی تەبـــا – ئاژانســـی هەوالـــی تورکمانـــی**

(٣)
ســـولطان (مظفـــر) دی، أربیل سـلطانی
(گـوگـبـــورو) دو اونون شـــانی عنوانی
شـــان شـــهـــرەتی الدی بوتون جـیـــهـــانی
دونمـــینده أربیل الـتین چاغ گـــوردو
چاغین گـــوزەللیگی تاریخله ســـوردو.

(٤)
(گـوگبـورو) زامـــانی ایلك (مـــولود) اولدو
بوتون دونیـــــا اونـنان گلـەنەك بـولـدو
بیلیـــمـــە گلدیلر عـــالیـــملر دولدو
(مـــحـــمـــد) دوغـــومـــون أربیلده یاپتی
نوجـــو اولوپ بیـــزە گلـەنەك طـاپتی.

◄ دوو پارچە شیعری «ئەسعەد اربیل» لە دیوانی قالە داستانی





مولد النبي صلى الله تعالى عليه وسلم

اوّلا بن بر حكايت ايده يم / اهل اخباردن روايت ايده يم
وار ايدى بغدادده بر صالحه / عابده ايدى زاهده ايدى ناصحه
بر كون اول دنيادن ايلدى سفر / دنيايه گلن كيتى لابد كيدر
بر قلورى قالدى صوكندن همان / اكا جنت اولسون نيجه مكان
وار ايدى بر صالح اوغلى نوجوان / طاعت اوزره اولور ايدى هر زمان
اول قلورى قالدى آناسندن اكا / دير ايدى كيم نه ايليه يم بن بونكا
ايشبو فكر ايله يوزركن اول جوان / كوردى كيم بر يرده خلق وار ناكهان
مجتمع اولوب اوقورلر مصطفى / مولدينى ديكليوب اول بر صفا
چونكيه انى ديكلدى اول نوجوان / كوزلرندن قانلو ياش اولدى روان
اول كيجه ياتدى اويودى اول جوان / كوردى كيم اولمش قيامت ناكهان
چاغريشوب ديرلر مناديلر روان / قنده سن كل جنته كير يا فلان
مولوده حاضر اولنلر دفعه / جنته كيرسون انلر جمله
ناكهان بر قصر عالى كوردى اول / اكا كيرمك ديلدى اول بر اصول

ديديلر

◀ مەولودنامــەی تورکمانیــە کــە لــە ســەردەمی ســوڵتان موزەفــەر نووسـراوەتەوە و بڵاوکراوەتـەوە وە لـە مزگەوتـی قـەڵا خوێندراوەتـەوە

# خشتەکان

## خشتەی ژمارە (١)

## حوکمرانی ئەتابەگەکانی هەولێر، (ئەوەی هەولێر)

(زین الدین أبو الحسن علي بن بکتکین بن محمد) ناسراو بە (گچك)، یارمەتیی (عمادالدین زەنگی)ی دا، ئەتابەگایەتیی موسڵ لە ساڵی (٥٢١ك/١١٢٧ز)دا دابمەزرێنێت و، خۆیشی (هەولێر و، شارەزوور و، حران و، تکریت و، هەکاری و شنگاڵ)ی، لە ساڵی (٥٢٢ك/١١٢٨ز)وە بەدەست بووە.

(١) ئەو سێ کەسەی خوارەوە، بە بریکاریی (زین الدین علي کچك) حوکمی هەولێریان کردووە:

أ- (أبو منصور سرفتکین الزیني) تا ساڵی (٥٥٩ك/١١٦٤ز)

ب- (مجاهدالدین قایماز الزینی) (٥٥٩ _ ٥٧١ك/١١٦٤ _ ١١٧٥ز)

ج- (عزالدین الیاس بن عبدالله الزینی) (پاش مجاهدالدین قایماز)

(زین الدین علي کچك) دەستی لە هەموو موڵکی خۆی هەڵگرت بۆ (قطب الدین مودود)ی ئەتابەگی موسڵ و، تەنیا هەولێری بۆخۆی هێشتەوە و، لە ساڵی (٥٦٣ك/١١٦٨ز)دا، هەر لە هەولێر گیانی سپارد.

(٢) موزەففەرەددین گۆگبوریی کوڕە گەورەی (زین الدین علي کچك) دوای مردنی باوکی، حوکمی هەولێری لە ژێر چاودێریی ئەتابەگ (مجاهدالدین قایماز)دا گرتە دەست.

(٣) (مجاهدالدین قایماز) موزەففەرەددین گۆگبوریی لە هەولێر دەرکرد. بەڵام موزەففەرەددین گۆگبوری حوکمی (حران) و (الرها)ی گرتە دەست، تا ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)

(٤) دوای دەرکردنی موزەففەرەددین گۆگبۆری لە هەولێر، (زین الدین یوسف ینالتگین)ی کوڕە گچکەی (زین الدین علي کجك) حوکمی هەولێری، تا ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) گرتە دەست.

(٥) موزەففەرەددین گۆگبوری گەڕایەوە بۆ هەولێر و، لە ماوەی (٥٨٦ _ ٦٣٠ك/١١٩٠ _ ١٢٣٣ز)دا تەختی هەولێری بە شارەزووریشەوە وەرگرت.

(٦) دوای مردنی موزەففەرەددین گۆگبۆری، ئەمارەتی هەولێر، لە ماوەی (٦٣٠ _ ٦٥٦ك/١٢٣٣ _ ١٢٥٨ز)دا کەوتە سەر موڵکەکانی خەلافەتی عەبباسیان.

## خشتەی ژمارە (٢)

**دوای مردنی زین الدین علی کچك لە هەولێر لە ساڵی ٥٦٣ك/١١٦٨ز، ئەم خەلیفە عەبباسییانە، هاوزەمەنی ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر بوونە؛**

١- المستنجد بالله، أبو المظفر یوسف ابن المقتفي؛ (٥٥٥ _ ٥٦٦ك/١١٦٠ _ ١١٧٠ز).

٢- المستضيء بامرالله؛ (٥٦٦ _ ٥٧٥ك/١١٧٠ _ ١١٧٩ز).

٣- الناصرلدین الله؛ (٥٧٥ _ ٦٢٢ك/١١٨٠ _ ١٢٢٥ز).

٤- المستظهر بالله (٦٢٢ _ ٦٢٣ك/١٢٢٥ _ ١٢٢٦ز).

٥- المستنصر بالله (٦٢٣ _ ٦٤٠ك/١٢٢٦ _ ١٢٤٢ز).

## خشتەی ژمارە (٣)

## ئەتابەگەكانی موسڵ (٥٢١ _ ٦٣١ك)

(١) (عمادالدین زەنگی ابن قسیم الدولة آق سنقر) دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی موسڵە و، (٥٢١ _ ٥٤١ك/١١٢٧ _ ١١٤٦ز) ساڵ حوكمی كردووە.

↓

(٢) سیف الدین غازی
٥٤١ _ ٥٤٤ك/١١٤٦ _ ١١٤٩ز

(٣) قطب الدین مودود
٥٤٤ _ ٥٦٥ك/١١٤٩ _ ١١٦٩ز

نورالدین محمود، دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی حەڵەب
٥٤١ _ ٥٦٩ك/١١٤٦ _ ١١٧٣ز

(٤) سیف الدین غازی (دووەم)
٥٦٥ _ ٥٧٦ك/١١٦٩ _ ١١٨٠ز

(٥) عزالدین مسعود
٥٧٦ _ ٥٨٩ك/١١٨٠ _ ١١٩٣ز

(٦) نورالدین ارسلان شاه
٥٨٩ _ ٦٠٧ك/١١٩٣ _ ١٢١١ز

(٧) عزالدین مسعود (دووەم)
٦٠٧ _ ٦١٥ك/١٢١١ _ ١٢١٨ز

(٨) نورالدین ارسلان شاه (دووەم)
٦١٥ _ ٦١٦ك/١٢١٨ _ ١٢١٩ز

(٩) ناصرالدین محمود
٦١٦ _ ٦٣١ك/١٢١٩ _ ١٢٣٤ز

## پاشکۆ ـ ژمارە (١)

**دەقی بەیاننامە (بڵاوکراوە)کەی سەلاحەددینی ئەییوبی (یوسف کوڕی ئەییوب) کە هەڵوێستی خۆی تێدا، رووبەڕووی هێزەکانی دیکەی ئیسلام دیارکرد**

خوا، کە لەسەر زەمین حوکم و هێزی پێ بەخشین و، توانیمان هەق لە پێناوی فەرزدا بەهێز بکەین، وامان بەباش زانی، لە رێی خوادا، فەرزی غەزا لەبەرتر رابگرین و رێگاکەی نیشان بدەین و، پشتگیری لە ئیمانداران بکەین و، پیاوچاکان و بەرپرسانی ئیسلام بۆ غەزای دژ بە دوژمنان بانگ بکەین، کە، لەسەر زەوی بەیەك دەنگ داوا لە ئاسمان بکەین سەرمان بخات. هەر کەسێ، لەم فەرزەدا یاریمان بدات و ئەم کارە چاکە بەجێ بگەیێنێ، ئەوا لە چاکەی بێ پایانمان بێ بەشی ناکەین و، پاداشتی رەفتاری خاسی خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەو کەسەی دووی لەزەتی دنیاو، ئارەزووی خۆی بکەوێ و، پشتی لە ئایینی هەق و، رووی لە دنیای ناهەق کردبێ ـ ئەگەر تۆبەی کرد و پەشیمان بووەوە، ئەوا بەیەکێك لە خۆمانی دادەنێین، دەنا ئەگەر لەسەر گومڕایی خۆی مکوڕ بوو، ئەوا دەستی لەکار دادەبڕین و دەری دەکەین[1].

(١) ابو شامة، كتاب الروضتين ٢/٦٠

ابن واصل، مفرج الكروب ٢/ ١٦٣ - ١٦٤

## پاشکۆ _ ژمارە (٢) (بەیاننامەی هەولێر)

**سەلاحەددینی ئەییوبی، پاش مردنی _ زین الدین یوسف ینالتگین لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)دا، دەربارەی چارەنووسی ئیدارەی هەولێر بڵاوی کردەوە**

بێگومان دەزانن (زین الدین یوسف)ی ماندووی ڕێگای غەزاو، سوپاسگوزاری نیعمەتی خودا، کۆچی دوایی کرد و، بەر ڕەحمەتی خوا کەوت. ئەو کەسێکە لەو بەختیارانەی حوکمی ئەم ئایەتە، دەیانگرێتەوە: (ومن يخرج من بيته مهاجرا الى الله ورسوله، ثم يدركه الموت، فقد وقع اجره على الله)[1]. واتا: (کەسێ ماڵی خۆی جێبهێڵێ و، ڕوو لە ڕێگای خواو پێغەمبەر بکات و، بمرێت، ئەوە، ئەجری دەکەوێتە سەر خودا). ئای، چەند دڵتەزێنە ئەو لێقەومانە و، وای لە سۆی ماڵاوایی ئەو جوانەمەرگە! ئەو بەهیممەتی خۆی پێگەیشت و پلەی بەرزی وەرگرت، بەڵام بەر لەوەی جێبەنجەی چاکەی دەرکەوێ و مانگی چواردەشەوە ئاواتەکانی دەروونی ڕۆشن بکاتەوە، خوا بردییەوە بۆ باردگای خۆی. ئەم هەولێرەش حەفتا ساڵە[2] خەڵاتی بنەماڵەی ئەتابەگەکانە و، بۆ (زین الدین)[3] ماوەتەوە. لە شەرت و سیستەمی ئەم نیعمەتە لایان نەداوە و، حوکمەکانیان قایمتر و پتەوتر کردووە. ئەم جێگەیەش کە بۆیان هێشتووەتەوە، نەیهێشتووە بە فیڕۆ بچێت. میری گەورەش موزەففەرەددین گۆگبوری گەورەی بنەماڵەکەیە و، لە هەموویان لەبەرترە. لەسەر وەسیەتی باوکیشی

(١) القرآن الكريم، سورة النساء، الآية (١٠٠).

(٢) بە پێی قسەکانی (ابو شامة) (كتاب الروضتين ٣٠/١، ص ٣٨) ئەگا شەست و چوار ساڵ، نەك حەفتا ساڵ.

(٣) مەبەستی لە (زين الدين علي كچك)ە، کە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەتابەگەکانە.

بە سەرداری هەولێر دامانا، کە براکەشی بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنمایی بکات و[1] لە جیاتی ئەویش حوکم بگرێتە دەست.

ئەمانە، نامەگەلێکن (الملك الناصر ـ سەلاحەددینی ئەییوبی ناردوونی بۆ موزەففەرەددین گۆگبۆریی سەرداری هەولێر و، داوای دەکات بگاتە لای و بۆ کوشتاری خاچدروشمان ئامادە بێت. نامەگان (عماد الدین الكاتب الاصفهانی) دایڕشتوون، کە نووسەری تایبەتی خودی سەلاحەددینی ئەییوبی بووە:

(١) كتاب الروضتين ١٦٤/٢ – ١٦٥.

مفرج الكروب ٢٣٩/٢ – ٢٤٠

ابن الفرات، مجلد ٤، جـ ١، ص ٢٣٦.

## پاشکۆ ـ ژمارە (٢)

### نامەی یەکەم

**(بەشێکە لە نووسراوێك بۆ موزەففەرەددین گۆگبوریی سەرداری هەولێر، باسی بارودۆخی شەڕ دەکات).**

پێشتریش باسی بارودۆخەکەمان بۆت نووسیوە کە ئاوات و ئومێدی ئێمە سەرکەوتنە. مەلیکەکانی فەرەنگ بەخۆیان و لەشکری لەبن نەهاتوویانەوە گەیشتوونەتە بەندەرەکەو خڕبوونەتەوە و مۆڵیان بەستووە، ئێستاش مەنجەنیقیان لێمان دامەزراندووە و ئاگرباران و بەردبارانمان دەکەن، شوورەکەش کون و کەلەبەری تێ کەوتووە و، شەڕەکەش گەرمە، دوژمن ددانی لە شارەکە تیژ کردووە و، بەتەمای تالانە، ئەوەتا، بۆ ناو شار دەکشێ و ڕێگای مەرگی بەردو شەقام و کۆڵانەکان کێشاوە ـ ئێمەش بە لەشکرەوە هەڵمانکوتاوەتە سەری و هێرشمان کردووە، بەڵام دوژمن، زۆربەی هێز و لەشکری لە شوورە و کەندەکی شارەکە قایم کردووە و، بەئومێدی زیاتریشە... لە کاتێکا مەترسییەکە زیادی کرد و، بە وردیەکی زیاتر و خۆڕاگرییەکی پتەوترەوە ئومێدی سەرگەوتنمان هەبوو، تاقمێ لە میرانی کەمباوەڕ و تاوانبار و خیانەتکار و ترسنۆك هەڵاتن و خیانەتیان لە ئیسلام کرد، بەڵام لە سزای هەق ڕزگاریان نەبوو. بەو ڕاکردنەی ئەوان دوژمنیش زیاتر ددانی لێ تیژ کردین و، کەسانێکی دیکەشمان وردیان بەردا. وەلێ زۆربەی زۆرمان سەنگەریان بەرنەداو، مەرگیان لە لا خۆشتربوو، بڕیاریان دا خۆیان ڕادەستی دوژمن نەکەن تا دوو ئەوەندەیان لێ نەکوژن و، سووربوون لەسەر پاراستنی بەندەرەکە، بەڵام کە زۆریان بۆهات و ناچاربوون، کەوتنە دانوستان لەگەڵ فەرەنگ، وەلێ فەرەنگ بە هەلی زانی و، زیاتر پێی لێ ڕاکێشاو، شەرتو شرووتی قورسیان دانا، ئەمانیش زیاتر

سەبریان گرت و وردی خۆیان بەهێز کرد. دوژمن هەند چاوقایم بوو، لەبانەوە دەردەکران، لە کون و کەلەبەرەوە دەهاتنەوە، کونیان لێ دەگیرا، لەبانەوە دەهاتنەوە. مەگەر خودا دەرووێك لە خەلکەکە بکاتەوە و لەم تەنگانەیە رزگاریان بکات. ئێمەش لە لای خۆمانەوە دوژمنمان تەنگاو کردبوو، راست و چەپمان لێیان گرتبوو، بەلام ئەوان لە پشت دیوارەکانەوە شەڕ دەکەن و زیانمان لێ دەدەن. دەشزانن ئەگەر خۆیان بخەنە تەهلوکە و بەکۆمەڵ هێرشمان بکەنە سەر، ئەوە شکاندنیان زەحمەتە و ناگرێت. قەزاو قەدەری خوایش گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەوەش کە ئاشکرانییە و نهێنییە و، چیمان لە چارە نووسراوە، هەر خوا دەیزانێت. حوکمیش هەر حوکمی خوایە، پەناو، ئومێدیشمان هەر بەوە، ئەم بەلایەش هەر بەو دەگەڕێتەوە و سەرکەوتنیش هەر بەدەست خوایە و، تەوەکەل بەخوا و، لەویش زیاتر، پەنامان نییە.

## پاشکۆ _ ژمارە (٤)

## نامەی دووەم

**(ئەمەش نامەیەکی ترە کە داوای موزەففەرەددین گۆگبوری دەکات، لە هەولێرەوە بگاتە (عکا)، باسی کارەساتی شارەکە دەکات و، بارودۆخی شەڕەکە نیشان دەدات)**

هەموو کەسێ دەزانێت، دوژمنی کافر و، هێزی بێشوماری زوڵم و ستەم و زۆرداران، لەناکاو، تەپیان داوەتە سەر موسوڵمانان و، هەرچی کافری بەحر و بەڕ هەیە، بۆ لەناوبردنی هێزی ئیسلام، خڕی کردووەتەوە. بەڵام خوای گەورە، بە قودرەت و توانای خۆی، قودرەت و توانا و هێزی دوژمنی ملکەچ کرد، چونکە دەزانێت چییان بەسەر (عکا)دا هێناوە، کە ئێمە، ئەمە دوو ساڵە تێدەکۆشین لە دوژمن بیپارێزین و، شارەکە، دوو گەمارۆی لەسەرە. دوژمن هەر تەگبیرێکی کردبێ، لێمان تێکداوە، هەر غەدرێکی گەڵاڵە کردبێ، پووچەڵمان کردووەتەوە، هەر مەنجەنیقێکیان هێنابێتە بەرەوە، لە لووتمان داوە و بەرەوپاش گەڕاندوومانەتەوە، هەر تاوەر و قولەیەکیان ساز دابێ، سووتاندوومانە، هەر کەلێن و کەلەبەرێکیان لێ دەرکەوتبێ، خۆمان پێیدا کردووە، هەر ئاگری شەڕێکیان هەڵایساندبێ، خوا کوژاندوویەتیەوە، ئیدی هیچ فرو فێڵێک نەما، نەیکەن و، هەموو غەدر و نامەردییەکیان تاقی کردەوە. لەم ماوەیەدا، دانیان بەخۆدا نەگرتووە و چەندین جار هێرشیان کردووە و، هاتوونەتە سەرمان، نزیکەی پەنجا هەزار شەڕوان و جەنگاوەری سوارە و پیادەیان لێ کوژراوە، بێگومان هەموویان بە مەرگ دەگەیێنین. گرووپی خواناسان، گرووهی گومڕاهان لەناو دەبات. ئێمە، وامان دەزانی کە لەناومان بردوون و نەماون، کەچی هەر زۆر دەبن و هەڵدەقوڵێن، وامان دەزانی فەوتاون

کەچی هێشتا هەر ماون، شەڕدەکەن. ئەمانە سووتەنیی ئاگری شەڕن، خۆشەی شمشێر و کوتەکن، خۆیان بۆ مەرگ و بۆ گۆڕستان بەکوشت دەدەن، وا دەزانن کە لەوەش زیاتریان لەدەست دێت. کە ساڵی تازەش هاتە بەرەوە، لەبەر خاتری دۆست و سەربازانی ناو شارەکە کە لە شەڕدا زۆر ماندوو بوون و، لەوە زیاتریان لە توانادا نییە، ویستمان ئۆرەی پاراستنی شارەکە بە کەسانی دی بسپێرین، کەلێنەکان پڕ بکەینەوە و، هەڵەکان ڕاست بکەینەوە. لەناو شاردا، زیاتر لە دە هەزار زەلامی بە جەرگ و ئازا و فارەمان هەبوون، ئەوان لە شار دەرچوون و جێگەیان پڕ نەکرایەوە، بەڵام ئەوانەی کە چوونە ناوەوە و، ویستیان جێگەیان پڕ بکەنەوە، وەك ئەوان دڵگەرم و پەرۆش نەبوون، دەریاش لەوەزیاتر ڕێگای پێ نەدان و، دوژمنیش بە پەلە گەیشتە جێ و، ناو شاریش هەند پڕ بوو، جێگای ئەو هەموو خەڵکەی تێدا نەدەبووەوە و، کەسی دیکەی نەدەگرت، ئیدی پەنای بردە لای خوا، لە شەڕ و بەلا بیپارێزێت. ئنجا مەلیکەکانی فەڕەنگیش هاتن، بەڵام ئەم هاتنەی ئەمساڵیان وەك هاتنی ساڵانی پێشتر نەبوو، غەزەب لە چاویان دەباری و، بە ڕق و کینەوە، کەوتنە کار و، دۆزەخیان بە پەلە هێنایە جۆش و، یەکسەر دەستیان بە ئاگر باران و سووتاندن کرد، هەرچی لەشکرە، ئەوە، هەر بەلێشاو دەهات، هەموو شارەکانی خۆیان، لەبنڕا کرد بە سەرباز و، لە کەشتی و گەمییان هاویشتن و تیرە و نەتەوەی داخ لەدڵی هەمەجۆریان هێنایە سەر (عکا). هەردوو مەلیکی فەڕەنگ و ئنگلیزیش، بە لەشکری سوارە و پیادەوە، بەوپەڕی تەدارەکەوە، بە ئاقڵ و کەوودەنەوە، بە قورس و بە سووکەوە، بە پتەو و بە پووکەوە، بە دەبابە و مەنجەنیقەوە هاتوونەتە سەرمان و، تەنیا، لە یەك جێگە دا، سیازدە مەنجەنیقیان لێمان دامەزراندووە، هەر بەردێکمان تێدەگرن، چەند بەردێکی شوورەکەمان دەترازێنێت و دەیخات. جێگای بەرز و بەرچاوەکانی شوورەکەیان رووخاندووە، کەندەکەکەیان پڕ کردووەتەوە، کەلێن و کون و کەلەبەریان لە شوورەکە خستووە. گەلێك لە دەوڵەمەند و پیاو ماقووڵانی شارەکە لە دین وەرگەڕاون، کەوتوونەتە کۆمەکی ئەعلەتییەکان. دیوار و

شوورە و تاوەرەکان رووخاون و کەوتوون، بەسەر درز و کەلەبەرەکانەوە ئاڵای کفر و، کۆڕی هەمەج دیارن. بەڵام برادەر و دۆستانمان هێشتا خۆیان ڕاگرتووە و، ورەیان بەرنەداوە و، بە سەبرن، کەلەبەرەکان بە جەستەی خۆیان پڕ دەکەنەوە، بەردی مەنجەنیقەکان کە بە سەرماندا دەبارێ، ئەمان دەیکەن بە خوودەی سەری خۆیان و، سنگیشیان ناوەتە بەر تیربارانی دوژمن. خوێن بە بژانگ و لچ و لێویاندا دەچۆڕێ و، فریشتەکانی ئاسمان سوپاسگوزاری لەخۆبوردەیی و گیانبەخشییان دەکەن. پەلاماری دوژمن دەدەن و، بڵاوەیان پێدەکەن و، دڕ بەرپێزەکانیان دەدەن، بڕیان دەدەنێ و لەتریان پێدەدەن و ساتمەیان پێدەکەن. دوژمن گەر هێرشی بێنێ، بە دەمی شمشێر بەرسنگیان دەگرن و بڵاوەیان پێدەکەن. برادەرانمان شەڕدەکەن، پەلامار دەدەن، خۆیان ماندوو دەکەن و، تینیان بۆ دەبەن، هەموویان بە سەربەرزی وەستاون و هەمیشە شمشێری رووتیان بەدەستەوەیە، فاچیان لە گۆمی خوێنا چەقاندووە و، بەرەو بەهەشت ماڵاوایی لە برادەران و کەسوکاریان دەکەن و، دوژمنی کافریان هەواڵەی دۆزەخ دەکەن.

بەڵام هەندێ لە میرە ترسنۆکەکان، ناپاکی و خیانەتیان کرد، لە جیاتی شەرم و حەیا، ژیانی سەرشۆڕییان بەگەن کرد، خاکیان بەجێ هێشت و بەرەو نەگبەتی و بەلای کفر رایانکرد و، هانایان بۆ دوژمن برد، وایان دەزانی بەو رەفتارە ناپاکەیان رزگاریان دەبێت، بە سواری گەمییەکی بچووک ـ کە پێشتر بۆ ئەم رۆژە ئامادەیان کردبوو، خۆیان دەرباز رکرد، زامی هەمیشە بە ئازاری تف و نەعلەتییان، لە زامی تیغ بە باشتر دانا، هەندێ لە کەسانی وەکو خۆشیان لەگەڵ خۆدا سوار کرد، بەم راکردنە، ورەی سەربازانی تر و خەڵکەکەشیان سارد کردەوە و، ئەژدیهای کافریشیان زێتر دەم شیرین کرد. بەڵام دۆستان و دڵسۆزان لەگەڵیاندا نین و ملیان بۆ نەداون، پشتیان لە شەڕ نەکردووە و، سەنگەریان بەرنەداوە و، هێشتا هەر لە ریزی پێشەوە شەڕ دەکەن، لە شەڕی گەورەتریش ناترسن و سڵ ناکەن، چەکدارێکیان پشتێن بۆ دە سەربازی دوژمن ناگاتەوە، خۆ لە شەڕ نادزنەوە، رۆحی خۆیان بە ئەمانەت دەزانن.

ئێستا، شەڕەکە گەرمە، کوشتار لە شوورەکەوە گەیشتە ناو ماڵەکان، لە سەری کۆڵانەکانەوە گەیشتە ناو کۆڵانەکان. دوژمن بە بێدەنگییەکی نیوە شەڕو، بە خشکەیی و، بە ترسێکی خراپتر لە خورپەی دڵ، هەروا، بەرەو ناو شار، هێرش دێنێ و دەکشێ، دوژمن زۆر و بێشومارە، هێز نییە لەبەر دەمیدا بووەستێ و پێشی لێ بگرێ، ئەگەر قەزاو قەدەری خوا نەبوایە و، ئەو کەلێن و لاوازییەی خۆمان رووی نەدابا دوژمن چ جای بوو، بێتە ناو (عکا) و، مل، بە (عکا) کەچ بکات. (عکا)یش لە دەست بچێ، ئایین و ئیمان لە دەست نەچووە. (عکا) داگیر کرا بەڵام دەوڵەت ماوە، ئەگەر دڕیان بە ریزی لەشکری (عکا) دابێت و، هاتبنە ناوەوە، بەڵام هێشتا بنەماو پەرگەمای نەپچڕاوە. ئەمە قەدەری خودایە، خودا، ویستی لەخەو بێدارمان بکات و بە ئاگامان بێنێت و غیرەتمان بە بەردا بکات و، کانیاوی هیممەتمان بتەقێنێتەوە و، بەختی خەواڵوومان هەستێنێتەوە و، رامانپەڕێنێ و، هێز و وزەو توانستمان بۆ تازە دەکاتەوە و سەرمان دەخات. ئێمە، هەتا ئێستاش، وەك جاران، بەسەر کەندەکەکانیاندا هەواڵەین و، دەستمان لە بینیان گیر کردووە و، مەرگ بەسەر حەشارگەکانیاندا دەبارێنین، هەموو رۆژێکیش بۆ شەڕی دەستەو یەخەو تاڵاوی سزای مەرگ رایاندەکێشین، بە زەرووی تێر لە خوێنی رەش، ئاوی خواردنەوەیان رەش دەکەین. ئەوەیان هاتبێتە ژوور، ناچێتەوە دەر، ئەوەیان گەیشتبێتە ئێرە، تازە، بەدیدار شاد نابێت، ئەوەش کە بەرەو سارای مەرگ چووبێت، لانەو خاووخێزان شیوەنی بۆ دەکەن، کامیان دەرکەوێ، مەگەر کەمتیار گۆڕی داپۆشێت. ئەوان پاڵیان لێ داوەتەوە، لە خێوەتگای خۆیان ئابزوون، حەز ناکەن جێگای خۆیان بەجێبێڵن، هەوارگەی خۆیان پێخۆشە، چونکە حەز لە مەیدانی حوشترەمێیان ناکەن، لەبەر ئەوە، جارجارە، بە ترس و لەرزەوە دەردەچن بۆ شەڕ و، جاروبار سەر هەڵدەبڕن و بە دەورو پشتی خۆیاندا دەڕوانن، خوا یاربێ لە هەردوو حاڵەتەکەدا، چارەنووسیان هەر مردنە و، قڕ دەبن، روو لە هەر لایەك بکەن، پێشیان لێ دەگرین، لەهەر جێگەیەك کۆڕ ببەستن و مۆڵ بین، بۆ مەرگ فەرموویان لێ دەکەین، دیارە بە تەماو

نیازی (عكا) ددان تیژ دەكەن، چونكە لەسەر تەماع پێك هاتوون، بۆ شەڕ جەم بوون و، وەك پەروانە، بە دەوری ئاگری شەڕدا دەگەڕێن و منەی مەرگ دەكەن (واتا لە شەڕ دەگەڕێن) بەڵام پێخەفی گەرموگوڕیان، هەر خاكەو گۆڕە. دوژمن گەر خۆی دەرخات، مردن چاوەڕوانێتی، هێز و هەیبەت و غیرەت بەرامبەری وەستاوە، لەشكری خۆمان لێیان بەئاگایە و، بێتە پێش، دەیبڕوێنن. ئەنجومەن جێگای شانازییە و پشت و پەنایە، بۆ لەناوبردنی خاچدروشمان، لەسەر پێیەو ئامادەیە، بە لەشكری گەورە و گران، دوژمن هەڵدەلووشێ، بە پشكۆی سوور، بە تەنووری پڕ لە گڕ و نێلەنێل، بە هێزی بێشوماری خوێنڕێژ، وەك سكەی دراو، لە ئاگری شەڕدا دەتوێنێتەوە، وەك ئاژەڵ كەوڵی دەكاو، مووی هەڵدەكرووزێنێ. بێگومان، ئەم راپەڕینەی لەشكرە، ئێوەش رادەپەڕێنێ و، بانگتان لێ دەكات. كەسێكیش بۆ ئەم كارە خێرە بانگ كرابێت، بە دەنگەوە دێت و، دەگاتە (عكا) و چاوەڕوانتانین.

## پاشکۆ ـ ژمارە (٥)

## نامەی سێیەم

## (بەشێکە لە نامەیەك بۆ موزەففەرەددین)

**«هۆکاری بانگکردنەکەی روون دەکاتەوە کە دوای دەرچوونی لەشکری دوژمن رووی دا»**

کە دوژمن لە داگیرکردنی (عکا) بووەوە و، بەتەواوی دەستی بەسەر شارەکەدا گرت، ئیدی وای دەزانی هەموو هێلکەیەك بەزە و، هەموو رەشێك رەژووە، بۆیە بەرەو شاری حەیفا ملی ناو، خۆی تووشی رێگای هات و نەهات کرد، وەك کەرە دێزەکە، مردنی خۆی و زەرەری خاوەنی رێگای هەڵدێری گرتەبەر ـ بە درۆ گوایا مەبەستیە بچێت بۆ عەسقەلان، بەڵام بۆی نەچووە سەر و، خوا مەبەست و درۆی ئاشکرا کرد، ئێمەش بەرمان لێ گرت و تووشی داموداومان کرد. ئەم رۆیشتنەیان کەوتە سەرەتای مانگی شەعبانەوە، مەلیکی ئنگلیز فەرمانداریان بوو، بەرەو مەرگی دەبردن، ئەوانە کە خۆیان دۆزەخینە، بەرەو دۆزەخی بردن. ئێمەش، لێگا، لێگا لەم جۆرە مەرگەمان پێ دەبەخشین و، لە لارێگاکانەوە، دوور و نزیك لەچاو بزرمان دەکردن، وەك سێبەری خۆیان لێیان جیا نەدەبووینەوە. رێگەمان لێ دەگرتن و، جاروبار، بە درێژایی رێگەکە پەلامارمان دەدان و شوێنەونیمان لێیان دەکرد و، دەمانکوشتن. هەر لە یەکەم رۆژی بەرێکەوتنیانەوە چەرخەچییە چالاك و بە ئەزموونەکانمان، بە فڕەیفێڵ سەربازی زیانی گەورەیان لێ دەدان و دەیانکوشتن، پاشکۆی لەشکری دوژمنیان زێتر دوا دەخست و نەیاندەهێشت بگەنەوە بە پێشەنگی لەشکر، ئەسپ و سوارە و پیادەیان لێ دەکوشتن و، بە هەموو شێوازێك خەڵتانی خوێنیان دەکردن. تالانێکی زۆریان لێیان سەند، چەندین زەلامیان لێیان سەر بڕی، گەلێکیان راپێچ

کرد و رفاندیان، تا مردن دارکارییان دەکردن، قوماش و چەك و کوتاڵیان لێ سەندن، هەر زەلامێك دەستیان پێی ڕاگەیشت، وەك مریشك ئاوەڕووتیان دەکرد، پەڕوباڵیان پێوە نەهێشتن، تا دوژمن گەیشتە سەر رووباری حەیفا، لەوێ قەرارگایان دامەزراند و خێوەتیان لێ هەڵداو، باریان خست، لەوێش، ئەوەی کە مابوو بەر شمشێریان دا، لەسەر ئەو رووبارە کەوتنە حەوانەوە و تیمارکردنی بریندار و ناشتنی مردووەکانیان، بەڵام ئێمە، دیسان پێشیان کەوتین، ڕێگامان لێ گرتن، نیازمان ئەوەیە پرشوبڵاویان بکەینەوە و، پەڕەوازەیان بکەین. بە هیممەتی خودا، دەست و بازووی بەهێز کەوتەوە رفاندن و کوشتنیان، پشتمان بەخوا قایمە، ریزەکانمان یەك بخات و خڕمان بکاتەوە، تا بتوانین پەڕەوازەیان بکەین و لێکیان دابڕین. بۆ ئەوەی، شادمان ببین و دوژمن جوانەمەرگ بێت و، مژدەی سەرکەوتن ببەین بۆ ئەنجومەنی جەنگ، تا ئەویش پیرۆزبایی لە سەرکەوتنمان بکات، خۆ ئاسایی رێنماییمان بکات. بە ئومێدی ئەوەی وشکە ساڵی ئومێدمان بە بارانی بەهار ببووژێنێتەوە و، ژیانمان بکاتەوە بە چەمەن و گوڵزار و، بێبازاڕیی ئایینیش ـ گەر روویدابێ ـ برەوی پێ بداتەوە. ئەو خاوەن چاکە و کەرەمەش، چۆن تۆڵەی ئیسلام لەبیر دەکات، لە (عکا) ئافرەتی شەرەفمەندیان بە دیل گرت و بردیان. ئەگەر باش رامێنی، دەبینی، کە بەڵاکە، بەڵایەکی گەورەیە و، لێقەومانێکی سەختە، بە هیممەتی خوا نەبێت لە کۆڵ نابێتەوە، خەمەکەش پێی داکوتاوە، ئەو راینەماڵێ، دەمێنێ، ئەم قەرزەش هەر بە سەرۆك وەردەگیرێتەوە.

# Muzzafarnama - Erbil'in Sultanı Sultan Muzafferettin Gökbörü (1154-1233)

Bu kitap, siyasal ve tarihsel bir araştırma olup Ebu Sait El Melik El Muazzam ve Emirlerin kralı olan Sultan Muzafferettin Zeyneddin Ali Küçük'ün rol ve etkisi hakkında yazılmıştır.
Bu araştırma tarihsel-siyasi bir yazı olup Erbil'in büyük şahsiyeti, büyük sultanı, kıymetli serdarı ve Erbil Kalesi'nin medarı iftiharı hakkında hayata geçmiştir.
Erbil Sultanı Muzafferettin Gökbörü, 45 yıl süre zarfında Erbil ve Şahrezur bölgesinin hakimiyetini sağlamıştir ve hüküm sürmüştür.
Maalesef kütüphane repertuarımızda kişiliği, rolü ve toplumdaki ağırlığı üzerine çok nadiren çalışmalar yapilmıştir. Bazı tarihsel kitaplarda hayatının bir bölümü geçiyor. Fakat biyografik veya tarihçiler tarafından herhangi özel bir kitaba işlenmemiştir. Böylelikl bu büyük insanın hayatını anlatan herhangi bir kitap basılmamıştır. Sultan Muzafferettin Musul'da hayata gözlerini açmıştır. Buna rağmen herzaman Erbil şehrine farklı duygular beslemiştir. Buna ilaveten kalben hep Erbil'de olmaak istemiştir. Kendisi Erbil'in asil ailelerinden birine mensuptur. Musul'da döndükten sonra ailesi ile birlikte Şam'a taşınmışlar. Sultan Muzafferettin, Selahattin Eyyübi'nin en önemli kumandanlarından birisiydi. Cesurluğundan dolayı Selahattin'in yakınlarından birisi olmuştur ve sonuç olarak

Sultan Selahattin kendi kız kardeşi olan Rabia hatununu Muzafferettin′le evlendirir. Evlilikten sonra Sultan Muzafferettin ile beraber Erbil′e taşınırlar. Gelişten hemen sonra her ikisi Erbil halkı ile 40 yıllık mesut ve iç içe bir hayat yaşarlar. Her ikisi Erbi Kalesi′ne aşıktılar. Milletle kol kola zorlukları ve refahiyeti brlikte tattılar.

Kişilikleri ve davranışları Erbil halkının ve Türkmenlerin gurur kaynağı olmuştur. Türkmen halkı Erbil′de yaşamış cömert, cesur ve gönlü bol Sultan ile gurur duymalıdır.

Elime geçen bazı tarihsel kaynaklara baktığım zaman gerçekten yüzüm kızarıyor. Çünkü Sultanın iman, takva, berraklık ve yüksek insanlık erdemlerine sahip birisi.

Şahsım olarak eski tarihlerde yaşamış Sultan Muzafferettin kadar mert, cesur ve keramet sahibi bir insanla karşılaşmadım.

Eski kaynaklara göre Sultan Muzafferettin Erbil hakkında şunları söylüyor:

‹′Eğer ki Erbil Tekrardan nasibim olursa, varımı yoğumu üç bölüme ayıracağım:-

Bir kısmını fakir fukaraya, diğer kısmı ile Erbil′i tekrardan imar edeceğim, son bölümü ile de devamlı olarak hayır işlerine ayıracağım″.

Sultan Muzafferettin kendine has kişiliği ile yaşanan bütün savaşlara dahi olmakla birlikte Sultan Selahattin Eyyübi ile beraber El Hattin savaşına katılmış olup büyük bir zaferle çıkmıştır.

Halklar herzaman karizmalı ve şahsiyetli liderlere ihtiyaçları vardır. Bundan dolayı Türkmen milleti kendi

kültürlerine, anenelere ve tarihleri ile gurur duymalılar. Şahsım bu hususta Sultan Muzafferettin'e ait döviz, bayrak, karizması ve kalıntıları toparlamak istiyorum. Topladıktan sonra da çıkardığım kitabımda yer vermek istiyoruz.

Muzafferettin gökbörü ve saltanatı kendi bayrak, sınır ve dövizine sahip olmuştur. Erbil Kalesi'nde başkanlık divanı varmış ve oradan yönetiyormuş. Gündelik olarak saltanatları hakkında vezirleri, yazarları ve şahsiyetler ile istişarede bulunmuştur.

Erbil Türkmenlerinin saltanatı, osmanlıların tarihi ile yakından veya uzaktan ilgisi yoktur. Osmanlılar 1299 yılında saltanat sahibi olmuşlardır, fakat biz Erbil'in koca kalesinde 1160'lı yıllarda Zeyneddin Ali Küçük hanedanı tarafından saltanat sürmüştür. Kürdistan'nın kalesinde halklar birlikte yaşamış olup, Sultan Muzafferettin tarafından hepsine aynı gözle bakılmıştır. Ve aynı vizyon ile halklara ve farklı dine mensup olan şahıslara yaklaşmıştır.

Bu araştırma o dönemin şartlarını anlatan ve Sultan Muzafferettin'in gurur dolu yıllarına ışık tutan ve Mısır'ın ünlü yazarlarından olan Dr. Abdulkadir Tuleymat tarafından kitap haline getirilmiştir. Kitabın tarihi 1963 senesine dayanıyor ve o dönem Arap Medya Zinciri projesi tarafından hazırlanmıştır. Kitabı çevirdiğim zaman bazı eksiklerin olduğunu farkettim. Bundan dolayı araştırmamızı Sultanın ve eşinin hayatı ve kalıntıları üzerine yapmaya karar verdik.

Her başarılı Erkeğin arkasında güçlü bir kadın vardır demişler eskiler. Gerçekten bu deyim tıpa tıp yerine

oturuyor. Sultan Muzafferettin Gökbörü'nün arkasında Rabi Eyyübi hatun bulunuyor. Oda Sultan Muzaffer gibi aynı kişisel özelliklere sahipti. Yardımseverliği, gönlü bolluğu ile örnek bir kişiliğe sahipmiş.

Bu kitabı yazmaya başladığım süre zarfına kadar, sultanın hayatı, liderliği, dili ve asaleti ve aynı zamanda ölümü hakkında bazı gölgeler vardı. Maalesef Tarihçiler arasında Türkmen ve Arap olanların marifetsiz ve cahilse yanlış bilgi ve sözler aktarmışlar.

Biz bu kitabı yazmaya başladığımız zaman farklı farklı kaynakları ele aldık ve bir tim halinde şahsiyeti ve diğer teferruatlarını çözmeye çalıştık. Bu araştırma esnasında bazı hakikatlere vardık ve bu hakikatları tarih nezdinde ortaya çıkarmak istiyoruz:

Sultan Muzafferettin Zeyneddin Ali Küçük, diğer adıyla tanınan Sultan Muzafferettin Gökbörü, Türkmen bir lider olup üstün liderlik vasıflarına sahip Allaha yakın bir serdardır. Bütün Türkmen Milletinin ve Erbil halkının onunla gurur duyması lazım.

Kendisi Musul'da hayata gözlerini açmıştır. Fakat vefatı Erbil'in kale altında bulunan evinde hayatını kaybetmiştir. Tarih ramazanın 18. günü olan Cumayı gösterdiğinde ve miladi takviminin 1233 yılına denk geldiği gün bir sürelik kalede bulunan mezarlıkta gömülmüş, sonradan şuandaki Ebil valiliğinin yanında toprağa verilmiştir, sonrada mezarı bir türbe haline getirilmiştir.

Erbil'de 45 yıllık adilane bir hüküm sürmüştür. O dönem, bölgenin bütün milletleri Erbil şehrinde bulunmuşlardır.

Aynı zamanda dini oluşum olarakta Hıristyan, Yahudi ve Ezidileri kendisine barındırmıştır ve hepsi birlikte yaşamlarını sürmüşlerdir.
Rabia hatunun Sultan Muzafferettin'den 3 çocuğu olmuştur. Birisi erkek, diğer ikiside kız. Erkek olanın adı, Sait'tir. Kız olanların ise Sahibe ve Asiye'dir. Sultanın vefatının ardından Rabia hatun Erbil'i Şam'a doğru bırakmış, kendi ailesinin yanına gei dönmüştür. Mezarı, El kasiyun Dağının eteklerinde bulunan ve El Sahibe adını taşıyan bir okua göülmüştür. Okul kendi kızı adına inşa edilmiştir.
Erbil Saltanatı kendi döviz (Dirhem) ve bayrağına sahipmiş. Bir devlette gerekli olan bütün esasları kendisinde barındırmıştır.
Sultan keramet sahibi olup cesur bir lidermiş. Erbil Kalesi ve Erbil için Bağdat'a giderek Abbasi devletinin halifesi ile görüşüp Erbil Kalesi'ni Muhafaza ve halkınıda korumak için halifenin karşısına çıkmıştır.
45 yıl içerisinde Sultan, Erbil'i islam medeniyetinin merkezi haline getirerek birçok projeye imza atmıştır. Devlete ait kurumları inşa ettirmiş ve ayrıca 3 aya kadar İslam Peygamberinin doğum münasebetinden dolayı mevlüt okutmuştur.
Arafat Dağının eteklerinde su projesi ve bir cami inşa ettirmiştir. Ayrıca cıvar ülkelerde de El Muzafferiye adında okullar açmıştır. Ayrıca sürekli larak İslam ordusunun rehinleri için serbest bırakılma pahasına paralar ve fidyeler vermiştir.
Erbil Kalesi ilerleme ve Ehli iman olmanın mşalesini

taşımış olup tasavvuf ve insanlığa önem vermiştir. Sultanın ölümünden sonra ülkeyi kara ve soğuk bir sis kaplamuş olup maalesef Erbil'in çırası sönmüştür.
Fakat adı, tarihi ve yaptıkları hayır işleri, buna binayen camileri herzaman kalplerde yerini etmiş olup yerini korumaktadır.
Her ne kadar bu koca insan hakkında yazmak zor olsada bir kitaba yerleştirmek bir o kadar da zor. Arştırmalara sığmayan bu koca insan hakkında bendeniz bukadarını yapabildim. Dileği, yazar ve tarihçilerin bu konu hakkında daha fazla yazması.
Adı, gölgesi ve şöhreti herzaman kalbimizde kalacaktır ve buna binayen bir gölge misali peşimizde olacaktır.

Biz şuanda Erbil Kalesi'nin cömertliği, cesurluğu ve imandalığı ile nam sanmış Sultan Muzafferettin Gökbörü ile yüzleşiyoruz. Bundan bölye bütün Erbillilerin birzamanlar hoşgörülü, mert ve gönlü yüksek olan bir Sultana sahip oldukları için iftihar etmeliler.
Allah bütün maksatların arkasındadır

# Muzzafarnama - Erbil Sultan
# Sultan Muzafferettin Gökbörü
# (1154-1233)

An Historical –Political study about the roles and the state experience in Erbil under the presidency of a great sultan.

This book is a political and historical research on the role and the influence of Sultan Muzafferettin Bin Zeyneddin Ali Kuchuk, who was the king of all princes in Kurdistan , "El Melik El Muazzam" King of all Emirs.

This study is a historical-political book about Erbil's great personality, great Sultan, precious leader and prince of Erbil Castle.

The Sultan of Erbil, Abu Sa'eed Muzafferettin Gökbörü ruled Erbil and Şhahrezur province over a 45-year period. And before him , the country was been rolled by his father.

Unfortunately, the library has rarely contained books and studies on this personality, his role and his status in the society of his time. In some historical books a part from a short stories about his life and death, there is no books written by any biographer or historians about him. Thus, no book has been published describing the life of this great man. Sultan Muzafferettin opened his eyes to life in Mosul, he was born in 1154.

Nevertheless, Erbil has always been in his heart and emotions. In addition, his heart always wanted to be in Erbil. He belongs to one of the Erbil's noble families. Upon his return

to Mosul, he and his family moved to Damascus. Sultan Muzafferettin zainatin ali kuchuk , was one of the most important commanders in the Selahadin Eyubi's Army. He became one of the relatives of Selahattin due to his courage and as a result, Sultan Selahadin married his sister Rabia khatun to Muzafferettin. After marriage, she moved to Erbil with Sultan Muzafferettin. Immediately after the arrival, they lived a life of 40 years and shared their life with the people of Erbil.

Both of them were in love with Erbil Castle. They have experienced the challenges and shared prosperity of the life together. Their personalities and behaviors have been a source of pride for the people of Erbil and Turkmens.

The Turkmens should be proud of the generous, courageous and hearty Sultan who lived in Erbil. When I look at some of the historical sources I really get, my face is flushed because of the Sultan's faith, loyalty to God (Taqwa), clarity and high human virtues. As a person who lived in ancient history Sultan Muzafferettin as much as a man, a man who was brave and miracle. According to former sources, Sultan Muzafferettin says of Erbil:

If Erbil has again become under my leadership, I will divide the wealth of Emirate into three parts:

Part would be spent for the poor and needy people.

The other part of Erbil wealth will be used for reconstruction, and the last part of it would be used in the continuation of charitable work '' he said.

Sultan Muzafferettin, along with Sultan Selahadin Eyubi, participated in the battle of El Hattin and all other battles.

People always need charisma and personality leaders. Therefore, the Turkmen nation should be proud of their culture and history.

I want to collect the exchange, flag, charisma and ruins of Sultan Muzafferettin. After collecting, I want to include it in my book. Muzafferettin Gökbükü and his reign had his own flag, border and currency.

Erbil Castle had a presidential council and ruled from there. He consulted with his officials, writers and personalities about his reign daily. The reign of Erbil Turkmens has nothing to do with the history of the Ottoman Empire.

The Ottomans were ruled by the Ottoman Empire in 1299, but in the 1160s in Erbil's great castle, Zeyneddin Ali was reigning by the Kuchuk dynasty.

The people lived together in the castle of Kurdistan and Sultan Muzafferedin looked at them all the same. And with the same vision, they approached people belonging to different religions and nations.

This research is about the conditions of that period and shade light on the prideful years of Sultan Muzafferettin by the famous writer of Egypt turned into a book by Dr. Abdulkadir ahmad Tuleymat.

The book dates back to 1963 and was prepared by the Arab Media Chain project. When I translated the book, I realized that there were some shortcomings. And the question need more information.

Therefore, we decided to do our research on the life and ruins of the Sultan and his wife. It is said that -every successful

man has a strong woman behind him-. This statement is really suitable for the Sultan Muzafferettin Gökbörü's wife, Rabia khatun Al-Eyyübi. The women had the same personal features as Sultan Muzaffer.

He had an exemplary personality with his charity and hearty abundance. Until I began writing this book, there were some shadows about the sultan's life, his leadership, his language and nobility, as well as his death.

Unfortunately, historians have conveyed false information and words about the Turkmen and Arabs who are unjust and ignorant. When we started writing this book, we discussed different sources and tried to solve the personality and other details as a team. We came to some facts during this research and we want to reveal these truths in the past.

Sultan muzzferedin was a great leader, served his country as a patriot man and he will reside in the memory of the nation forever.

In general our book try to collect all information , truth about the life ,roles and the death of one of the most famous leader in the history of Erbil .

The people of Erbil should be proud to have a great king like Sultan Muzzaferedin Gogbru …

**Khasro Pirbal**
**Erbil –Iraqi Kurdistan**
**Pirbal@hotmail.com**
**Facebook: khasro Pirbal**
**Tel 009647504461416**






◄ پاشماوەی ئەو خانووەی کە سوڵتان موزەفەر تێیدا ژیاوە و کۆچی دوایی کردووە لە هەولێر لە ناوچەی الربض - لە خوارەوەی قەڵا، کە دەکاتە گەڕەکی عارەبانی ئێستا لە هەولێر



◄ رابیعه خاتوون مەلیک نجم الدین ئەیوب شادی الایوبی
خوشکی سەلاحەدین ئەیوبی و خێزانی سوڵتان موزەفەرەدین ئەلتورکمانی (١١٦٤ - ١٢٤٤) لە دیمەشق لەدایک بووە، هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.



◄ سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو
ابو سعید مظفرالدین الترکمانی



◀ زومردە خانم - ست الشام- خوشکی رابیعە خاتوون






◀ وێنەی شیرێکی کۆنی خاچپەرستەکان - لەژێر خانوویەکی گەڕەکی سەرای هەولێر دۆزراوەتەوە لەشەڕ دەستی بەسەردا گیراوە، ئێستاکە لای سەنعان ئەحمەد ئاغایە لە هەولێر



◀ جلوبەرگی هەولێرییەکان لە سەدەی حەفدەهەم زاینی



◄ سوڵتان موزەفەر - امير اربل -



◄ سوڵتان موزەفەرەدین زەینەدین عەلی کوچوک



◀ قەبرو مەزاری سوڵتان موزەفەر لە هەولێر
پایتەختی هەرێمی کوردستان - ٢٠١٩





◀ وێنەی سەر قەبری سوڵتان موزەفەر -هەولێر-



◀ پاشماوەی ئەو خانووەی کە سوڵتان موزەفەر تێیدا ژیاوە و کۆچی دوایی کردووە لە هەولێر لە ناوچەی الربض - لە خوارەوەی قەڵا، کە دەکاتە گەڕەکی عارەبانی ئێستا لە هەولێر



◀ پاش شەڕی حطین خاچپەرستەکان چەکەکانیان رادەستی سوڵتان موزەفەر دەکەن



٣١٩ ١٨٣٥

باقی کاتبی وکیلی سید اسماعیل افندی
مکتب رشدیه معلمی عبد الکریم افندی
محمد افندی
رؤف

نفوس مأموری صالح افندی
نفوس کاتبی عبد القادر افندی
ویرکو مأموری عبد الحافظ افندی
طابو کاتبی مختار افندی

﴿قضایه ملحق نواحی﴾

(دزه یی ناحیه سی)

مدیر صالح افندی کاتب عبد المجید افندی

(سلطانیه ناحیه سی)

مدیر محمد علی افندی کاتب نوری افندی

﴿اربیل قضاسنه دائر معلومات﴾

اربیل قضاسی مرکز لوانک جهت غربیه سنده واقع طولاً ٥٠ ، عرضاً ٣٠ ساعتلک مسافه ده [illegible] ... قصبه ده [illegible] (٧٥٩٠) نفوس ، ١ قلعه ، ١٠ ... ١٣٢٠ خانه ، ٩٣٧ دکان ، ٦٠ جامع ، ٣٠ مسجد ، ١١ مدرسه ، ٦٠ مکتب صبیان ، ١٠ مکتب رشدیه ... اربیل قصبه سی ... اربیل قصبه سنده ... ملک مظفر الدین ... (وفیات الاعیان) مؤلفی مشاهیر علمای اسلامیه دن احمد بن محمد بن ابراهیم بن ابی بکر بن خلکان ... اربیلده تولد ایلمشدر . داخل قضاده ... [illegible]

﴿صلاحیه قضاسی﴾

[صنف : ٢]

قائممقام : عبد العزیز افندی

نائب سید رشید افندی الامیرلایه محرری مالمدیری عثمان افندی
مفتی محمد سعید افندی تحریرات کاتبی خضر افندی خامسه

◀ له بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا باس لە قەزای هەولێر دەکات

# {معلومات حول قصبة أربيل}

يقع قضاء اربيل في مركز لواء اربيل في الجهة الغربية والواقع ٤٠ طولا و ٢٠عرضا على بعد مسافة ساعة وسكان الاصليين لمدينة اربيل هم ترك واذكياء وبقية سكانه من العرب والكرد.ويبلغ نفوس اربيل من الذكور والاناث (٧٥٩٠) نسمة . وفيها قلعة واحدة .دار حكومة واحدة و مخزن واحد وثلاث حمامات و ١،١٢٠ دار و ٦٣٧ دكان و ستة جوامع ثلاثة مساجد . و١١مدرسه ، ٦مكاتب للصبيان ومكتب رشيديه . ومركز للشرطة .قصبة اربيل عبارة من قسمين . القسم الاول المتمثل بالقلعة والقسم الاخر المحلات الموجودة في سفح القلعة والسوق الكبير .يوجد في أربيل عدد قليل من الموسويين (اليهود) وعامة سكانه من المسلمين وفي داخل القضاء هناك قرية اسمها (عنكاوة) وأهله من الكلدان . وعلى بعد ربع ساعة من مركز المدينة هناك منارة عتيقة ارتفاعها ٨٠ م . بناها أحدى ملوك الاتباكيين وهو الملك مظفرالدين وقبره خارج القصبة . أربيل مدينة قديمة جدا وهي منشا العديد من الادباء والشعراء الافاضل . وأشهر الكتب الموجودة في اربيل هوكتاب (وفيات الأعيان) مؤلفه من مشاهير علماء المسلمين وهو أحمدبن محمدبن ابراهيم بن ابي بكر بن خلكان البرمكي والذي ولد سنة ٦٠٨ في اربيل. وفي داخل أربيل هناك العديد من الخيم يسكن فيها العديد من عشائر الكرد والعرب .

ترجمة (شيرزاد شيخ محمد)




◀ پاشماوەی سەرای (ئاق سەرای) کە پاشان بۆتە قەرە سەرای، ئەو خانووەی کە سوڵتان موزەفەر تێدا لە دایک بووە لە قەڵای موسڵ.




◀ ئاق سەرای شوێنی لە دایکبوونی سوڵتانی گەورەی قەڵای اربل و دەشتی شارەزوور سوڵتان موزەفەرەدین زەینەدین عەلی کوچوک




◄ وێنەی حەوشی مزگەوتی قەڵا یەکەمین مزگەوت لە مێژووی قەڵا و هەولێر و ئەو شوێنەیە کە سولتان موزەفەر نوێژی لێکردووە و بۆ یەکەمین جار مەولودنامەی تورکمانی تێدا خوێندراوەتەوە .



◄ وێنەی دەرگای ماڵی سولتان موزەفەر لە الربض-
پاشان دەبێتە قشلەی سووار - گەڕەکی عارەبان




◄ جلوبەرگی خەڵکی قەڵای اربل




◄ جلوبەرگی خەڵکی قەڵای اربل




◀ نەخشەی کۆنی ئیمارەتی اربیل و شام





◀ یەکەمین وێنەی میحرابی مزگەوتی قەڵای اربل






◄ هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر قەڵای هەولێر




◀ زومردە خاتوون-ی خوشکی رابیعە خاتوون



طاولة بشعة فوق ضريح ربيعة خاتون / عماد الأرمشي

◄ قەبری رابیعە خاتوون خێزانی سوڵتان موزەفەر لەناو قوتابخانە الصاحیبە لە دیمەشق



مدرسة الصاحبة انشاتها ربيعة خاتون اخت السلطان صلاح الدين الأيوبي سنة ٦٢٨ هجرية.

◄ ناوی قوتابخانەی رابیعە خاتوون قوتابخانەی الصاحبة- لە دیمەشق




◄ وەزیرو راوێژکارو و مێژوونووسی ئیمارەتی اربل ئیبن ئەلمستەوفی - نووسەری یاداشتنامەی سیاسی سوڵتان موزەفەر (تاریخ اربل) کە گرینگترین کتێب دادەنرێت لەسەر مێژووی هەولێر و سەردەمی سوڵتان موزەفەر.



◄ سەرکردەو پاڵەوانی گەورەی کورد و ئیسلام
سەڵاحەدینی ئەیوبی



◄ قەبری سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرو لە هەولێر




◀ پاشماوەی سەرای سوڵتان موزەفەر لە شاری حاران کاتێک دەبێتە ئەمیر لەو شارە، پاش ئازادکردنی لەلایەن سەڵاحەدینی ئەیوەبیەوە



◀ شار و منارەی حاران کە لەلایەن سوڵتان موزەفەرەوە دروستکراوە پاش داگیرکردنی لەلایەن سوپای سەڵاحەین ئەیوبیەوە



◀ پاشماوەی سەرای سوڵتان موزەفەر لە شاری حاران کاتێک دەبێتە ئەمیر لەو شارە، پاش ئازادکردنی لەلایەن سەڵاحەدینی ئەیوەبیەوە






◀ وێنەی پرۆفایلی خەڵک و سوپاو چەکدارانی سەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین له ئیمارەتی اربل - له ئەرشیفی عوسمانیەکاندا-



◀ وێنەی سەربازێکی سوڵتان موزەفەر



◄ جلوبەرگی دانیشتووانی هەولێر ١٧٩٠




СОЛНЦЕ




◀ کەسایەتی ناوداری شاری هەولێر
شەهاب ئەحمەد موختارساڵی ١٨٩٠






◀ جلوبەرگی دانیشتووانی قەڵای هەولێر لە سەردەمی سوڵتان موزەفەر





◄ جلوبەرگی دانیشتووانی قەڵای هەولێر لە
سەردەمی سوڵتان موزەفەر






◄ قوتابخانەی رابیعە خاتوون- دیمەشق



◄ دیناری زێڕینی سەردەمی سوڵتان موزەفەر
لە مۆزەخانەی هەولێر پارێزراوە



◄ دراو درهەمی سەردەمی سوڵتان موزەفەر
درهم ملک المؤمن ملک الامراء
سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو
لە رووەکەی تریش- وێنەی سوڵتان موزەفەر سواری شێرێک بووە




AV dinar, Begteginids, Muẓaffar al-Dīn Gökböri (563-630 H/1168-1233 AD), Irbil, 612 H/1215-16 AD

◄ وێنەی دیناری سەردەمی سوڵتان موزەفەر
میرو سوڵتانی قەڵای اربل




◀ وێنەی مەنزڵگە و قەبری سوڵتان موزەفەر - ساڵی ١٩٦٠ پێش نۆژەنکردنەوەی





◀ مزگەوتی الحنابلة- لە دیمەشق ، ساڵی ٥٩٩ کۆچی لەلایەن سوڵتان موزەفەرەوە دروستکراوە





◀ وێنەی قەبری سوڵتان موزەفەر - هەولێر پایتەختی کوردستان - ٢٠١٩
شەقامی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو




◄ وێنەی ئاڵای ئیمارەتی اربل سوڵتان موزەفەر، ئاڵایەکی شین و لەناوەڕاستدا وێنەی بازێک هەیەو شیرێکی گەورە لەسەرەوەدا



◄ وێنەی سەر شیرێکی مەسیحیەکانی زەمانی شەڕی حطین



◄ وێنەی هێرشی هەندێک لە هۆزەکانی دەوروبەری ئیمارەتی اربل بۆ سەر قەڵای هەولێر



السلطان مظفرالدين زين الدين علي كوجك كوكبورو الملك العادل و امير اربل


1144 – 1232 ميلادي




◄ قەبری رابیعە خاتوون، کراوەتە پۆلێک بۆ خوێندنی منداڵان- دیمەشق ٢٠١٩



◄ شەڕی ئەربێلا





◀ وێنەی بەرگی کتێبی: مظفرالدين كوكبوری أمير اربل
نووسەری میسری: عبدالقادر احمد طليمات
مصر - ١٩٦٣-





◀ هەولێر ساڵی ١٤٣٠ زاینی



◀ مزگەوت و دار الفقیهی و قوتابخانەی المظفرية لە هەولێر
بریتی بووە لە مزگەوتێک و قوتابخانەیەکی گەورە، نزیک ماڵی سوڵتان موزەفەر بووە، کە ناوی المسجد الاكبر و المسجد العتيق بووە




◀ وێنەی مینبەری مزگەوتی قەڵا -یەکەمین جار
لێرە مەولودنامە-ی تورکمانی خوێندراوەتەوە.




◀ هەولێر١٩١٨ - بەکامیرای حسین حسنی موکریانی



◀ سەرای قەڵای هەولێر، شوێنی حوکمی سوڵتان موزەفەر - اربل -



◀ مزگەوت و حەمامی قەڵای اربل -١٩٧٥-




نووسین و نەقشی سەر بەردێکی سەر چیای عەرەفاتی عەرەبستانی سعوودی

کە لە ئەرشیفی ئیدارە و کاروباری حەج و زیارەتی مەملەکەتی عەرەبستانی سعودیدا پارێزراوە ، وە ئەو بەردە تاوەکوو ئێستاکە ، لە ڕێگا و دەرگای – بازانی- کە بریتی یە لە یەکێك لەو ڕێگایانەیە کە دەچێتە سەر چیای عەرەفات

---

الاشارات وحفظ الـ...ـار
السلطان مظفرالدين كوكبورو
امير اربل
كوردستان - اربيل

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ ئیمامی گەورەمان الامام- ناصر الدین

بە ئەمر و فەرمان و دەستووری مەلیکی عادیل و پشتوپەنای ئاین و دینمان ، مەلیکی عادیل سوڵتان موزەفەرەدینی کوڕی زەینەدین ( صاحب اربل) خاوەنی ئەربیل-خودا لێی ڕازیبێت ، کە هەستاوە بە دروستکردن و ئاوەدانکردنی قورتابخانەیەکی بالاّ و عەمبارێکی ئاو و پڕۆژەی گەیاندنی ئاو بۆ سەرچیای عەرەفات وە ئەو پڕۆژانە بە شێوەکی خۆڕایی ئەنجامیان داوە ، لە بەرامبەر حەرەمی پیرۆز و نزیك دەرگای ( بازان) و لەسەر ڕێگای هاتووچۆی حاجیانی ماڵی خودای گەورە و وە ئەمەش بۆ وەرگرتنی ڕەزامەن و پاداشتی خودای گەورە لە ڕۆژی حیسابدا ..


ساڵی 605 هیجری و لەسەر دەستی نەجمەددین و مامۆستا ابن اسماعیل بەننا المرزەفەری

---






◀ وێنەیەکی کۆنی دەرگای قەڵا - اربل -



◀ وێنەی دەرگای قەڵا -زەمانی سوڵتان موزەفەر







◀ نەخشەی ناوچەکە - ئەرشیفی عوسمانی ١٦٥٠ میلادی




◀ وێنەیەکی دەگمەنی دانیشتوانی قەڵای-اربل-



◀ وێنەی ئەو ڕێگایەی لە دەرگای قەڵاوە دەچێتە- الربض القلعة- خوارەوەی قەڵات- خوارەوەی شار




◀ دەستکردی مێژوونووسێکی بیانی وێنەی شاری هەولێری کردووە.




◀ شاری هەولێر ساڵی ١٨٩٠ زاینی



◀ شاری هەولێر ساڵی ١٧٩٠زاینی





◀ نەخشەی شاری هەولێر و قەڵاو دەوروبەری




◀ ئـەم وێنەیـە، مێـژووی منداڵیمــە، لــەو بەدەنــەوە، لەســەر قــەڵای هەولێـر، یەکێکیـان ماڵـی حاجـی قـادر لەبلەبـی بـە قـاڵ بـوو، مێـردی پـورم و کـوڕی پـوری باوکـم بـوو.
خانووەکـەی تریش ماڵی عبداللـە یاسـین بقاڵ کوڕی یاسـین الیاس بقاڵ بـوو.
سـاڵانی حەفتـا، لـەو پەنجـەرە و لـەو بەدەنـەوە هەولێرم دەبینـی..



◀ وێنەیەکی کۆنی قەڵای هەولێر




◀ لە ساڵی ٦٠٥ هیجری- سوڵتان مظفر- صاحب و امیر اربل- پرۆژەی ئاوی ئەنجامداوە، بە پارەو شارەزای هەولێریەکان بۆ راکێشانی ئاوی خواردنەوە بۆ سەر چیای عەرەفات.
دکتور ناصر الحارسی- نووسەرو مێژوونووس سعودی- (پلاک و بەردی سەرچیای عەرەفات).



(١) بسم الله الرحمن الرحيم

(٢) ... (لمو) (لا) تـ(ـا) (الا) مـ[ـا]م (لنا)صر (لـ)ـدين (الله أعز الله)

(٣) أنصاره أمر هذا ما أمر المولى الملك العادل الزاهد مـ(ـظفر الدين بن)

(٤) زين الدين صاحب أربل رضي الله عنه ببناء هذه المدرسة

(٥) العليا من الميضأة والسقاية اللتين تطوع ببنائهما مقابل الحـ(ـرم)

(٦) عند باب بازان مورداً ومنهلاً لأهل حرم الله والحاج و(ذ)لك

(٧) إبتغاء مرضات الله وطلباً للثواب وإدخاراً ليوم الحـ[ـساب]

(٨) سنة خمس وستمائة على يد الفقيه نجم الدين....

(٩) والأستاذ محمد بن إسماعيل البنا المظفري.



◀ منـارەی داقـوق ناسـراو بـە طـاووق منارەسـی کـە لـە سـاڵی ١٠٥٥ لـە سـەردەمی سـەلجوقیەکان دروسـتکراوە بەرزایەکـەی ٣٠م لەسـەردەمی مەلیـک طغـرل بـک.

لەسـەفەرێکی سـوڵتان موزەفـەر بـۆ بەغـدا لـە رێـگادا چـاوی بـەم منارەیـە دەکەوێت، پاشـان داوا دەکات کـە محەمـەد مەسـعوود بێتـە هەولێر هاوشـێوەی ئـەم منارەیـە دروسـت بـکات.

**أوقافه والمشرفون على الوقف :**

تقدَّم معنا أن الملك المظفر كوكبوري أرسل مع حاجبه شجاع الدين الإربلي ثلاثة آلاف دينار أتابكية لتتميم عمارته، وما فضل عن ذلك يشترى به وقف ويوقف عليه .

ثم إنه أرسل ألف دينار ليساق الماء إليه من قرية برزة، وصنع بدلاً عن ذلك بئراً ووَقف عليه وقفًا . ثم أضيفت إليه أوقاف بعض المساجد والمدارس المعطلة .

ثم تتابع أهل الخير في الوقف عليه، وفي ترميمه وإصلاحه .

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ، هذا ما أمر بعمله تقربًا إلى الله تعالى وطالب (وطالبًا) لجزيل ثوابه العبد الضعيف الفقير إلى رحمة الله ومغفرته، المعترف بذنوبه الراجي إمداد عفوه وتوبته، كوكبوري بن علي بن بكتكين صاحب إربل غفر الله له ما تقدم من ذنبه وما تأخر بمحمد وآله، بتولية محاسن بن سليمان بن أبي محمد القلانسي، شرع في عمارته سنة تسع وتسعين وخمس مئة، ولله الحمد والمنَّة، وصلَّى الله على سيِّدنا محمَّد النَّبيِّ وآله الطَّاهرين وسلَّم .

**على المنبر :**

لا إله إلا الله محمَّد رسول الله، أمر بعمل هذا المنبر العبد الفقير إلى رحمة الله كوكبوري بن علي بن بكتكين صاحب إربل تقبَّل الله منه وأثابه .

وبتولية العبد الفقير إلى رحمة الله محاسن بن سليمان بن أبي محمد القلانسي سنة أربع وست مئة .

**ما في صدر المنبر :**

اللَّهم وأدم دولة مولانا الإمام ابن الإمام صاحب البردة والقضيب والحسام، الذي ليس للمسلمين أمير سواه، ولا خليفة، أبي العباس أحمد أدام الله أيامه . أدم اللهمَّ النعمة والتمكين ببقاء الملك العادل سيف الدين والدنيا خليل أمير المؤمنين أبي بكر بن أيوب أدام الله أيامه ونشر في الخافقين أعلامه .

**على عتبة مدخل المئذنة :**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ، أمر بعمارة هذه المئذنة المباركة العبد الفقير إلى رحمة الله تعالى مظفر الدِّين كوكبوري بن علي بن بكتكين صاحب إربل أدام الله أيامه في أيام مولانا العادل سيف الدنيا والدِّين أبي بكر بن أيوب في سنة عشر وست مئة .

◄ لە کتێبی جامع الحنابل لە دیمەشق، بەهاوکاری سوڵتان موزەفەر مزگەوتی ئەلحەنابل دروست کراوە.
جامع الحنابلة- الموزەفەری- بصالحیة جبل قاسیون، الدکتور محمد موتیع الحافیز- بیروت ٢٠٠٢




◀ ئـەو سـەرايەی کـە لـە شـاری حـران سـەرا و خانـووی سـوڵتان موزەفـەر بـووە، نـاوی (ئەتـەش قەڵعـە بـووە- حـران اتـش قلعەسـی ) بـە هەمـان شـێوە ناوێکـی کۆنـە، لـە سـەرچاوە عوسـمانییەکان بـاس کـراوە .
ئەو سـەرایە دەبێت ناوێکی هەبووبێت، کاتێک سـوڵتان موزەفەر امیری حـران بووە، لەبـەر ئـەوە، ئێمـە نـاوی ئـەو سـەرایە بـە درووسـت دەزانیین





◀ وێنەی سەر مینبەری مزگەوتی ئەلحەنابل لە دیمەشق




◀ مناره حاران اتش قلعة سي - حران اتاش قەلعەسی- شانللی ئوورفە - تورکیا- ئەو منارەیەی سولتان موزەفەر درووستی کردووە




◀ تاریخ اربل یاداشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سوڵتان موزەفەر و ئیمارەتی هەولێرە کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیاری سەڵتەنەتی هەولێر و هەولێرییەکانە. ژێری مەملەکەتی گوڵ و گوڵزار لەسەر زاری ئەو کەسایەتیانەی کە هاتوونەتە هەولێر.



◀ دەرگایماڵی سوڵتان موزەفەرەدین لە هەولێر لە گەڕەکی عارەبان کە پێشتر ناوی ناوچەی الربض - بووە، واتە خوارەوەی شار، کە دواتر پێی وتراوە قشڵەی سوار، تاوەکو ئێستا حەوشێک و ئەم دەرگایە ماوەتەوە.



◀ سولّتان و ئەمیری گەورەی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی، خەزووری سولّتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرو سولّتانی قەلاّی هەولێر و دەشتی شارەزوور.

(٣)

– **(سلطان مظفر)** : اصيل ادى (سعيد زين الدين على كوچوك) طاتيلميش (مظفرالدين گوگبورو على كوچوك بكتەكين) كى باباسى زين الدين على كوچوك طرافيندان (اربيل اتابەک بەيليگى (٥٢٢ هـ) ييليندا قورولمشتور (زين الدين على، نوندە گلەن عماد الدين زەنگينين قوماندانلاريندان بيريدير كى موصل اتابەک دەولەتينى قورموشتور، كى صونرادان اربيل و شهرزور اتابەيليكلرينى موصل دەولەتينە قاتميشتير)، زين الدين (٥٦٣ هـ) ييليندا نولدوكتەن صونرا اوغلو (ابو سعيد گوكبورو) حوكمى الدى، صونرادان كوچوك قاردەشى (يوسف) حوكمە گلدى، بودا خاچليلارلا صاواشيركەن (ناصرە) شهريندە فلسطيندە شهيد دوشتو، بويلەجە (٥٨٦ هـ) ييليندا سلطان مظفر اربيل حوكمينە گيچتى، خاچليلارلا صاواشا گيردى و (حطين) صاواشينا دا كنديسى قاطيلدى. دونەميندە اربيل التين بير چاغ ياشاميشتير.

– **(گوگبورو)** : سلطان مظفرالدينين صوى اديدير.

(٤)

– قصدميز ايلک دفعە اولاراق اربيلدن باشلاياراق سلطان مظفر، پيغمبەر افنديميزين محمد (ص) دوغوم گونو مناسبتيلە مولودى شريف اوقوتدو، بو مولود ايلک دفعە چول مينارەسى جاميسيندە اوقوتدو، كى شيمدى بو جامع قالماميش بەلكى دە بير پارک اولموش(ميناره پاركى) اسميندە. بو مولود بير گلەنک حاليندە چيويريلدى و اربيلدن توم دونيايا ياييلدى ، حالادا دوام ايتمەكتەدير.

نووسین و نەقشی سەر بەردێکی سەر چیای عەرەفاتی
عەرەبستانی سعوودی
کە لە ئەرشیڤی ئیدارە و کاروباری حەج و زیارەتی مەملەکەتی عەرەبستانی سعودیدا پارێزراوە، وە ئەو بەردە تاوەکوو ئێستاکە، بە دەرگای – بازانی- کە بریتی یە لە یەکێک لەو دەرگایانەی کە دەچێتە سەر چیای عەرەفات

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**
**بۆ ئیمامی گەورەمان الامام- ناصر الدین**
**بە ئەمر و فەرمان و دەستووری مەلیکی عادیل و پشتوپەنای ئاین و دینمان، مەلیکی عادیل سوڵتان موزەفەرەدینی کوڕی زەینەدین (صاحب اربل) خاوەنی ئەربل-خودا لێی ڕازیبێت، کە هەستاوە بە دروستکردن و ئاوەدانکردنی قووتابخانەیەکی بالا و عەمبارێکی ئاو و پرۆژەی گەیاندنی ئاو بۆ سەرچیای عەرەفات وە ئەو پرۆژانە بە شێوەکی خۆڕایی ئەنجامیان داوە، لە بەرامبەر حەرەمی پیرۆز و نزیک دەرگای ( بازان) و لەسەر ڕێگای هاتووچۆی حاجیانی ماڵی خودای گەورە و وە ئەمەش بۆ وەرگرتنی ڕەزامەن و پاداشتی خودای گەورە لە ڕۆژی حیسابدا ..**
**ساڵی ٦٠٥ هیجری و لەسەر دەستی نەجمەددین و ماموستا ابن اسماعیل بەننا الموزەفەری**

سەرچاوە : خەسرەۆ پیربال /
انتشارات و حفظ اثار السلطان مظفرالدین گوکبورو







◀ صـلاح الديـن و الدنيـا الايوبـى - يوسـف ابـن ايـوب ابـن شـاذي ابـن مـروان ابـن يعقـوب الدوينـي التكريتـي - ابـو المظفـر (تمثـال تاريخـي قـرب قلعـة ديمشـق).



## منارة جولي (منارة المظفرية)

يعود تاريخ بناء هذه المنارة إلى ما يقارب (800) سنة إبان الحكم الأتابكي لمدينة أربيل*. لا نعلم على وجه التحديد السنة التي شيدت فيها المئذنة إلا أنها بلا شك بنيت في عهد السلطان مظفر الدين الكوكبري والذي كان أحد الأمراء الأتابك الذي حكم أربيل بين الأعوام (1190 إلى 1230م). ووفقاً للمصادر التاريخية، فإن اسم الشخص الذي قام ببناء المنارة هو مسعود ابن سعد، إلا أن هناك مصادر أخرى تفيد بأن أسمه كان مسعود مراد. يقول الرحالة الإنكليزي (جيمس ريج) الذي زار أربيل سنة (1820م)، في كتابه بأن هناك منارة شاهقة في أربيل لكن الجامع التابع لها مهدم. وتذكر المصادر التاريخية أن صلاة الجمعة كانت تقام في جامع المنارة المظفرية، كما انه كان يحتوي على حجرة للمتعلمين وطلاب العلم. تبلغ المسافة بين المنارة و قلعة أربيل (1كم) وتقع المنارة في الناحية الجنوبية الغربية من القلعة. وعلى الرغم من كون أطرافها عبارة عن مساحات خالية. إلا أن بعض المصادر التاريخية تفيد بأنه كانت هناك دور سكنية حول المنارة في العصر الأتابكي وأنها كانت منطقة مأهولة بالسكان. في عام 1960، قامت المديرية الآثار و التراث العراقي بإرسال فريق إلى المنارة لغرض التنقيب والبحث، وقد تبين أنه كان هناك جامع كبير تابع للمنارة بعرض نحو 45 متراً، إلا أنه قد هدم وبقيت أساسه فقط، وقد بات هذا الأساس مغموراً بالمياه حيث بني عليه متنزه المنارة. ووفقاً لما أفادت به تلك البحوث والتنقيبات، فقد تم بناء المنارة من طابوق يختلف عن ذلك المستخدم في بناء الجامع، وأن الجامع قد تم بناؤه قبل بناء المنارة






11

من الواضح أن السبب وراء صمود المنارة و طول عمرها راجع إلى متانة وإتقان تصميمها الهندسي والذي يتكون من جزأين أساسيين: الجزء الأول القاعدة وهي مثمنة الشكل، والجزء الثاني البدن وهو اسطواني الشكل. أما أساس المنارة فهو مبني بالأحجار والجص، يبلغ عرض جدرانها (175سم) وعرض اسطوانتها (90)سم في الأسفل و تتقلص تدريجياً إلى أن تصل إلى (60)سم في القمة. كانت هناك قبة كروية تعتلي المنارة قبل انهيارها تشبه تلك التي كانت موجودة على قمة منارة الحدباء في الموصل. يحتوي القسم السفلي من القاعدة على مدخلين الأول يقع في الجانب الشرقي من القاعدة والآخر من الجانب الجنوبي ، ويُفتح كل منها على سلم للصعود بشكل مستقل. من حيث شكل القاعدة فهي مثمنة وتحتوي أعلاه أشرطة صغيرة مزدانة ببعض الزخارف. ويرتكز البدن على حوض المئذنة مباشرة ويتخلله مدخلان كبيران يؤديان إلى سلالم المئذنة. ويتألف النطاق الأول من زخارف على شكل معينات متتابعة، ويفصل الشريط الأول بين النطاق الأول والثاني قوامها أشكال هندسية سداسية الأضلاع. أما النطاق الثاني يشتمل على أشكال هندسية قوامها مربعات قائمة على رؤوسها. ولتميز بين نطاقين الثاني و الثالث هناك شريط ضيق كتب عليها اسم (محمد ص) بشكل متتابع على شكل سطر بين الأول منها بشكل صحيح والثاني كتب بشكل مقلوب . وفي نطاق الثالث و الرابع هناك زخارف على شكل معينات و خطوط مستقيمه نظم بشكل هندسي كمحاولة لكتابة كلمة (صلوا) كإشارة للصلاة على محمد (ص).



◀ ئیمزاو سیمبولی مەکتوباتی سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرو



ISBN-tunnus julkaisulle
"Sultan Muzzafaadin Gokbou"
isbn-keskus@helsinki.fi
Finland

Wed 12/19/2018, 2:14 PM
To: Mr.Khasro Pirbal Iraqi Kdisstan Erbil
pirbal@hotmail.com

SUOMEN ISBN-
KESKUS

19.12.2018

Hei

Tässä pyytämänne ISBN-tunnus julkaisulle "Sultan Muzzafaadin Gokboru- th sultan of Erbil

ISBN 978-952-94-1436-9

Kustantajan tiedot julkaistaan kansainvälisessä 'Global Register of Publishers' -kustantajatietokannassa. Tietoja käytetään myös Suomen ISBN-keskuksen toiminnassa.

http://luovutuslomake.kansalliskirjasto.fi

Lisätietoja vapaakappaleiden luovuttamisesta saa
Ystävällisin terveisin
Heidi Ronkainen
Suomen ISBN-keskus
Kansalliskirjasto
PL 15
00014 Helsingin yliopisto
isbn-keskus@helsinki.fi
https://www.kiwi.fi/display/ISBNjaISMN

◄ ژمارە سپاردنی کتێبە نێودەوڵەتیەکان کە بۆ ئەم کتێبەم تەرخانکردووە
ISBN:978-952-94-1436-9
لە کتێبخانەی نیشتمانی فینلەندا، هلسنکی- ٢٠١٨/١٢/١٩

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional-Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
هۆبەی سپاردن

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
شعبة الايداع

ژمارە: ٥ ٢٩٠

ڕۆژ: ٨/ ١٧/ سەرماوەز/ ٢٧١٨ کوردی

العدد:
التاريخ: ٨/١٢/٢٠١٨

بۆ/چاپخانەی ... هەولێر

بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ساڵی (٢٠١٨) درا بەم کتێبانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە،لەچاپخانەکەتان چاپ بکرێت بەتیراژەی (١٠٠٠)دانە بۆهەریەکەیان،بەمەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

| ژمارە | ناوی کتێب | ناوی نووسەر/ وەرگێر | بابەت | ژ. سپاردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سولتان موزەفەرەددین گۆکبۆرۆ | خەسرەو پیر باڵ | مێژوو | ٩٣٨ |

مظفرنامە
السلطان مظفرالدين گوگبورو
امير اربل

سەرباز جەوهەر محەممەد
ج/بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانە گشتیەکان
٢٠١٨/١٢/ ١٨

G.D of Public libraries

تێبینی
١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لە سەر کتێبەکە چاپ بکرێت ،لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتیەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (...) ساڵی ٢٠١٨ پێدرا.
٢- هەر چاپخانەیەک پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.

وێنە بۆ:
_کارگێری خۆیەتی
مەلگرتن

◀ ژمارە سپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
ژمارە: ٩٣٨/ ساڵی ٢٠١٨

## موزەفەر نامە –

## سوڵتانێکی سەرکەوتوو لە کتێبێك و پرۆژەیەکی سەرکەوتوودا

دکتۆر محەمەد عبدالله کاکە سوور

ماموٚستاو پسپۆڕی مێژوو- زانکۆی صلاح الدین- هە ولێر

دوای خوێندنەوەی وەرگێڕانە کوردیەکەی خەسرۆ پیربالْ بۆ ئەم کتێبە دەربارەی کتێبی- موزەفەر نامە-( سوڵتان موزەفەرەددین ) سوڵتانی هەولێر ، هەستم کرد کە نووسەری کتێبەکە سەرەڕای هەندێك تێبینی دەربارەی کتێبەکە ، ئەوەی کاك خەسرەو و کاك فەیسەلْ ئاماژەییان پێداوە ، وە بەشێوەیەکی گشتی کتێبێکی زۆر سەرکەوتووی دەربارەی کەسێکی سەرکەوتوو وەکو موزەفەڕ کە پێی ناسراو بوو ، نوسیوە ، خەسرەو پیربالێش بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی بە نوسینی کتێبێك دەربارەی سوڵتان موزەفەڕ و بەیەکەوە چاپکردنی هەردوو کتێبەکە ، خزمەتێکی زۆری بە مێژووی سوڵتان موزەفەڕ و هەولێر و کوردستان کردووە ، ئەم کتێبە لە بنەڕەتە عارەبییەکەی بە یەکەم باشترین کتێب دادەنرێت دەربارەی ئەم کەسایەتیە ، وەرگێڕانە کوردیەکەشی لەگەلْ ئەو نووسین و بەلگەنامە و وێنانەی پیربالْ بۆی زیاد کردووە ، وا دەکات ئەم کتێبە باشترین کتێب بە زمانی کوردی بێت دەربارەی سوڵتانی هەولێر.

هەولێر ئەو شارەی بە بەراوورد لەگەلْ هەموو شارەکانی کوردستان زیاترین جار لە سەردەمی مێژوویی جیاوازدا پایتەخت بووە ، یەکێك لە شارە هەرە کۆنەکانی جیهان و کۆنترین شاری کوردیە ، واتە باوکی شارانی کورد و کوردستانە ، خەسرەو پیربالْ لە گەورەیی ئەو شارە گەیشتوو و بە عەشقەوە ئەو کارە پیرۆزەی ئە نجام داوە ، سوڵتان موزەفەریش کاتی خۆی لە گەورەیی ئەو شارە گەیشتبوو هەولێری خۆشدەویست بۆیە هەولێریش ئەوی خۆشویست و هێزی پێدا بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە کەسایەتیە مێژووییەکانی جیهان تا مێژوونوسێکی میسری ئەم کتێبەی دەربارەی بنووسێ.

کاك خەسرەویش هەولێری خۆشدەوێت و لە گەورەیی ئەو شارە دەگات بۆیە هەولێریش ئەو گوڕوتینەی پێدا تاکو ئەم کارە مەزنە ئە نجام بدا و بە هێوای ئەوەی پرۆژەی زیاتری دەربارەی خزمەتی هەولێر بەدوادابێت.

ئەوەی جێگای داخە کوردێك پێش ئەم نووسەرە میسرییە نوسینێکی وا شایستەی دەربارەی ئەم کەسایەتیە نەنوسیوە لە کاتێکدا ئێمە هەر گلەیی لە دەرودراوسێ دەکەین ، نووسەر و پسپۆڕانی کورد خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر کەمتەرخەمن لە هەڵبژاردنی بابەت بۆ نووسینەکانیان ، چونکە لە کاتێکدا سوڵتان موزەفەرەددین لە ناو شاری هەولێر زۆر ناسراوە و تەنانەت بە نیمچە پیرۆزیەکەوە باس دەکرێت ، بەلاّم لە نوسینی نوسەرەکانی شارەکە و شارەکانی تری کوردستانیش مافی خۆی پێنەدراوە.

نازناوی سوڵتان دەرخەری دەسەلاّتی ئەو کەسایەتیە بووە بۆیەش توانیویەتی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ شارەکەی دابین بکات سەردەمی ئەو سەردەمی سەقامگیری و بوژانەوە بووە و خەلکی شارەکەش حەز لە سەقامگیری و بوژانەوەی شارەکەیان دەکەن بۆیە بەم ڕێزەوە دەڕواننە ئەو سەرکردەیە ناوی موزەفەڕ ناوێکی بلاّوە لە شاری هەولێر دیارە هەر بە ناوی ئەو سوڵتانەوە تاکو ئێستاش خەلك هەر ئەم ناوە لە منداڵەکانیان دەنێن ، ئەوەندەی من بیرم بێت لە دراوسێکانمان و لە قوتابخانە چەند کەس هەبوون ناویان موزەفەڕ بوو.

**ئەم سەرکردەیە چەندین پاشماوەی ماددی و مەعنەوی لە شارەکەدا بەجێ هێشتووە ، وەکو لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا دەردەکەوێت ، وەرگێری ئەم کتێبە سەلماندی هێشتا زۆر شت هەیە دەربارەی ئەم کەسایەتیە بدۆزرێتەوە و بوترێ بنووسرێ بەمەش خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە قوتابیان و پسپۆڕانی بواری مێژوو کرد ، وە هەرکەسێك بیەوێت زانیاری دەربارەی مێژووی هەولێر بە گشتی پەیدابکات ئەم کتێبە تاڕادەیەکی باش یارمەتی دەری دەبێت.**

**بۆیە هیوادارم دوای چاپکردنی بە دەنگیش وەکو کتێبی دەنگی بخرێتە سەر CD و سایتە ئەلیکترۆنیەکان تاکو زیاترین ژمارەی خەڵك و خوێنەر سووری لێ ببینێت. وە بە هیوای ئەوەی پەیکەرێکی دیار لە شوێنێکی بەرچاو بۆ سوڵتانی هەولێر لە هەولێر دابندرێ لە چاپی دووەمی کتێبەکە وێنەی پەیکەرەکەش ببینین.**

**خزمایەتی سوڵتان لەگەڵ سەلاحەددینی ئەیوبی وای کردووە ناوی لەگەڵ ناوی شەڕی خاچە دروشمانیش پەیوەست بێت بە تایبەتی بەشداریکردنی لە شەڕی ( حطين )دا ، ئەمەش وای کردووە لاپەڕەیەکی تری گرنگی پەیوەست بوونی مێژووی هەولێر بە مێژووی جیهان ببینین چونکە هەولێر لە چەندین قۆناغی جیادا دەبێتە بەشێکی گرنگ لە مێژووی جیهان بۆ نموونە لە شەڕی ( گوگبێلا/اربيلا ) لە نێوان یۆنانیەکان و فارسەکان و لەسەردەمی سوڵتان موزەفەڕ و لە شەڕی یەکلاکەرەوەی نێوان ئومەوی و عەباسیەکان لە نزیك هەولێر و لە چەند نموونەیەکی تریش دەکرێ دوایی کاری لەسەر بکرێت.**

**ئەوانەی لە گەورەیی هەولێر دەگەن دەتوانن کاری مەزن ئەنجام بدەن ، وە ئەوانەی بە سووکی تەماشای ئەو شارە بکەن هەر خۆیان سووك دەکەن و سەریان لە بەردی ڕەقی مێژوو دەدەن لە هێڕ و هوڕبوون و گێژبوون پتر هیچیان بۆ نامێنێتەوە.**

**لە بارەی نووسینیشەوە بە ڕاستی مێژووی هەولێر هێشتا بواری کار لەسەرکردنی یەکجار زۆرە ، هەرچەندە ماندووبوونی بەرچاوهەن جێگای دەست خۆشی بن ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ئاست گەورەیی مێژوو و شارستانیەتی شارەکە نین ، ڕاستیش مێژوو بە یەکجاری خۆی بۆ کەس دەرناخات بەڵکە پەیتا پەیتا بە گورێرەی ماندووبوونی نووسەر و توێژە ڕووداوەکان و چەند لە نووسین و تۆمارکردن و توێژینەوە لە ڕووداوەکان پرۆسەیەکی درێژخایەن و بەردەوام پێویستی بە وردبینی هەیە .**

**لە کۆتاییدا بەسەرهاتی سوڵتان موزەفەرەددین باشترین نموونەیە خۆشەویستی سەرکردە ئەگەر لە کتێبانیش وەکو پێویست تۆمار نەکرابێ ، لە ویژدانی میللی خەڵکا جێگای شایستەی خۆی وەردەگرێت ، بەڵام خۆزگە هۆشیاری نووسەران پێش هۆشیاری میللی بکەوێت.**



## نوسەر لە چەند دێڕێكدا:

خەسرەو پیربـاڵ عمـر سـعید القصـاب، لـە دایكبـووی ٤ /١٩٦٧/١٠ شـاری هەولێـرە، لـە گەڕەكـی تەیـراوەی دێرینـی شـاری هەولێـر لـە دایكبـووە، پێشـتر ماڵـی پیربـاڵ قصابـی باوكـی لــە سـەیداوە بــووە، پاشــان هاتۆتــە گەڕەكـی خانەقـا، لـە پشـت حەمامـی عەلـی اغـا بـووە لـە ماڵێـكدا، ئێسـتاكە بۆتـە مزگەوتـی جـادر. هـەر لـە منداڵیـەوە خولیـای نووسـین و خوێندنــەوە بــووە، لــە ڕۆژنامەكانــی عیــڕاق و هــاوكاری بابەتــی منــداڵان و شـیعری بڵاوكردۆتــەوە . لــە خوێندنــی زانكـۆدا ئابــووری خوێنــدووە، بــەڵام بابــەت و كتێـب و بڵاوكـراوەی سیاسـی و فەرهەنگـی و ئەدەبـی هەیـە، چـوار كتێبـی بەچـاپ گەیانـدووە (نامەكانـی دووره وڵاتـی- ئابـووری هەرێمـی كوردسـتان- لێكۆڵینەوەیەكـی ئابـووری یــە – بــا پەیڤــە كان بــەردەوام بــن – كتێبێكــی تــر لــە سـەر ئابـووری كوردسـتان بـە زمانـی انگلیـزی، شـارەزای باشـی هەیـە لـە زمانـی ( كـوردی- عەرەبـی- انگلیـزی- فەرەنسـی- توركـی- فینلەنـدی- فارسـی). لەسـاڵانی ١٩٩١

لــە چەندیــن گۆڤــار و بڵاوکراوەکانــدا وتــاری سیاســی و فەرهەنگــی بڵاوکردۆتــەوە .

باوکــی نووســەر، حاجــی پیربــاڵ قصــاب، کــە لــە ســاڵانی ١٩١٢ لــە گەڕەکــی خانەقــای هەولێــر لەدایکبــووە، لــە بنەماڵەیەکــی کۆنــی هەولێــر بوونــە، باوکــی ئاســنگەر بــووە، هــەر لــە ســاڵانی ١٩٢٠ کاری قەســابی کــردووە، لــە بــازاڕ بــە پیربــاڵ عاصیــە خــان- ناســراو بــووە، تاقانــەی خێزانەکــەی بــووە، دوو خوشــکی هەبــووە (مەمەخــان و فەخریــە)، کــە یەکێکیــان خێزانــی حاجــی قــادر شــێخۆ ناســراو بــە قــادر لەبلــەب- فەخریــە خــان - خێزانــی فەرەجــە افنــدی بــووە . خاڵەکانــی پیربــاڵ قصــاب خۆشــناو بوونــە وە لــە گوونــدی بیرێــژی- ژێــر شــارۆچکەی مەســیف صلاحەددیــن لــە دایکبوونــە، پاشــان هاتوونەتــە هەولێــر . لــە خانەوادەیەکــی ســادە و ســاکاری هەولێــر بوونــە. حاجــی عومــەری باپیــری نووســەر، ئاســنگەر بــووە، پێشــتریش پۆلیــس بــووە لــە قشــلەی ســواری هەولێــر، پاشــان لــە گوندێکــی مــەلا ئەفەنــدی لــە ڕوداوێکــی نەخــوازراو، بەژێــر پەســتێکی گــەورە دەکەوێــت و دەمرێــت .

دایکــی نووســەر ( هەمینــە ســلیمان حســن) لــە گوونــدی چۆمانــی ســەر بــە ناوچــەی باڵەکایەتــی لــە دایکبــووی ١٩٢٥، لــە خانەوادەیەکــی جوولەکــە بــووە پاشــان مێــردی بــە حاجــی سلێمان کــردووە بۆتــە موسڵمان، کاتێــک ڕووس هێــرش دەکەنــە ســەر ڕەوانــدز و ناوچەکــە، وەکــوو زۆر لــە

میللەتی ناوچەکە ڕوولە هەولێر دەکەن، لە گەڕەکی سەیداوە دەژیین، لە ١٩٨٩ کۆچی دوایی دەکات.

نووسەر لە سالانی ١٩٧٦ وە ئاشنایەتی لە گەڵ کار و بازاڕ و قەیسەری هەولێر هەبووە، لەگەڵ باوکی بووە لە بازاڕ، هاوکاری باوکی کردووە، پاشان لە بەر مەکتەب و خوێندن، لە بازاڕ دوورکەوتۆتەوە .

لە سالانی ١٩٩١ەوە لەسەر مەسەلە و بابەتی جیاجیا وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بلاوکردۆتەوە، خاوەنی هەڵوێست و بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی بووە .



پیربال عومەر سەعید القصاب- هەولێر ١٩١٢ گەڕەکی خانەقا/ ٢٠٠١ قەبرستانی شێخی چۆلی – باوکی نووسەر

# مظفرنامه

کاری تحقیقی و پژوهشی تاریخی - سیاسی در بارەی نقش و پایگاه شخصیت بارز و حکمران دادپرور (مظفرالدین گوگبورو) سلطان مظفرالدین زین الدین علی کوچوک - امیر اربل, مشهور به (ابو سەعید التورکمانی - الملک المعظم- گورگ شین ) است.

(١١٥٤ - ١٢٣٣)

مظفرالدین گوگبورو، شخصیتی والا و بلندمرتبه، امیری کاریزما، حاکمی روشنفکر و دادپرور بوده، که پس از حکمرانی برادر بزرگترش (سلطان زین الدین) در اربیل، برای مدت ٤٥ سال زمام حوکمرانی اربیل و دشت شارەزور را به عهده داشتەاست. متاسفانه در کتابخانەها به زبانهای کردی و فارسی، اثری جامع و کامل در بارەی نقش و پایگاه شخصیت بارز این حکمران دادپرور یافت نمی شود. تنها در برخی کتب تاریخی اشارەی مختصری به آن کردەاند، در حالی که جای خود دارد، تاریخ نگاران و بیوگرافیستها دین خودر را به این شخصیت نامدار ادا کنند. سلطان مظفرالدین از تبار خانوادەای بزرگ و نامدار و اصیل اربیل است، اگرچه در سال ١٢٣٣ میلادی در قلعەی موصل (کاخ اق سرای) دیده به جهان گشودەاست و بعدها همرا با خاندانش عازم (دمشق) شدەاند،

اما همواره عاشق و سوداسر قلعه‌ی باستانی اربیل بوده است. پس از هجرت به دمشق و در ایام جوانی همچون یکی از شجاعترین سربازهای (صلاح الدین ئه‌یوبی)، نقش به‌سزایی در فتوحات آن سردار بزرگ می بیند، سلطان صلاح الدین ئه‌یوبی به پاس دلاورمردیهای این سه‌رباز و فرمانده‌ی شجاع که در آن زمان جوان بزرگمنشی بوده است، خواهر خود را به نام (رابیعه) خانم به عقد سلطان مظفرالدین در می آورد. این زوج گرانقدر هر دو شیفته‌ی قلعه‌ی اربیل بودند، به همین دلیل بار سفر به این دیار را می بندند و برای مدت بیش از چهار دهه با مردمان این شهر کهن و دیرین غم و شادیهایشان را تقسیم میکنند. خصایل انسانمدار و بشردوشتی سلطان مظفر و همرش رابعه خانم، زیانزد خاص و عام می شود. مردم اربیل و ترکمانهای اصیل این شهر، تا بحال نیز با فخر و مباهات از بزرگواریشان یاد می کنند. سلطان مظفرالدین پس از حکمرانی سلطان زین الدین (برادر بزرگ) در اربیل، زمام حوکمرانی این مملکت را به عهده می گیرد. در تمام دوران حاکمیتش هرگز از مردم تحت تسلطش غافل نماند. جنگ و آشوبهای دوران حکمرانیش نتوانسته است سد معبری در مسیر حفظ و اهمیت دادن به منافع امارتش (اربیل) درست کند. این شهر ناشناخته را - قبل از آنکه فرمانروایی آن را

بعهده بگیرد – به پایگاهی سیاسی تبدیل کرد، که در رویدادهای آن زمان، نقش چشمگیری داشت. کیانی مستقل را بنیاد نهاد و شهری را که به درازای تاریخ اسلام و اندکی قبل از آن نیز نادیده بوده، به شهری مملو از آبادانی،

عمارتسازی، کشاورزی و بازرگانی تبدیل کرد، تا جایی که نظر همگان را جلب می کرد، چه مسکونیان دائمی و چه آنانی که برای مدت مدیدی در آن شهر ماندگار بودند. هنگامی که به ماهیت سلطان مظفر پی بردم، تصمیم گرفتم به پژوهش دقیقی در مورد این حاکم بلندمرتبه، انساندار و دادپرور بپردزم، به چندین منبع به زبانهای مختلف مراجعه کردم، هرچند منابع قابل دسترسی، حاوی اطلاعاتی کافی و در شأن این بزرگمرد تاریخ نبودند، اما همان اندک اندکها را جمعاوری کردم، تا مشتی از خروار تقوی، آزادگی، رادمردی و اندیشهی این دولتمدار هویدا باشد و شرمسار کارنامهی درخشانش نباشیم. مظفرالدین گوگبورو، بهای فرامرزی را برای شهروندان تحت فرمانش قایل بوده، که در حقیقت جای تأمل دارد. نگرش دقیقی در بارهی معضلات اجتماعی داشته و برای تأمین مریضان بیمارستان را تأسیس کرده، پناهگاه مأمنی برای نابینایان و بیوهزنان و یتیمان و افراد بی سرپرست ساختهاست و در این خصوص

هزینه‌ی بسیاری کرده‌است. همچنین اهتمام فراوانی به تعلیم و تربیت داده‌است و مدارسی را ساخته و اساتید و دانشمندان را قدر نهاده و به خود نزدیک کرده‌است، در مقابل، این قشر جامعه نیز به فرمانروای خویش متعهد بوده و این قرابت بازتابی از روشنفکری فرهنگی، ادبی، دینی و اجتماعی را به فضای شهر بخشیده‌است.

آنچه من را همانند خوانندگان زندگینامه‌ی سلطان مظفرالدین متحیر می کند، این است، که سلطان مظفرالدین دارای شخصیتی مهربان و انسانمدار و احساسی ظریف بوده و همواره از نزدیک پناه دهندگانش را مراقبت کرده و به آنان سر زده و جویای احوالشان بوده و از مشکلاتشان پرسیده و خواسته‌هایشان را به جای آورده‌است. سلطان مظفر، قبل از آمدنش به اربیل، خطاب به یکی از دوستانش گفته‌است: - اگر اربیل در تقدیر من باشد و به قلعه‌ی اربیل برگردم، تمام سامان خود را به سه سهم تقسیم می کنم. سهمی برای فقرا، سهمی برای آبادانی شهر و سهم دیگرش را هم وقف مددرسانی می کنم.

مظفرالدین گوگبورو، پرچمدار اکثر جنگهای صلاح الدین ایوبی بود، بخصوص در جنگ (الحطین) که پیروزی در این جنگ، دستاوردهای بسیاری را به دنبال داشت. همه‌ی ملل جهان به رهبری کاریزما


و سیاسـتمداری توانمنـد نیـاز دارنـد. مـا ملـت ترکمـان نیـز از ایـن پـس، بایـد بـه تاریـخ پـر افتخـار و زبـان و فرهنـگ غنـی خویـش افتخـار کنیـم، کـه نـام آوری همچـون سـلطان مظفـر را داریـم. بنـده نیـز تـلاش جـدی کـرده‌ام تـا کارنامـه‌ی درخشـان ایـن دولتمـدار را بـه تحریـر در بیـاورم، تـا در تدوینـی نـو، چشـم انـدازی بـه سـیمای ایـن دولتمـدار و دولـت و مـرز و پرچـم و هرآنچـه داشـته باشـیم کـه برایمـان بـه میـرات باقـی گذاشـته‌اند...

خسرو پیربالْ – کردستان عراق– اربیل:
انتشارات و حفظ اثار السلطان مظفرالدین کوکبورو

مافی لە چاپکردنەوە و کۆپیکردنی مظفرنامە- والایە- لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان وایە کە مێژووی قەڵای اربل و ئیمارەتی اربل و سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو، موڵکی کوردستان و هەموو مرۆڤایەتیە، لەبەر ئەوە بۆ هەموو کەسێک و لایەنێک و دەزگایەکی فەرهەنگی- تورکمانی و کوردی و بیانی، دەتوانن ئەم کتێبە وەربگێڕنە سەر زمانی تری جیهان و مافی چاپکردنەوەیان پێ بەخشراوە.

# پێرست

پێشکەش.......................................................١١
پێشەکی کتێب لە لایان نووسەر فیصل دەباغ.............................١٥
مێژووی سەڵتەنەتی اربل...........................................١٩
مێژووی ناوی شاری هەولێر.........................................٣٤
لە دایکبوونی سوڵتان موزەفەرەددین علی کوچک.......................... ٤٠
کارو بەرنامە خێرخوازییەکانی و دەوڵەتداری سەردەمی سوڵتان..........٤١
شێواز و خەصڵەتەکانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر............ ٥٦
چیرۆکی خەونە مەزنەکەی سوڵتان موزەفەرەدین..........................٥٨
کرۆنۆلۆژیای سوڵتان موزەفەرەددینی گۆگبۆرو– امیر اربل...............٦٥
ڕابیعە خاتوونی مەلیک نەجمەدین ئەیوبی( ١١٦٤–١٢٤٤) زاینی...........٨١
هەقیقەتی مەرزار و قەبری سوڵتان موزەفەر گۆگبۆرو.....................٨٩
سیماکانی دەوڵەتداری سەڵتەنەتی اربل.................................٩٣
سوپاسنامە ........................................................٩٩
سوڵتان موزەفەر.. گەڕان بەدووای هەقیقەتی کەڵەپیاوێکی دەوڵەت......١٠٢
ئاوابوونی خۆری امارەتی اربل و مردنی سوڵتان.......................... ١٠٥
تێبینیەکی پێویست بۆمێژوو .........................................١١٤
اربل سوڵتانن حیکایەسی –حیسام حسرت–...............................١١٨
سەرچاوەکانی کتێبی( مظفرنامە) ..................................... ١٢٨
وەرگێڕدراوی کتێبی نووسەر عبدالقادر احمد توڵەیمات...................١٣١
بەڵگەنامە و ئەلبوومی وێنەکان.......................................٤٦٧
کورتەیەک بەزمانی ئینگلیزی و تورکی و فارسی دەربارە ئەم کتێبە......٤٩١
نوسەر لە چەند دێرێکدا.......................................... ٥٦٤







**Sultan Muzafferettin Gökbörü**
**Erbil'in Sultan - Muzzafernama**
**Abdulkadir A. Tuleymat**
**Khasro Pirbal**
**Iraqi Kurdistan - Erbil -2019**

ISBN:978-952-94-1436-9